# ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

د. ساسان حکمەت عەلی

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٢٤

**ناوی کتێب:** ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**نووسینی:** د. ساسان حکمەت عەلی

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ

**دیزاینی ناوەوە:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٤

**چاپخانە:** ڕۆکسانا

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٦٠ ) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

ئـەم پەرتوکـە لـە بنەڕەتـدا وەکـو بەشـێك لـە پێداویسـتیەکانی بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی (دکتـۆرای فەلسـەفە) لـە جوگرافیـا بـە سەرپەرشـتی پ.د. سـلێمان عەبـدوڵا ئیسـماعیل پێشکەشـی ئەنجومەنـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەلاحەددین-هەولێر کـراوە.

**پێشکەشە بە:**

هاوژینی خۆشەویستم (ئامانج)

## سوپاس و پێزانین بۆ

- پـەروەردگار کـە تەندروسـتییەکی باشـی پێبەخشـیم بـۆ بەئەنجـام گەیاندنـی ئـەم کارە زانسـتییە.
- مامۆستا و سەرپەرشتیارم (پ.د.سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل).
- دکتۆر حەمید عەبدوڵا ساڵح، مامۆستا بژار عەبدولستار، مامۆستا نەژاد محەمەد.

# پێرست


| | |
|---|---|
| پوختەی توێژینەوە | ٩ |
| پێشەکی | ١١ |
| بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە | ١٩ |
| **باسی یەکەم:** مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان | ٢٣ |
| **باسی دووەم:** ڕیفراندۆم و لێکەوتەکانی لە بەر ڕۆشنایی ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان | ٣٥ |
| بەشی دووەم: بنەما جیۆپۆلیتیکییەکان و ئاستەنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق | ٦١ |
| **باسی یەکەم:** بنەما جیۆپۆلیتیکییەکانی هەرێمی کوردستان | ٦٥ |
| **باسی دووەم:** ئاستەنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق | ١٢٣ |
| بەشی سێیەم: سەرهەڵدانی دۆزی کورد و پاڵنەر و پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق | ١٦١ |
| **باسی یەکەم:** سەرهەڵدان و گەشەکردنی دۆزی کورد لە عێراق | ١٦٥ |
| **باسی دووەم:** پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق | ١٩١ |
| بەشی چوارەم: هەڵوێستە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە بەرانبەر ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق | ٢٠٣ |
| **باسی یەکەم:** هەڵویستەکان لە سەر ئاستی ناوخۆیی عێراق | ٢٠٧ |
| **باسی دووەم:** هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ | ٢٢٥ |
| **باسی سێیەم:** هەڵویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی | ٢٤٧ |
| بەشی پێنجەم: ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و لێکەوتەکانی و سیناریۆکانی داهاتووی هەرێمی کوردستانی عێراق | ٢٧٩ |
| **باسی یەکەم:** ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی لە هەرێمی کوردستاندا | ٢٨٣ |

| | |
|---|---|
| **باسی دووەم:** لێکەوتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان | ٣٠٥ |
| **باسی سێیەم:** سیناریۆکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان | ٣٣٩ |
| ئەنجامەکان | ٣٤٩ |
| ڕاسپاردەکان | ٣٥٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣٥٥ |
| پاشکۆکان | ٤٠٩ |
| Abstract | ٤٦١ |

# پوختەی توێژینەوە

مافی بڕیاردانی چارەنووس، یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە، شوێنی خۆی لە دەق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا گرتووە، پاشان لە ڕێگەی دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە زیاتر بەهێز کراوە لەگەڵ پەرەسەندنی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ و دەرکەوتنی پەیماننامە و دەستوورنامەی مافەکانی مرۆڤ وەکو سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ و سەرهەڵدانی دابەشبوون لەناو زۆرێک لە دەوڵەتەکاندا کە زۆرجار بۆتە هۆی کوشتار و جەنگ دژی کەمینە ئەتنیکی و نەتەوەییەکان، مافی بڕیاردانی چارەنووس ڕەهەندێکی نوێی وەرگرت کە جیاواز بوو لەوەی ڕابردوو، واتە ئەگەر تاکە هۆکاریی ناسینەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە ڕابردوودا گەلانی ئەو وڵاتانە بووبن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئینتداب دا بوون، ئەوا لە سەردەمی مۆدێرندا یاسا نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی پێدانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بووە بە کەمینە ئیتنیکی و نەژادی و ئایینیەکان، ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی گۆڕانکاری لە چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە لە ئەنجامی زیادبوونی ناکۆکییە ناوخۆییەکان کە باکگراوندی ئیتنیکی و مەزهەبی هەبووە، هۆکارەکەی زۆرجار دەستێوەردانی دەرەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بووە لە ژێر پەردەی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت. ئەم فاکتەرانە، ڕەهەندی نوێیان داوەتە چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە مەرج و پێوەرەکاندا کە هەندێکیان لەگەڵ بەندەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا هاوتەریبن و هەندێکی تریش شەرعیەت بەدەست دەهێنن بە حوکمی دیفاکتۆ لە واقیعێکی سیاسی یان سەربازی و لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکان کە لە گۆڕەپانی جیهان دا خاوەن هەژموونن، پاڵپشتی دەکرێن.

لە بواری دیموکراسیدا، هاووڵاتیان دەتوانن بە شێوازی جیاواز ڕای سیاسی و بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، یەکێک لەو شێوازانە ڕیفراندۆمە کە بریتییە لە پرسکردن بە هەموو هاووڵاتیان کە مافی دەنگدانیان هەیە، تاکو بڕیار لە بابەتێک بدەن کە گرنگییەکی گشتی هەیە. واتە ڕیفراندۆم ئامرازێکی دیموکراسییانەیە لە جۆری بەشداریکردن کە وەڵامەکەی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) ە.

لە (٢٥)ی ئەیلولی ساڵی (٢٠١٧) زیاتر لە (٩٢,٧٪)ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە گەورەترین خۆنیشاندانی ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەدا کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینی قسەی خۆیان کرد. ئەویش لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکی میللی گشتی لە سەر سەربەخۆیی و ئازادیی و دیموکراسی دەنگی خۆیان گەیاندە گوێی هەموو جیهان. ئەنجامی ڕیفراندۆم و سەرکەوتنە زاڵەکەی لە فراوانترین بڕگەکانیەوە چووە ناو مێژوو و وەکو بەڵگەنامەیەکی یاسایی پابەند کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت لێی پاشگەزبێتەوە یان هەڵبوەشێنرێتەوە.

لە لایەکی ترەوە ئەو بنەما جیۆپۆلیتیکییانەی کە هەرێمی کوردستان هەیبوو لە جۆری پاڵنەرە ئابوورییەکان، هۆکار بوو بۆ بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەتایبەتی هاتنەناوەوەی هەرێم بۆ ناو بازاڕی وزەی جیهانی بە ڕاکێشانی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان و کارکردن لە بواری کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، بەمەش پێگەیەکی لە هاوکێشەکانی وزەی جیهانیدا گرتووە.

هەروەها بەشداریکردنی هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پرۆسەی ڕیفراندۆم دا، قورساییەکی زیاتری بەخشییە پرۆسەکە، چونکە مەسەلەی ئەو ناوچانە بۆ هەرێم زۆر گرنگە لە ڕووی پێگەی جیۆپۆلیتیکی و هەروەها گرنگییە جیۆ ئابوورییەکەی بە ڕادەیەک لکاندنی ئەو ناوچانە بە سنووری هەرێم هێز و پێگەی گرنگتری پێ دەبەخشێت، واقیعی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی پێگەکەی نەگونجاوە بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کە کەوتووەتە نێوان وڵاتانی (تورکیا و ئێران و سوریا) و نەتەوەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە، بوونی جۆرێک لە دوژمنایەتی ئاشکرا و شاراوە بەرانبەر هەر بزووتنەوەیەکی کورد کە خواستی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبێت.

لە سەر بنەمای ئامانجەکانمان توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ پێنج بەشو لە کۆتایی تێزەکەشمان گەیشتوینەتە چەندین ئەنجام و هەروەها ڕاسپاردەی پێویستیشمان خستوەتەڕوو بە مەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان.

# پێشەکی

بنچینـەی سـەرەکی دامەزراندنـی دەوڵـەت سـێ کۆڵەکەیـە کـە ئەوانیـش دانیشـتوان و زەوی و سیسـتەمی سیاسـین، شـێوازەکانی دروسـتبوونی دەوڵەتانیـش یـان بەشـێوەیەکی نائاشـتییانەیە، یاخـود بەشـێوازێکی ئاشـتییانەیە و بـە گرتنەبـەری پرۆسـەکانی دیموکراسـییە کـە ئەویـش چەندیـن جـۆری هەیـە ،لـە نێویانـدا ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و وەرگرتنـی ڕای هاووڵاتیانـە کـە تاکو ئێسـتا بـە دەیـان هەرێـم و وڵات لـەم ڕێگەیـەوە سـەربەخۆیی خۆیان بەدەسـت هێناوە و دابەشـبوونی خاکی کوردسـتانیش بە سـەر هەر چوار دەوڵەتی تورکیا و ئێـران و عێـراق و سـوریا وایکـردووە، کێشـەکانی کوردیـش هەمـوو لە دەوری یـەک ئامانجی سـەرەکی و بناغەیـی کۆبنـەوە، ئەویـش مافی گەلی کوردە بۆ بڕیاردان لە سـەر چارەنووسـی خـۆی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان. ئەمـە گەوهـەر و کڕۆکـی دۆزی کـوردە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە بـەردەوام، وڵاتانـی زلهێز وەکـو هێزێکـی بەکارهێنەر سـوودیان لێوەرگرتـووە، بـەڵام لـە ڕووی سیاسـییەوە پشـتگوێخراوە و هێـزە هەرێمییەکانیش وەکـو کارتێکـی گوشـار لـە ململانـێ هەمیشـەییەکانیاندا لـە دژی یەکـتر بەکاریـان هێناوە.

**هەڵبژاردنی بابەت:**

١. حـەز و ئـارەزووی توێـژەر بـۆ نووسـین لەبـارەی پرۆسـەی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کە بابەتێکـی گرنـگ و چارەنووسسـازە سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتانی عێراق.

٢. دوای لکاندنی کوردستان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تاکو ساڵی (٢٠١٧) بە دەوڵەتی عێراقەوە، جگە لە ساڵی (٢٠٠٥) نەبێت کە بزووتنەوەی ڕاپرسی کوردستان هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی شارەوانیەکانی عێراق ڕیفراندۆمێکی ئەنجامدا کە هیچ پەیوەندییەکی فەرمی بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە نەبوو، ئەوا یەکەمجارە گەلی کورد ئەو هەلەی بۆ بڕەخسێت لە پرۆسەیەکی دیموکراسییانە و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم، بڕیاری خۆی بدات لە بارەی سەربەخۆیی یان مانەوەی لە چوارچێوەی عێراق.

٣. کەمی توێژینەوە و نووسین لەم بارەیەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

١. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لەبارەی ڕیفراندۆمە کە هەوڵێکی ناوازەی جودابوونەوەیە لە عێراق کە هەرێمی کوردستانلە ساڵی (٢٠١٧) ئەنجامیدا و گرنگی و کاریگەرییەکانی ئەو پرۆسەیە لەسەرئاسایشی عێراق و ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ کە نیشتمان و خاك و گەلی کورد لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن، هەروەها گرنگییەکەی لە بوونی ئەو هۆکارانەدایە کە بە هەرەوەزی بەشداربوون لە لەباربردنی ئەم هەوڵەی جیابوونەوە لەگەڵ دەستنیشانکردنی چەندین فاکتەری جیۆسیاسی و کاریگەرییان، کە بەشێکیان پەیوەندیی بە سروشت و پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و بەشەکەی تری پەیوەندی بە پێگەی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی و زلهێزەکانەوە هەیە.

٢. بۆ یەکەمجارە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و حزبی، ڕیفراندۆمێک بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بکرێت.

٣. لە ڕووی تیۆری، خوێنەران و توێژەران کۆمەک دەکات بە چەمک و مانای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەروەها لایەنە پەیوەندارەکان بە تایبەتی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بەرچاو ڕوون دەکات بە لایەنە باش و لێکەوتە نەرێنییەکان، بۆئەوەی لە ئایندە دا گەشە بە لایەنە باشەکان بدرێت و لایەنە نەرێنیەکانی کەم بکرێتەوە.

## گرفتی توێژینەوە:

١. گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بە هۆی سروشت و شوێن و پێگەی ستراتیجی هەرێمی کوردستان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە ئامانجی جیابوونەوە و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ بە چەندین تایبەتمەندی دیاریکراو، دەرئەنجام دەبێت بۆ چەندین لێکەوتە (ئابووری، سیاسی، سەربازیی) ئێستا و لە دوارۆژ لەسەر تەواوی ناوچەکە و بە تایبەتیتر لەسەر هەریەکە لە تورکیا و ئێران و سوریا و پێشتریش لەسەر عێراق.

٢. ئایا هەرێمـی کوردسـتان بنەماکانـی بـوون بـە دەوڵەتـی هەیـە؟ ئـەو ئاسـتەنگانە چیـن کـە ڕووبـەڕووی دەوڵەتـی کـوردی دەبێتـەوە؟

٣. پاساوەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم چین.

٤. هەڵوێسـتی ناوخۆیـی و هەرێمـی و نێودەوڵەتـی چـی بـوو لـە بـارەی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق.

٥. سـیناریۆکانی بـەردەم سـەرکردایەتی کـورد لـە هەرێمـی کوردسـتان چییـە، لـە دوای ئەنجامدانـی پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم.

## گریمانەی توێژینەوە:

١. هەرێمـی کوردسـتان بنەمـای جیۆپۆلیتیکـی بەهێـزی سروشـتی و مرۆیـی هەیـە، بۆئـەوەی ببێتـە دەوڵـەت.

٢. ململانێـی سیاسـی و سـەربازی و هەڵوێسـتە تونـد و یـەك لەدواییەکەکانـی حکومەتـی عێـراق هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونیەوە تاوەکـو (٢٠١٧) کاریگەرییەکـی ڕاسـتەوخۆی هەبـووە لـە ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق.

٣. ئامادەکارییـەکان و پێویسـتییەکانی سەرخسـتنی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان لـە ئاسـتی پێویسـتدا نەبـووە و یەکدەنگـی لەسـەر نەبـوو، چ لەسـەر ئاسـتی سیاسـی چ لەسـەر ئاسـتی جەمـاوەری.

٤. پەرچەکـرداری وڵاتانـی دەورووبـەر و حکومەتـی عێراقـی و لایەنـە کاریگەرەکانـی نێـو عێـراق، زۆر لـەوە بەهێزتـر بـوو کـە بڕیاردەرانـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان چاوەڕێیـان دەکـرد.

٥. قووڵایـی کوردسـتانی لـە نێـو سـنووری تورکیـا و ئێـران و سـوریا لەگـەڵ شـوێنی داخـراوی هەرێمـی کوردسـتان و سیاسـەتی نێودەوڵەتـی و ناکۆکـی ناوخۆیـی، ڕۆڵـی گـەورەی هەبـووە لـە شکسـتهێنانی هەوڵـە جوداخوازییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و لـە نێوانیشـیاندا ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان.

٦. ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لێکەوتـەی ئابـووری و سیاسـی و سـەربازیی زۆر دەبێـت لـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان.

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتـودی توێژینـەوە بریتییـە لـە هەنـگاوی بیریـی و عەقڵـی کـەوا توێـژەر پشـتی پێـی دەبەسـتێت بـۆ دەرخسـتنی ڕاسـت و دروسـتی گریمانـەی توێژینەوەکـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە توێـژەر پشـتی بـە میتـۆدی مێژوویـی بەسـتووە کـە گەڕاوینەتـەوە بـۆ ڕووداوە سیاسـییە مێژووییـەکان کـە پێویسـتە، بۆئـەوەی لـە واقیـع تێبگەیـن لەگـەڵ بەکارهێنانـی میتـۆدی هەرێمـی و شـیکاریی، ئەویـش بـە خسـتنەڕووی بنەمـا سروشـتی و مرۆییـەکان و دەرخسـتنی لایەنـی بەهێـزی و لاوازیـان و هەروەهـا بەکارهێنانـی میتـۆدی وەسـفی، ئەویـش بـە گرنگیـدان بـە پەیوەندییـە ناوخۆیـی و هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و کاریگـەری هەریـەک لەمانـەش لـە سـەر ڕەوشـە سیاسـییەکەی لەگـەڵ بەکارهێنانـی ئامـار و نەخشـەی پەیوەندیـدار بـۆ پێکانـی ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە.

**سەرچاوە و داتا و زانیاریەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بەم سەرچاوانە ببەسترێت:

١. کتێب و جۆرەکانی سەرچاوەی کتێبخانە.

٢. داتاکانی فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا

٣. سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتن

٤. ڕۆژنامە و گۆڤار و سەرچاوەی ئەلیکترۆنی متمانەپێکراولە ڕووی زانستییەوە.

## چوارچێوەی شوێنی و کاتیی توێژینەوە:

سنووری شوێنیی توێژینەوەکە، هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە کە پێکدێت لە سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش ٩ نیسان (٢٠٠٣) لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە دوای مانگی ئاب (٢٠١٤) حکومەتی فیدڕاڵ لێی کشایەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان جێی گرتەوە وسەرجەم ڕووبەری دەگاتە دەورووبەری ٨٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە. کاتی توێژینەوەکە ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە تیایدا ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە ساڵی (٢٠١٧) ئەنجامدرا، لەگەڵ ئامادەکارییەکانی پێشووتر لەجێبەجێکردن. هەروەها ئەو ماوەیەش دەگرێتەوە کە شاهیدی ململانێکانی نێوان حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە سەروەختی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١)تا کاتی جێبەجێکردنی ڕیفراندۆمی کوردستان.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە کە لە ساڵی (٢٠١٧) لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکی جەماوەری ئەنجامیدا، بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق بە شێوەی تاکلایەنە و بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی وڵاتانی دراوسێ، یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی جیۆپۆلیتیکی بۆ ئەو هۆکارانەی کە بوونە مایەی شکستپێهێنانی ئەنجامەکەی و ئەو فاکتەرە جوگرافییە سروشتی و مرۆییانەی کە کاریگەری هەبووە لەم بوارەدا. هەروەها تیشک خستنە سەر ئاسۆ و ئایندەی دۆزی کورد و کوردستان لە عێراقدا، لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکەوە.

**پلانی توێژینەوە:**

لە سەر بنەمای ئامانجەکانمان پلانی توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ پێشەکیەک و پێنج بەش، هەروەها ختستەڕووی چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشمانکردووە:

**بەشی یەکەم:** بریتیە لە چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە و دابەشمانکردووە بۆ دوو باسی سەرەکی، باسی یەکەم تایبەتکراوە بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان و باسی دووەمیش بریتیە لە ڕیفراندۆم و لێکەوتەکانی سەربەخۆیی لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە بنەما جیۆپۆلیتیکییەکان و ئاستەنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق و دابەشکراوە بۆ دوو باسی سەرەکی، باسی یەکەم بریتییە لە توانستە جوگرافییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و باسی دووەمیش تایبەتە بە ئاستەنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەشی سێیەم:** بریتیە لە سەرهەڵدانی دۆزی کورد و پاڵنەر و پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق و دابەشکراوە بۆ دوو باسی سەرەکی، باسی یەکەم بریتییە لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی دۆزی کورد لە عێراق و باسی دووەم تایبەتە بە پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەشی چوارەم:** تایبەتە بە هەڵوێستە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە بەرانبەر ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق کە دابەشکراوە بۆ سێ باس: باسی یەکەم بریتییە لە هەڵوێستەکان لە سەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و باسی دووەمیش تایبەتە بە هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ و هەرچی باسی سێیەمە، ئەوا بریتییە لە هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**بەشی پێنجەم:** بریتیە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و لێکەوتەکانی و سیناریۆکانی داهاتووی هەرێمی کوردستانی عێراق و دابەشکراوە بۆ سێ باسی سەرەکی، باسی یەکەم تایبەتە بە ئامادەکارییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و

شـیکردنەوەی ئەنجامەکانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان و باسـی دووەمیـش بریتییـە لـە لێکەوتـە ناوخۆیـی و دەرەکییەکانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی و باسـی سێیەمیش تایبەتـە بـە سـیناریۆکانی داهاتـووی هەرێمـی کوردسـتان.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوە:**

لـە مـاوەی نێـوان تۆمارکردنـی توێژینەوەکـە و کارەکانـی بـە ئەنجامگەیاندنـی توێـژەر دووچـاری چەندیـن ئاسـتەنگ بوویـەوە و دەتوانیـن لێـرەدا ئامـاژە بـە گرنگترینیـان بکەیـن:

١. ئاستەنگی گەیشتن بە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان.

٢. کەمـی سـەرچاوەی زانسـتی هاوچـەرخ لەبـارەی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان لـە توێژینـەوە و نامەکانـی خوێندنـی بـاڵا (دبلۆم-ماسـتەر-دکتۆرا).

٣. ئاستەنگی گەیشتن بە ئامار و داتاکانی ئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان (شارەدێ - شارۆچکە – پارێزگا – هەرێمی کوردستان – ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان).

٤. بڵاوبوونـەوەی پەتـای (Coved-١٩) و سـەرجەم لێکەوتەکانـی لـە ڕووی دەوامکـردن و خۆپارێـزی و قەدەغەکردنـی هاتوچـۆ.

**توێژینەوەکانی پێشووتر:**

چەندیـن توێژینـەوە و نووسـین هـەن کـە لەبـارەی پرۆسـەکانی ڕیفراندۆملەسـەر ئاسـتی ناوچـە کێشـە لەسـەرەکانی جیهـان ئەنجامـدراون، بـەڵام لێـرەدا دەتوانیـن ئامـاژە بـە گرنگتریـن ئـەو نامـە و تێـز و توێژینەوانـە بدەیـن کـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامـدراون لـە ڕوانگـەی زانسـتە سیاسـییەکان و جوگرافیـای سیاسـی و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

١. نامـەی ماسـتەری قوتابـی بەشـی زانسـتە سیاسـیەکان و پەیوەندیـە نێودەوڵەتیـەکان (سـارة بـو عـلي) لـە زانکـۆی محمـد بوضيـاف – المسيلة سـاڵی ٢٠١٨ بـە ناونیشـانی (تأثـير الابعـاد الجيوبولتيكيـة لانفصـال اقليـم كردسـتان علـى الترتيبـات الداخليـة و الاقليميـة).

٢. نامـــەی ماســـتەری قوتابـــی بەشـــی جوگرافیـــا (عـــلاء جـــواد کاظـــم) لـــە زانکـــۆی میســـان-کۆلێجی پـــەروەردە ســـاڵی ٢٠٢٠ بـــە ناونیشـــانی (تقییـــم جیوســـیاسي لمحاولـــة انفصـــال اقلیـــم کردســـتان العـــراق ٢٠١٧).

جیـــاوازی ئـــەم توێژینەوانـــە لەگـــەڵ تێزەکـــەی ئێمـــە ئەوەیـــە کـــە لـــە ڕووی ناوەڕۆکـــەوە لاوازن و هەڵەســـەنگاندنیان بـــۆ بنەمـــا سروســـتی و مرۆییەکانـــی هەرێمـــی کوردســـتان نەکـــردووە و گرنگیـــان بـــە ئاســـتەنگەکانی دامەزراندنـــی دەوڵـــەت لـــە هەرێمـــی کوردســـتان نەکـــردووە، هەروەهـــا هەڵوێســـتی ناوخۆیـــی و هەرێمـــی و نێودەوڵەتـــی لـــە بەرانبـــەر ڕیفرانـــدۆم لـــە ڕووی جیۆپۆلیتیکـــەوە نەخراوەتـــەڕوو، ئەمـــە ســـەرەڕای ئـــەوەی ئەنجامەکانـــی ڕیفرانـــدۆم و لێکەوتەکانیـــان شـــی نەکردوەتـــەوە و بـــە زمانێکـــی لایەنگیـــری نـــووسراون، بـــە تایبەتـــی توێژینـــەوەی دووەم، هـــەر بۆیـــە پشـــتمان پێـــی نەبەســـتووە.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## دەروازە:

مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس، هەڵقـوڵاوی یاسـای نێودەوڵەتـی عورفییـە، ئێسـتا بـووە بە پرەنسـیپێکی جێگیـر و چەسـپاو لـە یاسـای نێودەوڵەتـی گشـتی دا و مافێکـی یاسـاییە بـۆ هەمـوو نەتـەوە و گرووپێـک بەبـێ جیـاوازی لـە چوارچێـوەی یاسـای نێودەوڵەتـی گشـتی دا، پرەنسـیپی مافـی نەتـەوەکان لـە دیاریکردنـی چارەنووسـیان وەک پرەنسـیپێکی یاسـای نێودەوڵەتـی گشـتی هاوچـەرخ لـە دەسـتووری ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان و ئـەو جاڕنامـە و ڕێککەوتننامانـەی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـۆ گـەلان و مافەکانیـان دەریکـردووە، جێگیرکـراوە و لـە پـاش ئـەوە بـووە بـە مافێکـی گەوهەریـی یاسـایی و پێشێلکردنیشـی بـە مانـای نکۆڵیکـردن دێـت لـە مافـە بنچینەییەکانـی مـرۆڤ و بڵاوکردنـەوەی ئاشـتی لـە جیهانـدا. لـە سـەر ئـەم بنەمایـە، چەندیـن هەرێـم و وڵات سـوودیان لێوەرگرتـووە، بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی.

# باسی یەکەم

# مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان

## یەکەم: پێناسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس:

چەندین پێناسە بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس چ لە ڕووی سیاسی یاخود یاساییەوە کراون، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم مافە. لینین پێیوابوو مافی چارەنووس تەنیا بە مانای مافی میللەتان بۆ سەربەخۆیی دێت بە مانا سیاسییەکەی، واتە ئازادی جیابوونەوەی سیاسی لە میللەتی سەردەست و چەوسێنەر[١]. لێرەدا دەتوانین بڵێن مافی چارەنووس لە ڕوانگەی لینین مانایەکی تری نیە جگە لە سەربەخۆیی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبێت. هەروەها پێناسە کراوە بە خواستی کۆمەڵە خەڵکێک لە هەڵبژاردنی ئەو شێوە حکومەتەی دەیانەوێت لەبەر سێبەری دا بژین [٢]. لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە، پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس واتای ئەوەیە (هەموو گەلێک مافی دەستنیشانکردنی ئازادانەی حکومەت و سیستەمی سیاسی و شارستانی خۆی هەیە کە لەگەڵ پێویستییەکانیدا بگونجێت)[٣].

(1) V.i ,Lenin,The Right Of Nations To Self – Determination , Forgin Languages Publishing House, Moscow ,1947,p.10.

(2) Donald Clark and Robert Williamson, Self-Determination International Perspectives , Macmillan Press Ltd , London, 1996,p.2. https://link.springer.com/content/pdf/bfm%3A978-1-349-24918-3%2F1.pdf

(3) Encyclopaedia ConciseBritannica, Inc ,2006,p.1717. https://compress-pdf.bcad.info/#google_vignette

کەواتــە دەتوانیــن بڵێیــن مافــی بڕیاردانــی چارەنــووس، مافــی هەمــوو نەتەوەیەکــە قەوارەیەکــی ســەربەخۆی هەبێــت و خــۆی بڕیــار لەبــارەی کاروبــاری خــۆی بــدات، مافێکــە هاووڵاتیانــی نیشــتمانێک بــە هۆیــەوە چارەنــووس و بەهــا سیاســی و یاساییەکانی نیشــتمانەکەیانی پــێ دیاردەکــەن.

## دووەم: چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس

وشــەی مافــی چارەنــووس لــە دەســتەواژەیەکی ئەڵمانــی (sebstbestimmuit) وەرگیراوە لــە زمانــی ئینگلیــزی دا (Right Of Self Determination)) بــە مانــای ئــەو مافــە دێــت، خــۆت بڕیــار لەبــارەی چارەنــووس و ژیانــی خــۆت دەدەی. جــا هــەر شــێوە و فۆڕمێــک وەربگرێــت لــە چۆنێتــی خۆبەڕێوەبــردن. یــان بریتییــە لــە مافــی خەڵــک بــۆ دیاریکردنــی سیســتەمی سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتییــان، لــەو چوارچێوەیــەی تێیــدا دەژیــن [1]. لــە زمانــی عەرەبــی وشــەی مــاف بــە مانــای (حــق) دێــت، واتــە مافەکــە هــی خۆتــە و هــەر خۆشــت مافــی ئــەوەت هەیــە چــۆن بڕیــاری لــێ بدەیــت، لێــرەدا دەتوانیــن بڵێیــن مــاف جێبەجێکردنەکــەی ئیلزامییــە و یاســای نێودەڵەتیــش مافــی بڕیاردانــی چارەنووســی بــە مافێکــی جێگیــر و چەســپاو دانــاوە.

چارەنووســیش بــە مانــای (المصــیر) دێــت ئــەم دەســتەواژەیە لــە ڕووی سیاســەتی نێودەوڵەتــی و زانســتی سیاســی زیاتــر بــۆ هــەر کۆمەڵــە و گروپێکــی کۆمەڵایەتــی و نەتەوەیــی و ئایینــی و مەزهەبــی بەکاردێــت کــە خــاوەن تایبەتمەنــدی و ناســنامە و کولتــووری خــۆی بێــت. وەک نەتــەوە یــان گروپێکــی ڕەگــەزی جیــاواز لــە نەتــەوەی تــر، بــە مەبەســتی بەکارهێنانــی ئــازادی و دەســەڵاتی تــەواو، بــە بــێ ئــەوەی هیــچ نەتــەوە و دەوڵەتێکــی تــر مافــی ئــەوەی هەبــێ ڕێــگای لــێ بگــرێ، یاخــود بەربەســتی بــۆ دروســت بــکات لــە بەکارهێنانــی ئــازادی و لــە مامەڵــەی ســەربەخۆی خۆیــدا، جــا لــە هــەر شــێوە

(١) مهنــاز اخــوان خرازیــان ، تحــول حــق تعییــن سرنوشــت در چارچــوب ملــل متحــد، مجلــه حقوقــی، نشریــه مرکــز امــور حقوقــی بیــن المللــی معاونــت حقوقــی و امــور مجلــس ریاســت جمهــوری، شــماره ســی و ششــم، ١٣٨٦.ص.٩

http://ensani.ir/fa/article/123683/

و فۆڕمێکدا بێت.[1] لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە چەمکی (ماف) لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و چەمکێکی ڕێژەییە، چونکە ئەوەی تۆ بە مافی خۆتی دەزانیت، لەوانەیە بەرانبەرەکەت بە پێشێلکردنی مافی خۆی دابنێت.

## سێیەم: کورتەیەکی مێژووی لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووس

چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەو مافانەیە کە ڕەگێکی مێژوویی هەیە، بیروڕاکان لە ڕووی دیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی جیاوازن. ئەم مافە بە درێژایی مێژوو بە یەکێک لە مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دانراوە، لەم بوارەدا و بە درێژایی مێژوو، هەمیشە مرۆڤە بێهێزەکان لە بەرانبەر بەهێزەکان لە دەست گەیشتن بەم مافە بێبەشبوون و ڕەفتاری جیاکارییان بەرانبەر کراوە، تا ئەوکاتەی ڕۆمەکانیش بەهێز و خاوەن دەسەڵات بوون، نکۆڵیان لە مافی چارەنووسی نەتەوەکانی دیکە دەکرد.[2]

لە شارەکانی یۆنانی کۆن وەکو (ئسپارتا) و (ئەسینا) پرەنسیپی مافی چارەنووس لە ئاستێکی ناوچەیی دا بەکارهاتووە، لەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە سیستەمی شارەکانەوە هەبووە، چونکە دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە شارەکانی یۆنانی کۆن دا پیادە دەکرا و مافەکانی خۆیان دەخستەڕوو و سەربەخۆ بوون لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی کە لەگەڵ بارودۆخیان بگونجابا.[3] پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی زاراوە و چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتا چارەکی سەدەی هەژدەم لە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە( ١٧٧٦/٧/٤ ) و لە جاڕنامەی هاوولاتی فەڕەنسی لە ساڵی (١٧٨٩) ئاماژەی پێکراوە.[4] سەرۆکی

(١) شادمان حسن مولود، مافی چارەنووس لە ڕۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٧،ل ٣٦ .

(٢) مرتضی اکبر لالیمی، اجرای حق تعیین سرنوشت، تقابل حقوق بشر با حاکمیت دولتها، مجله حقوقی دادگستری، سال هشتادم، شماره نود و ششم، ١٣٩٥، ص٦٣ .

http://ensani.ir/fa/article/377842/

(٣) ڕزگار شەهاب حاجی، مافی ویلایەتە فیدراڵییەکان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان، نامەی ماستەر، کۆلیجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠٠٣، ل٢٥ .

(٤) معبداللە جاسم ریکانی، حق الاستفتاء و تقریر المصیر للشعوب في القوانین الدولیة، من

ئەمریکـی (جیمـس مۆنـرۆ) لـە سـاڵی (١٨٢٣)ڕایگەیانـد، ئـەو دەوڵەتانـەی کۆڵۆنـی ئیسـپانیا و پۆرتوگالـن، مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی خۆیـان هەیـە. پرەنسـیپی مۆنـرۆ ئامانجـی نەهێشـتنی دەسـتوەردانی ئەوروپـی بـوو لـە کاروبـاری ناوخـۆی ئەمریـکا.[١] لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت ئامانجـی مونـرۆ ئـەوە بـوو، دژایەتـی ئەمریـکا بـۆ بەردەوامـی داگیرکـەری کۆڵۆنیالیزمـی جیهانـی نـوێ ڕابگەیەنـێ. شۆڕشـی بەلشـەفیش لـە ئۆکتۆبـەری سـاڵی (١٩١٧) لـە (ڕاگەیاندنـی ئاشـتی) بڕیـاری لـە سـەر مافـی چارەنووسـی نەتەوەکانـی ئیمپراتۆریەتـی ڕوسـی دا.[٢] هەرچەنـدە لینیـن و بەلشـەفیەکان بیرۆکـەی مافـی چارەنووسـیان وەکـو چەکێکـی سیاسـی گرنـگ بـۆ ڕزگارکردنـی جیهـان لـە ئیمپریالیـزم و دیموکراسـی و سـەرمایەداری بەکارهێنـا، بـەڵام نیەتـی ڕاسـتەقینە بڵاوبوونـەوەی سۆسـیالیزم بـوو، تێیـدا مافـی چارەنووسـی نەتەوەیـی بـەزۆری وەک ئامرازێکـی پڕوپاگەنـدە بەکاردەهێـنرا.[٣]

ودورو ویلسـون سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، سـەروەریی نەتەوەیـی بـە تاکـە بنەمـای گونجـاو و ڕاسـتی ئاشـتی جیهانـی دانـاوە، ئەلفرێـد کۆبانیـش پێیوابوو‌ویلسـون بیرۆکـەی حکومەتێکـی جیهانـی ڕەت دەکـردەوە و لـە بەرانبـەر ئـەوەدا پێیوابـوو بڕیـاردان لـە مافـی چارەنـووس و سـەروەری نیشـتمانی تاکـە بناغـەی ئاشـتی جیهانییـە و ئـەم پرەنسـیپەی بـە یاسـایەکی نوێـی ژیانـی دانـا لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا.[٤]

---

مطبوعات مركز بحوث برلمان كوردستان، العدد ١٧، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠١٤ .ص١٧.

(١) عصـام عبدالحسـين نومـان، مبـدأ مونـرو دراسـة في تحليـل المضمـون (١٨٢٣-١٨٩٨)، مجلـة العلـوم الانسـانية، المجلـد ٢٣، العـدد الاول، اذار ٢٠١٦ .ص١٦٣.

https://www.iasj.net/iasj/article/128937

(٢) فرسـت سـوفي، الطبيعـة القانونيـة لحـق تقريـر المصير، بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـی مەکتەبـی سـکرتاریەتی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١٦، ص١٦١ .

(3) Patrycja Marzena Charlampowicz, The Right to Self-determination and the Principle of Territorial Integrity of States: In Search of Reconciliation. From Kosovo to Crimea Patrycja, Institute of Graduate Studies and Research in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Arts in International Relations Eastern Mediterranean University, Famagusta, North Cyprus, October 2016 .http://i-rep.emu.edu.tr:8080/xmlui/bitstream/handle/11129/4524/charlampowiczpatrycja.pdf?sequence

(4) Trygve Throntveit, The Fable of the Fourteen Points: Woodrow Wilson and National Self-De-

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، لەگەڵ ئەو جیاوازیانەی لە نێوان توێژەران دا هەیە لە بارەی بنەچەی مافی چارەنووس کە هەندێکیان دەیبەستنەوە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی و ئەمریکی و هەندێکی تریش بۆ کۆنتر لەو مێژووە و بۆ شارستانیەتی گریک، بەڵام بە گشتی کۆدەنگن ئەم مافە لە نێو ئەو (١٤) پرەنسیپە دا هەیە کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ویلسون) لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕایگەیاند، بە(پرەنسیپی ویلسون) ناسرا. خاڵی دوانزەیەمی ئاماژە بە سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێر دەستی عوسمانی کراوە کە کوردیش یەکێک بووە لەو نەتەوانە.(1) جەنگی دووەمی جیهانی گۆڕانکاریی گەورەی لە سیستەمی جیهانی دا کرد، هەریەک لە سەرۆکی ئەمریکی (رۆزڤلت) و سەرۆک وەزیری بەریتانی (چەرچڵ) لە ساڵی (١٩٤١) میساقی ئەتلەسییان دەرکرد و ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی گۆڕانکاری هەرێمی دژی ئارەزووی نەتەوەکان نەکرێت و مافی هەڵبژاردنی شێوەی دەوڵەتەکانیان هەبێت.(٢) دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، پرەنسیپی مافی چارەنووس زیاتر ڕوخسارێکی سیاسی هەبوو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی تاوەکو کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، ئینجا قۆناغی بە یاسایی کردنی دەستی پێکرد، ئەمەش پاش ئەوەی دەقنووس کرا لە میساقی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

---

termination ,Source: Diplomatic History, Vol. 35, No. 3, Oxford journals,Published by: Oxford University Press , (JUNE 2011),p.447. https://www.jstor.org/stable/24916429

(1) Derek Heater , National Self-Determination Woodrow Wilson and his Legacy ,St. Martin'S press , new York , 1994 ,p.37. https://www.pdfdrive.com/national-self-determination-woodrow-wilson-and-his-legacy-d177511104.html

(٢) بژار محمد طاهر مصطفى، الاستفتاء كوسيلة سلمية لممارسة حق تقرير المصير، مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع، عدد ٣٦، مارس ٢٠١٩ .ص٦٧ .

## چـوارەم: مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس بـە پێـی پرەنسـیپ و ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکان:

پرەنسـیپە نێودەوڵەتییـەکان لـە نموونـە پرەنسـیپەکانی شۆڕشـی ئەمریکـی (١٧٧٦)، لـە ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی ئەمریـکا لـە( ١٧٧٦/٧/٤)، هەروەهـا سـەرۆکی ئەمریـکا (مۆنـرۆ) لـە سـاڵی (١٨٨٣) ئاماژە بـە مافـی گـەلان دەکات بـۆ ڕزگار بـوون لـە دەسـتی ئیمپریالیـزم. شۆڕشـی فەڕەنسـیش لـە سـاڵی( ١٧٨٩ )، پشـتیوانی و هـاوکاری خـۆی بـۆ ئـەو گەلانـە ڕاگەیانـد کـە دەیانەوێـت ئـازادی خۆیـان وەدەسـتبێننەوە. هـەروەک ماددەی دووەمـی بانگـەوازی شۆڕشـی فەڕەنسـی دەڵـێ (هەمـوو گـەلان خـاوەن حاکمیەتـی خۆیانـن و سـەربەخۆن لـە پەیوەندیـان لەگـەڵ گەلانـی تـر، بـێ ڕەچاوکردنـی ژمـارەی دانیشـتوان و ڕووبـەری هەرێمیـان، هەروەهـا مـاددەی سێیەمیشـی دەڵێـت هەمـوو گەلێـک خـاوەن مافـی حاکمیەتـی خۆیەتـی لـە نیشـتمانی خۆیـدا ).[١] پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گەلانیـش هەرچەنـدە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ باسـی لـە مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی نەکـردووە، بـەڵام لـە مـاددەی (٢٢) چارەسـەری لـە ڕێگـەی سیسـتەمی ماندێـت کـردووە، بـۆ ئـەو ناوچانـەی دانیشـتوانەکەیان ناتوانـن لـە سـەر پێـی خۆیـان ڕاوەسـتن، لـە لایـەن وڵاتـە پێشـکەوتووەکانەوە ئیـدارە دەکرێـن، تاکودەگەنـە ئـەو قۆناغـەی بتوانـن خۆیـان بەڕێوەببـەن.[٢]

کۆنڤەنسـیۆنی مۆنتەڤیدیـۆ لـە سـەر مـاف و ئەرکـی دەوڵەتـان لـە هەڤدەهەمیـن کۆنفرانسـی نێودەوڵەتـی وڵاتانـی ئەمریکـی لـە سـاڵی (١٩٣٣)، وەهـا پێناسـەی مافـی چارەنووسـی کـردووە (مافـی چارەنـووس، واتـە ئـازادی و سەربەسـتی هەمـوو خەڵـکان و گـەلان بـۆ بڕیـاردان لـە سـەر ڕژێمـە سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی خۆیـان. ئەمـە هەردووکـی واتـە مافـی بـە کۆمـەڵ و تاکەکـەس لەخـۆ دەگرێـت، مەبەستیشـمان لـە گـەل لێـرەدا دەتوانرێـت هـەر کۆمەڵێکـی دیـاری ئیتنیکـی و نەتەوەیـی و زمانـی و

(١) جەمـال، مافـی چارەنـوس دانـان لـە بـەر ڕۆشـنایی یاسـای نێـو وڵاتانـی هاوچـەرخ، لـە بڵاوکراوەکانی مەڵبەنـدی ٣ی ی .ن . ک، بـە بـێ شـوێنی چـاپ، ١٩٨٣.ل٤.

(2) Susan Pedersen , The Guardians The League of Nations and The Crisis Of Empire , Oxford University Press , new York , 2015,p.1. https//:www.pdfdrive.com/the-guardians-the-league-of-nations-and-the-crisis-of-empire-e186649156.html

کەلەپـووری و ئایینـی بێـت).[1] مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـیش یەکێکـە لـە گرنگتریـن پرەنسـیپە ئاڵۆزەکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی نـوێ لـە ڕووی پیادەکردنیـەوە. پـاش کۆتایـی هاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهانیئـەم پرەنسـیپە لـە سروشـتە سیاسـییەکەیەوە گـۆڕا بـۆ بنەمایەکـی یاسـایی، دوای ئـەوەی نووسرایـەوە، بـە شـێوەیەکی ڕوون لـە دەسـتوورنامەی نەتەوەیەکگرتـووەکان و لێـرەدا ئامـاژەی پـێ دەدەیـن:

١. لـە دیباجـە و بڕگـەی دووەمـی ماددەی یەکـەم کـە دەڵـێ (گەشـەپێدانی پەیوەنـدی دۆسـتانەی نێـوان نەتـەوەکان دەبێـت لـە سـەر بناغـەی ڕێزگرتـن لـەو پرەنسـیپانە بێـت کـە داوای یەکسـانی تـەواو لـە نێـوان گـەلان دا دەکات، بـەوەی هـەر یەکەیـان مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان هەبێـت). لـە دەقـی ماددەی پەنجاوپێنجـی ئـەم دەسـتوورنامەیەدا دیسـان ئامـاژەی پـێ دراوە و دەڵـێ: (خواسـتێکە لـە ئامادەکردنـی سـەقامگیری و خۆشـگوزەرانی کـە بـۆ بەرپـا کـردن و دروسـتکردنی پەیوندی دروسـت و تەبـا لـە نێـوان نەتەوەکانـدا پێویسـتین، لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتن لـەو پرەنسـیپەی داوای یەکسـانی دەکات لـە نێـوان گەلانـدا، بـەوەی هـەر یەکەیـان مافـی بڕیاردانـی لـە سـەر چارەنووسـی خـۆی هەبێـت).[2] لێـرەدا دەبێ ئامـاژە بەوە بدەیـن لـە دوای دامەزراندنی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان لـە دەسـتوورنامەکەیدا، مافی بڕیاردانـی چارەنووس لە پرەنسـیپەوە گـۆڕا بـۆ مـاف. هـەروەک ناوەڕۆکـی ئـەو بڕگانـەی باسـمان کـرد پەیوەندی بـە هەمـوو میللەتانـەوە هەیـە، بەبـێ ئـەوەی ڕەچـاوی ئـەوە بکـرێ، ئاخۆ ئـەو میللەتە دەوڵەتـی هەیـە یاخـود نـا، بۆیـە ئـەم بڕگانە هەمـوو میللەتان بە بـێ جیـاوازی دەگرێتەوە.

٢. ڕاگەیاندنـی بەخشـینی سـەربەخۆیی بـە وڵاتـان و گەلانـی کۆڵۆنیکـراو بـە پێـی بڕیـاری کۆمەڵـەی گشـتی نەتەوەیەکگرتـووەکان (١٥١٤)(د_١٥)لـە (١٩٦٠) لـە خاڵـی دووەم دا دەڵێـت: (هەمـوو گـەلان مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی خۆیـان هەیـە). لـە خاڵـی

(١) سـەباح موفیـدی، بەدەوڵـەت بـوون و نامێـژووی نەبـوون، زنجیـرە بڵاوکراوەکانـی ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانێقەیرانـەکان، سـلێمانی، ٢٠١٨، ل٧.

(٢) شـاری خالـد معـروف، جیابونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە دەوڵەتـی عێـراق وەک یەکێـک لـە ڕێـگا چارەکانـی کێشـەکان، گۆڤـاری قـەڵای زانسـت ی زانسـتی، گۆڤـاری زانکـۆی لوبنانـی فەڕەنسـی، هەولێـر، ژمـارە١، زسـتانی ٢٠١٨، ل٤٤

http//:journal.lfu.edu.krd/ojs/index.php/qzj/article/view/451/433

سێیەمیش دا دەڵێ: (هەرگیز ناکرێ کەموکووڕی لە مەیدانی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی بکرێتە بیانوویەک بۆ دواخستنی سەربەخۆیی).[١]

٣. یەکێک لە هەشت پەیماننامە سەرەکیەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری کە لە (١٩٦٦/١٢/١٦) ئامادەکراوە و پەسەند کراوە، لە بەشی یەکەم لە بەندی یەکەم و لە خاڵی یەکەمی دەڵێ: (هەموو خەڵک مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە. بە پشت بەستن بەم مافە، ئەوان دەتوانن ئازادانە بڕیار لە پێگەی ڕامیاری خۆیان بدەن و ڕێچکەی گەشەسەندنی خۆیان لە بوارەکانی ئابووری و جڤاکی و کلتووری دا بگرن).[٢] لەم دوو بڕیارنامەیەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ماف بە هەموو گەلان دراوە لە بڕیاردانی چارەنووسیان و هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو حاڵەتانە نەکراوە کە دەبێ گەلانی تێدا بن.

٤. لە بڕیاری (٢٧٨٧)ی خولی (٢٦) لە (١٩٧١/١٢/٦)هاتووە: (جەختکردنەوە لە شەرعیەتی خەباتی گەلان لە پێناو مافی بڕیاردانی چارەنووس و ئازادبوونیان لە کۆلۆنیالیزم و دەسەڵات خوازی و کۆیلایەتی بێگانە)، بەڵام دەبێ ئەوە بخەینەڕوو هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە ساڵی (١٩٧١) لە کۆمیتەی کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزم (decolonization)) کشانەوە، دوای ئەوەی کۆمیتەکە زنجیرە بڕیارێکی دەرکرد، تێیدا مافی بە تێکۆشانی چەکدارانە دا.[٣]

٥. بڕیاری (٢٩٥٥) ی خولی (٢٧) لە (١٩٧٢/١٢/١٢) تایبەت بە (گرنگی درککردن بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان و خێراکردن بە پێدانی سەربەخۆیی بە وڵات

(١) ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، مافی بڕیاردانی چارەنووس لە بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل٥٩.

(٢) غازی عەلی خورشید، سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ (هەشت پەیماننامەی سەرەکی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، ستۆکۆڵهم، ٢٠١٠، ل١٢ .

(3) Simpson Brad , The Many Meaning Of National Self – Determination , Social Science Premiumcollection, Nov2014 . https://www.academia.edu/9014352/Brad_Simpson_The_Many_Meanings_of_National_Self-Determination_Current_History_113_766_November_2014_312-317

و گەلانی کۆڵۆنیکراو، لە پێناو گەرەنتی کردنی مافەکانی مرۆڤ و گرنگی پێدانی بە شێوەیەکی کاریگەر).

٦. بڕیاری (٣٠٧٠)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە(١٩٧٣/١١/٣٠) تێیدا هاتووە (گرنگی هۆشیاریی جیهانی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان و خێرا کردن لە پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی کۆڵۆنیکراو، لە پێناو زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ و چاودێری کردنی بە شێوەیەکی کاریگەرانە).[(1)]

لەم سێ بڕیارنامەیەی سەرەوە تەنیا ئاماژە بە پێدانی سەربەخۆیی بە وڵات و گەلانی کۆڵۆنیکراو دراوە، هەربۆیە ئەمە بیانوویەک بووە بە دەست دەوڵەتانەوە، تاکو مافی بڕیاردانی چارەنووس بە گەلانی ژێر دەستەیان ڕەوا نەبینن.

خاڵی هەشتەم لە بڕگەی یەکەمی کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپی کە لە (١)ی ئابی (١٩٧٥) لە هلسنکی بەسترا، ئاماژە بەوە دەکات کە (گەلان هەموو کاتێک خاوەن مافن و ئازادی تەواویان هەیە کەی و بە چ شێوەیەک داخوازیەکانیان و ڕەوشی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکییان بەبێ دەستوەردانی دەرەکی بەڕێوەببەن و بەو شێوەیەش ئارەزووی دەکەن پەرە بە بەرەوپێشچوونەکانی خۆیان لە بواری سیاسی و ئابووری و کلتووری و ڕۆشنبیری بدەن)، کەواتە لێرەدا هەموو گەلان سەرپشک کراون لە هەڵبژاردنی ئەو شێوە بەڕێوەبردنەی کە دەیانەوێت.

ئەنجومەنی ئاسایش یەکێکە لەو دەزگا گرنگانەی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بەشدار بووە لە چارەسەرکردنی بەشێک لەو کێشە و قەیرانانەی هەڕەشە بووە لە سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی. هەروەک بڕیاری ژمارە(٣٨٤)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی (١٩٧٥) دا دەرچوو، پوختەکەی ئەوەیە ماف بە گەلی تەیموور دەدات لە هەڵبژاردنی چارەنووسیان، هەروەها بڕیاری (١٣٧٢)ی ئەنجومەنەکە لە ساڵی (١٩٩٩) دا دەرچوو بریتی بوو لە پێکهێنانی ئیدارەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکە بە مەبەستی وەرگرتنی بڕیاری چارەنووسیان لە کۆتاییدا. هەروەها بڕیاری

(1) United Nations , General Assembly – Quick Links . https://research.un.org/en/docs/ga/quick/regular/26 14/1/2021.

ژمـارە (١٢٤٤)ی سـاڵی (١٩٩٩) کـە داوای بەخشـینی چەندێتیەکـی گـەورەی سـەربەخۆیی و بـە پلەیەکـی گونجـاوی خۆبەڕێوەبـەری ئیـداری بـۆ کۆسـۆڤۆ دەکات.[١]

دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس لەسـەر بنەمـای پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بڕیـاری ئۆرگانـە سـەرەکییەکانی خـۆی و چەندیـن پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان داینـاوە سـەرچاوەی گرتـووە، لەگـەڵ پراکتیزەکردنـی زانسـتی و کاریگەرانـەی لـە لایـەن گەلانـی جیهانـەوە، بـەڵام پراکتیزەکردنـی پرەنسـیپی مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی گـەلان لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی ڕوخسـارێکی یاسـایی وەرنەگرتـووە، بەڵکـو لـە چوارچێوەیەکـی سیاسـی دا ماوەتـەوە، چونکـە دەوڵەتـە زلهێزەکانـی جیهـان بـە پێـی بەرژەوەندییـە جیۆپۆلیتیکییەکانـی خۆیـان ئـەو مافانەیـان بـە گـەلان ڕەوا بینیـوە.

**پێنجەم: جۆرەکانی مافی بڕیاردانی چارەنووس:**

مافی بڕیاردانی چارەنووس دوو جۆرە، ئەوانیش بریتین لە:

**ا مافی بڕیاردانی چارەنووسی دەرەکی:**

مافـی هـەر کۆمەڵەیەکـە خـاوەن سـەروەری خۆیـان بـن، ئەویـش بریتییـە لـە سـەربەخۆیی و جیابوونەوەیـان لـە دەوڵەتـی سەردەسـت.[٢] ئـەم مافـە دەسـتوورنامە نێودەوڵەتییـەکان لـە سـەرووی هەموویانـەوە بڕیـاری کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ژمـارە (١٥١٤)ی سـاڵی (١٩٦٠) و بڕیـاری ژمـارە (٢٦٢٥)ی سـاڵی (١٩٧٠) جەختـی لـە سـەر دەکاتـەوە. مەبەسـتیش لـەو دوو بڕیـارە پاڵپشـتی ئـەو گەلانـە بـوو کـە لـە ژێـر داگیـرکاری دا بـوون، یـان گەلـی ئـەو هەرێمانـەی لـە ژێـر سیسـتەمی ماندێـت دا بـوون.[٣] بـە ئـازادی ڕەهـا لـە ڕێگـەی سـێ بـژاردە بڕیـار لـە چارەنووسـی خۆیـان بـدەن:

(١) بۆ زیاتر :

http//:www.hri.org/docs/Helsinki75.html#H4.814/1/2021.

https://www.un.org>resolutions.14/1/2021.

(2) Emmanuel Dalle Mulle , New Trends In Justifications For National Self – Determination : Evidence From Scotland and Flanders , Ethnopolitics , Vol.15, 2016 ,p.212.

(3) Milena Sterio, The Right To Self Determination Under International Law “Selfi Stans,” Seces-

**یەکەم:** بژاردەی سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری.

**دووەم:** بە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ بەستنی ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە هەندێک لە کاروباری بەرگری و دەرەکی لە ئەستۆ دەگرێت.

**سێیەم:** یەکگرتن لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە یەکێک لەو یەکگرتنانەی کە لە سیستەمە دەستورییە سەرەکییەکاندا هەیە.[١]

لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزیی The Committee on the Elimination)CERD of Racial Discrimination) سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی (١٩٩٦)لە ڕاسپاردە گشتیەکەی دا مافی چارەنووسی دەرەکی وەها دەناسێنێت: ( گشت گەلان مافی ئەوەیان هەیە ئازاد بن لە دیاریکردنی باری سیاسی و پێگەیان لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەوەش لە سەر بنەمای یەکسانی لە مافەکان و ڕزگارکردنی گەلان لە دەست کۆڵۆنیالیزم و ڕێگریکردن لە ژێردەستەبوونیان و بە کۆیلەکردنیان لە لایەن بێگانە، هەروەها کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەیان،[٢] واتە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەم مافەش بۆ ئەو نەتەوانە مسۆگەر کراوە کە لە ژێر کۆڵۆنیالیزم یان داگیرکاری بێگانە و هەلومەرجە هاوشێوەکانیان، کەواتە پاساوی مافی بڕیاردانی چارەنووس بریتییە لە پاساوێکی پێشینە، چونکە ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێت کە پێویستە بوار فراوان بکرێت بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی.

**ب مافی چارەنووسی ناوخۆیی:**

بریتیە لە ئازادی مافی بڕیاردانی چارەنووسی ناوخۆیی و هەڵبژاردنی شێوەی حوکمی خۆی،[٣] واتە پەیوەستە بە تێگەیشتنی گشتی بۆ دیمۆکراسی کە مافی هەر

sion, and The Rule Of The Great Powers , Published By Routledge , London , 2013,p.11.

(١) خامۆش عمر عبداللە، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (٢٧)، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٧، ل٣٧.

(2) http://hrlibrary.umn.edu/arabic/cerd.htm 14/1/2021

(3) Frederic L. Kirgis, Jr, The Degrees Of Self-Determination In The United Nations Era, The

کۆمەڵەیەکە خاوەنی دامودەزگای سەربەخۆ بێ بە شێوەیەک ئاماژە بێت بە خواست و تایبەتمەندییان. هەندێکی تر مافی چارەنووسی ناوخۆیی بە دیموکراسی دەبەستنەوە، بە واتای ئەوەی گەل مافی ئەوەی هەیە نوێنەر و حکومەتێکی دیموکراسی هەبێت، ئەم مافە شێوەی جیاوازی هەیە بۆ نموونە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەت یان سیستەمی فیدراڵی یان هەر شێوەیەکی تایبەتی تری دەستوری.(1) ئەم مافە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، دانی پێدانراوە.

## شەشەم: مافی بڕیاردانی چارەنووس و ڕیفراندۆم

مافی بڕیاردانی چارەنووس لەو پرەنسیپە نێودەوڵەتییانەیە کە لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دا دەقنووس کراوە، پراکتیزەکردنی ئەم مافە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆش لە ڕێگای پەنابردنە بەر ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانە کە لە کاتی ئێستا دا زیاتر پەسەندە، لە نێویشیاندا ڕیفراندۆمی میللی، لەم بارەیەوە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ژمارە (٦٣٧) کە لە (١٩٥٢/١٢/١٦) دا دەرچوو، جەختی لە سەر ئەم مافە کردووەتەوە. (جەختکردنەوە لە سەر ئارەزووەکانی گەلان ئەویش لە ماوەی دەنگدانی گشتی یان هەر ئامرازێکی دیکەی دانپێنراو کە باشترە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان پیادە بکرێت).(2) بە بۆچوونی ئێمە ئەم بڕیارە جەخت لە سەروەریی گەلان دەکاتەوە لە بڕیاردان لە سەر بابەتە چارەنووس سازەکانیان، ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە.

---

American Journal of International Law , Vol. 88, No. 2, Published by: Cambridge University Press Apr. 1994,p.307. https://www.jstor.org/stable/2204101

(1) Ieva Vezbergaite , Remedial Secession As An Exercise Of The Right To Self-Determination of peoples , legal studies department , central puropean university , the degree of llm in human Rights , Budapest , Hungary , 2011,p.14. file:///C:/Users/USER23/Downloads/vezbergaite_ieva%20(1).pdf

(2) http//:www.un.org/en/ga/search/view_doc.asp?symbol=A/RES/637)VII(14/1/2021

# باسی دووەم

## ڕیفرانـــدۆم و لێکەوتەکانـــی لـــە بـــەر ڕۆشـــنایی ئەزموونـــە نێودەوڵەتییـــەکان

### یەکەم: پێناسەی ڕیفراندۆم:

مەبەسـت لـە ڕیفرانـدۆم بریتیـە لـە بەشـداری و ڕاوێژکـردن بـە دانیشـتووان لـە بـارەی بابەتـە گشـتییەکان.[1] یاخـود بریتییـە لـە: میکانیزمێکـی گونجـاو بـۆ پەیوەندیکردنـی ڕاسـتەوخۆ بـە خەڵـک[2]، واتـە بریتییـە لـە: گەیاندنـی دەنگـی خەڵـک لـە بابەتێکـی دیاریکـراو کـە پەیوەنـدی بـە ژیـان و ئایندەیانـەوە هەبێـت.

بـە واتایەکـی تـر بریتییـە لـە: گۆڕینـی دیموکراسـی نوێنەرایەتـی بـۆ دیموکراسـی ڕاسـتەوخۆ. بـەو سـیفەتەی گـەل خـاوەن سـەروەرییە، بۆئـەوەی بۆچوونـی خـۆی بـە ئازادانـە دەرببڕێـت، جـا بابەتەکـە یاسـایی و دەسـتوری بێـت، یاخـود سیاسـی، ئەمـەش شـێوازێکە لـە شـێوازەکانی بەشـداری ڕاسـتەوخۆی گـەل لـە حوکمڕانـی و بڕیارەکانـدا. ڕیفراندۆمیـش یاسـایی، دەسـتووری، هەروەهـا سیاسـی دەبێـت، لـە سـەر پرسـە گرنگەکانی

(1)Maija Talvikki Setala , Theories Of Referendum and The Analysis Of Agenda-Setting , Thesis Submitted For The PhD-Degree , The London School of Economics and Political Science , 1997,p.6. https://etheses.lse.ac.uk/1485/1/U109490.pdf

(2) Stephen Tierney , Constitutional Referendums , The Theory and Practice Of Republican Deliberation , Oxford University Press , United Kingdom , 2012,p.19. https://www.pdfdrive.com/constitutional-referendums-the-theory-and-practice-of-republican-deliberation-e178763390.html

وەک سەربەخۆیی و جیابوونەوە و پەسەندکردنی دەستور، هەروەها بۆ پەسەندکردنی یاساکان ئەنجام دەدرێت.[1]

بە بۆچوونی ئێمە ڕیفراندۆم، دەنگدانێکی گشتییە، تییدا گەل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕای خۆی سەبارەت بە پێشنیازێکی دیاریکراو یان پرس و بابەتێکی گرنگ دەردەبڕێت. لەم پرۆسەیەدا بژاردەکانی بەردەم هاونیشتمانیان دیاریکراوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنیا دوو بژاردەی وەک (قەبووڵ کردن) و (ڕەتکردنەوە) لەم پرۆسەیەدا دەخرێتە بەردەستیان.

## دووەم: چەمکی ڕیفراندۆم:

ڕیفراندۆم لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە (refero , referend) بە مانای (گەڕانەوە بۆ) وەرگیراوە.[2] لە زمانی عەرەبی (الاستفتاء) واتە داوای فەتوا یا بۆچوون یاخود حوکم لە سەر بابەتێک، کەواتە ڕیفراندۆم بریتییە لە ئامرازێکی دیموکراسییانەی ڕاستەوخۆ بۆ بەشداربێکردنی خەڵک لە بڕیار وەرگرتندا و شێوەیەک لە هەڵبژاردنە، کە خەڵک لە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو بژاردەدا، یەکێکیان هەڵدەبژێرێت.

ڕیفراندۆم لە ڕووی یاساییەوە بۆ دوو ڕێگای سەرەکی پۆلێن دەکرێت:

١ **فەرمی:**

ئەمە کاتێک ئەنجام دەدرێت دوو لایەن یان زیاتر بە شێوەیەکی یاسایی ڕێکەون.[3] لە سەر ئەوەی ڕێگایەکی بێ لایەنانە پەیڕەو بکرێت، کە چەند لایەنێکی دیاریکراوی دیکەش زۆر جار ئاگاداری دەبن. نموونەی ئەم جۆرە ڕیفراندۆمە لە تەیمووری خۆرهەڵات (١٩٩٩) و باشووری سودان(٢٠١١) ئەنجامدراوە.

(١) پشتیوان صادق، نحو تأسیس دولة کوردستان، الطبعة الاولی، اربیل، ٢٠١٣، ص ٥ .

(2) Matt Qvortrup , Referendums and Ethnic Conflict , University Of Pennsylvania Press , Philadelphia , 2014. https://repozytorium.uwb.edu.pl/jspui/bitstream/11320/7862/1/BSP_24_1_C_Goledziowski_rev_M_Qvortrup_Referendums_and_Ethnic_Conflict.pdf

(3) I ˙lker Go¨khan S¸en ,Sovereignty Referendums In International and Constitutional Law , Springer International Publishing Switzerland 2015,p.62.

**ب نافەرمی:**

ئـەم جۆرەیـان بـە بـێ ڕێککەوتـن لـە نێـوان لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ئەنجـام دەدرێت، لایەنێـک بـە تاکلایەنـی، بێ گەڕانەوە بـۆ ئەوانی تر، ئەنجامـی دەدا. دەتوانین بڵێین زۆربەی ئـەو ڕیفراندۆمانـەی پێـش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی کـراون زۆربەیـان لـە جـۆری نافەرمی بـوون. نموونـەی ئەم جـۆرەش لـە کریمیـا (٢٠١٤) و کەتەلۆنیـا (٢٠١٧) ئەنجامدراوە.

**سێیەم: مێژووی پەیدابوونی ڕیفراندۆم:**

لـە ڕووی مێژووییـەوە بـۆ یەکەمجـار لـە سـەدەی پانزەیـەم لە وڵاتـی سـویسرا ڕیفراندۆم لـە لایـەن کانتۆنەکانـی ئـەو وڵاتـە پیادەکـراوە، ئەویش بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی کاروباری سیاسـی و یاسـایی ناوخۆیـی وڵاتەکـە.[1]، لـە مـاوەی شۆڕشـی فەڕەنسـیدا، لـە سـاڵانی سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەم بـە هـۆی ئـەو دۆخـە دیموکراسـییەی لـە لایـەن ناپلیـۆن ڕەخسـێنرابوو، ڕیفرانـدۆم ئەنجامـدراوە،[2] بـەڵام لـە سـەدەی بیسـتەم دا زۆرتریـن کار بـەم پرۆسـەیە کـراوە، لـەم ڕووەوە لـە ڕووی فاکتـەری کاتـەوە ئەزموونەکانـی ڕیفرانـدۆم لـە جیهـان دا بـۆ ئـەم قۆناغانـەی لای خـوارەوە پۆلێـن دەکەیـن:

**قۆناغی یەکەم: (١٨٤٦-١٩٤٥)**

لـەم قۆناغـەدا تەنیـا (٧) ڕیفرانـدۆم لـە سـەر ئاسـتی جیهـان دا کـراوە لـە هـەر یـەک لە وڵاتانـی لیبیریـا (١٨٤٦)، میریلانـد (١٨٥٣)، نەرویـج (١٩٠٥)، ئایسـلەندا (١٩١٨)، ڕۆژئـاوای ئوسـترالیا (١٩٣٣)، کەمبۆدیـا (١٩٤٥)، مەنگۆلیـا (١٩٤٥) کـە جگـە لـە ڕۆژئـاوای ئوسـترالیا ئەوانـی دیکـە هەمـوو سـەربەخۆییان بەدەسـتهێناوە.

**قۆناغی دووەم: (١٩٤٦-١٩٨٩)**

لـە سـەرەتای ئـەم قۆناغـەدا ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دامـەزرا کـە بڕیـار و پەیماننامەکانـی ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەبـوو لـە پاڵپشـتیکردنی گـەلان بـە مەبەسـتی

---

(١)سەرتیپ جەوهەر، حیکایەتی ریفراندۆم، چاپی دووەم،بە بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٨،ل٧.

(2) Matt Qvortrup , Referendums Around The World , Springer International Publishing Ag , Switzerland , 2018 ,p.5.

هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی. لەم قۆناغەدا نزیکەی (٤١) وڵات ڕیفراندۆمی بە مەبەستی سەربەخۆیی تێدا ئەنجامدراوە، لە نێویاندا تەنیا (٧) وڵات سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، ئەوانیش غینیا (١٩٥٨)، ساموا (١٩٦١)، جەزائیر (١٩٦٢)، ماڵتا (١٩٦٤)، بەحرەین (١٩٧٠)، جیبۆتی (١٩٧٧)، میکرۆنیزیا (١٩٨٣)) بوون و (٣٢) وڵاتیان نەیانتوانیوە سەربەخۆ بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە (ڕۆدیسیا(١٩٦٤)، سیسکی(١٩٨٠) بە حوکمی دیفاکتۆ سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێناوە، بەڵام دانیان پێدا نەنراوە. (خشتەی١)

**قۆناغی سێیەم:(١٩٩٠-٢٠١٧)**

لەم قۆناغەدا (٤١) وڵات ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی تێدا ئەنجام دراوە، بەتایبەتی لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلاڤیا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، لە نێو ئەو چل وڵاتەش دا (١٩) وڵاتیان سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، ئەوانیش سلۆڤینیا (١٩٩٠)، ئەرمینیا (١٩٩١)، ئازەربایجان (١٩٩١)، کرواتیا (١٩٩١)، ئەستۆنیا (١٩٩١)، جۆرجیا (١٩٩١)، لاتیڤیا (١٩٩١)، لیتوانیا (١٩٩١)، مەکەدۆنیا (١٩٩١)، ئۆکرانیا (١٩٩١)، تورکمەنستان (١٩٩١)، ئۆزبکستان (١٩٩١)، بۆسنە و هەرسک (١٩٩٢)، ئەریتریا (١٩٩٣)، مۆڵدۆڤا (١٩٩٤)، ئەنجوان (١٩٩٧)، تەیموری ڕۆژهەڵات (١٩٩٩)، مۆنتینیگرۆ (٢٠٠٦)، باشووری سودان (٢٠١١)،و (١٦) وڵاتیش نەیانتوانیوە سەربەخۆ بن، سەرەڕای ئەوەش هەریەکە لە کۆسۆڤۆ (١٩٩١)، ناگۆڕنۆکەرەباغ (١٩٩١)، ترانسنیستریا (١٩٩١)، ئۆسیتیای باشوور (١٩٩٢)، دۆنیستک (٢٠١٤)، لوجانسک (٢٠١٤)، کریمیا (٢٠١٤) لەگەڵ ئەوەی بە حوکمی دیفاکتۆ سەربەخۆبوون، بەڵام دانیان پێدا نەنراوە. بە پشت بەستن بەوەی باسمان کرد، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەشێکی سەرەکی بووە لە سیستەمی نێودەوڵەتی سەدەی (٢٠، ٢١) و بنەما بووە بۆ شەپۆلی گەورە لە گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی چارەنووسیان و دروستبوونی دەوڵەتان.

## چوارەم: ئەزموونەکانی ڕیفراندۆم لە وڵاتانی جیهان:

### ا کۆسۆڤۆ:

کۆسـۆڤۆ دەکەوێتـە باشـووری ئەورووپـا، لـە نێـو نیمچـە دورگـەی بەڵـکان و لـە نێـوان بازنـەی پانـی (٤١-٤٣)°ی باکـوور و هێڵـی درێـژی (٢٠-٢٢)°ی ڕۆژهـەڵات، لـە باشـوور و ڕۆژئـاواوە لەگـەڵ ئەلبانیـا و مۆنتینیگـرۆ لـە باکـوور و ڕۆژهەڵاتـەوە لەگـەڵ سـڕبیا و لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـەوە لەگـەڵ مەکەدۆنیـا هاوسـنوورە. بـە وڵاتـی وەکـو کۆسـۆڤۆ لـە جوگرافیـای سیاسـی دا دەوترێـت (وڵاتـە داخـراوەکان )، لەبەرئـەوەی هیـچ دەرەچەیەکـی دەریایـی نیـە بۆ پەیوەنـدی کردن بـە جیهانی دەرەوە.(نەخشـەی ١)، ئەمەش خاڵێکی لاوازی جیۆپۆلیتیکـی کۆسـۆڤۆیە. ڕووبـەری کۆسـۆڤۆ (١٠٨٨٧کم٢)یـە، پانتاییەکـی زۆری بریتیـە لە دەشـتایی ڕووتەختـی بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی بـەرز کـە چیـاکان دەوریـان داوە و بەرزتریـن لوتکەشـی (٢٦٥٦)مەتـرە، ژمـارەی دانیشـتوانی لـە سـاڵی (٢٠٢٠) (١,٨٧٣٠٠٠) کـەس بـووە. سـەبارەت بـە پێکهاتـەی نەتەوەیـی، ئـەوا ڕێـژەی ئەلبانەکانـی کۆسـۆڤۆ لـە هەمـان ئـەو ساڵەدا نزیکـەی (٩٢٪) بـووە و سـڕب (٥,٣٪) و ڕۆم (١,١٪) و تـورک (٠,٤٪) و ئەوانـی تـر (١,٢٪) بـوون.[1]، ئـەم جۆراوجۆرییـە لـە پێکهاتـەی دانیشـتوانی کۆسـۆڤۆ بە خاڵێکـی لاوازی جیۆپۆلیتیکی دادەنرێت و ڕێگا خۆشـکەرە بۆ دەسـتوەردان لە کاروباری ناوخۆیی کۆسـۆڤۆ. بەپێـی ماددەکانـی (٢,١)ی دەسـتووری سـاڵی (١٩٧٤)ی یوگسـلاڤیاش، کۆسـۆڤۆ بەشـێکە لە کۆمـاری یوگسـلاڤیای فیدڕاڵـی سۆسیالیسـتی [2]، و خـاوەن ئۆتۆنۆمییـە.

دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن تاکـو کۆتایـی هەشـتاکان بـە هـۆی دابەشـبوونی جیهـان بـە سـەر دوو بلۆکـی ڕۆژهەڵات(یەکێتی سـۆڤیەتی پێشـوو) و ڕۆژئاوا(ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا)، ئـەوا خواسـتی سـەربەخۆیی لـە لایـەن کۆسـۆڤۆوە کارێکـی ئەسـتەم بـوو، بـەڵام

(1) James Summers , Kosovo: A Precedent?The Declaration Of Independence, The Advisory Opinion and Implications For Statehood, Self Determination and Minority Rights , Martinus Nijhoff Publishers and vsp , Leiden • Boston,2011,p.3.

(2) Mensur Deva , The Legal and Political Foundations Of Kosovo's Independence , Master Thesis, The City College Of New York, 2011 ,p.72. https://www.pdfdrive.com/the-legal-and-political-foundations-of-kosovos-independence-e9922276.html

دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە (١٩٩١/١٢/٢٦) و دواتر یوگسلاڤیا لە سەرەتای نەوەدەکان لە تێکۆشاندا بوون بۆ بەدەستهێنانی سەروەریی کۆسۆڤۆیەکی سەربەخۆ. لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٩٧-١٩٩٩) لە سەر دەستی سڕبەکان کۆمەڵکوژی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ کراوە و لەم بارەیەوە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارنامەی (١١٦٠ و ١١٩٩ )ی لە ساڵی( ١٩٩٨) دەرکرد، تێدا جەخت لە سەر یەکپارچەیی خاکی کۆماری فیدراڵی یوگسلاڤیا و خواستی جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کۆسۆڤۆ دەربڕی[1].

| ماوە | سەربەخۆیی | | |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | دیفاکتۆ |
| ١٨٤٦-١٩٤٥ | لیبیریا، میریلاند، نەرویج، ئایسلەندا،کەمبۆدیا، مەنگۆلیا | ڕۆژئاوای ئوستralیا | |
| ١٩٤٦-١٩٨٩ | غینیا، ساموا، جەزائیر، مالتا، بەحرەین، میکرۆنیزیا، جیبۆتی | فارۆئایسلەندا، سار، کامیرۆن، کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست، چاد، کۆمۆرۆس، کۆنگۆ، داهۆمی، بۆلینیزیا، گابۆن، کەناراوی عاج، مەدەغەشقەر، مالی، مۆریتانیا، کالیدۆنیای نوێ، نەیجر، سێنت بیرۆ و میکویلون، سەنیگال، ڤۆڵتای ژووروو، بورتوریکو، بابوای ڕۆژئاوا، دورگەی مریانا، هەرێمی ترۆست، گوام، ئاروبا، نیفیس، کیوبیک، دورگەی مارشاڵ، باڵاو، دورگەی کۆکوس، دورگەی فۆکلاند، کالیدۆنیا | ڕۆدیسیا، سیسکی |

(1)Visar Xhambazi , Te Kosovo Moment: Te United States and The Post-Cold War Balkans, Master Of Arts , 2018,p.61. https://www.pdfdrive.com/the-kosovo-moment-the-united-states-and-the-post-cold-war-balkans-e137187751.html

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٧-١٩٩٠ | سلۆڤینیا، ئەرمینیا، ئازەربایجان، کرواتیا، ئەستۆنیا، جۆرجیا، لاتیڤیا، لیتوانیا، مەکەدۆنیا، ئۆکرانیا، تورکمەنستان، ئۆزبکستان، بۆسنە و هەرسک، ئەریتریا، مۆڵدۆڤا، ئەنجوان، تەیموری ڕۆژهەڵات، مۆنتینیگرۆ، باشووری سودان | کۆسۆڤۆ، تەتەرستان، دورگەی ڤیرجین، پۆرتۆریکۆ، کیوراکاو، بۆنیر، سەبا، سانت مارتین، سانت یستاتیۆس، بەرمۆدا، کیوبیک، نیفیس، ڤینیتۆ، سکۆتلەندا، کەتەلۆنیا، هەرێمی کوردستان | ناگۆڕنۆکەرەباغ، ترانسنیستریا، ئۆسیتیای باشوور، دۆنیستک، لوجانسک<br>کریمیا |

**خشتەی ١ ئەزموونەکانی ڕیفراندۆم لە جیهان**

سەرچاوە /خشتەکە لە لایەن توێژەر ئامادە کراوە پشت بەستن بە: هەڵمەت محەمەد، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و ئەزموونەکانی جیهان و واقیعی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆڕناڵ، بڵاوکراوەیەکی سیاسی شیکارییە، ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە، ژمارە (١٠-١١)، کانوونی دووەم -شوباتی ٢٠١٧.




**نەخشەی ١ شوێنی جوگرافی کۆسۆڤۆ**

سەرچاوە/

David Roberts and others , ATLAS 4TH EDITION , Previously published as the Ultimate .Pocket Book of the World Atlas & Factfile , Fourth Edition ,2010,P.8

لێرەدا جێگای ئاماژە پێ کردنە، لە ڕووی جیۆسیاسییەوە کۆسۆڤۆ گرێی کێشەی ئەتنیکی ئەلبان بوو لە ناوچەی بەڵکان کە ئەم ناوچەیە لە سەرەتای نەوەدەکاندا گرژییەکی توندی نەتەوەیی و ئایینی بە خۆوە بینیوە، هەر بۆیە کۆسۆڤۆ لە لایەن دراوسێکانیەوە بە گرنگییەوە لێی دەڕوانرا، چونکە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئەلبانیا نیشتمانی دایکە بۆ نەتەوەی ئەلبان، ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەلبانەکان لە مەکەدۆنیا و مۆنتینیگرۆ و یۆنایش دەژین. هەروەها هێڵی کۆتایی موسڵمانانە لەگەڵ جیهانی مەسیحی. کۆسۆڤۆ توانی سوود لە پەیوەندی ئیتنیکی و مەزهەبی لە نێوان ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ و دەوڵەتی ئەلبانیا وەربگرێت و پاڵپشتی گەورەی ئەم وڵاتە بەدەست بهێنێت، بە تایبەتی لە کاتی جەنگیان دژی سربیا، هەروەها کۆسۆڤۆ گرنگی تایبەتی هەیە سەبارەت بە یەکێتی ئەوروپا ، لە لایەک نزیکایەتی جوگرافی و هاوبەشی مێژوویی و کلتووری و هەبوونی سنووری هاوبەش زەمینەی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولای دروست کرد، لە لایەکی تر ئەم هەرێمە تایبەتمەندی جیۆپۆلێتیکی هەیە و ڕێگای ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەبەستێتەوە، هەروەها ڕێگای بەستنەوەی وشکانی ئەوروپایە بە ڕۆژهەڵاتەوە.

لەم ڕووەوە دەوڵەتانی ئەوروپی و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو بڕوایەدا بوون کۆسۆڤۆ گەوهەری کێشەکانی بەڵکانە کە پێویستە بە شێوەیەکی خێرا چارەسەر بکرێت، چونکە کاریگەری لە سەر ژینگەی ئاسایشی ئەوروپادەبێت[(١)].

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، یەکێک لەخاڵە گرنگەکانی پاڵپشتییەکانی ئەمریکا و ئەوروپابۆ کۆسۆڤۆئەوە بوو، کاریگەری و هەژموونی ڕووسیا لە ناوچەی بەڵکان نەهێڵن و لە ئایندەش دا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پارێزراو بن.

لە (١٩٩٩/٣/٢٤) هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی( North Atlantic Treaty Organization)، دەستی لە کێشەی کۆسۆڤۆ وەردا. ئەنجامەکەشی جێبەجێکردنی ئاشتی سیاسی بوو بە پێی بڕیاری (١٢٤٤) کە کۆسۆڤۆی خستە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە[(٢)].

(1) Ioannis Armakolas and Others , State-Building In Post-Independence Kosovo: Policy Challenges and Societal Considerations , Kosovo Foundation for Open Society , 2017 ,p.403. https://www.pdfdrive.com/state-building-in-post-independence-kosovo- e59373666.html

(2) Henry H, Perritt Jr , The Road To Independence For Kosovo A Chronicle Of The Ahtisaari

دوای ئـەوە ئەرکـی نێـردەی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـۆ کۆسـۆڤۆ و نێردەی پۆلیـس و دەزگای دادوەری بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـای یەکێتـی ئەوڕووپـا نـاسراو بـە (یولیکـس) لـە هەرێمەکە دەسـتیپێکرد[1]. واتە پاڵپشـتیان لە بوونیادنانی دامەزراوە دیموکراسـییەکان لە کۆسـۆڤۆ کرد. سـاڵی (٢٠٠٧) جـۆرج بۆشی سـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا لە تیرانای پایتەختی ئەلبانیـا ڕاگەیانـد کە دەکرێ کۆسـۆڤۆ سـەربەخۆ بێت.[2]واتـە ئەمە خۆی لە خۆیدا پاڵپشـتی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـوو بـۆ ڕاگەیاندنی سـەربەخۆیی و لێدوانێکـی جیۆپۆلیتیکیش بوو لە دژی سـڕبیا و هاوپەیمانەکانی. کۆسـۆڤۆش لە (٢٠٠٨/٢/١٧) سـەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. پـاش ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی دادگای دەسـتوری سـڕبیا ڕاگەیاندنەکـەی بـە نایاسـایی لـە قەڵـەم دا، بـە بیانـووی ئـەوەی ناکۆکـە لەگـەڵ میسـاقی نەتەوەیەکگرتـووەکان و دەسـتوری سـڕبیا و کۆتا بەڵگەنامەی هلسـنکی و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوەیەکگرتووەکانی ژمـارە (١٢٤٤).[3] کۆمەڵـەی گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکانیـش لە سـەر داواکاری سـڕبیا داوای لـە دادگای دادی نێودەوڵەتـی کـرد ڕای خـۆی لـە هەمبـەر سـەربەخۆیی کۆسـۆڤۆ بـدات کـە ئایـا پێچەوانـی یاسـای نێودەوڵەتییـە، ئـەوە بـوو لـە سـاڵی (٢٠١٠) دادگا بڕیـاری دا کـە ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی پێچەوانـەی یاسـای نێودەوڵەتـی نیـە، بۆیـە کاریگـەری ئەمـە تاکـو ئێسـتا بووەتـە جێـگای گفتوگـۆی یاساناسـەکان و دەبێتـە باکگراوندێـک بـۆ ڕاگەیاندنی تاکلایەنـەی سـەربەخۆیی لە لایـەن پێکهاتەکانـەوە.[4]

---

Plan , Cambridge University Press , new York , 2010 ,p.63.

https://www.pdfdrive.com/the-road-to-independence-for-kosovo-a-chronicle-of-the-ahtisaari-plan-e185856812.html

(1) Vincent L. Morelli, Kosovo: Background and U.S. Relations , Congressional Research Service, October 2017 ,p.1. https://digital.library.unt.edu/ark:/67531/metadc1094442/

(2) William R. Slomanson , Legitimacy Of The Kosovo, South Ossetia, and Abkhazia Secessions: Violations In Search Of A Rule ,Thomas Jefferson , School Of Law , San diego , California , TJSL Legal Studies Research Paper No. 1472487 , September2009,p.15.https://www.tjsl.edu/slomansonb/2.4_Secession_Legitimacy_MiskKiev.pdf

(3)Sara Zaric , The Principle Of Self Determination – and The Case Of Kosovo , Faculty Of Law , Stockholm University , Autumn 2013,p.64. http://www.diva- portal.org/smash/get/diva2

(4) Patrycja Marzena Charlampowicz , The Right To Self-Determination and The Principle Of Territorial Integrity Of States: In Search Of Reconciliation. From Kosovo To Crimea , Master Of

لێرەدا دەبێ ئەوە بخەینەڕوو، بە پێی بۆچوونی دادگا بابەتی سەربەخۆیی زیاتر بابەتێکی سیاسییە نەوەک یاسایی. سەرنەکەوتنی ئەنجومەنی ئاسایش بە گەیشتن بە بڕیاری بەخشینی مافی چارەنووس بە هەرێمی کۆسۆڤۆ و ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی لە لایەن کۆسۆڤۆوە، وایکرد دەوڵەتانی جیهان هەریەکە و بە تەنیا بڕیار لە سەر داننان یان داننەنان بە کۆسۆڤۆ وەکو دەوڵەت بدەن.

کۆسۆڤۆ لەگەڵ دژایەتی بەهێزی سڕبستان و ڕووسیا و چین، بەڵام سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، زانایانی یاسای نێودەوڵەتی لە بارەی شەرعیەتی جیابوونەوەی یەک لایەنە لە ڕووی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە دوو بابەتی جیاوازیان خستەڕوو، گروپی یەکەم لەو باوەڕەدا بوون لە یاسای نێودەوڵەتی دا ئەو خەڵکانەی لە بەشێکی دەوڵەتێک دا دەژین، ئەو مافەیان نیە بە بێ ڕەزامەندبوونی دەوڵەتی دایک بڕیاری جیابوونەوەی یەک لایەنە بدەن، ئەمانە پێیانوایەیاسای نێودەوڵەتی پارێزگاری لە یەک پارچەیی خاکی دەوڵەتان دەکات، بەڵام گروپی دووەم لەو باوەڕەدان لە سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی یاسایەک لە بارەی (مافی جیابوونەوە) یان (قەدەغەبوونی جیابوونەوە)ی یەک لایەنە لە لایەن بەشێکی دەوڵەتێکەوە نیە و دەوڵەتی نوێ ئەگەر بتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر حوکمداری بکات، بوونی لە لایەن یاسای نێودەوڵەتیەوە قەبووڵکراو دەبێت.[1] تاکو ساڵی( ٢٠٢٠ )نزیکەی( ١١٥ ) وڵات کۆسۆڤۆیان وەکو دەوڵەت ناساندووە.

ئەو دەوڵەتانەی لایەنگری سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بوون پێیانوایە مەرجەکانی جیابوونەوەی چارەسەری لەگەڵ دۆخی کۆسۆڤۆ دا دەگونجێ.[2] لە کێشەی کۆسۆڤۆ

---

Arts In International Relations , Eastern Mediterranean University , Famagusta, North Cyprus , 2016,p.53.

(١) ستار عزیزی، استقلال کوزوو: بررسی مشروعیت جدایی یکجانبه در حقوق بین الملل، مجله حقوقی، نشریه مرکز امور حقوقی بین المللی معاونت حقوقی و امور مجلس ریاست جمهوری، شماره سی و هشتم، ١٣٨٧،ص١١

.http://ensani.ir/fa/article/123580/

(2) Jack Holmberg Forsyth , Self-Determination, Secession, and State Recognition , A Comparative Study of Kosovo, Abkhazia, and South Ossetia , Master's Thesis , Faculty Of Law, Lund University , 2012,p.49. https://lup.lub.lu.se/luur/download?func=downloadFile&recordOId=2542852&fileOId=2688640

دا تەنیـا دەوڵەتانـی ئێـران و ڕووسـیا باسـیان لـە یەکپارچەیـی خـاک کردبـوو، هـۆکاری هەڵویسـتی ئێرانیـش بـە هـۆی هاوپەیمانـی لەگـەڵ ڕووسـیا لەبەرئـەوە بـوو کـە ئەلبانەکانـی کۆسـۆڤۆ مووسـڵمانی سـوننەن و لـە سـەر مەزهەبـی حەنەفیـن. هەروەهـا تاکـو ئێسـتا سیاسـەتی کۆمـاری ئیسـلامی دان بـە سـەربەخۆیی دەوڵەتانـی نـوێ دا نانێـت، ئەویـش بـە هـۆی مەترسـییەکانیان لـە سـەرهەڵدانی جەنـگ و کێشمەکێشـە خوێناوییـەکان لـە ناوچەکـە.

بـە پێچەوانەشـەوە دەوڵەتانـی نەرویـج و سـویسرا و هۆڵەنـدا بۆچوونیـان جیـاواز بـوو، لەوانـە نەرویـج پێیوابـوو بابەتـی بنەمـای دەسـەڵاتدارێتی و یەکپارچەیـی خـاک و مافـی چارەنـووس لـەو بنەمایانـەن پێویسـتە بـە هاوتەریـب ڕەچـاو بکرێـن، دەوڵەتـی هۆڵەنـداش بیـروڕای وایـە کردارەکانـی مافـی چارەنووسـی دەرەکـی کاریگـەری لـە سـەر تـەواوی دەوڵەتانی ئێسـتا هەیـە، بـەڵام قەبوڵکـراوە کـە یەکپارچەیـی خـاک بنەمای یاسـای نێودەوڵەتـی نیـە، بـەڵام بەریتانیـا بۆچوونـی وابـوو تەنیـا ئەگـەر جیابوونـەوە دژی یەکێـک لـە بنەماکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی وەکـو جیـاکاری ڕەگـەزی بـوو، ئـەوا نایاسـاییە.[1] جێگای خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن پاڵپشـتی و بەرژەوەندییـە جیۆپۆلیتیکیەکانـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و دەوڵەتانـی ئەوروپالـە لایـەک و هۆکارەکانـی توندوتیـژی و کوشـتار و کۆمەڵکـوژی و جەنگـی ناوخۆیـی لـە لایەکـی تـر، وایکـرد بڕیـاری جیابوونـەوەی کۆسـۆڤۆ سـەر بگرێـت، هەرچەنـدە تاکـو ئێسـتاش بـە هـۆی دژ بوونـی ڕووسـیا و چیـن نەیتوانیـوە ئەندامێتـی لـە نەتەوەیەکگرتـووەکان بەدەسـت بهێنێـت.

ب **باشووری سودان:**

باشـووری سـودان دەکەوێتـە باکـووری خۆرهەڵاتـی ئەفریقیـا، لە نێـوان بازنـەی پانی (٣، ١٢)° ی باکـوور و هێڵـی درێـژی (٢٢، ٣٨) °ی ڕۆژهەڵات. کەوتوەتـە ناوچەی کەمەرەی زەوی و دەوڵەتێکـی داخـراوە، لـە باکوورەوە هاوسـنوورە لەگەڵ سـودان و لـە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئەسـیوپیا و لە باشـووری ڕۆژهەڵاتەوە کینیا و لە باشوورەوە ئۆگەندا و لە باشووری ڕۆژئاواوە کۆمـاری کۆنگـۆی دیموکراتـی و لـە ڕۆژئـاواوە کۆمـاری ئەفریقای ناوەڕاسـت. (نەخشـەی٢ )

(١) مرکز تحقیقات استراتژیک حدکا، فدرالیسم و حق تعیین سرنوشت (نگرشی حقوقی)، ١٣٩٠،ص٤٥ .
https://www.kurdipedia.org/files/books/2012/64263.PDF?ver=129817549200000000

تێکڕای ڕووبەرەکەی (٦٣٤٠٠٠)کم٢ یە، بە پێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٨) تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی باشووری سودان (٨) ملیۆن کەس بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٦) ئەم ژمارەیە هەڵکشاوە بۆ نزیکەی (١١) ملیۆن کەس.[1] هیچ هاوبەشییەک لە نێوان سودانی باکوور و باشوور دا نیە، لە ڕووی بنەچەوە باکوور عەرەبن و باشوور زنجی و لە ڕووی ئایینیەوە باکوور موسڵمان و باشووریش لە کریستیانو هەڵگری ئاینە دێرینەکانی ئەفریقان، لە ڕووی زمانەوە باکوور بە عەرەبی دەدوێن، بەڵام باشوور زیاتر لە (١٢) جۆر زمان و (٢٥٠) زاراوەی ناوخۆیی جیاوازی تێدایە.[2]، ئەمە جگە لە جیاوازییە جوگرافی و مێژوویی و کلتورییەکان کە هۆکار بووە بۆ دروستبوونی گرژی لە نێو ئەو پێکهاتانە، ئەمەش خاڵێکی لاوازی جیۆپۆلیتیکی باشووری سودانە. لە ڕووی مێژووییەوە باشووری سودان لە ساڵی (١٨٩٨) لە لایەن سوپای ئەنگلۆ - میسرەوە داگیرکرا. ساڵی (١٩٥٣) ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ - میسری لە نێوان بەریتانیەکان و میسرییەکان دا بەسترا، بە مەبەستی پێدانی ئۆتۆنۆمی و مافی چارەنووس بە سودان.[3] ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کۆڵۆنیالیزم سنووری دەوڵەتی سودانی لە سەر کاغەز کێشاوە و لە سەر زەوی جێبەجێیان کردووە بە بێ گوێدانە واقیعی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و مێژوویی.

(١) عبداللطیف فاروق احمد، انفصال جنوب السودان و تاثیره علی الامن القومي المصري، مکتب العربي للمعارف، ٢٠١٦،ص٤٤

(2) Hilde F. Johnson, South Sudan: The Untold Story From Independence To Civil War , I.B.Tauris & Co. Ltd , London • New York , 2016,p.4. https://www.pdfdrive.com/south-sudan-the-untold-story-from-independence-to-civil-war-e178801463.html

(٣) الدریري محمد احمد، الحدود الافریقیة و الانفصال في القانون الدولي، مرکز الجزیرة للدراسات و دار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت، ٢٠١٧،ص٢٣٧ .




**نەخشەی ٢ شوێنی جوگرافی باشووری سودان**

سەرچاوە:

David Roberts and others , ATLAS 4TH EDITION , Previously published as the Ultimate .Pocket Book of the World Atlas & Factfile , Fourth Edition ,2010,P.8

ساڵی (١٩٧٢) بە بەستنی ڕێککەوتنی ئەدیس ئەبابە، یاخیبوونی باشوورییەکان کۆتایی پێ هات و بەو هۆیەوە ئۆتۆنۆمی بە ناوچەکانی باشوور درا. ساڵی (١٩٨٣) لە لایەن سەرۆکی ئەوکات جەعفەر نمیری ئۆتۆنۆمی باشوور هەڵوەشایەوە، باشووری دابەش کرد بۆ سێ هەرێم، ئەوانیش هەرێمەکانی (بحر الغزال، الاستوائية، اعالي نيل)[1]. بوون، واتە حکومەتی سودان لە ڕێگای گۆڕانکاری و لێکترازانی کارگێڕییەوە هەوڵی لاوازکردنی جیۆپۆڵتیکی باشووری سودانی داوە.

کۆتایی حەفتاکانیش نەوت لە باشووری سودان دۆزرایەوە و زۆرینەی بیرە نەوتەکانی سودان لە باشوورن، ئەمەش پێگەی جیۆپۆلیتیکی باشووری بەهێز کرد. نەوتی ناوچەکانی باشووریش پشکی زۆرینەی بەرهەمهێنان و هەناردەیان لە خۆگرتبوو، بە جۆرێک نزیکەی (٧٠٪) ی هەناردەی نەوتی سودان لە ناوچەکانی باشوورەوەیە[2]. لە ماوەی هەشتاکاندا ئەسیوپیا و لیبیا بۆ ڕزگاری باشووری سودان پاڵپشتییەکی گەورەیان لە بزووتنەوەی میللی دەکرد.[3]

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین ئەسیوپیا هەوڵی زیادکردنی وڵاتانی حەوزی نیلی دەدا و کێشەی سنووری لەگەڵ سودان هەبوو، ئەمە جگە لە ناکۆکییان لە دەریای سوور، هەروەها لیبیاش سودانی بە هاوکاریکردنی ئیخوان موسلمینی لیبیا تۆمەتبار دەکرد، کەچی میسر دژی جیابوونەوەی باشووری سودان بوو، هەوڵی لەیەک نزیککردنەوەی هەردوو لایەنی دەدا، لە ماوەی نەوەدەکانیش هەریەکە لە ئەریتریا و ئۆگەندا هاوکاری باشوورییەکانیان دەکرد. باکوور و باشووری سودان لە ڕووی جوگرافیا و مێژووەوە لە یەک جیاوازن، ئەم جیاوازیەش بووەتە هۆی ئەوەی کێشەی باشووری سودان ڕەهەندی جۆراوجۆر لە خۆ بگرێت، جگە لە زمان و کەلتوور و ئایین کە

(١) تغريد رامز هاشم العذاري، الحدود السياسية بين السودان و دولة جنوب السودان دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة العلوم الانسانية /عدد خاص بالمؤتمر العلمي الرابع لكلية التربية للعلوم الانسانية، ٢٠١٣،ص١٩٩ .

(٢) نبهان زمبور السعدي، الابعاد الجيوسياسية للنزاعات في جمهورية السودان، مجلة الدراسات التاريخية و الحضارية، المجلد ١١، ٢٠٢٠،ص١٣٦.

(٣) اجلال رافت و اخرون، انفصال جنوب السودان المخاطر و الفرص، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٢، ص١٥٥ .

پێشتر ئاماژەمان پێدا، ڕەهەندی ئابووری و نەبوونی گەشەپێدانێکی دادپەروەرانە لە نێوان هەرێمەکان و ناوەند دا ڕەهەندی سیاسیشی هەیە. ئەمە جگە لەوەی خاڵی بەهێزی ئابووری سودان کە نەوتە لە ناوچەکانی باشووری سودان بوو، ئەمەش لە ڕووی جیۆسیاسییەوە پێگەی باشووری بەهێزتر کرد. هەروەها هەستی جووداخوازی لای باشوورییەکان زیاتر کرد، چونکە ئەو باوەڕەیان لا دروست بوو کە نەوت پاڵپشت دەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان. بوونی نەوت لە باشوور و ڕێگریکردن لە پەلکێشانی ئیسلامی بۆ دەوڵەتە کریستیانەکانی دەوروبەری سودان و بەرژەوەندییە ئاسایشییە جیۆستراتیجییەکان هاندەر بوو بۆئەوەی ولایەتەیەکگرتووەکان پاڵپشتی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی دۆست بکات لە ناوچەکە.

هەروەها ڕێکخراوە کریستانیەکانیش گوشاریان دەخستە سەر کۆشکی سپی بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی میللی بۆ ڕزگاریی سودان.[1] لە (٢٠٠٥/١/٩) ڕێککەوتننامەی ئاشتی گشتگیر لە نیفاشا لە نێوان حکومەتی کۆماری سودان و بزووتنەوەی میللی بۆ ئازادی سودان لە دوای بە ئەنجام گەیاندنی ژمارەیەک پرۆتۆکۆل بەسترا[2]. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە شەش بەند پێکهاتبوو لە بەندی یەکەمی بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە مافی بڕیاردانی چارەنووس.[3] لە بەندی (٢١٩)ی دەستوری سودانی فیدراڵی ڕاگوزەریش دا هاتووە: (هاووڵاتیانی باشووری سودان مافی دیاریکردنی چارەنوسیان هەیە لە ڕێگەی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردن و تێگەیشتن لە داهاتوویان )[4]، ڕیفراندۆمی باشووری سودان لە( ٢٠١١/١/١٥)

(1) Redie Bereketeab , Self-Determination and Secessionism In Somaliland and South Sudan Challenges To Postcolonial State-Building , Nordiska Afrikainstitutet, Uppsala , 2012,p.20. http://nai.diva-portal.org/smash/get/diva2:559415/FULLTEXT04.pdf

(2) Bona Malwal , Sudan and South Sudan From One To Two , Palgrave Macmillan , 2015 ,p.1. https://www.pdfdrive.com/sudan-and-south-sudan-from-one-to-two-e166635155.html

(٣) دلۆڤان رمضان، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلان لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠٢٠، ل٩٢

(٤) دستور جمهورية السودان الانتقالي لسنة ٢٠٠٥، ص٨٧ .

http://menarights.org/sites/default/files/2016-11/2005%20Interim%20Constitution%20AR_0.pdf

ئەنجامــدرا، دەنگــدەران لــە نێــوان دوو بــژاردە دابــوون: یەکێتــی یــان جیابوونــەوە، لــە کــۆی (٣,٧٧٠,٦٠٠) دەنگــدەری تۆمارکــراو (٣,٦٩٧,٤٦٧) دەنگــدەر دەنگیــان بــە جیابوونــەوە دا.[١] لــە (٢٠١١/٧/٩) دەوڵەتــی باشــووری ســودان ڕاگەیەنــرا بــە شــێوەیەکی فەرمــی و ســەربەخۆیی خــۆی لــە ســودان وەرگــرت، لــە هەمــان ساڵیش بــووە ئەنــدام لــە ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان.[٢]

دەبــێ ئامــاژە بــەوە بدەیــن پاڵپشــتیی تەکنیکــی و لۆجســتی بەهێــز و کاریگــەر لــە لایــەن کۆمەڵــگای نێودەوڵەتییــەوە بــە تایبەتــی لــە لایــەن نەتەوەیەکگرتــووەکان و یەکێتــی ئەوڕووپــاو دەوڵەتانــی ئەفریقــی بــۆ ڕیفراندۆمەکــەی باشــوور هەبــوو. هەروەهــا ڕیفراندۆمەکــەی ســودان لەبەرئــەوەی لــە ئاســتی نێودەوڵەتیــدا چاودێــری دەکــرا و بــە هاوبەشــی لــە لایــەن حکومەتــی ســودان و بزووتنــەوەی میللــی ڕێکخــرا، ئەمانــە هەمــووی هــۆکار بــوون بــۆ زیادبوونــی پاڵپشــتی سیاســەتی جیهانــی بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمەکــە و گەرەنتیــەک بــوو، دڵنیایــی بــە باشــوورییەکان دەدا حکومەتــی ســودان بەڵێنەکــەی دەباتەســەر.

گرنگترینــی ئــەو لێکەوتانــەی لــە ئەنجامــی ســەربەخۆیی باشــووری ســودان کەوتــەوە بریتــی بــوو لــە کێشــەی زەوی و کێشانی ســنوور لەگــەڵ ســودان بــە تایبەتــی لــە ناوچــەی ئابیــی. ئەمــە جگــە لــە هەڵگیرســانی جەنگــی ناوخۆیــی لــە ســاڵی (٢٠١٣). [٣]هەروەهــا کێشــەکانی تایبــەت بــە نــەوت و داهاتەکانــی چونکــە (٧٠٪) نەوتــی ســودان لــە ناوچەکانــی باشــوورە، بــەڵام بــە ناوچەکانــی باکــوور دا دەگەیەنرێتــە بەنــدەر، ئەمــە جگــە لــە کێشــەی ئــاو و باشــووری ســودان کێشــەی ئابــووری هەیــە و ڕێــژەی بێــکاری و نەخوێنــدەواری

(١) خامــۆش عمــر عبداللــە، مافــی چارەنووســی هەرێمــی کوردســتان لــە ژێــر ڕۆشــنایی ئەزموونــی وڵاتانــدا، ســەرچاوەی پێشــوو،ل٢٦٠.

(2) Matthew Leriche and Matthew Arnold, South Sudan From Revolution To Independence,Oxford University Press, Inc , United Kingdom ,2012,p.238. https://www.pdfdrive.com/south-sudan-from-revolution-to-independence-d185960832.html

(3) Richard Reeve , Peace and Conflict Assessment Of South Sudan 2012 , International Alert , 2012 ,p.76 https://www.pdfdrive.com/peace-and-conflict-assessment-of-south-sudan-international-alert-e25436081.html

و چاودێـری تەندروسـتی لـە ئاسـتێکی نـزم دایـە. یەکێـک لـە گرنگتریـن لێکەوتەکانـی سـەربەخۆیی باشـووری سـودان زیادبوونـی هەسـتی جووداخـوازی لـە پارچەکانـی دیکـەی سـودان بـوو، بـە تایبەتـی لـە دارفـوور و باشـووری کردڤـان و نیلـی شـین.

د  **کەتەلۆنیا:**

هەرێمـی کەتەلۆنیـا دەکەوێتـە باکـووری خۆرهەڵاتـی ئیسـپانیا، لـە نێـوان بازنـەی پانــی (٣٦-٤١) °ی باکــوور و هێڵــی درێــژی(٣٩ – ٢) °ی ڕۆژهــەڵات، (نەخشــەی ٣)، تێکـڕای ڕووبەرەکـەی (٣٢) هەزارکـم٢ یـە، لـە باکـوورەوە هاوسـنووره لەگـەڵ فەڕەنسـا و ئەنـدۆرا، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە لەگـەڵ دەریـای ناوەڕاسـت و لـە باشـوورەوە هەرێمـی ڤالنســیا و لــە ڕۆژئاواشــەوە هاوســنووره لەگــەڵ هەرێمــی ئەراگــۆن، ئــەم شــوێنە سـتراتیجیەی بووەتـە هـۆکاری پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی کەتەلۆنیـا بـە دەوڵەتانـی حـەوزی دەریـای ناوەڕاسـت و دەوڵەتانـی کیشـوەری ئاسـیا. دانیشـتوانی کەتەلۆنیـا لـە ساڵی ( ٢٠١٩) دا(٧,٤٨٠,٣٨٠) ملیـۆن کـەس بـووە، واتـە بەڕێـژەی( ١٦٪ )ی کـۆی گشـتی دانیسـتوانی ئیسـپانیا. لـە سـەدەی چواردەیەمـی زایینیـەوە کەتەلۆنیـا دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـوو، بـەڵام دوای چەنـد سـەدەیەک و لـە سـاڵی (١٧١٤) لـە لایەنپاشـای ئیسـپانیاوە داگیرکـراوە.[1]

(1) Kim Hoeks , The Future of Catalonia,Masterthesis 'Conflicts, Territories and Identities, Radboud University Nijmegen ,2016,p.36. https://theses.ubn.ru.nl/bitstream/handle/123456789/1767/Hoeks,_Kim_1.pdf?sequence=1




**نەخشەی ٣ شوێنی جوگرافی کەتەلۆنیا**

سەرچاوە:

David Roberts and others , ATLAS 4TH EDITION , Previously published as the Ultimate .Pocket Book of the World Atlas & Factfile , Fourth Edition ,2010,P.8

مردنـــی جنــڕال فرانسیســـکۆ لــە ســـاڵی (١٩٧٥) و گۆڕینـــی سیســـتەمی حوکـــم بـــۆ دیموکراتـــی پەرلەمانـــی لــە ســـاڵی (١٩٧٩)، مافـــی ئۆتۆنۆمـــی بــە نەتــەوەکان و کەمایەتییـــەکان و هەرێمەکانـــی ئیســـپانیا دا.[١]

لــە ڕووی ئابوورییــەوە کــۆی بەرهەمــی ناوخۆیــی تــاک لــە کەتەلۆنیــا (٢٦,٣١٩,٥) یۆرۆیــە کــە (٢٠٪) زیاتــرە لــە ناوەنــدی ئیســپانیا و ئابــووری کەتەلۆنیــاش بــە پلــەی ســەرەکی پشــت بــە پیشەســازی دەبەســتێت، پشــکی پیشەســازیش لــە کــۆی بەرهەمــی ناوخۆیــی(٤٪) زیاتــرە لــە ئیســپانیا. ســەبارەت بــە کەرتــی گەشــتوگوزاریش(٢٥٪)ی ئــەو گەشــتیارانەی ســەردانی ئیســپانیا دەکــەن ڕوو لــە کەتەلۆنیــا دەکــەن. ڕێــژەی بێکاریــش لــە هەرێمەکــە (٢٢,٣٪)یــە لــە کاتێکــدا لــە ئیســپانیا (٢٦٪)یــە.[٢]

ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی ئەو کەتەلۆنیانەی پاڵپشتیان لە جیابوونەوە دەکرد (١٩٪) بوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) هەڵکشا بۆ (٢٣٪) و لە ساڵی (٢٠١٥) بوو بە (٣٩٪) ی کۆی دانیشتوان.[٣].لە (٢٠١٥/١٠/٢٧) پەرلەمانی بەرشەلۆنە دۆکیومێنتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی پەسەند کرد و (٧٢) ئەندام دەنگیان بۆ دا و (٢٠١٧/١٠/١)یان وەکو ڕێکەوتی ڕیفراندۆم دەستنیشان کرد، هەرچەندە دادگای باڵای ئیسپانی دژی بوو و ئەنجامەکەی هەڵوەشاندەوە و هەر هەوڵدانێکیشی بۆ سەربەخۆیی بە نادەستوری لە قەڵەمدا.[٤]، ئەو پرسیارەی کە لە ڕیفراندۆمەکە لە دەنگدەر داواکرا بوو وەڵامی بداتەوە ئەوە بوو «ئایا

(١) فاطمـة سـتوتاح و نـوال مومـو، ازمـة الهويـة مـا بعـد الحـرب البـاردة دراسـة مقارنـة بـين الاقليمـي : اقليـم كوردسـتان العـراق و اقليـم كتالونيـا اسـبانيا (١٩٩١-٢٠١٧)، رسـاله ماجسـتير، كليـه الحقـوق و العلـوم السياسـيه، جامعـة مولـود معمـري -تيـزي وزو، ٢٠١٨،ص١٧١.

(2) Antoni Castells, Catalonia and Spain at The Crossroads: Financial and Economic Aspects, Oxford Review Of Economic Policy , Vol. 30, No. 2, Scotland and Small Country Independence, Published By: Oxford University Press, 2014.p.27. https://www.jstor.org/stable/43664607

(٣) سـلاماني محمـد أمزيـان، تأثـير التجربـة التكامليـة للإتحـاد الأوروبي عـلى الحركـة القوميـة الكتالونيـة مـا بعـد نهايـة الحـرب البـاردة، كليـة الحقـوق والعلـوم السياسـية، جامعـة مولـود معمـري- تيـزي وزو، رسـاله ماجسـتير، ٢٠١٦،ص١١٤.

(٤) خامـۆش عمـر عبداللـه، مافـی چارەنووسـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئەزموونـی وڵاتانـدا، سـەرچاوەی پێشـوو .ل٣٠٣.

دەتەوێت کەتەلۆنیا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت لە شێوەی کۆماردا؟[1]

دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کە ناسنامەی کەتەلۆنیەکان بە تەواوی لە ئیسپانیا جیاوازە بە تایبەتی لە ڕووی زمان و کلتورەوە، لەگەڵ ئەوەشی حکومەتی ئیسپانیا هەوڵی دروستکردنی ناسنامەیەکی ئیسپانی یەکگرتوو دەدات، بەڵام هێشتا پارچە پارچەیە و کەمایەتییەکانی ناو ئیسپانیا ڕازی نین بە ئاستی ئەو ئۆتۆنۆمییەی هەیانە. لەم چەند دەیەی دواییدا لە هەندێک دەوڵەتانی گەورەی ئەوڕووپا جیهانگیری ئابووری لە پاڵ ئاراستەیەکی بەهێزی لامەرکەزیەتی سیاسی بەدەرکەوتووە، بە تایبەتی لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا. لە ئیسپانیا دوای چەندین ساڵ لە سەقامگیری ئاشکرا، پەیوەندییەکانی ئیسپانیا و کەتەلۆنیا کێشەی تێکەوتووە، بە تایبەتی لە کاریگەرییە ئابوورییە سەرەکییەکانی هەردوو سیناریۆی پێکەوە مانەوە و جیابوونەوە دەکۆڵنەوە.

ساڵی (٢٠١٢) کەتەلۆنیا لە ڕیزبەندی دوازدەیەم بوو لە نێو ئابووری یەکێتی ئەوڕووپاو لە پێشەوەی فنلەندا بوو.[2]، گەشەی ئابووری هەرێمەکە لە ساڵی (٢٠١٧) دا (٣,٦٪) بووە و لە ئیسپانیا (٣,٢٪) بووە و لە ناوچەی یۆرۆ (١,٦٪) بووە و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی لە هەمانساڵدا لە کەتەلۆنیا (٦٠,٤٪) بووە، کەچی لە ئیسپانیا (١١٪) بووە، ئەمە جگە لەوەی گرنگترین بەندەری ئاوی ئیسپانیا و یەکەم بەندەری سەرەکی ئەوڕووپالە سەر دەریای ناوەڕاست کە بەرشەلۆنەیە، کەوتووەتە ئەم هەرێمە، هەر بۆیە فاکتەری ئابووری لە گرنگترین فاکتەرەکانی دژایەتی ئیسپانیایە بۆ سەربەخۆیی کەتەلۆنیا. لە ساڵی (٢٠١٧) دا (١٨) ملیۆن گەشتیاری بیانی ڕوویان لە کەتەلۆنیا کردووە و تێکڕای ئەو پارەیەی لە هەرێمەکەدا خەرجیان کردووە (١٦) ملیار دۆلار بووە.[3]

---

(1) Turp and Others, The Catalan Independence Referendum: An Assessment Of The Process Of Selfdetermination, University Of Zurich,2017,p.4. https://www.zora.uzh.ch/id/eprint/143018/1/Welp_IRAI_Rapports-experts-Catalogne_EN_final.pdf

(2) Oriol Amat and Others , The Economy Of Catalonia , Gura Comissió d'Economia Catalana , 2014 ,p.16. https://www.pdfdrive.com/the-economy-of-catalonia-e40066918.html

(٣) محمد فرهادی، تبیین اقتصادی جدایی طلبی کاتالونیا از اسپانیا بر مبنای رویکرد انتخاب

حکومەتـی ئیسـپانیا ڕایگەیانـد گفتوگـۆ لـە بـارەی بڕیاردانـی مافـی چارەنـووس بـۆ هەرێمەکـە نـاکات، لـە بـەر نادەسـتوری بوونـی ئـەو داوایـە.[1]، سـاڵی (٢٠١٠) دادگای دەسـتوری ئیسـپانیا بەشـێکی سیسـتەمی بنەڕەتـی ئۆتۆنۆمـی هەرێمەکـەی هەڵوەشـاندەوە و هەروەهـا لـە(٢٠١٤/١/٩) بڕیارێکـی دەرکـرد کـە ڕێـگا نـادات بـە ڕێکخسـتنی ڕیفراندۆم، بـەو بیانـووەی پێویسـتە گشـت ئیسـپانیەکان دەنگـی لـە سـەر بـدەن.[2]

لــە ڕاســتییدا جووڵانــەوەی جووداخــوازی کەتەلۆنیــا لــە ســەرەتادا سروشــتێکی کولتــووری - زمانەوانــی و پاشــان بەهــۆی چەندیــن فاکتــەرەوە سروشــتێکی سیاســی وەرگرتــووە و دواجاریــش گرفتــی ئابــووری و کێشــەکانی ئابــووری ئیســپانیا و ســەرکەوتنی ئابــووری کەتەلۆنیــا و هــۆکاری ئابــووری بەگشــتی لــە ســەرەکیترین پاڵنەرەکانــی خواســتی ســەربەخۆیی خەڵکــی ئــەم هەرێمــە بــووە و لــە پــاڵ قەیرانــی ناســنامە، هەســتی ســەربەخۆیی و لێکترازانــی وروژانــدووە.

حکومەتـی ئیسـپانیا مـاددەی (١٥٥)ی دەسـتوری چالاککـرد و ئۆتۆنۆمـی کەتەلۆنیـای هەڵپەســارد، ئەمــە جگــە لــە کارلادانــی حکومەتــی کەتەلۆنیــا و هەریەکــە لــە دامەزراوەکانــی پەرلەمــان و پۆلیــس و ڕاگەیاندنــی فەرمــی هەرێمەکــەی خســتە ژێــر دەســەڵاتی مەدریــد.[3] هەروەهــا داواکاری گشــتی ئیســپانیا تۆمەتــی یاخیبــوون و هاندانــی دژی دەوڵەتــی خســتەپاڵ هەندێــک لــە بەرپرســانی حکومــی کەتەلۆنیــا.[4]

---

عقلانـی، فصلنامـه رهیافـت هـای سیاسي و بـین المللـی، سـال نهـم، شـماره ٢، زمسـتان ١٣٩٦،ص١١٥-١١٦.

http://ensani.ir/fa/article/395637/

(١) خسرویعلیرضـا، تمایـلات جدایـی طلبانـه در اروپـا: ریشـه هـا و روندهـا، فصلنامـه مطالعـات راهـبردی سیاسـت گـذاری عمومـی، دوره ششم،شـماره ٢١، زمسـتان ١٣٩٥،ص١٥٧.

http://sspp.iranjournals.ir/article_25003.html

(٢) خامـۆش عمـر عبداللـه، مافـی چارەنووسـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئەزموونـی وڵاتانـدا، سـەرچاوەی پێشـووو،ل٣٦٣،٣٥٨.

(٣) فاطمـة سـتوتاح و نـوال مومـو، ازمـة الهويـة مـا بعـد الحـرب البـاردة دراسـة مقارنـة بـين الاقليمـي : اقليـم كوردسـتان العراق و اقليـم كتالونيـا اسـبانيا( ١٩٩١-٢٠١٧)، المصـدر السـابق،ص١٧٩.

(4) Michael A. Vargas , Constructing Catalan Identity Memory, Imagination, and The Medieval , Palgrave Macmillan , 2018 ,p.2. file:///C:/Users/USER23/Downloads/Constructing%20Catalan%20Identity%20(%20PDFDrive%20)%20(1).pdf

یەکێتــی ئەوڕووپــا و ویلایەتەیەکگرتووەکانیــش جەختیــان لــە ســەر پابەندبــوون بــە دەســتوری ئیســپانیا و یاســا کارپێکراوەکانــی کــردەوە، ڕاگەیاندنــی کۆشــکی ســپی ئــەوە بــوو ئێمــە دڵنیایــن لــەوەی حکومــەت و خەڵکــی ئیســپانیا بەپێــی یاســا و دەســتووری خۆیــان ئــەم پرســە چارەســەر دەکــەن، هــەر بــەو پێیــە جەختــی لەســەر گرنگــی ڕێزگرتــن لــە دەســتوور کــردەوە، ســەبارەت بــە ڕووســیا ڕایگەیانــد ئەمــە بابەتێکــی ناوخۆیــی ئیســپانیایە و ڕێــز لــە ســەروەری ئیســپانیا و یەکێتــی خاکەکــەی دەگریــن.[١]

دەبــێ ئامــاژە بــەوە بدەیــن هەڵویســتی دەوڵەتــان و ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان بــۆ حکومەتــی کەتەلۆنیــا نائومێدکــەر بــوو. بــە تایبەتــی ئــەم پرســە وەک بابەتێکــی ناوخۆیــی لەلایــەن یەکێتــی ئەوڕووپــا و ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا تەماشــا کــرا، لــە ڕاســتییدا پشــتگیری نەکردنیــان لــە ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی کەتەلۆنیــا پەیوەنــدی بــە بەرژەوەندییە سیاســی و ئابوورییەکانیانــەوە هەیــە لەگــەڵ ئیســپانیا، هەروەهــا نەیاندەویســت بــە پشــتگیریکردنی کەتەلۆنیــا، هانــی جووڵانــەوە نەژادییەکانــی دیکەی وڵاتانــی ئەوڕووپابدەن.

لــە ســەدەی (٢١) چەندیــن ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی دیکــە لــە وڵاتانــی جیهانــدا ئەنجامــدراوە، هــەروەک ئۆســێتیای باشــوور کــە کەوتوەتــە باکــووری جۆرجیــا و لــە ڕیفراندۆمێکــی میللــی لــە ســاڵی (٢٠٠٦) دا (٩٥٪)ی دەنگــدەران بەشــداریان تێــدا کــرد و (٩٩٪) یــان دەنگیــان بــە ســەربەخۆیی دا، بــەڵام لــە لایــەن کۆمەڵــگای نێودەوڵەتییــەوە دانــی پێــدا نەنــرا.[٢]، کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی ئۆســێتای باشــوور وەکــو هەرێمێکــی جۆرجــی دەناسێت و جۆرجیــاش هیــچ جــۆرە دەســەڵاتێکی لــە ســەر ئۆســێتای باشــوور نیــە و تەواوی هەرێمەکــە لــە ژێــر کۆنتڕۆڵــی ڕووســیا دایــە و کۆمەکــی سیاســی و ســەربازی و دارایــی بــۆ ئۆســێتیەکان دەســتەبەر دەکات. ئەویــش لەبەرئــەوەی ئۆســێتای باشــوور ڕووســیا و جۆرجیــا پێکــەوە دەبەســتێتەوە و کاریگەرییەکــی جیۆپۆلیتیکــی گــەورەی لــە ســەر پێگــەی سیاســی

(١) فاطمة ستوتاح و نوال مومو، ازمة الهوية ما بعد الحرب الباردة دراسة مقارنة بين الاقليمي : اقليم كوردستان العراق و اقليم كتالونيا اسبانيا( ١٩٩١-٢٠١٧)، المصدر السابق،ص١٨٥.
(٢) طيبه واعظى، تحول مفهوم شناسايى بين المللى دولتها، با تأكيد بر شناسايى بين المللى اوستياى جنوبى و آبخازيا، فصلنامه مطالعات راهبردى، سال دوازدهم، شماره مسلسل ٤٦،شماره چهارم، زمستان ١٣٨٨،ص١٠٣.

http://quarterly.risstudies.org/article_898_343fba16dbe17b660291164cf7287af6.pdf

و ئابـووری و سـەربازی ڕووسـیا لـە ناوچەکـە دا هەیـە.

هەرێمـی کیوبیکیـش کـە دەکەوێتـە خۆرهەڵاتـی کەنـەدا تاکـو ئێسـتا دوو جـار ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی تێـدا ئەنجامـدراوە، یەکەمیـان لـە (١٩٨٠/٥/٢٠) بـوو کـە ڕێـژەی دەنگـدەران (٨٥,٦٪) بـوو (٤٠,٤٤٪) دەنگیـان بـە بەڵـێ دا و (٥٩,٥٦٪) دەنگیـان بـە نەخێـر بـوو، بـەڵام لـە (١٩٩٥/١٠/٣٠ ) دووەم ڕیفراندۆمـی تێـدا ئەنجامدرا.[١] ڕێـژەی دەنگدەرانـی ئـەم جـارە (٩٣,٥٢٪) بـوو (٤٩,٤٪) دەنگیـان بـە بەڵـێ بـوو، بـەڵام دەنگـی نەخێـر (٥٠,٦٪) بـوو.[٢]، سـەرکەوتنی پارتـی کیوبیکیـش لـە هەڵبژاردنەکانـی ساڵی (١٩٩٤) دا هۆکارێکـی گرنـگ بـوو بـۆ هەڵکشـانی ڕێـژەی دەنگدەرانـی بەڵـێ.[٣]

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدەیـن، خواسـتی جیابوونـەوەی هەرێمەکـە دوای دووجـار لـە شکسـتی دەنگـی بەڵـێ، بـەڵام هێشـتا ئـەم خواسـتە هـەر مـاوە، هـەر بۆیـە حکومەتـی کەنـەدا سـاڵانە دەیـان هـەزار پەنابـەر وەردەگرێـت و زۆربەشـیان لـە کیوبیـک نیشـتەجێ دەکات بـە مەبەسـتی ئـەوەی ڕێـژەی دەنگدەرانـی نەخێـر لـە بەرانبـەر دەنگدەرانـی بەڵـێ زیـاد بکـەن، چونکـە جیابوونـەوەی کیوبیـک زیانـی زۆر لـە کەنـەدا دەدا بـە تایبەتـی لـە ڕووی ئابوورییـەوە.

سـکۆتلەنداش یەکێکـە لـەو چـوار دەوڵەتـەی کـە شانشـینی بەریتانیـا پێکدێنێـت و دەکەوێتـە بەشـەکانی باکـووری. سـکۆتلەندییەکان نـە داگیرکـراون و نـە کۆڵۆنـی بـوون، بەڵکـو تـا (١٧٠٧/٥/١) سـەربەخۆ بـوون، بـەڵام لـەو ڕێکەوتـەوە یاسـای یەکگرتـن لـە نێـوان ئینگلتـەرا و سـکۆتلەندا پەسـەند کـرا و شانشـینی بەریتانیـای مـەزن دامـەزرا.

(1) Marie-Claude Beaulieu, Jean-Claude Cosset and Naceur Essaddam, Political Uncertainty and Stock Market Returns: The Evidence from the 1995 Quebec Referendum, Source: Canadian Journal of Economics / Revue canadienne d›Economique , Vol. 39, No. 2 Published by: Wiley on behalf of the Canadian Economics,2006,p.622. https://www.jstor.org/stable/3696172

(2) George Feaver, Canadian Political Miscalculation? Quebec›s Referendum 95 Source: Government and Opposition , Vol. 31, No. 1, Published by: Cambridge University Press, Winter 1996,p.48.https://www.jstor.org/stable/44484609?

(3) Sudha Pai , Quebec Separatism: October Referendum and Beyond , Source: Economic and Political Weekly , Vol. 31, No. 41/42, Published by: Economic and Political Weekly, Oct. 12-19, 1996,p.2796. https://www.jstor.org/stable/4404678

لیژنـەی شانشـینیش بـۆ کاروبـاری سـکۆتلەندا دانـی بـەوە نـاوە سـکۆتلەندا دەوڵەتێکـە ئارەزوومەندانــە، وەک هاوبــەش نــەوەک پاشــکۆ چووەتــە نێــو یەکێتــی لەگــەڵ ئینگلتـەرا.[1] پارتـی نیشـتمانی سـکۆتلەندیش کـە لـە سـاڵی (١٩٣٤)ەوە دامەزرابـوو، بـە بـەردەوام بانگەشـەی سـەربەخۆیی دەکـرد، ئێسـتا زیاتـر گەشـەی سـەندووە.[2] هـەر بۆیـە پـاش ماوەیـەک لـە دانوسـتان لـە نێوانیـان، حکومەتـی بەریتانیـا و سـکۆتلەندا ڕێککەوتـن لـە سـەر ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و ڕێکەوتـی( ٢٠١٤/٩/١٨ ) ڕیفراندۆمەکـە بەڕێوەچــوو و نزیکــەی(٨٤,٥٩٪)ی دەنگــدەران بەشــداریان لــە ڕیفراندۆمەکــەدا کـرد، پرسـیاری ڕیفراندۆمەکـەش بـەم شـێوەیە بـوو ( ئایـا ڕازیـت سـکۆتلەندا ببێتـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ؟).[3]،لە ڕیفراندۆمەکـەدا (٥٥,٣٪)ی دەنگـدەران بـە نەخێـر بـۆ سـەربەخۆیی و (٤٤,٧٪)ی دەنگدەرانیـش بـە بەڵـێ بـۆ سـەربەخۆیی دەنگیانـدا.[4]

لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن سـەرکەوتنی پیشەسـازی نـەوت و گاز لـە دەریـای باکـوور خواسـتی سـەربەخۆیی لـە لای سـکۆتلەندییەکان زیاتـر کـرد و سـەرنەکەوتنی دەنگـی بەڵـێ لـە ڕیفراندۆمەکـەی سـکۆتلەندا نەبووەتـە هـۆکاری نەمانـی خواسـتی سـەربەخۆیی، بەڵکـو ئەگـەری دووبارەبوونـەوەی هەیـە.

(1) Nathalie Duclos , The Strange Case of the Scottish Independence Referendum. Some Elements Of Comparison Between The Scottish and Catalan Cases French Journal Of British Studies , Revue Française De Civilisation Britannique, Online since 23 July 2015, Connection On 19 April 2019,p.5. URL : http:// Journals.Openedition.org/rfcb/384 ; DOI : 10.4000/rfcb.384

(2) Tomas Y. Patrick , Te Zeitgeist of Secession Amidst The March Towards Unifcation: Scotland, Catalonia, and The Future Of The European Union , Boston College International , and Comparative , Law Review , Volume 39 , Issue 1, 2016 ,p201. https://lawdigitalcommons.bc.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1759&context=iclr

(3) Elisenda Casanas Adam , Self-Determination and The Use Of Referendums: The Case Of Scotland , International Journal Of Politics, Culture, and Society, Vol. 27, No. 1, published by springer, , March 2014,p.57. https://www.jstor.org/stable/24713361?

(4) Sandrina Ferreira Antunes , Scottish Referendum 2014: The Political Process Before and After The 'No' Vote1 , E-Journal Of International Relations , Issn: 1647-7251 , Vol. 6, n. 2 November2015,p.55.https://www.pdfdrive.com/the-scottish-referendum-2014-the-political-process-before-and-after-the-no-e93446235.html

لە کۆتایی ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١. مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس، مافـی هەمـوو نەتەوەیەکـە قەوارەیەکـی سـەربەخۆی هەبێـت و خـۆی بڕیـار لـە سـەر کاروبـاری خـۆی بـدات. مافێکـە هاووڵاتیانـی نیشـتمانێک بـە هۆیـەوە چارەنـووس و بەهـا سیاسـی و یاساییەکانی نیشـتمانەکەیانی پـێ دیاریـی دەکـەن.

٢. چەمکـی (مـاف) لێکدانـەوەی زۆر هەڵدەگرێتـو چەمکێکـی ڕێژەییە،چونکـە ئـەوەی تـۆ بـە مافـی خۆتـی دەزانیـت، لەوانەیـە بەرانبەرەکـەت بـە پێشـێلکردنی مافـی خـۆی دابنێـت.

٣. ڕیفراندۆمەکـەی سـودان لەبەرئـەوەی لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا چاودێـری دەکـرا و بـە هاوبەشـی لـە لایـەن حکومەتـی سـودان و بزووتنـەوەی میللـی ڕێکخـرا، ئەمانـە هەمـووی هـۆکار بـوون بـۆ زیادبوونـی پاڵپشـتی سیاسـەتی جیهانـی بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمەکـە و گەرەنتییـەک بـوو کـەوا دڵنیایـی بـە باشـوورییەکان دەدا حکومەتـی سـودان بەڵێنەکـەی دەباتەسـەر.

٤. هەڵوێسـتی هەریەکـە لـە یەکێتـی ئەوروپـا و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و پشـتگیری نەکردنیـان لـە ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کەتەلۆنیـا، پەیوەنـدی بـە بەرژەوەندییـە سیاسـی و ئابوورییەکانیانـەوە هەیـە لەگـەڵ ئیسـپانیا، هەروەهـا نەیاندەویسـت بـە پشـتگیریکردنی کەتەلۆنیـا، هانـی جووڵانـەوە نەژادیەکانـی دیکـەی وڵاتانـی ئەوڕووپابـدەن.

# بەشی دووەم

## بنەما جیۆپۆلیتیکییەکان و ئاستەنگەکانی
## دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**دەروازە:**

بنەمـا جوگرافییـەکان ئـەو بنەمایانـەن کۆنتڕۆڵـی ڕێـڕەوی ڕووداوەکان دەکـەن وهێـزی هـەر هەرێـم و دەوڵەتێکیـش لە ڕووی سیاسـی و سـەربازیی و ئابوورییەوە پێیانـەوە بەندە. بنەمـا جوگرافییەکانیـش بـە گشـتی و سروشـتییەکان بـە تایبەتـی، گرنگـی و بایەخێکـی جیۆپۆلیتیکـی زۆریـان هەیـە، چونکـە بـە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ کار دەکەنـە سـەر هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتی دەوڵەتـان و یەکـە ڕامیارییـەکان، گرنگـی جیۆپۆلیتیکیشـیان وەک یـەک نیـە، واتـە هەندێکیـان گرنگییـان لەوانـی دیکـە زیاتـرە و بەشێکیشـان بوونەتـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم دامەزراندنـی دەوڵـەت لـە هەرێمـی کوردسـتان.

# باسی یەکەم

# بنەما جیۆپۆلیتیکییەکانی هەرێمی کوردستان

## ا  بنەما سروشتییەکان:

### یەکەم: شوێنی جوگرافی

توێژینەوەکانی بواری جوگرافیا گرنگیەکی گەورە بە شوێن دەدەن. شوێنیش پەیوەندییەکی بەهێزی بە مرۆڤ و کاتەوە هەیە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. هانس مورگنتا تیۆردانەری ئەمریکی و لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ڕیالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، فاکتەرە سەرەکییەکانی هێزی نیشتمانی و نەتەوەیی دابەش دەکات بۆ هەشت بەش کە یەکەمیان شوێنی جوگرافییە.[١] مەبەست لە شوێنی جوگرافی، شوێنە بە گوێرەی دیاردەکانی تر و بە سەرەکیترین هۆکاری سروشتی دادەنرێت و کاریگەری لە سەر دیاریکردنی هێزی دەوڵەت هەیە. هەروەها ئاراستەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دیاریدەکات، هەر شوێنی جوگرافیشە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە سەر بڕیارە چارەنووسسازەکان.[٢] شوێنی جوگرافیش جێگیرە لە سەر زەوی، بەڵام بەها سیاسی و ستراتیجیەکەی لە گۆڕانی بەردەوام دایە.

---

(١) فاضله خادم، ژئوپلیتیک قدرتهای در حال ظهور (بریک) و چشم انداز سال ٢٠٥٠، فصلنامه ژئوپلیتیک، سال هشتم، شماره دوم، تابستان ١٣٩١،ص٩٩ .

http://ensani.ir/file/download/article/20121210093738-9617-49.pdf

(٢) قاسم الدويكات، الجغرافية السياسية، مركز الكتاب الاكاديمي، عمان، ٢٠١١، ص٩٢ .

لـە لێکۆڵینـەوەی جۆرەکانـی شـوێنی جوگرافـی هەرێمـی کوردسـتان ئەمانـەی خـوارەوە دیـاری دەکەیـن:

**ا شوێنی فەلەکی:**

هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق دەکەوێتـە باشـووری ڕۆژئـاوای کیشـوەری ئاسـیا و باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق، لـە نێـوان هێڵـی درێـژی (٤١.°٠٨¯ - ٤٦.°١٨¯)ی ڕۆژهەڵاتو بازنـەی پـانی (٣٣.°٠٧ - ٣٧.°٢٢¯)ی باکوور.(نەخشـەی ٤) ئـەم شـوێنە جوگرافییـەی هەرێـم کاریگـەری کردووەتـە سـەر ئاووهەواکـەی و بووەتـە هـۆکاری سـەرهەڵدانی دوو هەرێمـی ئاووهەوایـی، ئەوانیـش هەرێمـی ئاووهـەوای دەریـای ناوەڕاسـت((Csa و هەرێمـی ئاووهـەوای نیمچـە گـەرم (گەرمەسـێر)(Bsh).[1] واتـە هەرێـم دەکەوێتـە باشـووری ناوچـەی پشـتێنە مامناوەندییەکانـی باکـووری گـۆی زەوی و هـەر چـوار وەرزی سـاڵی تێـدا بەدیدەکرێـت و وەرزی چەکـەرە کردنیشـی تێـدا درێـژە، ئەمە جگـە لـەوەی درێژبوونەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـەر زیاتـر لـە (٤) بازنـەی پـان بووەتـە مایـەی بوونـی ئاووهەوای تـا ڕادەیـەک جیـاواز لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر، لێـرەدا دەتوانیـن بڵێیـن سـەبارەت بـە شـوێنە ئاوەدانەکانـی هەرێـم جیاوازییەکـە هەیـە و هەسـتی پـێ دەکـرێ، بـەڵام بـۆ شـوێنە دووره دەسـتەکان جیاوازییەکـە یەکجـار زۆرە.

(١) ئـازاد نەقشـبەندی، کەشـوهەوای هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، جیۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، کتێبـی سـەنتەری برایەتـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان،هەولێر، ١٩٩٨،ل٧٨.




**نەخشـەی 4 شـوێنی جوگرافـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق**

سـەرچاوە/ هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، وەزارەتـی پـەروەردە، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی پرۆگـرام و نەخشـە پەروەردەییـەکان، نەخشـەی کارگێـڕی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠٠٥، هەولێـر، ٢٠٠٦.

ناساندنی شوێنی جوگرافیی وڵاتانیش هەنگاوی یەکەمە لە لێکۆڵینەوەکانی جیۆپۆلتیکیدا، چونکە هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازیی و فەرهەنگی وڵاتان دەرئەنجامی شوێنە جوگرافیەکەییانە و لە سەر بنەمای ئەویش دەکرێ ئەو دەوڵەتەی لێی دەکۆڵینەوە بزانیین کەوتووەتە کام کیشوەر و ناوچەی جوگرافی جیهان و لەگەڵ کام دەوڵەتانە دا دراوسێیە. هەڵکەوتەی جوگرافیش دەکرێ فاکتەرێ بێت بۆ بەهێزبوونی وڵات و لە هەمان کاتیشدا بە هۆی خراپ ئیدارەدانەوە زەمینەیەک بۆ لاوازی و بێ سەروبەری فەراهەم دەکات و لە سەر ئەم بنەمایەش دەکرێ لە دەرەفەتەکان و هەڕەشەکان و ئامانجە جیۆپۆلیتیکییەکانی وڵاتان بکۆڵینەوە.

ب **شوێنی ستراتیجی:**

شوێنی ستراتیجی بریتیین لە هەموو ئەو شوێنانەی خەسڵەت و تایبەتمەندیی دەدات بەو هەرێم و دەوڵەتانەی خاوەندارێتی دەکات و دەستی بە سەر دا دەگرێت، وەکو گەروو و نۆکەند و کەناڵە ئاوییەکان. لەڕووی مێژووییەوە کوردستان کەوتووەتە سەر ڕێڕەوە گرنگەکانی ڕێگای بازرگانی، لە سەردەمی هەخامنشی ڕێگای شاهانەی داریوش لە شوش بۆ سارديس و لە ڕێڕەوەی هەولێر و لە ناو خاکی کوردستان دا درێژبوونەوەی هەبوو. دواتر کوردستان کەوتە سەر ڕێڕەوی ڕێگای ئاوریشم و تەواوی ئەو ڕێگایانەی ڕۆژهەڵاتی بە ڕۆژئاواوە دەبەستەوە تاکو سەردەمی کردنەوەی ڕێڕەوە دەرياييەکان لە سەدەی پانزەیەمی زایینی پێیدا تێدەپەڕین، لە سەدەکانی دواتریش کوردستان کەوتبووە سەر ڕێڕەوی ڕێگای زەمینی گەیشتنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بە نیمچە کیشوەری هیند.[1] ئێستاش ڕێگای زەمینی عێراق بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەوڕووپا هەر لە هەرێمی کوردستانەوە تێپەڕ دەبێت.

ڕێگای ئاوریشمی نوێش لە بنەڕەتدا نوێکردنەوەی ڕێگای ئاوریشمی کۆنە، لە چینەوە دەستیپێدەکرد بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئاسیا و دواتر بۆ ئەوڕووپاو ئەفریقا درێژ دەبووەوە. هۆکارێکی گرنگی دیکە لە ڕێگای ئاوریشم

(١) ریباز قربانی نژاد، بررسی موقعیت ژئوپلیتیکی کردستان عراق، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە (٥٥) تایبەت بە کۆنفرانسی سایکس بیکۆ، ٢٠١٨،ص٧٦١.

ئەوەیە چین پێویستییەکی زۆری بە سەرچاوەکانی وزە هەیە. ئێستا و ڕابردوو ڕێگای ئاوریشم دوو ڕێڕەوی وشکانی بە کوردستان دا تێپەڕ دەبێت. (نەخشەی ٥) سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ئەوا یەکێک لەو ڕێڕەوانەی پێدا تێپەڕ دەبێت لە چینەوە دێتە ئاسیای ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ تارانی پایتەختی ئێران، دواتر لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێتە هەرێمی کوردستان، ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان دەچێت، لە ڕێگەی ئەو دوو بەشەوە ئەو ڕێڕەوە بە دەروازەی دەریایی دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە. هاوکات لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو بەغدا و دواتریش بەرەو شاری بەسرە و دەروازەی دەریایی سەر کەنداو دەچێت. ئەو ڕێگەیە هەمان ڕێگەی ئاوریشمی کۆنە.[1]

بە گوێرەی هەردوو تیۆری ماکندەر و سپایکمان هەرێمی کوردستان شوێنێکی ستراتیجی گرنگی هەیە بە ناوچەی ململانێ و چاوتێبڕین و بەرژەوەندی زلهێزەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان دادەنرێت، بەڵام ئەم تیۆرانەی جیۆپۆلیتیک لە ڕووی چەمکەوە کۆنن و زیاتر مێژوویین و یەکلاکەرەوە نین بۆ کاریگەری جوگرافیا لە سەر سروشتی سیاسی و بەرژەوەندی و کارلێککردن لە نێوان دەوڵەتەکان.

### ج شوێن بە گوێرەی دەوڵەتانی دراوسێ:

شوێنی دراوسێیەتی هەندێکجار بە شوێنی ڕێژەیی ناودەبرێت. لە ڕووی جوگرافیشەوە بوونی ژمارەیەک لە دەوڵەتانی دراوسێ و نزیک لە یەک دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو وڵاتانە پەیوەندی هاوبەش دروست بکەن مەبەستیشمان لە شوێنی دراوسێیەتی، شوێنی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە دەوڵەتانی دراوسێی، لێرەدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین:

١. هەرێمی کوردستان تەواوی سنوورەکانیوشکانیە، لە لای باکووری دراوسێی باکووری کوردستان و تورکیایە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دراوسێیە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و لە ڕۆژئاواشەوە دراوسێی ڕۆژئاوای کوردستان و سوریایە و لە باشوور

(١) کامەران مەنتک، کوردستان لە پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٠،ل٢٨٧.

و باشـووری ڕۆژئاواشـەوە دراوسـێی عێراقـی عەرەبییـە. شـوێنی جوگرافـی هەرێمـی کوردسـتان بانـی ئێـران و بانـی ئانـادۆڵ و وڵاتـی شـام بـە دەشـتەکانی مێزۆپۆتامیـا دەبەسـتێتەوە.

٢. لـە ململانێـی سیاسـییە نێودەوڵەتییـەکان ڕۆڵـی هەبـووە و هەیەتـی و پێشـبینی دەکـرێ لـە داهاتـوو زیاتـر بـێ.

٣. هەرێمـی کوردسـتان لـە دۆخـی بەربەسـت دایـە، چونکـە کەوتووەتـە نێـوان دوو هێـزی گـەورەی هەرێمی(تورکیـا، ئێـران). ئـەم دەوڵەتانـە دۆزی کـورد و کوردسـتان تیایانـدا چارەسـەر نەکـراوە. هەرێمـی کوردسـتان بـە پەیوەندیەکـی ڕاسـتەوخۆ و نەپچـڕاوی نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتـی پەیوەسـتە بـە نیشـتمان و دانیشـتوانی ئـەم دەوڵەتانـە، بۆیـە دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن پەیوەندییـەکان زۆر و جۆراوجـۆر دەبـن، چەنـد ژمـارەی دەوڵەتانـی دراوسـێ زۆر بـن بـە تایبەتـی بـۆ کیانێکـی سیاسـی داخـراوی وەکـو هەرێمـی کوردسـتان کـە خنـکاوە و ئـازادی هاتووچـۆی بەسـتراوە بـە دراوسـێکانیەوە چونکـە ئەلتەرناتیڤـی زیاتـر دروسـت دەبـن لـە کاتـی کێشـمەکێش لـە یەکێـک لـەو دەوڵەتانـە. خاڵـی بەهێـزی شـوێنی دراوسـێیەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەوەیـە لەگـەڵ دراوسـێکانی هەرێـم ئـەوەی لـە سـەر کـورد کۆکـن، بـەڵام لـە نێـوان خۆیانـدا گەلـێ کێشـەیان هەیـە کـە تـا ئەمـڕۆ بـێ چارەسـەر ماوەتـەوە، وەکـو کێشـەی سـنوور و ئـاو و کێشـەی ئایینـی – مەزهەبـی، بۆیـە پێویسـتە هەرێـم لـە بـواری دیپلۆماسـی دا کارامەیەکـی زۆر باشـی هەبێـت بـۆ پارێزگاریکـردن لـەو پەیوەندییـە سروشـتیانەی لەگـەڵ دەوڵەتانـی دراوسـێی دا هەیەتـی، ئەویـش بـە هـۆی ئـەو هاوبەشـییەی لـە نێـوان هەرێـم و دەوڵەتانـی دراوسـێی دا هەیـە، بـە تایبەتـی لـە ڕووی نەتەوەیـی و زمـان و کلتـووری و ئاییـن و ئـاو.

## د. شوێن بە گوێرەی ئاو و وشکانی:

ڕەگەزێکـی گرنگـە لـە بەهـای دەوڵـەت و هـەر هەرێمیکـی سیاسـی، چونکـە کەسـێتی تایبـەت وەردەگرێـت و سیاسـەتەکانیان ئاراسـتە دەکات. ئـەو بۆچوونـەی دەوڵەتانـی هەرێمـی لـە ڕووی سـەربازی و ئابـووری و سـتراتیجییەوە دەوڵەتـی لاوازن، لەوانەیـە بـۆ

ڕابـردوو ڕاسـت بێـت، بـەڵام لـە ڕۆژگاری ئێسـتا بـە هـۆی (جیهانگیـری، یاسـای نێودەوڵەتی گشـتی، پەیوەندییـە نێودەوڵەتیـەکان، ڕێکخـراوی بازرگانـی نێودەوڵەتـی) کاڵ بووەتـەوە. ژمـارەی دەوڵەتانـی کیشـوەریش بـەردەوام لـە زیادبـوون دایـە و لـە ڕۆژگاری ئێسـتا سـەرووی پەنجـا دەوڵەتـی داخـراو لـە زۆربـەی کیشـوەرەکان دەبیـنرێ بـە تایبەتـی لـە ئاسـیا و ئەفریقـا و ئەورووپـا .

لـە ڕابـردوودا، زۆر لـە دەوڵەتانی جیهـان لـە کێشـمەکێش و جەنگـدا بـوون بـە مەبەسـتی بـە دەسـتهێنانی کەنارێکـی دەریایـی هەرچەنـدە تەسـکیش بـوو بێـت، سـاڵی (١٩٥٨) کۆنگـرەی نەتەوەیەکگرتـووەکان لـە بـارەی دەوڵەتـە داخراوەکانـەوە بەسـترا، تێیـدا جەخـت لـە سـەر مافی دەوڵەتـە داخـراوەکان کرایەوە لـە بەکارهێنانـی ڕێـڕەوە ئاوییەکان.([1]) هەرێمـی کوردسـتانیش شـوێنێکی کیشـوەریی هەیـە، ( نەخشـەی٦ ) کەواتـە دەکـرێ بڵێیـن لەبەرئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان نەکەوتووەتـە سـەر دەریـا و ئـازادی هاتووچـۆی نیـە و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ جیهانـی دەرەوە دا تەنیـا لـە ڕێـگای دراوسـێکانیەوەیەتی کـە ئەمەشـیان کارێکـی ئاسـان نیـە، بۆیـە کێشـەی خنکانـدن و گەمارۆدانـی هەرێـم لـە لایـەن ئـەو دەوڵەتانـەوە هەمـوو کات شـتێکی چـاوەڕوان کـراو دەبێـت.




**نەخشەی ٥ شوێنی جوگرافیی هەرێمی کوردستانی عێراق بە گوێرەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ**

**سەرچاوە:**

David Roberts and others , ATLAS 4TH EDITION , Previously published as the Ultimate .Pocket Book of the World Atlas & Factfile , Fourth Edition ,2010,P.8




**نەخشەی ٦ شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق بە گوێرەی ئاو و وشکانی**

سەرچاوە :

David Roberts and others , ATLAS 4TH EDITION , Previously published as the Ultimate .Pocket Book of the World Atlas & Factfile , Fourth Edition ,2010,P.8

## دووەم: سنوور

سـنووری سیاسـی بریتییـە لـە جیاکردنـەوەی دوو سـەروەریی سـەربەخۆ و یەکپارچەسـازی میللەتێـک و فاکتـەری دووبەرەکـی و ئاسـایش، ئەمـە جگـە لـە دامەزراندنـی پەیوەنـدی و هەماهەنگـی لـە نێـوان دوو دەوڵـەت.(1) گرنگتریـن ڕۆڵـی سـنوورەکانیش دیاریکردنـی قەڵەمـڕەوی دەوڵەتـان و سـەروەریی حکومەتەکانیانـە و سـنووریش بابەتێکـی تەنیـا جێۆپۆلیتیکـی نیـە و یاسـایی و سـەربازیی و جوگرافییـە، چونکـە دەسـتوەردانی سیاسـەت لـە زەوی نیشـان دەدات، بـەڵام پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدەیـن، لەگـەڵ ئـەوەی هەرێـم لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی فیدراڵـی عێراقـدا تاکـە هەرێمـە، کەچـی تاکـو ئێسـتا سـنووری جوگرافـی کوردسـتانی عێـراق لەگـەڵ بەشـەکانی تـری عێراقـدا دیارینەکـراوە.

### سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و عێراق:

**ا سنووری باکوور:**

بریتیـە لـە سـنووری هەرێـم لەگـەڵ تورکیـا و درێژییەکەشـی (٣٧٧) کـم، دەسـتپێدەکات لـە بەشـی ڕۆژئـاواوە لـە خاڵـی بەیەکگەیشـتنی ڕووبـاری خاپـور بـە ڕووبـاری دیجلـە لـە باکـووری گونـدی پێشـخابور، تـا دەگاتـە سێگۆشـەی سـنووری لەگـەڵ تورکیـا و ئێـران.(2)

**ب سنووری ڕۆژهەڵات:**

بریتیـە لـە سـنووری هەرێـم لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، درێژییەکـەی (٦٣٥) کـم، بەشـێکی گـەورە لـە سـنووری ڕۆژهـەڵات بریتیـە لـە ناوچەیەکـی شـاخاوی کـە لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو باشـووری ڕۆژهـەڵات درێـژ دەبێتـەوە.

---

(١) حجـت مهکویـی و علیرضـا عباسـی، واکاوی وضعیـت شـکل سرزمینـی کشـورها در موقعیـت ژئوپولیتیکـی آنهـا، فصلنامـه پژوهشـهای سیاسـی و بیـن المللـی، سـال نهـم، شـماره سـی و هفتـم، زمسـتان ١٣٩٧،ص١٠٣

http://jpir.iaujournals.ir/article_663638_36fdfc7e662b9460eb2f7bf2492b3dc5.pdf

(٢) مریـم عزیـز فتـاح، تحلیـل العوامـل التـي رسـمت الحـدود العراقیـة - الترکیـة، مرکـز کردسـتان للدراسـات الاسـتراتیجیة، السـلیمانیة، ٢٠٠٧،ص٣٧ .

ج  **سنووری ڕۆژئاوا:**

بریتیە لە سنووری هەرێم لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا و درێژییەکەی (١٦٠) کم، لە کەناری دیجلە لە لای ڕاستی باکووری گوندی پێشخاپوور دەست پێ دەکات و بەردەوام دەبێت بە ئاراستەی باشووری ڕۆژئاوا تاکو دەگاتە بەیەکگەیشتنی سنووری کارگێڕی قەزای شەنگال لەگەڵ سوریا لە باکووری بەعاج.[١]

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، سنووری هەرێم لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سنوورێکی دیمۆگرافی نیە، بەڵکو بریتیە لە سنوورێکی سیاسی و بەبێ خواست و ویستی گەلی کورد لە لایەن دەوڵەتانی کۆڵۆنی و داگیرکەری کوردستانەوە داڕێژراون، بەڵام ئێستا بوونەتە ڕێڕەوێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتوچۆی دانیشتوانی هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ و جیهانیش.

د  **سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوا:**

ئەمەش سنووری هەرێم لەگەڵ عێراق دەگرێتەوە. تێکڕای درێژی سنووری هەرێم لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق نزیکەی (٩٥٤)کم، لە ماددەی (٢) لە بەندی یەکەم لە پرۆژە دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ساڵی (٢٠٠٩) بەم شێوەیە سنووری هەرێمی دیاری کردووە (کوردستانی – عێراق قەوارەیەکی جوگرافی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێڕی ئێستایەوە و لە پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقوش و ناحییەکانی زمار و بەعشیقە و ئاسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بە سنووری کارگێری پێش ساڵی (١٩٦٨)یانەوە )، هەروەها لە بەندی دووەمی هەمان ماددە هاتووە (سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق، بە پشت بەستن بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری فیدڕاڵییەوە، دیار دەکرێن).[٢] ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی (٢٠٠٨) تایبەت بە ناوچە

---

(١) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكيه للامن القومی فی اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، ٢٠٠٥،ص٣٦،٣٣ .

(٢) پەرلەمانی کوردستان-عێراق، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق،٢٠٠٩،ل٤.

کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە ناوچەی کێشە لەسەرن بەم شێوەیە دیاری کردووە (قەزاکانی: شەنگال، تەلکێف، ئاکرێ، حەمدانیە، شێخان، تەلەعفەر لە پارێزگای نەینەوا، قەزای مەخموور لە پارێزگای هەولێر، قەزاکانی: کەرکووک، حەویجە، دوبز، داقوق لە پارێزگای کەرکووک، قەزاکانی: کفری، خانەقین، بەلەدرووز لە پارێزگای دیالە، قەزای دووزخورماتوو لە پارێزگای سەلاحەددین).[1]

## سێیەم: ڕووبەر

ڕووبەر بنەمایەکی زۆر گرنگی هێزی دەوڵەتە و لە ڕووی قوڵایی ستراتیجی بەو بوارە زیندووە دادەنرێت کە هەلی بەرگریکردن لە قوڵاییەوە بۆ دەوڵەت دەڕەخسێنێت. هەرچەندە لەڕووی سەربازییەوە ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە گرنگی نەماوە. پەیوەندیش لە نێوان ڕووبەر و دەسەڵاتی دەوڵەت دا هەیە. لەمڕووەوە ڕاتزەل جەختی لە سەر فراوانبوونی سنوورەکانی دەوڵەت دەکردەوەو هەروەها وەکو بنەمایەکی گرنگی هێزی نەتەوەی دادەنا.[2]

هەرچەندە هەرێم لەو ناوچانەیە ڕووبەریان بچووکە، گەر تەنیا ئەم فاکتەرە لە بەر چاو بگرین، بەڵام لە جیۆپۆلیتیک دا هەمیشە لەگەڵ بنەما جیۆپۆلیتیکییەکانی تر وەکو شوێن و دانیشتوان و دەرامەتەکان هەژمار دەکرێت. هەرێمی کوردستان بەو ڕووبەرەی هەیەتی خاوەن هێزێکی گەورەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەی ڕووی زەوییەکەی بریتیە لە ناوچەی شاخاوی سەخت، هەروەهاگەر بە شێوازێکی زانستی و ڕێک لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاری کەڵکی لێوەربگیرێت، ئەوا زۆرینەی گونجاوە بۆ نیشتەجێ بوونی دانیشتوان و ئەنجامدانی چالاکییە مرۆییەکان، ئەویش بە هۆی گونجاوی ئاووهەوا و بوونی سەرچاوە ئاوییەکان و جۆراوجۆریان، ئەمەش هێزێکی ڕاکێشەرە بۆ نیشتەجێ بوون و سەقامگیری و بەشدار دەبێت لە بەهێز کردنی گرنگی جیۆپۆلیتیکی هەرێم. لە هەمان کاتدا لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق

(١) بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)، الحدود الداخلية المتنازع عليها، الجزء الاول،٢٠٠٨، ص١٩

(2) Jason Dittmer and Daniel Bos , Popular Culture, Geopolitics, and Identity , Second Edition , Published by Rowman & Littlefield Group, Inc , 2019,p.3. https://www.pdfdrive.com/popular-culture-geopolitics-and-identity-d188641461.html

تاکو ئێستا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا سنوورەکەی دیاری نەکراوە، بۆیە تاکو ئێستا ڕووبەری هەرێم بە شێوەیەکی دروست نەزانراوە، چونکە بەبێ دیاریکردنی سنوور دیار نابێت. ڕووبەری هەرێمیش بە (٨٥٤٢٢,١٢)کم٢ دانراوە، بە گوێرەی پۆلینی دەوڵەتانیش هەرێم لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەیە کە زۆر بچووکە و کەمترە لە (١٠٠٠٠٠)کم٢، هەرچەندە هەرێمی کوردستان بە پێی پێوەری نۆرمان پاوندز لە نێوان دەوڵەتە بچووکەکان و دەوڵەتە زۆر بچووکەکان پۆلێن دەکرێت، بەڵام ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا دەکەونە ئەم خانەیەوە کەم نین. هەروەک ڕووبەری هەرێم گەورەترە لە ڕووبەری دانیمارک، سویسرا، هۆڵەندا، مەکەدۆنیا، کۆسۆڤۆ،مۆلدڤیا،لاتڤیا، لیتوانیا، ئستوانیا، ڕواندا، سیرالیۆن، کۆستەریکا، هایتی، جامایکا، ئیسرائیل، لوبنان، کوەیت، قەتەر، بەحرەین. لایەنێکی گرنگی ڕووبەریش لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە بریتییە لە گونجانی لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان لە ئێستا و ئایندە دا کە ئەمە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە.

## چوارەم: شێوە

شێوەی دەوڵەتیان یارمەتیدەر دەبێت یاخود بە پێچەوانەوە، شێوەی پارچە پارچە و پەرتەوازە کاریگەریی نەرێنی لە سەر دەوڵەت دەبێت. هەروەها ڕەگەزێکی گرنگی دەوڵەتە چ لە ڕووی بەرگری کردنەوە بێت لە دەوڵەتەکە لە ئاستی دەستدرێژییە دەرەکییەکاندا، یان لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسی ناوخۆییەوە بێت بە سەر زەوییەکانی دا.[1] ئەوەی تایبەتە بە هەرێمی کوردستان لە شێوەی سێگۆشەیەکی ناڕێکی سەرەوخوار دایە. بە گشتی دەتوانین بڵێین خاڵە جیۆپۆلیتیکیە بەهێزەکانی شێوەی هەرێم لە بەشی باکووری هەرێمەکەیە و خاڵە لاوازەکانیشی لە بەشی باشوورییدا کۆبووەتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی چەند لە بەشەکانی باکوورەوە بەرەو باشوور بڕۆین ڕووی زەوی بەرەو نزم بوونەوە دەڕوات. هەرێمی کوردستانیش یەک پارچەیە و ئەم دیاردەیەش بێ بایەخ نیە، بە تایبەتی بە مەبەستی بەرگریی کردن لە کاتی جەنگدا.

(١) عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتیەکان، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی، و. جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی دووەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل١٧٢،١٧٣ .

## پێنجەم: پێکهاتەی جیۆلۆجی و بەرزی و نزمی

خاکی هەرێمی کوردستان پێکهاتەی گشت قۆناخە جیۆلۆجیەکانی تێدایە. ئەم هەرێمە پێشتر بەشێک بووە لە دەریای تیسی کۆن و پرۆسەی سەرئاوکەوتنی بە ژمارەیەک جووڵەی بەرزکردنەوەی تەکتۆنی دەستی پێ کردووە کە لە چاخی کریتاسی (٧٠)ملیۆن ساڵیەوە تا سەرەتای چاخی پلایستۆسینی (١,٦٥)ملیۆن ساڵیان خایاندووە.[١] بە پێی ئەم پێکهاتە جیۆلۆجیە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی نوێیە، بەڵام تاڕادەیەک سەقامگیری پێوە دیارە، بە پێی نەخشەی دابەشکردنی بوومەلەرزە هەرێم دەکەوێتە زۆنی (ناوێران و کەم وێران)، تەنیا ناوچە نووشتاوە بەرزەکان و ناوچە جیوسایکلین و بەشێکی ناوچەی پێگردەکان دەکەوێتە زۆنی (مامناوەندیی وێران)، ئەوەش لە یاد نەکەین زۆنی گەورە و وێران لە هەرێم بەدی ناکرێت.[٢] جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین بوونی هەرێم لە ناو بەشێکی قووڵی دەریای تیس، بووەتە هۆی نیشتنی چینە جیۆلۆجیەکان بە پێکهاتەی جیاواز و ئەستووری زۆر، ئەمەش دۆخێکی گونجاوە بۆ دروستبوون و بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاوی نەوت. ڕووی زەوی هەرێمی کوردستانی عێراقیش پێکهاتووە لە سێ یەکەی تۆبۆگرافی لێک جوودا، ئەوانیش بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

### ١ ناوچەی چیا پێچ ئاڵۆزەکان (بڵندەکان):

ئەم ناوچەیە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، چیاکانی ئەم ناوچەیە بڵند و سەرکەشن و بەرزییان لە نێوان (٢١٠٠-٣٥٠٠)، مەتر دایە. بە پێی توێژینەوەکان ئەم ناوچەیە نیشتەنی کانزایی وەک ئاسن و مس و کرۆم و قوڕقوشم لە چینە بەردینەکانیدا هەیە، هەروەها بەردەکانی کانگەی

---

(١) عەبدوڵا عامر عومەر، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨،ل٤٩ .

(٢) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی، هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلەتیکی توخمە سروشتیەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣،ل٢١٣ .

سەرەتایی دروستبوونی نەوتن لە هەرێمی کوردستان[1]. بڵاوبوونەوەی زنجیرە چیا ئاڵۆزەکان لە بەشێکی فراوانی هەرێمەکە، ڕەهەندێکی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی هەیە، بۆ نموونە ئاڵۆزی تۆبۆگرافیا و سەختی پەیوەندیکردن لەم ناوچانە، وایکردووە وەکو پەناگایەک بن بۆ پاراستنی گەلی کورد و هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی و بەرگریکردن، ئەمە جگە لەوەی گرنگییەکی جیۆستراتیجی هەیە و سەختییەکەی بەربەست دروست دەکات لە بەردەم هێرشی دوژمنان کە جووڵە و هاتوچۆکردن تێیدا زەحمەتە بە تایبەتی تاکو بەرەو بەشەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی بڕۆین.

**ب ناوچەی چیا پێچ سادەکان (نزمەکان):**

ئەم ناوچانە کەمتر کەوتوونەتە بەر جووڵەی زەوی و چەمانەوەکەی سادەیە لە زۆربەی شوێنەکاندا، بەرزییەکەیان لە نێوان (١٠٠٠-٢١٠٠) مەترە و بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوا بۆ باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە.[2] ئەم ناوچەیەی هەرێم گرنگییەکی جیۆپۆلیتیکی گەورەی هەیە، چونکە گونجاوە بۆ نیشتەجێ بوون و بەناوبانگترین سەنتەرەکانی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانی هەرێم کەوتوونەتە ئێرە، ئەمە جگە لەوەی چەندین دەشتی بەپیتی کشتوکاڵی بەناوبانگیش کەوتوونەتە ئەم ناوچەیە کە بە دەشتی نێو چیاکان ناسراون وەکو (دەشتی شارەزوور و سلێمانی و بازیان و ڕانیە(بتوێن) و مەرگە و زاخۆ و هەریر)، هەروەها لە ڕووی هایدرۆپۆلیتیکییەوە گرنگە، چونکە لە لایەک وەکو کۆگایەکی گەورەی ئاوی ژێرزەوی هەرێمە لە لایەکی تریش هەر چوار ڕێژگەی ڕووباری دیجلە ( زێی گەورە و زێی بچووک و دیالە و عوزێم) بەم ناوچەیەدا تێدەپەرن.

(١) عەبدوڵا عامر عومەر، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠ .

(٢) هاوڕێ یاسین محەممەدئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردۆ، سلێمانی، ٢٠١٤،ل٦٤.

**ج ناوچەی بان و گردەکان و دەشتاییەکان:**

درێژی ئەم ناوچەیە نزیکەی (٥٠٠) کیلۆمەترە و پانیشی لە نێوان (٨-١٠٠)کیلۆمەترە، زۆربەی زنجیرەکانی ئەم ناوچەیە بەرزییان لە (١٠٠٠) مەتر تێپەڕ ناکات و هەروەها سەخت نین و ڕووتەن و گژوگیای ستیپسی لێ دەڕوێت.[١] ئەم ناوچەیە لە ڕووی ئابوورییەوە بایەخێکی گەورەی هەیە ئەویش بە هۆی بوونی کۆگای نەوت تیایدا هەروەک لە مەخموور و کەرکووک و عەین زالە، ئەمە جگە لە بوونی چەندین دەشتی بەناوبانگی وەکو (حەمرین، دیبەگە، هەولێر، کەرکووک، شەنگال). ئەمانە هەموو سەنگی گەورەن بۆ هەرێم لە ڕووی سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەوە.

## شەشەم: ڕووپۆشی ڕووەکی

لە بەر جیاوازی بەرزی و نزمی و خاک و ئاووهەوا بۆتە هۆکاری ئەوەی جیاوازی هەبێت لە ڕووی ڕووپۆشی ڕووەکی. ڕووەکی ناوچەی شاخاوی جیاوازە و بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست کە بارانی زۆرە، بۆیە دەبینین پڕە لە دارستان، دارەکانی بریتین لە بەڕوو و سنەوبەر و گوێز و قەزوان، کەچی ڕووەکی هەرێمی ئاووهەوای گەرمەسێر، لە گژوگیای کورت (ستێپس) پێکدێت.[٢] ئەم ناوچانە گرنگی زۆریان هەیە بە مەبەستی بەکارهێنانیان وەکو لەوەڕگا و پەرەپێدان بە سامانی ئاژەڵ لە هەرێم دا، هەروەها دەوڵەمەندیی ناوچەکە بە ڕووپۆشی ڕووەکی بە بنەمایەکی گرنگی گەشەکردنی چالاکی گەشتوگوزاری دەژمێردرێت و دەتوانین بڵێین ناوچەی دارستانەکانی هەرێم گرنگییەکی جیۆپۆلیتیکی گەورەیان هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی هاوسەنگی ژینگە ڕادەگرن هەروەک پاراستنی خاک و دەوڵەمەندکردنی بە ماددە ئەندامییەکان و یارمەتی کردارەکانی داباری‌ن وزیادکردنی ئاوی ژێرزەوی دەدات، ئەمە جگە لەوەی دەکرێ لە ڕووی پیشەسازییەوە سوودیان لێ وەربگیرێت. ئەم ناوچانە لانکەی شۆڕش بوون بۆ گەلی کورد و پێشمەرگە سوودێکی زۆری لێ وەرگرتوون بە مەبەستی ئەنجامدانی شەڕی پارتیزانی.

(١) عەبدوڵا عامر عومەر، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥ .

(٢) کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق سروشتی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٧٤ .

**حەوتەم: خاک**

بیۆرنـک کـە شـارەزای خاکـە و هۆڵەندییـە لـە سـاڵی (١٩٦٠) دا توانـی خاکەکانـی هەرێـم بپشـکنێ و پۆلێنیـان بـکات بـۆ چەنـد جۆرێـک کـە ئەوانیـش:

ا **خاکـی قاوەیـی سـۆرک:** ئـەم جـۆرە خاکـە لـە بەشـەکانی باشـووری ناوچـەی نیمچـە شـاخاوی لـە خـوارووی کەرکـووک هەیـە.

ب **خاکـی قاوەیـی ئەسـمەر:** ئـەم جـۆرە خاکـە دەکەوێتـە باکووری خاکـی قاوەیـی سـۆرک و لـە ناوچـەی نیمچـە شـاخاوییەکاندا زۆربـەی ڕووبـەری ناوچەکـە دادەپۆشـێ.

ج **خاکـی کەسـتەنەیی:** ئـەم جـۆرە خاکانـە لـە بنـی بنـەوەی دۆڵـەکان و دەشـت و ئـەو حەوزانـەی لەنێـوان چیـا بڵندەکانـدا پەرشـوبڵاون هـەن، ناودارتریـن ناوچـە کـە ئـەم جـۆرە خاکەیـان لـێ هەیـە، دەشـتی شـارەزوور و ڕانیـە و سـندییە.[١]

د **خاکـی لیسۆسـۆڵ:** لـە گردەکانـی ناوچـەی نیمچـە شـاخاوییدا هەیـە، بریتیـە لـە: چینـە گڵێکـی تەنـک کـە هێشـتا ماوەیتـی ببـێ بـە گڵـی تـەواو.

ه **خاکـی چیـاکان:** بـە تایبەتـی لـە بەرزاییـە سـەختەکانی باکـووری ڕۆژهـەڵات دا هەیـە، بـە گشـتی تەنکـە، ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ خـۆ نەگرتنـی لـە بەرانبـەر داماڵینـی بـەردەوام.

و **خاکـی ڕەش:** ئـەم خاکـە پێکهاتـە و دروسـتبوون و ئاوداکـردن و هەواگۆڕکێـی باشـە، ئەمـە سـەرەڕای بەرزیـی توانـای پاراسـتنی ئـاو تێیـدا، ئـەم خاکـە لـە دەوروبەری شـاری سـلێمانی دا هەیـە. چەنـد جۆرێکـی تـری خاکیـش لـە ناوچـە جیاوازەکانـی هەرێـم دا هەیـە بـە ڕووبـەری بچـووک وەک خاکـی سـۆرک و خاکـی رندزینـا.[٢]

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدەیـن، خاکـی دەشـتایی نێـو چیـاکان بەناوبانگتریـن دەشـتەکانی هەرێمـی لـە خـۆ گرتـووە، وەک دەشـتەکانی: شـارەزوور و ڕانیـە و زاخـۆ و

(١) لەیـلا محەمـەد قارەمـان، خاکـی هەرێمـی کوردسـتان، جیۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێراق،سـەرچاوەی پێشـوو، ل٩٤.

(٢) هـاوڕێ یاسـین محەممەدئەمیـن، لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێراق،سـەرچاوەی پێشـوو، ل١١٨.

هەروەهـا خاکـی دەشـتایی ناوچـەی نیمچـە چیاییـەکان لـە هەرێـم، وەکـو دەشـتەکانی هەولێـر و مەخمـوور. ئەمانـە بـە هـۆی قووڵـی و بـە پیتییەکەیـان زیاتـر گونجـاون بـۆ کشـتوکاڵکردن بـە تایبەتـی بەرهەمهێنانـی دانەوێڵـە، ئەمـە جگـە لـە شـیاویان بـۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی میوە و بە خێوکردنی ئاژەڵ، بۆیە گرنگییەکی جیۆپۆلیتیکی گەورەیـان بـۆ هەرێـم هەیـە و بـە سـەبەتەی خۆراکـی هەرێـم دادەنرێـن و دەکـرێ ئاسایشـی خۆراکـی هەرێـم بـە هۆیانـەوە مسـۆگەر بکرێـت.

**هەشتەم: ئاووهەوا**

لـە هەرێمـی کوردسـتان پلەکانـی گەرمـا جیـاوازە لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر و لـە وەرزێکـەوە بـۆ وەرزێکـی تـر، هـەروەک ناوچـە شـاخاوییەکان گـەر بـەراوردی بکەیـن بـە ناوچـە نیمچـە شـاخاوییەکان.

پرۆفیسـۆر (ئەلـزورت هنتنگـتن) دەڵێـت ئاووهـەوای نموونەیـی کار دەکاتـە سـەر چالاکـی دانیشـتوان و توانـای بیرکردنـەوە و چالاکـی بیـر و مێشـک و دەڵێـت چاکتریـن ئاووهـەوا زسـتانی سـاردە کـە پلـەی گەرمـی نەگاتـە حاڵەتـی بەسـتن و هاوینیشـی مامناوەنـد بێـت و مـەودای پلـەی گەرمـی زسـتان و هاوینـی لەگـەڵ شـەو و ڕۆژ دا کـەم بێـت. نالەبارتریـن ئاووهـەوا بریتییـە لـە بـەرزی پلـەی گەرمـی و زۆری شـێ لـە وەرزی هاوینـدا کـە دەبێتـە هـۆی ماندووبوونـی مێشـک و لاوازی بیرکردنـەوە.[(١)] لـە خشـتەی ( ٢) دا تێبینـی دەکەیـن کـە بەرزتریـن تێکـڕای مانگانـەی پلەکانـی گەرمـا لـە هەرێـم دا لـە مانگـی تەمـووز بـووە کـە (٣٤,١) پلـەی سـەدی بـووە، ئەمـەش پەیوەنـدی بـەوەوە هەیـە لـە وەرزی هاویـن دا پلەکانـی گەرمـا لـە گشـت وێسـتگەکانی هەرێـم ڕوو لـە هەڵکشـانە، چونکـە لـەم وەرزە دا ڕۆژ درێـژە کـە دەکاتـە (١٤-١٥) کاتژمێـر و گۆشـەی کەوتنـی تیشـکی خۆریـش نیمچـە سـتوونیە و ڕێـژەی شـێی کەمـە، ئەمـە جگـە لـە سـاماڵی ئاسـمان و شـوێنگەی کیشـوەری هەرێـم و ئـەو تۆپەڵـە هەواییـە گـەرم و وشـکانەی کـە بـە سـەر هەرێـم دا هەڵدەکـەن، ئەمانـە هەمـوو کاریگەرییـان

(١) هـاوڕێ یاسـین محەممـەد، دەروازەیـەک بـۆ جوگرافیـای سیاسـی و جیۆپۆڵەتیـک، غەزەلنـووس بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، زنجیـرە کتێبـی (٨)، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی، ٢٠١٢،ل٢٣٦.

لـە سـەر بەرزبوونـەوەی پلەکانـی گەرمـی دەبێـت، هەرچەنـدە لـە وێسـتگەیەکەوە بـۆ وێسـتگەیەکی دیکـە بـە هـۆی فاکتـەری بـەرزی جیـاواز دەبێـت، بـەڵام نزمتریـن تێکـڕا لـە مانگـی کانوونـی دووەم بـووە کـە (٧,٢) پلـەی سـەدی بـووە، واتـە ئەمـە ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات کـە چەنـد بـەرەو بەشـەکانی باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتـی هەرێـم بچیـن، پلەکانـی گەرمـی دادەبـەزن، ئەمـەش بـە پلـەی سـەرەکی پەیوەنـدی بـە فاکتـەری بەرزییـەوە هەیـە لەگـەڵ شـوێنی فەلەکـی کـە هـۆکارە بـۆ کورتـی ڕۆژ و لاری گۆشـەی کەوتنـی تیشـکی خـۆر و هاتنـی تۆپەڵـە هـەوای سـارد.

هەرچـی سـەبارەت بـە ڕەگـەزی بـاران، ئـەوا ئاووهـەوای هەرێـم بـەوە جیـا دەکرێتـەوە کـە بارانەکـەی لـە کـەژی سـارد دایـە، واتـە وەکـو سیسـتەمی دەریـای ناوەڕاسـتە، بـاران بارینـش لـە هەرێـم دا پشـت بـە نەورایيەکانـی کـەش دەبەسـتێت کـە دێنـە نـاو هەرێـم، ئـەم نەوراییانـەش جیـاوازن لـە ڕووی قووڵـی و ژمـارە و ئاراسـتەی گەیشـتنیان لـە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکی تـر، هـەر بۆیـە بـڕی بارانیـش جیـاواز دەبێـت. تێکـڕای دابارینـی بـاران لـە ناوچـە شـاخاوییەکان بـەرزە گـەر بـەراوردی بکەیـن بـە ناوچـە نیمچـە شـاخاوییەکان، هـەروەک تێکـڕای بەرزتریـن بـڕی بارانـی مانگانـە لـە مانگـی کانوونـی دووەم بـووە کـە (١٠٤,٨٠ملـم) بـووە، بـەڵام هاوینـی وشـکە، هەرچـی سـەبارەت بـە کـۆی گشـتی بـاران بارینـی سـاڵانەی هەرێمـە، ئـەوا بەرزتریـن بـڕی لـە وێسـتگەی پێنجوێـن بـووە کـە (١١٠٠ملـم) بـووە، بـەڵام نزمترینـی لـە وێسـتگەی خانەقیـن بـووە کـە نزیکـەی (٣١٥ملـم) بـووە (خشـتەی ٣)، واتـە چەنـد لـە ناوچەکانـی باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوای هەرێـم بـەرەو بەشـەکانی باکـوور و باکـووری ڕۆژهـەڵات بڕۆیـن، بـڕی بارانـی سـاڵانە زیـاد دەکات، ئەمـەش پەیوەنـدی بـە هـۆکاری بـەرزی و نزمـی و بازنەکانـی پانیـەوە هەیـە. لێـرەدا جێـگای خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن کـە ئاووهـەوای هەرێـم گرنگییەکـی گـەورەی جیۆپۆلیتیکـی هەیـە، چونکـە جۆراوجـۆری ئاووهـەوای هەرێـم، ڕەنگدانـەوەی هەیـە لـە سـەر جۆراوجـۆری بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵ وهۆکارێکـی یارمەتیـدەرە بـۆ گەیشـتن بـە ئاسـتی خۆبژێـوی لـە هەرێـم.

**خشتەی ٢ تێکڕای مانگانە و ساڵانەی پلەکانی گەرمی (س°) هەرێمی کوردستانی عێراق**

**لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠)**

| وێستگە | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | تێکڕای گشتی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زاخۆ | ٧,٠ | ٩,٢ | ١٢,١ | ١٧,٩ | ٢٣,٢ | ٢٩,٥ | ٣٣,٣ | ٣٣,١ | ٢٩,٢ | ٢١ | ١٣,٢ | ٨,٧ | ١٩,٨ |
| ئامێدی | ٤,٠ | ٥,٧ | ١٠,٣ | ١٣,٣ | ٢٠,١ | ٢٦,٢ | ٣٢,٣ | ٣١,٨ | ٢٧,٩ | ١٧,٦ | ١١,٩ | ٦,٧ | ١٧,٣ |
| دهۆک | ٧,٢ | ٩,٧ | ١٢,٩ | ١٨ | ٢٣,٩ | ٣٠,١ | ٣٣,٨ | ٣٣,٤ | ٢٩,٥ | ٢١,١ | ١٣,٩ | ٩,١ | ٢٠,٢ |
| ئاکرێ | ٧,١ | ٩,٩ | ١٣,١ | ١٨,٥ | ٢٤,٢ | ٣١,٠ | ٣٤,٨ | ٣٤,٥ | ٣٠,١ | ٢٢,٩ | ١٤,٧ | ٩,٩ | ٢٠,٩ |
| سۆران | ٦,٠ | ٨,١ | ١٢,٢ | ١٦,٩ | ٢٢,٨ | ٢٨,٩ | ٣٣,١ | ٣٢,٤ | ٢٩,٥ | ٢١ | ١٢,٦ | ٨,٧ | ١٩,٤ |
| پیرمام | ٥,٨ | ٧,٣ | ١١,٦ | ١٧,٥ | ٢٣,٨ | ٢٧,٩ | ٣٢,٦ | ٣٢,١ | ٢٨,١ | ٢١,٢ | ١٣ | ٨,٢ | ١٩,١ |
| هەولێر | ٨,١ | ١٠,١ | ١٤,٢ | ١٩,١ | ٢٤,٨ | ٣٠,١ | ٣٥,١ | ٣٤,٦ | ٣٠ | ٢٣,٥ | ١٥,٣ | ١٠,٣ | ٢١,٣ |
| خەبات | ٨,٧ | ١٠,٦ | ١٤,٨ | ١٩,٧ | ٢٦,١ | ٣٠,٧ | ٣٦ | ٣٥ | ٣٠,٢ | ٢٣,٧ | ١٥,٧ | ١٠,٨ | ٢١,٨ |
| هەڵەبجە | ٦,٩ | ٨,١ | ١٢,١ | ١٧,٠ | ٢٣,١ | ٢٩,٤ | ٣٣,٢ | ٣٣,٨ | ٢٩,٣ | ٢١,٢ | ١٣,٦ | ٨,٤ | ١٩,٧ |
| پێنجوێن | ٣,٩ | ٥,٢ | ١٠,٢ | ١٣,٠ | ١٩,٦ | ٢٥,٥ | ٣١,٨ | ٣١,٢ | ٢٨ | ١٧,٧ | ١٢,٣ | ٧,٩ | ١٧,٢ |
| سلێمانی | ٧,٢ | ٨,٢ | ١٢,٢ | ١٦,٩ | ٢٣,٢ | ٢٩,٨ | ٣٣,٨ | ٣٣ | ٢٨,٧ | ٢١,٩ | ١٤,١ | ٩,١ | ١٩,٨ |
| چەمچەماڵ | ٧,٩ | ٩,٨ | ١٣,٦ | ١٨,٦ | ٢٤,٤ | ٣٠,٤ | ٣٤,٢ | ٣٣,٨ | ٢٩,٨ | ٢٣ | ١٤,٣ | ٩,٩ | ٢٠,٨ |
| کەلار | ٩,٤ | ١١,١ | ١٥,٢ | ٢٠,٥ | ٢٥,٣ | ٣١,٧ | ٣٦,١ | ٣٥,٥ | ٣١,١ | ٢٤,٣ | ١٧,٠ | ١١,٤ | ٢٢,٤ |
| کەرکووک | ٩,٢ | ١٠,٩ | ١٤,٩ | ١٩,٩ | ٢٥ | ٣١,٢ | ٣٥,٨ | ٣٤,٨ | ٣١ | ٢٤,١ | ١٦,٣ | ١١,٠ | ٢٢ |
| خانەقین | ٩,٤ | ١١,٥ | ١٥,٦ | ٢١,٤ | ٢٨,١ | ٣٣,١ | ٣٦,٢ | ٣٥,٧ | ٣١,٨ | ٢٤,٨ | ١٧,٢ | ١١,٨ | ٢٣,١ |
| تێکڕا | ٧,٢ | ٩,٠٣ | ١٣ | ١٧,٩ | ٢٣,٨ | ٢٩,٧ | ٣٤,١ | ٣٣,٧ | ٢٩,٦ | ٢١,٩ | ١٤,٣ | ٩,٤٦ | ٢٠,٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی، بەشی ئامار، (٢٠١٠-٢٠٢٠)، داتاکان بڵاونەکراوەیە.

٢. وزارة النقل و المواصلات، الهيئة العامة للانواء الجوية و الرصد الزلزالي، قسم المناخ، (٢٠١٠-٢٠٢٠)، بيانات غير منشورة.

**خشتەی ٣ تێکڕای کۆی بارانی مانگانە و ساڵانەی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠) (ملم)**

| وێستگە | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | کۆی گشتی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زاخۆ | ١١٠ | ٩٠,٣ | ٨٨,١ | ٧٢,٦ | ٣٥,٧ | ١,٩ | ٠ | ٠ | ٣,١ | ٤٥,٦ | ٧٥,٤ | ١٠٨ | ٦٣١,٣ |
| ئامێدی | ١٦٠ | ١٢٠,٢ | ٩٩,٣ | ٨٠,٢ | ٦١,٢ | ١,٢ | ٠ | ٠ | ٢,٢ | ٧٤,٢ | ٨٨,٣ | ١١٧ | ٨٠٤,٣ |
| دهۆک | ١٠٢ | ٧٨,٣ | ٩٣,٣ | ٦٦,١ | ٢٥,٦ | ١,١ | ٠ | ٠ | ١,٧ | ٣٢ | ٨٩,٢ | ١٠٣ | ٥٩٢,٨ |
| ئاکرێ | ١٤٥ | ٨٥,١ | ٩٦,٤ | ٦٤,٢ | ٦٠,٣ | ١,١ | ٠ | ٠ | ٢,١ | ٣٥,١ | ٨٠,٢ | ١١٠ | ٦٧٩,٩ |
| سۆران | ١٢٥ | ٩٨,٩ | ٨٨,٤ | ٤٥,٥ | ٢٣,٧ | ١,٢ | ٠ | ٠ | ٥,٩ | ٤٧,٢ | ٨٠,٣ | ١٠٣ | ٦١٩,٢ |
| پیرمام | ١١٤ | ٨٣,٥ | ٦٥,٧ | ٢١,٣ | ٢١,٣ | ١,٨ | ٠ | ٠ | ٢,٥ | ٥٠,٢ | ٧٠,٢ | ١٠٤ | ٥٣٤,٦ |
| هەولێر | ٧٥,٧ | ٥٢,٤ | ٧٥,١ | ٤٩,٤ | ٢٠,٤ | ٠,٢ | ٠ | ٠ | ٠,٦ | ٢٠,٥ | ٤٤,٣ | ٨٠,٢ | ٤١٨,٨ |
| خەبات | ٥٢,٨ | ٣٨,٤ | ٥٥,٧ | ٢٨,٤ | ١٠,٢ | ٠,٤ | ٠ | ٠ | ٠,٨ | ١٨,٢ | ٣٨,٤ | ٧٥,٣ | ٣١٨,٦ |
| پێنجوێن | ٢١١ | ٢٠٣,١ | ١٨٨,٧ | ٩٨,٦ | ٤٥,٨ | ٣,٦ | ٠ | ٠ | ١,٥ | ٤١,٥ | ١٤٨ | ١٥٩ | ١١٠١,٤ |
| هەڵەبجە | ٩٢,١ | ٨٨,٨ | ٨٥,٣ | ٦٩,٤ | ٣٢,٧ | ٠ | ٠ | ٠ | | ٤٥,١ | ٨٨,٦ | ١٠٦ | ٦٠٧,٧ |
| سلیمانی | ١٣١ | ١١١,٦ | ١١٥,١ | ٨٠ | ٢٨ | ٠,٨ | ٠ | ٠ | ١,٤ | ٤٥ | ١٠٢ | ١٣٧ | ٧٥٠,٦ |
| چەمچەماڵ | ٨٠,٤ | ٧٩,١ | ٨٢,٢ | ٦٠ | ١٨,٤ | ٠,٣ | ٠ | ٠ | ٠,٦ | ١٨,٩ | ٥٠,٤ | ٩٠,٨ | ٤٨١,١ |
| کەلار | ٤٤,١ | ٤١,٤ | ٧٥,٢ | ٢١,٤ | ١٢,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٢,٦ | ٥٥,٥ | ٥٧,٢ | ٣٢٩,١ |
| کەرکووک | ٦٦,٣ | ٦٢,٨ | ٦١,٨ | ٥٣,١ | ١٧,٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٠,٣ | ٤٠ | ٥٩,٤ | ٣٧١ |
| خانەقین | ٦١,٤ | ٤٧,١ | ٥٢,٧ | ٣٢,٧ | ٩,٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٣,١ | ٤٠,٧ | ٥٧,١ | ٣١٤,٦ |
| تێکڕا | ١٠٥ | ٨٥,٤ | ٨٨,٢ | ٥٦,١٩ | ٢٨,٢ | ٠,٩١ | ٠ | ٠ | ١,٦ | ٣٤,٦ | ٧٢,٨ | ٩٧,٨ | ٥٧٠,٣٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی، بەشی ئامار، (٢٠١٠-٢٠٢٠)، داتاکان بڵاونەکراوەیە.

٢. وزارة النقل و المواصلات، الهيئة العامة للانواء الجوية و الرصد الزلزالي، قسم المناخ، (٢٠١٠-٢٠٢٠)، بيانات غير منشورة.

## نۆیەم: دەرامەتی ئاو

لە ڕاستیدا کاریگەری و ڕۆڵی سەرچاوە ئاوییەکان لە پەیوەندیی و بڕیارە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتان لە ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانی دەبێتە فاکتەری گرژی یان بەیەکگەیشتن.[1] دەرامەتی ئاویش لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە ئاوی شیرین کە هەموو سەرچاوەکانی وەکو باران و بەفر و ڕووبارەکان و دەریاچەکان و ئاوی ژێر زەوی دەگرێتەوە.

ا **ڕووبارەکان:** گرنگییەکی گەورەیان لە لایەنی جیۆپۆلیتیکییەوە هەیە و بە کەرەستەیەکی ستراتیجی دادەنرێن، وەکو سنووری سیاسی لە نێوان دەوڵەتان و هەرێمەکان بەکاردەهێنرێن، بەو پێیەی هۆکارێکی سروشتییە. هەرچەندە ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و سەربازییەوە ڕۆڵەکەی کەمتر بووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی بۆ گواستنەوە و هاتوچۆ و کشتوکاڵ کردن و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی و بەخێوکردن و ڕاوەماسی و چالاکی گەشتوگوزار و دامەزراندنی پیشەسازییەکان سوودیان لێ وەردەگیرێت، هەروەها هێز و سەنگی ئابووری و سیاسی و جیۆپۆلیتیکی دەبەخشێتە دەوڵەتانی ئاوەزێڵی ڕووبارەکە. بە شێوەیەکی گشتیش لە هەرێم دا سێ شێوەی داهاتی ئاوی هەیە کە بریتین لە ئاوی سەرزەوی (ڕووبار و دەریاچەکان)، ئاوی ژێرزەوی (کانیاو، بیر، کارێزەکان) و باران و بەفر. ڕووباری دیجلە و لقەکانیشی بە کوردستان تێپەڕ دەبن کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

١. **دیجلە:** ڕووباری دیجلە لە زنجیرە چیاکانی باکووری کوردستان هەڵدەقوڵێ و درێژییەکەی (١٧١٨)کم دەبێ، پاش ئەوەی بە درێژایی (٤٤)کم سنووری نێوان تورکیا وسوریا پێکدێنێ، بە دووری (٤)کم لە باکووری گوندی پێشخاپوور دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان .[2] داهاتی ئاویی ساڵی (٢٠١٩)ی دیجلە بە بێ لقەکانی دەگاتە ( ١٤,١٨٤,٠٣٤,٥٦٠)ملیار/م٣.

(١) فریبا نیرومندفرد و علی شهیدی، هیدروپلیتیک ایران و عراق و بهینه کردن مصرف آب های مشترک مرزی، فصلنامه علمی پژوهشی سیاست جهانی، دوره هفتم، شماره دوم، تابستان ١٣٩٧،ل٢٣٨.
https://interpolitics.guilan.ac.ir/article_3093_e23ee965d5355c900a9e9060920e9416.pdf

(٢) فەرەیدون کاکەیی و ئەوانی تر، گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، کتێبی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣،ل٩٩.

٢. **خاپـوور:** یەکـەم ڕێژگەیـە بـە ڕووبـاری دیجلـە دەگات لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق، سـەرچاوەکەی بریتیـە لـە باکـووری کوردسـتان و لـە نزیـک گونـدی پێشـخاپوور دەڕژێتـە دیجلـە.[١] داهاتـی ئاویـی سـاڵی (٢٠١٩)خاپـوور بریتیـە لـە (٢,٦٨٤,٩٠١,٠١٢)ملیار/م٣یـە. نزیکـەی (٧٤٪)ی داهاتـی سـاڵانەی ئاوەکەشـی لـە دەرەوەی هەرێمـە و تەنیـا(٢٦٪)ی لـە ناوخـۆی هەرێمـە.

٣. **خـازر:** لـە چیاکانـی ئاکـرێ و باکرمانـەوە سـەرچاوە دەگرێـت و داهاتـی ئاویـی سـاڵی (٢٠١٩) دەگاتـە (٦٧٧,٨٥٨,٨٤٩) ملیـۆن/م٣. لـە (١٠٠٪) داهاتـی ئاوەکەشـی لـە ناوخـۆی هەرێمـە.

٤. **زێـی گـەورە:** ئـەم زێیـە بـە گەورەتریـن و گرنگتریـن لقەکانـی ڕووبـاری دیجلـە دادەنرێـت. لـە ناوچەکانـی هـەکاری لـە باکـووری کوردسـتان هەڵدەقوڵـێ.[٢]، داهاتـی ئاویـی سـاڵی (٢٠١٩) بریتیـە لـە (٨,٥٢٥,٠٨٨,٠٠٠)ملیـار/م٣. هەروەهـا (٤٢٪) داهاتـی ئاوەکـەی لـە دەرەوەی هەرێمـە، بـەڵام (٥٨٪)ی لـە نـاوەوەی هەرێمـە.

٥. **زێـی بچـووک:** لـە بەرزاییەکانـی لاجانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەڵدەقووڵـێ و لـە ڕۆژهەڵاتـی قـەڵادزێ دێتـە نـاو خاکـی هەرێـم.[٣] داهاتـی ئاویـی سـاڵی (٢٠١٩) دەگاتـە (٣,٧٧٩,٨٠٩,٠٦٢)ملیـار/م٣ و (٤٠٪)ی داهاتـی ئاوەکـەی لـە دەرەوەی هەرێمـە و (٦٠٪) بریتیـە لـە نـاوەوەی هەرێـم.

٦. **سـیروان (دیالـە):** لـە چیاکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە هەڵدەقووڵـێ، لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی پارێـزگای سـلێمانی لـە گونـدی لاوەران دێتـە هەرێمـی کوردسـتان.[٤] داهاتـی ئاویـی سـاڵی (٢٠١٩) بریتیـە لـە (١,٧١٣,٧١٧,٤٦٦)ملیـار/م٣ و

---

(١) سـليمان عبدالله اسـماعيل، السياسـة المائيـة لـدول حـوضي دجلـة و الفـرات و انعكاسـاتها عـلى القضيـة الكرديـة، مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، السـليمانية، ٢٠٠٤،ص٤٥.

(٢) کاروان ئەحمـەد حمـە صالـح، کاریگـەری ئـاو لـە سـەر دۆزی کـورد لـە عێراقـدا، لـە بڵاوکراوەکانـی مەکتەبـی بیـر و هۆشـیاری ی . ن . ک، چاپخانـەی ڕوون، سـلێمانی، ٢٠٠٤،ل٥٨.

(٣) ئـازاد جـەلال شـەریف، سـەرچاوە و دەرامەتـی ئـاو، جیۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێراق،سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣٤.

(٤) شـاكر خصبـاك، العـراق الشـمالي (دراسـة لنواحـه الطبيعيـة و البشريـة)، مطبعـة شـفيق، بغـداد،

(٧٩٪) داهاتـی ئاوەکەشـی لـە دەرەوەی سـنوورەکانی هەرێمـە لـە بەرانبـەر دا تەنیـا (٢١٪)ی لــە نــاوەوەی هەرێمــە.

٧. **ئـاوە سـپی (عوزێـم):** لـەو لقانەیـە ئاوەکـەی وەرزییـە و لـە زەویەکانـی عێراقـەوە هەڵدەقوڵـێ، لـە سـێ لقـی وەرزی پێکدێـت، ئەوانیـش خاسـە سـو کـە پارێـزگای کەرکووکـی دەکەوێتـە سـەر تـاووق سـو و ئـاق سـو. [1] داهاتـی ئاویـی ساڵی (٢٠١٩) گەیشـتووەتە (٣٩،٠٩٨،١٨٦)ملیـۆن/م٣ و (١٠٠٪) داهاتـی ئاوەکەشـی بریتیـە لـە داهاتـی ئـاوی ناوخـۆ. لـە خشـتەی ( ٤) دا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـەوا هەرێـم نابێـت بـە بـەردەوام پشـت بـەو ئاوانـە ببەسـتێ کـە لـە تورکیـا و ئێرانـەوە دێنـە نـاو خاکـی هەرێمـی کوردسـتان، چونکـە هـەر یـەک لـەو دەوڵەتانـە پرۆژەکانـی بەسـت و بەنداویـان دامەزرانـدووە و ڕێـڕەوی ڕووبارەکانیـان گواسـتووەتەوە. هەرێمیـش لەبەرئـەوەی دەوڵـەت نیـە ناتوانـێ گوشـار بخاتـە سـەر ئـەو دەوڵەتانـە و ڕێککەوتننامـەی کۆنکرێتیـش لـە نێـوان عێـراق و ئـەو دەوڵەتانـەش دا لـەم ڕووەوە نیـە، هـەر بۆیـە پێویسـتە هەرێـم خـۆی هەوڵـی گلدانـەوە و کۆنترۆڵکـردن داهاتـە ئاوییەکانـی ناوخـۆی بـدات و سیاسـەتێکی ئـاوی ئەوتـۆ بگیرێتـە بـەر کەمتریـن بـڕی ئـاو بـە فیـڕۆ بچێـت. هـەر لـە خشـتەکەدا تێبینـی دەکەیـن تێکڕای داهاتـی ساڵانەی ئـاوی هەرێـم (٣١،٦٠٤،٥٠٧،١٣٥) ملیـار/م٣ یـە، بـەڵام لەم بـڕە تەنیـا (٨،٩٨٧،٣٤٨،٤٤٣) بریتیـە لـە داهاتـی ئـاوی ناوخۆیـی و بـڕی (٢٢،٦١٧،١٥٨،٦٩٠) بریتیـە لـەو داهاتـە ئاوییـەی لـە دەرەوەی سـنوورەکانەوە دێنـە نـاو خاکـی هەرێـم. (خشـتەی ٤)

١٩٧٣،ص١٠٧،١٠٦.

(١) ئـازاد جـەلال شـەریف، سـەرچاوە و دەرامەتـی ئـاو، جیۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێراق،سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣٥.

**خشتەی ٤ سەرچاوەی ئاوی ناوخۆیی و دەرەکی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**لە ساڵی (٢٠١٩)ملیار/م٣**

| ڕووبار | داهاتی ساڵانە | دەرەکی٪ | ناوخۆیی٪ | ناوخۆیی | دەرەکی |
|---|---|---|---|---|---|
| دیجلە | ١٤,١٨٤,٠٣٤,٥٦٠ | ١٠٠ تورکیا | سفر | ٠ | ١٤١٨٤٠٣٤٥٦٠ |
| خاپوور | ٢,٦٨٤,٩٠١,٠١٢ | ٧٤ تورکیا | ٢٦ | ٦٩٨,٠٧٤,٢٦٣ | ١,٩٨٦,٨٢٦,٧٤٨ |
| خازر-گۆمەڵ | ٦٧٧,٨٥٨,٨٤٩ | سفر | ١٠٠ | ٦٧٧,٨٥٨,٨٤٩ | ٠ |
| زێی گەورە | ٨,٥٢٥,٠٨٨,٠٠٠ | ٤٢ تورکیا | ٥٨ | ٤,٩٤٤,٥٥١,٠٤٠ | ٣,٥٨٠,٥٣٦,٩٦٠ |
| زێی بچووک | ٣,٧٧٩,٨٠٩,٠٦٢ | ٤٠ ئێران | ٦٠ | ٢,٢٦٧,٨٨٥,٤٣٧ | ١,٥١١,٩٢٣,٦٢٤ |
| سیروان | ١,٧١٣,٧١٧,٤٦٦ | ٧٩ ئێران | ٢١ | ٣٥٩,٨٨٠,٦٦٨ | ١,٣٥٣,٨٣٦,٧٩٨ |
| ئاوەسپی | ٣٩,٠٩٨,١٨٦ | سفر | ١٠٠ | ٣٩,٠٩٨,١٨٦ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٣١,٦٠٤,٥٠٧,١٣٥ | | | ٨,٩٨٧,٣٤٨,٤٤٣ | ٢٢,٦١٧,١٥٨,٦٩٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

Karwan Sabah Hawrami, Water Security and Its Economic Value in Kurdistan Region-Iraq , the Degree of PhD in Hydro- economic & Hydro-politics Geog-.raphy , Erbil, Kurdistan Region , 2020.p.120

**ب بەنداو:**

هەرێمی کوردستان خاوەن چەند بەست و بەنداوێکە کە لە سەر ڕووباری دیجلە و ڕێژگەکانی دروست کراون، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و گلدانەوەی ئاو لە وەرزەکانی لافاو و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی و ئاودێریی و گەشتوگوزار. گەورەترین بەنداویش لە ڕووی گلدانەوەی ئاو لە هەرێم دا بریتیە لە بەنداوی دوکان و ناوەندی داهاتی ئاوی ساڵانەی (٦,٧) ملیار/م٣ بووە.( خشتەی ٥)، بەڵام بچووکترین بەنداو لە هەرێم دووبزە کە ناوەندی داهاتی ئاوی ساڵانەی (٠,٠١٥)ملیار/م٣ بووە.

سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوییش یەکێکە لە سەرچاوەکانی گرنگەکانی ئاو لە هەرێم دا کە لە ڕێگای لێدانی بیری ئاسایی و ئیرتوازییەوە دەردەهێنرێت، تێکڕای چەندێتی ئاوی ژێر زەوی هەرێم بە (٢,٦) ملیار /م٣ ی ساڵانە مەزەندە کراوە.[1] لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە لە کوردستان گرفتی کەم ئاوی نیە، ئەوەی هەیە گرفتی گواستنەوەی ئاوە لە لایەک و گرفتی بە فیڕۆدانی ئاوە لە لایەکی ترەوە ونەبوونی سیستەمی بەڕێوەبردنی گونجاو بۆ دابینکردنی ئاو بە شێوەیەکی کاریگەریش یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی هەرێم کە وا دەکات بەفیڕۆدانی ئاو بەردەوام دەبێت.

**دەیەم: دەرامەتی سروشتی**

لە جیۆپۆلیتیکدا گرنگییەکی زۆر بە بابەتی بەکارهێنانی دەرامەتە سروشتی و ئابوورییەکان و ئاراستەکردنیان بە شێوەیەکی دروست دەدەن. هەرێمی کوردستان خاوەن سەرچاوەی کانزایی زۆر و جۆراوجۆرە کە لە چالاکییە ئابوورییە جیاوازەکاندا دەکرێ بەکاربهێنرێت، بە تایبەتی(نەوت و گاز)لە گرنگترین سەرچاوەکانی وزەن و لە هاوکێشە ئابووریی و سیاسییەکانی جیهاندا، گرنگی ستراتیژی گەورەیان هەیە.

ئەو گرنگییە زۆرەی نەوتیش لە بازاڕەکانی وزەی جیهانی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە نەوت وەکو سەرچاوەیەکی وزە گۆڕاوە بۆ کاڵایەکی ستراتیجی. دۆزینەوەی

(١) محمد عبدالسلام، جيوبولتيكية نقمة المكان (كردستان نموذجا)، دراسة في الجغرافيا السياسية، بدون مكان و سنة الطبع،ص٥٩.

نەوتیش لە زۆر ناوچەی هەرێم، سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئابووری کوردستان و بووەتە ئەڵقەی پەیوەندی هەرێم بە جیهانی دەرەوە. لە ساڵی (٢٠٠٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای تورکی (گینێڵ ئینێرجی Genel Energy)، بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق لە ڕۆژئاوای کۆیە ڕێککەوت.[١] گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمیش لەسەر بنەمای هاوبەشییە لە بەرهەمهێنان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی وزە، لەمڕووەوە ئیکسۆن مۆبێل و شیڤرۆن و تۆتاڵ و گازپرۆم و شێل و ڕووسنەفت بە هەمان شێوە لە هەرێم کار دەکەن.[٢] سەبارەت بە بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم، ئەوا ساڵ لە دوای ساڵ بڕەکەی بەرزبووەتەوە، هەروەک لە ساڵی (٢٠٠٣) بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم (٣٩٦٠٠٠ ملیۆن بەرمیل/ساڵ) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥) دا ئەم بڕە هەڵکشاوە بۆ (٢١١ ملیۆن بەرمیل/ساڵ).(خشتەی ٦)، ئەم هەڵکشانەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی کیڵگە و بیرە نەوتی نوێ لە هەرێم و زۆربوونی ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی لە بواری دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم دا کار دەکەن.

تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم لە ساڵی (٢٠١٧) نزیکەی (٢٠٢ ملیۆن بەرمیل/ساڵ) بووە، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بووە بۆ هەرێم لە بواری ستراتیجیەتی بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردنی نەوت، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٨) تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم بە بێ کەرکووک نزیکەی (١٣٩ ملیۆن بەرمیل/ساڵ) بووە، لە ساڵی (٢٠١٩) دا هەڵکشاوە بۆ نزیکەی (١٧١ملیۆن بەرمیل/ساڵ)، نەوت هەرێمی کوردستانی خستە سەر نەخشەی وزەی جیهانی. دانانی بۆری نەوتی[٣] نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا واتای ئەوە دەگەیەنێت هەرێمی کوردستان خۆی کۆنترۆڵی ئەو بڕە نەوتە

(١) بیلال سەعید و ئەوانی تر، سامانە سروشتییەکان و کاریگەرییەکانی، روانگەیەکی رۆژنامەوانی، ڕێکخراوی مەسەلە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی فریاگوزاری گەلی نەرویج NPA، ٢٠١٢،ل١٨.

(2) Khazal Abdullah Auzer , Institutional Design and Capacity to Enhance Effective Governance of Oil and Gas Wealth: The Case of Kurdistan Region , Springer Nature Singapore Pte Ltd. 2017,p.3,4. http://wrap.warwick.ac.uk/85986/1/WRAP_Theses_Auzer_2016.pdf

(٣) هێڵی بۆری نەوتی کوردستان بریتیە لە هێڵی بۆری هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کە لە خورمەڵەوە درێژ دەبێتەوە تاکو پێشخاپوور لە سەر سنووری تورکیا .

دەکات کـە دەینێرێتـە دەرەوە و دەبێتـە هـۆی ئـەوەی نەوتـی هەرێم بـەردەوام زیاتر بێت، چونکـە ناردنـە دەرەوەی هەیـە [1]، بـەڵام ئـەم کاڵایـە زیاتـر پێویسـتی بـە پـلان و سـتراتیجی ئابوورییانـە هەیـە. گرنگیـش ئەوەیـە هەرێـم بتوانـێ نەوتەکـەی بەکاربهێنێـت لـە ململانـێ سیاسـی و ئابوورییـەکان، بـە تایبەتـی بۆئـەوەی ڕووبـەڕووی مەترسـییەکانی قەیرانـی دارایـی و بڕینـی بودجـە ببێتـەوە لـە داهاتـوو دا. سـاڵی (٢٠١٤) بـە هـۆی پاشەکشـێی هێـزە عێراقیـەکان لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـداری هەرێمـی کوردسـتان، لـەو ماوەیـەدا هەرێـم لـە (٥٧) بلۆکـی نەوتـی بەرهەمهێنانـی دەکـرد و تێکـڕای بەرهەمهێنانـی لـەو سـاڵەدا بریتـی بـوو لـە (١٢٥ ملیۆن/بەرمیـل) و لـە سـاڵی (٢٠١٥) هەڵکشـاوە بـۆ ( ٢١١ ملیۆن/بەرمیـل)، ئەمـەش پەیوەنـدی بـە فراوانتربوونـی ناوچەکانـی ژێردەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێمـەوە هەبـوو، بـەڵام لـە دوای ڕووداوەکانـی (١٦)ی ئۆکتۆبـەری سـاڵی (٢٠١٧) و لەدەسـتدانی ئـەو ناوچانـە لـە لایـەن کـوردەوە، گۆڕانکارییەکـی گـەورە بـە سـەر جیۆپۆلیتیکـی نەوتـی هەرێـم دا هـات، چونکـە بـووە هـۆی لەدەسـتدانی تـەواوی کێڵگـە نەوتییەکانـی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم. هـەروەک لـە سـاڵی (٢٠٢٠) بەرهەمهێنانـی نەوتـی هەرێـم بـۆ نزیکەی(١٢٥ملیۆن/بەرمیـل) داکشـاوە.

شـتێکی بەڵگەنەویسـتە بایەخـی دەوڵـەت و یەکـە سیاسـییەکان لـە سـەر کەمـی و زۆری کەرەسـتەی خـاو و توانـای پیشەسـازی بەنـدە، چونکـە پێشـکەوتنی هۆیەکانـی بەرهەمهێنـان لـەڕووی ئابـووری و سیاسـییەوە کار دەکاتـە سـەر پایـەی ئـەو دەوڵەتـە لـە جیهانـدا، ئەگـەر دەوڵەتێـک گەلەکـەی تێـر و تەسـەل بێـت، ئـەوە کار دەکاتـە سـەر بەهێـزی بنەماکانـی جیۆپۆڵەتیـک، کەواتـە زۆری کەرەسـەی خـاو لـە دەوڵەتـدا، کار دەکاتە سـەر پاشـەڕۆژی هێـزی سیاسـی دەوڵـەت و چۆنێتـی بەرهەمهێنـان و بەکارهێنـان.[2] بـە بۆچوونـی زۆربـەی زۆری چاودێـر و پسـپۆڕانی کەرتـی وزە، سـەرچاوەی وزەی ئاینـدە، گازی سروشـتییە، جگـە لـەوەی سـەرچاوەیەکی گرنگـە لـە سـەرچاوەکانی وزە گەرمییەکـی زۆر دەدات. بەکارهێنانیشـی لـە ڕووی ژینگـەوە پـاک و خاوێنـە و بـە ئاسـانیش دەردەهێنرێـت،

(١) سـفین جـلال فتـح اللـه، دراسـات جیوبولتیکیـە، منشـورات مرکـز کردسـتان للدراسـات الاسـتراتیجیە، السلیمانیە، ٢٠١٣،ص١٥١.

(٢) هـاوڕێ یاسـین محەممـەد، دەروازەیـەک بـۆ جوگرافیای سیاسـی و جیۆپۆڵەتیک،سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٣٩،٢٤٠.

هەروەهـا مادەیەکـی سەرەکیشـە لـە پیشەسـازی پترۆکیمیـاوی و پەییـندا و لـە بـواری پیشەسـازییدا بەربەرەکانێـی نـەوت دەکات وەک سـووتەمەنی، چونکـە توانـای زیادکردنـی بەرهەمـداری کـووره دەکات وەک دەرهێنانـی وزەی کارەبـا و پیشەسـازی کانـزا و پاڵاوتـن و کاغـەز و چیمەنتـۆ.[1] دەتوانیـن بڵێـن گواسـتنەوەی نـەوت و گازیـش چەنـدە پرۆژەیەکـی ئابـووری و بازرگانیـە، هێنـدەش پرۆژەیەکـی جوگرافـی و سیاسـی نێودەوڵەتیـە. لـە ڕێـگای نـەوت و گازەوە هەرێمـی کوردسـتان دەکەوێتـە نێـو هاوکێشـە ڕامیارییـە ئابوورییەکانـی جیهـان. نـەوت و گاز پێگـەی جیۆئیکۆنۆمیکـی هەرێمیـان بەهێـز کـرد و هـۆکار بـوون بـۆ بەهێـز بوونـی پەیوەندییـە سیاسـییەکان و کردنـەوەی چەندیـن قونسـوڵخانەی دەوڵەتـان، لـە خشـتەی (٧) بۆمـان دەردەکەوێـت گەورەتریـن بـڕی یـەدەگ لـە خورمەڵەیە کـە(٢٧٢٦) ملیـۆن بەرمیلـە و کەمترینیـش لـە میرانـە (٣٤) ملیـۆن بەرمیلـە.

پێویسـتە ئیـدارەی هەرێـم و کۆنترۆڵکردنـی لـە لایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگە، کەرتـی نەوتـی هەرێـم زیاتـر بـەرەو بووژانـەوە ئامـاژە بـەوە بدەیـن کـە یەدەگـە بەرچاوەکانـی نەوتـی هەرێـم لـەو ناوچانـەن کـە خەسـڵەتی ناسـەقامگیرییان هەیـە. ئەمـڕۆ یەدەگـی نـەوت و گاز لـە ڕووی ئابـووری و هەروەهـا لـە ڕووی سیاسیشـەوە کاریگـەرە و بووەتـە هـۆکاری چالاکبوونـی بازرگانـی و گەشـەپێدانی ئابـووری و بنەمایـە بـۆ ژێرخانـی ئابـووری هەرێـم و پشـت بەسـتن بـە حکومەتـی عێراقـی کـەم بکەنـەوە. گەورەتریـن کێڵگەکانـی گازی هەرێمیـش بریتیـن لـە (بنەبـاوێ، کۆرمـۆر، خورمەڵـە، میـران، چەمچەمـاڵ) کـە یەدەگـی گازی سروشـتیان بریتیـە لـە (٤,٩، ٤,٤، ٣,٦، ٣,٥، ٣,٤)تریلیـۆن پـێ سـێ جـا. پێویسـتە هەرێـم سـوود لـە گازەکـەی وەربگرێـت و هەوڵـی بوونـە بەشـێک لـە پرۆژەکانـی وزەی ناوچەکـە بـدات، هـەروەک پـرۆژەی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای ناوەڕاسـت، واتـە خـۆی بخاتـە سـەر نەخشـەی وزەی جیهانـی، چونکـە لـەم ڕێگەیـەوە دەتوانـێ سـەربەخۆیی سیاسـی مسـۆگەر بـکات.

(١) شـەماڵ قـادر منـەوەر، جیۆئیکۆنۆمیـک، جیۆئیکۆنۆمیکـی کوردسـتان لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا، هەولێـر، ٢٠١٣،ل٢٩٤.

**ب بنەما مرۆییەکان:**

**یەکەم: دانیشتووان**

دانیشتووان توخمێکی زیندووی بە جووڵەیە، ئەو جووڵەیەش لە زۆربوونە سروشتییەکەی دا دەردەکەوێت (جیاوازی لە نێوان لەدایکبوون و مردن )، هەروەها لە کۆچکردنیشدا (هاتوو بێت یان ڕۆیشتوو) ، ئەم دووانەش کار دەکەنە سەر پێکهاتەی دانیشتووان لە ڕووی تەمەن، ڕەگەز، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی[1]. لە بارەی کاریگەری ژمارەی دانیشتووان لە سەر سەنگی جیۆپۆلیتیکی دەوڵەتان، هەرچەندە ناکرێت دەوڵەتێ بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان بە بەراورد بە دەوڵەتانی دیکە بە بەهێزترینیان دابنرێت، بەڵام ئەوەش ڕاستییە گەر دەوڵەتێک ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی نەبێت، ناتوانێ ببێتە هێزی یەکەم و هەر لەو پێگەیەش دا بمێنێتەوە.[2] یەکێکیش لە گرنگترین توخمەکانی دروستبوونی هێزی نەتەوەیی ژمارەی دانیشتووانە، چونکە مرۆڤ بە گرنگترین فاکتەری جیۆپۆلیتیک دادەنرێت. مارتین گلاسنەر لە شیکردنەوەی فاکتەری هێزی نیشتمانی، ئاماژە بە چەندێتی و چۆنێتی ژمارەی دانیشتووان و کۆچ و ئاستی فێربوون و خوێندەواری و دابەشبوونی دەرامەتەکان و هەژاری و پێکهاتەی میللەت و نوخبەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتی بیرکردنەوە و بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان دەکات.[3] ئێستا ژمارەی دانیشتووانی هەرێم بە بێ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە سەرووی (٦) ملیۆن کەسە، گەر ئەو ناوچانەشی بخرێتە سەر، ئەوا خۆی لە نزیکەی (١٠)ملیۆن کەسێک دەدا لە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ

(١) عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتیەکان،سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

(٢) قدیر نصری و داود رضایی ، امکانسنجی استقلال اقلیم کردستان عراق و تأثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه علمی – پژوهشی (امنیت پژوهی)، سال دوازدهم، شماره ٤٤، زمستان ١٣٩٢،ص١٣٣.

https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?id=246985

(3) Jennifer Hickes Lundquist and Others , United States Of America , Waveland Press, Inc , 2015,p.4. http://www.ru.ac.bd/wp- content/uploads/sites _/25/2019/03/402_10_00_ Lundquist Demography.pdf

ژمارەیەکـی گونجـاوە. لـە خشـتەی (٨) دا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، تـەواوی هەرێمـی کوردسـتان بـە خێرایـی گەشـە دەکـەن، هـەروەک لـە سـاڵی (١٩٥٧) ژمـارەی دانیشـتووانی هەرێـم (١٥٣٠٠٤٣) کـەس بـووە، بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠٢٠) ئـەم ژمارەیـە هەڵدەکشـێت بـۆ (٩٧٨٥٥٥١) کـەس، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆربوونـی لەدایکبـوون و کەمبوونـەوەی مـردن، ئەمـە جگـە لـە کۆچکـردن بـە تایبەتـی دوای سـاڵی (٢٠٠٣) ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە خەڵکـی ناوچەکانـی تـری عێـراق ڕوویـان لـە هەرێـم کـردووە. بەرزتریـن ڕێـژەی گەشـەی سـاڵانەی دانیشتووانیشـی لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٩) بـووە کـە (٣,٦٪) بـووە، کەچـی نزمتریـن ڕێـژەی لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) بـووە کـە (٢,٣٪) بـووە، هەروەهـا ژمـارەی دانیشـتووانی عێـراق لـە سـاڵی (١٩٥٧) دا (٦٢٩٨٩٧٦) کـەس بـووە، بـەڵام لـە سـاڵی(٢٠٢٠) ئـەم ژمارەیـە هەڵکشـاوە بـۆ (٣٠٧٦٥٠٩٢) کـەس. بـە بەراوردکردنـی ژمـارەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتانیش بـە دەوڵەتانـی دراوسـێ، ئەوە تێبینـی دەکەیـن جیاوازییەکـی گـەورە لـە نێـوان هەرێـم و دەوڵەتانـی دراوسـێی دا هەیـە (خشـتەی٩)، لـە ئەگـەری هەژمارنەکردنـی ژمـارەی دانیشـتووانی پێکهاتـەی کـوردی ئـەو دەوڵەتانەشـدا، ئەمـەش بـە مەترسـییەکی جیۆپۆلیتیکـی دادەنرێـت و هەروەهـا دیـاردەی لێژیـی توونـدی جیۆپۆلیتیکـی لـە بـواری دانیشـتووان لـە نێـوان هەرێـم و دراوسـێکانی دا هەیـە (شـێوەی ١).

**خشتەی ٥ بڕی ئاوی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠١٩)/ملیارم٣**

| | بەنداو | ناوەندی داهاتی ئاوی ساڵانە |
|---|---|---|
| سنووری ئیدارەی هەرێم | دوکان | ٦,٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| | دەربەندیخان | ٢,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| | دهۆک | ٤٧,٠٠٠,٠٠٠ |
| ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | موسڵ | ٥,٩٨٠,٠٠٠٠٠٠ |
| | حەمرین | ١,٩٧٠,٠٠٠٠٠٠ |
| | دووبز | ٠,٠١٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1. Karwan Sabah Hawrami, Water Security and Its Economic Value in Kurdistan Region-Iraq , the Degree of PhD in Hydro- economic & Hydro-politics Geography , Erbil, Kurdistan Region , 2020.p.12.5.

٢. جمهوريـة العـراق، وزارة التخطيـط، الجهـاز المركـزي للاحصـاء، الاحصـاءات البيئيـة للعـراق، كميـة و نوعيـة المیـاه لسـنة ٢٠١٩، جـدول (٧)، ٢٠٢٠.

**خشتەی 6 بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم لە ماوەی نێوان ساڵی (٢٠٠٣ – ٢٠٢٠)بەرمیل**

| ساڵ | بەرهەم | ساڵ | بەرهەم |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٣٩٥٩٤٥ | ٢٠١٢ | ٧٦٧٠٦١٥٢ |
| ٢٠٠٤ | ١٦٠٥٩٩ | ٢٠١٣ | ٧٨٤٦٣٥١٨ |
| ٢٠٠٥ | ٣٦٧٧٣٨ | ٢٠١٤ | ١٢٥٠٩٤٧٧٨ |
| ٢٠٠٦ | ٥٠٦٢٦٩ | ٢٠١٥ | ٢١١٠٠٠٠٠٠ |
| ٢٠٠٧ | ١٥٢٤٢١١ | ٢٠١٦ | - |
| ٢٠٠٨ | ٣١١٧١٧٢ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨٥٠١٩٠ |
| ٢٠٠٩ | ١٥٦٨٩٠٤٩ | ٢٠١٨ | ١٣٨٦٤١٣٥٦ |
| ٢٠١٠ | ٢٧٤٨٣٧٧٥ | ٢٠١٩ | ١٧٠٩٧٧٧٨٤ |
| ٢٠١١ | ٦٨٢٣١٤٨٦ | ٢٠٢٠ | ١٢٤٧٩٨٩٢١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

Kurdistan Regional Government , Ministry Of Natural Resources, production report , 2020.

**خشتەی 7 یەدەگی کێڵگە سەرەکییەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان (٢٠١٥)**

| کێڵگە | یەدەگی نەوتی پشتڕاستکراو (ملیۆن بەرمیل) | یەدەگی گازی پشتڕاستکراو (ترلیۆن پێ سێ جا) |
|---|---|---|
| خوڕمەڵە | ٢٧٢٦ | ٣,٦ |
| شێخان | ١٠٠١ | ١,٣ |
| ئەتروش | ٨٥٤ | ٠,١ |
| تاوکێ | ٧٣١ | ٠,١ |
| تەق تەق | ٥٧٩ | ٠,١ |
| کوردمیر | ٥٤١ | ٢,٣ |
| شێخ عودەی | ٥٣١ | ٠,٤ |
| پولخانە | ٤٠٩ | - |
| تۆپخانە | ٥٥ | ١,٧ |
| چەمچەماڵ | ١١٠ | ٣,٤ |
| کۆرمۆر | ١٣٨ | ٤,٤ |
| میران | ٣٤ | ٣,٥ |
| بنەباوی | ٤٥ | ٤,٩ |
| سمێل | - | ١,٤ |
| کۆ | ٧,٧٥٤ | ٢٧,٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

Mills, Robin, Under The Mountains: Kurdish Oil and Regional Politics، Oxford Institute For Energy Studies, Oies Paper: Wpm 63, January 2016, p.18.

١ زیادبوونی سروشتی و پێکهاتەی ڕەگەز و تەمەنی دانیشتووان:سەبارەت بە ڕێژەی گشتی لەدایکبوون لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٢٠) لە هەزار دا (٤٨) بووە، لە بەرانبەر دا ڕێژەی مردن کەمی کردووە کە (٨) لە هەزار بووە، وڵاتانی دواکەوتووش بەوە ناسراون ژمارەیەکی کەمی هاوسەران ڕێگاکانی

خۆپارێــزی لــە منداڵبــوون دەگرنــە بــەر.[1] ئــەم ڕێژەیــەش بــەرزە و ئاماژەیەکــی جیۆپۆلیتیکــی بەهێــزی دانیشــتووانی هەرێــم و مانــەوەی کۆمەڵــگای کوردییــە بــە لاوی. هەرچــی ڕەگــەزی دانیشــتووانە، واتــە ڕێــژەی نێــر بەرانبــەر هــەر (١٠٠) مــێ، ئــەوا زیاتــر لــە (١٠١) نێــر بــووە بــۆ هــەر (١٠٠) مــێ، هەرێمــی کوردســتانیش وەکــو ناوچەکانــی تــری جیهــان ڕێــژەی ڕەگــەزی نێــری زیاتــرە وەک لــە مــێ، بــەرزی ڕێــژەی ڕەگــەز بــە تایبەتــی نێــر لــە هەرێمــدا گرنگــی جیۆپۆلیتیکــی خــۆی هەیــە لــە ڕووی هێــزی ســەربازیی و بەکارهێنانیــان لــە بــواری کەرتەکانــی ئابــووری.

ســەبارەت بــە پێکهاتــەی تەمەنــی دانیشــتووانیش، ئــەوا لــەو فاکتــەرە گرنگانەیــە کاریگــەری لــە ســەر ئاســتی هێــزی نەتەوەیــی هــەر دەوڵەتێــک هەیــە. لــە هەرێــم دا دەســتەی (٢٠-٦٤)ســاڵ ڕێژەکەیــان (٤٩,٢٪)یــە، ئەمــەش گرنگــی جیۆپۆلیتیکــی خــۆی هەیــە لــە ڕووی دابینکردنــی هێــزی ســەربازی و پیشەســازی و کشــتوکاڵ و زیادبوونــی لەدایکبــوون، ســەبارەت بــە دەســتەی (٠-١٩) ســاڵی کــە دەســتەی منــداڵ و مێردمنداڵانــە، ئــەوا ڕێژەکەیــان (٤٧٪)ی دانیشــتووان بــووە، ئەمــەش مانــای بــە گەنجــی مانــەوەی دانیشــتووانی هەرێمــە. دەســتەی (٦٥ســاڵ بــەرەو ژوور) ڕێژەکەیــان (٣,٨٪) بــووە (خشــتەی ١٠) و کەمتریــن دەســتەن لــە نێــو پێکهاتــەی تەمەنــی دانیشــتووانی هەرێــم، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت هەرێــم پێکهاتەیەکــی گەنجــی هەیــە و ڕێــژەی پیرەکانــی تێــدا نزمــە.

(1) Dudley L. Poston, Jr , Leon F. Bouvier , Population and Society An Introduction to Demography , Cambridge University Press , New York , 2010,p.72. https://www.pdfdrive.com/population-and-society-an-introduction-to-demography-d184398033.html

**خشتەی ٨ ژمارە و گەشەیدانیشتووانی هەرێمی کوردستان و عێراق بە پێی ئامار و سەرژمێرییە فەرمییەکان لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٥٧- ٢٠٢٠)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق | ژمارەی دانیشتووانی عێراق | ماوە | ٪ گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی هەرێم | ٪ گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٥٣٠٠٤٣ | ٦٢٩٨٩٧٦ | ١٩٧٧-١٩٥٧ | ٣ | ٣,٣ |
| ١٩٧٧ | ٢٧٣٢٦٨٢ | ١٢٠٠٠٤٩٧ | ١٩٨٧-١٩٧٧ | ٢,٦ | ٣,١ |
| ١٩٨٧ | ٣٥٢٥٤١٥ | ١٦٣٣٥١٩٩ | ٢٠٠٩-١٩٨٧ | ٣,٦ | ١,٧ |
| ٢٠٠٩ | ٧٦٣٧٣٠٦ | ٢٣٨٩٣٧٥٦ | ٢٠٢٠-٢٠٠٩ | ٢,٣ | ٢,٣ |
| ٢٠٢٠ | ٩٧٨٥٥٥١ | ٣٠٧٦٥٠٩٢ | | | |

کاری توێژەر پشت بەستن بە:

١-المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧،لالوية الموصل و اربيل و كركوك و السليمانية و ديالى، و للعراق، الجدول رقم (٨).

١. نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظات دهوك و نينوى و اربيل و السليمانية و التاميم و صلاح الدين و ديالى و لكافة انحاء العراق، الجداول رقم (٢٢).

٢. نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظات دهوك و نينوى و اربيل و السليمانية و كركوك و صلاح الدين و ديالى و لكافة انحاء العراق، الجداول رقم (٢٢).

٣. ا – حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار،٢٠٢٠.

□ وزارة التخطيط، الهيئة العليا للتعداد العام للسكان و المساكن، سلسلة تقارير الترقيم و الحصر ٢٠٠٩، جدول رقم (١٤).

٤. ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق لە ساڵی (٢٠٢٠)بە

دابەزاندنەکانی دانیشتووان بەم شێوەیە دەرهێنراوە:

ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ئاینده =(ڕێژەی گەشە x ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی پێشوو ÷ ١٠٠)+ ژمارەی دانیشتووانی ساڵی پێشوو.

بۆ زیاتر: عبد علي حسن الخفاف و عبد مخمور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٦،ص١٥٢.

**خشتەی ٩ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد بە دەوڵەتانی دراوسێی لە ساڵی (٢٠٢٠)**

| دەوڵەت | ژمارەی دانیشتووان /ملیۆن |
| --- | --- |
| تورکیا | ٨٤,٣ |
| سوریا | ١٧,٥ |
| ئێران | ٨٤ |
| عێراق(بە بێ هەرێم) | ٣٠,٣ |
| هەرێمی کوردستانی عێراق(*) | ٩,٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1. UNFPA , State of World Population 2020,p.144,146. https://www.unfpa.org/sites/default/files/pub- pdf/UNFPA_PUB_2020_EN _State_of_World_Population.pdf

٢. سەرچاوەکانی خشتەی (٨).

(*)ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەگرێتەوە.

**شێوەی ١ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی لە ساڵی (٢٠٢٠)**




سەرچاوە: پشت بەستن بە سەرچاوەکانی خشتەی ( ٩)

**خشتەی١٠ زیادبوونی سروشتی و پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٠)(*)**

| ساڵ | ٪ گشتی لەدایکبوون لە هەزار | ٪ مردن لە هەزار | ڕەگەز (٪نێر بەرانبەر هەر سەد مێ) | گروپی تەمەن٪ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ٠-١٩ | ٢٠-٦٤ | ٦٥ بەرەو ژوور |
| ٢٠٢٠ | ٤٨ | ٨ | ١٠١,٣ | ٤٧ | ٤٩,٢ | ٣,٨ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار،٢٠٢٠.

(*) تەنیا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

**ب دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتووان:**

سادەترین شێوەی لێکۆڵینەوە لە دانیشتووانی دەوڵەتان لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکەوە، بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتووان. دابەشبوونی دانیشتووانیش لە وڵاتێکدا کاریگەری لە سەر سەقامگیری سیاسی لەو وڵاتە دا هەیە. لە ڕاستییدا گەر دانیشتوان لە یەک شوێن دا گردببنەوە، یەکپارچەییان ئاسانە، بەڵام گەر لە ناوچەیەکی فراوان دا پەرتوبڵاو بن،ئەوا لە ڕووی ناوچەییەوە زۆر لاواز دەبن، بە تایبەتی گەر ئەم پەرتوبڵاوییە جیاوازی کلتووری و نەتەوەیی و زمانی لەگەڵ بێت و هەمان هاوبەشییان لەگەڵ دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکە هەبێت، ئەوا بە گەورەترین هەڕەشەی ئاسایش بۆ سەر ئەو وڵاتە دادەنرێت.

لە خشتەی (١١) دا بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی دانیشتووانی هەرێم شارنشینن، هەروەک لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی شارنشینانی هەرێم (٧٣٪) ی کۆی دانیشتووانی هەرێمیان لە خۆ گرتووە، بەڵام ڕێژەی گوندنشینان (٢٧٪) بووە، کەچی لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەم ڕێژەیە هەڵکشاوە بۆ زیاتر لە (٧٥٪)ی کۆی دانیشتووان لە بەرانبەریش دا ڕێژەی گوندنشینان داکشاوە بۆ نزیکەی (٢٥٪)ی کۆی دانیشتووان. سەبارەت بە ناوچەکانی سنووری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی شارنشینانیاننزیکەی (٧٩٪)ی کۆی دانیشتووان بووە لە بەرانبەر دا ڕێژەی گوندنشینانی زیاتر لە (٢١٪) بووە. لە ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەی شارنشینانیان هەڵکشاوە بۆ زیاتر لە (٨١٪) کۆی دانیشتووان و لە بەرانبەریشدا ڕێژەی گوندنشینانیان نزیکەی (١٩٪) بووە. ئەم بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینان، جگە لە بەرزی زیادبوونی سروشتی، کۆچکردن کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر زیادبوونی ڕێژەی شارنشینانی بە تایبەتی ئەو کۆچەی لە ناوچەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی حکومەتی هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق بە ئاراستەی ئەم ناوچەیە کراوە.

سەبارەت بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەوا لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی شارنشینانی نزیکەی (٦٤٪)ی کۆی دانیشتووانی بووە، لە کاتێکدا ڕێژەی گوندنشینانی زیاتر لە (٣٦٪) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەی

شارنشــینانی هەڵکشــاوە بــۆ زیاتــر لــە (٦٥٪)ی کــۆی دانیشــتووان لــە بەرانبــەردا ڕێــژەی گوندنشــینانی داکشــاوە بــۆ نزیکــەی (٣٥٪).(نەخشــەی٧) بەرزبوونــەوەی ڕێــژەی شارنشــینانی ئــەم ناوچەیــە دەگەڕێتــەوە بــۆ تاڕادەیــەک گونجــاوی شــارەکان بــۆ نیشــتەجێ بــوون، بــەڵام ســەبارەت بــە نزمبوونــەوەی ڕێــژەی گوندنشــینان پەیوەنــدی بــە خراپــی دۆخــی خزمەتگــوزاری و ناســەقامگیری ئاسایشــەوە هەیــە.

**خشــتەی ١١ دابەشــبوونی ژینگەیــی دانیشــتووان لــە هەرێمــی کوردســتانی عێــراق لــە نێــوان ســاڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)٪**

| ناوچە | ٢٠٠٩ | | | ٢٠٢٠ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | گوندنشین | کۆی گشتی | شارنشین | گوندنشین | کۆی گشتی |
| ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێم | ٧٨,٩ | ٢١,١ | ١٠٠ | ٨١,٤ | ١٨,٦ | ١٠٠ |
| ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم | ٦٣,٧ | ٣٦,٣ | ١٠٠ | ٦٥,٢ | ٣٤,٨ | ١٠٠ |
| هەرێمی کوردستانی عێراق | ٧٣ | ٢٧ | ١٠٠ | ٧٥,٤ | ٢٤,٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (٨).

**ج دابەشبوونی چڕی دانیشتووان:**

چـڕی دانیشـتوان بـە کاردەهێنرێـت بـۆ دۆزینـەوەی ڕادەی پەیوەنـدی لـە نێـوان مـرۆڤ و ئـەو ڕووبـەرە زەوییانـەی لـە سـەری دەژیـن و هەروەهـا بۆ هەڵسـەنگاندنی جیـاوازی لە دابەشـبوونی دانیشـتووان و ڕادەی گردبوونـەوە و بڵاوبوونەوەیـان لـە ناوچەیەکـدا. چڕیـش بریتیـە لـە تێکـڕای ژمـارەی دانیشـتووان بـۆ یەکـەی ڕووبـەر.[1] لـە خشـتەی (١٢) بۆمـان دەردەکەوێـت چـڕی دانیشـتووانی هەرێـم لـە سـاڵی (٢٠٠٩) دا (٨٩,٤کەس/کم٢)بـووە، بـەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) دا چڕییەکـەی هەڵکشـاوە بـۆ (١١٤,٥کەس/کم٢)، هەروەهـا هـەر لـە خشـتەکەدا تێبینـی ئـەوە دەکەیـن، ئـەو ناوچانـەی کەوتوونەتـە سـنووری ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم چـڕی دانیشـتووانی لـە سـاڵی(٢٠٠٩) دا (١١٩,٢کەس/کـم٢) کەچـی ئـەم چڕییـەی لـە سـاڵی (٢٠٢٠) دا هەڵکشـاوە بـۆ (١٥٧,٨کەس/کم٢)، چـڕی دانیشـتووان لەو ناوچـە کوردسـتانییانەی کەوتوونەتـە دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم لـە سـاڵی (٢٠٠٩) دا (٦٤,٢ کەس/کم٢)بـووە، بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠٢٠) هەڵکشـاوە بـۆ (٧٨کـەس/کـم٢). (نەخشـەی ٨) بەرزیـی چـڕی دانیشـتووانی ناوچەکانی سـنووری ئیـدارەی حکومەتی هەرێـم بـە بـەراورد بـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم لـە لایـەک پەیوەنـدی بـە زیادبوونـی سروشـتی دانیشـتووان و لـە لایەکـی تـر پەیوەنـدی بـەو ژمـارە زۆرەی خەڵکـی ناوچەکانـی تـری عێراقـەوە هەیـە کـە ڕوویـان لـە هەرێـم کـردووە، بـەڵام سـەبارەت بـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم لـە دوای سـاڵی (٢٠٠٣)ەوە لـە بارودۆخێکـی ناسـەقامگیری سیاسـی و ئاسایشـی دابـوون.

---

(١) احمـد نجـم الديـن، احـوال السـكان فـی العـراق، معهـد البحـوث و الدراسـات العربيـە، القاهـرة، ١٩٧٠،ص٢٩.

د  **پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی:**

لەبەرئـەوەی سیسـتەمی سیاسـی نێودەوڵەتـی بـاو تاکـو ئێسـتاش لـە سـەر بنەمـای دەوڵەتـی نەتەوەیـی و سـنووری هەرێمیـە، بۆیـە ناسـنامەی نیشـتمانی گرنگـە. لـەم ڕووەوە پرۆفیسـۆر کلاوس دۆدز پێیوایـە پرسـی ناسـنامە لـە ڕووی سـۆز و جوگرافیاشـەوە بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە.(1) لـە ڕاسـتییدا دەوڵەتانـێ کـە خـاوەن میللەتێکـی یەکپارچـە و تـاک نەتەوەییـن، یـەک زمـان و یـەک ئاینیـان هەیـە، گیانـی پێکـەوە هەڵکردنـی نەتەوەییـان تێـدا بـەرزە، ئەمـەش وەکـو فاکتەرێکـی هێـزە بۆیـان،(2) بـەڵام ئـەم جـۆرە دەوڵەتانــە لــە ســەر ئاســتی جیهــان دەگمەنــن. ســەبارەت بــە هەرێمــی کوردســتان شـوێنە جوگرافیەکـەی کاریگەرییەکـی دیـاری لـە سـەرجۆراوجۆری پێکهاتـەی نەتەوەیـی و ئاینیەکـەی هەبـووە، لـە پـاڵ کـورد دا تورکـمان و عـەرەب و ئەرمـەن و کلـد و ئاشــووری و هەروەهــا لەگــەڵ ئــەوەی زۆرینــەی دانیشــتووانی هەرێــم موســڵمانی ســوونە مەزهەبــن، بــەڵام موســڵمانی شــیعە و ئێزیــدی و کاکەیــی و کریســتیان و بەهائـی و سـابیئەی تێـدا دەژی. بەشـەکانی باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوای هەرێمیـش خـاوەن تێکەڵیەکـی ئەتنۆگرافیـن بـە هـۆی پەلکێشـانێکی عەرەبـی بـەرەو ئـەو ناوچانـە کـە هۆکارەکـەی بەپیتـی زەوی و بوونـی لـەوەڕگا بـووە، بۆیـە بـەردەوام لـە بـەردەم مەترسـی دابـڕان دەبـن لـە خاکـی هەرێـم.

ئــەم جۆراووجۆرییــە لــە پێکهاتــەی هەرێــم کاریگــەری لــە ســەر بــوون و دەسـتوەردانی دەوڵەتانـی هەرێمـی و جیهانـی لـە ناوچەکـەش دا هەیـە. لـە خشـتەی (١٣) بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە لەگـەڵ ئـەو شـەپۆلە بەهێـزەی بـە عەرەبکـردن لـە دوای دامەزراندنــی دەوڵەتــی عێراقــەوە لــە لایــەن حکومەتــە یــەک لــە دوای یەکەکانــی عێراقــەوە لــە هەرێــم دا پەیــڕەو کــراوە لــە حاڵەتــی ڕاســت و دروســتی ئامارەکــە،

(1) Klaus Dodds , Geopolitics , A Very Short Introduction , Oxford University Press Inc., New York, 2007 ,p96. https://www.pdfdrive.com/geopolitics-a-very-short-introduction-very-short-introductions-e187881674.html

(2) Richard Muir, POLITICAL GEOGRAPHY A NEW INTRODUCTION , First publishedby MACMILLAN PRESS LTD , London , 1997 ,p.26. https://www.pdfdrive.com/political-geography-a-new-introduction-e187185706.html

بەڵام کورد لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) دا (٥٨,٥١٪)ی کۆی دانیشتووانی هەرێمیان پێکهێناوە لە دوای ئەویش عەرەب بووە کە ڕێژەیان (٣٦,٠١٪)ی کۆی دانیشتوان بووە، ئەم زیادبوونەی نەتەوەی عەرەب زیاتر بە ئاراستەی پارێزگای (کەرکووک و موسڵ و هەولێر) بووە، ئەمەش بە هۆی گرنگی ستراتیجییانەوە. تورکمانیش ڕێژەیان (٤,١٪)ی کۆی دانیشتووان بووە، هەرچی سەبارەت بە ئەرمەن و کلد و ئاشووره، ئەوا یەک لە دوای یەک ڕێژەکانیان( ٠,٠٦، ٠,٩٢٪)ی کۆی دانیشتووانی هەرێم بوون.(نەخشەی ٩)

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، هەڵکشانی ڕێژەی نەتەوەی عەرەب و داکشانی ڕێژەی نەتەوەکانی دیکە، زیاتر پەیوەستە بەو سیاسەتانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە تایبەتی بەرانبەر نەتەوەی کورد پەیڕەویان کردووە، ئەمەش بە مەبەستی بچووککردنەوەی سەنگی کورد و دابڕاندنی ئەو ناوچانەی خاکی هەرێمکە گرنگی ستراتیجی و ئابووریان هەیە، بەڵام سەبارەت بە ئایین، ئەوا بەهێزترین خاڵی جیۆپۆلیتیکی ئەو لێبووردەیەی ئایینی و پێکەوەژیانەیە کە لە هەرێم دا هەیە، ئەمە سەرەڕای بەگژداچوونەوەی ئەو شەپۆلی توندڕەوی ئایینیەی چەندین بزووتنەوە و ڕێکخراوی توندڕەو هێنایە ناوچەکە، ئەمەش زۆر جار هۆکار بووە بۆ پاڵپشتی کردنی هەرێمی کوردستان.

**دووەم: ئابووری**

ڕۆدۆلف کێلین پێیوابوو هێزی دەوڵەت لە ئابوورییە خودییەکەی دایە و خاڵی یەکلاکەرەوەیە بۆ سەرکەوتنی [1].پاش نەمانی جەنگی ساردیش لە جیهانی سیاسەت دا، ڕێڕەوی جووڵە لە جیۆپۆلیتیکەوە بە ئاراستەی جیۆئیکۆنۆمیک چووە.[2] دەستەواژەی هێزیش بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە هێزی ئابووری و توانای دەست گەیشتن بە سەرچاوەکانی جیۆئیکۆنۆمیک.[3] لەم بارەیەوە هەنتینگتۆن باوەڕی وایە سیاسەتی جیهانی هەمیشە لە سەر بنەمای هێزە، خەباتیش بۆ بەدەستهێنانی هێزە.[4]

١ **کشتوکاڵ:**

کشتوکاڵ پاڵپشتییەکی سەرەکی ئابووری نیشتمانیە و بەرپرسە لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و بەروبوومەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و لە پاڵ کەرتەکانی دیکە دا بەشداریەکی گرنگ دەکات لە گەشەی ئابووری. لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەشی کشتوکاڵ لە ئابووری ناوچەیی و جیهانیدا خولْقاندوویەتی، بەڵام تێبینی دەکرێت لە ناوچەیەکی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناسەقامگیری سیاسی و ئاسایشی و وشکەساڵی کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و دابینکردنی خۆراک.[5] بەروبوومی

---

(1) Bert Chapman, Geopolitics A Guide to The Issues , Contemporary Military, Strategic, and Security Issues , Praeger An Imprint of ABC-CLIO, LLC , Santa Barbara, California , 2011.p.17. https://www.pdfdrive.com/geopolitics-a-guide-to-the-issues-contemporary-military-strategic-and-security-issues-e163203699.html

(٢) مهران شمس احمر و حسین ولی وند زمانی، اهمیت ایران در گفتمان های ژئوپلیتیکی، فصلنامه علوم و فنون نظامی، دانشکده فرماندهی و ستاد آجا، شماره ١٢، پائیز و زمستان ١٣٧٨ .ص٤٠.
http://www.qjmst.ir/article_27110.html

(٣) احسان لشگری، تبیین ژئوپلیتیک رقابت قدرت های جهانی در اوراسیای مرکزی، موسسه مطالعات ایران و اوراسیا، فصلنامه ایراس، سال پنجم، شماره شش، بهار و تابستان ١٣٨٩ .ص١٠٥.

(4) Samuel P. Huntington, "The Lonely Superpower", Foreign Affairse, 1999,p.35. https://www.jstor.org/stable/20049207

(5) Andrew Barkley and Paul W. Barkley, Principles of Agricultural Economics , Simultaneously published in the USA and Canada by Routledge , 2013,p.4. https://www.pdfdrive.com/principles-of-agricultural-economics-d18842000.html

گەنـم و جـۆ لە ڕووی ئابـووری و سـتراتیجیەوە گرنگییەکی گەورەیان هەیـە، چونکە خۆراکی ڕۆژانـەی مـرۆڤ و ئاژەڵە.

سـەبارەت بە هەرێمی کوردسـتان گەنم گرنگترین و بەربڵاوترین بەروبوومی کشـتوکاڵییە و سـەرچاوەی سـەرەکی خۆراکـە بـۆ دانیشـتووان و جـۆش بـە گشـتی بـۆ خۆراکـی ئـاژەڵ بەکاردێـت. چاندنـی گەنمیـش لـە هەرێـم پشـت بـە بـاران دەبەسـتێت، بەمـەش لـە ژێـر کاریگـەری ڕێـژەی بارانبارینداـیە لـە ڕووی بـڕ و کاتـەوە. لـە خشـتەی (١٤)




نەخشـەی ٧ دابەشـبوونی ژینگەیـی دانیشـتوان لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٢٠

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ١١

**خشتەی ١٢ دابەشبوونی چڕی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)**

| | ٢٠٠٩ | | | ٢٠٢٠ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوچە | دانیشتووان | ڕووبەر | چڕی گشتی کەس/کم٢ | دانیشتووان | ڕووبەر | چڕی گشتی کەس/کم٢ |
| ناوچەکانی سنووری ئیدارەی هەرێم | ٤٦٦٢٢٦٦ | ٣٩١٠٣,٤ | ١١٩,٢ | ٦١٧١٠٨٣ | ٣٩١٠٣,٤ | ١٥٧,٨ |
| ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٢٩٧٥٠٤٠ | ٤٦٣١٨,٧٢ | ٦٤,٢ | ٣٦١٤٤٦٨ | ٤٦٣١٨,٧٢ | ٧٨ |
| هەرێمی کوردستان | ٧٦٣٧٣٠٦ | ٨٥٤٢٢,١٢ | ٨٩,٤ | ٩٧٨٥٥٥١ | ٨٥٤٢٢,١٢ | ١١٤,٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (٨).




نەخشەی ٨ چڕی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ١٢

**خشتەی ١٣ پێکهاتەی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی( ١٩٧٧)(*)**

| نەتەوە | سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) | |
|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ |
| کورد | ١٦٨٠٠١٩ | ٥٨,٥١ |
| عەرەب | ١٠٣٤١٧١ | ٣٦,٠١ |
| تورکمان | ١١٦٦٣٧ | ٤,١ |
| ئەرمەن | ١٧٢١ | ٠,٠٦ |
| کلد و ئاشوور | ٢٦٤٤٤ | ٠,٩٢ |
| هیدیکە | ١٢٣٢٢ | ٠,٤ |
| کۆی گشتی | ٢٨٧١٣١٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

مديرية الامن العامة، مركز التطوير الامني، التعداد القومي للسكان، مكتب العلوم النفسية و الاجتماعية، مطبعة مديرية الامن العامة، جدول (٤).

(*) لە سەر بنەمای سنووری هەرێمی کوردستان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ژمارە و ڕێژەکان حساب کراوە.




نەخشەی ٩ پێکهاتەی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٧

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ١٣

**خشتەی ١٤ ڕووبەر و بڕشت و بەرهەمی گەنم و جۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٩)***

| ساڵ | ڕووبەری چێنراو بە گەنم | | | ڕووبەری چێنراو بە جۆ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گەنم(دۆنم) | بڕشت کیلۆ/دۆنم | بەرهەم(تەن) | جۆ(دۆنم) | بڕشت کیلۆ/دۆنم | بەرهەم(تەن) |
| ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٤٠٣٤٩٧١ | ٣٧٠ | ١٤٩٥٠٢٣ | ٩٩٣٩١٨ | ٢٢٤ | ٢٢٣٢١٩ |
| ٢٠١٦-٢٠١٥ | ٣٥٥٣٢٢٣ | ٥٤٢ | ١٩٢٦٢٤٧ | ٨١١٢٦٣ | ٣٧٥ | ٣٠٤٩٧٧ |
| ٢٠١٧-٢٠١٦ | ٣٠١٨١٦٤ | ٣٩٩ | ١٢٠٥١٥١ | ٣٨٦٢٤١ | ٢٧٣ | ١٠٥٦١١ |
| ٢٠١٨-٢٠١٧ | ٣٩٧٦٥٠٨ | ٣٤٦ | ١٣٧٨٣٣٧ | ٥٣٨٣٥٩ | ٢٥٠ | ١٣٥١١٨ |
| ٢٠١٩-٢٠١٨ | ٣٨٠٧٢٣٢ | ٧٤١ | ٢٨٢٢٧٨٩ | ٦٦٦٨٩٨ | ٤٢٧ | ٢٨٤٩١٠ |
| تێکڕا | ٣٦٧٨٠١٩ | ٤٨٠ | ١٧٦٥٥٠٩ | ٦٧٩٣٣٥ | ٣١٠ | ٢١٠٧٦٧ |

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوونەوە، بەڕێوبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی،(٢٠١٤-٢٠١٩).

٢. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، مديرية الاحصاء الزراعي، انتاج الحنطة و الشعير لسنوات (٢٠١٤-٢٠١٩).

*لەبەر نەبوونی داتا، تەنیا پارێزگای کەرکووک دەگرێتەوە.

بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای ڕووبەری چێنراو بە گەنم لە ماوەی (٢٠١٤-٢٠١٩) بریتی بووە لە (٣٦٧٨٠١٩) دۆنم و بڕی بەرهەمەکەشی (١٧٦٥٥٠٩) تەن بووە و بڕشتەکەشی (٤٨٠کیلۆ/دۆنم) بووە، هەرچی سەبارەت بە بەرهەمی جۆیە، ئەوا لە هەمان ماوەدا تێکڕای ڕووبەری چێنراو بریتی بووە لە (٦٧٩٣٣٥) دۆنم و بڕی بەرهەمەکەشی (٢١٠٧٦٧) تەن بووە و بڕشتەکەشی (٣١٠کیلۆ/دۆنم) بووە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین بەرهەمی ساڵانەی بەرووبوومی گەنم و جۆ گۆڕانکاری زۆری بە سەر دا دێت بە پێی هەل و مەرجی کەش و هەوا و بارینی باران و پلەی گەرما و ڕێژەی شێ، هەروەها بە هۆکاری تری وەک بەپیتی خاک و کەرەستەی

کشـتوکاڵی بەردەسـت و سـاغکردنەوەی بەرهەمەکـەی و دۆخـی ئاسایشـی. لـە خشـتەی (١٥) دا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە

**خشتەی ١٥ بەرهەمی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠١٧)(*)**

| بەرهەم | ٢٠١٧ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆ/تەن | ٪ | هاوردەکراو/تەن | ٪ |
| هێلکەی خواردن | ٦٩٠٠٠ | ٢٤,٧ | ٣٤٨٨٠ | ٢٨,٦ |
| گۆشتی مریشک | ٩٨٥٠٠ | ٣٥,٣ | ٤٢٥٠٠ | ٣٤,٨ |
| گۆشتی ماسی | ٥٨٣٩ | ٢,٢ | ٢٤٧٦١ | ٢٠,٣ |
| گۆشتی سووری بەستوو | ١٠٥٤٥٠ | ٣٧,٨ | ١٩٩٥٠ | ١٦,٣ |
| کۆی گشتی | ٢٧٨٧٨٩ | ١٠٠ | ١٢٢٠٩١ | ١٠٠ |
| ئاژەڵی زیندوو / سەر | ٣٧٠٠٠٠ | - | ٢١٧٠٠٠ | - |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی پلاندانـان و بەدواداچـوون، بەڕێوبەرایەتـی ئامـار و پەرەپێدانـی مرۆیـی.٢٠١٧.

(*) تەنیا ناوچەکانی سنووری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

لـە ڕووی بەروبوومـە ئاژەڵییـەکان هەرێمـی کوردسـتان جگـە لـە بەرووبوومـی هێلکـە کـە ئەویـش (٧٥٪)ی بەرهەمەکـەی دەچێتە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراق، نەگەیشـتووەتە ئاسـتی خۆبژێـوی و پشـت بـە هاوردەکردنیـان دەبەسـتێت، هـەروەک بـڕی سـاڵانەی پێداویسـتی هەرێـم بـە گۆشـتی مریشـک (١٤١٠٠٠) تەنـە، لـە کاتێکـدا بەرهەمـی ناوخـۆ بـۆ ئـەم بەرهەمـە (٩٨٥٠٠) تەنـە و هەرێـم پێویسـتی بـە هاوردەکردنـی (٤٢٥٠٠) تەنـە، واتـە بـە ڕێـژەی (٣٤,٨٪)، سـەبارەت بـە گۆشـتی ماسـی، ئـەوا بـڕی پێداویسـتی سـاڵانەی هەرێـم (٣٠٦٠٠) تەنـە، بـەڵام بەرهەمـی ناوخـۆی هەرێـم (٥٨٣٩) تەنـە، هەرێـم پێویسـتی بـە (٢٤٧٦١) تەنـە بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکانی، واتـە بـە ڕێـژەی (٢٠,٣٪). هەروەهـا گۆشـتی سـووری بەسـتووش بـڕی پێداویسـتی سـاڵانەی (١٥٧٥٠٠) تەنـە، لـە کاتێکـدا بـڕی

بەرهەمی ناوخۆیی(١٠٥٤٥٠) تەنە، هەرێم پێویستی بە (١٩٩٥٠) تەن هەیە، هەرچی سەبارەت بە ئاژەڵی زیندووە، ئەوا هەرێم ساڵانە پێویستی بە (٥٨٧٠٠٠) سەر ئاژەڵە، لە کاتێکدا بەرهەمی ناوخۆیی بریتیە لە (٣٧٠٠٠٠) سەر و هەرێم ساڵانە پێویستی بە هاوەرەکردنی (٢١٧٠٠٠) سەر ئاژەڵ دەبێت.

ب **پیشەسازی:**

بە هێزی شاراوەی دەوڵەت دادەنرێت، ئەو کاریگەرییە ئابوورییەی پیشەسازیش هەیەتی، لە ماوەیەکی درێژ دا زەمینە بۆ هەڵکشانی هێز و توانای سەربازیی دەوڵەتان فەراهەم دەکات.[1] دەکرێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی بوونی کەرەستەی خاو لە هەر دەوڵەت یان هەرێمێکی سیاسی، فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەم دەوڵەت و هەرێمانە، بەڵام توانای خستنەگەڕیان لە پیشەسازیدا، هێزێکی گەورەتریان پێ دەبەخشێت. لە خشتەی (١٦) بۆمان ڕوون دەبێتەوە ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییە گەورەکانی هەرێم (١٦٤) دامەزراوەن کە نزیکەی (١,٤٪)ی کۆی دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێم لەخۆ دەگرن و دامەزراوە پیشەسازییە مامناوەندەکانیش (٤٠٢) دامەزراوەن و نزیکەی (٣,٢٪) ی کۆی دامەزراوە پیشەسازییەکان لە خۆ دەگرن ئەمەش، ژمارەیەکی کەمە گەر بەراوردی بکەین بە ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییە بچووکەکان و دانیشتوانی هەرێم، هەروەها ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییە بچووکەکان (١١٨٦٧) دامەزراوە بوون کە نزیکەی (٩٥,٤٪)ی کۆی دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێمیان لە خۆ گرتووە. تێبینی دەکەین کە زۆرینەی ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوە پیشەسازییە بچووکەکان دا کاریان کردووە کە ژمارەیان (٣٨٩٥١) کرێکار بوون کە نزیکەی (٦٢٪)ی کۆی کرێکارانیان پێکهێناوە، لە کاتێکیدا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە دامەزراوە پیشەسازییە گەورە و مامناوەندەکاندا کاریان کردووە، یەک لە دوای یەک (٢٨,٩٪،٩,١٪)ی کۆی کرێکاران بوون.

---

(١) محمد علی شیرخانی و حامد مهاجرپور، واقع گرایی و نقش منابع انرژی در سیاست خارجی، فصلنامه علمی - پژوهشی رهیافت های سیاسی و بین المللی، دانشکده علوم اقتصادی و سیاسی دانشکده شهید بهشتی، شماره ٣٢، بهار ١٣٩٢،ص١٢٤.

https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?ID=209773

ئـەم ژمـارە دامەزراوانـە گـەر بەراوردیـان بکەیـن بـە قەبـارەی ئـەو سـەرچاوە سروشـتی و مرۆییانـەی لـە هەرێـم دا هەیـە، یەکجـار کەمـە و ڕۆڵێکـی گـەورەی لـە بـواری ئابـووری هەرێـم دا نابێـت کـە هـۆکارە سیاسـی و ئابـووری و ئاسایشـییەکان بـە تایبەتـی لـە دوای سـاڵی (٢٠١٤) ڕۆڵێکـی گـەورەی لـەم بـوارە دا هەبـووە.

لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن دامـەزراوە پیشـەسازییەکانی هەرێـم لـە تواناياندا نیـە تـەواوی پێداویسـتییەکانی دانیشـتووان پـڕ بکەنـەوە و هەروەهـا کێبڕکێـی کاڵای بیانـی بکـەن، ئەمـە جگـە لـەوەی نەیانتوانیـوە ژمارەیەکـی زۆری هەلـی کار بڕەخسـێنن کـە یارمەتیـدەر بـن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی بـێ کاری لـە هەرێمـدا. سـەبارەت بـە کاڵای هـاوردە کـراو و هەنـاردە کراویـش لـە هەرێـم، ئـەوا لـە خشـتەی (١٧) بۆمـان

**خشـتەی ١٦ دامـەزراوە پیشـەسـازییە گـەورە و مامناوەنـد و بچووکـەکان بـە پێـی ژمـارەی کرێـکاران لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـە سـاڵی (٢٠٢٠)(*)**

| گەورە | | | | مامناوەند | | | | بچووک | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کارگە | ٪ | ژمارەی کرێکار | ٪ | ژمارەی کارگە | ٪ | ژمارەی کرێکار | ٪ | ژمارەی کارگە | ٪ | ژمارەی کرێکار | ٪ | ژمارەی کارگە | ژمارەی کرێکار |
| ١٦٤ | ١,٤ | ١٨٢٠٦ | ٢٨,٩ | ٤٠٢ | ٣,٢ | ٥٧١٧ | ٩,١ | ١١٨٦٧ | ٩٥,٤ | ٣٨٩٥١ | ٦٢ | ١٢٤٣٣ | ٦٢٨٧٤ |

سەرچاوە: کاری تویژەر پشت بەستن بە:

١. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی ئامارەکانـی پیشـەسازی، ڕاپۆرتـی ڕووپێـوی (٢٠١٨)ی دامـەزراوەی پیشـەسازی گـەورە و مامناوەنـدەکان و بچووکـەکان، ٢٠٢٠.

٢. جمهوريـة العـراق، وزارة التخطيـط، الجهـاز المركـزي للاحصـاء، خلاصـة نتائج الاحصـاء الصناعي السـنوي للمنشـات الكبـيرة و المتوسـطة و الصغـيرة جـداول (٤/٨)، (١٣)،(٩)، ٢٠١٨.

(*) پارێزگای کەرکووک حسابکراوە.

دەردەکەوێـت هەرێـم پشـت بـە کاڵای هاوردەکـراو دەبەسـتێت، زۆرتریـن کاڵای هاوردەکراویـش بـۆ هەرێـم لـە ڕێـگای دەروازەی نێودەوڵەتـی ئیبراهیـم خەلیـل بـووە کـە (٢) ملیـۆن تـەن بـووە، واتـە بـە ڕێـژەی (٤٧,٢٪) لـە پـاش ئەویـش دەروازەی باشـماخ بـووە کـە (١,٨) ملیـۆن تـەن بـووە، واتـە بـە ڕێـژەی (٤٣,١٪) و کەمتریـن ڕێـژەی کاڵای هاوردەکراویـش لـە ڕێـگای فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتـی سلێمانیەوە بـووە کـە (١٤٧٦) تـەن بـووە، کـۆی گشـتی کاڵای هاوردەکراویـش (٤,٢) ملیـۆن تـەن بـووە، هەرچـی سـەبارەت بـە کاڵای هەناردەکـراو بـۆ دەرەوەی هەرێـم، ئـەوا زیاتـر بریتیـن لـە کانـزای لـە کارکەوتـوو و پێسـتی ئـاژەڵ کـە دەروازەی ئیبراهیـم خەلیـل بـە پلـەی سـەرەکی دێـت لـە ڕووی هەناردەکردنـەوە کـە (١٥٣٣٥٣) تـەن بووە، واتـە بـە ڕێـژەی (٤٧,٩٪) و لـە پاش ئەویـش باشـماخ هاتـووە کـە (٩٧٠٥٠) تـەن بـووە، واتـە بە ڕێـژەی (٣٠,٣٪) کـۆی گشـتی هەناردەی هەرێمیـش ( ٣١٩٧٧٢) تـەن بـووە. بـەرزی ڕێـژەی کاڵای هـاوردە بـۆ نـاو هەرێـم بـە هـۆی کرانـەوەی کوردسـتانە بـە ڕووی ئابـووری جیهانـدا، هـۆکاری ئەمـەش بـۆ نەبوونـی بنەمایەکـی ئابـووری پتـەوی ناوخۆییـە و ئەنجامەکەشـی هەرێمـی کردووەتـە نێچیـری ئابوورییـە دەرەکییـەکان لـە هـەردوو ئاسـتی هەرێمـی و جیهانـی. جێـگای خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن کـە خاڵـی سـنووریی دیکـە لـە نێـوان هەرێـم و دەوڵەتانـی دراوسـێی دا هەیـە کـە تاکـو ئێسـتا بـە نێودەوڵەتـی نەکـراون کـە بریتیـن لـە (کێلـێ، سـەیرانبەند، تەوێڵـە، سـێمێلکا، سـەرزێڕ)، لـەم خاڵـە سـنوورییانەوە بازرگانـی و هاتوچـۆی ئاسـایی ڕۆژانـەش ئەنجـام دەدرێـت.

**خشتەی ١٧ هاوردە و هەناردەی کاڵا لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧)**

| ژ | خاڵی سنووری فڕۆکەخانە | کاڵای هاوردەکراو/تەن | ٪ | کاڵای هەناردەکراو/تەن | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیبراهیم خەلیل | ٢٠٠٠٠٠٧ | ٤٧,٢ | ١٥٣٣٥٣ | ٤٧,٩ |
| ٢ | حاجی ئۆمەران | ٣٠٥١٣٩ | ٧,٢ | ٥٢٥٠ | ١,٦ |
| ٣ | باشماخ | ١٨٢٦٦٠١ | ٤٣,١ | ٩٧٠٥٠ | ٣٠,٣ |
| ٤ | گەرمیان | ٤٩١٨٦ | ١,٢ | ٦٢٠٠٠ | ١٩,٥ |
| ٥ | پەروێزخان | ٣١٩٠٥ | ٠,٧٥ | ١٠٠٠ | ٠,٣١ |
| ٦ | ڕاپەڕین | - | - | ١٠٠٠ | ٠,٣١ |
| ٧ | فڕۆکەخانەی هەولێر | ١٧٦٢٨ | ٠,٤٦ | ١١٩ | ٠,٠٨ |
| ٨ | فڕۆکەخانەی سلێمانی | ١٤٧٦ | ٠,٠٩٠ | - | - |
| کۆی گشتی | | ٤٢٣١٩٤٢ | ١٠٠ | ٣١٩٧٧٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی ئاماری بازرگانی، ڕاپۆرتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی (هاوردە) بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧)، ٢٠١٨.

## سێیەم: هێزی پێشمەرگە

جوگرافیای سەربازیی لە بەرانبەر هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی و هەل و مەرجی جیاوازی جیۆپۆلیتیکی هەر ناوچەیەکدا، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.[1] بوونی هێزی چەکداریش بۆ دامەزراندن و ئاسایشی هەر دەوڵەت و هەرێمێک پێویستە. هێزی پێشمەرگەی هەرێم کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکەکانی حەفتا و هەشتا و هێزەکانی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن و پێشمەرگەی ڕۆژن، نزیکەی(٢١٨٠٠٠) چەکدارە، بە جۆرێک هێزەکانی سەر بە وەزارەت و لیواکان (٤٤٠٠٠) پێشمەرگەن کە (٢٠,٢٪) کۆی هێزە سەربازییەکان لە خۆ دەگرن، ژمارەی لیواکان (١٤) لیوای هاوبەشن و دوو لیوای دیکەش لە دروستبوون دان، لەڕووی کوالێتییانەوە ئەم لیوایانە مەشق پێ کراون لە لایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی. لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە هەشت دەوڵەتی ئەوروپی سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگەیان دامەزراندووە و مەشقیان بە نزیکەی(٤٥٠٠٠) پێشمەرگە کردووە، وەکو مەشقی سەرەتایی و مەشقی ئەو چەکانەی دەیاندا بە پێشمەرگە و مەشق لە سەر چەکی کیمیاوی.

سەبارەت بە هێزەکانی حەفتا ئەوا ژمارەیان نزیکەی (٤٠٠٠٠) پێشمەرگەیە کە (١٨,٣٪)ی کۆی هێزە سەربازییەکان لە خۆ دەگرن و ژمارەی هێزەکانی هەشتا نزیکەی (٥٢٠٠٠) پێشمەرگەن کە (٢٣,٨٪) کۆی هێزە سەربازییەکان پێکدەهێنن، ئێستا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری داوە هێزەکانی هەشتا بچنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و دوو لیوایان ئامادە کردووە بۆ چوونە سەر وەزارەت و لە ئایندەش دا وا چاوەڕوان دەکرێ بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو هەمووی بچێتە سەر وەزارەت، بەڵام سەبارەت بە هێزەکانی حەفتا تاکو ئێستا هیچ بڕیارێک نیە بۆ چوونی ئەو هێزانە بۆ سەر وەزارەت.

لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی لە وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوە لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی پێشمەرگە و لە ژێر چاودێری و بە هاوکاری ڕاوێژکارانی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و چەند ئەفسەرێکی

(١) سید یەحیای صفوی، بنەماکانی جوگرافیای سەربازی، و : هاوڕێ یاسین محمدامین، سلێمانی، ٢٠١١،ص١٦.

وەزارەتـی پێشـمەرگە بـە مەبەسـتی ئـەوەی گشـت هێـزەکان بچنـە ژێـر چەتـری وەزارەتـی پێشـمەرگەوە و ئێسـتا هێـزی پشـتیوانی (١) کـە سـەر بـە هێزەکانـی هەشـتایە و هێـزی پشـتیوانی (٢) کـە سـەر بـە هێزەکانـی حەفتایـە بـە نیـازن بچنـە سـەر وەزارەت.

هەرچـی سـەبارەت بـە هێزەکانـی زێرەڤانیە ئـەوا ژمارەیـان نزیکـەی(٥٠٠٠٠) دەبێت کە (٢٢,٩٪) کـۆی هێـزەکان پێکدەهێنـن و هێزەکانی بەرگری و فریاکەوتنیـش ژمارەیان نزیکەی (٢٥٠٠٠) دەبێـت کـە نزیکـەی (١١,٥٪) کـۆی هێـزەکان پێکدەهێنـن. هێزەکانـی ڕۆژیـش نزیکەی (٧٠٠٠) پێشـمەرگەن کە (٣,٣٪)ی کۆی هێزەکان لە خۆ دەگرن. (خشـتەی ١٨)، ئەم هێزانـە خـاوەن چەکـی نیوە قورسـی وەکـو تانکـی جـۆری (T٦٢,T٥٥,T٥٢ ) کـە زۆرینەیان کۆنـن، هـی سـەردەمی ڕژێمـی بەعسـن، لەگـەڵ تۆپـی (١٠٥ , ١٢٠ملم ) کـە ئەوانیـش بـە زۆری ڕوسـین و کۆنـن، بـەڵام هەنوکـە هاوپەیمانـان دوو کەتیبـەی تۆپ هاوێژیـان لە جۆری (Howtzer ١٠٥ ملم)یـان داوەتـە وەزارەت لەگـەڵ و ئـەو چەکانـەی کـە لـە سـەر شـان دەهاوێژرێـن بـە تایبەتـی چەکی میلان، لە سـاڵی (٢٠١٧) لە ئەنجامـی ڕێککەوتننامەیەک لە نێـوان وەزارەتی پێشـمەرگە و وەزارەتـی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا(پنتاگۆن) کـە سـاڵانە نـوێ دەکرێتـەوە هـاوکاری دارایـی بـۆ مووچـەی لیـوا هاوبەشـەکانی وەزارەتـی پێشـمەرگە تەرخـان دەکرێـت. پێـش ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبـەر ئەم هێزانە بـە درێژایی (١٠٥٠) کم سـنوورەکانی هەرێمیان دەپاراسـت، بەڵام لە دوای ئەو ڕووداوانە و لە دەسـتدانی بەشـێکی زۆری خاکـی هەرێـم، درێـژی ئـەو سـنوورانەی لـە لایـەن هێزەکانی پێشـمەرگەوە دەپارێـزن کەمبووەتـەوە بۆ(٦٥٠)کـم. ئێسـتا دانوسـتان لـە نێوان سـوپای عێـراق و وەزارەت دا هەیـە، بـۆ پێکهێنانـی هێـزی هاوبـەش لـەو ناوچانـە کە تا ئێسـتا شـەش بنکـەی هاوبەش دروسـتکراون لـە خانەقیـن و مەخمـوور و (k١) و ڕۆژئـاوای موسـڵ، هەروەها نیـاز وایە دوو لیـوای هاوبـەش لە نێوان سـوپای عێراق و پێشـمەرگە دروسـت بکرێت.[١] بوونی پێشـمەرگە لـە بنەماکانـی هێـزی هەرێمـە و هەنـگاوە بـەرەو سـەربەخۆیی لـە ئاینـدە، بـەڵام پێویسـتە ئـەم هێزانـە لـە ژێـر هەژموونـی حـزب دەربهێنرێـن و یـەک بخرێـن، چونکـە ئێسـتا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان خـاوەن هێزی چەکـداری خۆیانن.

(١) چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ (هـەژار عمـر اسـماعیل)، ڕاوێـژکاری سـەربازیی وەزارەتـی پێشـمەرگە، هەولێـر، (٢٠٢١/٧/١٣).

**خشتەی ١٨ ژمارە و ڕێژەی هێزە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢٠)**

| ژ | یەکە سەربازییەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | هێزەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە | ٤٤٠٠٠ | ٢٠,٢ |
| ٢ | هێزەکانی حەفتا | ٤٠٠٠٠ | ١٨,٣ |
| ٣ | هێزەکانی هەشتا | ٥٢٠٠٠ | ٢٣,٨ |
| ٤ | زێرەڤانی | ٥٠٠٠٠ | ٢٢,٩ |
| ٥ | بەرگری و فریاکەوتن | ٢٥٠٠٠ | ١١,٥ |
| ٦ | هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژ | ٧٠٠٠ | ٣,٣ |
| کۆی گشتی | | ٢١٨٠٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر، پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پێشمەرگە، دەستەی ڕاوێژکاری سەربازی،٢٠٢١.

# باسی دووەم

## ئاستەنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لەوکاتەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە بە عێراقەوە لکێنراوە تاکو ئێستا، دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵە ئاستەنگێک بووەتەوە، بەشێکی ئەو ئاستەنگانە پەیوەندیان بە عێراقەوە هەبووە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە و هەروەها باوەڕنەبوونی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە بە پێدانی مافەکانی گەلی کورد، بەشێکی دیکەی ئەو ئاستەنگانەش پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکانیەوە هەبووە کە لە ڕووی ستراتیجیەوە کاریان لە سەر بابەتەکە نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵە فاکتەرێکی تری وەکو سیاسی و ئابووری و ئەمنی لە هەرێم ڕێگربووە، هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش، لەوانە دەوڵەتانی دراوسێ و تەنانەت دەوڵەتانی زلهێزیش، نەک پشتگیر نەبوون، بگرە بەربەستیش بوون لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا.

## یەکەم: ئاستەنگی ناوخۆیی

ئاستەنگە ناوخۆییەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان پۆلێن دەکرێن بۆ:

### ا ئاستەنگە ناوخۆییەکان لە سەر ئاستی عێراق:

### یەکەم: ئاستەنگە دەستووری و یاساییەکان

یەکەم دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی (١٩٢٥) دانرا کە پێش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوو بە عێراق، لە ماددەی شەشەم دا هاتووە (هیچ جیاوازییەک لە نێوان عێراقیەکان لە ڕووی مافەکانیان لە بەرانبەر یاسا دا نیە، گەرچی جیاوازیش بن لە ڕووی نەتەوە و ئایین و زمانەوە).[١] لەم دەستوورە دا جەخت لە ناسنامەی عەرەبی دەوڵەتی عێراق کراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بووە، عێراق لەژێر ئینتدابی بەریتانیا دا بووە. دوای ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق و دامەزراندنی کۆماری عێراق لە (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)، بۆ یەکەمجار دەستووری کاتییعەرەب و کوردی بە هاوبەش لە عێراق دانا. هەروەک لە دەقی ماددەی سێیەم دا هاتووە (قەوارەی عێراق لەسەر بنەمای هەماهەنگی نێوان گشت هاووڵاتیانە بە ڕێزگرتن لە مافەکانیان و پاراستنی ئازادییەکانیان، هەروەها عەرەب و کورد هاوبەشن لەم وڵاتەدا و ئەم دەستوورە مافە نەتەوایەتییەکانیان لەنێو یەکپارچەیی عێراقدا دەناسێت)،[٢] واتە لە دەستووری کاتی ساڵی (١٩٥٨) گۆڕانکارییەکی نوێ ڕوویدا، ئەویش هاوبەشی کردنی نەتەوەی کورد بوو لەگەڵ عەرەب لە عێراق، ئەمە جگە لە جەختکردنەوە لە دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی. گەر لە پراکتیکیش تەماشا بکەین، تێبینی دەکەین عێراق کە لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، یەکێکیان عەرەبە خاوەن دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەیە و ئەوی تریش کوردە بە بەردەوام لە تێکۆشان دا بووە بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی و بەشداریکردنێکی دادپەروەرانەی لە حوکمی وڵات دا.

(١) شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، دراسة تحليلية مقارنة، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥،ص٧٩.
(٢) محمود شريف بسيوني، الدساتير العراقية و دراسة مقارنة بمعايير الحقوق الدستورية الدولية، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة دي بول، ٢٠٠٥،ص٥٧.

دەستووری کاتیی(١٩٦٤/٤/٢٩) زیاتر جەختی کردبوویەوە لە سەر ئیشتراکی بوونی دەوڵەتی عێراق و کلتووری عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها گەلی عێراقی بە بەشێک لە گەلی عەرەب داناوە و بە بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی عێراق بکات. لەم دەستوورە دا پەشیمان بوونەوە و خۆدزینەوەیەک لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقی لە بەرانبەر مافەکانی گەلی کورد ڕوویدا، بەڵام دواتر لەو گۆڕانکارییە دەستووریانەی لە هەمان ئەو ساڵەدا ڕوویاندا، ئەم دوو مادده زیاد کرا:

**یەکەم:** گەلی عێراق پێکهاتووە لە عەرەب و کورد.

**دووەم:** یاسا دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا دەنێت و بە ڕاشکاوانە ئەوە دەناسێنێت ئەم مافانە چین.[١]

لە ماددەی (٥) لە بڕگەی(٢)ی دەستووری کاتی ساڵی (١٩٧٠) ئەم دەقە هاتووە: (گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێت ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە و ئەم دەستوورەش زامنی مافەکانی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی گشت کەمایەتییەکانە لە نێو یەکێتی عێراق دا).[٢] دەتوانین بڵێین ساڵی (١٩٧٠) گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورە لە کێشەی کوردی عێراق دا ڕوویدا، ئەویش ئەوە بوو بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی فەرمی دان بە دامەزراندنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراق نرا.

لە (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٤) بڕگەیەکی دیکە بۆ ماددەی (٨)ی دەستووری کاتی ساڵی(١٩٧٠) زیادکرا، دەقەکەی بریتی بوو لە (ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، ئۆتۆنۆمی وەردەگرن بەو شێوەیەی یاسا دیاری دەکات)،[٣] بەڵام ئەو سنوورەی دواتر بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاریکرا بوو لەگەڵ سنووری نەتەوەیی و جوگرافی هەرێم دا نەدەگونجا. پرۆژەی دەستووری کاتی کۆماری

(١) کوردۆ رحمان محمد، مراجعة : جليل البصري، حقوق الشعب الكردي في ظل الدساتير و القوانين العراقية، سلسلة مطبوعات بلدية السليمانية، زنجيره ٣١، ٢٠٠٤،ص٧٩.

(٢) شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكوردي في ظل دستور ١٩٧٠ المؤقت، مجلة سردم العربي، مجلة فصلية ثقافية عامة، دار سردم للطباعة و النشر، السنة الثانية، العدد السادس، السليمانية، خريف ٢٠٠٤،ص٢٧.

(٣) صالح جواد كاظم، علي غالب خضير، سفين عبدالرزاق السامرائي، النظام الدستوري في العراق، وزارة التعليم العالي، جامعة بغداد، ١٩٨٠،ص٧٤.

عێراقیش لە ساڵی (١٩٩٠) لە سێ مادده دا باسی کورد و مافەکانی دەکات، لەوانە دەقی ماددەی شەشەم دەڵێ (گەلی عێراق لە عەرەب و کورد پێکهاتووە و دەستووریش دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دا دەنێت، هەروەها مافە ڕەواکانی گشت عێراقییەکان لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمان و دەوڵەت و کۆمەڵگا)، ماددەی حەوتەمیش دەڵێ: (عەرەبی زمانی فەرمییە. زمانی کوردیش لە پاڵ عەرەبی زمانێکی فەرمییە لە ناوچەیئۆتۆنۆمی)، دەقی ماددەی دوانزە دەڵێ: (ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن لە عێراق، ئۆتۆنۆمییان پێ دەدرێت بەو پێیەی یاسا دیاری دەکات، لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقی یاسایی و سیاسی و ئابووری و یەکڕیزی گەلەکەی)،[1] واتە ئەم دەستوورە هەر درێژە پێدەری دەستوورە کاتییەکانی پێش خۆیەتی و لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دانراوە و ئەو ماددانەی تایبەتە بە کورد هەر وەکو خۆی ماوەتەوە.

یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەری لە (٨)ی ئاداری ساڵی (٢٠٠٤) دەرچوو، وەکو دەستوورێکی کاتی بوو بۆ قۆناغی پێش دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)، لە ماددەی (٧/ب) دا هاتووە (عێراق فرە نەتەوەییە و عەرەب تێیدا بەشێکی جیانەبووەوەیە لە میللەتی عەرەبی)، کەواتە لە عێراق دا تەنیا عەرەب سەر بە میللەتی عەرەبە ئەوانی دیکە سەر بە گەلانی خۆیانن. هەروەها لە ماددەی (٩) دا هاتووە(زمانی عەرەبی و زمانی کوردی زمانەکانی فەرمی عێراقن)، لە ماددەی (٥٣)ی بڕگەی یەکەمیشی دا هاتووە (داننان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو سیفەتەی حکومەتی فەرمی ئەو ناوچانەیە کە لە لایەن ئەو حکومەتەوە بەڕێوەدەبرا لە (٢٠٠٣/٣/١٩) و دەکەوێتە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دیالە و نەینەوا) . ئەمەش داننانە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە حکومەتی شەرعی هەرێمە و هەرێمێکی سیاسی جیاوازە و سنوورەکەشی لە عێراقدا دیاری کردووە. ماددەی (٥٨) لە سێ بڕگە پێکهاتووە بڕگەی (ا) تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی موڵکدارێتی لە لایەن حکومەتی ڕاگووزەریی، بە تایبەتی لە لایەن دەستەیەکی باڵا لە پێناو نەهێشتنی ئەو زوڵمەی ڕژێمی پێشوو کردوویەتی، ئەویش بە گۆڕینی

(١) وزارة الثقافةو الاعلام دار الجماهير للصحافة، مشروع دستور جمهورية العراق، ١٩٩٠.

بارودۆخـی دانیشـتوان لـە کەرکـووک لـە مـاوەی ڕاگوێـزان و نەفـی و کۆچـی زۆرەملـێ دانیشـتوانەکەی و نیشـتەجێکردنی خەڵکانـی دیکـە لـە جێگایـان.[1]

بڕگـەی (ب)ی هەمـان مـاددە ئامـاژە بـەوە دەکات ڕژێمـی پێشـوو گۆڕانـکاری لـە سـنووریی ئیداریـی کـردووە، بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئامانجـی سیاسـی. لـە سـەر سـەرۆکایەتی و حکومەتـی عێراقـی ڕاگوزەریـی پێویسـتە ڕاسـپاردە پێشـکەش بکـەن بـۆ کۆمەڵـەی نیشـتمانی بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو گۆڕانکارییـە نادادپەروەرانەیـە لـە حاڵەتێکـدا گـەر سـەرۆکایەتی نەیتوانـی ڕەزامەنـدی گشـتی لـە سـەر ئـەو کۆمەڵـە ڕاسـپاردانە بـدا، ئـەوا ئەنجومەنـی سـەرۆکایەتی ناوبژیوانێکـی بـێ لایـەن دادەنـێ و بـە زۆرینـە بـە مەبەسـتی لێکۆڵینـەوە لـەو بابەتـە و پێشکەشـکردنی ڕاسـپاردە و لـە حاڵەتێکیشـدا ئەنجوومەنـی سـەرۆکایەتی نەیتوانـی رەزامەنـدی لـە سـەر وەربگرێـت، ئـەوا داوا لـە ئەمینـداری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەکات بـە دانانـی کەسـایەتیەکی نێودەوڵەتـی بـۆ ناوبژیوانـی کـردن لـە بـارەی ئـەو داوایـە. بڕگـەی (ج) ئامـاژە دەدات بـە دواخسـتنی ئاسـاییکردنەوەی کۆتایـی ناوچـە جێناکۆکـەکان، لـە نێویانـدا کەرکـووک، تـا ئـەو ڕێ و شـوێنانەی سـەرەوە تـەواو دەبێـت، و ئەنجامدانـی سـەرژمێرییەکی دادپەروەرانـە و شـەفاف ئەنجـام بدرێـت، تـا دەسـتووری هەمیشـەیی پەسـەند دەکرێـت. پێویسـتە ئـەم ئاساییکردنەوانە لەگـەڵ بنەماکانـی دادپـەروەری دا بگونجێـت، لەگـەڵ لـە پێـش چاوگرتنـی ئیـرادەی دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە.[2]

لێـرەدا ئـەوەی جێـگای ئاماژەپێدانـە ئەوەیـە یاسـای ئیـدارەی دەوڵەت لە سـاڵی (٢٠٠٤) بـۆ یەکەمجـار بـوو لـە مێـژووی دەسـتورەکانی عێراقـی جگـە لـە پارێزگاکانـی هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆک ئامـاژە بـەوە دەدات سـنووری هەرێـم پارێزگاکانـی کەرکـووک و دیالە و نەینـەواش دەگرێتـەوە و هەروەهـا ڕێ و شـوێنی گونجاویشـی دانـاوە بـۆ ئاسـاییکردنەوەی دۆخـی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم.

---

(١) أسـسرد، المسـألة الكرديـة بعـد قانـون ادارة الدولـة العراقيـة، مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤،ص٢٠٦-٢٠٧.

(٢) فـراس عبدالـرزاق السـوداني و عـداب محمـود الحمـش و نبيـل عبدالرحمـن حيـاوي، العـراق مستقبل غامـض، نقـد قانـون ارادة الدولـة العراقيـة للمرحلـة الانتقاليـة، النـاشر مكتبـة مدبـولي، عـمان، ٢٠٠٥،ص٢٥٨-٢٥٩.

لە دەستووری هەمیشـەیی سـاڵی (٢٠٠٥) دا لـە ماددەی سێیەم دا هاتـووە (عێـراق وڵاتێکـە لـە نەتـەوە و ئایین و ئاینزای جیاجیـا پێکهاتووە و ئەندامـی دامەزرێنەر و کاریگەرە لـە کۆمەڵـەی وڵاتانـی عەرەبـی و پابەنـدە بـە پەیماننامەکانـی و بەشـێکە لـە جیهانـی ئیسلامی). هەروەهـا لـە ماددەی (٤) دا زمانـی عەرەبی و کـوردی وەکـو دوو زمانی فەرمی لـە عێراقـدا ناسـاندووە. لـە ماددەی (١١٧) لـە بڕگـەی (١) دا هاتـووە (ئـەم دەسـتوورە لـە ڕێکەوتـی پیادەکردنیـەوە دان بـە هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو دەسـەڵاتەی ئێسـتایدا دەنێت وەک هەرێمێکـی فیدڕاڵـی ).[1] دەکرێ بڵێیـن لـە عێراق دا تەنیا دوو دەسـتوور هەمیشـەیی هەبـوون، ئەوانیـش دەسـتووری سـاڵی (١٩٢٥) و دەسـتووری سـاڵی (٢٠٠٥)، لـە یەکەمیاندا کـورد هیـچ ڕۆڵـی لـە داڕشـتنی نەبـووە، بـەڵام لـە دەسـتووری (٢٠٠٥) دان بـە هەرێـم دا نـراوە وەکـو قەوارەیەکـی فیدراڵـی لـە نێـو عێراقدا.هەرێمـی کوردسـتانیش کـە ئامـاژەی بـۆ کـراوە ئـەو ناوچانەیـە کـە تاکـو (٢٠٠٣/٣/١٩) لـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی حکومەتـی هەرێـم دا بـووە. یەکێکیـش لـە گەورەترین ئاسـتەنگەکانی بـەردەم دامەزراندنی دەوڵـەت لە هەرێمی کوردسـتان بریتیـە لـەوەی لـە دەسـتووری عێراقـی سـاڵی (٢٠٠٥) و گشـت دەسـتوورەکانی عێراقـدا دا هیـچ ئاماژەیـەک بـۆ بڕیاردان لە سـەر مافـی چارەنووس لە لایـەن گەلی کوردەوە نیـە، هـەروەک ئـەوەی لـە دەسـتووری سودانی دا هاتبـوو کـە پێشـتر ئاماژەمان پێـدا، تەنیا لـە دیباجـەی دەسـتوور دا هاتـووە کـە پابەنـد بوون بـەم دەسـتوورە یەکێتی سەربەسـتانەی گـەل و خـاک و سـەروەری عێـراق دەپارێزێـت، بـەڵام دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەین مـەرج نیە گـەر لـە دەسـتووری دەوڵەتـان ماددەیەکـی لـەو جـۆرەی تێـدا نەبێـت، ئیـتر جیابوونـەوە و دامەزراندنـی دەوڵـەت مەحـاڵ دەبێـت.

## دووەم: ئاستەنگی سنوور و خاک

لەگـەڵ ئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان تاکـە هەرێمـە لـە چوارچێـوەی عێراقـی فیدراڵـدا، بـەڵام تاکـو ئێسـتا نـە سـنووری کارگێـڕی و نـە سـنووری جوگرافـی و هەروەهـا نـە سـنووری نەتەوەیشـی دیـاری نەکـراوە. تاکـە سـنوور هەبـێ (یاسـای ئۆتۆنۆمـی) یـە. ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمیـش کـە سـنووری باشـوور و

(١) بۆ زیاتر : دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥).

باشووری ڕۆژئاوای هەرێم لەگەڵ عێراقن، ئەم ناوچانە هەمیشە فاکتەرێک بوون بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و دواتریش کاریگەرییان لە سەر بارودۆخی سیاسی و دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد لەو ناوچانە و هەرێمیش هەبووە. هەرچەندە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥) ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی ئەو ناوچانەی بە سێ قۆناغ (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، ڕاپرسی) دیاریکردووە، کەچی تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە.هەر وەک لە دەقی ماددەکە دا هاتووە:

**یەکەم:** دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە.

**دووەم:** ئەو بەرپرسیاریەتییەی لەسەر شانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە حکومەتی ڕاگوزەریی کە لە مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستوورە، بۆئەوەی بە تەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکووک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە، بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتیان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی٢٠٠٧/١٢ تێپەڕ نەکات).[١]

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ڕاستە دەستوور لە ڕێگای سێ قۆناغ و میکانیزمێکی دیاریکراو چارەنووسی ئەو ناوچانەی یەکلاکردووەتەوە، بەڵام سنووری ئەو ناوچانەی تێدا دەستنیشان نەکردووە و ئەمە جگە لەوەی دیمۆگرافیای بەشێک لەو ناوچانە بە تەواوی گۆڕاوە، هەروەها نەدەبوو نوێنەرانی کورد بە بڕگەی ڕاپرسی کردن لە سەر ئەو ناوچانە ڕازی بوونایە، چونکە ئەو ناوچانە لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە بەشێکی دانەبڕاوی خاکی هەرێمن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هیچ ڕێ و شوێنێکی دیکەی تێدا ئاماژە پێ نەدراوە لە دۆخێک دا گەر لەو بەرواره ماددەکە جیبەجێ نەکرا.

(١) بۆ زیاتر : دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥).

گەڕانـەوەی ئـەم ناوچانـەش بـۆ سـەر هەرێم، واتـە دروسـتبوونی قوڵایـی سـتراتیجیە بـۆ بەشـەکانی تـری هەرێـم.

لەگـەڵ ئەوەشـدا پرسـی ئـەو ناوچانـە تەنیـا لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـی نەماوەتـەوە، بەڵکـو هێـزە هەرێمیەکانـی ناوچەکـەش ڕۆڵ لـەو پرسـە دەبینـن. هـەروەک تورکیـا بوونـی کەرکـووک لـە ژێـر دەسـەڵاتی کـورد بـە هەڕەشـە لـە سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی دەزانێـت، لەبەرئـەوەی پێیوایـە کـورد دەسـتی دەگاتـە داهاتەکانـی نـەوت و پاڵپشـتی دەبێـت بـۆ ئابوورییەکـی سـەربەخۆ لـە بەغـدا و بنەمـا دەبـێ بـۆ حکومەتـی هەرێـم بـە مەبەسـتی جاڕدانـی سـەربەخۆیی.[1] هەروەهـا تورکیـا لـە ڕێگـەی حزبـە تورکمانەکانـی کەرکووکـەوە بەربەسـت دروسـت دەکات لـە بـەردەم نەگەڕانـەوەی ئـەو ناوچانـە بۆسـەر هەرێـم.[2] ئـەوەش وا دەکات ئـەو ناوچانـە بکەونـە ژێـر ڕەحمەتـی بەرژەوەنـدی هێـزە هەرێمییـەکان. ئـەم ناوچانـە هەریـەک لـە پارێزگاکانـی کەرکـووک و بەشـێک لـە پارێزگاکانـی موسـڵ و دیالـە و سـەلاحەددین و واسـت دەگرێتـەوە کـە کـورد ئـەو ناوچانـە بـە بەشـێکی دانەبـڕاوی خاکـی کوردسـتان دادەنێـت.( نەخشـەی١٠ ) ئـەم ناوچانـە خاڵـی بەهێـزی جیۆپۆلیتیکـی هەرێمـی کوردسـتانن، هـەر بۆیـە هێـزە هەرێمـی و ناوخۆییەکانـی عێراقیـش دژایەتـی لکاندنـی ئـەو ناوچانـە بـۆ سـەر هەرێـم دەکـەن، چونکـە گەڕانـەوەی ئـەم ناوچانـە بـە بنەمایەکـی بەهێـز دەزانـن بـۆ دەسـتگرتن بـە سـەر سـەرچاوەکانی وزە لـە لایـەن هەرێـم و هەڵکشـانی سـەنگی جیۆپۆلیتیکـی هەرێـم و هەروەهـا بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و دەوڵەتانـی دراوسـێ دەزانـن، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (ISIS) بارودۆخێکـی نێودەوڵەتـی نـوێ لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە گشـتی و عێـراق بـە تایبەتـی دروسـت بـوو و بـە هـۆی لاوازی حکومەتـی عێراقـی پێویسـتی

(1) Aaron Stein , **Report Subtitle:** Turkish Foreign and Energy Policy Toward Russia, Iran, and Iraq, Atlantic Council (2017) ,p.8. https://www.atlanticcouncil.org/wp-content/uploads/2017/06/An_Independent_Actor_web_0608.pdf

(2) S. Gülden Ayman , Turkey and Iran: Between Friendly Competition and Fierce Rivalry , Pluto Journals , Arab Studies Quarterly , Vol. 36, No. 1 (Winter 2014),p. https://www.scienceopen.com/hosted-document?doi=10.13169/arabstudquar.36.1.0006

بـەوە دەکـرد حکومەتـی هەرێـم ڕووبەڕوویـان بێتـەوە و پارێـزگای کەرکـووک و ناوچـە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێــم بپارێزێــت. زۆر لایەنیــش پاشەکشــێکردنی هێزەکانـی عێـراق لـە بەرانبـەر ڕێکخسـتنەکانی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام و جێگرتنـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە تەنیـا لایەنێکیـان لـە نێـو ڕاسـتییە جوگرافییـەکان بـە سـەرکەوتوو دادەنـا ئەویـش هەرێمـی کوردسـتان بـوو.[1]

(١) حـارث قحطـان عبداللـه و عبـاس فاضـل عطـوان، توسـيع الحـدود في اقليـم كردسـتان و المواقـف المحليـة و الاقليميـة منـه، مجلـة تكريـت للعلـوم السياسـة، العـدد ١١، جامعـة تكريـت، ٢٠١٧،ص٧.




نەخشەی ١٠ شوێنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی نەخشەی (٤).

## سێیەم: داننەنان بە مافی بڕیاردانی چارەنووس لە لایەن پارتە سیاسییە عێراقییەکان:

لە گۆڕەپانی عێراقدا چەندین حزبی مارکسی و عەلمانی تا دەگاتە حزبە ئیسلامییە شیعییەکان هەبوون و هەریەکەیان بۆ ماوەی چەندین ساڵ حوکمی وڵاتەکەیان کردووە، ئەمانە گەرچی دیدیان بۆ حوکمداری جیاواز بووە، بەڵام هەموویان دۆزی کوردیان لەو چوارچێوەیەدا بینیوە کەوا مەترسی لە سەر بوون و ناوەندگەرایی وڵات هەیە. حزبی شیوعی لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٣٥) لە ڕۆژنامەی( تێکۆشانی گەل) ی حزبەکە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرز کردبوویەوە، بەڵام لە دەستووری ساڵی (١٩٥٣) ئەو حزبە لە بیرۆکەی جیابوونەوەی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پاشگەز بوونەوە، دواتر لە ئەیلولی ساڵی (١٩٥٦) ڕازی بوون بە ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق.[١]، لە مانگی (٥)ی (١٩٦٩) لیژنەی هەرێمی کوردستانی حزبەکە پرۆگرامێکی لە پێناو ئۆتۆنۆمی کوردستان دانا، لە گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوو لە دیاریکردنی هەرێمی کوردستان وەکوهەرێمێکی جیا لە ڕووی ئیدارییەوە، هەروەها دامەزراندنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن تێدا و نوێنەرایەتی کوردیش پێویستە بە گوێرەی ڕێژەیان بێت لە کۆی گشتی دانیشتوان.[٢] سەبارەت بە برایانی موسڵمان (الاخوان المسلمون) هەڵوێستێکی ناڕوونیان هەبوو بەرانبەر کێشەی کورد، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، ئەو کۆمەڵەیە بەو جۆرە لە بزووتنەوەی کوردیان دەڕوانی کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە بە مانا نەرێنیەکەی، لە ڕێباز و ئەدەبیاتیان شتێک نەبوو بە ناوی کورد و خواستە نەتەوەییەکانی. هەرچی حزبی دەعوەی ئیسلامیە، ئەوا پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کورد هەبوو و لە پرۆگرامی ئەو حزبە لە ساڵی (١٩٩٢) داوای بەخشینی ئۆتۆنۆمیان بۆ ناوچە کوردییەکان کردبوو.

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (١٩٤٦-١٩٧٠)، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٧،ص٥٢،٥٩.

(٢) ميڤان عارف بادى، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (١٩٤٦-١٩٧٠)، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨،ص٢٧٣.

حزبی ئیسلامی عیراقیش کە هەمان برایانی موسڵمان بوون، لە سەرەتای دروستبوونیدا تێڕوانینی ئەوە بوو، پێویستە ڕێز لە مافەکان بگیرێت و جیاوازی نەکرێت لە نێوان نەتەوەکانی عێراق، بەڵام لە کۆنگرەی یەکەمیان لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩٢) ئەوەیان خستەڕوو کە بانگەشە کردن بۆ فیدراڵیەت قۆناغێکە لە قۆناغەکانی جیابوونەوە و سەربەخۆیی.

سەبارەت بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق لە دەقی سیاسەتە گشتییەکانی دا، جەختیان لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورد کردووەتەوە و لەمڕووەوە محمد باقر حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنەکە لە بارەی هەڵویستیان لە مەر فیدڕاڵی ڕایگەیاند (فیدراڵی بە مانای پارچە پارچە بوون نیە، بەڵکو چارەسەرێکە بۆ هەندێ لە کێشەکانی عێراق).[١] کۆنگرەی لەندەن لە( ١٤-١٧ )ی کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٢) بەسترا و بە گەورەترین کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش دادەنرا، تێیدا بڕیار لە سەر پرۆژەی قۆناغی ڕاگوزەریی بۆ عێراق و بەیانی سیاسی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن درا، لەگەڵ دژایەتیکردنی هەندێ لایەن، بەڵام لە کۆتاییدا ڕازی بوون لە سەر خواستەکانی کورد بۆ خۆبەڕێوەبەری و فیدڕاڵی. [٢] ترسی هەموو لایەن و حکومەتەکانی عێراقیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، خواستەکانی گەلی کورد لە کۆتاییدا عێراق دابەش دەکات بۆ سێ دەوڵەتۆکەی بچووک، کە ئەوانیش دەوڵەتی کوردی و عەرەبی سوونە و عەرەبی شیعەیە. ئەم لێکدانەوەیەش تەنیا خۆی لە پارێزگاریکردنی ئەو دۆخەی ئێستا نابینێتەوە، بەڵکو بە هۆی ئەو گرنگییە ستراتیجی و ئابوورییەیە بە تایبەتی دەوڵەمەندی بە دەرامەتە سروشتییەکان لەوانە سەرچاوە ئاوییەکان و نەوتەوەیە کە لە گرنگترینی بیرە نەوتەکانی عێراق و جیهان کەوتوونەتە ئەم هەرێمە[٣] لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە

---

(١) مجول محمد محمود العكيدي، موقف التيار الاسلامي في العراق من القضية الكردية ١٩٤٩-٢٠٠٣ دراسة التاريخية، مجلة الدراسات الاقليمية، السنة ٥، العدد ١١، ٢٠٠٨،ص٢١،٢٧.

(٢) اركان حمه امين رشيد الزرداوي، نشأة و العلاقة الحزب الديمقراطي الكردستاني مع الحكومات و الاحزاب السياسية العراقية للمدة من ١٩٤٦-لغاية ٢٠٠٣، اطروحة الدكتوراه،قسم العلوم السياسة، جامعة سانت كليمنتس، ٢٠١٢،ص١٧٨،١٧٧

(3) Ofra Bengio, The Kurds Of Iraq Building a State Within a State , Lynne Rienner Publishers, Inc , London , 2012 ,p.12.

بەوە بدەین، سەرکردە عەرەبەکان (شیعە و سوونە) سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد ڕەت دەکەنەوە، بەڵام لەم دواییانەدا کەسایەتی سیاسیان هەبوو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردین، بەڵام بە سنووری جوگرافی پێش ساڵی (٢٠٠٣). ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دەوڵەتەی دادەمەزرێت نیوەی خاکی کوردستان لە خۆ دەگرێت و لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لاواز دەبێت.

**ب ئاستەنگە ناوخۆییەکان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراق:**

**یەکەم: هەبوونی دروشم و نەبوونی ستراتیج**

پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە دامەزراوە، لە دەروازەی یەکەم لە ناساندنی پارتی، ماددەی (٢)ی پێناسەی پارتی دا هاتووە: (پارتێکی دیموکراتی نیشتمانییە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی تاک و مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی تر هەیە لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا). لە ماددەی (٢٢) لە ئامانجەکانی پارتی دا هاتووە: (بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بۆ هاندانی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، نەتەوەیەکگرتووەکان بە تایبەتی بۆئەوەی داکۆکی لەو گەلانە بکەن، کە تاوانی نێودەوڵەتیان بەرانبەر کراوە، پشتگیری کۆششەکانیان بکەن لە پێناوی سەربەخۆیی سیاسی و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییان،[1] واتە پارتی لە ناساندنی خۆی دا، وەک پارتێکی سیاسی جەخت لەوە دەکاتەوە پێویستە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، هەروەها مەبەستیەتی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کورد کراون و تاوانی نێودەوڵەتین، لە ڕێگایەوە پشتگیری نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت، بۆئەوەی سەربەخۆیی سیاسی پێ مسۆگەر بکات.

کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک)، کە لە (١٤)ی نیسانی ساڵی (١٩٥٩) دامەزرا، لە کاژیکنامەکەی دا هاتووە: (کاژیک فەلسەفەیەکی کوردانەی نوێ و بیروباوەڕێکی نەژادی و پەیامێکی جیهانیە، ئامانجی ژیانەوە و ڕزگاریی کورد و سەربەخۆیی

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی (١٣)،هەولێر، ٢٠١٠.ل٥,١١.

کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کوردی تازە لە سەر بنچینەی بیروباوەڕی کاژیکی، بە جۆرێ کە پەیامی نەژادیمان بە جیهان بگەیەنێ)،[1] واتە ئامانجی ڕێکخراوەکە بریتی بوو لە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد. یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆ لە (١٩٧٥/٦/١) دامەزرا. لە سەرەتای دروستبوونی ئەم پارتە لە دروشم و پرۆگرامی ناوخۆی حزبەکەیاندا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق ئاماژەی پێ کراوە. لە ساڵی (١٩٩٢) دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس و وەرچەرخان لە دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ فیدراڵی بەرزکردەوە.

لە پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا، بەشی یەکەم بنەما گشتییەکان لە ماددەی (٢)، خاڵی (١) دا هاتووە: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، خەبات دەکات بۆ فەرمانڕەوای دروست، سەقامگیری ئاشتی، پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاووڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین، بڕوای هەیە بە کلتووری یەکسانی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان) هەروەها لە خاڵی (٢)ی هەمان ماددە دا هاتووە:(دروشمەکان: ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ).[2] ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کەوا یەکێتی نیشتمانی کوردستان جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەکاتەوە، ئەم مافەش دەکرێ ناوخۆیی بێت و لە هەمان کاتیشدا دەکرێ دەرەکیش بێت.

پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆک)، لە (١٩٧٥/٩/١١) لە شاری کەرکووک دامەزرا، لە بەرنامەکەیدا هاتبوو: (باوەڕی پیرۆز و نەگۆڕمان بە مافی دیاریکردنی ئازادانەی چارەنووسی نەتەوەی کوردە لە چوارچێوەی نیشتمانی مێژوویی کورد دا، کە دەکاتە ( ڕزگاری و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی نەتەوەی کورد سەرچاوەی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژییەت و ستراتیژی حیزبمانە. هەموو شتێ دەبێ لە خزمەتی ئەم ئامانجە دا بێ).[3]

---

(١) کاژیکنامە، فەلسەفەی بیری کاژیک، چاپی چوارەم، ٢٠١٨، ل ٧٥،٧٦.

(٢) ئەنجومەنی ناوەندی، پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨.

(٣) کاوە ئەمین، ناسیۆنالیزمی کوردی، خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦،ل٦١،٦٠.

پارتـی سۆسیالیسـتی کورد(پاسـۆک) جەختـی لـە سـەر ئـەوە کردووەتـەوە کـە پێویسـتە گەلـی کـورد بڕیـار لـە سـەر چارەنووسـی خـۆی بـدات، هەروەهـا داوای یەکێتـی و یەکگرتوویـی گەلـی کـوردی کـردووە بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی.

لـە بەرنامـەی حزبـی شـیوعی کوردسـتان، بڕیـاردراو لـە شەشـەمین کۆنگـرەی حـزب دا هاتووە:(حزبـی شـیوعی کوردسـتان لـە پێنـاوی مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی گەلـی کوردسـتان و یەکسـانی نێـوان پێکهاتەکانـی نەتەوەیـی و ئایینـی و ئاینزایـی و تایفـی کوردسـتان لـە مافەکانیانـدا، لـە سـەر بنەمـای هاووڵاتیبـوون، تێدەکۆشـێت)، هەروەهـا هـەر لـە هەمـان بەرنامـەدا هاتـووە (حزبـی شـیوعی بەشـێکە لـە بزاڤـی نیشـتمانی کوردسـتان و بـاوەڕی بـە مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی گەلـی کوردسـتان لـە هەمـوو بەشـەکانی نیشـتماندا هەیـە، بـە مافـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی نیشـتمانی یەکگرتووشـەوە).[1] لێـرە دا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن کـە حزبـی شـیوعی لەگـەڵ مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـە بـۆ گەلـی کـورد لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان، تەنانـەت بـە مافـی جیابوونـەوە و دامەزراندنـی دەوڵەتـی سەربەخۆشـەوە.

لـە پرۆگرامـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان، مـاددەی چـوارەم، بنەمـا گشـتییەکان لـە خاڵـی (٩) دا هاتـووە: (کـورد نەتەوەیەکـی سـەربەخۆیە و بەشـێکی زینـدووە لـە ئوممەتـی ئیسـلامی و ناسـنامەی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و مافـی خۆیەتـی کـە چارەنووسـی دیـاری بـکات و ئەندامێکـی سـەربەخۆی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و دامەزراوەکانـی بێـت وەک نەتەوەکانـی تـری جیهـان).[2] واتـە یەکگرتـووی ئیسـلامیش جەخـت لـە سـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە گەلـی کـورد مافـی خۆیەتـی خـاوەن دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی دانپێـنراو بێـت لـە لایـەن کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـەوە.

لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەین،لـە دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقیـش سـتراتیجی ئاشـکرا و ڕاگەیەنـدراوی سـەربەخۆیی کوردسـتان، نەبووەتـە بەشـێک لـە

(١) بەڵگەنامەکانی شەشەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان – عێراق، ٢٠١٧ .

(٢) یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان، پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی پەسـەندکراوی کۆنگـرەی هەشـتەم، هەولێـر، ٢٠١٩.

http://www.yakgrtw.net/ku/peyrrew-prrogram

ڕێبازی پارت و شۆڕشەکانی کوردستان و مافی بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەت کە لە پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دا هاتووە، تەنیا لە ئاستی دروشم دا ماوەتەوە، هەروەها بزووتنەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان خاوەن ستراتیجێکی ڕوون نیە لە بارەی چۆنیەتی کارکردن و داواکارییە سیاسییەکانیان، بەڵکو لەم ڕووەوە دابەشبوون.

**دووەم: ئاستەنگی سیاسی**

دەکرێ بڵێین سەرکردەکانی کورد یەکتری قبوڵ ناکەن و خەریکی ڕکەبەری و کێشمەکێشی مێژوویی خۆیانن. تاکی کوردیش تەنیا هەروەکو خەون بیر لە سەربەخۆیی دەکاتەوە و تاکو ئێستاش دامەزراندنی دەوڵەت نەبووەتە ئامانج و ماڵی کوردیش یەکڕیز نیە و ناکۆکییە ناوخۆییەکان و نەبوونی هەماهەنگی کە لە باشترین دۆخەکاندا بە پێی پێویست نیە.[1] یەکێکن لە گەورەترین ئاستەنگە ناوخۆییەکانی هەرێم. بۆ نموونە لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر و دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە شەڕ و توندوتیژی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگیرسا.

ساڵی (١٩٨٠) بە هۆی جەنگی عێراق-ئێران هەر یەک لە دوو پارتەکە هەوڵی سەلماندنی بوون و هەژموونی خۆیان لە هەرێم دەدا، لە ساڵی (١٩٩٤) جەنگی ناوخۆ لە نێوان هەر دوو پارتەکە سەری هەڵداوە و دواتریش لە ساڵی (١٩٩٦) دروستبوونی دوو ئیداری لێکەوتەوە، بە جۆریک پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزگای هەولێر و دهۆکی لە ژێر دەست بوو و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانیلە ژێر کۆنتڕۆڵ دابوو، واتە هەرێمی کوردستان دابەش کرا بوو بۆ (زۆنی زەرد و زۆنی سەوز) کە تاکو ئێستاش سیماکانی دوو ئیدارەیی لە هەرێم دا ماوە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕەنگدانەوەی لە سەر هەرێمی

(١) أياد كامل إبراهيم الزيباري،مقومات بناء الدولة الكوردية ومعوقاتها دراسة شرعية وقانونية،مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد ٣، العدد ٢،حزيران ٢٠١٧،ص١٣٥.

کوردستان لە ڕابردوو و ڕۆژگاری ئێستا دا هەبووە و هەیە، بە جۆرێک پەرتبوون و دابەشبوونی پارتە سیاسییەکان ئێستا زیانی گەورەی لە زەمینە خۆشکردن بۆ ڕەخساندنی دروستبوونی دەوڵەت داوە. هەروەها ئەو دەستوەردان و هەژموونەی دەوڵەتی ئێران بە سەر زۆنی سەوز و تورکیا بە سەر زۆنی زەرد و عێراق بە سەر ناوچەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم هەیەتی، زیانی زۆری بە کەرتبوونی ناماڵی کورد و نەبوونی هاوگوتاری و هەماهەنگی لە زۆر لە بوارەکان داوە.

### سێیەم: ئاستەنگی ئابووری

کەرتەکانی ئابووری بارودۆخی ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵک دیاری دەکەن. لە ڕوانگەی تیۆری مارکسیزمیشەوە ئابووری بزوێنەری مێژووە و کۆمەڵ بەرەو گەیشتن بە ئاستی پیکهێنانی دەوڵەت ئاراستە دەکات و دەیجوڵێنێت .(١) دەکرێ بڵێین ئابووری و سیاسەتیش ئاوێتەی یەکتربوون. هەروەها دەکرێ ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوایەتی بە گەشەی سەرمایەدارییەوە ببەستینەوە.(٢)

لە هەر وڵاتێک دا داهاتەکانی بە زۆری لە نەوتەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوا دەرامەتی نەوت پلانرێژی دۆخی سیاسی دەکات و کاریگەریش لە سەر بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەبێت(٣).

دەتوانین بڵێین پشت بەستن بە داهاتی نەوت، سەقامگیری ئابووری و چالاکییە ڕاستەقینەکان لە وڵاتانی نەوتی دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، واتە ئەمە مانای ئەوەیە کەرتە ئابوورییەکانی تری ناوخۆ سەربەخۆیی داهات دروست دەکەن.

---

(١) عەتا قەرەداخی، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردییدا، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە ٣١١،هەولێر، ٢٠٠٤،ل١٤٢.

(2) Kevin R. Cox, **Political Geography** Territory, State, and Society , **Blackwell, Publishers Ltd** ,usa , 2002 ,p.42. https://www.pdfdrive.com/political-geography-territory-state-and-society-d164113888.html

(٣) جاسب نیک فر و مهدی ماهیدشتی، واکاوی استراتژی نفتی اقلیم کردستان عراق، اهداف و رویکردها، پژوهش های راهبردی سیاست، سال چهارم، شماره ١٤، پاییز ١٣٩٤،١٧٦.
http://ensani.ir/file/download/article/20170315102548-10027-47.pdf

لە ڕووی مێژووییەوە دەکرێت سێ جۆری جیاواز لە بەرژەوەندییەکان دیاری بکەین کە دەسەڵاتدارانی حکومی بڕیاری لەبارەوە دەدەن لە بواری وزە دا، ئەوانیش بریتین لە بەرژەوەندیە سیاسییە دەرەکییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بەرژەوەندییە ژینگەییەکان، زۆر جاریش ئەم سێ جۆرە دژیەک دەبن، بۆ نموونە گەر بەدواداچوون بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بکرێت ئەوا دەبێ قوربانی بە بەرژەوەندییە سیاسییە دەرەکییەکان بدرێت، هەر بۆیە ئەمە ڕەنگە گونجاو نەبێت بۆ هەرێم کە خۆی کێشەی فرۆشتنی نەوتەکەی هەیە [1]. لە هەرێم گەورەترین بەربەستی بەردەم حکومەت دابینکردنی مووچەیە بۆ ئەو هەموو فەرمانبەرەی پارتە سیاسییەکان پێشتر لە کێبڕکێی یەکتر و بۆ مانەوەی هەژموونیان دایانمەزراندبوون. تا ساڵی (٢٠١٣) کۆی گشتی کارمەندانی وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێم (٦٨٢٨٤٩) کارمەند بوون.[2] نێچیرڤان بارزانیش سەرۆکی حکومەتی پێشووی هەرێم چەندین جار ئەو مەترسییەی خستۆتەڕوو و ڕایگەیاندووە لە ملیۆنێک و چوارسەد هەزار مووچە خۆر تەنیا حەفت سەد هەزار کەسیان فەرمانبەری فعلین و کار دەکەن.[3]

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین سیاسەتی هەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی کابینەی (٧-٨) و پەیڕەوکردنی ئابووری ئازاد سەبارەت بە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، بێ ئەوەی ئامادەسازی بکات و پشت قایم بێت، ئەوەشی ڕوویدا و ڕوودەدات بەهەدەردانی دەرامەتی سروشتی کوردستانە لە ڕابردوو و ئێستا دا، چونکە لەگەڵ هەنگاوەکانی بە سەربەخۆ فرۆشتنی نەوت لە لایەن هەرێمەوە، حکومەتی عێراقی گورزێکی سیاسی و ئابووریی و دواتر کۆمەڵایەتی بەهێزی لە هەرێم دا کە ئەویش بڕینی (١٧٪)ی پشکی بوو لە بوودجەی عێراق و بەمەش هەرێمی تووشی قەیرانێکی دارایی سەخت کردەوە. هەروەها هەرێم بەشێکی زۆری کاڵا و کەلوپەلەکانی پشت بە هاوردەکردن لە دەرەوە دەبەستێت و

(1) Per Högselius , Energy and Geopolitics , Routledge, Taylor & Francis Group , New York , 2019 ,p.44. https://www.pdfdrive.com/energy-and-geopolitics-e187906139.html

(٢) أيوب أنور حمد سماقه يي، التنمية المستدامة في اقليم كوردستان العراق واقع و رؤية استشرافية، السليمانية، ٢٠١٧،ص٢١٢.

(٣) بارزان جەوهەر سادق، حوکمداری لە قەیراندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨،ل٦٣.

ئەمـەش خاڵێکـی لاوازە و ئاستەنگیشـە لـە بـەردەم دامەزراندنـی دەوڵـەت، چونکـە گـەر دەوڵەتانـی دراوسـێی دەروازە سـنوورییەکانیان لـێ دابخـەن، ئـەوا هەرێـم ڕووبـەڕووی کێشـە دەبێتـەوە لـە ڕووی دابینکردنـی بەرووبـووم و کاڵاکان.

**چوارەم: پرسی دیموکراسی**

لـە هەرێـم تاکـو ئێسـتا دیموکراسـییەت پێنەگەیشـتووە، لـەم بارەیـەوە فرانسـیس فۆکۆیامـا دەڵێـت دیمۆکراسـییەکی پتـەو و چەسـپاو، پەیوەنـدی بـە توانـای کۆمەڵـگاوە هەیـە کـە خـۆی بتوانێـت کۆمەڵگایەکـی مەدەنـی تەندروسـت دروسـت بـکات.[1]

لەگـەڵ ئـەوەی دەرکەوتنـی ئۆپۆزسـێۆنی سیاسـی لـە هەرێمـدا، بەڵگەیەکـی دیکـەی ژیانـەوە و بـە خۆداهاتنـەوەی دیموکراسـییە، بـەڵام ئـەوەی لـە کوردسـتان دا هەیـە تەنیـا ئۆپۆزسـیۆنی قسـە و وتـاری ئاگریـن و ڕەخنـەی ڕووخێنـەر بـووە.

دەکـرێ بڵێیـن پرۆسـەی دیموکراسـیش بـە دامەزراوەکـردنی دەسـەڵات دەبێـت و ئەمـەش بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە نـاکاو و بـە بـێ پرۆگـرام ئەنجـام نادرێـت، بەڵکـو گرنگتریـن هەنـگاو لـەم ڕووەوە پێویسـتە پارتـە سیاسـییەکانی هەرێـم ڕاییپەڕێنـن، ئەویـش بـە دامەزراوەیـی کردنـی دامـەزراوە سیاسـییەکانە. لـەم بارەیـەوە سـامۆئیل هنتنگتـۆن ئامـاژە بـەوە دەدات، بـە دامەزراوەییبـوون بریتیـە لـەو پرۆسـەیەی کـە دامـەزراوە و ڕێوشـوێنەکان بەهـا و سـەقامگیری بەدەسـت دێنـن،[2] بـەڵام ئـەو پەیوەندییـە ناتەندروسـتەی لـە نێـوان پارتـەکان و حکومەتـی هەرێـم دروسـت بـووە لـە ڕووی دەسـتوەردانی حـزب لـە کاروبـاری حکومـەت، سـەرچاوەی سـەرەکی بچووکبوونـەوەی حکومەتـە لـە بەرانبـەر حـزب و هـۆکاری سـەرەکی سـەرهەڵدانی گرفـت و گەشـە نەکردنـی دامـەزراوە فەرمییەکانـە لـە هەرێمـی کوردسـتان.

(1) Francis Fukuyama,The End Of History and the Last Man , Free Press , New York,1992 ,p.217. https://www.pdfdrive.com/the-end-of-history-and-the-last-man-e55209109.html

(٢) یاسین سالّح، حزب و بەربەستەکانی بونیادنانی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤـاری شرۆڤـە، گۆڤارێکـی وەرزی سیاسـی فکریـە، مەکتەبـی ناوەنـدی دیراسـاتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەریـدەکات، ژمـارە (٣١)، کانوونـی یەکەمـی ٢٠٢٠،ل٨٠.

## پێنجەم: پرسی گەندەڵی

لە هەرێم دا دیاردەی ڕاسپێر(واستە) لە دامەزراوە حکومییەکان دا هەیە، ئەمە سەرباری بە هەڵە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و بوونە شەریک لە کاری بازرگانی و چاوبڕینە سەروەت و سامانی گشتی و بەکارهێنانی بۆ مەبەستە تایبەتیەکان و پێشێل کردنی یاساکان.[١] هەروەها دانانی کەسانی نەشارەزا لە پۆستە ئیداری و حیزبیەکاندا و دانان لە سەر بنەمای ناوچەگەری و عەشیرەتگەری و خزم خزمێنە و حزبایەتی تەسک و دڵڕازیکردن و تەکەتولچێتی، نەک لە سەر بنەچەی لێهاتوویی و خوێندەواری و دەستپاکی و ئەمینی و دڵسۆزی و شارەزایی و پسپۆڕی، هەر بۆیە وردە وردە و ساڵ لە دوای ساڵ ئیدارەی حکومەت و حیزبیش لە ئەنجامی ململانێی ناشەریفانەی ناو حکومەت و خودی پارتە دەسەڵاتدارەکان، دیاردەی گەندەڵی سەری هەڵدا و گەشەی کرد و ئێستا بووەتە پەتایەکی کوشندە.[٢] لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، گەندەڵی وەکو دیاردەیەکی جیهانی لە هەرێمی کوردستانیش هەیە، لەم ڕووەوە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (٢٠١١) ی بە ناوی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان-عێراق دەرکردووە،[٣] واتە وەکو یاسا هەیە، بەڵام لە بەربەستە گەورەکانی بەردەم بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێم دا بریتین لە: نەبوونی ئیرادەی ڕاستەقینەی سیاسی، یان توانای پێویست بۆ شەڕی گەندەڵی و هەرێمی کوردستانیش وەکو بەشێک لە عێراق لە ڕووی ئاستی شەفافیەت و گەندەڵییەوە بە پێی ڕیزبەندی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە ساڵی (٢٠٢١) دا (١٥٧)ەمین وڵات بووە.[٤]

(١) هەورامان علی تۆفیق، گەندەڵی سیاسی، گۆڤاری پەرلەمانتار، گۆڤارێکی وەرزی لێکۆڵینەوەیە لە بوارە جیاجیاکان، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (١٥)، تشرینی دووەمی ٢٠١٢،ل٤٥.

(٢) نەوزادی موهەندیس، ریفۆرم لە قۆناغی ئێستای کورد دا بۆ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل١٩١.

(٣) * بۆ زیاتر :

https://www.parliament.krd/media/2311,20/5/2021.

(٤) باسم علي خريسان، العراق في مؤشر مدركات الفساد العالمي ٢٠٢١،مركز البيان للدراسات و التخطيط، ٢٠٢٢،ص٨.

**شەشەم: ئاستەنگی ئاسایشی**

بوونـی قووڵایـی کوردسـتانی لـە نێـو تورکیـا و ئێـران و سـوریا، واتـە سـنووری گـەورەی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـە، گەورەتریـن ئاسـتەنگی سیاسـییە بـۆ دروسـت نەبوونـی دەوڵەتـی کوردسـتان تاوەکـو ئێسـتا. بـە هاتنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (ISIS) [1] لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی (٢٠١٤) و گرتنـی موسـڵ و هێـرش کردنـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، هەڕەشـەیەکی گـەورە لـە سـەر ئاسـایش و سـەقامگیری کوردسـتان دروسـت بـوو و ڕووبەڕێکـی فـراوان لـە پارێزگاکانـی نەینـەوا و کەرکـووک و سـەلاحەددین و دیالـە کەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـەو ڕێکخـراوەو بـەم شـێوەیە هەڕەشـەیەکی ئاسایشـی لـە سـەر هەرێـم دروسـت کـرد.

**دووەم: ئاستەنگی دەرەکی**

ا   **ئاستەنگی هەرێمی:**

**یەکەم: سنوور**

یەکێـک لـە گەورەتریـن ئاسـتەنگەکانی بـەردەم هەرێمـی کوردسـتان، بریتییـە لـە کێشـە سـنوورییەکانی، هـەروەک بەشـەکانی باکووری، لەگـەڵ ئـەوەی گرنگترینـی دەروازە سـنوورییەکانی هەرێمـی لـە خۆگرتـووە ئەویـش دەروازەی نێودەوڵەتـی ئیبراهیـم خەلیلـە کـە ڕێـگای پەیوەندیکردنـی هەرێـم و عێراقـە بـە باکـووری کوردسـتان و تورکیـا و هەروەها ئەوڕووپـاش، بۆیـە بـە خاڵێکـی بەهێـزی جێۆپۆڵیتیکـی بـۆ هەرێـم دادەنرێـت و پێگـەی هەرێـم لـە نێـو عێراقـدا بەهێـز دەکات، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام ئـەم سـنوورە لـە لایـەن دەوڵەتـی تورکیـاوە بەزێـنراوە و ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی بەرفراوانـی دژی گەریلاکانی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانبۆ سـەر خاکـی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامـدراوە. بـە پێـی زانیارییەکانـی وەزارەتـی پێشـمەرگەی کوردسـتان، تورکیـا دوو سـەربازگەی لـە بامەڕنـێ و

---

(١) دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام(داعش) (ISIS)ئەمانـە گروپێکـی ئیسـلامی تونـدڕەوی تیرۆریسـتن، چەندیـن ناوچەیـان لـە سـوریا و هەروەهـا عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی (٢٠١٤) کۆنتـڕۆڵ کـرد، ئـەم گروپـە کـە دواتـر خۆیـان بـە دەوڵـەت ناسـاند لـە لایـەن ئەبوبەکـر بەغـدادی جیابـووە لـە ڕێکخـراوی ئەلقاعیـدە بەڕێوەدەبـرا.

باشیک دامەزراندووە و ئەمە جگە لە (١٧) ڕەبایەی دیکە، هەرچەندە سوپای تورکیا ئاماژە بە (٣٧) خاڵ و بنکەی سەربازی لە ناو خاکی هەرێم دا دەکەن.[١]

لە (١٥)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٨٤) ڕێکەوتننامەی ڕاوەدوونانی بێوچان یان ڕاوەدوونانی گەرم لە نێوان تورکیا و عێراق بەسترا کە ڕێگای بە هێزەکانی هەر دوو دەوڵەت دا چاودێری چەکدارە کوردە دژبەرەکانیان بکەن لە زەوی دەوڵەتەکەی تر بە قووڵایی (٥-١٠کم) لە هێڵی سنوورەوە.[٢] جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین لەیەکنەچوونی سنووری یاسایی نێوان هەرێم و تورکیا لەگەڵ پێکهاتەی ئیتنیکی و ئابووریی و ڕۆشنبیری ناوچەکە، هۆکارە بۆ بەردەوامی ئەو ئاڵۆزییەی لەم سنوورە دایە.

هەرچی سەبارەت بە سنووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمە، ئەواکۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەردەوام بە بیانووی پاراستنی سنوورەکانی و سەرکوتکردنی پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، دەستوەردانی سەربازیلە ناوچە سنوورییەکانی هەرێم دا کردووە، هەر بۆیە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە سوود لەم دۆخانە وەردەگرن و دەستوەردانەکانیشیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێم بە گشتی و ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان بە تایبەتی خستووەتە بەردەم هەڕەشە. بە تایبەتی دوای دروستکردنی سەربازگە لە سەر سنوورەکان و لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو، گرنگترین ئەو فاکتەرە جیۆپۆلیتیکییانەی کاری کردووەتە سەر سنوورەکانیهەرێمی کوردستان، ئەوەیە هەرێملە ڕووی ئیتنیکی و جوگرافییەوە پەیوەستە بە بەشەکانی دیکەی کوردستان، دەکرێ ئەو هاوبەشییەی لە نێوان هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان دا هەیە، دوو کاریگەری جیاوازی لێ بکەوێتەوە، لە لایەک هاوبەشی نەتەوەیی و کلتووری و کۆمەڵایەتی و بازرگانی

(١) چاوپێکەوتن لە گەڵ (هەژار عمر اسماعیل)، ڕاوێژکاری سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە، هەولێر(٢٠٢١/٧/١٣).

(٢) خليل على مراد، الموقف الاقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤، مجلة الدراسات الاقليمية، السنة (٢) , العدد (٣)، حزيران ٢٠٠٥، ص٤.

و ئاڵوگــۆڕەکان پەیوەندییەکانــی نێــوان هەرێــم و بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان و دەوڵەتەکانیــان بەهێزتــر دەکات، لــە لایەکــی دیکــە نائارامــی ســنوورەکان و بوونــی ناوچەیەکــی فــراوان لــە ژێــر دەســەڵاتی پارتەکانــی دەرەوەی هەرێــم، بــە تایبەتــی پارتــی کرێکارانــی کوردســتان (پەکەکــە) و هەروەهــا پارتــی ژیانــی ئــازادی کوردســتان(پەژاک) و کۆمەڵــەی زەحمەتکێشــانی کوردســتان(کۆمەڵە) و حیزبــی دیموکراتــی کوردســتان(حدک) و حیزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێران(حــدکا) تێپەڕینــی نایاســایی و هاوردەکردنــی کەلوپەلــی قاچــاغ و نایاســایی و هەروەهــا بیانــوو دەبــێ بــۆ بەســتنی ڕێککەوتننامــە لــە نێــوان دەوڵەتانــی دژبــەری هەرێــم و شــەڕ و ململانێشــی لــێ دەکەوێتــەوە، هــەروەک ئــەو ڕێککەوتننامــە ســنووریانەی لــە نێــوان دەوڵەتــی عێــراق و دەوڵەتانــی دراوســێی هەرێــم دا بەســتراوە، کاریگەرییەکــی گــەورەی کردووەتــە ســەر ناســەقامگیری ســنوورەکانی، چونکــە هەبوونــی ئــەم قەوارەیــەی هەرێــم کەشــێکی گونجــاوی بــۆ پارتــە کوردییــە دژبەرەکانــی دەوڵەتانــی دراوســێ خوڵقانــدووە، هــەر ئەمــەش بیانــووە بــۆ ئــەو نائارامییــەی لــە ناوچــە ســنوورییەکانی هەرێــم دا هەیــە و کاریگەریــی گەورەشــی کردووەتــە ســەر ئــاوەدان نەکردنــەوەی بەشــێکی زۆری گونــدە ســنوورییەکانی.

لـە ئەنجامـی ئـەو فاکتەرانەی ئاماژەمـان پێدا، بەردەوام کەشـێکی نا ئارام کـە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران خوڵقاندوویانە، هەڕەشـە لە سـەروەری هەرێمی کوردسـتان دەکات.

## دووەم: شوێنی جوگرافی

شـوێنی جوگرافـی هەرێمـی کوردسـتان گرنگـی خـۆی هەیـە و کاریگـەرە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـە جۆرێـک هێـزە جیهانـی و هەرێمیـەکان بـە هەستیارییەوە لـە گۆڕانکارییەکانـی ناوچەکـە دەڕوانـن و هـەر گۆڕانکارییەکیـش لـە دۆخـی جیۆپۆلیتیکـی هەرێـم، کاریگـەری لـە سـەر دەوڵەتانـی دراوسـێی دەبێـت و لـە ئاسـتی جیهانیـش گۆڕانـکاری جیۆسـتراتیجی لـێ دەکەوێتـەوە. سـەبارەت بـە شـوێنی ڕێژەیـی هەرێـم، ئـەوا بـە عێراقـەوە دراوسـێی چـوار دەوڵەتـە، هـەر هەموویـان بـە پێـی تـەرازووی هێـز خاوەنـی پەیوەنـدی دیپلۆماسـی و هێـزی ئابـووری و سـەربازین، گشـتیان تواناکانیـان لـە تواناکانـی هەرێـم زیاتـرە، ئەمـە لـە لایـەک لـە لایەکـی تـر لەبەرئـەوەی کوردسـتان لـە نێـوان ئـەم دەوڵەتانـە دابەشـکراوە، نەتـەوەی کـورد ژمارەیەکـی بەرچـاوی پێکهاتـەی دانیشـتوانی ئـەم دەوڵەتانـە پێکدێنێـت. هـەروەک بـە پێـی خەمڵاندنـەکان لـە سـاڵی (٢٠١٦) نزیکـەی (٢٠) ملیـۆن کـورد لـە تورکیـا هەبـووە کـە نزیکـەی(٢٤٪)ی کـۆی دانیشـتوانی لـە خـۆ گرتـووە و لـە ئێرانیـش (١٢) ملیـۆن کـورد هەبـووە کـە زیاتـر لـە (١٤٪)ی کـۆی دانیشـتوانی وڵاتەکەیـان پێکهێنـاوە و لـە سـوریا (٣,٦) ملیـۆن کـورد هەبـووە کـە (٢٠,٥٪)ی کـۆی دانیشـتوانیان لـە خۆگرتـووە.[1] لێـرەدا دەبـێ بڵێیـن هەرێمـی کوردسـتان هەرێمێکـی کیشـوەریی داخـراوە ((Land Locked state، واتـە هـەر چـواردەوری وشـکانیە، ئەمـەش یەکێکـە لـە لایەنـە خراپەکانـی شـوێنەکەی. هـەر پەیوەندیکردنێکـی بـە جیهانـی دەرەوە لـە ڕێـگای دەوڵەتانـی دراوسـێیەوە (تورکیـا، ئێـران، سـوریا، عیـراق) دەبێـت، هـەر بۆیـە هەرێـم پێویسـتە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ دەوڵەتانـی دەوروپشـتی بـاش بێـت لـە پێنـاو گەیشـتن بـە بەنـدەرەکان. شـوێنی داخـراوی هەرێمیـش گەورەتریـن بەربەسـتی جیۆپۆلیتیکـی هەرێمـی کوردسـتانە. هەروەهـا یەکێکـە لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی مانـەوە و بەردەوامبوونـی کێشـەی کوردە.بـە پێـی تـۆڕی بـاڵا دەسـتی دەریایـی ئالفرێـد ماهـان مەرجـی سـەرەکی بـۆ زاڵبـوون بـە سـەر جیهـان و دروسـتکردنی هێزێکـی جیهانـی بریتیـە لـە کۆنتـڕۆڵ بـە

(١) بۆزیاتر:

https://www.institutkurde.org/en/info/the-kurdish-population-1232551004,25/5/2021

سـەر دەریاکان،[1] هـەر بۆیـە هەرێمـی کوردسـتان هەرێمێکـی کیشـوەری داخـراوە و ناتوانێـت ببێتـە هێزێکـی گـەورە و کاریگـەر، بـە مەبەسـتی مانـەوە و پەیوەندیکـردن بـە جیهانـی دەرەوە، پێویسـتە پەنـا بـۆ ئـەو دەوڵەتـە دراوسـێیەی ببـات کـە خـاوەن سـنووری دەریاییـە و بوونـی قووڵایـی کوردسـتانی لـە نێـو سـنووری تورکیـا و ئێـران و سـوریا داوای کـردووە پێویسـتی بـە دراوسـێکانی هەبێـت بـە تایبەتـی تورکیـا و ئێـران. هـەر ئەمـەش هەرێمـی خستووەتە تەنگانـەی جیۆپۆلیتیکـی و یەکێـک لـە سـەرەکیترین فاکتەرەکانـی ڕێگریکـردن لـە سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان. شـوێنی جوگرافـی لـەو ڕەگەزانەیـە دەوڵـەت ناتوانێـت بیگۆڕێـت، بـەڵام ئەمـەش مانـای ئـەوە نیـە سـەنگی ئـەم ڕەگـەزە لـە هاوکێشـەی هێـزی دەوڵـەت دا جێگیـرە و ناگـۆڕێ، چونکـە بارودۆخـی نێودەوڵەتـی دەگـۆڕێ، ئەمـەش بـوار لـە بـەردەم گۆڕینـی جـۆری سـەنگی ڕەگـەزە جێگـرەکان لـە نێـو هاوسـەنگییەکانی هێـزی هـەر دەوڵەتێکـدا دەکاتـەوە.[2] بـۆ نموونـە سـەنگی جیۆپۆڵیتیکـی هەرێمـی کوردسـتان لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣) زۆر جیـاواز بـووە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (٢٠٠٤ – ٢٠١٣)، واتـە دوای ڕووخانـی حکومەتـی بەعـس و دامەزراندنـی حکومـەت و پەسـەندکردنی دەسـتوری نوێـی عێـراق و هەروەهـا ئـەم ماوەیـەش زۆر جیـاواز بـووە لـە مـاوەی نێوان سـاڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)، هەروەهـا دوای ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـاڵی (٢٠١٧) و لەدەسـتدانی زۆربـەی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، سـەنگی لـە ڕووی ڕووبـەر و هەروەهالـە ڕووی هەرێمـی و نێودەوڵەتیـەوە کەمـتر بـووە.

(١) امیـر قدسـی، تکامـل مفهومـی قـدرت در نظـام ژئوپلیتیـک جهانـی، فصلنامـە راهـبرد دفاعـی، شـماره ٣١، زمسـتان ١٣٨٩،ص١٦٨.

https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?ID=133326

(2) Ahmet Davutoğlu , Stratejik Derinlik: Türkiye’nin Uluslararası Konumu, İstanbul: Küre Yayınları, 2001,S.31.

**سێیەم: دەرامەتی ئاو**

دوای نـەوت و کانـزاکان، ئـاو یەکێکـە لـە شـەڕەکانی ئاینـدە، کـە بـە سـامانی لەبـن نەهاتـوو لەقەڵەمدەدرێـت، بۆیـە دەوڵـەت ئەگـەر خاوەنـی ئـەو سـامانە سروشـتییە بـوو، دەتوانێـت خاوەنـی کەرەسـتەی تەکنۆلۆژیـی مەدەنـی و سـەربازیش بێت.[1] لەگـەڵ ئەوەی هەرێمـی کوردسـتان هارتلەنـدی عێراقـە لـە ڕووی سـەرچاوەکانی ئـاو و بوونـی بەسـت و بەنـداوەکان، بـەڵام پێویسـتی زۆری دراوسـێکانی بـە تایبەتـی تورکیـا و ئێـران بـە سـەرچاوە ئاوییەکان و زیادبوونی پێویسـتییەکانی هەرێم لە ئاینده دا، پێشـبینی کێشمەکێشـی هەرێم و عێراقـی لـێ دەکەوێتـەوە. بـۆ نموونـە ڕووبـاری بناوەسـووتە کـە دەڕژێتـە زێـی بچـووک، ئێـران پرۆژەیەکـی ئاودێـری لـە سـەر دروسـت کـردووە، ئەویـش بە کردنـەوەی سـێ کەناڵی ئاویـی بۆ ڕاکێشـانی ئاوی ئەم ڕووبارە بە مەبەسـتی کشـتوکاڵی.[2] دەکـرێ بڵێین گەورەترین خاڵـی لاوازی هایدروپۆڵیتیکـی هەرێمیـش بریتیـە لـەوەی ڕووبـاری دیجلـە و ڕێژگەکانـی لە دەرەوەی هەرێـم هەڵدەقوڵێـن و ڕۆڵێکـی جیۆسـتراتیجیان بـۆ تورکیـا هەیـە، لـە ئاینـدە دا پێشـبینی گـرژی توونـد لـە ناوچەکـە دەکرێـت. تورکیـا دەرامەتـە ئاوییەکانـی بەکاردهێنێت وەکـو چەکێـک بـۆ جێبەجێکردنـی ئامانجە ئابـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانی، ئەویش لـە مـاوەی بەجـێ گەیاندنـی ژمارەیـەک پـرۆژەی گلدانـەوەی ئاو.

تورکیا لە ڕێگای پرۆژەی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ( (GAP، شـەش پرۆژەی سـەرەکی لـە سـەر ڕووبـاری دیجلە دروسـت کردووە کـە ئەمیش دابـەش دەبێت بۆ چەنـد پرۆژەیەکی لاوەکـی دیکـە، هەروەهـا چوار بەنداویشـی لە سـەر ڕووبـاری دیجلە و ڕێژگەکانی دروسـت کـردووە.[3] ئـەم پرۆژانـەش لـە ڕووی هەرێمییـەوە ڕۆڵێکـی گەورەتـر دەبەخشـنە تورکیـا. ئـەوەی لێـرەدا جێـگای سـەرنجە، ئەوەیـە هەرێـم بایـی خـۆی ئاوی هەیـە. ئەوەی ئـاوی نیە بەشـەکانی تـری عێراقـە، بۆیـە لـە سـەر مەسـەلەی ئـاو عێـراق هاوشـێوەی تورکیـا و ئێـران هەڕەشـەیە بۆ کوردسـتان.

(١) سمكۆ محەمەد، دەوڵەت، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٦،ل١٦٦.

(٢) أنـور عبدالزهـرة شـلش العتـابي، المـوارد المائيـة في العـراق بـين تحـدي السياسـات وفـرص الاسـتدامة، رسـالة ماجسـتير، الجامعةالمسـتنصرية، كليـةالإدارة والاقتصـاد، ٢٠١٤،ص٤٥.

(٣) سـليمان عبداللـه اسـماعيل، السياسـة المائيـة لـدول حـوضي دجلـة و الفـرات و انعكاسـاتها عـلى القضيـة الكرديـة، مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، السـليمانية، ٢٠٠٤ .ص٧٢.

## چوارەم: ئاستەنگی دەوڵەتانی دراوسێ

### ا  تورکیا:

تورکیا دژی دابەشبوونی عێراق و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانە لە عێراق، لەبەرئەوە پێیوایە ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لە سەر ناوخۆیی تورکیا دەبێت، بۆیە وەکو بابەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی سەیری دەکات. لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩٦) ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا و پارتی و یەکێتی و بەرەی تورکمانی بەسترا، لە ناو دەقی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە:(نابێت چالاکی و جموجۆڵی پارتەکان هیچ شتێکی ئەم کۆبوونەوەیە، یان ڕێککەوتننامەکان (کە مەبەست لێیان یەکێتی خاکی عێراق و سنوورەکەیەتی بخاتە بەر مەترسی).[١] تاکو ساڵی (٢٠٠٢) سیاسییەکانی تورک پێیان وابوو هەر چالاکییەک دژی ڕژێمەکەی سەددام ناهاوسەنگی لە ناوچەکە دا دروست دەکات و دەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە عێراق.[٢] لە ساڵی (٢٠٠٣) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لە تورکیا کرد بە (١٢٠٠٠) سەرباز بەشداری لە کۆنترۆڵکردنی ناوچە سونیەکانی عێراق بکات، بەڵام تورکیا مەرجی دانا بۆ ئەم بەشداریکردنە لە گرنگترین مەرجەکانیشی بریتی بوو لە نەهێشتنی سەرهەڵدانی فیدراڵی و داماڵینی چەک لە میلیشا عێراقیەکان و هێزەکانی پێشمەرگە.[٣] جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین تورکیا پێیوایە لە کاتی لکاندنی ناوچەی کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت بە هەرێمەوە، ئەوا ئەو دەوڵەتە کوردییە بەهێز دەبێت و ئەمەش وا دەکات باکووری کوردستان خواستەکانیان هەڵکشێ، بە تایبەتی جیابوونەوە لە تورکیا و لە کۆتایشدا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە. هەروەها دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بەوە لێکدەداتەوە لە ئایندە دا دەبێتە فاکتەری دابەشبوونی تورکیا. هەر بۆیە لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە سوپای تورکیا بە بیانووی

(١) موکەڕەم تاڵەبانی، کوردستان و تورکمان، و:عوسمان محەمەد ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨،ل٤٤.

(٢) وهرام بتروسيان، سياسة تركيا تجاه كوردستان العراق و امريكا (١٩٩١-٢٠٠٣)، ترجمةعن الفارسيه : نزار ايوب گولی، مطبعه جامعه دهوک، ٢٠٠٨،ص٦٦.

(٣) لقمان عمر محمود النعيمي، العلاقات العراقية - التركية (٢٠٠٢-٢٠١٢) , مجلة الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠١٣،ص١٤٧،١٤٦.

سەرکوتکردنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە خاکی هەرێم دا هەن.[١] ئەمە جگە لەوەی لە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠١٧) لە ڕاگەیاندنەکانی تورکیاوە دەنگۆی کردنەوەی دەروازەی سنووری ئۆڤاکۆی [٢] لە نێوان تورکیا و عێراق بڵاوبوویەوە.[٣] (نەخشەی١١) ئەوەی لێرەدا جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە ئامانجی تورکیا ئەوە بوو پرۆژەکە ببێتە ئەلتەرناتیڤی دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل و لێدان لە ئابووری هەرێم و لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر عێراق و ئەمەش وەکو دەستکەوتێک بفرۆشێتە حکومەتی عێراق. هەروەها ئامانجێکی تری تورکیا کۆنترۆڵکردنی ڕێگای هاتوچۆی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بوو. ئەوەی زیاتر هانی تورکیای دەدا بۆ پرۆژەکە، نیگەرانیەکانی بوو لە کردنەوەی شەش خاڵی سنووری نوێ لەنێوان عێراق و ئێران و مەترسی کۆنترۆڵکردنی بەشێکی فراوانی بازاڕی عێراق لە لایەن ئێرانەوە.

هەروەها لە دوای ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر و هێرشەکانی حەشدی شەعبی بە سەرپەرشتی تورکیا و هاوکاری ئێران بۆ سەر کەرکووک و موسڵ و شەنگال، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ هەژموونی ئێران بە سەر ئەو ناوچانە، تورکیا ئەمەی بە مەترسی لە سەر پێگەکەی دەبینی، بۆیە لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە دەیویست پێگەی خۆی لە عێراق بەهێز بکاتەوە کە ئەمەش جەنگێکی سیاسی و ئابووری بوو لە نێوان ئێران و تورکیا لە عێراق.

---

(١) بیل بارك، سیاسات ترکیا تجاه شمال العراق المشكلات و الافاق المستقبلية، مركز الخليج للابحاث، الامارات، ٢٠٠٥،ص٢٧.

(٢) پرۆژەی ئۆڤاکۆی بریتیە لە دەروازەی دووەمی سنووری نێوان تورکیا-عێراق و کەمتر لە (١٠) کم لە دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە دوورە و لە دەرەوەی سنووریی ئیداریی هەرێمی کوردستاندایە . پرۆژەکەش بریتیە لە ئۆڤاکۆی-تەلعەفەر -بەغدا بە درێژایی (٥٧٠)کم . لە ساڵی (٢٠١٣) ەوە پێشنیار کراوە وەکو دەروازەی نوێی گومرگی نێوان تورکیا و عێراق . بۆ زیاتر:
https//:www.haberler.com/ovakoy-sinir-kapisi-turkiye-irak-iliskileri-ni-11724387-haberi1,28/5/2021 https://www.dunyabulteni.net/guncel/yeni-sinir-kapisi-ic-in-kaybedecek-zaman-yok-h429791.html,28/5/2021

(3) Fahrettin Sumer & Jay Joseph , The paradox of the Iraqi Kurdish Referendum on Independence: Contradictions and Hopes For Economic Prosperity , British Journal of Middle Eastern Studies , Vol. 45, no. 4, 2018 ,p.58.




نەخشەی ١١ پرۆژەی پێشنیازکراوی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی

سەرچاوە:

https//:www.haberler.com/ovakoy-sinir-kapisi-turkiye-irak-iliskileri-ni-11724387-haberi1,28/5/2021

**ب ئێران:**

لەگـەڵ ئـەوەی لـە مـاوەی جەنگـی هەشـت سـاڵەی عێراق-ئێـران دا کۆمـاری ئیسـلامی بـە هـاوکاری هـەردوو پارتـە سـەرەکییەکەی کوردسـتان گوشـاری لـە سـەر عێـراق دروسـت کردبـوو.[1] دەکـرێ بڵێیـن لـە دوای ڕاپەڕینیـش بـە پاڵپشـتی هـەر دوو پارتـە سـەرەکییەکەی کوردسـتان (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان) چالاکییەکانـی پارتـە کوردییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی سـنووردار کـردووە. دوای ڕووخانـی حکومەتـی بەعـس لـە سـاڵی (٢٠٠٣) دەستڕۆیشـتوویی ئێـران لـە عێـراق فـراوان بـوو، سـەرەڕای پەیوەندییەکانیشـی لـە سـاڵی (١٩٩١)ەوە لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان هەسـتی بـە نیگەرانـی دەکـرد لـە بەرانبـەر فراوانبوونـی جیۆپۆلیتیکـی هەرێمـی کوردسـتان و بەهێزبوونـی بـەرەی کـوردی لـە عێـراق.

سـاڵی (٢٠١٤) پـاش کۆنترۆڵکردنـی کەرکـووک و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، نیگەرانـی ئێـران زیاتـر بـوو، چونکـە پێیانوابـوو دەسـتگرتنی کـورد بـە سـەر شـاری کەرکووکـی بـە نـەوت دەوڵەمەنـد، پشـتگیرییەکی ئابـووری بـاش دەبێـت بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان[2]، چونکـە ئێـران بەرژەوەندیـی لەوەدایـە عێـراق وەکـو دەوڵەتێکـی مەرکـەزی بمێنێتـەوە. ئـەوەی لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بدەیـن، ئەوەیـە ئێـران وەکـو تورکیـا دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی بـە مەترسـی بـۆ وڵاتەکـەی و ئاسایشـی نیشـتمانی خـۆی دەزانێـت، لەمـڕووەوە بابەتـی مەزهەبیـش ڕۆڵـی هەیـە. ئێـران دژی دامەزراندنـی کیانێکـی سـەربەخۆیە لـە هەرێمـی کوردسـتان، چونکـە لـە هەوڵـی تەواوکردنـی هیلالـی شـیعییە کـە لـە ئێرانـەوە درێـژ دەبێتـەوە بـۆ عێـراق و ئینجـا بـەرەو سـوریا و دواتـر لوبنـان.

---

(1) Kevin M. Woods and others , Saddam's War: An Iraqi Military Perspective on the Iran-Iraq War. Institute for National Strategic Studies, National Defenseuniversity . Washington, D.C.:2009,p.62. https://ndupress.ndu.edu/Portals/68/Documents/Books/saddams-war.pdf

(٢) مسـعود اسلامی و علـی شـمس آبـادی، عوامـل ناکامـی همەپرسـی جدایـی اقلیـم کردسـتان عـراق، فصلنامـە ژئوپلیتیـک، سـال چهاردهـم، شـمارە سـوم، پاییـز ١٣٩٧، ص٨٦،٨٤.

http://ensani.ir/file/download/article/1556597864-9617-97-18.pdf

**ب  ئاستەنگی نێودەوڵەتی:**

**یەکەم: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

تاکو ئێستاش ڕای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ دووبارە داڕشتنەوەی سنووری ناوچەکە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نیە، بە بیانووی هەستیاری ناوچەکە.[1] هەروەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (١٩٩١) بەڵێنی بە تورکیا و سعودیە دا کە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەیان هیچ سوودێکی سیاسی بۆ کورد و شیعە نابێت،[2] بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە، لە کۆتاییدا وا دەرنەچوو، سوودی بۆ کورد و شیعە بەدەستهێنا و ویلایەتەیەکگرتووەکان دواتر دیفاکتۆی کیانی کوردی لە نێو سنووری عێراقدا خوڵقاند، هەروەها بە دەستپێشخەری فەڕەنسا پارێزگاریشی لێ کرد لە ڕێگای ناوچەی ئارام و هێشتنەوەی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە دەرەوەی ئەو سنوورە.

دەبێ بڵێین لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) و تاکو ئێستاش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی لە مانەوەی هەرێم کردووە لە چوارچێوەی عێراقو لەو هەلومەرجەی ئێستادا، پلانی پارچەپارچەکردنی عێراقی نیە، چونکە کورد لە پێودانگی ئەمریکادا، وەک کارەکتەرێکی نادەوڵەتی و ئامرازێکی لۆکاڵی و هێزێکی ئازا لە قەڵەم دەدرێن.[3] هەرچەندە پرۆژەی (Biden) لە ساڵی (٢٠٠٦) باس لە دابەشکردنی عێراق دەکات بۆ سێ هەرێم کە دەکرێ وەکو سەرەتایەک دابنرێت بۆ پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە تەواوی ناوچەکە، بەڵام ئەمریکا ئێستا بە بەردەوام جەخت لە سەر عێراقێکی یەکگرتوو و کوردستانێکی بەهێز دەکاتەوە

(١) سارة بوعلي،تاثير الابعاد الجيوبوليتيكية لانفصال اقليم كردستان على الترتيبات الداخلية و الاقليمية، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية،جامعة بو ضياف، المسيلة، ٢٠١٨،ص٥٠.

(2) Carl Dahlman , The Political Geography of Kurdistan , Eurasian Geography and Economics , volume 43 , Issue 4 , 2002,p.286. https://www.academia.edu/23618148/The_Political_Geography_of_Kurdistan

(٣) کارۆخ خۆشناو، کورد لە پێودانگی ئەمریکادا، گۆڤاری شیکار، گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە، پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان دەریدەکات، ساڵی هەشتەم، ژمارە (٢٦)، بەهاری ٢٠١٩،ل٢٦.

و نایەوێـت سـنووری سیاسـی عێـراق گۆڕانـکاری بـە سـەر دابێـت، لـە هەمـان کاتیشـدا دەیەوێـت هەرێمـی کوردسـتان لـەو چوارچێوەیـەدا بەهێـز بێـت. هەروەهـا ئەمریـکا بەرژەوەندییەکانـی خـۆی لـە عێراقـدا لـە سـەرووی بەرژەوەندییەکانـی دەبینێـت لـە هەرێـم و بـە پشـتگیری کـردن لـە هەرێـم، نایەوێـت ئـەم بەرژەوەندییانـەی لـە دەسـت بـدات.

## دووەم: یەکێتی ئەوڕووپا

یەکێتـی ئەوڕووپامامەڵەکردنـی لەگـەڵ کێشـەی کـورد لـە هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان جوودایـە، ئەویـش بـە گوێـرەی تایبەتمەنـدی ئـەو پارچەیـەی کوردسـتان کـە بـە سـەر دەوڵەتـەکان دا دابـەش کـراوە. لـە (١٩٩١/٤/٨) یەکیتـی ئەوڕووپالـە کۆنگـرەی لوتکـەی ئەوروپـی لـە لوکسـمبۆرگ پشـتگیری لـە هەنگاوەکانـی دامەزراندنـی ناوچـەی ئـارام لـە لایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە لـە کوردسـتان کـرد.[١]

پـاش ڕوخانـی ڕژێمـی بەعـس لـە سـاڵی (٢٠٠٣)، یەکێتـی ئەورووپالـە لوتکەی برۆکسـل جەختیـان لـە سـەر کۆمەڵـە پرەنسـیپێک دەکـردەوە لـە مەر عێـراق، کـە گرنگترینیـان بریتی بـوو لـە: پاراسـتنی یەکێتـی عێـراق و پاڵپشـتی کردنـی سیسـتەمی فیدڕاڵـی بـە پێـی ناوچـە جوگرافییـەکان.[٢] سیاسـەتی یەکێتـی ئەوڕووپـاش بریتییـە لـە پاڵپشـتی گفتوگـۆ لـە نێـوان حکومەتـی فیـدراڵ و هەرێـم لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی گرفتـە هەڵپەسێراوەکانی نێوانیـان، لەگـەڵ چاودێـری کردنـی دەسـەڵاتدارانی هەرێـم لـە ڕووی بەهێزکردنـی دیموکراسـی و ڕێزگرتـن لـە مافـی کەمایەتییـەکان و حوکمـی یاسـا، هەروەهـا سـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی وزەی هەرێـم بـە تایبەتـی نـەوت و گاز.[٣]

دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن، دەوڵەتـە زلهێـزەکان سـوودیان لـە کـورد وەرگرتـووە لـە هاوکێشـە سـتراتیجیەکانیان و دەبـێ دەسـەڵاتی کوردسـتانی لـەوە تـێ بـگات، نابـێ خـۆی بکاتـە قوربانـی ئـەو دەوڵەتانـەی دەیانەوێـت سـوود لـە دۆخـی جیۆسیاسـی کوردسـتان وەربگـرن بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئامانجـە کاتـی و بەردەوامەکانیـان، بەڵکـو پێویسـتە سـوود لـەم دەوڵەتانـە وەربگرێـت بـە مەبەسـتی بەهێزکردنـی پێگـەی سیاسـی و ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان.

---

(1) Decision of the Informal Meeting of the European Council , Luxembourg , 8 april , 1991,p.46. http://aei.pitt.edu/1414/1/Luxembourg_april_1991.pdf

(٢) محمـد عبدالرحمـن یونـس العبیـدي، الاتحـاد الاوروبي و العـراق : دراسـة سیاسـیة الاقتصایـة، مجلـة الدراسـات الاقلیمیـة، جامعـة الموصـل، ٢٠١٨،ص٧٥.

(٣) دلشـاد محمـود صالـح، سیاسـة الاتحـاد الاوروبي تجـاه القضیـة الکوردیـة، اطروحـة دکتـوراه، کلیـة القانـون و السیاسـة، جامعـة صـلاح الدیـن، اربیـل، ٢٠١٤،ص٢١٩.

## سێیەم: ڕووسیا

سەرەتای پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی ڕووسیا و کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی ڕوسی- ئێرانی و ڕوسی- عوسمانی لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم.(١) ساڵی (١٩٤٧) لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، مەلا مستەفا بارزانی ڕوو دەکاتە یەکێتی سۆڤیەتی جاران.(٢) لێرەوە پەیوەندییەکانی کوردی عێراق و ڕووسەکان دروست دەبێت. دوای شۆڕشی (١٤) تەمووزی ساڵی (١٩٥٨) عەبدولکەریم قاسم ڕاستەوخۆ پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت پەرەپێدا و دەستیکرد بە کڕینی چەکی سۆڤیەتی و لە (٩)ی نیسانی ساڵی (١٩٧٢) پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عێراق واژوو کرا،(٣) واتە ئەم نزیکبوونەوەی عێراق لە سۆڤیەت واقیعێکی وای دروست کردووە پەیوەندییەکانی کوردی لەگەڵ ڕوسەکان خستووەتە دۆخێکی بەستەڵەکەوە و ڕووسەکان زیاتر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی دا بەرەوپێش بردووە.

دوای ساڵی (١٩٥٨) و هەروەها هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٦١) و دواتریش ڕێککەوتننامەی ئاداری (١٩٧٠)، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو زۆرترین دەستوەردان و هەژموونی هەبوو لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراقی و کورد.(٤) ئەویش بە مەبەستی ڕێککەوتنی هەردوو لایەن.

---

(١) بۆ زیاتر:

Победоносцева кая А.О. Курды в истории и политике России на Ближнем Востоке в XIX – начале XX вв. СПб: С.-Петреб. гос. ун-т, 2017.https://disser.spbu.ru/files/disser2/1239/otziv_oponenta/Vt8KhLhFRL.pdf

(2) Avshalom H. Rubin , Abd al-Karim Qasim and the Kurds of Iraq: Centralization, Resistance and Revolt, 1958- 63 , Taylor & Francis, Ltd , Middle Eastern Studies ,Vol. 43, No. 3 May 2007,p.355. https://www.jstor.org/stable/4284550

(3) Tareq Y. Ismael and Andrej Kreutz , Russian-Iraqi Relations: A Historical and Political Analysis, Pluto Journals , Arab Studies Quarterly , Vol. 23, No. 4, Fall 2001,p.89. https://www.jstor.org/stable/41858394

(٤) عماد يوسف قدورة، التاثير الاقليمي و الدولي في القضية الكردية في العراق (دراسة حالة ١٩٧٢-١٩٧٥)، سلسلة الدراسات، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، قطر، ٢٠١٦,ص١.

ساڵی (١٩٩٦) لیژنەی جیۆپۆلیتیکی پەرلەمانی ڕوسی (دۆما)، بایەخی بە ڕێگاکانی چارەسەریی پرسی کوردی دەدا، دواتر چڕبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و کوردی باکووری لێ کەوتەوە، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی لاوازکردنی هەڵوێستی ئەمریکا بوو لە بەرانبەر پرسی کورد و هەروەها بە مەبەستی تەنازول پێ کردنی تورکیا و هەڵوێستەکانی بووە لە بەرانبەر چیچان و ڕۆڵی لە ئازەربایجان و ناگۆڕنی کەرەباخ.[١] نووسەر ئەلکساندەر دوگین شیکەرەوەی سیاسی و ستراتیجی و فەیلەسوفی ڕوسی خاوەن تیۆری پرۆژەی جیۆپۆلیتیکی ئۆراسی، پێیوایە ڕوسەکان لە نێو پرۆژەکەدا دەبێ گرنگی بدەن بەوەی پێی دەوترێت ئامانجە نەتەوەییەکان بۆ ئتنیکە بچووکەکان، کە ئەم نەتەوانە ناتوانن هەرگیز بە تەنیا بە دەستی بهێنن و باس لە جیابوونەوەی کورد دەکات بە تایبەت لە تورکیا.[٢] لێرەوە دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کە ڕووسەکانیش هەوڵیانداوە سوود لە کورد ببینن لە هاوکێشە ستراتیجیەکاندا و بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان. هەرچی سەبارەت بە دەوڵەتانی دیکەیە، ئەوا لەگەڵ ئەوەی چین پەیوەندی دیپلۆماسی و بازرگانی لەگەڵ هەرێم دا هەیە، بەڵام دژایەتی ڕاگەیاندنێکی یەکلایەنەی کورد بۆ سەربەخۆیی دەکات و وا دەبینێت سەربەخۆیی هەرێم دەتوانێت بزووتنەوەی جوداخوازی لە چین دا پتەو بکات. سیاسەتی پەکین لەسەر پرسی کورد بەشێکە لە سیاسەتی گشتگیری خۆی لە عێراق و بە فەرمیش پشتگیری حکومەتی کردووە لە پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی خاکی و بنیادنانەوەی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.[٣]

کۆمکاری عەرەبیش لە (٢٠٠٢/٣/٢٨) لە لوتکەی خۆی لە بەیروت جەختی لە سەر ڕێزگرتن لە سەروەریی و سەربەخۆیی عێراق و یەکێتی خاکەکەی کردەوە، هەروەها لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) دا دووبارە جەختیان لە ڕێزگرتن لە

---

(١) خوشوی بابکر، کردستان – روسیا، ملاحظات دبلوماسي کردي , ترجمة : رضوان بادیني ، دار العربیة للموسوعات،٢٠٠٦،ص١٧.

(٢) الكسندر دوغين، أسس الجيوبولتيكا، مستقبل روسيا الجيوبولتيكي، ت : عماد حاتم، دار الكتاب الجديد المتحدة، ٢٠٠٤،ص٢٩٢،٢٩١.

(3) Mordechai Chaziza , China and the Independent Kurdish State, Begin-Sadat Center for Strategic Studies ,2017. https://besacenter.org/china-independent-kurdistan/

یەکگرتوویی و سەروەریی عێراق کردەوە.[1] دەتوانین بڵێین لە بەیاننامەکانی لوتکەی عەرەبی هەمیشە جەخت لە سەروەریی دەوڵەتە عەرەبیەکان دەکرێتەوە و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستینی کراوە و دەکرێ و جەختی لێ دەکەنەوە، بەڵام دژی هەر هەوڵێکی جووداخوازیین لە هەر وڵاتێکی عەرەبی ئەگەر هەبێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١. هەرێمی کوردستان شوێنێکی ستراتیجی گرنگی لە ڕۆژهەڵات ی ناوەڕاست دا هەیە و بە زەوی پێکدادان و ململانێ و جەنگەکان و پردی پەڕینەوە ناسراوە. بوونی نەوتیش بایەخێکی ستراتیجی گرنگتری پێ بەخشیوە و کاریگەرییەکی گەورەی بۆ هەرێم لە ئاستی ناوخۆیی عیراق و هەرێمی و جیهانیش هەیە.

٢. ئەو بۆچوونەی دەوڵەتانی کیشوەریی لە ڕووی سەربازی و ئابووری و ستراتیجیەوە دەوڵەتی لاوازن، لەوانەیە بۆ ڕابردوو ڕاست بێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا بە هۆی (جیهانگیری، یاسای نێودەوڵەتی گشتی، پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی) کاڵ بووەتەوە. ژمارەی دەوڵەتانی کیشوەریش بەردەوام لە زیادبوون دایە و لە ڕۆژگاری ئێستا سەرووی پەنجا دەوڵەتی داخراو لە زۆربەی کیشوەرەکان دەبینرێ بە تایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوڕووپا .

٣. بە گوێرەی هەردوو تیۆری ماکندەر و سپایکمان، هەرێمی کوردستان شوێنێکی ستراتیجی گرنگی هەیە، بە ناوچەی ململانێ و چاوتێبڕین و بەرژەوەندی زلهێزەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان دادەنرێت، بەڵامئەم تیۆرانەی جیۆپۆلیتیک لە ڕووی چەمکەوە کۆنن و زیاتر مێژوویین و یەکلاکەرەوە نین بۆ کاریگەریی جوگرافیا لە سەر سروشتی سیاسی و بەرژەوەندی و کارلێککردن لە نێوان دەوڵەتەکان.

٤. لە کوردستان گرفتی کەم ئاوی نیە، ئەوەی هەیە گرفتی گواستنەوەی ئاوە لە لایەک و گرفتی بە فیڕۆدانی ئاوە لە لایەکی ترەوە ونەبوونی سیستەمی

(١) شذى فيصل العبيدي، موقف جامعة الدول العربية من متغيرات السياسية الجديدة في العراق (٢٠٠٣-٢٠٠٥)، مجلة الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل،السنة (٣)، العدد (٦)، ٢٠٠٧،ص١١،٥.

بەڕێوەبردنـی گونجـاو بـۆ دابینکردنـی ئـاو بـە شـێوەیەکی کاریگەریـش یەکێکـە لـە کێشـە سـەرەکییەکانی هەرێـم کـە وا دەکات بەفیڕۆدانـی ئـاو بـەردەوام دەبێـت.

٥. نـەوت و گاز چەنـدە پرۆژەیەکـی ئابـووری و بازرگانیـە، هێنـدەش پرۆژەیەکـی جوگرافـی و سیاسـی نێودەوڵەتییـە. لـە ڕێـگای نـەوت و گازەوە هەرێمـی کوردسـتان دەکەوێتـە نێـو هاوکێشـە ڕامیارییـە ئابوورییەکانـی جیهـان. نـەوت و گاز پێگـەی جیۆئیکۆنۆمیکـی هەرێمیـان بەهێـز کـرد و هـۆکار بـوون بـۆ بەهێـز بوونـی پەیوەندییـە سیاسـییەکان و کردنـەوەی چەندیـن کونسـوڵگەری وڵاتـان.

٦. دامـەزراوە پیشەسـازییەکانی هەرێـم لـە توانایانـدا نیـە تـەواوی پێداویسـتییەکانی دانیشـتوان پـڕ بکەنـەوە و هەروەهـا کێبڕکێـی کاڵای بیانـی بکـەن، ئەمـە جگـە لـەوەی نەیانتوانیـوە ژمارەیەکـی زۆری هەلـی کار بڕەخسـێنن یارمەتیـدەر بن بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی بـێ کاری لـە هەرێمـدا.

٧. ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم، ئـەم ناوچانـە خاڵـی بەهێـزی جیۆپۆلیتیکـی هەرێمـی کوردسـتانن، هـەر بۆیـە هێـزە هەرێمـی و ناوخۆییەکانـی عێراقیـش دژایەتـی لکاندنـی ئـەو ناوچانـە بـۆ سـەر هەرێـم دەکـەن، چونکـە گەڕانـەوەی ئـەم ناوچانـە بـە بنەمایەکـی بەهێـز دەزانـن بـۆ دەسـتگرتن بـە سـەر سـەرچاوەکانی وزە لـە لایـەن هەرێـم و هەڵکشـانی سـەنگی جیۆپۆلیتیکـی هەرێـم و هەروەهـا بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و دەوڵەتانـی دراوسـێ دەزانـن.

# بەشی سێیەم

## سەرهەڵدانی دۆزی کورد و پاڵنەر و پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**دەروازە:**

لە جەنگی یەکەمی جیهانی و بە پێی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ لە ساڵی (١٩١٦)، ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە بەر بەریتانیەکان کەوت و ویلایەتی موسڵیش لە ژێر چاودێری فەرەنسا بوو، واتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ویلایەتی موسڵ هیچ پەیوەندی بە عێراقەوە نەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی لەم ڕێککەوتننامەیەدا کە ناوچەکە دابەشکرا، ویلایەتی موسڵ لەگەڵ دوو ویلایەتەکەی دیکە دانەنرا بوو، بەڵام لە دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەریتانیەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، بە باشیان زانی ویلایەتی موسڵ ببێتە بەشێک لە عێراق، هەر بۆیە هەوڵی ڕازیکردنی فەرەنسایاندا، لە بەرانبەر دا بەشێک لە نەوتی کەرکووک درایە فەرەنسا، لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکە لەوانە ڕۆژئاوای کوردستان. دوای ئەو لکاندنە بەزۆرە، کوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکە لە هەوڵی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ دا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا لە سەر ئاستی جیهان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە. هەر بۆیە لێرەدا لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوەبە لەپێشچاوگرتنی بنەما و فاکتەرە جوگرافییەکان و دۆخی جیۆپۆلیتیکی هەرێم ئەو ماوە مێژووییە شیدەکەینەوە و ئەو هۆکار و ئەنجامانە دەخەینەڕوو، بۆچی گەلی کورد سەرکەوتوو نەبووە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ لەگەڵ خستنەڕووی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە و هەروەها ئەو پاساوانەش کەوا بوونە مایەی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧) دا ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام بدات.

# باسی یەکەم

## سەرهەڵدان و گەشەکردنی دۆزی کورد لە عێراق

**قۆناغی یەکەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٣٢) دا:**

بەریتانیا و فەڕەنسا لە جەنگی یەکەمی جیهانی هەژموونی خۆیان بەکارهێنا لە سەپاندنی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆی ساڵی (١٩١٦). ئەم ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ ئەوەی سنووری نوێی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشایەوە و قەوارەی سیاسی نوێ دەرکەوتن، بەڵام زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی نیشتمانی کورد و پارچە پارچە بوونی کوردستانی عوسمانی و لکاندنی بە سێ دەوڵەتی نوێوە هەبوو.[١]

دەکرێ بڵێین دوای دۆزینەوەی نەوت، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشمەکێش و کێبڕکێی بەهێزی لە نێو گشت دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بە تایبەتی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیا بە خۆیەوە بینیوە، ویلایەتی موسڵیش بەشێکی دەوڵەمەند و گرنگی ئەم ناوچە ستراتیجییە بووە، هەروەها شوێنێکی تایبەتی لە نێو پلانڕێژی ئەو دەوڵەتانە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و پێش جەنگەکەش هەبوو. ئەو دەوڵەتانە هەوڵی ئەوەیان دەدا زۆرینەی خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیان دا بێت.

(١) فؤاد حمە خورشید و جزا توفیق طالب، الاعتبارات الجیوبولتیکیة لمعاهدة سایکس بیکو و مؤتمر لوزان و انعکاساتها علی مصیر کوردستان، دراسة جیوبولتیکیة، المطبعة قانع، السلیمانیة، ٢٠١٩،ص٧.

لـە نێـوان سـاڵانی (١٩١٤-١٩١٨) دا، کوردسـتان لـە دۆخێـکی خراپـی ئابووری و سیاسـی دا بـوو.[١] واژووکردنـی (ئاگربەسـتی مـودروس) لـە (١٩١٨/١٠/٣٠) لـە نێـوان هاوپەیمانـان و دەوڵەتـی عوسـمانی وایکـرد، بەریتانیـا دەسـت بـە سـەر ویلایەتەکانـی بەغـدا و بەسـڕە دا بگرێـت [٢]. دواى سـێ ڕۆژیـش لـە ئاگربەسـتەکە شـاری موسـڵ و زۆرینـەی ویلایەتـی موسـڵ کەوتنـە ژێـر دەسـتی ئینگلیـزەکان. [٣]

جێـگای خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن دوای سـاڵی (١٩١٨) پرەنسـیپی مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس لـە خاکـی ئەوڕووپاجێبەجـێ کـرا، بـەڵام لـە زەوییەکانـی عوسـمانی سیاسـەتی دەوڵەتانـی زلهێـز بریتـی بـوو لـە کێشـانی سـنووری کیاناتـی نـوێ لـە جیاتـی جیبەجـێ کردنـی پرەنسـیی مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس.

پێـش ئـەوەی زاراوەی عێراقیـش لـە ساڵی (١٩٢١) دابهێنرێـت. ئینگلیـزەکان دانیـان بـەو حکومەتـە لـە سـلێمانی دا نابـوو کـە شـێخ مەحمـوود لـە سـاڵی (١٩١٩) دایمەزراندبـوو. کەچـی دوای دوو سـاڵ لـە دامەزراندنـی ئـەو حکومەتـە کۆتاییـان پێهێنـا. ئەویـش لەبەرئـەوەی دانپێدانـان بـە شـێخ مەحمـوود لـە لایـەن ئینگلیزەکانـەوە، وەکـو حاکمـی سـلێمانی سیاسـەتێکی جیگیریـان نەبـوو، بەڵکـو وەکـو تەکتیکـی کاتـی بـوو لـە ژێـر گوشـاری ئـەو بارودۆخـە سیاسـی و سـەربازییەی ئـەو ماوەیـە تێـدا بـوون.[٤] ڕاپرسییسـاڵی (١٩٢١)یـش بـۆ چوونـە سـەر تەختـی فەیسـەڵی پاشـای عێـراق لـە سـلێمانی بایکـۆت

(1) Denise Natali, The Kurdish Quasi-State Development and Dependency in Post–Gulf War Iraq , Syracuse University Press , New York , 2010, p.1. https://www.pdfdrive.com/the-kurdish-quasi-state-development-and-dependency-in-post-gulf-war-iraq-e162065282.html

(2) Alan Sharp, The Paris Peace Conference and its Consequences , International Encyclopedia of the First World War , Version 1.0 , Last Updated 08 October 2014,p.2. file:///C:/Users/USER23/Downloads/The_Paris_Peace_Conference_and_its_Consequences.pdf

(3) Marion Farouk Sluglett and Peter Sluglett, Iraq Since 1958From Revolution to Dictatorship , I.B.Tauris Publishers London, New York , 2001. https://www.pdfdrive.com/iraq-since-1958-from-revolution-to-dictatorship-e188003194.html

(٤) مسـعود البـارزاني، البـارزاني و الحركـة التحرريـة الكرديـة، كاوا للثقافـة الكردية، الطبعـة الثانيـة، بـيروت، ١٩٩٧،ص٢٧.

کـرا و لـە کەرکـووک دژی وەسـتانەوە، بـەڵام هەولێـر و موسـڵ لـە گەڵـی بـوون.[1] هـەر بۆیـە ئینگلیـزەکان پێیـان وابـوو دەسـەڵاتی شـێخ مەحمـوود ئاینـدەی ئاشـتی لـە وڵات دا دەخاتـە بـەردەم مەترسـی، لەبەرئـەوەی شـێخ بـەو مافانـە ڕازی نیـە لـە سـلێمانی پێـی دراوە، بەڵکو دەیەوێـت دەسـەڵاتی بـە سـەر هەولێـر و ئـەو بەشـانەی دیکـەی ویلایەتـی موسـڵ دا هەبێـت کـە کـوردی تێـدا نیشـتەجێیە.[2] (نەخشـەی١٢)، واتـە ئینگلیـزەکان بـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی ڕازی نەبـوون، بەڵکـو ئـەم بابەتەیـان گـرێ دا بـوو بـە بەرژەوەندییـە ئابـووری و سیاسـی و جیۆسـتراتیجییەکانیان.لێرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەم خاڵانـەی لای خـوارەوە بکەیـن:

١. ڕاسـتە ئینگلیـزەکان دانیـان بـە وڵاتێـک نـا بـە نـاوی کوردسـتان، بـەڵام سـنووری جوگرافیایـی ئـەم وڵاتـە دیـاری نەکرابـوو.

٢. دەسـەڵاتی حکومەتـی کوردسـتان لـە سـلێمانی و ناوچەکانـی دەوروبـەری مایـەوە و نەدەگەیشـتە هەولێـر و بادینـان و کەرکـووک و مەبەسـتی ئینگلیزەکانیـش تەنیـا سـەپاندنی هەژموونـی خۆیـان بـوو لـە عێـراق و کوردسـتان.

لـە خشـتەی (١٩) بۆمـان دەردەکەوێـت ڕووبـەری ئـەو ناوچانـەی لـە ژێـر قەڵەمڕەوی حکومەتـی کوردسـتان دا بـوو (١٤٦٤٧)کـم٢ بـوو کـە نزیکـەی (١٨٪)ی کـۆی ڕووبـەری ویلایەتـی موسـڵی لەخۆگرتبـوو، هەروەهـا ڕووبـەری ئـەو ناوچانەشـی بـە نـاو سـەر بـە قەڵەمـڕەوی حکومەتـی کوردسـتان بـوو (٩٦٦٨)کـم٢ بـووە کـە نزیکـەی (١٢٪)ی کـۆی ڕووبـەری ویلایەتەکـەی لـە خۆگرتـووە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە حکومەتەکـەی شـێخ مەحمـود تەنیـا لـە ناوچەیەکـی دیاریکـراوی کوردسـتان دا حوکمڕانـی کـردووە.

سـاڵی (١٩٢٠) هاوپەیمانـان پەیماننامـەی سـیڤەریان بـە سـەر دەوڵەتـی عوسـمانی دا سـەپاند، لـە دەقـی بڕگـەی (٦٤) دا هاتـووە: (لـە کاتێکـدا ئەگـەر گەلـی کـوردی نیشـتەجێی ئـەو ناوچانـەی بـە پێـی بڕگـەی (٦٢) دیاریکـراون لـە مـاوەی یـەک سـاڵ

(١) فاضل حسين ، مشكلة الموصل (دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية و في الرأي العام، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٥، ص١٥.

(٢) م . س . لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧-١٩٢٣)، ترجمة : د. عبدي حاجي، دار أراس للطباعة و النشر، الطبعة الثانية،أربيل، ٢٠١٣،ص١١١.

لـە مێـژووی جێبەجـێ کردنـی ئـەم پەیماننامـەوە قسـە لەگـەڵ ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بکـەن، بـەوەی زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە خوازیـاری سـەربەخۆیین لـە عوسـمانی و لـە کاتێکـدا ئەگـەر ئەنجومەنەکـە پێـی وابێـت ئـەو گەلانـە ئامـادەن بـۆ ئـەو جـۆرە سـەربەخۆبوونە، سـەربەخۆیان پـێ بدرێـت، عوسـمانی ڕازی دەبێـت بـە جێبەجێکردنـی ئـەم ڕاسـپاردەیە لەگـەڵ دەسـتبەرداربوونی لـە هەمـوو مافێکـی خاوەنـداری پەیوەندیـدار بـەو ناوچانـەوە. هەمـان پەیماننامـە بەشـە کوردییەکانـی میزۆپۆتامیـای بـۆ بەریتانیـا تەرخـان کردبـوو، لەگـەڵ ڕێگـەدان بـە گەلەکـەی بچنـە پـاڵ کوردسـتان لـە کاتـی پێکهاتنیـدا. هیـچ کام لـە هێـزە هاوپەیمانـە سـەرەکییەکان بەرهەڵسـتی ئـەوە ناکـەن ئـەو کوردانـەی لـەو بەشـەی کوردسـتان دا نیشـتەجێن کـە تـا ئێسـتا خراوەتـە سـەر ویلایەتـی مووسـڵ، ئارەزوومەندانـە تێکـەڵ بـەو جـۆرە دەوڵەتـە کوردییـە بـبن.[1] بەیاننامـەی بەریتانـی – عێراقیـش لـە (١٩٢٢/٢/٢٤) دەرچـوو، تێیـدا هاتبـوو (هـەردوو حکومەتـی عێراقـی و بەریتانـی دان بـە مافەکانـی کـورد دەنێـن لـە چوارچێـوەی سـنووری عێراقـداو بـە دامەزراندنـی حکومەتێـک لەوچوارچێوەیـە و هەروەهـا کـورد نوێنـەر و بەرپرسـانی خۆیـان بنێرنـە بەغـدا (لـەو کاتانـە دا شـێخ مەحمـود بـوو) بـە مەبەسـتی وتوێـژ کـردن لەگـەڵ هـەردوو حکومـەت.[2] دواتـر دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان بـە هـۆی سـەرکەوتنەکانی بزووتنـەوەی کەمالییەکانـەوە جارێکـی دیکـە لەگـەڵ تورکـەکان بـۆ دانانـی پەیمانێکـی نـوێ دانیشـتن، بۆیـە هاوپەیمانـان خواسـتەکانی کوردیـان پشـتگوێ خسـت، بـەو جـۆرە پەیمانـی نوێـی لـۆزان لـە (١٩٢٣/٧/٢٤) هاتـە گـۆڕێ و جێـی پەیمانـی سـیڤەری گرتـەوە. پەیمانـی لۆزانیـش هیـچ ئاماژەیەکـی بـۆ ئـاوات و داخوازییەکانـی کـوردی تێـدا نەبـوو.[3] هەروەهـا دواڕۆژی ویلایەتـی موسـڵ نەخرایـە نێـو چوارچێـوەی ئـەم پەیماننامەیـە، بەڵکـو بـۆ دانوسـتاندنی داهاتـووی

(١) گالبێـرس، پیتـەر، و . سـۆران عەلـی محەمـەد ئەمیـن، کۆتایـی عێـراق ،چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆ، ٢٠٠٨،ل٢٢٨.

(٢) ویفـی خیـره، تاثیـر المساله الكرديـه عـلى الاسـتقرار الاقليمـي، رسـاله ماجسـتير، كليـه الحقـوق، جامعـه منتوری قسـنطينه، ٢٠٠٥، ص١٠٦.

(٣) شـاکر خەسـباک ، کـورد و مەسـەلەی کـورد، و.ئەمجـەد شـاکەلی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، چاپـی دووەم، هەولێـر، ٢٠٠٥، ص٣٦،٣٧.

نێـوان تورکیـا و بەریتانیـای مــەزن هەڵگیـرا، بــەو سـیفەتە دەوڵەتـی خـاوەن ئینتدابــە بــە ســەر عێراقــدا.[1] دەکـرێ ئامــاژە بــەوە بدەیــن پەیماننامــەی لۆزانــی ســاڵی (١٩٢٣) پەیماننامـەی سـیڤەری هەڵوەشـاندەوە و پـرۆژەی دەوڵەتـی کـوردی پێشـنیازکراو نەمـا و لـۆزان جوگرافیـای سیاسـی کوردسـتانی پارچـە پارچـە کـرد و دابەشـی کـردە سـەر هـەر سـێ دەوڵەتـی تورکیـا و عێـراق و سـوریا، کـە نـەوت پاڵنەرێکـی بەهێـز بـوو لـە پشـت خێراکـردن لـە لکاندنـی ویلایەتـی موسـڵ بـە بەغـدا و بەسـڕە، بۆیـە موسـڵ ڕۆڵێکـی زینــدووی هەبــوو لــە دروســتبوونی عێــراق دا.

لـە (١٩٢٥/١٢/١٦)دا، کۆمەڵـەی گـەلان بڕیاریـدا موسـڵ بـۆ عێراقـە و بـە شـێوەیەکی کاتـی لـە ژێـر سـێبەری ئینتدابـی بەریتانـی دا دەبێـت.[2]

(١) سـیرجی . ج . ئیدمونـدز، و : مانـی (ئەبوبکـر سـاڵح ئیسـماعیل)، کێشـەی کـورد، چاپخانەی رۆکسـانا، هەولێر، ٢٠١٨،ل٨.

(2) S.R. Goldstein Sabbah - H.L. Murre- Van Den Berg, Modernity, Minority, and the Public Sphere Jews and Christians in the Middle East , Leiden : Brill, 2016,p.273.




نەخشەی ١٢ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩١٩

سەرچاوە: فەرید ئەسەسەرد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان ١٩١٤-٢٠٠٥، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٠، ل ١٤.

**خشتەی ١٩ ڕووبەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی حکومەتی کوردستان و دەرەوەی و ویلایەتی موسڵ**

| ویلایەتی موسڵ | قەلەمڕەوی کوردستان | | ئەو ناوچانەی بە ناو لە ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی کوردستان بوون | |
|---|---|---|---|---|
| ڕوبەر | ڕوبەر | ٪ڕوبەرەکەی لە کۆی ویلایەت | ڕوبەر | ٪ ڕوبەرەکەی لە کۆی ویلایەت |
| ٨١٧٥٢,٥ | ١٤٦٤٧,٥ | ١٧,٩ | ٩٦٦٨,١ | ١١,٨ |

سەرچاوە / کاری توێژەر پشت بەستن بە نەخشەی (١٢).

**لە خوێندنەوەمان بۆئەوەی باسمان کرد دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

١. پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لەساڵی (١٩٢١) و دواتر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٢٥) لە لایەن بەریتانیاوە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، ئامانج لێی گۆڕانکاریی جیۆسیاسیبوو بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئینگلیزەکان، بە بێ ڕەچاوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی کە هۆکاری دەرکەوتنی قەیرانێکی جیۆپۆلیتیکی بەردەوام بوو.

٢. لکاندنی ویلایەتی موسڵیش بە عێراقەوە، لە لایەک پێویستییەکی ئابووری بوو، چونکە هۆکاریکی سەرەکی بوو بۆ لە سەر پێ وەستانی ئەم دەوڵەتە. لە لایەکی تریش پەیوەندی بە هاوسەنگی تائیفییەوە هەبوو لە عێراقدا. هەروەها بە مەبەستی پارێزگاریکردن بوو لە مەملەکەتی عێراق لە بەرانبەر تورکیا و ئێران.

٣. بزووتنەوەی شێخ مەحمود زیاتر بۆ جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەت بووە هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئینگلیز لە هەوڵی لکاندنی ویلایەتی موسڵ دابوو بە عێراقەوە. پشتگیریکردنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودیش جۆرە پلانێک بووە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەرەکانی جەنگیان لە عێراق و هەروەها بەکارهێنانی کورد بووە وەک کارتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عوسمانیەکان.

٤. دوای شکستهێنانی شێخ مەحمود و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، هەموو بزووتنەوە سیاسی و سەربازییەکانی کورد بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی کورد بووە لە چوارچێوەی مەملەکەتی عێراق و تەنانەت خەباتی پەرلەمانیش هەر لەو چوارچێوەیەدا کاری کردووە.

٥. پەیماننامەی سیڤەر بە یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادەنرێت دانی بە بوونی گەلی کورد و مافی ڕەوای لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا ناوە، هەروەها دانپێدانانێکی یاسایی نێودەوڵەتیش بووە بە گەلی کورد و مافەکانی لە کاتی خۆیدا. ئەمە جگە لەوەی یەکێکە لەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی ڕەهەندێکی سیاسی بە کێشەی کورد داوە.

٦. لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە گۆڕانکاری گەورە بوو لە جوگرافیای مەملەکەتی عێراقی تازە دامەزرا، بە جۆرێک لە ڕووی ڕووبەرەوە (٪١٨,٦)ی ڕووبەری ئەو دەوڵەتە زیادی کرد و لە ڕووی دانیشتوانیشەوە ئەم ناوچەیە تێکەڵەیەکی ئەتنۆگرافی هەیە کە لە باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق دا بوونی نەبوو و لە ڕووی تۆبۆگرافیاشەوە سروشتێکی چیایی هەیە کە جیاوازە لە ناوچەکانی دیکە و هەروەها دەوڵەمەندە بە دەرامەتە سروشتییەکانیش.

## قۆناغی دووەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٤٥)

لـە سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا ناوچـەی بـارزان بـوو بـە بنکـەی سـەرەکی بزووتنەوەکانـی کـورد لـە پێنـاو مافـە نەتەوەییـەکان، مـەلا مسـتەفای بارزانیـش سەرپەرشـتی شۆڕشـەکانی بارزانـی دەکـرد. لـەو ماوەیـەداو ئـەم شۆڕشـانە ڕاسـتە زوو پـەرەی سـەند بـەڵام لـە بەرەنگاربوونـەوەی لەشـکری عێـراق و ئینگلیـز دا شکسـتی هێنـا. سـاڵی (١٩٤٥) دا بارزانـی و هاوەڵەکانـی ناچـار کـران ڕوو لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بکـەن. هـەر بۆیـە لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـە چەنـد خاڵێـک بکەیـن:

١. بزووتنـەوەی بـارزان (١٩٣٢-١٩٤٥) شۆڕشـێکی چەکداریـی بـۆ چەسـپاندنی مافەکانـی کـورد بـووە لـە چوارچێـوەی عێراقـدا.

٢. ناوچـە و بزووتنـەوەی بـارزان بـە هـۆی هەڵوێسـتە نیشـتمانیە جێگیرەکانـی، وایکـرد حکومەتـی پاشـایەتی عێـراق و ئینگلیـز بـە مەترسـی بزانـن و هەوڵـی ڕووبەڕووبوونەوە و سـەرکوتکردنی بـدەن.

٣. لـە گرنگتریـن داواکارییەکانـی ئـەم بزووتنەوەیـە بریتـی بـووە لـە دامەزراندنـی دەسـەڵاتێکی کـوردی سـەربەخۆ کـە ئـەم ناوچانـە لـە خـۆ بگرێـت ( کەرکـووک، هەولێـر، سـلێمانی، خانەقیـن، دهـۆک).

٤. سیاسـەتی سـووتماککردن و بـە عەرەبکردنـی کوردسـتان لـەم ماوەیـەدا دەسـتیپێکرد. ئەویـش بـە دروسـتکردنی پـرۆژەی ئاودێـری حەویجـە لـە سـاڵی (١٩٣٦) و هانـدان و نیشـتەجێکردنی (٢٠) هـەزار لـە هـۆزە عەرەبـەکان لـە ناوچەکـە.

٥. پەیماننامـەی سـەعد ئابـاد لـە (١٩٣٧/٦/٨) لـە نێـوان دەوڵەتانـی (تورکیـا، عێـراق، ئێران، ئەڤغانسـتان) واژوو کـرا کـە ڕێگـری لـە چالاکـی هـەر ڕێکخـراو و کۆمەڵەیـەک کردبـوو، ئامانجـی تێکدانـی سیسـتەمی ئـەو وڵاتانـە بێـت کـە مەبەسـتیان بزووتنـەوەی کورد بـوو.[1]

(١) بۆ زیاتر :

١- جلیلـی جلیـل و اخـرون، الحركـة الكورديـة في العـصر الحديـث، ت : عبـدي حاجـي، ط ٢، مطبعـة خـاني، دهـوك، ٢٠١٢، ص٢٣٤،٢٣١.

٢-خليـل اسـماعيل محمـد، مـؤشرات التعريـب و التهجـير في اقليـم كردسـتان العـراق، ط٢، اربيـل، ٢٠٠٢،ص١٤.

## قۆناغی سێیەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)

لـەم ماوەیـەدا کـپ بوونێـک لـە بەرەوپێشـچوونی دۆزی کـورد دا تێبینـی دەکرێـت، چونکـە شۆڕشـی بـارزان کۆتایـی پـێ هاتبـوو و مـەلا مسـتەفا و هاوەڵەکانـی دوای هەرەسـهێنانی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد لـە سـاڵی (١٩٤٧) پەنایـان بـۆ یەکێتـی سـۆڤییەت بردبـوو. سـەبارەت بـە دۆزی کـورد لـەم ماوەیـەدا دەکـرێ ئامـاژە بـەم لایەنانـەی خـوارەوە بدەیـن:

١. پێـش دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـاڵی (١٩٤٦) چەندیـن پـارت و ڕێکخـراوی کوردسـتانی دامـەزراون و لـە گۆڕەپانەکـە دا چالاکییـان هەبـووە، وەکـو حزبـی هیـوا و رزگاریـی و ڕێکخـراوی (ژ-ک) و لقـی حزبـی شـیوعی لـە کوردسـتان.

٢. سـاڵی (١٩٥٥) پەیمانـی بەغـدا لـە نێـوان عێـراق و تورکیـا مۆرکـرا، دواتـر هـەر یـەک لـە ئێـران و پاکسـتان و بەریتانیـا هاتنـە نـاوی، ئەمریـکاش وەکـو ئەندامـی چاودێـر وەرگیـرا، لـە بەنـدی (١)ی پەیماننامەکـەدا ئامـاژە بـەوە کرابـوو کـە دەوڵەتـەکان لـە دژی هـەر دەسـتدرێژی و کاری تێکدەرانـە بەرگریـی لـە خۆیـان دەکـەن، ئـەم بەنـدە بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ مەبەسـتی دژایەتیکردنـی کـورد بـووە.[1]

---

٣- مهـدی فرجـی، جسـتارهایی پیرامـون پیـمان سـعدآباد و عوامـل پیدایـش آن، فصلنامـه علمـی – پژوهشـی، پژوهشـنامه خراسـان بـزرگ، سـال چهـارم، شـماره (١١)، تابسـتان ١٣٩٢، ص ٥٧ .
https://irisweb.ir/files/site1/rds_journals/1481/article-1481-250630.pdf

(١) بۆ زیاتر :

١- حامـد مەحمـود عیسـا، کێشـەی کـورد لـە عێـراق، و : سـوارە قەڵادزەیـی، بەڕێوەبەرایەتـی چاپخانـەی ڕۆشـنبیری – هەولێـر، ٢٠١٤، ل٢٠٦.

٢- هیتۆتـی، نـەوزاد عەبـدوڵا، دۆزی کـورد لـە عێراقـدا و میکانیزمەکانـی چارەسـەرکردنی – دوای ٢٠٠٣، دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکراوەی موکریانـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی خانـی، دهـۆک، ٢٠٠٩، ل٧٧.

## قۆناغی چوارەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥)

رووخانــی سیســتەمی پاشــایەتی لــە عێــراق لــە (١٤)ی تەمــووزی ســاڵی (١٩٥٨) و هاتنەکایــەی سیســتەمی کۆمــاری، دەســتووری کاتیــی دانــرا و دانــی بــە کــورد دا نابــوو وەک هاوبەشــی عــەرەب لــە عێــراق دا، ئەمــەش ســەنگی جیۆپۆلیتیکــی کــوردی لــە عێــراق دا قورســتر کــرد، هەروەهــا خاڵــی وەرچەرخــان بــوو لــە پەرەســەندن و بەرەوپێشــچوونی دۆزی کــورد لــە عیــراق و ناوچەکــە. ئــەم قۆناغــە بــە گرنگتریــن قۆناغەکانــی دۆزی کــورد دادەنرێــت ئەویــش لەبەرئــەوەی:

١. دانیشــتوانی هەرێــم بــە گشــتی و خەڵکــی شــارەکانی ســلێمانی و کەرکــووک و هەولێــر و کۆیــە و زاخــۆ بــە تایبەتــی و پارتــی دیموکراتــی کوردســتانیش لەگــەڵ کودەتاکــەی عەبدولکەریــم قاســم دا بــوون و لایەنگیرییــان کــرد.

٢. لــە ئەیلولــی ســاڵی (١٩٦١)دا، دوای خۆدزینــەوەی حکومــەت لــە جێبەجێکردنــی ئــەو مافانــەی لــە دەســتووردا چەســپا بــوو، جەنگــی کــورد لــە دژی حکومەتــی عێراقــی دەســتی پــێ کــرد. شۆڕشــی ئەیلولیــش شۆڕشــی تــەواوی گەلــی کــورد بــوو دژی بەغــدا و شۆڕشــێکی سەرتاســەری بــوو بــە پێچەوانــەی بزووتنــەوە و شۆڕشــەکانی پێــش خــۆی.

٣. ئێــران و عێــراق چەندیــن کێشــەیان لــە نێــوان دا هەبــوو، وەکــو کێشــەی ســنووری ئاویــی نێوانیــان و ســنووری وشــکانی و ئایینــزا و نەتەوایەتــی وەک کــورد و گۆڕانــی سیســتەمی حوکــم لــە عێــراق لــە پاشــایەتیەوە بــۆ کۆمــاری، ئەمانــە هەمــوو کاریگەرییــان هەبــوو لــە ســەر گــرژی پەیوەندییەکانیــان و کــورد.

٤. پــاش کودەتــای ســاڵی (١٩٦٣) و هاتنــە ســەر دەســەڵاتی عەبدولســەلام عــارف، پەیوەندییەکانــی لــە نێــوان ئێــران و بارزانــی دروســتبوو.

٥. حکومەتــی بەعــس بــە ناچــاری لــە کۆتایــی ســاڵی (١٩٦٩) پەنــای بــردە بــەر دانوســتان، واتــە دوای هەشــت ســاڵ لــە ڕووبەڕوونــەوەی چەکدارانــە و پــاش دەســتپێکردنی دانوســتان و هاتوچــۆی چەنــد هەفتەیــەک ڕێککەوتننامــەی ئــاداری ســاڵی (١٩٧٠) هاتــە ئــاراوە.

٦. حکومەتـــی عێـــراق خـــۆی یەکلاکردبوویـــەوە و پاڵـــی بـــە بـــەرەی خۆرهـــەڵات (ســـۆڤێیەت)ەوە دابـــوو، لـــە هەمانکاتـــدا ســـەرکردایەتی کوردیـــش چـــوو بـــووە پـــاڵ بـــەرەی خۆرئـــاوا (ئەمریـــکا و ئیسرائیـــل). واتـــە ئەمـــە بەشـــێک بـــووە لـــە ســـتراتیجی شـــەڕی ســـارد.

٧. لـــە مـــاوەی نێـــوان ســـاڵانی (١٩٧٠-١٩٧١) نزیکـــەی (٧٠) هـــەزار لـــە کوردانـــی فەیلـــی بـــەرەو ســـنوورەکانی ئێـــران ئاودیـــو کـــران، واتـــە لەگـــەڵ ئـــەوەی ڕێککەوتننامـــەی یـــازدەی ئـــادار لـــە نێـــوان حکومەتـــی عێـــراق و ســـەرکردایەتی کـــورد دا هەبـــوو، بـــەڵام حکومەتـــی عێـــراق بـــەردەوام بـــوون لـــە ســـەر سیاســـەتی قەڵاچۆکردنـــی کـــورد، بـــە تایبەتـــی لـــە ناوچـــە نەوتـــی و ســـتراتیجییەکانی هەرێمـــی کوردســـتان.

٨. گرنگیدانـــی ویلایەتەیەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا بـــە کێشـــەی کـــورد، سروشـــتێکی فەرمـــی لـــە لایـــەن دامەزراوەکانـــی بڕیـــاردان وەرنەگرتبـــوو، بـــە بـــەراورد بـــەو گرنگییـــەی بـــە ناوچەکەیـــان دەدا. لـــەم بارەیـــەوە هێـــنری کیســـنجەر لـــە یاداشـــتەکانیدا بـــە نـــاوی ســـاڵانی کۆشـــکی ســـپی نووســـیویەتی: (هاوکاریکردنـــی بارزانـــی، سیاســـەت یاخـــود دەستپیشـــخەرییەکی ئەمریکـــی نەبـــوو، بەڵکـــو ئامانـــج لێـــی ڕازیکردنـــی هاوپەیمانـــی هەرێمـــی بـــوو، کـــە هەســـتی بـــە مەترســـی دەکـــرد لـــە لایـــەن ڕژێمـــی عێراقـــی شـــوێنکەتووی ســـۆڤیەتەوە). وەزارەتـــی دەرەوە ئـــاگاداری چالاکییەکـــە نەبـــوو، بەڵکـــو کیســـنجەر بـــە هـــاوکاری ئاژانســـی هەواڵگریـــی ناوەنـــدی لەگـــەڵ شـــای ئـــەو کاتـــی ئێـــران ئەنجامیدابـــوو.

٩. پاڵپشـــتیی ئەمریکییـــەکان بـــۆ کـــورد لـــە باوەڕیانـــەوە نەبـــووە بـــە ڕەوایەتـــی کێشـــەی کـــورد، بەڵکـــو بابەتەکـــە پەیوەنـــدی بـــە گۆڕانـــی سیســـتەمی حوکمڕانـــی لـــە عێـــراق بـــوو کـــە لەگـــەڵ بەرژەوەندیـــی زلهێـــزەکان، بـــە تایبەتـــی ویلایەتەیەکگرتـــەکان، یەکـــی نەدەگرتـــەوە. هەروەهـــا مەبەســـتیان لاوازکردنـــی حکومەتـــی عێـــراق و گوشـــار خستنەســـەری بـــوو، بۆئـــەوەی لـــە هاوپەیمانێتـــی ســـۆڤیەت بکشـــێتەوە، ئەمـــەش بـــە ئاشـــکرا دەرکـــەوت کاتێـــک عێـــراق ڕێککەوتننامـــەی جەزائیـــری لەگـــەڵ ئێـــران واژوو کـــرد و نیـــوەی شـــەتولعەرەبی بەجێهێشـــت بـــۆ ئێـــران لەپێنـــاو پاڵپشـــتی نەکردنـــی ئێـــران و ئەمریـــکا لـــە بزووتنـــەوەی کـــورد.

١٠.ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی عێـراق کـە حزبـی بەعـس ڕابەرایەتـی دەکـرد لـە (١٩٧٤/٣/١١) یاسـای ئۆتۆنۆمـی ناوچـەی کوردسـتان ژمـارە (٣٣)ی پەسـەند کـرد. لـە مـاددەی یەکـەم بڕگـەی (ب) دەڵێـت (ناوچەکـە بـەو جـۆرە دیـاری دەکـرێ کـە زۆربـەی دانیشـتوانی کـورد بـن و سـەرژمێری گشـتی سـنووری ناوچەکـە دیـاری دەکات بـە گوێـرەی بەیاننامـەی (١١)ی ئـادار و تۆمـاری سـەرژمێریی گشـتی سـاڵی (١٩٥٧) بـە بناغـە دادەنـرێ بـۆ دیاریکردنـی سروشـتی نەتەوایەتـی زۆربـەی زۆری دانیشـتوانی ئـەو شـوێنانە کـە سـەرژمێری گشـتییان تێـدا دەکـرێ). دەکـرێ بڵێیـن لەگـەڵ ئـەوەی یاسـاکە ڕوونـە کـەوا سـەرژمێری سـنووری ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی دیاریـدەکات و سـەرژمێری سـاڵی (١٩٥٧)ی کردووەتـە بنەمـا، بـەڵام ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان تەنیـا پارێزگاکانـی (هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک)ی دەگرتـەوە. هەروەهـا لـە بڕگـەی (ج) هەمـان مـاددە دەڵێـت (ناوچەکـە بـە یەکەیەکـی بەڕێوەبـردن دادەنـرێ کـە خـاوەن کەسـایەتییەکی مەعنەویـە و لـە چوارچێـوەی یەکێتـی یاسـا و سیاسـەت و ئابـووری کۆمـاری عێـراق دا ئۆتۆنۆمـی هەیـە)، واتـە لـەم بڕگەیـەدا ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان دانـی پێدانـراوە وەکـو ناوچەیەکـی جیـاواز لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێـراق. ڕووبـەری ئـەم ناوچانـەش (٤٢١٩٦)کـم٢ دەگرتـەوە کـە (٤٩,٤٪)ی ڕووبـەری هەرێمـی کوردسـتانی لەخۆدەگـرت و هەروەهـا (٥١،٦٪)ی ڕووبـەری ویلایەتـی موسـڵ و (٩،٦٪)ی ڕووبـەری عێراقـی لەخۆدەگـرت. (نەخشـەی ١٣)

لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن لـە سـاڵی (١٩٧٥) پاڵپشـتییەکانی ئێـران بـۆ کـورد کۆتایـی پـێ هـات و ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر لـە (١٩٧٥/٣/٦) لـە نێـوان هـەردوو وڵات واژوو کـرا و کێشـانی هێڵـی تالـوگ یاخـود ناوەڕاسـتی ئاویـی شـیاوی کەشـتیوانی لـە نێوانیـان دانـرا. ڕاسـتە لـە ڕێککەوتننامەکـە دا عێـراق تەنازولـی زۆری کـرد، بـەڵام هـۆکار بـوو بـۆ بەهێزبوونـەوە و فراوانبوونـی هێـزە ئابـووری و سـەربازییەکەی. شـای ئێـران هێـزی سـەربازی و دەرامەتـی نـەوت و پاڵپشـتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی بـۆ هەژموونـی لـە سـەر وڵاتانـی کەنـداو بەکارهێنـا، بـۆ تەنـازول پێکردنـی عێـراق و لـە ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر دا ئێـران جگـە لـەوەی دەسـتکەوتی سیاسـی و سـتراتیجی بـۆ

خـۆی بەدیهێنـا، ڕێککەوتنامـەی (١٩٧٠/٣/١١) هەڵوەشـایەوە، ئەمـەش لـە بەرژەوەنـدی ئێـران و تورکیـا و سـوریاش بـوو.[١]

## قۆناغی پێنجەم: دۆزی کورد لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١)

ئـەم ماوەیــە بــە دژوارتریــن قۆنــاغ بــۆ دۆزی کــورد لــە هەرێمــی کوردســتان دادەنرێــت، چونکــە لــە دوای ڕێککەوتنامــەی جەزائیــر لــە نێــوان عێــراق و ئێــران، ســەرکردایەتی کــورد بڕیــاری کۆتاییهێنــان بــە شــۆڕش و خەباتــی چەکــداری و کشــانەوەی دا. دەکــرێ گرنگتریــن لایەنەکانــی ئــەم قۆناغــە لێــرەدا بخەینــەڕوو:

١. ڕاگواســتنی گوندنشــینانی هەرێملــە دوای ڕێککەوتنامــەی جەزائیــر لــە ســاڵی (١٩٧٥) بــە تایبەتــی ناوچــە ســنوورییەکانی عێــراق- ئێــران و عێــراق – تورکیــا و دەرکردنــی(١٢٠) هــەزار کــوردی فەیلــی بــۆ ئێــران لــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی (١٩٨٠-١٩٨٢) و ئەنفــال کردنــی (٨)هــەزار بارزانــی لــە ســاڵی (١٩٨٣) و خاپوورکردنــی (٤٥٠٠) گونــدی هەرێــم تاکــو ســاڵی (١٩٨٨).

٢. لــە مــاوەی (١٩٧٦-١٩٨٨) بزووتنــەوەی کــورد لەگــەڵ حکومەتــی عێراقــی دا لــە ململانێیەکــی توندیچەکــداری دا بــووە، جگــە لــە گفتوگــۆی ســاڵی (١٩٨٣)ی حکومەتــی عێراقــی و یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان.

---

(١) بۆ زیاتر :

1- Bryan R. Gibson , Sold Out? US Foreign Policy, Iraq, The Kurds, and the Cold War , First Published Palgrave Macmillan , New York , 2015,p.190,191. https://www.pdfdrive.com/sold-out-us-foreign-policy-iraq-the-kurds-and-the-cold-war-d185232566.html

٢- نويشي زينب، العلاقات العراقية الجزائرية (١٩٦٥-١٩٧٨)، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد خيضر، بسكرة، ٢٠١٦ .ص٧٦ .

٣- خليل اسماعيل محمد، مؤشرات التعريب و التهجير في اقليم كردستان العراق،المصدر السابق،ص٢٠.

4- Lambert , Peter J., The United States and The Kurds: Case Studies In United States Engagment , Master Of Arts In National Security Affairs , Naval Postgraduate School , 1997,p.57. https://calhoun.nps.edu/bitstream/handle/10945/9104/unitedstateskurd00lamb.pdf?sequence=1&isAllowed=y

٥- الوقائع العراقية، قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان رقم (٣٣) لسنة (١٩٧٤)، العدد (٢٣٢٧)، ١٩٧٤/٣/١١،ص٣.

٣. بەعسییەکان درێژە پێدەری سیاسەتی حکومەتانی پێش خۆیان بوون و بە شێوەیەکی چڕوپڕتر سیاسەتی سووتماککردن و بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان و جینۆسایدکردنێکی ڕێکخراویان بە عیلم و زانینی وڵاتە زلهێزەکان جێبەجێ کردووە.

٤. لە ماوەی کۆتایی هەشتایەکاندا کوشتن و لەناوبردنی کورد لە لایەن حکومەتی عێراقەوە گەیشتە لوتکە، ئەوە بوو لە (١٩٨٨/٣/١٦) فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق هێرشی کیمیاوییان کردە سەر شاری هەڵەبجە، لەم هێرشە دا نزیکەی (٥٠٠٠) کەس لە خەڵکی شارەکە بوونە قوربانی. هەر لە هەمان ساڵدا سوپای عێراق هێرشێکی سەربازی پیلان بۆ داڕێژراو و فراوانی لە ژێر ناوی شاڵاوەکانی ئەنفال بە هەشت قۆناغ کردە سەر ئەو ناوچانەی لە ماوەی جەنگی (عێراق-ئێران) لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە دا بوون، بە بیانووی ئەوەی هاوکاری ئێرانیان کردووە لە ماوەی شەڕەکە دا و لەو هێرشانە دا نزیکەی (١٨٢٠٠٠) کەس لە گەنج و پیر و منداڵ لە هەر دوو ڕەگەزەکە بێ سەروشوێن کران.

٥. لە ماوەی جەنگی عێراق – ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨)دا، ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی کەنداو پشتگیریی حکومەتی بەعسیان دەکرد لە دژی ئێران، کوردیش لە بەرەی ئێران دا شەڕی دەسەڵاتی بەعسی دەکرد، بۆیە جیهان بە گشتی چاوپۆشی لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس کرد لە دژی گەلی کوردستان. لەو ماوەیەدا کورد زەرەرمەند بوون لە ڕووی وێرانکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکانی و هەروەها کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان و پیادەکردنی شاڵاوەکانی کوشتن و بڕینی خەڵکی کوردستان کە سەدان هەزار قوربانی لێکەوتەوە.

٦. هەر بە هۆی جەنگی عێراق-ئێران، وای لێ هات عێراق کە لە ساڵی (١٩٨٠) دا (٣٠) ملیار دۆلاری یەدەگی هەبوو، بەڵام لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران نوقمی قەرز ببوو.

٧. ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی (١٩٩٠) و هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی وارشۆ لە ساڵی(١٩٩١) و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە (١٩٩١/١٢/٢٦) و دروستبوونی سیستەمی تاک جەمسەر و تاک هەژموونی بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بووە هۆکاری دووبارە

ڕێکخستنەوەی پێکهاتە جیۆپۆلیتیکیەکانی سیستەمی نوێی جیهان و گۆڕانی تێڕوانین و هەڵوێستەکانی تایبەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەم سیستەمە هەژموونییەدا تەواوی ڕووبەری جوگرافی جیهان بە ناوچەی ستراتیژی یان کۆمەڵێکی ئاسایشی سەرەکی هەژموونی ئەمریکا دەناسرێن کە دواتر کوردیش سوودێکی گەورەی لەم گۆڕانکاری و سیستەمە نوێیەی جیهان وەرگرت.

٨. ڕژێمی عێراق لە (٢)ی ئابی ساڵی (١٩٩٠) کوێتی داگیرکرد. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پشت داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، بریتی بوو لە بیرۆکەیەکی جیۆپۆلیتیکی بە مەبەستی خۆ ڕزگارکردن لە کەڵەکەبوونی ئەو قەرزانەی لە سەری بوو.

٩. ساڵی (١٩٩١) دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، رژێمی عێراق زۆر بێبەزەییانە هێرشی کردە سەر خەڵکی کوردستان. لە (١٩٩١/٣/٣١)دا، کۆڕەوە ملیۆنیەکەی هەرێمی کوردستان بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا دەستیپێکرد، کە سەرەتایەکی نوێی بە ڕووی ئایندەیی کورد دا واڵا کرد. ئەوە بوو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە (١٩٩١/٤/٥) بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی دەرکرد کە ئەنجومەنی ئاسایش ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی لە ژێر دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبەرچاو دەگرێت. بە ئاماژەدان بە برگەی (٧) لە ماددەی (٢)ی دەستوورنامە. لە دەقی بڕیارنامەکەدا هاتووە: (ئەنجومەن زۆر نیگەرانە لە سەرکوتکردنی دانیشتوانی سڤیلی عێراق لە زۆرێک لە ناوچەکانی کە بەم دواییانە ناوچە کوردنشینەکانی گرتووەتەوە و بووە هۆی لێشاوی بەرفراوانی پەنابەران بەرەو سنوورە نێودەوڵەتییەکان، ڕوودانی هێرشەکان لە سنوورەکان، هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا دەکات)، هەروەها هەر لە بڕیارنامەکەدا هاتووە: (عێراق دەستبەجێ هاوکار بێت لە نەهێشتنی مەترسییەکان کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات لە ناوچەکەدا، ئەم سەرکوتکردنە بوەستێنرێت، لەگەڵ هیوا خواستن بۆ دامەزراندنی دیالۆگێکی کراوە بۆ مسۆگەرکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکانی گشت هاووڵاتیانی عێراق).

دەبێ ئاماژە بەوە بدەین بڕیاری (٦٨٨) هیچ دەقێکی تێدا نەبوو سەبارەت بە ناوچەی دژە فڕین، بەڵام دەوڵەتانی زلهێز لەوانە فەڕەنسا و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان سوودیان لە بڕیارەکە وەرگرت و ناوچەی دژە فڕینیان لە عێراق ڕاگەیاند بە درێژایی بازنەی پانی ($36^{\circ}$)ی باکوور بۆ بەهانا هاتنی کۆچبەرانی کوردستان و بۆ پاراستنی کورد لە هێرش و هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق.[1]

(١) بۆ زیاتر :

١- خليل اسماعيل محمد، مؤشرات التعريب و التهجير في اقليم كردستان العراق،المصدر السابق،ص٢٠،٢١.

٢- سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٩١)، سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەک نموونە، چاپی یەکەم، ٢٠١١،ص٣٢،٢٦.

3- Indra Sinha , Chemicals for War and Chemicals for Peace: Poison Gas in Bhopal, India, and Halabja, Kurdistan, Iraq , Social Justice/Global Options , Social Justice ,Vol. 41, No. ½ Special Issue: Bhopal and After: The Chemical Industry as Toxic Capitalism , 2014,p. 131. https://www.jstor.org/stable/24361594

4- Mansour Farhang , The Iran-Iraq War: The Feud, the Tragedy, the Spoils , Duke University Press , World Policy Journal ,Vol. 2, No. 4, Fall 1985,p.677. https://www.jstor.org/stable/40209178

٥- احسان یاری و مهدی اسفندیاری، مکتب ژئوپلیتیک آمریکایی و شبکه ژئوپلیتیکی منطقه‌ای ساختار نوین نظام بین الملل، فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٤٨، شماره ٣، پاییز ١٣٩٧،ص٨٣٠.

http://ensani.ir/file/download/article/1575269333-10251-97-3-14.pdf

٦- پاشکۆی (١).




نەخشەی ١٣ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٤

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە:

فەرید ئەسەسـەرد و ئەوانی تر، ئەتڵەسـی سیاسـیی هەرێمی کوردسـتان (١٩١٤-٢٠٠٥)، سـەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، ٢٠١٠، ل ١٤.

**قۆناغی شەشەم: دۆزی کورد لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣)**

ئەم ماوەیە بە گرنگترین قۆناغی بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد دادەنرێت بە بەراورد بە ماوەکانی پێشوو، چونکە دەستێوەردانی مرۆیی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی (١٩٩١) و دەرکردنی بڕیارنامەی (٦٨٨) لە (١٩٩١/٤/٥).[(١)] هۆکاری کردنەوەی سنوورە داخراوە جیۆپۆلیتیکییەکان بوو لە بەردەم هەرێمی کوردستاندا، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند ڕاستییەک بکەین:

١. گرنگی پێدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواش بە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجە ستراتیجییەکانیان لە ناوچەکە و هەروەها ئەو گرنگییە جیۆستراتیجی و ئابوورییەی کوردستان هەیەتی.

٢. دامەزراندنی پەرلەمان و دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)، بەرهەمی ئەو کرانەوەیە بوو و پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دا بەهێز کرد. ڕووبەری ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم (٣٩٠٦٠) کم٢ بوو کە (٤٥،٧٪)ی ڕوبەری هەرێمی لە خۆ گرتبوو.(نەخشەی ١٤ )

٣. شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان کە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٧) لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا ڕوویدا، ئەم شەڕە لاواز بوون و لێکترازانی ڕیزەکانی گەلی کورد و دوو ئیدارەیی لێکەوتەوە، هەروەها لێکەوتەی زۆری تریشی هەبوو بۆ ئەو کاتی کوردستان و دواتریش، بە تایبەتی کاتی ڕیفراندۆم و تاکو ئێستاش.

٤. ساڵی (١٩٩٨) کۆنگرێسی ئەمریکا پلانی ئازادکردنی عێراقی پەسەند کرد، هەروەها وەکو یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی هێرشی (٢٠٠١/٩/١١) بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە (٢٠٠٢/١٠/١٠) دا بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی دا لە دژی حکومەتی عێراق، دەتوانین بڵێین هەر دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستانیش لەگەڵ پلانەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوون بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق، واتە ئەمە

(١) پاشکۆی (١)

وای دەخواسـت هەرێـم خـۆی بـۆ ئەگـەری ڕوودانـی گۆڕانکارییەکی گەورە لـە ناوچەکە دا ئامـادە بـکات، لـەم ماویـەدا کـورد دوورکەوتبوویـەوە لـە باقـی ناوچەکانـی عێـراق و سـەربەخۆ بـوو لـە بەڕێوەبردنـی خـۆی و دوور بـوو لـە دەسـەڵاتی بەعـس.




نەخشەی ١٤ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢

سـەرچاوە: حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، نەخشـەی قەزاکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ٢٠٢٠.

## قۆناغی حەوتەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٧)

لە کاتی هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٣)بۆ سەر حکومەتی بەعس، تورکیا هاوئاهەنگ نەبوو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە بەرانبەر دا پشتیوانیکردنی کورد بۆ پرۆسەکە وایکرد

لە کاتی رووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، کورد پێگەیەکی گرنگی لای ئەمریکییەکان هەبێت، بە تایبەتی لە ماوەی جەنگەکەدا، ئەویش لەبەرئەوەی خاوەن هێزی پێشمەرگەیە.[1] لە (٢٠٠٣/١٠/١٧) بزووتنەوەی ڕاپرسی(ڕیفراندۆم)ی کوردستان لە شاری هەولێر لە لایەن کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانکۆ و کەسایەتی و ڕوناکبیرانی هەرێم دامەزرێنرا، هیچ پەیوەندیەکی فەرمی بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە نەبوو و بەشداریش نەبوون لە پرۆسەی ڕیفراندۆمەکە. ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٥/١/٣٠) و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی شارەوانیەکانی عێراق.

لە خشتەی (٢٠) دا بۆمان دەردەکەوێت کۆی گشتی دەنگدەرانی هەرێم لە ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەشداریان لە ڕیفراندۆمەکەدا کرد (١٩٩٨٠٦١) دەنگدەر بوون و ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا (٩٨،٨٪)ی کۆی گشتی دەنگدەران بوون لە بەرانبەر دا ئەوانەی دەنگیان بۆ مانەوە لەگەڵ عێراق دا (١،٠٪)ی کۆی گشتی دەنگدەرانی هەرێم بوون، هەروەها (٩٨،٨٪)ی دەنگدەرانی ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێم دەنگیان بە سەربەخۆیی دا هەروەها (٩٩،٧٪)ی دەنگدەران لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم سەربەخۆییان هەڵبژارد، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ویستێکی جەماوەری هەبوو لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کێشەکانی نێوانهەرێم و بەغدا لەو ئاستەدا نەبوو کە ساڵی (٢٠١٧) ڕیفراندۆمی ئەنجام دا.

(1) Hozan Fareed Rashid , Freedom of the Press in Iraqi Kurdistan Region , the Degree of Master of Arts in Communication and Media Studies , Eastern Mediterranean University Gazimağusa, North Cyprus , 2014,p.30. http//:i-rep.emu.edu.tr:8080/xmlui/bitstream/handle/11129/3191/Hozan%20Rashid.pdf?sequence=1

**خشتەی ٢٠ ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠٠٥) لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

| ناوچە دەنگدەران | ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٪ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٪ | کۆی گشتی هەرێم | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەربەخۆیی | ١٦٤٠٥٧٢ | ٩٨,٨ | ٣٣٢٨٤٠ | ٩٩,٧ | ١٩٧٣٤١٢ | ٩٨,٨ |
| مانەوە لەگەڵ عێراق | ١٩٣٣٢ | ١,٢ | ٩١٩ | ٠,٣ | ٢٠٢٥١ | ١,٠ |
| دەنگی سپی | | | | | ٤٣٩٨ | ٠,٢ |
| کۆی گشتی هەرێم | ١٦٥٩٩٠٤ | ١٠٠ | ٣٣٣٧٥٩ | ١٠٠ | ١٩٩٨٠٦١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە: خامۆش عمر عبداللە، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩٢.

دوای پەسەند کردنی دەستووریش لە هەمان ساڵدا، هەرێمی کوردستان دەستکەوتی گەورەی بە دەست هێنا لە ڕوویی ژێرخانی ئابووریی و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاک و هەروەها لە سەر ئاستی سیاسی و دبلۆماسیش. بە جۆرێک نووسینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژمارەیەکی بەرچاوی دەوڵەتان کراوەتەوە، هەر لە وڵاتانی دراوسێوە تاکو دەگاتە ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەورووپی، لە بەرانبەریش ژمارەیەک لە قونسولگەری دەوڵەتان لە هەرێم کرایەوە کە لە زۆر ڕووەوە گرنگی خۆی هەبووە بە تایبەتی لە ڕووی بازرگانیەوە. سەرەڕای ئەوانەش چالاکییە دیپلۆماسییەکانیشی پەرە پێداوە.[1]

(1) BenjaminMacqueen,Democratization, Elections and the ‘De facto State Dilemma’: Iraq’s Kurdistan Regional Government , Sage Publications, Ltd , Cooperation and Conflict, Vol. 50,

مانگی ئابی ساڵی (٢٠١٤) لە دوای دەستبەسەرداگرتنی مووسل لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، پەلاماری قەزای شەنگالیان دا و نزیکەی (٧) هەزار کەس لە گەنج و پیر و منداڵ دەستبەسەر کران.[١] ڕووبەری ئەو ناوچانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان بە گشتیداگیری کرد (١٨٩٨٠)کم٢ بوو کە دەکاتە (٢٢,٢٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری هەرێم (نەخشەی ١٥). هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەگەرچی زیانی گەورەی بە خەڵکانی سیڤیل گەیاند، بەڵام پاڵپشتییە سیاسی و سەربازییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ هەرێم زیاد کرد، ئەمە جگە لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێم.[٢]

No. 4 ,December 2015,p.434. https://www.jstor.org/stable/45084301

(1) Francis Connor and Rosa Burç, Endangered Future: Yezidis in Post-Genocide Iraq and the Need for International Support , Peace Research Institute Frankfurt , 2020,p.2. https://www.academia.edu/43033232/Endangered_future_Yezidis_in_Post_Genocide_Iraq_and_the_Need_for_International_Support

(2) Hemin R. Akram Akreyi , The Iraqi Kurdistan in the Post-Saddam Era: Security, Natural Resources and Foreign Policy Activism , Published by: Brill , Source: Iran & the Caucasus, Vol. 21, No. 1 ,2017,p.95. https://www.jstor.org/stable/44631106




نەخشەی ١٥ ئەو ناوچانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە هەرێمی کوردستانی عێراق ساڵی ٢٠١٤ داگیری کرد

سەرچاوە: خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان ڕاستی مێژوویی و هەڵکەوتەی جوگرافیاییدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین:

١. بڕیاری ڕووخانی حکومەتی بەعس لە ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشداریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی (٢٠٠٣) لە جەنگی دژی حکومەتی بەعس و دواتریش چەسپاندنی فیدراڵیەتی هەرێم لە چوارچێوەی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) پێگەیەکی جیۆستراتیجی بەخشییە هەرێم.

٢. دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بە هۆی گەشەی ئابووری و هەروەها ئەو پێشکەوتنە سیاسیی و ئەمنی و دیپلۆماسییەی هەرێم هەیبوو بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق، پێگەیەکی بەهێزی جیۆپۆلیتیکی هەبوو.

٣. قەیرانەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە شێوەی کێشمەکێشە لە سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی و سەرچاوەکان و داهات لەم ماوە سەریهەڵدا، بە تایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠١٣) لە سەردەمی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی و تاکو ئێستاش بەردەوامە.

٤. سیاسەتی تاکڕەویی حکومەتی بەغدا لە لایەن حزبە شیعەکان و گەمارۆدان و پشتگوێخستنی سونە و کورد لە بڕیاردان لە سەر ئاستی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی حوکمی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران پێشوو(٢٠٠٦-٢٠١٠) و (٢٠١٠-٢٠١٤) کەلێنی گەورەی لە نێوان پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بە ئاراستەی دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر دروست کرد و بووە هۆی دوورخستنەوەی کورد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا و لە سەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا کاری جدی لەسەر کرا، بۆئەوەی پێگەکەی بچووک بکرێتەوە و لە سەردەمی حکومەتی حەیدەر عەبادی (٢٠١٤-٢٠١٨) ئاراستەیەکی خراپتری وەرگرت و ڕەهەندی ترسناکی بەخۆیەوە بینی.

# باسی دووەم

# پاسـاوەکانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق

دەستبەسـەرداگرتنی موسـڵ لـە لایـەن دەوڵەتـی ئیسلامی لـە عێـراق و شـام لـە سـاڵی (٢٠١٤) و پاشەکشـێکردنی سـوپا و هێـزە عێراقییـەکان لـە ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وایکـرد حکومەتـی هەرێـم کۆنتڕۆڵـی ئـەو ناوچانـەی بـکات و بـە دیفاکتـۆ گەڕانـەوە سـەر هەرێمـی کوردسـتان ئەمـە لـە لایـەک، لـە لایەکـی تریـش سـەرنەکەوتنی هاوبەشـی لـە عێـراق و هەوڵـدان بـۆ پەراوێزخسـتنی کـورد و بڕینـی پشـکی (١٧٪)ی بوودجـەی هەرێـم و بـوون بـە بەشـێک لـە هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دژی تیـرۆر و بەهێزبوونـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتیەکانـی هەرێمـی کوردسـتان هەمـوو هـۆکار بـوون بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان.

**یەکەم: پاساوی جوگرافی**

دەکـرێ پاسـاوە جوگرافیەکانـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان لـەم خاڵانـەدا پوخـت بکەینـەوە:

١. لەبەرئـەوەی شـوێنی جوگرافـی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـەرووی عێراقـە، بۆیـە ئـەم هەرێمـە هەمیشـە سـەخت بـووە بـۆ حکومەتـی عێـراق دەسـتی بـە سـەر دا بگرێـت و هەرگیزیـش لـە سـەدا سـەد لـە ژێـر دەسـەڵاتی دا نەبـووە. لـە دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١)یـش ئـەم هەرێمـە سـەربەخۆ بـووە و تەنیـا لـە ڕێگـەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە

پەیوەنـدی بـە عێراقـەوە هەبـووە، لـە دوای سـاڵی (٢٠٠٣)ەوە پێگەکـەی بەهێزتـرو سـەربەخۆتر و پەیوەندییەکانـی فـرە لایـەن تـر بـووە و جیهـان بەڕوویـدا کرایـەوە.

٢. هاتنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام بۆ ناوچەکـە لە سـاڵی (٢٠١٤) و کشـانەوە و پاشەکشـێکردنی سـوپا و هێـزە عێراقییـەکان لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، هۆکارێـک بـوو بۆئـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان ئەرکـی پاراسـتنی ئـەو ناوچانـە لـە ئەسـتۆ بگـرن. مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێـم لـە دوای ئـەو ڕووداوانـە ڕایگەیانـد (ماددەی (١٤٠)ی دەسـتوور کـە بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی ئـەو ناوچانەیـە بـۆ ئێمـە جێبەجـێ کـراوە و کۆتایـی پـێ هاتـووە ).[١]

٣. بەسـتنەوەی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێـم، بنەما بوو بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردسـتان، بەو هۆیەی عێراق بە شـێوەیەکی کرداری دابەشـبووە، چونکـە دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام بـوو بـە دەوڵەتـی بەربەسـت لـە نێـوان هەرێـم و عێـراق دا و بـە کۆنتڕۆڵکردنـی کەرکـووک و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دیکـە و دەسـتگرتن بە سـەر سـەرچاوەی وزە (نەوت و گاز) ی ئەو ناوچانەسـەنگی جیۆپۆلیتیکی هەرێمـی لـە ناوخـۆی عێـراق و لـە ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتیـش بەهێز کرد.

٤. ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم ناوچەیەکـی گرنـگ و سـتراتیجین و رووبەرێکـی گـەورەی هەرێمـی کوردسـتان پێکدەهێنـن و فاکتەرێکـی گرنگـی بەهێزبوونـی ئابووریـن. کـە لـە دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـەوە خاڵـی ناکۆکـی نێـوان کـورد و حکومەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی عێـراق بـووە. ئـەم ناوچانـە بـە هـۆی دەوڵەمەندنییـان بـە سـامانە سروشـتییەکان لـە لایـەک و ئـەو ململانێیـەی لـە سـەر ئـەم ناوچانـە هەیـە ڕەهەندێکـی هەرێمـی و نێودەوڵەتییـان هەیـە. هـەر بۆیـە کۆنتڕۆڵکردنـی ئـەو ناوچانـە لـە لایـەن کوردەوە لـە سـاڵی (٢٠١٤) فاکتەرێکـی گرنگـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێـم بـوو.

---

(١) سـەعد هەورامـی، سـەرۆکی هەرێـم بـۆ VOAی ئەمریکـی: ئێمـە دەمانەوێـت لـە ژێـر چاودێـری ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان دا ڕیفرانـدۆم بـە شـێوەیەکی زۆر شـەفاف ئەنجـام بدەیـن، ڕۆژنامـەی هەولێـر، ژمـارە(١٩٣٥)،٢٠١٤/٧/٣،ل٣

https://en.calameo.com/read/0000847939306c31f6fec

**دووەم: پاساوی سیاسی و دەستووریی**

دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق دیاریکرد کە عێراق دەوڵەتێکی فرەلایەنی یەکگرتووی فیدراڵە و کارکردن لە سەر بنەمای هاوبەش و ڕێککەوتن دەبێت بە پێی دەقەکانی دەستوور، بەڵام وا دەرنەچوو.

لێرەدا ئاماژە بەو پاساوە سیاسییانە دەدەین کە وایکرد هەرێم ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام بدات:

١. دوای چەند ساڵێک بە سەر چەسپاندنی دەستوور، دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەوەیان بۆ دەرکەوت حکومەتی عێراق خۆی لەو پرەنسیپە جێگیرانە دەدزێتەوە کەوا عێراقی نوێی لە سەر دامەزرا و سەرەڕای بوونی دەقی دەستووری، بەڵام خۆیان لە جێبەجێکردنی دەدزییەوە، لەوانە ماددەی(١٤٠).

٢. پاش ساڵی (٢٠٠٣) هەست دەکرا ئەو ئەقڵیەتەی پێشتر لە عێراقدا حوکمڕانی دەکرد هەر ماوەتەوە و بەردەوام کاری بۆ ئەوە دەکرد پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق لەنگ بێت و زیاتر بیروڕاکانی خۆیان بسەپێنن، بەشێک لە سەرکردە سیاسییەکانیش نەیانتوانی هێڵەکانی ململانێی تائیفی تێپەڕێنن، بۆ نمونە شەڕی تائیفی شیعە و سوونە ناکۆکی نێوان شیعە و کورد.

٣. لە سەردەمی دەسەڵاتی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، بە تایبەتی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٤) ململانێی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم زیاتر بوو و هەوڵی سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی کورد و سوننەی دەدا و مەیلی بەرەو بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند بوو.

٤. پابەند نەبوونی حکومەتی فیدراڵ بە زیادکردنی ڕێژەی کورد لە سوپای عێراق و بە پێی ئەو بەڵێنانەی دوای ساڵی (٢٠٠٣) درابوو، پێویست بوو ڕێژەی کورد (٢٥٪) بێت لە ناو سوپای عێراق دا، بەڵام ڕێژەی کورد ساڵ لە دوای ساڵ لە کەمبوونەوە دایە، هەروەک لە ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەیان (٨٪) بوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨) ئەم ڕێژەیە داکشاوە بۆ (٢٪).[1] لە بەر ئەوە قبوڵکراو

(١) فتاح ئومێد و ئەوانی تر، پرۆسەی بە دامەزراویکردنی هێزەکانی پێشمەرگە : هەنگاو و

نەبـوو کـورد لەگـەڵ ئـەوەی لـە هەرێـم وەزارەتـی پێشـمەرگەی هەبێـت و لـە وەزارەتـی بەرگـری عێراقیـش ڕێژەیەکـی بەرچاویـان هەبێـت، بۆیـە کـورد نەیتوانیـوە بەشـداری تەواوەتـی بـکات لـە نـاو سـوپای عێـراق داو هاوبەشـی و هاوسـەنگی لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری سـوپا تێکچـوو.

بـەم جـۆرە حکومەتـی عێـراق پێشـێلی مـاددەی (٩)ی دەسـتوور کـردووە کـە دەڵێـت (هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق و دەزگاکانـی ئاسـایش لـە پێکهاتەکانـی گەلـی عێـراق پێکدێـت بـە ڕەچاوکردنـی هاوسـەنگ و ڕێـژەی نوێنەرایەتیکردنیـان بـە بـێ جیـاوازی یـان دوورخسـتنەوەی هیـچ لایـەک و لـە ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتی مەدەنیـدا دەبێـت و بەرگـری لـە عێراق دەکات و نابێتـە دەزگایـەک بـۆ داپڵۆسـینی گەلـی عێـراق و دەسـت وەرناداتـە کاروبـاری سیاسـییەوە و ڕۆڵـی نابێـت لـە ئاڵوگـۆڕی دەسـەڵاتدا).[1] هەروەهـا ئەمـە جگـە لـە خـەرج نەکردنـی مافـە داراییەکانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان.

٥. ململانێـی هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـە بەغـدا، ئاراسـتەیەکی زۆر مەترسـیداری وەرگرتـووە و بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی ڕەوتێکـی بەهێـز کـە هەمیشـە کار لـە سـەر ناوزڕاندنـی حزبـە دەسـەڵاتدارەکانی هەرێمـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکات لـە مـاوەی ئـەم ساڵانەی دواییـدا و ڕۆڵیـان هەبـووە لـە هاندانـی حکومەتـی ناوەنـد بـۆ وەسـتانەوە دژی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان.

---

ئاسـتەنگەکان، مجلـة الدراسـات السياسـية و الامنيـة، المجلـد (الاول)، العـدد (الثـاني)، كانـون الاول ٢٠١٨،ص ٣٧١.

(١) دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥) .

**سێیەم: پاساوی ئابووری**

لــەو کاتــەوەی ویلایەتــی مووســڵ بــە عێراقــەوە لکێــنرا، تاکــو ڕاپەڕینــی خەڵکــی کوردســتان لــە ســاڵی (١٩٩١)، ئابــووری هەرێــم لــە ژێــر هەژموونــی دەوڵەتــی عێراقــی دا بــووە، هەروەهــا لــەو ماوەیــەش دا سیاســەتی حکومەتــە یــەک لــە دوای یەکەکانــی عێراقــی بەرانبــەر هەرێــم بــە ئاراســتەی پەراوێزخســتنی بــووە. دوای ســاڵی (١٩٩١) تاکــو ســاڵی (١٩٩٥) هەرێــم پشــتی بــە داهاتــی خاڵــە ســنوورییەکان و ناوخــۆی دەبەســت و لــە دۆخێکــی خراپــی ئابــووری دا بــوو، لــە (١٩٩٥/٤/١٤) بــە هــۆی بڕیــاری ئەنجومەنــی ئاســایش ژمــارە (٩٨٦) [١]، پشــکی (١٣٪)ی داهاتــی نــەوت لــە چوارچێــوەی پرۆگرامــی نــەوت بەرانبــەر خــوراک تاکــو ســاڵی (٢٠٠٢) بــۆ هەرێــم دابینکــراوە. ئەمــە جگــە لــە داهاتــی خاڵــە ســنوورییەکان و داهاتــی ناوخۆیــی. لێــرەدا بــە مەبەســتی زیاتــر ڕوونکردنــەوەی ئــەو پاســاوە ئابوورییانــەی کــە وای لــە هەرێمــی کوردســتان کــرد ڕیفرانۆمــی ســەربەخۆیی ئەنجــام بــدات ئامــاژە بــە چەنــد خاڵێــک دەدەیــن:

١. دوای ســاڵی (٢٠٠٣) پشــکی (١٧٪) لــە بووجــەی عێــراق بــۆ هەرێــم دیاریکــرا. ئەمــە جگــە لــە داهاتــی خاڵــە ســنوورییەکان و داهاتەکانــی ناوخــۆ و نــەوت. هــەر بۆیــە دۆخــی دارایــی و ژێرخــان و ســەرخانی ئابــووری هەرێــم بووژایــەوە.

٢. هــەر لــەم ماوانــەدا لایەنــی عێراقــی هەبــوو پێیــان وابــوو پشــکی (١٧٪)ی بودجــەی هەرێــم کــە لــە ســاڵی (٢٠٠٥)ەوە لــە ســەردەمی دەســەڵاتی ئەیــاد عــەلاوی ســەرۆک وەزیرانــی پێشــووەوە بڕیــاری لــە ســەر درابــوو نادادپــەروەری تێدایــە و پشــکی هەرێــم کەمــترە لــەو ڕێژەیــە، پێویســتە (١٢٪) بێــت و دوای کەمکردنــەوەی خەرجییــە ســیادی و حاکیمــەش، ئــەوا بــۆ (٨٪) کــەم دەبوویــەوە.[٢] لــەم بارەیــەوە عەدنــان موفتــی دەڵــی (لــە نــاو ســەرکردایەتی کــورد دا کەســانێک هەبــوون پێــان وابــوو مــادام هەرێــم نەوتــی

(١) بۆ زیاتر :

https://undocs.org/ar/S/RES/986(1995),10/7/2021

(٢) زيباري، عبدالحميد، مخاوف من خفض ميزانية كردستان العراق، الجزيرة، ٢٠١٥/٩/٣

https://www.aljazeera.net/ebusiness/2015/9/3/

هەیـە، پێویسـتە خـۆی لـەم دڵەڕاوکێیـە ڕزگار بـکات و خـاوەن ئابـووری خـۆی بێـت).[١]

٣. هەڵکشـانی نرخـی نـەوت لـە سـاڵی (٢٠١٣) هانـی بەرپرسـانی هەرێمـی کوردسـتانی دا نــەوت ســەربەخۆ بفرۆشــن و لــە تشرینــی دووەمــی هەمــان ئــەو ســاڵەدا ســەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نێچیرڤـان بارزانـی ڕێکەوتنـی پەنجـا سـاڵەی هەنـاردەی نـەوت و گازی لەگـەڵ تورکیـا واژوو کـرد. هەرچەنـدە وردەکاری ئــەم ڕێکەوتنــە بەردەســت نیــە و بــە نهێنــی ماوەتــەوە، بــەڵام لــە بەرانبــەردا نــوری مالیکــی ســەرۆکی ئەنجومەنــی وەزیرانــی پێشــووی عێــراق لــە (٢٠١٤/١/١٢) دا هەڕەشــەی کەمکردنــەوەی پشــکی هەرێمــی کوردســتانی لــە میزانیــەی فیدڕاڵــی کــرد گــەر هەرێــم هەوڵــی هەناردەکردنــی نەوتەکــەی بــۆ تورکیــا بــدات بــە بــێ ڕەزامەنـدی بەغـدا. ئـەوە بـوو هـەر لـە سـەرەتاکانی ئـەو سـاڵەدا بەشـە بودجـەی هەرێمیــان بــە تــەواوی بــڕی.[٢] واتــە نــوری مالکــی ســەرۆک وەزیــران گوشــاری دارایـی وەکـو کارتێـک دژ بـە هەرێـم بەکارهێنـا، ئەمـەش دەرئەنجامـی زۆر خراپـی لێکەوتــەوە.

٤. هێنانــی کۆمپانیــا نەوتییــە گەورەکانــی وەکــو ئیکســۆن مۆبێــل و ڕووســنەفت و گازپـرۆم و چەندیـن کۆمپانیـای دیکـەش بـۆ بەهێزکردنـی هەرێمـی کوردسـتان بـووە و بـۆ پتەوکردنـی پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان بـووە لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی لـە ڕووی وزە و ئابـووری و دواتـر سیاسـییەوە و هەروەهـا وەکـو دەرئەنجامێـک بـوو بـۆ سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق دەرهـەق بـە هەرێـم.

٥. لەگــەڵ بەڕێوەبردنــی کێڵگــە نەوتییەکانــی ســنووری ئیــدارەی حکومەتــی هەرێــم و ناوچەکانـی دەرەوەی سـنووری ئیـدارەی هەرێـم، بـەڵام بـە هـۆی دابەزینـی نرخـی نەوتــەوە، هەرێــم لــە قەیرانێکــی قووڵــی دارایــی دا بــوو، نەیدەتوانــی بودجــە و مووچــەی خەڵکــی کوردســتان دابیــن بــکات. حکومەتــی عێراقیــش گــرەوی لــە

(١) چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ بەڕێـز عەدنـان موفتـی، ئەندامـی ئەنجومەنـی بـاڵای سیاسـی و بەرژەوەنـدی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، هەولێـر، (٢٠٢٢/١/٥) .

(٢) الجزيرة، المالكي يهدد بخفض حصة الاكراد من الموازنة، ٢٠١٤/١/١٢ .

https://www.aljazeera.net/ebusiness/2014/1/12/

سـەر ڕاپەڕینـی خەڵکـی کـورد دژ بـە پارتـە سیاسـییەکان و حکومەتـی هەرێـم لـە پێـش ڕیفرانـدۆم دەکـرد، ئەگەرچـی عێـراق پـارەی هەبـوو و خەڵکـی کوردسـتانیش بەشـێک بـوون لـە خەڵکـی عێـراق ئەمـەش دەرئەنجامـی سیاسـەتی ئابـووری سـەربەخۆ و جیاکردنـەوەی لـە عێـراق بـوو، ئەویـش لـە ڕێگـەی دابـەش کردنـی ناوچەکانـی کوردسـتان بـۆ چەندیـن بلـۆک و پێدانـی بـە کۆمپانیـای نەوتـی جیهانـی و فرۆشـتنی تاکلایەنـەی نـەوت لـە لایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە بـێ گوێدانـە حکومەتـی فیـدڕاڵ کـە باشـترین بیانـوو بـوو بۆئـەوەی حکومەتـی عێـراق بـە خێرایـی بەشـە بودجـەی هەرێـم ببڕێـت.

کێشـەی دەرهێنـان و فرۆشـتنی نەوتیـش یەکێکـە لـە گرنگتریـن بەربەسـتەکانی بـەردەم حکومەتـی فیدراڵـی و هەرێـم کـە هـۆکار بـووە بـۆ سـەرهەڵدانی قەیرانـی نێـوان هەولێـر و بەغـدا، چونکـە زانیـاری دروسـت لـە لای پەرلەمـان و حکومەتـی عێـراق و هەرێـم نیـە، تەنیـا چەنـد کەسـانێکی نزیـک لـە سـەنتەری بڕیـار نەبـێ. لەگـەڵ ئـەوەی دەسـتووری عێـراق مافـی بەڕێوەبردنـی سـەرچاوەکانی وزەی بـە هەرێمـەکان داوە، بـەڵام دووبـارە دابەشـکردنەوەی داهاتـەکان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە گەڕاندووەتـەوە بـۆ حکومەتـی ناوەنـدی. لـە مـاددەی (١١٢)ی دەسـتوری عێـراق دا هاتـووە: (حکومەتـی فیـدراڵ نـەوت و گازی دەرهێـنراو لـە کێڵگەکانـی ئێسـتا دا لەگـەڵ حکومەتەکانـی هەرێـم و پارێـزگا بەرهەمهێنـەرەکان دا بەڕێوەدەبـات، بـە مەرجێـک داهاتەکانـی بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە دابـەش بکرێـت کـە بگونجێـت لەگـەڵ دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە هەمـوو ناوچەکانـی وڵاتـدا و لەگـەڵ دیاریکردنـی بەشـێک بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو بـۆ هەرێمـە زیانلێکەوتـووەکان کـە لـە لایـەن ڕژێمـی پێشـووەوە بـە شـێوەیەکی نادادپەروەرانـە بێبەشـکراون و زیانیـان لێکەوتـووە، بـە جۆرێـک پەرەپێدانـی هاوسـەنگ بـۆ هەمـوو ناوچـە جیاجیاکانـی وڵات دابیـن بـکات و ئەمـەش بـە یاسـا ڕێکدەخرێـت).[1] ئـەو یاسـایەش تاوەکـو ئێسـتا نەهاتۆتـە کایـەوە. خاڵـی جیـاوازی لـە نێـوان حکومەتـی ناوەنـد و هەرێـم لـە ماددەکـە دا لەوەدایـە، ناوەنـد پێیوایـە وشـەی ئێسـتا هەمـوو ئـەو بیـرە نەوتانـە دەگرێتـەوە کـە ئێسـتا هـەن

(١) دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥) .

و لەگـەڵ بەرهەمهێنانـی نـەوت لـەو بیرانەشـی دەدۆزرێنـەوە، بـەڵام حکومەتـی هەرێـم پێیوایـە دەسـتەواژەکە مەبەسـتی ئـەو بیرانەیـە کـە پێـش و لـە کاتـی نووسـینەوەی دەسـتوور دا دۆزراونەتـەوە، هـەر بۆیـە پێویسـتە ئـەو بیرانـەی لـە چوارچێـوەی سـنووری ئێسـتا دا دۆزراونەتـەوە داهاتەکەیـان بـۆ حکومەتـی هەرێـم بێـت.[1] ئەمـەش لـە نەبوونـی یاسـای نـەوت و گاز لـە عێـراق و تەفسـیر کردنـی دەسـتووری عێراقـە بـە گوێـرەی بەرژەوەندییـەکان و ئـەوەی هەیـە و هەبـووە جـۆرە ڕێککەوتنێکـی کاتـی بـووە لـە نێـوان بەغـدا و هەولێـر.

**چوارەم: پاساوی دەوڵەتسازیی لە عێراق**

سیاسـەتی شـۆڤینی دژی گەلـی کـورد، فاکتـەری سـەرەکی بـووە بـۆ ئـەو تێکۆشـانەی گەلـی کـورد کردوویەتیلـە مـاوەی دەسـەڵاتە یـەک لـە دوای یەکەکانـی عێـراق دا، ئـەم سیاسـەتە ڕەنگدانـەوەی هەبـوو لـە سـەر ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان، کـە لێـرەدا ئاماژەیـان پـێ دەدەیـن:

١. پرسـی دیموکراسـی لـە عیراقـدا دا ژێرخـان و دۆخـی پێویسـتی نیـە و ئـەو حکومەتانـەی پـاش سـاڵی (٢٠٠٣) دا یـەک لـە دوای یـەک هاتـوون ڕووبـەڕووی زۆر کێشـە و قەیرانـی سیاسـی و ئاسایشـی بوونەتـەوە.

٢. شـیعەکان کـە لـە دوای سـاڵی (٢٠٠٣) جڵـەوی حوکمیـان بەدەسـتە لـە بـەر دووریـان لـە دەسـەڵات و دامـەزراوە سیاسـییەکان لـە دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق و نەبوونـی هۆشـیاریی و ئەزموونـی سیاسـیان، بەڕێوەبردنیـان لـە لایـەن نوخبەیەکـی بـێ ئەزمـوون و تـازەکارەوە و هەروەهـا بـە هـۆی بەربەسـتە ناوخۆیـی و دەرەکییەکانـی تـرەوە بۆیـە پـرۆژەی دەوڵەتسـازیی لـە عێراقـدا پرۆژەیەکـی ناتـەواو و شکسـتخواردوو لـە ڕابـردوو و ئێسـتاش دا.[2]

(١) بنیامین کسکین، بحث اقلیم شمال العراق عن الاستقلال، الابحاث – الدراسات، ٢٠١٧،ص١٠٨.

(٢) زارعانو دیگران، موانع پیش روی روند دولت سازی در عراق، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا، شماره سی و پنجم - تابستان ١٣٩٧،ص ١٢٠،١١٢.
http://pir.iaush.ac.ir/article_611874_839499ecd9aaf70220b418982293d27d.pdf

٣. لـە دوای فیـدراڵ بوونـی عێـراق و جێگیرکردنـی لـە دەسـتووری عێـراق لـە سـاڵی (٢٠٠٥)، بـەڵام مەترسـی لـە سـەر پاراسـتن و بەردەوامـی ئـەم قەوارەیـە هەیـە، چونکـە تـا ئێسـتا وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و بـە تایبەتـی تـر ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکایـە کـە پشـتگیری فیدرالیەتـی عێـراق دەکـەن، هـەروەک (Joe Biden) ئێسـتا سـەرۆک کۆمـارە و خـاوەن پـرۆژەی دابەشـکردنی عێـراق بـوو لـە سـاڵی (٢٠٠٦)، بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠١٤) جەختـی لـە سـەر ئـەوە کـردەوە کـەوا عێـراق پێویسـتی بـە سیسـتەمێکی فیدڕاڵـی کاریگـەر هەیـە.(١)

٤. بیـروڕای جیـاواز لـە دوای سـاڵی (٢٠٠٣)ەوە لـە نێـو پێکهاتەکانـی عێـراق دا هەبـووە لـە بـارەی فیدڕاڵـی و بـە هەرێمکردنـی ناوچـەکان، هـەروەک لـە سـەروبەندی نووسـینەوەی یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت دا عەبدولعەزیـز حەکیـم خواسـتی خـۆی بـۆ خۆبەڕێوەبەریـەک لـە باشووری عێـراق ڕاگەیانـد، هەروەهـا هـادی عامـری فەرمانـدەی سـوپای بـەدر پێیوایـە شیعەکان مافـی خۆیانـە ناوچەیەکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەبێـت و پێویستیشـە فیدرالیـەت لـە سەرانسـەری عێراقـدا جێبەجـێ بکرێـت. لـە ئاستی جەمـاوەری لـە نێـو دانیشـتوانی باشـوور خواستی بەهێـز هەیـە بـۆ نموونـە پـرۆژەی بـە هەرێـم کردنـی بەسـڕە، ئەویـش بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی پشـکی زیاتـر لـە داهاتـی نـەوت، هەرچـی سـەبارەت بـە عەرەبـی سوونەیە، ئـەوا فیدرالیـەت بـە فاکتـەری لاوازی و پەراوێزخسـتنیان دەبینـن.(٢)

٥. لـە دوای سـاڵی (٢٠١٠)ەوە نوێبوونەوەیەکـی شـۆڤینی عەرەبـی لـە بەغـدا سـەریهەڵداوە، دەیانەوێـت هەنـگاو بـە هەنـگاو ڕۆڵـی کـورد کـەم بکەنـەوە لـە ئاینـدەی عێـراق دا، لـەم ڕووەوە مێـژووی سیاسـی عێـراق ئـەوەی سـەلماندووە هـەر کاتێـک حکومەتانـی ناوەنـدی لاواز بـوو بـن، کـورد سـەربەخۆیی زیاتـری

(١) الاخبار، بایدن : لتأسیس فدرالیة فاعلة في العراق، ٢٠١٤/٨/٢٥.

https://al-akhbar.com/Arab/36714

(٢) تـاج آبـادی حسـین و مهـدی دهنـوی، فدرالیـزم عـراق و امنیـت ملـی ایـران، فرصـت هـا و چالـش هـا، فصلنامـه تحقیقـات سیاسـی بیـن المللـی، دانشـگاه آزاد اسـلامی واحـد شهرضا،شـماره هجدهـم - بهـار ١٣٩٣،ص١٧٢،١٦٦.

https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?id=254309

بەدەستهێناوە، بۆیە هەرێم نابێ کار لە سەر بەهێزکردنەوەی ئەو دەوڵەتە بکات کە خۆی لە خۆیدا پارچە پارچە بووە، بەڵامگومانیشی تێدا نیە گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی مەرکەزی لە عێراق لە لایەن زۆربەی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەوە پشتگیری لێ دەکرێت و بە تایبەت گەر ئەو سەرکردەیە بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێ بپارێزێت، چونکە ئەم دەوڵەتانە ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی عێراق بە هەڕەشە لە قەڵەم دەدەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیان.

**پێنجەم: شەڕی تیرۆر**

لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامله ساڵی (٢٠١٤) دا ئەمریکییەکان بە هێزی ئاسمانی پاڵپشتی پێشمەرگە بوون. سەرکەوتنەکانیش بە سەر دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕووی سەربازییەوە، هۆکار بوون بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان و بە کرداریش هەرێم بەشێک بوو لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر، هەروەها ببووە دابینکەری ئارامی و ئاسایش بۆ دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی عێراق.(1)

دەکرێ بڵێین هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بە سوودی کورد کۆتایی پێ هات، چونکە:

١. سوپای عێراق کشایەوە و هێزەکانی پێشمەرگە شوێنی ئەوانی گرتەوە.

٢. تەواوی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم.

٣. دەیان هەزار ئاوارەی عەرەب و کریستیان و کوردی ئێزدی شوێنەکانی خۆیان چۆڵ کرد، بۆئەوەی پارێزراو بن ڕوویان لە هەرێم کرد و هەلی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی بۆ هەموولایەک ڕەخساند. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخە ئاسایشیەکەی و لە ڕووی سیاسییەوە ڕای حزبە سیاسییە سوونەکانی تاڕادەیەکی

(1) Charountaki , Marianna , The Kurdish Referendum , Harvard International Review , Vol. 39, No. 1, Athletic Diplomacy: The Intersection of Sports and Culture ,Winter2018,p.38. https://www.jstor.org/stable/26617320

زۆر بەرانبـــەر هەرێـــم گـــۆڕی و لـــە ڕووی کۆمەڵایەتیشـــەوە تێکەڵاویەکـــی زۆری دروســـت کـــرد، لـــە ڕووی ئابووریشـــەوە لەبەرئـــەوەی ئەمانـــە زۆربەیـــان لـــە شـــارەکان دا دەژیـــان، بۆیـــە لـــەو دۆخـــە خراپـــەی ئابـــووری ڕۆڵێکـــی گرنگییـــان لـــە جوڵـــەی بازاڕەکانـــی هەرێـــم هەبـــوو.

٤. پەیوەنـــدی کـــورد و هاوپەیمانـــی نێودەوڵەتـــی دروســـت بـــوو و گەشـــەی کـــرد، تـــا ئاســـتێکی بـــەرز و ســـەرۆکی هەرێـــم (مەســـعود بارزانـــی) ئەندازیـــاری دروســـتبوونی ئـــەو پەیوەندییانـــە بـــوو بـــە تایبەتـــی دوای داگیرکردنـــی شـــەنگال لـــە لایـــەن دەوڵەتـــی ئیســـلامی لـــە عێـــراق و شـــام.

٥. پێگـــەی کـــورد و هەرێـــم ســـەرباری دۆخـــی ئابـــووری خـــراپ، بـــەڵام پێگەیـــەک بـــوو جێـــگای شـــانازیبوو.

٦. شـێوازی ڕزگارکردنـی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام لـە لایـەن بەغـدا جێـگای گومـان بـوو، بـۆ نموونـە حەویجـە کـە کۆتـا جێـگا بـوو.

٧. پێـــش ئەنجامدانـــی ڕیفراندۆمئـــەو بـــاوەڕە لای خەڵـــک و دەســـەڵاتدارانی هەرێـــم هەبـــوو کـــە جیهـــان ڕێـــز لـــە شـــێوازی حوکمڕانـــی کوردســـتان دەگرێـــت و هەروەهـــا ڕێـــز لـــە قارەمانـــی و ئیـــرادەی هێـــزی پێشـــمەرگە دەگرێـــت، بـــەڵام لەوانـــە ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا پاڵپشـــتی لـــە پارچەپارچـــە بوونـــی عێـــراق و ســـەربەخۆبوونی هەرێـــم نەکـــرد.

لە کۆتایی ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی لای خوارەوە:

١. هەرێمی کوردستان (١٠٠٪) سەقامگیر نەبووە.

٢. ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم، بە بەردەوامی خاڵی ناکۆکی بوون لە نێوان کورد و حکومەتانی عێراقی بۆ نەگەیشتنە ڕێککەوتن.

٣. ئێران بە پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر دا، جگە لەوەی دەستکەوتی سیاسی و ستراتیجی بۆ خۆی بەدیهێنا، ڕێککەوتننامەی (١٩٧٠/٣/١١)ی هەڵوەشاندەوە کە لە بەرژەوەندی ئێران و تورکیا و سوریاش بوو.

٤. جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیاباران و سووتماککردنی خاکی کوردستان و بە عەرەبکردن و ڕاگوێزان و وێرانکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، کەشێکی بێ متمانەیی لای کورد بەرانبەر عێراق دروستکردووە.

٥. بە بەردەوامی پێگەی هەرێم کاتێک بەهێز بووە کە حکومەتی عێراقی لاواز بووبێت.

٦. سیاسەتی تاکڕەویی حکومەتی عێراق و پێشێل کردن و جێبەجێنەکردنی دەستوور لە لایەن حزبە شیعەکانەوە و گەمارۆدان و پشتگوێخستنی کورد کەلێنێکی گەورەی لە نێوان پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بە ئاراستەی دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر دروست کردووە.

٧. دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، هەرێمی کوردستان بە هۆی گەشەی ئابووریی و ئەو پێشکەوتنە سیاسی و ئەمنی و دیپلۆماسییەی هەیبوو بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق پێگەیەکی بەهێزی جیۆپۆلیتیکی هەبوو.

٨. هێنانی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکانی جیهان بۆ بەهێزکردن و قایم کردنی پێگەی هەرێمی کوردستان بووە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە تایبەتی لە ڕووی وزە و ئابووریی و دواتر سیاسییەوە.

# بەشی چوارەم

## هەڵوێستە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە بەرانبەر ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**دەروازە:**

هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق بەهـۆی دراوسـێیەتی لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـەی گەلـی کـورد بەشـێکە لـە پێکهاتەیـان و بوونـی پەیوەندییەکـی نادۆسـتانە لـە نێوانیـان دا، بووەتـە ناوچەیەکـی سـتراتیجی بـۆ ئـەو دەوڵەتانـە و دەوڵەتـە زلهێزەکانـی تـری جیهـان. هەرچەنـدە هەرێـم یەکێکـە لـە براوەکانـی گۆڕانکارییەکانـی دوای ڕوخانـی ڕژێمـی بەعـس لـە سـاڵی (٢٠٠٣) و چەسـپاندنی فیدڕاڵیەتیـش وایکـرد لـە ڕووی سیسـتەمی حوکمدارێتـی و ئیدارییـەوە پێشـکەوتووتر بێـت، بـەڵام بـە سـەربەخۆ فرۆشـتنی نەوتـی هەرێـم و هەوڵـدان بـۆ بونیادنانـی ئابـووری سـەربەخۆ، وایکـرد هەڵوێسـتەکان بەرانبـەر هەرێـم چ لـە ئاسـتی ناوخۆیـی عێـراق و چ لـە ئاسـتی هەرێمـی گۆڕانـی بەسـەردا بێـت. دواتریـش ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی ئـەم هەڵوێسـتانەی دژی هەرێـم توندتـر کـرد.

# باسی یەکەم

## هەڵویستەکان لە سەر ئاستی ناوخۆیی عێراق

لە کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردە شیعەکان لە (٢٠١٦/٩/٢٩) دا، بڕیار لە سەر ئەوە درا لە بەغدا لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێت بۆ گفتوگۆ و دیراسەکردنی پەیوەندییەکان لە داهاتوو دا کە ئایا هەرێم و بەغدا شەریک بمێننەوە یان ببنە دراوسێ و لە هەر دوو حاڵەتەکە دا دەبێ لێکتێگەیشتن هەبێت،[1] چونکە هەرێم ترسی لەو ئاراستە تائیفییە هەیە بەغدای تێدایە و لە دوای شکستیدەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی هەست بەوە دەکرا بەغدا هەرێمی کوردستان لە دەستکەوتەکان بێ بەش دەکات.[2] **دەکرێ هەڵویستی دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی بەم شێوەیە بخەینەڕوو:**

١. ڕۆژێک دوای دیاریکردنی ڕێکەوتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمەوە، واتە لە (٢٠١٧/٦/٨) سەعد حەدیسی وتەبێژی نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند (حکومەتی عێراقی لە سەر بنەمای دەستور کە مەرجەعێکی یاسایی و سیاسییە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری کردووە، بۆیە هەر هەڵوێست و هەنگاوێک لە لایەن هەر لایەکەوە لە عێراق بنرێت، دەبێ لە سەر بنەمای دەستوور بێت و

---

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو،چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠،ل٧٢،٧٠.

(2) Yasir Kuoti , After the Kurdistan Referendum:: Iraq's Road to Reconciliation , Middle East Research Institute , 2017,p.2. http://www.meri-k.org/wp-content/uploads/2017/10/MERI-Policy-Brief-vol.4-no.13.pdf

بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی، هەروەها ئەوەی خستەڕوو، ئایندەی عێراق تایبەت نیە بە لایەنێک بەبێ حیساب کردن بۆ ئەوانی تر، بەڵکو بریتییە لە بڕیارێکی عێراقی و گشت عێراقیەکانیش پەیوەستن پێوەیی و دەبێ قسەیان لە سەر ئایندەی وڵاتەکەیان هەبێت و ناکرێ هەر لایەنێک بە جیا و بە بێ لایەنەکانی تر ئایندەی وڵات دیاری بکات، هەروەها جەختی لە سەر ئەوە کردەوە هەر بڕیارێک تایبەت بێت بە ڕیفراندۆم، پێویستە بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بێت و کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر بێت).[1]

٢. لە مانگی شەشی ساڵی (٢٠١٧)دا، تەنیا لایەنی عێراقی هەڵوێستێکی توندی بەرانبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم ڕاگەیاند بەرەی تورکمانی بوو، هەروەک لە (٢٠١٧/٦/١٠) ڕایانگەیاند ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم ڕەت دەکەن و داوای لە حکومەتی فیدڕاڵ و ئەنجومەنی نوێنەران کرد دەستوەردان بکەن، هەروەها لە بەیانەکەیان دا هاتووە:( ئەم هەنگاوە بە ڕوونی پێچەوانەی ماددەی یەکەمی دەستووری عێراقە و دەقی دەستووریش جەخت لە سەر یەکپارچەیی عێراق دەکاتەوە)، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیشی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێمی بە تاکلایەنە و دژی خواستی دانیشتوانی تورکمان و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکە دانا.[2] ئەم هەڵوێستەی بەرەی تورکمانیش چاوەڕوانکراو بوو، چونکە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە بەرژەوەندی ئەجیندای دەرەکی بەردەوام دژی هەر هەنگاوێک بوون کە بە ئاراستەی بەرەوپێشچوون و سەربەخۆیی هەرێم بووبێت.

٣. سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی لە (٢٠١٧/٦/١٣) ڕایگەیاند (بە دڵنیاییەوە ئێمە ڕێز لە ئاواتەکانی گەل و هاونیشتمانیانمان دەگرین، و هەر

---

(١) جريدة المدى،جريدة سياسية يومية تصدر عن مؤسسة المدى للأعلام و الثقافة و الفنون، رئاسة الوزرا: الدستور يحدد مستقبل العراق، العدد (٣٩٤٥)، بغداد، ٢٠١٧/٦/١٠،ص ٢

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//3945/Issue%201342.pdf

(٢) جريدة المدى، العرب و التركمان مع تحييد المتنازع عليها، تشكيل لجنة في كركوك لاجراء استفتاء اقليم كردستان، العدد (٣٩٤٦)، ٢٠١٧/٦/١١،ص٢

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//3946/Issue%201343.pdf

بەشـێکی عێـراق ئـاوات و خەونـی خـۆی هەیـە و مافـی ئێمـە نیـە دژی بوەسـتین و لــە دژی ئاواتەکانــی کوردیــش بــۆ ســەربەخۆیی ناوەســتین، هەروەهــا جەختــی لەســەر ئــەوە کــردەوە ئێمــە لــە یــەک وڵات دا دەژیــن و بــە یــەک دەســتوور کار دەکەیــن، بۆیــە نابــێ ئــەم بڕیارانــە بــە بــێ گفتوگــۆ لەگــەڵ ئەوانــی تــر بدەیــن، ڕاشــیگەیاند چــوون بــەرەو ڕیفرانــدۆم ســەرکەوتوو نابــێ)، ســەرۆک وەزیــران لــە لێدوانەکــەی دا ئامــاژە بــەوە دەکات هەرێــم کێشــەی ناوخۆیــی هەیــە و دەڵــێ زۆرینــەی براياـمــان ئــەو بڕیــارە ڕەتدەکەنــەوە.[1] ئــەم هەڵوێســتەی ســەرۆک وەزیــران لــەوەوە ســەرچاوەی گرتبــوو کــە داخســتنی پەرلەمــان و قەیرانــی دارایــی و نەبوونــی کۆدەنگــی نیشــتمانی وا دەکــەن ڕیفرانــدۆم لــە هەرێمــی کوردســتان ئەنجــام نەدرێــت.

٤. تاکــە لایــەن لــەم ماوەیــەدا زیاتــر هەڵویســتیان ئەرێنــی بــوو لــە ســەر ڕیفرانــدۆم کۆنگــرەی نیشــتمانی عێراقــی بــوو[2] لــە (٢٠١٧/٦/١٤) ســەردانی ســەرۆکی هەرێمیــان کــرد و پشــتیوانیان بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم دەربــڕی و ئامادەیــی خۆیــان بــۆ ســەرکەوتنی زیاتــری پرۆســەکە خســتەڕوو.[3]

٥. ســەلیم جبــوری ســەرۆکی ئەنجومەنــی نوێنەرانــی عێــراق ئــەوکات لــە (٢٠١٧/٦/١٨) ســەردانی هەولێــری کــرد و لەگــەڵ مەســعود بارزانــی ســەرۆکی هەرێــم کۆبوویــەوە بــە مەبەســتی ئەنجامنەدانــی ڕیفرانــدۆم، بــەڵام ســەرۆکی هەرێــم پێــی ڕاگەیانــد، بڕیــاری ڕیفراندۆمــی گەلــی کوردســتان بــێ گەڕانەوەیــە،[4] واتــە لــە ســەر ئاســتی

---

(١) شبكة الاعلام العراقي , قناة العراقية الدولية (IMN HD)،المؤتمر الصحفي الأسبوعي لرئيس مجلس الوزراء د. حيدر العبادي ليوم ٢٠١٧/٦/١٣ .

https://www.youtube.com/watch?v=3hJvLCiDy1c

(٢) ئەم هەڵوێستەی کۆنگرەی نیشتمانی زیاتر پەیوەست بوو بە نەبوونی پێگەیەکی ئەوتۆیان لە نێو دەسەڵاتی عێراق .

(٣) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (KRP)،سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای حزبی (المؤتمر الوطني العراقي) دەکات، ٢٠١٧/٦/١٤ ،

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=Fx3ZaUcXDlo

(٤) ڕۆژنامەی هەولێر، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێشوازی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا : بڕیاری ڕیفراندۆم گەڕانەوەی تێدا نیە، ژمارە (٢٦٣٢)، ٢٠١٧/٦/٢٠،ل٢

سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق هەوڵ هەبوو بۆئەوەی هەرێم لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پاشگەز بێتەوە، بەڵام شکستیان هێنا لە قایلکردنی سەرۆکایەتی هەرێم بە ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم.

لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێم لە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هاوڕا بوون، بەڵام بە هۆی بارودۆخی تەندروستی جێگرەکەی، تەنیا سەرۆکی هەرێم ڕۆڵی دیار بوو. هەروەها لە سەرەتاکانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە تایبەتی لە مانگی شەشی (٢٠١٧)، هەڵوێستەکان نەرم بوون بەرانبەر هەرێم. دەکرێ بڵێین بەشێکی زۆری ئەم هەڵوێستانە پەیوەندی بەوەوە هەبوو گوایە لە بەر سەرقاڵبوونی هەرێم بە کێشە داراییەکانی و ناکۆکی نێوان پارتە سیاسییەکان و بوونی شەڕی دژی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، نەتوانێت ڕیفراندۆم ئەنجام بدات.

٦. لە مانگی حەوتی (٢٠١٧) دا لەگەڵ ئەو ئامادەکارییانەی هەرێم بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەیگرتەبەر، ئاراستەی هەڵوێستەکان ڕووی لە گۆڕان کردو سەردانەکانی لایەنەکانی عێراقی دەستی پێ کرد بۆ دەوڵەتانی دراوسێ بە مەبەستی گوشار خستنە سەر هەرێم بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. هەروەک عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق لە (٢٠١٧/٧/٣) سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران کۆبوویەوە و ڕایگەیاند دابەش بوون لە بەرژەوەندی عێراق نیە و پێویستە کورد و شیعە و سونە بە یەکگرتوویی و لە ژێر یەک ئاڵادا بن و ئاماژەشی بەوە دا دابەش بوونی عێراق تەنیا لەو وڵاتەدا کورت نابێتەوە و کاریگەری لە وڵاتانی ناوچەکەش دەکات.[١]

---

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

(١) ئاوێنە، عەمار حەکیم : دابەشبوونی عێراق تەنیا لەم وڵاتەدا کورتنابێتەوە و کاریگەری لە سەر تەواوی ناوچەکە دەبێت . ٢٠١٧/٧/٤،

https://www.awene.com/detail_archive?article=49490

٧. موقتــەدا ســەدری ســەرۆکی ڕەوتــی ســەدر لــە (٢٠١٧/٧/٤) دا لــە ڕێــگای بەیاننامەیەکــەوە داوای لــە ســەرۆکی هەرێــم کــرد ڕیفرانــدۆم بــۆ جیابوونــەوە لــە عێــراق دوابخــات، بــە تایبەتــی کاتێــک عێــراق نزیــک بووەتــەوە لــە ئازادکردنــی موسـڵ، ڕاشـیگەیاند ئـەو دواخسـتنە ببێتـە هەنـگاوی سـەرەتایی بـۆ هەڵوەشـانەوەی بڕیــاری ڕیفرانــدۆم لــە ئاینــدە دا. [1]ئــەم هەڵوێســتەی عەمــار حەکیــم و موقتــەدا ســەدر دەکــرێ بــە هــۆی گوشــارەکانی ئێرانــەوە بــوو بێــت لــە ســەر لایەنــە شــیعییەکان، بــە مەبەســتی دژایەتیکردنــی ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان.

٨. شـێخ محەمـەد مەهـدی خاڵسـی، گـەورە مەرجەعـی شـیعەکانیش لـە (٢٠١٧/٧/٧) لـە وتـاری ڕۆژی هەینـی ڕایگەیانـد ( پێویسـتە عێراقییـەکان بـە بەهێـزی ڕووبـەڕووی پـرۆژەی دابەشـکاری ببنـەوە و هۆشـداری دایـە جیهانـی ئیسـلامی لـە دروسـتبوونی قەوارەیەکـی زایۆنـی نـوێ لـە ژێـر نـاوی کوردسـتان ). هەروەهـا وتیشـی («بوونـی باکــووری عێــراق بــەم شــێوازە جیاخــوازە هــەزاران جــار لــە دەوڵەتــی خەلافەتــی ئیسـلامی مەترسـیدارترە، چونکـە خەلافەتـی ئیسـلامی دەسـتکردی کاتـی ئەمریکایـە و مەبەســتەکەی ســنووردارە، بــەڵام هەرێمــی جیاخــوازی هەڕەشــەیەکە کــە لــە عێــراق دا دەمێنێتــەوە و لەدواییشــدا وڵاتانــی دیکــەی ناوچەکــە ئێــران وتورکیــا و ســوریا و دەگرێتــەوە ).[2] ئـەم ڕاگەیاندنـەی مەرجەعـی شـیعەکان کاریگـەری خـۆی هەبـوو لـە سـەر جۆشـدانی شـەقام و لایەنـە عێراقییـەکان بـە مەبەسـتی توندبوونـی هەڵوێســتەکانیان بەرانبــەر هەرێــم.

٩. جێـگای خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن، هەندێـک لـە فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـان ڕۆڵیــان هەبــوو لــە هاندانــی لایــەن و گروپــەکان بــە مەبەســتی دژایەتیکردنــی ڕیفرانــدۆم و ئــەو کوردانەشــی کــە پشــتیوانی پرۆســەی ڕیفراندۆمیــان دەکــرد لــە

(١) قناة العالم، الصدر يطالب بارزاني ب(تأجيل استفتاء الانفصال) تمهيدا لالغائه، ٢٠١٧/٧/٤ .
https://www.alalam.ir/news/1992217/

(٢) السـومرية، الخالـصي : نحـذر العـالم الاسـلامي مـن انشـاء كيـان صهيـوني جديـد تحـت عنـوان كردسـتان، ٢٠١٧/٧/٧ .
https://www.alsumaria.tv/news/209135/alsumaria-news/ar?fb_comment_id=1402988113155171_1403207749799874

بەغـــدا هــەروەک ســەعد مەتلەبــی کــە ســەر بــە دەوڵەتــی یاســا و لــە کەســە نزیکەکانــی نــوری مالیکــی بــوو لــە بەیاننامەیەکــدا، داوایکــرد کوردانــی فەیلــی لــە بەغــدا دەربکرێــن و ڕەگەزنامەیــان لــێ بســەندرێتەوە، لــە بەرانبــەر ئــەوەی پشــتیوانییان لــە ڕیفرانــدۆم و ســەربەخۆیی کوردســتان کــردووە.[١]

١٠.لـەم ماوەیـەدا دژایەتـی کردنـی ڕیفراندۆمـی هەرێـم لـە لایـەن لایەنـە شـیعەکانەوە زیاتــر بــوو و باســیان لــە یەکپارچەیــی و یەکێتــی خاکــی عێــراق دەکــرد، ئەمــەش بــە هــۆی کاریگــەری هەرێمــی بــوو لــە ســەریان، گــەر نــا عێــراق هەرگیــز یەکپارچــە و یەکگرتــوو نەبــووە، تاکــو ڕیفرانــدۆم یەکپارچەیــی تێکبــدات، ئــەوە بــوو لــە (٢٠١٧/٧/٩) هاوپەیمانــی شــیعەکان ڕاگەیەنراوێکیــان بڵاوکــردەوە و تێــدا هاتبــوو (هاوپەیمانی نیشــتمانی ڕەتکردنــەوەی ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان ڕادەگەیەنێــت و بــە کارێکــی نادەســتووری دەزانێــت و داوای گفتوگــۆ و لەیەکگەیشــتن دەکات بــە پێــی دەســتوور و یاســا و یەکێتــی عێراقیــش بــە هێڵــی ســوور دەزانێــت).[٢]

١١.ئــەوەی جێــگای ســەرنجە ئەوەیــە لــەم ماوەیــەدا ســەردانی بەرپرســە بــاڵا ســەربازییەکانی حکومەتــی عێراقبــۆ دەوڵەتانــی دراوســێ دەســتی پــێ کــرد کــە بەشــێکی گرنگــی ئــەم ســەردانانە پەیوەندیــان بــە ڕیفراندۆمــی هەرێمــەوە هەبــوو، واتــە لــە ئاســتی هەرێمــی هاوئاهەنگــی دروســت بــوو بــۆ دژایەتیکــردن و لەباربردنــی ڕیفرانــدۆم، ئەوەبــوو عرفــان حیالــی وەزیــری بەرگــری عیــراق لەگــەڵ هاوتاکــەی حســەین دهقــان لــە (٢٠١٧/٧/٢٣) یاداشــتنامەیەکی لێکتیگەیشــتنیان واژوو کــرد بــۆ هــاوکاری ســەربازیی و بەرگــری مــەودا فــراوان.[٣]

(١) ســەرباز واحــد، کوردانــی فەیلــی دژی مەتڵەبــی ســکاڵایان پێشــکەش کــردووە، دەبــێ دادگای بکرێت،ڕۆژنامــەی هەولێــر ، ژمــارە (٢٦٤١)، ٢٠١٧/٧/١٠، ل٣.

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

(٢) ئاوێنــە، هاوپەیمانــی نیشــتمانی شــیعەکان : ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان ڕەتدەکەینــەوە، ٢٠١٧/٧/٩ .

https://www.awene.com/detail_archive?article=49955

(٣) سوا، اتفاق ايراني - عراقي لتقوية التعاون العسكري، ٢٠١٧/٧/٢٣ .

١٢.ئـەوەی زیاتـر پاڵپشـتی لایەنـە عێراقییـەکان و هانـدەر بـوو بـۆ زیاتـر دژایەتیکردنـی ڕیفرانـدۆم، ڕایگەیاندنەکانـی مەرجەعـی شـیعەکان بـوو، ئەویـش بـە بەکارهێنانـی زمانـی هەڕەشـە لـە خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان. هـەروەک محەمـەد تەقـی مودەریسـی مەرجەعـی شـیعەی عێـراق لـە کەربـەلا لـە وتـاری ڕۆژی هەینـی (٢٠١٧/٧/٢٨) ڕایگەیانـد (ئامـۆژگاری کـورد دەکات داواکارییەکانیـان لـە سـنوورێکی مەعقـول و لـە چوارچێـوەی دەسـتووردا بـن و هەروەهـا وتـی گـەر لـە چوارچێـوەی دەسـتووردا هەنـگاو نەنێـن ئەنجامـی کارەسـاتباری لـێ دەکەوێتـەوە).[1] واتـە مەرجەعـی شـیعەکان ڕۆڵێکـی کاریگـەری لـە سـەر جۆشـدانی لایەنـەکان و شـەقامی شـیعی هەبـوو بـۆ دژایەتیکردنـی ڕیفرانـدۆم.

١٣.لـە مانگـی هەشـتی (٢٠١٧) هەڵوێسـتی حکومەتـی عێـراق و لایەنـە سیاسـییەکان چـووە قۆناغێکـی. نـوێ تـر، هەڕەشەکانیشـیان بـەو ئاراسـتەیەدا بـوو کـە ڕیفرانـدۆم لێکەوتـەی دەبێـت و مەترسـی لـە سـەر هەرێـم دروسـت دەکات، هەروەهـا هەڕەشـەی زیـان گەیانـدن بـە بەرژەوەندییەکانـی هەرێـم دەکـرا لەمڕووەوەنـوری مالیکـی جێگـری سـەرۆککۆماری عێـراق لـە (٢٠١٧/٨/٢) لـە کۆبوونـەوەی لەگـەڵ وەفدێکـی پەیامنێرانـی ئێرانـی لـە بـارەی ڕیفرانـدۆم جەختـی لـە سـەر کۆمەڵـە خاڵێـک کـردەوە، لەوانـە:

ا ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان نایاساییە و دەستووری عێراق بە تەواوی دژیەتی.

**ب** ڕیفراندۆم هەڵەیەکی گەورە و جدییە و کورد زۆرترین زیانی لێ دەبینن.

ج ئـەو ڕیفراندۆمـەی هەرێـم ئەنجامـی دەدات، هیـچ قازانجێکـی نیـە و کێشـەکان زیاتـر دەکات.[2]

---

https://www.radiosawa.com/archive/

(١) العـراق نـت، محمـد تقـي المـدرسي يحـذر الاكـراد مـن نتائـج كارثيـة ان اسـتمروا بمـشروع الاسـتفتاء، ٢٠١٧/٧/٢٨.

https://aliraqnet.net/

(2) Mehr News Agency , Kurds to suffer most from referendum , 2/8/2017. https://en.mehrnews.com/news/126865/Kurds-to-suffer-most-from-referendum

نـوری مالکـی کـە سـەرۆکی هاوپەیمانـی دەوڵەتـی یاسـایە، هـەر لـە سـەردەمی دەسـەڵاتەکەی کـە سـەرۆک وەزیـران بـوو، بـە تایبەتـی لـە سـاڵی (٢٠١٤) کەوتـە دژایەتـی هەرێـم و بڕینـی بەشـە بووجەکـەی، بۆیـە ئـەم هەڵویستەشـی چاوەڕوانکـراو بـوو کـەوا ڕیفراندۆمـی ڕەتکـردەوە و هەڕەشـەی زیـان گەیانـدن بـە کـوردی دەکـرد.

١٤.دەکـرێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن لـە ناوەڕاسـتی مانگـی هەشـتی (٢٠١٧) سـەردانی وەفـدی هەرێـم بـۆ لای باڵوێزخانـەی وڵاتـان و بەرپرسـانی حکومـی و لایەنـە سیاسـییەکانی حکومەتـی عێـراق دەسـتی پـێ کـرد، هـەروەک ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بڕیـاری پێکهێنانـی شـاندێکی لـە ئەنجومەنکـە کـرد بـۆ لای لایەنـە عێراقـی و باڵیۆزخانـەکان، شـاندەکە پێکهاتبـوو لـە ڕۆژ نـوری شـاوەیس لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانو سـەعدی ئەحمـەد پیـرە لـە یەکێتـی نیشـتمانی ئیسـلامی کوردسـتان و ڕۆمیـۆ هـەکاری نوێنـەری کریسـتانەکان و ماجـد بـازرگان نوێنـەری تورکمانـەکان و ڤیـان دەخیـل نوێنـەری ئێزدییـەکان.[١] لـەم بارەیـەوە ڕۆژ نـوری شـاوەیش سـەرۆکی وەفـدی ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـۆ بەغـدا لـە (٢٠١٧/٨/١٥) دا ڕایگەیانـد لـە کۆبوونەوەیـان لەگـەڵ باڵیۆزخانەکانـی تورکیـا و ئێـران داوای دواخسـتنی ڕیفراندۆمیـان لێکـراوە، بـەڵام لایەنـی هەرێـم ئـەم داوایەیـان ڕەت کردووەتـەوە.[٢]، هەروەهـا ڕەوتـی سـەدر لـە دوای کۆبوونەوەیـان لەگـەڵ وەفدەکـە لـە(٢٠١٧/٨/١٨) لـە بەیاننامەیەکـدا ڕایانگەیانـد (ڕێگـە نـادەن بـە هیـچ پارچەیەکـی عێـراق جیابێتـەوە، بەڵکـو دەیانەوێـت ڕۆڵەکانـی باکـوور و باشـوور بەیەکـەوە لـە ژێـر یـەک ئـاڵا دا بژیـن).[٣]

شـاندی ئەنجومەنـی باڵای ڕیفراندۆمی سـەربەخۆی کوردسـتان بۆ بەغدا بیروڕای لایەنە

---

(١) گەلـی کوردسـتان، وەفـدی بـاڵای هەرێـم لـە گـەڵ لێپرسراوانـی حکومەتـی فیـدڕاڵ کۆدەبنـەوە، ٢٠١٧/٨/١٤

https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=44526

(٢) ئاوێنە، ڕۆژ نوری شاوەیس : لە گەڵ عەبادی لە دوو خاڵدا نزیکین، ٢٠١٧/٨/١٥

https://www.awene.com/detail_archive?article=54115

(٣) ئاوێنە، ڕەوتی سەدر : ڕێگا نادەین هیچ پارچەیەکی عێراق جیابێتەوە .٢٠١٧/٨/١٨ .

https://www.awene.com/detail_archive?article=54472

عێراقییەکانی وەرگرت لە بەرانبەر ڕیفراندۆم کە بۆچوونەکانیان یەک ئاراستەیان هەبوو، بۆ نموونە نوری مالیکی ڕایگەیاند بابەتی ڕیفراندۆم پێویستی بە چوارچێوەی دەستووری هەیە.[1] هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر ئامادەیی خۆیی بۆ سەرخستنی تەواوی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەربڕی و ڕایگەیاند مەحاڵە هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕووبەڕووی هێزەکانی پێشمەرگە ببنەوە.[2] دەکرێ بڵێین ئەم هەڵوێستانەی باڵوێزخانەکانی ئێران و تورکیا و دەوڵەتان و لایەنەکانی عێراقی شتێکی ئاشکرایە، چونکە ستراتیجی ئەو دەوڵەت و لایەنانە بریتییە لە ڕێگری کردن لە هەر هەوڵێک کە بە مەبەستی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە بدرێت لە هەر پارچەیەکی کوردستان، هەروەها ئەو بەڵێنەی سەرۆکی ڕێکخراوی بەدریش دواتر وا دەرنەچوو.

١٥.لەم ماوەیەدا لە سەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش هەڵوێستەکان توند بوون و هەوڵ دەدرا کە لە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە هەڵوێستەکان یەکبخرێت لە دژی ڕیفراندۆمی هەرێم، هەروەک نووسینگەی ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق لە (٢٠١٧/٨/١٧) دا ڕایگەیاند: ڕیفراندۆم لێکەوتەی دەبێت و زیان بە بەرژەوەندییەکانی کوردستان دەگەیەنێت و نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی لە سەر عێراق، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لە سەر دەوڵەتانی ناوچەکە و بارودوخی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێت.[3]

ئەوەی لێرەدا جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە، دۆخی سیاسی عێراق و ناکۆکی گروپ و لایەنەکان و شەڕی دژی تیرۆر ڕەنگدانەوەی لە سەر گشت بەشەکانی عێراق و تەنانەت دۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتیش هەبووە نەوەک

(١) ئاوێنە : مالکی : ڕیفراندۆم پێویستی بە چوارچێوەی دەستووری هەیە، ٢٠١٧/٨/١٦.
https://www.awene.com/detail_archive?article=54215

(٢) هەمان سەرچاوە، هادی عامری : گەلی کورد قوربانی زۆریانداوە بۆ عێراقێکی ئازاد و دیموکراسی و پێکەوە ژیان.
https://www.awene.com/detail_archive?article=54199

(٣) ڕۆژنامەی هەولێر، د. ڕۆژ نووری شاوێس :لە بەغدا ڕازی نەبووین بە دواخستنی ڕیفراندۆم،ژمارە (٢٦٦٩)، ٢٠١٧/٨/١٧،ل٤
https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتانو هەروەهـا گفتوگـۆ و دانوسـتانەکانی نێـوان حکومەتـی فیـدڕاڵ و حکومەتـی هەرێـم کـە ئـەم لایەنانـە جەختیـان لـە سـەر دەکـردەوە تەنیـا بـە مەبەسـتی سـوود وەرگرتـن لـە کات بـووە بـۆ دواخسـتنی چارەسـەرکردنی کێشـەکان.

هاوپەیمانـی هێـزە عێراقییەکان(سـونەکان) لـە (٢٠١٧/٨/٢٠) ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە کەرکـووک و ناوچـە جێناکۆکەکانیـان ڕەت کـردەوە، بـەڵام ئەوەیـان ئاشـکرا کـرد کـە دژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم نیـن لـە ناوچەکانـی سـنووری ئیـدارەی هەرێـم.[١] واتـە لایەنـە سـوونەکانیش هەڵوێسـتی نەرێنیـان لـە بەرانبـەر ڕیفراندۆمـی هەرێـم هەبـوو. هـەروەک شـێخ مەهـدی سـومەیدەعی موفتـی عیـراق لـە (٢٠١٧/٨/٢١) ڕایگەیانـد( ڕیفرانـدۆم جۆرێکـی تـرە لـە تیـرۆر کـە ڕووبـەڕووی عێـراق دەبێتـەوە ).[٢] ئـەم هەڵوێسـتانەی سـوونەکانیش لـە لایـەک پەیوەنـدی بـەوەوە هەیـە کـە بەشـێکی بەرچـاوی ئـەو لایەنانـەی نوێنەرایەتـی سـوونەی عێـراق دەکـەن و لـە دامەزراوەکانـی حکومـەت دا کاربەدەسـتن، لـە ژێـر هەژموونـی لایەنـە شـیعیەکاندان و هەروەهـا لـە لایەکـی تـر پەیوەنـدی بـەو مەترسـیانەوە هەیـە کـە سـوونەکان هەیانـە لـە ئەگـەری سـەربەخۆیی هەرێـم زۆرینـەی ناوچەکانـی مـاددەی (١٤٠) لـە دەسـت دەدەن.

١٦.ئـەوەی جێـگای ئامـاژە بـۆ کردنـە ئەوەیـە لـە مانگـی (٩)ی سـاڵی (٢٠١٧) هەڵویسـتی لایـەن و گـروپ و دامەزراوەکانـی عێـراق پـێ نایـە قۆناغێـک زۆرتریـن دژایەتـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی تێـدا کـرا، لـەم بارەیـەوە قەیـس خەزعەلـی ئەمینـداری گشـتی بزووتنـەوەی عەسـائب ئەهـل حـەق لـە وتـاری ڕۆژی هەینـی لـە (٢٠١٧/٩/١) ڕایگەیانـد (لـە کاتـی جیابوونـەوەی کـوردەکان لـە عێـراق و بـە پێـی یاسـا و دەسـتوور ئـەو ناوچانـەی کـەوا کۆنتڕۆڵیـان کـردووە بـە داگیرکـراو دادەنرێـت، ئـەو کاتـە هیـچ عێراقیـەک نـە لـە حکومـەت و نـە لـە پەرلەمـان ئـەم واقیعـە قەبـوڵ نـاکات)،[٣] واتـە

(١) جريـدة المـدى، الوفـد الكردسـتاني يواصـل مشـاوراته مـع القـوى السياسـية، العـدد (٤٠٠١)، ٢٠١٧/٨/٢١ ،ص٤

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4001/Issue%201398.pdf

(٢) قناة العالم،مفتي العراق : الاستفتاء الكردي نوع جديد من انواع الارهاب، ٢٠١٧/٨/٢٢ .

https://www.alalam.ir/news/2008360/

(٣) قناة العربية، عصائب اهل الحق : نرفض استفتاء اقليم كردستان، ٢٠١٧/٩/١ .

لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە ئاسـتی جەمـاوەری دا هەوڵـی زیاتـر هانـدان و دروسـتکردنی ڕای گشـتی دەدرا لـە دژی ڕیفرانـدۆم بـە تایبەتـی لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی سـنووری ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم. لـەم ماوەیەشـدا لێدوانـی سـەرکردە سـەربازییەکان توندتـر بـوو بـە تایبەتـی بـە ئاراسـتەی دژایەتیکردنـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم. لـەم ڕووەوە لـە (٢٠١٧/٩/٨) عەلـی هاشـمی وتەبێـژی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی لـە سـنووری قـەزای دوزخورماتـوو ڕایگەیانـد (بـە هەمـوو شـێوەیەک دژی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـن لـە ناوچەکـە دا و پێشـبینی ئەنجامێکـی بـاش ناکەیـن بـۆ قەزاکـە لـە ئەگـەری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم). [1] بزووتنـەوەی ئیـرادەش کـە حەنـان فتـلاوی سـەرکردایەتی دەکـرد لـە (٢٠١٧/٩/١١) دا ڕایگەیانـد: (بـە تونـدی گشـت هەنگاوەکانـی بارزانـی ڕەتدەکەینـەوە) و پارێزگاریکـردن لـە یەکپارچەیـی عێراقـی بـە ئەرکێکـی یاسـایی و نیشـتمانی دانـا و هەروەهـا ئـەو ڕێ و شـوێنانەی ڕەتکـردەوە کـە بـۆ ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان لـە پارێزگای کەرکـووک و ناوچـە کوردسـتانیەکانی تـری پارێـزگای موسـڵ و دیالـە گیراوەتەبـەر.[2] لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدەیـن لـەم ماوەیـەدا دژایەتیکردنـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەن گـروپ و لایەنـە شـیعەکانەوە زیاتـر بـە ئاراسـتەی دژایەتیکـردن و هەڕەشـەکردن بـووە لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـە تایبەتـی لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی سـنووری ئیـدارەی هەرێـم، چونکـە لایـان ئاشـکرایە کـە پرسـی ئەوناوچانـە بـۆ هەرێـم پرسـێکی جیۆپۆلیتیکییـە و گـەر ئـەو ناوچانـە بـۆ کـورد بێـت، ئـەوا دەتوانـێ سـەربەخۆ بێـت و بـێ ئـەو ناوچانـە ناچـارە لەگـەڵ عێـراق دا بمێنێتـەوە.

---

https://www.alarabiya.net/arab-and-world/iraq/2017/09/01/

(١) ئاوێنـە، حەشـدی شـەعبی : ڕیفرانـدۆم لـە دووزخورماتـوو ئەنجـام بدرێـت ئەمنیەتـی قەزاکـە بـاش نابێـت، ٢٠١٧/٩/٨ .

https://www.awene.com/detail_archive?article=57784

(٢) جريـدة الزمـان، عربيـة دوليـة يوميـة مسـتقلة، البـارزاني يلـوح بالقـوة و نـواب يدعـون لكبـح جماعة، طبعـة العراق، العـدد (٥٨٣٠)، ٢٠١٧/٩/١٢.

https://www.azzaman-iraq.com/vrsfls/cntnt/file/18460.pdf

١٧.ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠١٧/٩/١٢) بە ئامادەبوونی (١٦٨) پەرلەمانتار و بە زۆرینەی دەنگ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیان لە هەرێمی کوردستان ڕەتکردەوە و داواشیان کرد حکومەت هەموو ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش بە بیانووی ئەوەی ڕیفراندۆم هەڕەشەیە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری و یەکپارچەیی خاکی عێراق، نوێنەرانی کوردیش دانیشتنەکەیان بایکۆت کرد. لە دەقی بڕیارنامەکەی پەرلەمان دا هاتووە: (پەرلەمانی عێراق یەکێکە لەدەسەڵاتە فیدراڵییەکان کە بەماددەی (١٠٩)ی دەستووری عێراق پابەندە بە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و سەربەخۆیی و سەروەرییەکەی و ئەندامەکانی پابەندن بە ماددەی (٥٠)ی دەستووری عێراق بە زامنکردنی پاراستنی خاکەکەی و سەروەرییەکانی، چونکە دەستوری عێراق سنووردارە بەو حاڵەتانەی کە گەلی عێراق لە سەری پرسیار دەکەن لە ماددەکانی (٤) پێنجەم (١١٩) دووەم، (١٢٦) دووەم و سێیەم و چوارەم، ماددەی(١٣١)، ماددەی (١٤٢)، ماددەی (١٤٤)، و لە نێویاندا ڕیفراندۆم لە پێناو جیابوونەوە بوونی نیە، گەر دەستوور دەقی تێدا بێت کە حاڵەتی جیابوونەوەی ڕێک بخات، ئەوا دژایەتی یەکپارچەیی دەوڵەتی فیدڕاڵ دەکات کە ماددەی (١)ی دەستوور جەختی لە سەر کردووەتەوە و تێوەگلانی چەند ناوچەیەکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش لەو ڕیفراندۆمەی بڕیارە لە ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٢٥) ئەنجام بدرێت، پێشێلکردنی ماددەی (١٤٣)ی دەستوورە، لەوەتەی عێراق سەرکەوتنی بە سەر داعش دا بە دەست هێناوە، هەر کردەوەیەک ببێتە هۆکاری ناسەقامگیریی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئەوا پەرلەمانی عێراق لەم قۆناغەدا لە سەر بنەمای بەندەکانی ماددەی (١) و ماددەی (٥٩) دووەم و ماددەی (١٠٩) و ماددەی (١٤٣) ڕەتی دەکاتەوە). هەروەها بڕیاری دا بە:

ا ڕەت کردنــەوەی ئــەو ڕیفراندۆمــەی بڕیــار دراوە لــە نێــو ســنووری هەرێمــی کوردســتان و دەرەوەی ســنووری هەرێــم لــە گشــت ناوچــە جێناکۆکــەکان و لــە نێویانــدا کەرکــووک ئەنجــام بدرێــت و پابەندکردنــی دەســەڵاتە تایبەتمەنــدەکان بــە گرتنەبــەری ئــەوەی پێویســتە بــە هەڵوەشــاندنەوەی و دانانــی بــە کارێــک کــە پێچەوانــەی دەســتوورە و کاریگەرییەکــی یاســایی نیــە و هەڕەشــەیە لــە ســەر یەکپارچەیــی عێــراق.

**ب** حکومەتــی عێراقــی بەرپرســیارە لــە پاراســتنی یەکپارچەیــی عێــراق و گرتنەبــەری گشــت ڕێ و شــوێن و ئــەو بڕیارانــەی یەکپارچەیــی عێــراق لــە خــۆ دەگرێــت.

**ج** پابەندبوونــی حکومەتــی فیــدڕاڵ و حکومەتــی هەرێــم بــە دەســتپێکردنی دیالۆگــی چارەنووســازانە بــۆ چارەســەرکردنی کێشــە هەڵســپێراوەکان لــە ژێــر دەســتوور و یاســا کارپــێ کــراوەکان.[1]

دەکــرێ ئــەوە بخەینــەڕوو، پەرلەمانــی عێــراق ڕیفراندۆمــی هەرێمــی بــە نادەســتوری ونــا یاســایی دانــا و دەســتی حکومەتــی ئــاوەڵا کــرد، بــۆ گرتنەبــەری ڕێوشــوێنی پێویســت بــە مەبەســتی ڕێگــری کــردن لــە ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم لــە هەرێــم و ناوچــە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ســنووری ئیــدارەی حکومەتــی هەرێــم.

١٨.ئەنجومەنــی پارێــزگای دیالــە لــە (٢٠١٧/٩/١٢) دەنگــی لــە ســەر بڕیارێــک دا و گشــت ناوچەکانــی پارێزگاکــەی پابەنــد کــرد بــە نەهێشــتنی ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم و بڵاوەپێکردنــی هێزەکانــی ئاســایش لــە ناوچــە جێناکۆکــەکان.[2] هــادی عامــری ئەمینــداری گشــتی ڕێکخــراوی بەدریــش لــە (٢٠١٧/٩/١٤) ڕایگەیانــد (شــەڕی ناوخــۆ حەتمــی دەبێــت، گــەر گرژییــەکان لــە ســەر ڕیفرانــدۆم بــەو شــێوەیە بــەردەوام بــن)، جەختیشــی کــردەوە هەمــوو هەوڵێــک دەدرێــت لــە پێنــاو بەرگرتــن لــە ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم.[3] لــە هەمــان ڕۆژیشــدا ئیبراهیــم جەعفــەری وەزیــری دەرەوەی عێــراق ڕایگەیانــد (دەبــێ ســەرکردەکانی کــورد بــە وریاییــەوە بیــر بکەنــەوە پێــش ئــەوەی بــەرەو ســەربەخۆیی هەنــگاو بنێــن). هەروەهــا ڕاشــیگەیاند (ئەوانــەی ئــەم ســەربەخۆییە ڕادەگەیەنــن بەرپرســیارن لــە بەرانبەریــی و ئاســانە ئــەوەی کــە

---

(١) الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق، العدد( ٤٤٦٢)، ٢٠١٧/٩/٢٥.

https://www.moj.gov.iq/iraqmag

(٢) جريـدة المـدى، جلسـة برلمانيـة صاخبـة اثـر قـرار يرفـض اسـتفتاء اقليـم كردسـتان، العـدد (٤٠١٦)، ٢٠١٧/٩/١٣.

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4016/Issue%201413.pdf

(٣) ئاوێنـە، هـادی عامـری : گرژییـەکان لـە سـەر ڕیفرانـدۆم بـەردەوام بـن شـەڕی ناوخـۆ حەتمـی دەبێـت، ٢٠١٧/٩/١٤ .

https://www.awene.com/detail_archive?article=58693

دەیانەوێــت ڕایبگەیەنــن بــەڵام بــە هەمــان شــێوە ئاســان نیــە ئــەوەی دەیانەوێــت جێبەجێــی بکــەن).[1]، نــوری مالیکــی جیگیــری ســەرۆک کۆمــاری عیراقیــش لــە (٢٠١٧/٩/١٧) لــە کاتــی پێشــوازیکردنی باڵیــۆزی ئەمریــکا لــە عێــراق، هۆشــیاری لــە دامەزراندنــی ئیسرائیلــی دووەم لــە هەرێمــی کوردســتان دا و ڕیفراندۆمەکــەی بــە نادەســتووری دانــا و ڕایگەیانــد (ڕیفراندۆمەکــە بەگشــتی لــە بەرژەوەنــدی عێــراق و بــە تایبەتیــش لــە بەرژەوەنــدی هەرێــم نیــە و لێکەوتــەی دەبــێ لــە ســەر ئاســایش و ســەروەریی و یەکپارچەیــی عێــراق، هەرورەهــا دەوڵەتێکــی ڕەتکــردەوە لــە ســەر بنەمــای ئیتنیکــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت دابمەزرێــت، هــەر وەک ئــەوەی دەوڵەتــی ئیسرائیــل لــە ســاڵی (١٩٤٨) لــە ســەر بنەمــای ئایینــی دامــەزرا).[2] حەیــدەر عەبــادی ســەرۆک وەزیرانیــش لــە (٢٠١٧/٩/١٧) داواکارییەکــی ئاراســتەی دادگای فیدراڵــی کــرد و تێــدا داوای لــە ســەر هەریــەک لــە ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان و ســەرۆکی پەرلەمانــی کوردســتان تۆمــار کردبــوو و داوای لــە دادگا کــرد فەرمانێکــی دەوڵەتــی دەربــکات لــە دژیــان کــە ڕێوشــوێنەکانی ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان بوەســتێنێت بــەو بیانــووەی ڕیفرانــدۆم دژی دەســتوورە و دەبێتــە هــۆی دابەشــبوونی عێــراق.[3]

لێــرەدا پێویســتە ئامــاژە بــەو ڕاســتییە بکەیــن لــەم ماوەیــە دا هەڵوێســت و دژایەتیکردنی ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم چــووە قۆناغــی پراکتیکــی، هــەروەک ئــەوەی لــە پارێــزگای دیالــە ڕوویــدا ئەمــە جگــە لــەوەی هەڕەشــەی پێکدادانــی ســەربازیی و ســزادانی هەرێــم دەکــرا، ســەرەڕای ئــەوەش هەوڵــی زیاتــر جۆشــدانی شــەقامی عێراقــی و عەرەبــی و ئیســلامی لــە دژی هەرێــم دەدرا، ئەویــش بــە لێکچواندنــی هەرێــم بــە ئیسرائیــل، ئەمــە جگــە لــە گرتنەبــەری ڕێــگای دادگا بــۆ زیاتــر شــەرعیەتدان بــە دژایەتیکردنــی ڕیفرانــدۆم.

---

(١) العين الاخبارية، داخل العراق .. الكل ضد استفتاء كردستان عدا هولاء، ٢٠١٧/٩/١٤ .

https://al-ain.com/article/kurds-iraq-referendum

(٢) جريـدة الزمـان، المالـكي يحـذر مـن قيـام اسرائيـل ثانيـة في شـمالي عـراق , العـدد (٥٨٣٥)، ٢٠١٧/٩/١٨ .

https://www.azzaman-iraq.com/vrsfls/cntnt/file/18902.pdf

(٣) پاشکۆی (٢).

١٩.دەستەی سەرکردایەتی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە بە سەرۆکایەتی عمار حەکیم لە (٢٠١٧/٩/١٩) کۆبوویەوە و گفتوگۆی لە سەر ڕیفراندۆمی کوردستان کرد و لە کۆبوونەوەکەدا بە کۆی دەنگ ڕەتی یەکجاریی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کرا و جەختیشیان لە سەر دانەنان بە ئەنجامەکانیشی دا کردەوە و بە هەنگاوێکی نادەستووریشیان دانا، هەروەها داوایان لە حکومەتی عێراق کرد بە گرتنەبەری گشت ئەو ئامرازانەی پشتگیری لە پتەوکردنی یەکپارچەیی عێراق دەکەن لە ڕووی خاک و گەلەوە.[1]

٢٠.سەبارەت بە هەڵویستی حزبی شیوعی عێراق ئەوا پێچەوانەی هەڵویستی لایەنەکانی دیکە بوو. لە(٢٠١٧/٩/٢٠) ڕاگەیەنراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە کردبوو و تێیدا ئاماژە بەو دۆخە نەگونجاوە دەکات ڕیفراندۆمی تێدا ئەنجام دەدرێت و هەروەها ئەو هەڕەشانەشی لە ناوخۆ و دەرەوە دەکرێت کە مەترسییەکانی لە سەر عێراق بە گشتی و هەرێم بە تایبەتی جدییانەیە و لەم ڕووەوە داوای گفتوگۆی نێوان هەر دوو لایەن دەکات.[2] هەروەها جێگای خۆیەتی ئاماژە بە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک کۆماری عیراق فوئاد مەعسوم بکەین کە لە (٢٠١٧/٩/٢٠) لە سلێمانی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوویەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، لە کۆبوونەوەکەدا بارزانی هەڵویستی کۆتایی بە سەرۆک کۆمار ڕاگەیاند کەوا هەرێم دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەکاتەوە گەر گەرەنتی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی گەلی کوردستان هەبێت، بە

(١) وكالة الأنباء الكويتيةKUNA) (، التحالف الوطني العراقي يجمع على عدم الاعتراف بنتائج استفتاء اقليم كردستان، ٢٠١٧/٩/١٩ .

https://www.kuna.net.kw/ArticleDetails.aspx?id=2638771&language=ar

(٢) جريدة المدى،الشيوعي العراقي : موعد الاستفتاء ليس مناسبا .. و ندعم الحوار الوطني، العدد (٤٠٢٥)،ص٣. ٢٠١٧/٩/٢٤.

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4025/Issue%201422.pdf

پێچەوانــەوە هەرێــم ڕیفراندۆمــی خــۆی دەکات،[1] بــەڵام ئــەم دەستپێشــخەرییە لــە لایــەن حکومەتــی عێــراق و لایەنەکانــەوە پشــتگوێ خــرا.

٢١.ئــەوەی لێــرەدا جێــگای هەڵوەســتە لــە ســەرکردنە ئەوەیــە، لەگــەڵ نزیکبوونــەوەی وادەی ڕیفرانــدۆم هاوئاهەنگییەکانــی نێــوان عێــراق و دەوڵەتانــی دراوســێ زیاتــر دەبــوو، هــەروەک وەزیــری دەرەوەی عێــراق ئیبراهیــم جەعفــەری لەگــەڵ وەزیرانــی دەرەوەی ئێــران و تورکیــا لــە نیویــۆرک کۆبوویــەوە، دەکــرێ ناوەڕۆکــی کۆبوونەوەکــە کــە لــە ســەر پرســی ڕیفراندۆمــی هەرێــم لــەم خاڵانــەدا پوخــت بکەینــەوە:

ا جەختکردنــەوەی هــەر ســێ دەوڵەتەکــە لــە ســەر نادەســتووری بوونــی ڕیفرانــدۆم و ڕەتکردنــەوەی و دژایەتیکردنــی تەواوەتــی ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم.

ب ڕێککەوتــن لـــە ســـەر گرتنەبــەری ڕێوشــوێنی هاوبــەش دژ بــە ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمـــی هەرێـــم و هاوئاهەنگـــی کـــردن لـــە نێوانیـــان.

ج پابەندبــوون بــە پاراســتنی یەکێتــی و یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق لــە لایــەن هــەر ســێ دەوڵەتەکــەوە.[2]

لـــە ڕووی سەربازیشـــەوە هاوئاهەنگییەکانـــی نێـــوان هەرســێ دەوڵەتەکـــە بـــۆ گرتنەبـــەری ڕێوشـــوێنە ســـەربازییەکان بەرانبـــەر هەرێـــم چـــووە ئاســـتی کردەییـــەوە، ئەویــش بــە ئەنجامدانــی مانــۆڕی هاوبــەش لــە نێــوان عێــراق و تورکیــا لــە نزیــک دەروازەی ســنووری خاپــور. عوســمان غانمیــش ســەرۆک ئەرکانــی ســوپای عێــراق لــە (٢٠١٧/٩/٢٣) ســەردانی تورکیــای کــرد و لەگــەڵ خلوســی ئــاکار ســەرۆک ئەرکانــی ســوپای تورکیــا کۆبوویــەوە و دواتــر لــە ڕاگەیەندراوێــک دا ئەوەیــان خســتەڕوو کــە ڕیفراندۆمــی هەرێــم مەترســیيە بــۆ ســەر ئاسایشــی ناوچەکــە و هــەردوولا بەردەوامــن لــە کاردانــەوە دژی بڕیــاری ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم.[3]

(١) جريدة الزمان، رئيس الوزراء الاقليم : مستعدون لمنح الحكومة الاتحادية فرصة اخرى، معصوم و البارزاني يتفقان على ارسال وفد جديد الى بغداد خلال يومين، العدد (٥٨٣٨)، ٢٠١٧/٩/٢١،ص١.
https://www.azzaman-iraq.com/vrsfls/cntnt/file/19268.pdf

(2) Zana Natik Kerem , Anadolu Agency , 21/9/2017. https://www.aa.com.tr/ks/

(٣) سبوتينك، رئيس أركان الجيش العراقي يصل أنقرة٢٠١٧/٩/٢٣ ,

ئەوەی لەم ڕاگەیەندراوە هاوبەشەی وەزیرانی هەر سێ دەوڵەتەکە و دیداری سەرکردە سەربازییەکانیان دا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە هەر سێ دەوڵەت ڕێککەوتوون لە سەر هاوئاهەنگی کردن بە مەبەستی ڕێگری کردن و پاشگەزکردنەوەی هەرێم لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هێشتنەوەی جوگرافیای ئەو دەوڵەتەی کە هەرگیز یەکپارچە نەبووە.

سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی فالح فەیاز لە ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٢٤) ڕاگەیەنراوێکی دەرکرد تێیدا هاتبوو: (حکومەتی فیدراڵ پابەندە بە گشت بەرپرسیارییەتەکانی کە دەستوور دایناوە لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و دابەش نەبوونی)، هەروەها ئاماژەی بەوە دا: ( سەرپەرشتیکارانی ڕیفراندۆم باجێکی قورس دەدەن و گفتوگۆکردنیش دەبوو پێش ڕیفراندۆم بێت، بەڵام دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ڕێگای دەستوور و یاساوە وەڵام دەدرێتەوە).[1] دەکرێ بڵێین لە دوای (٢٠١٧/٩/١)ەوە زیاترین هەڵوێستی دامەزراوە و لایەن و گروپ و سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی عێراق بە ئاراستەی ڕەتکردنەوە و بەرگرتن بووە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمەوە بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم و هەروەها هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێوشوێن و سزادانی هەرێم دەکرا، ئەمە سەرەڕای هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە مەبەستی ڕێگری کردن لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەڵام ئەم هەوڵانەیان سەرکەوتوو نەبوو و ڕیفراندۆم لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام درا.

---

https://arabic.sputniknews.com/20170923/

(١) الجريدة، أكراد العراق يتحدثون الرفض ويصوتون من أجل الاستقلال، ٢٠١٧/٩/٢٤ .

https://www.aljarida.com/articles/1506263383357142100/

# باسی دووەم

# هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ

هەر لە سەرەتاکانی ڕاگەیاندنی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە، وڵاتانی دەوروبەری هەرێم هەڵوێستەکانیان یەک ئاراستەی وەرگرتبوو کە ئەویش هەوڵدان بوو بۆ پاشگەزکردنەوەی هەرێم بە مەبەستی ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم، لەم ڕووەوە لە سەرەتادا لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە کاریان لە سەر بابەتەکە کرد، بەڵام لەگەڵ مکووڕبوونی هەرێم لە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەڵوێستەکان توندتر بوون و هاوئاهەنگی لە نێوان ئەو وڵاتانە دروست بوو بە مەبەستی گەمارۆدانی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابووریی و دیپلۆماسییەوە، ئەمە جگە لە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بە مەبەستی پاشگەزکردنەوەی هەرێم لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

**یەکەم: ئێران**

لە دوای بڕیاردانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٧/٦/٧)، پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگیری پرۆسەکەیان کرد، لەوانە دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، ئەو پرسەی وەک هەلێکی زێڕین و هەنگاوێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دانا و داوای لە گشت ئەندام و لایەنگرانی خۆی کرد لە هەرێم و وڵاتانی دەرەوە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی لە توانایاندایە بۆ ئاسانکاری و سەرخستنی ئەو بڕیارە مێژووییە و پشتیوانیکردنی بگرنە بەر، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی

زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێرانیـش وێـڕای پشـتیوانی خۆیـان لـە خواسـت و ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان، داوایـان کـرد کۆدەنگی لە سـەر پرۆسـەکە دروسـت بێت و بـە یەکدەنگی بـەرەو ڕیفرانـدۆم بـڕۆن و ئیـرادەی خۆیـان بـۆ ئازادی و سـەربەخۆیی بەرجەسـتە بکـەن.(١) هەروەهـا ئامـەد شـاهۆ ئەندامـی مەجلیسـی پارتـی ژیانـی ئـازادی کوردسـتان (پـژاک) ڕایگەیانـد: ( پرسـی ڕیفرانـدۆم تەنیـا تایبـەت بـە باشـوور نیە، پرسـی ڕیفرانـدۆم گرێدراویی سـەرجەم بەشـەکانی کوردسـتانە، واتـە بەشـەکانی تـری کوردسـتانیش پەیوەندیـدار دەکات، بۆئـەوەی ئـەم پرسـە سـەرکەوتوو بێـت، پێویسـتە ئێمـە هـەل و مەرجـی ناوچەکانـی تـر و ڕاو و بۆچوونـی سـەرجەم لایەنـەکان لەبەرچـاو بگریـن ).(٢) جێـگای خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن ئـەو پارتانـەی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پێگەیەکـی جەماوەریـان هەیـە پشـتیوانی پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم بـوون. تەنیـا پارتـی ژیانـی ئـازاد نەبـێ تێبینیـان لـە سـەر هـەل و مەرجـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم هەبـوو و ئەنجامدانیشـیان بەسـتبوویەوە بـە میکانیزمـی یەکێتـی نەتەوەییـەوە. دراوسـێیەتی هەرێمـی کوردسـتانیش لەگـەڵ ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان وایکـردووە گرنگییەکـی جیۆپۆلیتیکـی بـە نیسـبەت ئێرانـەوە هەبێـت. هـەر بۆیـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هـەر پەرەسـەندنێکی ڕۆڵـی کـورد لـە ناوخۆیـی وڵاتەکـەی دا پەیوەسـتە دەکات بـە دۆخـی کـورد لـە دەوڵەتانـی دراوسـێی واتـە (تورکیـا، عێـراق، سـوریا) و لـە سـەرەتای بڕیاردانـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـش زیاتـر لـە ڕووی سیاسـی و دیپلۆماسـییەوە کاری لـە سـەر پاشـگەزکردنەوەی هەرێـم دەکـرد، بۆئـەوەی ڕیفرانـدۆم ئەنجـام نـەدات. هـەروەک لـە کاتـی سـەردانی حەیـدەر عەبـادی سـەرۆک وەزیرانـی عێراق بـۆ تـاران لـە (٢٠١٧/٦/٢٠) ئایەتـوڵا عەلـی خامنەیـی جەختـی لە سـەر پێویسـتی پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێراقـی کـردەوە و ئاماژەشـی بـەوە کـرد: (کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران وەکـو دراوسـێ دژایەتـی ئـەو دەنگۆیانـە دەکات کـە بـۆ ڕیفراندۆمـی جیابوونـەوە لـە

---

(١) ڕۆژنامـەی هەولێـر، کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران، بڕیـاری ڕیفرانـدۆم پێویسـتییەکی مێژوویـی و بابەتیـە، ژمـارە (٢٦٢٨)، ٢٠١٧/٦/١٣،ل٣.

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

(٢) ئاوێنـە، پـژاک : ڕیفرانـدۆم لایەنێکـی سیاسـی بانگەشـەی لـە سـەر دەکات بـۆ ئـەوەی پێگـەی خـۆی جێگیر بـکات، ٢٠١٧/٨/٢٢

https://www.awene.com/detail_archive?article=55281

عێـراق دەکرێـت و پاڵپشـتیکەرانی ئـەم بابەتـەش بـە دژە سـەربەخۆیی و ناسـنامەی عێـراق دەزانێــت).[1] بەهــرام قاســمیش وتەبێــژی وەزارەتــی دەرەوەی ئێــران لــە (٢٠١٧/٧/١٠) ڕایگەیانـد (هەڵویسـتی ئێـران لـە بـارەی ڕیفرانـدۆم نەگـۆڕە و سـەروەریی نیشـتمانی و یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق بـۆ ئێـران زۆر گرنگـە و ئامادەنیـن لـەو بـارەوە دانوسـتان بکەیـن).[2] عەلـی شـەمخانی سـکرتێری ئەنجومەنـی بـاڵای ئاسایشـی نەتەوەیـی ئێران لـە (٢٠١٧/٧/١٨) پێشـوازی لـە وەفدێکـی مەکتـەب سیاسـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان کـرد و هۆشـدارییدا: (ڕیفرانـدۆم هـۆکاری گۆشـەگیر بـوون و گوشـار دەبێـت لـە سـەر کـورد و هەرێمـی کوردسـتانیش لاواز دەکات).[3] هەروەهـا پێـی ڕاگەیانـدن: (پیلانەکانـی دابەشـکردنی عێـراق ئـەم جـۆرە سیاسـەتانە لێکەوتـەی وێرانکەریـان دەبێـت و ئـەو شـتەیە دوژمنـان بـە دوایـدا دەگەڕێـن و دەبێتـە هـۆی تێوەگلانـی هەرێـم لـە ناکۆکییـەکان و هەمـوو ئـەو دەسـتکەوتانەش لـە نـاو دەبـەن کـە لـەم ماوەیـەی دواییـدا کـورد بەدەسـتی هێنـاون)،[4] واتـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هـەوڵ دەدا هەرێـم ڕیفرانـدۆم ئەنجـام نـەدا، هـەر بۆیـە لـە ڕێگـەی پەیوەندییـە بەهێزەکانـی لەگـەڵ یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان کاری بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەکـرد، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو لـەم هەوڵـەی دا.

کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە ناوەڕاسـتی مانگـی هەشـتی (٢٠١٧) لـە هەوڵـی هاوئاهەنگـی کـردن بـوو لەگـەڵ هـەر یـەک لـە تورکیـا و عێـراق بـە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لیـوا محەمـەد باقـری سـەرۆکی دەسـتەی

---

(١) روزنامـه جمهـوری اسـلامی، رهـبر انقـلاب : عـراق بایـد یکپارچـه بمانـد، شـماره (١٠٩٠١)، ٣١/ خـرداد/١٣٩٦، ص٣.

https://jepress.ir/index.php?year=1396&month=03&day=31&category=1

(٢) دەربـاز سـاڵح، ئێـران : لـە بـارەی گشتپرسـی کوردسـتان دانوسـتان ناکەیـن، ڕۆژنامـەی هەولێـر، ژمـارە (٢٦٤٢)،٢٠١٧/٧/١١،ل٣.

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

(٣) روزنامـه جمهـوری اسـلامی، هشـدار ایـران در مـورد پیامدهـای طـرح جدائـی اقلیـم کردسـتان از عـراق، شـماره (١٠٩٢٢)، ٢٧/تیـر/١٣٩٦،ص٣.

https://jepress.ir/index.php?year=1396&month=04&day=27&category=1

(٤) وكالـة مهـر للأنباء،خـلال اجتماعـه مـع وفـد الاتحـاد الوطنـي الكردسـتاني العراقـي لاريجـاني محـذرا : مخططـات تقسـيم العـراق سـوف تكـون لهـا تداعيـات مدمـرة، ٢٠١٧/٧/١٩ .

https://ar.mehrnews.com/news/1874624/

ئەرکانی گشتی سوپای پاسدارانی ئێران لە (٢٠١٧/٨/١٧) سەردانی تورکیای کرد و لە دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا، جەختی لە سەر چەند لایەنێک کردەوە کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

١. ئێران و تورکیا هاوهەڵوێست و دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیین لە هەرێمی کوردستان.

٢. ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بنەمایەک دەبێت بۆ دەستپێکی زنجیرەیەک لە گرژیی و کێشمەکێش لە ناو عێراق.

٣. ڕیفراندۆمی هەرێم لێکەوتەی دەبێت لە سەر دەوڵەتانی دراوسێی عێراق.

٤. ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەر یەک لە عێراق و ئێران و تورکیا دەخاتە ناو ئەو پرسەوە و هەر بۆیە بەرپرسانی هەردوو وڵات جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە نابێت ڕوو بدات.

٥. ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی هاریکاری سەربازیی و ئاسایشی بە تایبەتی لەمەڕ سنوورەکان.

٦. ڕێککەوتن لە سەر ئەنجامدانی ڕاهێنانی سەربازیی و مانۆڕی هاوبەش.(١)

لێرەدا تێبینی دەکەین ئێران ترسی لە کاریگەری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوو لە سەر ناوخۆیی وڵاتەکەی، چونکە وای دەبینێت سەربەخۆبوونی هەرێم مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان و ناسەقامگیری لە ناوخۆی وڵاتەکەیانی لێ دەکەوێتەوە و بۆیە هاوئاهەنگی سەربازیی لەگەڵ تورکیا و عێراق دروست کرد لەمەڕ پرسی ڕیفراندۆم، هەموو ئەمانەش لە پێناو ئەوە بوو، هەرێم ڕیفراندۆم ئەنجام نەدات.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە لە مانگی (٩)ی ساڵی(٢٠١٧) دا هەڵوێستەکانی ئێران لەمەڕ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم زۆر توند بوون و تەنانەت لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ڕیفراندۆم دا بە کردە کۆماری ئیسلامی سەلماندی کە دژی ڕیفراندۆمە و

---

(١) روزنامە جمهوری اسلامی،در دیدار باقری و اردوغان مطرح شد : تاکید ایران و ترکیە بر عدم برگزاری همەپرسی در کردستان عراق، شمارە(١٠٩٤٨)، ٢٨/مرداد/١٣٩٦،ص١.

https://jepress.ir/index.php?year=1396&month=05&day=28&category=1

ئەنجامدانیشی ڕەتدەکاتەوە. هەروەک یاریدەدەری تایبەتی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لە کاروباری نێودەوڵەتی حسەین ئەمیر عەبدولهیان لە دیدارێکی لەگەڵ ڕاوێژکاری دیپلۆماسی سەرۆکی فەڕەنسا لە(٢٠١٧/٩/٥) ڕایگەیاند: (ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان قەیرانێکی نوێ دەخوڵقێنێ، جەختیشی لە پاڵپشتیکردن لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوە ).[١] هەروەها لیوا یەحیا ڕەحیم سەفەوی ڕاوێژکاری باڵای سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران لە (٢٠١٧/٩/٨) جەختی لەوە کردەوە حکومەتانی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق دژی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانن و ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی بە پیلانێکی نوێی دانا لە دوای تێکشکانی تیرۆرستان لە سوریا و عێراق.[٢] کۆماری ئیسلامی ئێران وای دەبینێت خەباتی کورد لە پارچەکانی کوردستان دا پێکەوە بەستراون و بە جۆرێک هەر گۆڕانکارییەک لە پارچەیەکی دا کاریگەری لە سەر پارچەکانی دیکە دەبێت، بۆیە بەردەوام جەخت لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەنەوە و لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازیشەوە کاری لە سەر ڕیفراندۆم دەکرد.

سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران (عەلی شەمخانی) لە (٢٠١٧/٩/١٢) ڕایگەیاند: (ڕیفراندۆم کاریگەریی وێرانکەری لە سەر هەرێمی کوردستان دەبێت و ئەو دەرەفەت و توانا مەزنانەی کورد لە عێراق دا هەیەتی لە دەست دەدات و گرژییەکانی ناوچەکەش زیاد دەکات و نەهامەتی بۆ خەڵکی چەوساوە و ئازای هەرێم دێنێت و هەروەها مەترسی دروستبوونی کێشمەکێشی نوێ و نائارامی زیاتری لێ دەکەوێتەوە).[٣] ئەم ڕاگەیاندنەی عەلی شەمخانی بە

---

(١) خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران(IRNA)، امیر عبداللهیان در دیدار مشاور دیپلماتیک رئیس جمهور فرانسه : برگزاری رفراندوم در کردستان عراق بحران جدیدی را رقم می زند، ١٤/ شهریور/١٣٩٦

https://www.irna.ir/news/82655927/

(٢) وكالة مهر للأنباء،اللواء صفوي يحذر من انفصال اقليم كردستان , ٢٠١٧/٩/٨ .

https://ar.mehrnews.com/news/1876027/

(٣) خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران، (IRNA)،شمخانی : برگزاری همه پرسی در اقلیم کردستان موجب تشدید اختلاف احزاب و گروه های کرد می شود، ٢١/شهریور/١٣٩٦ .

https://www.irna.ir/news/82662909/

جۆرێـک هەڕەشـە بـوو گـەر هەرێـم ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدات، ئـەوا تووشـی ئـەو گرفتانــە دەبێتــەوە.

قاسـم سـولێمانیش فەرمانـدەی فەیلەقـی قـودس لـە (٢٠١٧/٩/١٢) لـە پـاش چوونـی بـۆ سـلێمانی سـەردانی هەولێـری کـرد و لەگـەڵ مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کۆبـووەوە بـە مەبەسـتی ڕازیکردنـی بـە پاشـگەزبوونەوە لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، [1] بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو. دەکـرێ بڵێیـن ڕۆڵـی ئـەم سـەرکردە سـەربازییە لـە کاربەدەسـتانی حکومـی و سـەربازیی عێـراق زیاتـر بـوو لـە دژایەتیکردنـی ڕیفرانـدۆم، هـەر بۆیـە دوو ڕۆژ دوای سـەردانەکەی قاسـم سـولێمانی بـۆ هەرێـم و سـەرنەکەوتنی لـە ڕازیکردنـی سـەرکردایەتی هەرێـم بـۆ ئەنجامنەدانـی ڕیفرانـدۆم، محەمـەد حسـەین باقـری سـەرۆکی دەسـتەی ئەرکانـی گشـتی هێـزە چەکدارەکانـی ئێـران لـە (٢٠١٧/٩/١٤) پەیوەنـدی لەگـەڵ خولۆسـی ئـاکار سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای تورکیـا کـرد و جەختیـان لـە سـەر ئـەم لایەنانـەی خـوارەوە کـردەوە:

١. ئەنجامدانیڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان مەترسـییە لـە سـەر ئاسـایش و ئاشـتی و سـەقامگیری ناوچەکـە.

٢. هاوئاهەنگـی کـردن لـە نێـوان هێـزە چەکدارەکانـی هـەردوو دەوڵـەت لـە بەرانبـەر ڕیفراندۆمـی هەرێـم.

٣. دژایەتیکردنـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و نەهێشـتنی جێبەجـێ کردنـی پـرۆژەی دابەشـبوون لـە ناوچەکـە.[2]

لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن ئێـران ڕیفراندۆمـی هەرێمـی بـە مەترسـی لـە سـەر ئاسـایش و سـەقامگیری و یەکپارچەیـی خـۆی دادەنـا، هـەر بۆیـە لـە ڕێگـەی هاوئاهەنگـی سـەربازییەوە، دەیویسـت کۆتایـی بـە پرسـەکە بێنێـت و لەگـەڵ ئـەوەی ئێـران خەریکـی پێکهێنانـی هاوپەیمانیـی سـەربازیی بـوو لەگـەڵ تورکیا و عێـراق، لە ڕووی جەماوەریشـەوە

(١) مصطفى الدليمي، سليماني يجري مباحثات بكردستان العراق لايقاف الاستفتاء،عربي ٢١، ٢٠١٧/٩/١٢ .
https://arabi21.com/story/1033813/

(٢) وكالة مهر للأنباء،اللواء باقري يصف الاستفتاء في كردستان العراق ب الخطير , ٢٠١٧/٩/١٤ .
https://ar.mehrnews.com/news/1876196

خەریکـی جۆشـدانی شـەقام بـوو. لەمـڕووەوە وتاربێـژی کاتـی نوێـژی هەینـی شـاری تـاران ئایەتـوڵا سـەید ئەحمـەد خاتەمـی لـە (٢٠١٧/٩/١٥) وتـی: (ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان پرۆژەیەکـی زایۆنیـە و پیلانێکـە بـۆ دامەزراندنـی ئیسرائیلێکـی تـر لـە ناوچەکـە دا، هەڕەشـەی ئەوەشـی کـرد ئـەم بیرۆکەیـە دەبێـت ببەنـە ژێـر گـۆڕ، ڕاشـیگەیاند یەکـەم قۆناغـی ئـەم پیلانـە بریتیـە لـە ڕێکخسـتنی ڕیفرانـدۆم و دابەشـکردنی عێـراق).[١] هەروەها لـە سـەر ئاسـتی دامەزراوەکانـی دەوڵـەت هەڵویسـتی تونـد لـە بەرانبـەر ڕیفراندۆمـی هەرێـم نـرا. هـەروەک وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران لـە (٢٠١٧/٩/١٧)ڕایگەیانـد (ڕیفراندۆمی هەرێمـی کوردسـتان هەڵەیەکـی سـتراتیجیە و لێدانـە لـە سـەقامگیری عێـراق و کارەسـاتێکە و پاڵنەرێکـە بـە ئاراسـتەی دابەشـبوونی دەوڵەتانـی ناوچەکـە ).[٢]

لـە سـەر ئاسـتی سـەرۆکایەتی کۆماریـش حەسـەن ڕۆحانـی سـەرۆک کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە(٢٠١٧/٩/١٩) ڕایگەیانـد (هـەر گۆڕانکارییـەک لـە سـنووری جوگرافـی دەوڵەتانـی ناوچەکـە مەترسـیدارە و ئـەوەی ئێسـتا جێـگای نیگەرانیـە بابەتـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتانە، لەبەرئـەوە هەڵگیرسـانی قەیرانـەکان و کێشمەکێشـە گـەورە و مەترسـیدارەکانە لـە ناوچەکـەدا).[٣]

مورتـەزا سـەفاری نەتەنـزی ئەندامـی کۆمسـیۆنی ئاسایشـی نەتەوەیـی و سیاسـەتی دەرەوەی ئەنجومەنـی شـورایی ئیسـلامیش لـە هەمـان ڕێکـەوت ڕایگەیانـد: (جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق گرفتـی زۆری هەیـە و بـە زیانـی ناوچەکـە دەکەوێتـەوە و ئەمریـکا و ئیسرائیلیشـی تاوانبـار کـرد بـە دابەشـکردنی ناوچەکـە).[٤] هەروەهـا ئایەتـوڵا

(١) وكالـة انبـاء براثـا، خطيـب جمعـة طهـران، بـارزاني ينفـذ المخططـات صهيونيـة لتقسـيم العـراق، ٢٠١٧/٩/١٥،

http://ftp.burathanews.com/arabic/news/322760

(٢) وكالة شهاب للأنباء، إيران: استفتاء كردستان العراق يجر الفوضى والتقسيم، ٢٠١٧/٩/١٧ .

https://shehabnews.com/p/20050

(٣) وكالـة مهـر للأنباء،الرئيـس الايـراني : اسـتفتاء كردسـتان العـراق يـؤدي الى نزاعـات بالغـة الخطـوره،٢٠١٧/٩/١٩

https://ar.mehrnews.com/news/1876288/

(٤) خبرگـزاری جمهـوری اسـلامی ايـران (IRNA)،جدايـی كردسـتان بـه ضرر منطقـه اسـت آمريـكا و رژيـم صهيونسـتی بـه دنبـال ايجـاد تفرقـه هسـتند، ٢٨/شـهريور /١٣٩٦

ئەحمەد جەننەتی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەریی ئێران ئەویش لە هەمان ڕێکەوت هۆشداری دا و وتی (بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئیسرائیلێکی نوێ لە ناوچەکەدا دادەمەزرێت).[1] ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژە پێدانە، دامەزراوە حکومییەکانی ئێران دژایەتییەکی سەرسەختانەی ڕیفراندۆمی هەرێمیان دەکرد وبەردەوام هەوڵیانداوە خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بدەنە پاڵ دەستی ئیمپریالیزم، ئەگەرچی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان قوربانی ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیزمانە بووە، بەڵام هەموو ئەمانە و لەیەکچواندنی هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیل، بە مەبەستی ئەوە بووە زۆرترین دژایەتی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ئیسلامی دروست بێت دژی هەر هەوڵێک کە بدرێت بۆ سەربەخۆبوونی هەرێم. جگە لە سەر ئاستی هەرێمی، کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش لۆبی دەکرد دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم. لەم ڕووەوە حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆمار لە (٢٠١٧/٩/٢٠) لەگەڵ سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی فەڕەنسا و نەمسا و پۆلیفیا و سەرۆک وەزیرانی سوید کۆبوویەوە و دژایەتی کۆماری ئیسلامی لە بارەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان پێ ڕاگەیاندن و هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سنووری دەوڵەتانی ناوچەکەشی بە مەترسیدار لە قەڵەم دا.[2]

لە سەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیش کۆماری ئیسلامی هەوڵەکانی چڕکردەوە، بە مەبەستی دروستکردنی کۆدەنگییەکی ئیسلامی لە دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم، لەم ڕووەوە سەید عەباس عەراقچی جێگری کاروباری یاسایی و نێودەوڵەتی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە (٢٠١٧/٩/٢٢)

---

https://www.irna.ir/news/82669653/

(١) وكالة مهر للأنباء،اية الله جنتي يحذر من اقامة اسرائيل جديدة في المنطقة من خلال استفتاء اقليم كردستان، ٢٠١٧/٩/١٩

https://ar.mehrnews.com/news/1876291/

(٢) روزنامه جمهوری اسلامی،در دیدار جداگانه دکتر روحانی با دبیر کل سازمان ملل متحد، روسای جمهور فرانسه، اتریش، بولیوی و نخست وزیر سوئد عنوان شد : هر گونه تغییر در مرزهای جغرافیائی کشورهای منطقه خطرناک است، شماره(١٠٩٧٥)، ٢٩/شهریور/١٣٩٦،ص١.

https://jepress.ir/index.php?newsid=148848

لـە کۆبوونــەوەی هاوئاهەنگــی وەزیرانــی کاروبــاری دەرەوەی ئەنــدام لــە ڕێکخــراوی هاریــکاری ئیســلامی (organization of Islamic cooperation ) پشــتیوانی بەهێــزی کۆمــاری ئیســلامی ئێرانــی لــە یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق و ســەروەریی و یەکڕیــزی گەلەکـەی لـە چوارچێـوەی دەسـتوورەکەیدا دووپـات کـردەوە، هەروەهـا دژایەتی ئاشـکرای ئێرانـی لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان خسـتەڕوو.[١] کەیـوان خەسروی وتەبێـژی ئەنجومەنـی بـاڵای ئاسایشـی نەتەوەیـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، ڕۆژێـک پێـش ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە (٢٠١٧/٩/٢٤) بڕیـاری داخسـتنی سـنووری ئاسـمانی ئێرانـی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتانی لـە سـەر داواکاری حکومەتـی عێراقـی ڕاگەیانـد،[٢] واتـە ئێران جگـە لـەو ڕێـکارە سیاسـی و دیپلۆماسـی و سـەربازیانەی بەرانبـەر هەرێـم گرتبوویـە بـەر هەوڵـی دا بەربەسـت لـە بـەردەم گواسـتنەوە و هاتوچـۆ و هەروەهـا گرفتـی ئابـووری بـۆ هەرێـم دروسـت بـکات. هەروەهـا لـە هەمـان ڕۆژدا ناوچـە سـنوورییەکانی هەرێمـی لـە باڵەکایەتـی و حاجـی ئۆمـەران تۆپبـاران کـرد، ئەمـەش بـە بیانـووی بوونـی هێـزە کوردییـە ئۆپۆزسـیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوو لـەو ناوچانـە، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا بریتـی بـوو لـە ئاگادارکردنـەوەی هەرێـم کـە بـژاردەی سـەربازیش لـە دژی دەگرنـە بـەر.

کۆمــاری ئیســلامی ئێــران لای وایــە دوای ئــازادی عێــراق لــە ســاڵی (٢٠٠٣)، ڕۆڵــی شــیعە لــە پەرەســەندنەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت زیاتــر دەرکەوتــووە.[٣] واتــە دەیانەوێــت پارێــزگاری لــەو هەژموونــەی شــیعە بکــەن لــە عێــراق و هــەر بۆیــە پاڵپشــتی لــە عێراقێکــی یەکگرتــوو دەکــەن و پارچەپارچــە بوونــی عێــراق بــە هەڕەشــە

(١) خبرگـزاری جمهـوری اسلامی ایران (IRNA)،عراقچـی : ایـران از حفـظ تمامیـت ارضـی، حاکمیـت و وحـدت ملـی عـراق حمایـت مـی کنـد، ١/مهـر/١٣٩٦

https://www.irna.ir/news/82673680/

(٢) BBC News فارسـی، تمـاس تلفنـی پوتیـن بـا روحانـی درمـورد همـکاری هـای دوجانبـه و منطقـه‌ای، ٣/مهر/١٣٩٦

https://www.bbc.com/persian/iran-41394195

(٣) عابـد گل کرمـی و دیگـران، تبییـن ژئوپلیتیـک سیاسـت خارجـی جمهـوری ئیسـلامی ئیران بـا تاکید بـر قابلیـت هـای ژئواکونومیـک، نشریـه تحقیقـات کاربـردی علـوم جغرافیایـی، سـال هجدهـم، شـماره (٤٩)، تابسـتان ١٣٩٧،ص٥١.

http//:ensani.ir/file/download/article/1539669796-9495-389.pdf

لـە سـەر ئاسایشـی نەتەوەییـان دەزانـن. لـەم بارەیـەوە محەمـەد عەلـی سـوبحانی باڵوێـزی ئێـران لـە لوبنـان سـاڵی (٢٠٠٨) ئامـاژەی بـەوە کـرد، عێراقێکـی دابەشـبوو کاریگـەری لەسـەر لاوازبوونـی هەڵوێسـتی هەرێمـی ئێـران دەبێـت.[1] سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی ئێـران لـە بەرانبـەر ڕیفراندۆمـی هەرێـم دەگەینـە ئـەم چەنـد خاڵـەی خـوارەوە:

١. کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دژی هـەر هەوڵێـک دەوەسـتێتەوە ئەنجامەکـەی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتانی لـێ بکەوێتـەوە، لەگـەڵ تورکیـاش ئاسـایش و سـەقامگیری خۆیـان لـەوەدا دەبیننـەوە، هەرێمـی کوردسـتان سـەربەخۆی بەدەسـتنەهێنێت، چونکـە سـەربەخۆبوونی هەرێـم کاریگـەری لـە سـەر پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش دەبێـت.

٢. ئێـران سـڵ لـە گرتنەبـەری هیـچ ڕێوشـوێنێک ناکاتـەوە لـە بەرانبـەر هـەر هەوڵێـک کـە بدرێـت، بـە مەبەسـتی سـەربەخۆ بوونـی هەرێـم.

٣. ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی بـە پلانـی ئەمریکـی دەزانـێ بـۆ پارچەپارچـە کردنـی ناوچەکـە و پێیوایـە بـە سـەربەخۆیی هەرێـم، هانـی زیاتـری کوردەکانـی دەدرێـت بـۆ جیابوونـەوە و بەمـەش کەمایەتییەکانـی دیکـەی وڵاتەکـەی وەکـو عـەرەب و بلـوج و ئـازەری هـان دەدرێـن بـۆ جیابوونـەوە و مەترسـی لـە سـەر یەکپارچەیـی خاکەکـەی دروسـت دەبێـت.

٤. پێیوایـە سـەربەخۆبوونی هەرێـم، دەبێتـە هـۆی زیادبوونـی هەژموونـی ئیسرائیـل و سـعودیە لـە کوردسـتان کـە بـە مەترسـیدارترین هەڕەشـە لـە سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی خـۆی دادەنێـت.

(1) Alireza Nader and Others ,Regional Implications of an Independent Kurdistan , Published by the Rand Corporation, Santa Monica, Calif. , 2016 ,p.126. file:///C:/Users/USER23/Downloads/RAND_RR1452%20(1).pdf

**دووەم: تورکیا**

لـە پرەنسـیپ دا تورکیـا و عێـراق بەشـدار دەبـن لـە بەرژەوەندییەکـی گشـتی دا، ئەویـش مەسـەلەی سـنووردانانە بـۆ هـەر سـەربەخۆبوونێکی کـورد.[1] ئەمـە جگـە لەوەی تورکیا نیگەرانیەکـی هەرێمـی هەیـە، بۆیـە جەخـت لـە سـەر ڕۆڵـی سـنوورەکانی دەکاتـەوە لـە کۆنترۆڵکردنـی کۆمەڵگاکـەی و بووەتـە نیگەرانیەکـی جیۆپۆلیتیکـی لـە سـەر ئـەو بنەمایـەی تورکیـا شـوێنێکی دەگمەنـی هەیـە لـە ڕووی جوگرافـی و شارسـتانیەتەوە.[2] دەکـرێ بڵێیـن لـە سـتراتیجیەتی تورکیـا دا هەرێمـی کوردسـتان جیـا ناکرێتـەوە لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی وڵاتەکەیـان و بریتیـە لـە درێژبوونەوەیەکـی جیۆپۆلیتیکـی کـورد، کـە پێویسـتی بـە ڕێکخسـتنە بـە جۆرێـک لـە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیـان دا بمێنێتـەوە و نەبێتـە هەڕەشـە لـە سـەر ئاسایشـی نەتەوەییـان. هـەر لـە سـەرەتاکانی بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتانیش کەسـایەتی و ئەندامانـی پەرلەمـان و پارتەکانـی باکـووری کوردستانپشـتگیری خۆیـان بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و سـەربەخۆیی هەرێـم دەربڕیـوە، لەوانـە سـەلاحەددین دەمیرتـاش هاوسـەرۆکی پارتـی دیموکراتی گـەلان(HDP)، لـە پەیامێکـدا لـە گرتوخانـەی ئەدەرنـە ڕایگەیاند:(سـەربەخۆیی مافێکـی ڕەوای گەلـی کـوردە و وەک شـیری دایـک حەڵاڵـە و ئەوانـەی دژی سـەربەخۆیین، کەسـانی فاشیسـت و ڕەگەزپەرەسـتن).[3] هەروەهـا ئاڵتـان تـان ئەنـدام پەرلەمانـی پارتـی دیموکراتـی گـەلان ڕایگەیانـد: (زۆر ئاسـاییە ئەگـەر هەرێـم دەوڵـەت ڕابگەیەنێـت و وڵاتانـی دراوسـێش بەبـێ شـەڕ و بـە شـێوەیەکی ئاشـتیانە مامەڵـەی لـە گەڵـدا بکـەن، هەروەهـا بـە باشـی زانـی موسـڵ و کەرکووکیـش بخرێتـە سـەر ئـەو دەوڵەتـەی هەرێـم دەیەوێـت ڕایگەیەنێـت).[4]

---

(١) گراهـام فۆللـەر، جیۆپۆڵەتیکـی نوێـی تورکیـا (ئاسـیای ناوەنـد و بەڵقـان و کـورد)، و : عەتـا قەرەداخـی، چاپخانـەی ڕوون، سـلێمانی، ٢٠٠٦،ل١٤٣ .

(٢) أمينـة مصطفـى دلـه، الجيوبولتيكيـة التركيـة الحتميـة الجغرافيـة و سـؤال الهويـة، المعهـد المـصري للدراسـات السياسـية و الاسـتراتيجية، ٢٠١٦،ص٦.

(٣) ڕۆژنامـەی هەولێر،دەمیرتـاش : سـەربەخۆیی کوردسـتان وەک شـیری دایـک حەڵاڵـە، ژمـارە(٢٦٨٧)، ٢٠١٧/٩/١٨، ل٢.

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

(٤) ڕۆژنامـەی هەولێـر، ئاڵتـان تـان ئەنـدام پەرلەمانـی هەدەپـە :دروسـتبوونی دەوڵەتـی کوردسـتان لـە باشـوور ئەگەرێکـی زۆر بەهێـزە، ژمـارە (٢٦٢٨)، ٢٠١٧/٦/١٤،ل١٠.

پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوەی دژی ڕیفرانـدۆم نەبـوو، بـەڵام مەرجـی هەبوو بـۆ ئەنجامدانـی، لـەم بارەیـەوە سـەرحەد ڤارتـۆ بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی پارتەکـە ڕایگەیانـد: (بـە بـێ کاراکردنـەوەی پەرلەمانـی کوردسـتان و پاڵپشـتی پارچەکانـی تـر و بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی، ڕیفرانـدۆم سـەرکەوتوو نابێـت).[١]

جێـگای خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن پارتەکانـی باکـووری کوردسـتان پشـتگیری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـوون و بـە مافـی ڕەوای خەڵکـی هەرێمـی کورردسـتانیان زانیـوە، تەنانـەت پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانیش لەگـەڵ ئـەوەی تیبینـی لـە سـەری هەبـوو، بـەڵام دژی ئەنجامدانیشـی نەبـوو و پاڵپشـتیکردنی پرۆسەکەشـی بـەو مەرجانـەوە بەسـتبووەوە کـە پیشـتر باسـمان کـرد.

شـەش ڕۆژ دوای بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرۆکایەتی کۆمـاری تورکیـا هەڵویسـتی خـۆی لـە مـەر ڕیفراندۆمـی هەرێـم دەربـڕی و لـە (٢٠١٧/٦/١٣) ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرۆک کۆمـار ڕایگەیانـد: (هەنگاونـان بـۆ سـەربەخۆیی هەرێمـی باکووری عێـراق، هەڕەشـەیە بـۆ سـەر یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و کارێکـی هەڵەیـە).[٢] مەهـدی ئەکـرا یاریـدەدەری سـەرۆکی پارتـی داد و گەشـەپێدانیش لـە (٢٠١٧/٧/٢٦) لـە چاوپێکەوتنێکـی لەگـەڵ ئاژانسـی میهـری ئێرانـی، جەختـی لـە سـەر ئـەوە کـردەوە: (کاتەکـە گونجـاو نیـە بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و ئامـۆژگاری مەسـعود بارزانـی دەکـەن پێداچوونـەوە بـە بابەتـی ڕیفرانـدۆم و جیابوونـەوە لـە عێـراق بـکات).[٣] هەروەهـا مەولـود چاوشـئۆغلۆ وەزیـری دەرەوە لـە (٢٠١٧/٨/٢٣) لەگـەڵ شـاندێک سـەردانی مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کـرد و ئامـاژەی بـەوە دا: (وڵاتەکـەی

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

(١) SHARPRESS، پەکەکـە بـە سـێ مـەرج پشـتیوانی لـە ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان دەکات، ٢٠١٧/٧/١٩

https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=91564

(2) Anadolu Ajansı , CumhurbaŞkanı Erdoğan: Kuzey Irak'ın bağımsızlığı yanlıŞ bir adımdır , 13/6/2017. https://www.youtube.com/watch?v=dWhSh0r1dg0

(٣) پیـمان یزدانـی و مریـم لایـق، برلمـاني تـركي ينصـح البـارزاني باعـادة النظـر بقـرار الاسـتفتاء، وكالـة مهـر للانبـاء، ٢٠١٧/٧/٢٦

https://ar.mehrnews.com/news/1874860/

بڕوای بە مافەکانی گەلی کوردستان هەیە و لە ئێش و ئازارەکانی دەگات، بەڵام وای بۆ دەچێ ڕیفراندۆم لەم کاتەدا ڕەنگە کێشەی لێ بکەوێتەوە و سەقامگیری ناوچەکە بشێوێنێ و ئەوەشی خستەڕوو کە وڵاتەکەی ئامادەیە بەشدار بێت لە هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا)،[1] واتە لە سەرەتا دا هەڵویستەکان بەرانبەر هەرێم توند نەبوو و زیاتر جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە کاتەکەی گونجاو نیە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەروەها لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە هەوڵیان دەدا هەرێم پاشگەز بکەنەوە و بە جۆرێک ئامادەیی وڵاتەکەیان دەردەبڕی بۆ نێوەندگیری لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە پارتەکانی تورکیاش، ئەوا ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمیان ڕەتکردەوە، لەم ڕووەوە جێگیری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری ((CHP ئۆزتورک یەڵماز لە (٢٠١٧/٨/٢٨) دا ڕایگەیاند: (ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقن و لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا پشتگیری لە پەیوەندییە ئابووریی و سیاسییەکانی هەرێمی باکووری عێراق لەگەڵ تورکیا دەکەن، هەروەها جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، ڕیفراندۆم گرژی لە ناوچەکەدا دەخوڵقێنێت و زیان بە وڵاتانی ناوچەکە دەگەیەنێت ).[2] دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیا (MHP) لە (٢٠١٧/٨/٣١) لە بارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ڕایگەیاند (پێویستە وادابنرێت هۆکارێکە بۆ شەڕ، گەر پێویست بێت ).[3]

دەکرێ ئەوە بخەینەڕوو، لە دوای ناوەڕاستی مانگی (٩)ی (٢٠١٧) تورکیا ڕێوشوێنی دیکەی گرتە بەر لە بەرانبەر هەرێم. هەروەک لە(٢٠١٧/٩/١٨) هێزە چەکدارەکانی

(١) سەرۆکایەتی هەریمی کوردستان (KRP)، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی تورکیا دەکات، ٢٠١٧/٨/٢٣

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=V7/PJ/hVc7Q

(2) Kemal avci , CHP'li Yılmaz: Kürtler Türkiye'ye tehdit değil , 28-08-2017 , https://www.rudaw.net/turkish/interview/28082017

(3) Milliyet , Türkiye fitneyi odağında etkisiz hale getirmelidir , 31/8/2017 . https://www.milliyet.com.tr/siyaset/turkiye-fitneyi-odaginda-etkisiz-hale-getirmelidir-2511875

تورکیا مانۆڕی سەربازییان لە سەر سنوورەکانی هەرێم دەست پێ کرد [1] و تانکەکانیان هێنایە سەر سنوورەکانی هەرێم و هەر هەمان ڕۆژیش بینالی یەڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند:( سیاسەتی دیفاکتۆ لە سنوورەکانی باشوورمان لە سوریا و عێراق لە هیچ کەسێک قەبوڵ ناکەین و هەر هەوڵێک هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانیمان بکات، وەڵامی پێویستی دەدەینەوە).[2] هەروەها مانۆڕی سەربازی هێزە چەکدارەکانی تورکیا و عێراق لە دووری سێ کیلۆمەتر لە دەروازەی سنووری خاپوور دەستی پێ کرد.[3]

لێردا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، تورکیا ئەو وڵاتە دراوسێیەی هەرێمە کە گەورەترین پارچەی کوردستان پێوەی لکێنراوە، بۆیە ئەو چاوەڕوانیەی لێ ناکرێ پاڵپشتی لە ڕیفراندۆمی هەرێم بکات، بگرە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەڵوێستەکانی لە دژی هەرێمی کوردستان توندتر دەبوو، واتە ترسی تورکیا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە،ڕیفراندۆمی هەرێم کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر باکووری کوردستان و خواستی کوردان لەو پارچەیە هەڵدەکشێت بەرەو یاخیبوون و دواتریش جیابوونەوە، هەر بۆیە دژی هەر هەوڵێک دەوەستێتەوە ببێتە مایەی سەربەخۆیی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان.

تورکیا لۆبی لە دژی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان کرد، هەروەک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە وتارەکەی دا لە بەردەم کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاند: (پێویستە یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزین و داواشی لە هەرێم کرد

(1) RECEP TAYYIP GÜRLER , TÜRKIYE'NIN IRAK POLITIKASI 2017 , TÜRK DIŞ POLITIKASI YILLIĞI , EDİTÖRLER : BURHANETTİN DURAN KEMAL İNAT MUSTAFA CANER , SETA Siyaset, Ekonomi ve Toplum Araştırmaları Vakfı , Istanbul , 2018 ,s.172. https://tdpyilligi.setav.org/tdp/turk-dis-politikasi-yilligi-2017.pdf

(٢) ماهر اوغلو، جريدة الزمان، مناورات عسكرية تركية على الحدود تستبق الاستفتاء،العدد (٥٨٣٦)، ٢٠١٧/٩/١٩،ص١ .

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/19-09/p1.PDF

(٣) TRT فارسی، مانور مشترک نیروهای ترکیه و عراق در مرز دو کشور ادامه دارد، ٢٠١٧/١٠/١٢

https://www.trt.net.tr/persian/mntqh/2017/10/12/mnwr-mshtrkh-nyrwhy-trkhyh-w-rq-dr-mrz-dw-khshwr-dmh-drd-825774

لـە بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم پاشـگەزبێتەوە).[١] هەروەهـا لـە ڕۆژی دواتـر و لـە (٢٠١٧/٩/٢٠) پەیوەنـدی تەلەفۆنیلەگـەڵ شـا سـەلمان، شـای سـعودیە ئەنجامـدا، دوایـی پەیوەندییەکـە سـعودیە داوای لـە هەرێمـی کوردسـتان کـرد بـە دوای بـژاردەی ڕیفرانـدۆم نەبێـت، بـۆ بڕیـاردان لـە سـەر مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس،[٢] واتـە سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا لۆبیەکـی بەهێـزی دەکـرد دژی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان.

حکومەتـی تورکیـا لـە (٢٠١٧/٩/٢٢) دا کۆبوونەوەیەکـی تایبەتـی لـە بـارەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمـی هەرێـم ئەنجامـدا، لـە پـاش کۆبوونەوەکـە بەکـر بـۆزداغ وتەبێـژی حکومەتـی تورکیـا ڕایگەیاند:

١. ڕیفراندۆم قبوڵکراو نیە و نایاساییە و هەڕەشەیە بۆ سەر کۆماری تورکیا.

٢. جەختکردنەوە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق.

٣. ڕیفراندۆمی هەرێم کێشەکانی ناوچەکە و ئاشتەوایی زیاتر تێکدەدات.

٤. ئەوانەی هەنگاو بۆ ڕیفراندۆم دەنێن، تووشی چەندین کێشەی چاوەڕوانکراو دەبن.

٥. عێراق و ئێران و وڵاتانی تری جیهان دژی ڕیفراندۆمن.

٦. داواکـردن لـە هەرێمـی باکـووری عێـراق ڕیفرانـدۆم هەڵوەشـێنێتەوە و جارێکـی تـر بـاس نەکرێـت.[٣]

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە تورکیـا بـەردەوام ڕیفراندۆمـی بـە هەڕەشـەیەک لـە سـەر خـۆی داناوە، بۆیـە لـە ڕێـگای هاندانـی دەوڵەتانـی هەرێمـی و هەڕەشـەکردن، ئامانجـی ئـەوە بـووە هەرێمـی کوردسـتان لـە بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم پاشـگەز بکاتـەوە.

(١) Al Jazeera Mubasher ، كلمـة الرئيـس الـتركي رجـب طيـب اردوغـان امـام الجمعيـة العامـة في الامـم المتحـدة، ٢٠١٧/٩/١٩

https://www.youtube.com/watch?v=O8UIcZVBx1o

(٢) CNN بالعـربي , اردوغـان يتصـل بالملـك سـلمان وسـط ازمـات قطـر و سـوريا و اقليـم كردسـتان، ٢٠١٧/٩/٢١

https://arabic.cnn.com/middle-east/2017/09/21/erdogan-qatar-syria

(٣) ئاوێنە، وتەبێژی حکومەتی تورکیا : ڕیفراندۆم قبوڵناکرێ و نامەشروعە، ٢٠١٧/٩/٢٣

https://www.awene.com/detail_archive?article=60086

پەرلەمانی تورکیاش بە مەبەستی دەسەڵات بەخشین بە حکومەت بۆ ئەنجامدانی کردەی سەربازییلە (٢٠١٧/٩/٢٣) بە شێوەیەکی نائاسایی کۆبوویەوە و بڕیاری لە سەر درێژکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەت سەبارەت بە سنوور بەزاندن و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان لە عێراق و سوریا دا.[١] ئەمەش هەموو بۆ گوشار خستنە سەر هەرێم بوو کە بژاردەی سەربازیش یەکێک دەبێت لەو بژاردانەی ڕەنگە تورکیا پەنای بۆ ببات.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە (٢٠١٧/٩/٢٣)لە بارەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، تێیدا جەخت لە سەر ئەم خاڵانە کرایەوە:

١. نایاسایی بوون و بە هیچ شێوەیەک قبوڵنەکردنی ڕیفراندۆم.

٢. سووربوون لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کە لە لایەن تورکیا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتی ناوەندی عێراقەوە قبوڵ ناکرێت، ئەنجامێکی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە و زیان بە هەرێمی باکووری عێراق و ناوچەکەمان دەگەیەنێت.

٣. ڕیفراندۆم بە مەترسیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و یەکپارچەیی سیاسی و تەواوی خاکی عێراق و سەقامگیری هەرێمایەتی و ئاسایشەکەی دانا، هەروەها بە کارێکی هەڵەی گەورەی ناوزەدکرد.

ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا پێشنیازی کرد، تا درەنگ نەبووە هەرێمی باکووری عێراق خۆی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دووربخاتەوە و تورکیا ئامادەیە هەموو توانایەکی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی باکووری عێراق وئەویش لەڕێگەی دانوستان و لەسەر بنەمای دەستوور.[٢] سەبارەت بە هەڵویستی

(1) SABAH , TBMM olağanüstü toplanıyor , 22/9/2017. https://www.sabah.com.tr/gundem/2017/09/22/tbmm-olaganustu-toplaniyor

(٢) TRT فارسی، شورای امنیت ملی ترکیە: همەپرسی حکومت منطقە ای کرد شمال عراق غیرقانونی وغیرقابل پذیرش است، ٢٠١٧/٩/٢٣

https://www.trt.net.tr/persian/trkhyh-1/2017/09/23/shwry-mnyt-mly-trkhyh-hmhprsy-

تورکیا لە بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێم دەگەینە ئەم چەند خاڵە:

١. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕێکەوتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان هەڵوێستەکانی دامەزراوە حکومییەکانی تورکیا هەڕەشە ئامێزتر دەبوو و جەختیشیان لە سەر ئەوە دەکردەوە بە هیچ شێوەیەک ڕیفراندۆم قبوڵ ناکەن، چونکە هەڕەشەیە لە سەر ئاسایشی نەتەوەییان و پێویستە هەرێم دەستبەرداری ڕیفراندۆم بێت، چونکە تورکیا مەترسی ئەوەی هەیە بە سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی و ناوچەکە و جوگرافیایان پارچە پارچە بێت.

٢. تورکیا پێیوایە عێراق وڵاتی گروپە نەتەوەیی و ئاینیە جۆراوجۆرەکانە لە ناوچەکەدا و مەترسی ئەوە هەیە سەربەخۆیی هەرێم ئەمە تێک بدات و ببێتە نموونەیەک بۆ گروپە ئیتنیکی و مەزهەبیەکانی ناوچەکە و لە سەرەتا دا عێراق لە بەر یەک هەڵدەوەشێنێتەوە و پاشان بارودۆخی هاوشێوە بۆ ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە دەرەخسێنێت.

٣. تورکیا ڕیفراندۆم بە هەڕەشە لە سەر دەوڵەتە نەتەوەییەکەی خۆی دەزانێت و پێیوایە پێشکەوتنەکانی ئەم ساڵانەی دوایی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان فاکتەرێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

٤. دەوڵەتی تورکیا ئەو دابەشبوونەی ئێستا عێراق بە خۆیەوە بینیوە، بە گرنگترین مەترسی ئاسایشی خۆی دەبینێتو دەشیەوێت هەرێمی کوردستان پاشکۆی بێت، نەوەک هاوبەشی سیاسی و هەر هەوڵدانێکیش لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە، ڕووبەڕووی دژایەتی توندی تورکیای دەکاتەوە، هەروەها پێیوایە هەر دابەشبوونێک لە عێراق دا ڕەنگدانەوەی لە سەر وڵاتەکەی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە.

٥. ستراتیجیەتی تورکیا ئەوەیە هەرێم ئۆتۆنۆمییەکی سنوورداری هەبێت، چونکە دەزانن هەر بەرەپێشچوونێکی هەرێم، ئەوا کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیشی دەبێت بۆ سەر وڵاتەکەیان.

---

hkhwmt-mntqh-y-khrd-shml-rq-gyrqnwny-wgyrqbl-pdhyrsh-st-812512

٦. هەڵوێستەکانی تورکیا بەرانبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم ئەو بیروڕایانەی پووچەڵ کردەوە کە پێیان وابوو، لە بەرئەوەی تورکیا بەرژەوەندی ئابووری لەگەڵ هەرێم دا هەیە، ئەوا ڕازی دەبێت بە سەربەخۆبوونی.

**سێیەم: سوریا**

حکومەتی سوریا هەر پرۆژە و بیرۆکەیەک ڕەتدەکاتەوە کە ببێتە هۆکاری جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق.[1] هەروەها جەختیش لەوە دەکاتەوە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام سەبارەت بە هەڵویستی پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوا ئەرێنی بووە و پاڵپشتی پرۆسەکە بوون، لەم بارەیەوە جەدعان عەلی ئەندامی سەرکردایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا (ئەنەکەسە)، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان بە بڕیارێکی پیرۆز دانا و پشتگیری پرۆسەکەشی کرد، هەروەها سەربەخۆیی هەرێمی بە دەرەفەتێک زانی بۆ سەربەخۆبوونی پارچەکانی دیکە.[2] نوری بریمۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان-سوریا ڕایگەیاند: (بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکەین، چونکە کاتێک هەرێم دەبێتە دەوڵەت دەرەفەتێکە بۆئەوەی پارچەکانی دیکەش سەربەخۆ بن).[3] غەریب حەسۆ ئەندامی جێبەجێکاری پارتی یەکێتی دیموکرات (PYD) لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی یەکێتی دیموکراتی وتی: (ڕیفراندۆم خواستی خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستانە و ئێمە لە پارتی یەکێتی دیموکرات ڕێز و پشتیوانی خۆمان بۆ گەلی کوردستان لە باشوور دەردەبڕین، هەرچەندە هیوامان دەخواست ئەم بڕیارە لە

---

(١) سعيد مهديد، النزاعات الاثنية و تأثيرها على مستقبل الدول حالة تركيا و العراق، أطروحة دكتوراه، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة ابوبكر بلقايد، تلمسان، ٢٠٢٠،ص٢٦٦ .

(٢) رائیب جادر، حزب و لایەنەکانی ڕۆژئاوا پاڵپشتی ڕیفراندۆمی کوردستان دەکەن، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٢٦٣٠)، ٢٠١٧/٦/١٨،ل٣

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

(٣) رائیب جادر، نوری بریمۆ : ڕۆژئاوای کورستان پشتگیری لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(٢٦٧٤)، ٢٠١٧/٨/٢٤،ص٦.

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

چوارچێــوەی کۆبوونــەوەی ڕاوێژکاریــی کۆنگــرەی نەتەوەیــی کوردســتانەوە بدرایــە).[١] نەسرەدیــن ئیبراهیــم ســکرتێری گشــتی پارتــی دیموکراتــی کــورد لــە ســوریا (پارتــی) جگــە لــە پاڵپشــتی کردنــی ڕیفرانــدۆم ڕایگەیاند:(هەنگاوێکــی زۆر باشــە بۆئــەوەی پارچەکانــی دیکــە بــە مافــی ڕەوای خۆیــان بگــەن).[٢]

لێــرەدا دەبــێ ئامــاژە بــەوە بدەیــن، کوردانــی ڕۆژئــاوای کوردســتان پێیــان وایــە هــەر بەرەوپێشــچوونێکی دۆزی کــورد لــە هەرێمــی کوردســتان، کاریگەرییەکــی ئەرێنــی دەبێــت لــە ســەر ڕۆژئــاوا، هــەر بۆیــە هەمــوو لایــەک پشــتگیری پرۆســەکە بــوون. لــەم بارەیــەوە فەوزیــە یوســف ئەندامــی دەســتەی ســەرکردایەتی هاوبەشــی پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی ( PYD) ڕایگەیانــد: (ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان یارمەتیــدەر بــوو لــەوەی حکومەتــی ســوریا زیاتــر لــە کوردانــی ســوریا نزیــک بێتــەوە)،[٣] چونکــە حکومەتــی ســوریا ترســی ئــەوەی هەبــوو ڕیفرانــدۆم هانــی کوردانــی ڕۆژئــاوا بــدات بــە هەڵکشــانی داواکارییەکانیــان هاوشــێوەی هەرێمــی کوردســتان.

ریــاز ســەیف ســەرۆکی هاوپەیمانــی نیشــتمانی هێــزە شۆڕشــگێڕ و ئۆپۆزســیۆنەکانی ســوریا لــە (٢٠١٧/٩/٢٠) ڕایگەیانــد: (هاوپەیمانیەکەیــان هیــچ ئاراســتەیەکی لــەم بــوارەدا نەگرتوەتەبــەر و بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەوەی ئــەم پرســە پەیوەندی بــە عێراقیەکانــەوە هەیە، هەڵویســتی ئێمــە ڕێزگرتنــە لــە ئیرادەیــان).[٤] دەکــرێ بڵێیــن هاوپەیمانــی ئۆپۆزســیۆنی ســوریا پەیوەندییــان لەگــەڵ هەرێمــی کوردســتان هەیــە و بوونــی ئەنجومەنــی نیشــتمانی

---

(١) دلبریـن فـارس، حسـو : عـلى القيـادات في باشـور ان تعـي تمامـا للتهديـدات الراهنـة، حـزب الاتحـاد الديمقراطـي، ٢٠١٧/١٠/٨ .

https://pydrojava.org/

(٢) کاروان باعــەدری، دەســتەی ســەرۆکایەتی هاوبەنــدی ڕۆژئــاوا پشــتگیری خۆیــان بــۆ ڕیفرانــدۆم دەربــڕی، ڕۆژنامــەی هەولێــر، ژمــارە (٢٦٣٦)، ٢٠١٧/٧/٣،ل٣.

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

(٣) الن فرانسيس، زعماء : استفتاء اكراد العراق قد يعزز موقف اكراد سوريا، رويترز، ٢٠١٧/٩/٢٧ .

https://www.reuters.com/article/kurds-syria-mn5-idARAKCN1C22XD

(٤) شـبكة شـام، رئيـس الائتـلاف : لا نتدخـل في شـؤونالاخرين و لسـنا طرفـا في الخلافـات الداخليـة، ٢٠١٧/٩/٢٠ .

http://www.shaam.org/news/syria

کـوردی لـە نێـۆ هاوپەیمانیەتەکـە دا زیاتـر یارمەتیـدەر بـووە بـۆ بەرەوپێشـبردنی ئـەو پەیوەندییانـە، هـەر بۆیـە هەڵویسـتێکی بێلایەنانەیـان هەبـوو.

لـە سـەر ئاسـتی حکومەتـی سـوریا محمـد خیـر عـکام ئەندامـی لیژنـەی یاسـای دەسـتوریی لـە ئەنجومەنـی گەلـی سـوریا، ڕیفراندۆمـی هەرێمـی بـە پلانـی ئەمریـکا و ئیسرائیـل دانـا لـە دژی عێـراق و سـوریا و جیابوونـەوەی هەرێمیشـی بـە هانـدەر دانـا بـۆ کـورد لـە دەوڵەتانـی دیکـە.[1]

وەلیـد موعەلیـم وەزیـری دەرەوەی سـوریا لـە (٢٠١٧/٩/٢٥) ڕایگەیانـد: (حکومەتـی سـوریا ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان بـە مەبەسـتی جیابوونـەوە لـە عێـراق ڕەت دەکاتـەوە و جەختیشـی کـردەوە، سـوریا پشـتگیری لـە یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق دەکات).[2] لێـرەدا دەکـرێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن سـوریا وڵاتێکـی عەرەبیـە و لـە پرەنسـیپ دا هاوڕایـە لەگـەڵ هەریـەک لـە عێـراق و تورکیـا و ئێـران لـە دژایەتیکردنـی هـەر هەوڵێـک بـە ئاراسـتەی سـەربەخۆبوونی کـورد، لـە کاتێکـدا سـوریا بەرپرسـیارەتییەکی زۆر گـەورەی لـە سـەرە تایبـەت بـە بڵاوکردنـەوەی نـا ئارامـی لـە ناوچەکـە، ئەگینـا هەڵوێسـتی سـوریا هیچـی کەمـتر نەدەبـوو لـە هەڵوێسـتی تورکیـا و ئێـران.

دەکـرێ بڵێیـن دەوڵەتانـی عێـراق و تورکیـا و ئێراندەیانزانـی بارودۆخـی نێودەوڵەتـی بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەنوکـە لەبـار نیـە، بۆیـە هەڵویسـتی ئـەم دەوڵەتانــە لــە ســەرەتاکانی بڕیاردانــی ڕیفرانــدۆم لــە لایــەن هەرێمــەوە نــەرم بــوو، ئەمـەش ڕەنگـە پەیوەنـدی بـەوەوە بێـت ئـەم دەوڵەتانـە ویسـتیان هەرێـم بخەنـە نێـو داوەوە، ئەویـش بـە هـۆی:

١. کـورد بەشـدارییەکی کاریگـەری لـە ڕوخانـی حکومەتـی بەعـس لـە سـاڵی (٢٠٠٣) دا هەبـوو و دوای دامەزراندنـی عێراقـی نوێـش ڕۆڵێکـی بەهێـزی لـە نێـو حکومەتـی عێـراق دا هەبـوو و چەسـپاندنی فیدڕاڵیەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش بـە هـۆی

(١) الزمان، سوريا تعد الخطوة موجهة ضد وحدة العراق، العدد (٥٨٢٩)، ٢٠١٧/٩/١١،ص٤.
https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/11-09/p4.pdf

(٢) CNN بالعربي ، وليد المعلم : ادارة ذاتية للأكراد ضمن سوريا أمر قابل للتفاوض، ٢٠١٧/٩/٢٦
https://arabic.cnn.com/middle-east/2017/09/26/syria-waleed-moualem-kurds

پێگەکـەی و ئـەو پەیوەندییـە بەهێزانـەوە بـوو کـە لەگـەڵ لایەنـە ناوخۆییەکانـی عێـراق و دەوڵەتانـی جیهـان بـە تایبەتـی لەگـەڵ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا دروسـتی کردبـوو.

٢. هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی (٢٠١٤)ەوە ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە شـەڕی دژی تیـرۆر دا هەبـوو، بـوو بـە بەشـێک لـە هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دژی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام و هـاوکاری سـەربازیی و دارایـش دەکرا و بەم هۆیەشـەوە سـەرکەوتنێکی گـەورەی لـە شـەڕی دژی تیـرۆر بەدەسـت هێنـا.

٣. هەرێـم پێگەیەکـی نێودەوڵەتـی پەیـدا کـردوو، دەوڵەتێـک بـوو بـە حوکمـی دیفاکتـۆ، ئەویـش بـە هـۆی بوونـی قونسـوڵگەری وڵاتـان و هەروەهـا ئـەو نوێنەرایەتیانـەی لـە دەوڵەتانـی جیهـان دا هەیبـوو.

٤. ناوچەیەکـی فراوانـی بـە تایبەتـی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کەوتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی، بەمـەش چ لـە ڕووی ڕووبـەر و دانیشـتوان و چ لـە ڕووی سـەرچاوەی سروشـتییەوە، پێگـەی جیۆپۆلیتیکـی هەرێمـی بەهێزتـر کـرد.

٥. کـورد ئەزموونێکـی چەنـد سـاڵەی خۆبەڕێوەبـەری هەیـە. تاکـو ئێسـتا پێنـج خولـی پەرلەمانـی و نـۆ کابینـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پێکهێـنراوە و هەروەهـا پێکهاتەکانـی وەکـو کریسـتیان و تورکمانـەکان لـە هـەردوو دامەزراوەکـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نوێنەریـان هەیـە.

بۆیـە لـە خوێندنەوەمـان بـۆ هەڵویسـتی هەرێمـی، دەکـرێ بڵێیـن ئـەم دەوڵەتانـە واقیعـی تـر لێکۆڵینەوەیـان لـە سـەر ڕیفرانـدۆم کـرد بـە بـەراورد بـە بزووتنـەوەی سیاسـی کـورد لـە هەرێمـی کوردسـتان.

# باسی سێیەم

# هەڵویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

هەڵویسـتی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی، لەبەرئـەوەی لـە سـەر بنەمـای بەرژەوەندییەکانیـان و هاوسـەنگی هێـزە، بۆیـە دەوڵەتانـی جیهـان بـە گشـتی جگـە لـە دەوڵەتـی ئیسرائیـل و تەنانـەت ڕێکخـراوە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانیـش لەمـەڕ ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان نەرێنـی بـووە و بـە بەردەوامـی جەختکردنـەوە بـووە لـە سـەر پارێزگاریکـردن لـە سـەر یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و مانـەوەی هەرێـم لـە چوارچێـوەی عێـراق و هانـی حکومەتـی فیـدراڵ و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیان داوە دیالـۆگ ئەنجـام بـدەن، بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـە هەڵپەسـپێراوەکانی نێوانیـان، ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیشـیان لـە لایـەن هەرێمـەوە بـە هەوڵێکـی تاکلایەنـە دانـاوە. ئـەم ئەجندایـەش بـە بەردەوامـی لـە لایـەن ئەوانـەوە دووپـات کراوەتـەوە و دواتـر ئەمانـە هەمـووی بوونەتـە بەربەسـت لـە بـەردەم سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان.

## یەکەم: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و ڕادەی بەشـداریکردنی لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتـی دا، تـا ڕادەیەکـی زۆر بـە فاکتـەرە جیۆسـتراتیجیی و جیۆپۆلیتیکییەکانـەوە وابەسـتەیە.[١]

(١) حسـن کامـران و یـار محمـد بـای، بنیـان هـای ژئوپلیتیـک ایـالات متحـده در نظـام متحـول شـونده پسـا جەنـگ سرد، فصلنامـە تحقیقـات جغرافیایـی، شـمارە ٢، تابسـتان ١٣٨٦،ص٦٨.

جەنەڕاڵ (Jay Montgomery Garner) لە بارەی پێگەی کوردی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆچوونی وایە: (گەر هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا ڕووبەڕووی شکست بوویەوە، ئەوا دەبێت پشتگیری لە سەربەخۆیی کورد بکرێت. هەروەکو چۆن فلیپین وەکو سەکۆی ئەمریکا لە زەریای ئارام بوو، کوردستان لەم سەدەیەدا وەکو سەکۆی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی دەبێت).[١] ویلایەتە یەکگرتووەکان پێیوایە، هەرێم هێشتا پێویستی بە پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەیە، لەبەرئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە دان بەوە دا بنێت سەربەخۆیی لە بارودۆخی جیۆسیاسی ئێستا دا ناکرێ جێبەجێ بکرێت، بۆیە پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی هەرێم لە چوارچێوەی عێراقدا لە ڕووی لۆژیکەوە دروستترە.[٢] ویلایەتە یەکگرتووەکانیش پابەندە بە مانەوەی عێراق لە باری ئێستای و مانەوەی عێراق وەکو دەوڵەتێکی فرە ئتنیک. [٣] سکرتێری ڕۆژنامەوانی کۆشکی سپی (Heather Ann Nauert) لە (٢٠١٧/٦/٢٩) دا ڕایگەیاند (بابەتی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بابەتێکی ناوخۆیی عێراقە)،[٤] واتە لە مانگی (٢٠١٧/٦)دا و لە سەرەتاکانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەڵویستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێ باکانە بوو، بەڵام لە پەیوەندیەکی تەلەفونی لە (٢٠١٧/٨/١٠) دا (Rex Wayne Tillerson) وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی

http://ensani.ir/file/download/article/20120426162425-5113-10.pdf

(١) سید جلال دهقانی فیروز آبادی و خضر خدیری وریک، تاثیر ژئوپلیتیک کردستان عراق بر سیاست خارجی آمریکا در عراق (٢٠٠٣-٢٠١٢)، فصلنامە تحقیقات سیاسی بین المللی، شمارە ١٦، پاییز ١٣٩٢،ص٦،٧.

http://ensani.ir/file/download/article/1642841445-10510-1400-102.pdf

(2) Robert P. Lewis , Prospects for an Independent Kurdistan? The Degree of Master ofArts in National Security Affairs, Naval Postgraduate School , Monterey, California , 2008,p.57. https://calhoun.nps.edu/bitstream/handle/10945/4208/08Mar_Lewis.pdf?sequence=1&isAllowed=y

(3) Azad Berwari & Thomas Ambrosio , The Kurdistan Referendum Movement: Political Opportunity Structures and National Identity , Democratization , 2008 ,p.901. (Online) Journal homepage: https://www.tandfonline.com/loi/fdem20.

(4) Spokesperson Heather Nauert leads the Department Press Briefing at the Department of State on June 29, 2017. A full transcript is available at https://www.state.gov/r/pa/prs/dpb/20...

کوردستانی ڕاگەیاند (پێی باشە ڕیفراندۆم دوابخرێ و پشتگیری خۆشی بۆ دیالۆگ و دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدا دووپاتکردەوە)، بەڵام لە بەرانبەر دا سەرۆکی هەرێم داوای گەرەنتی و بەدیلی کرد بۆ ئایندە و دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان.[1] وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە (٢٠١٧/٨/١٥) ڕایگەیاند نیگەرانی زۆرمان سەبارەت بە ڕیفراندۆم دەربڕیوە، هەرچەندە مەرج نیە ئەنجامەکەی جیبەجێ بکرێت، جەختیشی لەوە کردەوە، ئەمریکا دەیەوێت عێراقێکی سەقامگیر و ئارام و یەکگرتوو ببینێت و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش ڕەنگە ببێتە مایەی ناسەقامگیری زیاتر و پێویستە سەنگی زیاتر بخرێتە سەر شەڕی دژی تیرۆر.[2]

(James Norman Mattis) وەزیری بەرگری لە (٢٠١٧/٨/٢٢) دا سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کرد و ڕایگەیاند ڕیفراندۆم دوور بوو لە پێشبینیەکانی وڵاتەکەی و پێیان وایە کە ڕەنگە ئەو پرۆسەیە کۆسپ لە بەردەم شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و کێشەش بۆ کاری هاوبەشی هەردوو لا لە شەڕی تیرۆر دروست بکات. هەروەها پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ دانوستاندن و گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا دەربڕی.[3] (John Bolton) پێیوایە (دەوڵەتی کوردی پێویستی بە ڕێککەوتنێکی سنووریی هەیە، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە و بوونەتە دراوسێی و ئەمەیان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە). هەروەها دەڵێ (بابەتە بازرگانیەکان ببوونە باسی کۆبوونەوە هەفتانەکانی سەرۆکی ئەمریکا (DONALD TRUMP)و ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بە ڕوانینی سەرۆکی ئەمریکا بۆ بازرگانی فراوانتریان لەگەڵ تورکیا

(١) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ((KRP، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پەیوەندەکانی نێوان هەولیر و بەغدا و پرسی ڕیفراندۆم تاوتوێ کرا .٢٠١٧/٨/١١ .

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=MU1QnjEve6I

(٢) VOA NEWS ، ئەمریکا جارێکی دیکە نیگەرانی خۆی لە بەرانبەر پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت، ٢٠١٧/٨/١٦

https://www.dengiamerika.com/a/us-kurdistan/3987759.html

(٣) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ((KRP، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگری ئەمریکا دەکات، ٢٠١٧/٨/٢٢

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=2PzOSZX2t1M

دەکات.[1] دەکرێ ئەم هەڵوێستانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو جۆرە شیبکەینەوە:

١. سەربەخۆبوونی هەرێم لە کاتێکدا دژایەتییەکی توند دەکرێ لە لایەن دراوسێکانی ئەستەم دەبێت.

٢. بە بەردەوام پێداگیری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و لایەنی بازرگانی، مانای ئەوە بوو بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەوانەیە زۆرترین سودیان لە ڕووی ئابوورییەوە لێ وەردەگرن، واتە سیاسەتی (TRUMP) لەگەڵ هێشتنەوەی سیادەی دەوڵەتەکان بوو، چونکە پێیان وابوو ئابوورییەکی بەهێز وابەستەیە بەوەی دەوڵەتان بەهێز بن.

٣. نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و هەوڵەکانی لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە لە عێراق، لەگەڵ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان نەدەگونجا، چونکە بە پشتگیریکردنی ڕیفراندۆم دەروازەی سەرهەڵدانی کێشمەکێشێکی تری ناوخۆیی و هەرێمی لە عێراق و ناوچەکە دەکردەوە.

٤. هەڵوێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕابردوو و ئێستاش دا بە بەردەوامی جەخت کردنەوە بووە لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، بۆیە دەکرێ بڵێین لە ئەجینددایان نەبوو، پشتگیری ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بکەن.

(Douglas A. Silliman) باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق لە (١١-٢٠١٧/٩/١٢) لەگەڵ سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کۆبوویەوە و سێ بژاردەی خستە بەردەمیان، دەقی بژاردەکان بریتی بوون لە: (دواخستنی ڕیفراندۆم بە بێ دانانی کات، یان هیچ نەبێ تاکو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا و ئەو کاتیش کاتەکە دیار نەکرێت باشە، بەڵکو دەرەفەت هەبێ بۆ دانوستانی جدی و ورد و درشت و متمانەپێکراو

(1) John Bolton ,The Room Where It Happened a White House Memoir , Simon and Schuster , 2020,pp.64,182.

لە نێوان هەولێر و بەغدا بە پشتیوانی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، حکومەتی ئەمریکا بە تەواوی پشتیوانی لەم بژاردەیە دەکات لە بەرانبەریشدا ئامادەیە پشتیوانی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە هەرێم بکات، یان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو ناوچانەی دانی پێدا نراوە جگە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم. ئەمریکا بێ دەنگ دەبێ لە ئەنجامدانی ئەم ڕیفراندۆمە، بەڵام دان بە ئەنجامەکەی دا نانێت. یان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم، بەڵام ئەم ڕیفراندۆمە لای ئەمریکا هیچ شەرعیەتێکی نیە، سوپای عێراق پەلاماری کەرکووک و کێڵگە نەوتییەکان نادات، بەڵام گروپی چەکداری دیکە ڕەنگە ئەو کارە بکەنو دۆخەکە سەردەکێشێ بۆ شەڕێکی گەورە و دراوسێکەتان لە ڕۆژهەڵاتەوە بە توندی دژی ڕیفراندۆمە، وەکو خۆتان دەزانن هەر کارێک دەکەن بۆ ڕاگرتنی.[1]

ئەوەی تێبینی دەکەین ئەوەیە لە بژاردەی یەکەم دا باس لە دواخستنی ڕیفراندۆم کراوە بە بێ دانانی کات، یان هەر نەبێ تا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە (٢٠١٨/٥/١٢) و پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا و ئەمریکاش پشتیوانی لە دانوستان و دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا کردووە وبە تەنیا پاڵپشتی لەم بژاردەیە کردووە، بەڵام سەبارەت بە بژاردەی دووەم کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە لە هەرێمی کوردستان بە بێ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووریی ئیدارەی هەرێم، ئەمە مانای ئەوەیە ڕیفراندۆمێکی لاواز دەکرێ و شەرعیەتدانیشە بەو دۆخەی ئەو ناوچانەی تێدایە. هەرچی سەبارەت بە بژاردەی سێیەمە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان جگە لەوەی پاڵپشتی لێ ناکات، بە ناشەرعی داناوە و پێشبینی پەلامار و دەستوەردانی ناوخۆیی و هەرێمیش لە ئەنجامی گرتنەبەری ئەم ڕێگایە لە لایەن هەرێمەوە خراوەتە ڕوو. هەروەها ڕیفراندۆمی بە بەربەست لە بەردەم شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و ئەو پێشکەوتنانەی بە دەست هاتبوون داناوە.

---

(١) گەیلان عەباس ئەوانی تر، لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، ٢٠١٧،ل٢٨.

لە بەیاننامەی کۆشکی سپی لە (٢٠١٧/٩/١٥) دا هاتبوو (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە نیازی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کۆتاییەکانی ئەم مانگە و چەند جارێک بۆ سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دووپاتکردوەتەوە کە ڕیفراندۆم هەوڵەکانی تێکشکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بەلاڕێدا دەبات، بە تایبەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کێشە لە سەرەکان کارێکی ئیستفزازییە و ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە. لە بەر ئەوە ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ڕیفراندۆم هەڵوەشێنێتەوە و دیالۆگی جدی و بەردەوام لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەست پی بکات و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئامادەیی خۆی بۆ ئاسانکاری لەمبارەیەوە دووپات دەکاتەوە).[١] دەکرێ بەیاننامەکەی کۆشکی سپییەم شێوەیە شرۆڤە بکەین:

١. بەیاننامەی کۆشکی سپی جەختی لە سەر ئەوە کردووە ڕیفراندۆمی هەرێم لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پشتگیری ناکرێت، واتە ئەوان لەگەڵ ئەنجامدانی دا نین.

٢. پێداگیری لە سەر شەڕی تیرۆر و سەقامگیری ناوچە ئازادکراوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات ڕیفراندۆم پێچەوانەی ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە.

٣. ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشبینی ئەوەیان بە سەرکردایەتی کورد دابوو کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، چونکە لە سەر ئاستی پێکهاتەکانی ناوچەکە بە تایبەتی عەرەب و تورکمانەکان و لایەنە سیاسی و دەسەڵاتەکانی عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی تورکیا و ئێران لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە تایبەتی لەو ناوچانە نەبوون.

٤. لە دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) تاکو ئێستاش ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوام جەختیان لە سەر بەردەوامی دیالۆگ کردووەتەوە لە نێوان

(١) هۆشمەن عەتا مەحمود، ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی، ئاستەنگ و لێکەوتەکانی، گۆڤاری زانستی ئەکادیمی زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی ٥، ژمارە١، ٢٠٢٠،ل٥٩٢،٥٩١.

هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، بۆیە ئەم هەنگاوەی هەرێم لەگەڵ ئەو ئەجێندایەی ئەوان یەکی نەدەگرتەوە.

(Heather Ann Nauert) وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە (٢٠١٧/٩/٢٠) ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کەئەمە دەقەکەیەتی: ( ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتوندی دژایەتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات کە بڕیارە(٢٥)ی ئەیلول بەڕێوەبچێت، هەموو دراوسێکانی عێراق و نزیکەی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژایەتی ئەم ڕیفراندۆمە دەکەن، ئەمریکا داوا لەسەرکردە کوردەکانی عێراق دەکات ئەو ئەلتەرناتیڤە قبوڵ بکەن کە دیالۆگێکی جددی و بەردەوامە لەگەڵ حکومەتی ناوەند کە لە لایەن ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی ترەوە ئاسانکاریی بۆ کراوە لەسەر هەموو مەسەلە گرنگەکان، لەوانە پەیوەندی داهاتووی نێوان بەغدا و هەولێر. ئەگەر ئەم ڕیفراندۆمە بکرێت، ئەوا دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا پێناچێت ئەنجام بدرێت و ئەو دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتییەش بۆ پشتیوانیکردن لە دانوستانەکان کۆتایی پێدێت. نرخی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش بۆ هەموو عێراقییەکان و کورد بەرزە، ڕیفراندۆم کاریگەری خراپی هەبووە لە سەر هاوئاهەنگیکردنی هەوڵەکان بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و دەرکردنی لەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵیدایە لە عێراق. بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش بە تایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکان ناسەقامگیری لێدەکەویتەوە و ئەو تەنگژەیە زیاد دەکات کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و گروپە توندڕەوەکانی تر بە دوای دەگەڕێن. پێویستە بارودۆخ و سنوورەکانی ناوچە جێناکۆکەکانیش لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن و بە پێی دەستووری عێراق نەک بە کرداری تاکلایەنە یان بە هێز. لەکۆتایدا ڕیفراندۆم پەیوەندییە بازرگانیە هەرێمیەکانی کوردستانی عێراق و هەموو جۆرە هاوکارییەکی نێودەوڵەتی دەخاتە بەر مەترسی کە هیچ کام لە هاوبەشەکانی عێراق حەزیان لێ نیە. کورد هەر ئێستا دەتوانێت شانازی بەوەوە بکات کە پرۆسەی ڕیفراندۆم بەرهەمی هێناوە، ئەویش یەکێتی زیاتری کورد و بووژانەوەی پەرلەمانی کوردستانە بۆ یەکەمجار لە ماوەی دوو ساڵدا،بۆ خستنەڕووی پرسە گرنگەکانی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیداو

هاوبەش و دۆستەکانیش ئامادەن لە بونیادنانی ڕۆحی هاوکاریی لە نێوان هێزە ئەمنیەکانی عێراق و پێشمەرگەی کورد لە هێرش و ڕووبەڕووبوونەوەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و یارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوانیان. بەداخەوە ، ڕیفراندۆمەکەی هەفتەی داهاتوو هەموو ئەم تەوژمە دەخاتە مەترسییەوە و زیاتریش لەوە خودی ڕیفراندۆمیش لە ئێستا دا ناپێویستە بە پێی ئەو ئەلتەرناتیڤەی کەوا ئامادەکراوە و دانی پێدانراوە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی).[1] لە خوێندنەوەمان بۆ دەقی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

١. ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم بوو.

٢. خستنەڕووی ئەو دەستپێشخەرییەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەکو ئەلتەرناتیڤی ڕیفراندۆم خستبوویەڕوو.

٣. جەختکردنەوە لە سەر دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا، بەڵام لە کاتێکداڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئەوا ئەوان پشتگیری لە دانوستانەکان ناکەن.

٤. ئەنجامدانی ڕیفراندۆم مەترسی دەبێت بۆ سەر هەرێم و باجەکەشی دەدات.

٥. پشتگیری نەکردن لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم و هەروەها هەر هەوڵێکی تاکلایەنانە جا لە ڕێگای ڕیفراندۆم یان بە هێز و دیفاکتۆ بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە.

(Rex Wayne Tillerson) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژی(٢٠١٧/٩/٢٣) نامەیەکی ئاراستەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، ئەو دەقانەی کە گرنگن لەم نامەیەدا دەخەینە ڕوو:

(١) السفارة الامريكية و القنصليات في العراق، استفتاء حكومة اقليم كردستان العراق المزمع عقده، ٢٠١٧/٩/٢١ .

https://iq.usembassy.gov/ar/iraqi-kurdistan-regional-governments-planned-referendum-ar/?_ga=2.98059743.1323257779.16425266202085090688.1642526620

١. (دانوستان لەگەڵ بەغدا وەك بنەمای گەیشتن بە لێکتێگەیشتن و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەبارەی داهاتووی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەمێنێتەوە. جا ئەمە مانای فیدرالیزمێکی راستەقینەی کارپێکراو بێت، یان هەر هاوکێشەیەکی دیکەی کۆنفیدراڵی، یان سەربەخۆیی، هەر دەبێت لەڕێی دانوستانی ئاشتیانەوە بێت).

ئەوەی تێبینی دەکەین لەم دەقە دا ئەمریکا وەکو پرەنسیپ پشتیوانی لە ڕیفراندۆمێک نەکردووە تا لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ نەکرێ و جگە لە فیدڕالیزم باس لە چارەسەریی کۆنفیدراڵی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دا کراوە، هەروەها ئاماژە بە سەربەخۆیش کراوە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدڕاڵ و دانوستان و ڕێککەوتن لە گەڵیان کە ئەمەش ئەستەمە حکومەتی عێراق بهێنرێتە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ دانوستان لە سەر سەربەخۆبوونی هەرێم .

٢. (سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە دانوستان لەگەڵ بەغدا دەستنیشان دەکرێن، هاوتەریب بەو پرۆسەیەی لە ماددەی (١٤٠) دا جێکراوەتەوە. ئەمریکا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بە هاریکاریی لەگەڵ حکومەتی عێراق پشتگیریی پرۆسەیەکی خێرای چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەکات)، هاوتەریب بە چوارچێوەی دانوستانەکە، پشتگیریی و ئاسانکاریی چارەسەری ئەم کێشانەی خوارەوە دەدەین لەماوەی ساڵێکدا:

١. ڕێککەوتنی مانادار لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهات.

٢. جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق.

٣. چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی وەك پێشمەرگە، فڕۆکەوانی مەدەنی، نوێنەرایەتی دبلۆماسی... هتد.[1]

لەم دەقە دا ئاماژە بە دیاریکردنی سنوورەکانی هەرێم کراوە بە پشت بەستن بە دەستوری عێراق وجێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) کە نەخشە ڕێگای چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم و سنووری هەرێمی کوردستانە

(١) بۆ زیاتر : پاشکۆی ( ٣ )

لەگەڵ عێراق، هەروەها ئاماژە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی تری نێوان هەرێم وحکومەتی فیدراڵ کراوە لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراو دا کە ساڵێکە، بەڵام هیچ گەرەنتیەکی تێدا نییە، گەر حکومەتی عێراق نەهاتە ژێر باری چارەسەری ئەم کێشانە لەو ماوەیەدا، بەدیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هەرێمی کوردستان چی دەبێت.

٤. لە دەقێکی تری نامەکە دا هاتووە (ئەوە سیاسەتی ئەمریکایە لەژێر ئیدارەی سەرۆك ترەمپدا کە هەر شتێك لە دەسەڵاتماندا هەبێت بیکەین، تا یارمەتی ئێوە و حکومەتی ناوەندی بدەین کێشە هەنووکەییەکانتان چارەسەر بکەن و تا دڵنیایی بدەین لەوەی هەموو قورسایی و دەسەڵاتێکمان پابەندە بەم چوارچێوە نوێیەی دانوستانەوە)،[١] واتە بە ئاشکرا سیاسەتی ئەمریکای خستوەتەڕوو کە پشتگیری دانوستان لە نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دەکات لە ڕێگەی دیالۆگەوە. لەگەڵ ئەو پارە و داهاتانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجی کردووە بۆ لۆبی کردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام نەیتوانی سیاسەتی ئەو وڵاتە بگۆڕێ بە قازانجی خۆی، چونکە لۆبی کردن لە سەرچەند بنەمایەک بەندە کە ئەوانیش بریتین لە، توانای ئەو لایەنانەی ئەنجامی دەدەن و شێوازی بەڕێوەبردن و بەردەستی سەرچاوە داراییەکان و ڕوونی و دەنگدانەوەی لۆبی کردنەکە و گونجانی لەگەڵ ئەو سیاسەتانەی کە حکومەتان لایان پەسەندە و دروستکردنی هاوپەیمانیی بەهێز.[٢]

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی لەبەرئەوەی سیاسەتی هەرێمی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر بنەمای هاوسەنگی هێز و هاوسەنگی هەڕەشەکانە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام عێراق و تورکیا گرنگتر بووە بۆیان، هەر بۆیە لە قۆناغەکانی

(١) لە ڕاستیدا نامەکە نامەی ڕەسمی نەبوو بەڵکو ڕەشنووسی نامەیەک بوو کە برێت مەکگورگ، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی داعش و دۆگلاس سلێمان باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق و چەند کەسی تر ئامادەیان کردبوو . دیاریش نەبوو کە ئایا نامەکە هەر لە لایەن وەزیرەوە پەسەند و ئیمزا دەکرێ یان نا . بۆ زیاتر :مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

(2)1-Vera Eccarius-Kelly , The Kurdistan Referendum: An Evaluation of the Kurdistan Lobby , Journal of South Asian and Middle Eastern Studies , Vol. 41, No. 2 ,Winter2018,p.33. https://www.jstor.org/action/doBasicSearch?Query=The+Kurdistan+Referendum%3A+An+Evaluation+of+the+Kurdistan+Lobby&so=rel

کۆتایی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام نەیدەویست بە پشتگیریکردنی ڕیفراندۆمی هەرێم عێراق لە دەست بدات، بەڵکو دەیویست لەو بەرە هەرێمییە بێت کە ئەمریکا دروستی بکات لە دژی ئێران و زیادبوونی کاریگەری ڕووسیا لە ناوچەکە،بۆیە بەردەوام جەختی لە سەر هەرێم دەکردەوە ڕیفراندۆم ئەنجام نەدات و گەر ئەوان کورد نەپارێزن، ئەوا خۆتان ناتوانن، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرووی هەموو لایەنێکی تر دەبینێت.

**دووەم: ڕووسیا**

لەگەڵ ئەوەی ڕووسیا هەوڵی پارێزگاریکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەماهەنگی لەگەڵ کورد دا هەیە، لەم بوارە دا وزە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.[1] لەم بارەیەوە ئەلیکساندەر نۆڤاک وەزیری وزەی ڕووسیا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە حکومەتی فیدراڵ هیچ لارییەکی نیە لە پرۆژەکانمان لە هەرێم،[2] چونکە کۆمپانیا ڕوسییەکانی وەکو گازپرۆم و ڕوسنەفت لە هەرێم دا وەبەرهێنانیان هەیە و ڕووسیا گرنگی بە هاوکاری هەرێم دەدا لە ڕووی ئابووریەوە.

لە مانگی (٢)ی (٢٠١٧) حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنی لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنەفت واژوو کرد، ئەمەش کاردانەوەی حکومەتی عێراقی لێکەوتەوە.[3]. سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمیر پوتین لە (٢٠١٧/٦/١٥) تایبەت بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بە کەناڵی کوردستان بیست و چواری ڕاگەیاند (ئێمە لە هەستیاری

(1) Ariz Kader and Eduard Soler i Lecha , Iraqi Kurdistan and Beyond: The Eu'S Stakes , Middle East and North Africa Regional Architecture: Mapping Geopolitical Shifts, regional Order and Domestic Transformations , FUTURE NOTES No. 9, February 2018,p.4.https://www.iai.it/sites/default/files/menara_fn_9.pdf

(2) Ferdinand Hennerbichler , Future Options of the Kurds.1 Part I: The Current Situation ,Scientific Research Publishing Inc ,Advances in Anthropology, 2018 ,pp 196,197. https://www.scirp.org/pdf/AA_2018082915025997.pdf

(3) Pishko Shami, The Future Of The Kurdistan Region After The Defeat Of ISIS And The Failure Of The 2017 Independence Referendum , Foreign Policy Research Institute, March 2020,p.9. https://www.fpri.org/wp-content/uploads/2020/04/iraq-vol-2.pdf **FutureRe**

دۆزی کورد تێدەگەین و هەڵوێستی ئێمە لە نێو یاسای نێودەوڵەتیدا دەبێت). [١] ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی ڕووسیا مانای ئەوە بوو دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نین. سیرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا لە (٢٠١٧/٧/٢٤) ڕایگەیاند: (هیوادارە هەولێر دەرئەنجامە پێشبینی کراوەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە پێش چاو گرتبێت. هەروەها وتی مۆسکۆ ڕیفراندۆمەکە بە دەربڕینی ئاواتەکانی گەلی کورد دەزانێ و هیوادار بوو لە گرتنەبەری ئەم هەنگاوە دەرئەنجامە سیاسی و جیۆسیاسی و جیۆپۆلیتیکی و دیمۆگرافی و ئابوورییەکان لە پێش چاو گیرا بێت، چونکە کێشەی کوردسنووری ئێستای عێراق تێدەپەڕێنێت و کاریگەری لەسەر بارودۆخی ژمارەیەک لە وڵاتانی دراوسێی هەیە. هەروەها ڕایگەیاند پێویستە ئاواتە ڕەواکانی گەلی کورد وەک گەلانی دیکە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ بکرێت و وتیشی ئەمە جێبەجێ دەبێت لەسەر بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کە ئێمە بە بڕیاری کۆتایی هەولێری تێدەگەین)،[٢] واتە ڕووسیا ڕیفراندۆمی هەرێمی بە مافێکی سروشتی گەلی کورد داناوە و بۆچوونیشیان وایە مافەکانی گەلی کورد بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان جێبەجێ بکرێت و هەروەها پێیانوایە بڕیاری ڕیفراندۆمی هەرێم لەگەڵ ئەو یاسایانەدا یەکدەگرێتەوە، بەڵام دەرئەنجامەکانی ڕیفراندۆمیشی بۆ هەرێم پێشبینی کردبوو، چونکە بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکان کاریگەریان لە سەر ئەنجامی ڕیفراندۆم هەبوو.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیاش لە (٢٠١٧/٩/٢٧) ڕایگەیاند (ڕووسیا ڕێز لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد دەگرێت و داوا لە حکومەتی فیدڕاڵ دەکەین بە گفتوگۆ کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم چارەسەر بکەن).[٣] دیارە پشتگیریکردنی ڕووسیا

(1) BAXTIYAR GORAN , Putin to Kurdistan24: We understand sensitivity of Kurdish cause , 15/6/2017. https://web.archive.org/web/20181022160955/http://www.kurdistan24.net/en/news/c1afb730-007b-464e-9e6e-99c56d903334

(٢) RT ONLINE، لافروف يوضح موقف موسكو من استفتاء كردستان العراق، ٢٠١٧/٧/٢٥.
https://arabic.rt.com/middle_east/890380

(3) Zhao Changfeng and Otenia Temitayo , 2017 Iraqi Kurdistan's Referendum for Independence: Causes and Impacts , Humanities and Social Sciences ,june2018,p.63. https://www.scien-

لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا یەکی نەدەگرتەوە، چونکە بوونی بنکەی دەریایی ڕووسیا لە تەرتۆس و دەست گەیشتنی بە دەریای ناوەڕاست، گرنگییەکی ستراتیجی سەبارەت بە ڕووسیا هەیە، هەر بۆیە بە پشتگیری ڕیفراندۆم نەیدەویست بەرژەوەندییەکانی لە سوریا و ناوچەکە بخاتە بەردەم مەترسی. هەروەها بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕیفراندۆم کرد، دژی ڕیفراندۆم نەبوو، لە هەمانکاتیشدا دژی ئەنجامدانی نەبوو، ئەم هەڵوێستەی ڕووسیاش بە مانای پشتگیریکردنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نەبوو، چونکە بەرژەوەندی گەورەتری لەگەڵ تورکیا و ئێران لە ناوچەکەدا هەیە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین ڕووسیا یاریکەری گەمە سیاسی و ئابوورییەکانە لە زۆر ناوچەی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، بەڵام لەبەرئەوەی لە لایەک هەرێم بابەتی کێبڕکێ نەبوو لە نێوان ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەروەها لە لایەکی تر دەیویست هاوسەنگییەک ڕابگرێت لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێم، بۆیە ئەم هەڵوێستە بێلایەنانەشیان بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان زیاتر پەیوەندی بە بوونی سەرچاوەی نەوت و پەرچەکرداریان بووە بەرانبەر دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەمە جگە لە قۆستنەوەیپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کاتی ڕیفراندۆم لە هەرێم دا دروستیان کردبوو.

### سێیەم: بەریتانیا

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم عێراق کۆڵۆنیەکی بەریتانی بوو. حکومەتی بەریتانیاش بە بەردەوامی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە پابەندە بە عێراقێکی سەقامگیر و یەکگرتوو و دیموکراسی و پێشیان وایە کورد ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە بونیادنانی ئەو ئایندەیە و سوودەکانی مانەوەشی وەکو بەشێک لە عێراق زۆر زیاترە لە سەربەخۆبوونی، هەروەها پێداگیری لە سەر پابەندبوونی بە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووەتەوە و دانی

cepublishinggroup.com/journal/paperinfo?journalid=208&doi=10.11648/j.hss.20180602.13

بە گرنگی حکومەتی هەرێم دا ناوە بۆ بەریتانیا، بە تایبەتی لە قەڵاچۆکردنی تیرۆر و لە دوای ساڵی (٢٠١٤) ڕاهێنانیان بە هێزەکانی پێشمەرگەش کردووە.

هەروەها حکومەتی بەریتانی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە گەلی عێراق بڕیار لەبارەی دۆخی کۆتایی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم دەدەن و هۆشداری داوەتە حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، خۆیان بە دوور بگرن لە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی تاکلایەنانە و پێویستە هەر بڕیارێکیش دەدرێت بۆ ئەو ناوچانە لە سەر بنەمای ماددەکانی دەستوری عێراق بێت.[1]

ڕۆڵی بەریتانیاش لە کاتی ڕیفراندۆم دا زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوە بوو و پێنج ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمەوە، واتە لە (٢٠١٧/٦/١٢) دا (Boris Johnson) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند (تێبینی ئەو ڕاگەیاندنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەبارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کردووە، وتی ئێمە لە ئاواتەکانی گەلی کورد تێدەگەین و لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە لە ناو عێراقدا بەردەوام دەبین لە پشتگیریکردنیان، بەڵام ڕیفراندۆم لەم کاتەدا دەبێتە هۆی شکستهێنانی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و سەقامگیری ناوچە ئازادکراوەکان و چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە درێژخایەنەکان کە بووە هۆی سەرهەڵدانی، هەروەها جەختی لە سەر ئەوەش کردەوە هەر ڕیفراندۆمێک یان پرۆسەیەکی سیاسی بەرەو سەربەخۆیی بێت، دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراق لەبەغدا ڕێکبخرێت. جوڵەی تاکلایەنە بەرەو سەربەخۆیی لە بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق و سەقامگیریی ناوچەکە نابێت. بەریتانیاش پشتگیری عێراقێکی سەقامگیر و دیموکرات و یەکگرتوو دەکات، کە توانای دابینکردنی ئاسایش و کار و تەندروستی و پەروەردەی بۆ هەموو عێراقییەکان هەبێت

(1) Government Response to the House of Commons Foreign Affairs Committee Report: UK Government policy on the Kurdistan Region of Iraq , Presented to Parliament by the Secretary of State for Foreign and Commonwealth Affairs by Command of Her Majesty , March 2015. https://assets.publishing.service.gov.uk/government/uploads/system/uploads/attachment_data/file/415796/48533_Cm_9029_Accessible.pdf

و داواشـی لـە هەمـوو لایەنـەکان کـرد گفتوگـۆ بکـەن بـۆ بونیادنانـی ئایندەیەکـی باشـتر بـۆ گەلەکەیـان لەسـەر بنەمـای دەسـتووری عێـراق ).[1] کەواتـە، سیاسـەتی بەریتانیـا بریتیـە لـە پاڵپشـتیکردنی هەرێـم و مانـەوەی لـە چوارچێـوەی عێراقـدا و دژی هـەر هەنگاوێکـی تاکلایەنەیـە لـە لایـەن هەرێمـەوە بنرێـت بـە ئاراسـتەی سـەربەخۆیی و هەروەهـا بـە ڕوونـی پاڵپشـتی لـە پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق دەکات.

(Frank Baker)باڵوێـزی بەریتانیـا لـە عێـراق لـە (٢٠١٧/٧/١٢)دا ڕایگەیانـد:( ئـەوان زۆر بـە ڕوونـی هەڵوێسـتی خۆیـان دەربڕیـوە لـە بـارەی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم کـە بڕیارە (٢٥)ی ئەیلـول ئەنجـام بدرێـت)،جەختیشـی کـردەوە: (حکومەتـی شانشـینی یەکگرتـوو، بـاوەڕی وایـە ئێسـتا کاتەکـەی گونجـاو نیـە بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان). [2] لـەم بارەیـەوە سـەعدی ئەحمـەد پیـرە دەڵێ لە کاتـی سـەردانکردنی وەفدی ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـۆ بەغـدا لـە ناوەڕاسـتی مانگـی هەشـت و کۆبوونەوەیـان لـە گـەڵ(Frank Baker) پێـی ڕاگەیاندیـن:( گـەر ڕیفرانـدۆم بکـەن، ئـەوا هەڵەیەکـی گـەورە دەکـەن و ئێمـە پشـتگیریتان ناکەیـن و لـە کاتێکـدا گـەر لەگـەڵ حکومەتـی عێراقـدا کەوتنـە جەنگـەوە و هێـرش بکەنـە سـەرتان، ئـەوا ئێمـە پاڵپشـتی لـە حکومەتـی عێـراق دەکەیـن)[3]. وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیـاش لـە (٢٠١٧/٩/١٦) ڕاگەیەنراوێکـی لـە بـارەی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان بـڵاو کـردەوە، تێـدا ئامـاژە بـەوە دەکات: (دەبێـت هەرێمـی کوردسـتان و حکومەتـی ناوەنـدی بەغـدا دانوسـتانی جـدی دەسـتپێبکەن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێوانیـان، بـە بـێ مەرجـی پێشـوەختە و خشـتەیەکی کاتـی

(1) Gov .Uk , Foreign Secretary Statement on the Kurdistan Regional Government's Intention to Hold a Referendum on Independence From Iraq , 12/6/2017 . https://web.archive.org/web/20190402073204/https://www.gov.uk/government/news/foreign-secretary-statement-on-the-kurdistan-regional-governments-intention-to-hold-a-referendum-on-independence-from-iraq

(2) RUDAW , UK: Now is not right time for referendum, Baghdad first must authorize , 12/6/2017. https://web.archive.org/web/20190309231116/http://www.rudaw.net/english/kurdistan/120620173

(٣) چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ سـەعدی ئەحمـەد پیـرە، ئەندامـی مەکتـەب سیاسـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و ئەندامـی سـکرتاریەتی ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم، هەولێـر، ٢٠٢٢/٥/١٠ .

دیاریکراویــش لــە نێوانیانــدا ئیمــزا بکرێــت بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانی نێوانیــان و لەنــدەن بــە هیــچ شــێوەیەک پشــتگیری لــە ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان نــاکات).[١]

هەروەهــا (Michael Fallon) وەزیــری بەرگــری بەریتانیــا لــە (٢٠١٧/٩/١٨) لەگــەڵ مەسـعود بارزانــی ســەرۆکی هەرێــم کۆبوویــەوە و ئامــاژەی بــەوە کــرد: (ئــەوان داواکارن ڕیفرانــدۆم دوابخرێــت و لــە بەرانبــەر دا پرۆســەیەکی دیالــۆگ لەگــەڵ بەغــدا دەســت پــێ بکرێــت و پرۆســەکەش بــە ئەجینــدای کــراوە و لــە ژێــر سەرپەرشــتی کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی دەبێــت).[٢]

(Edwin Samuel) وتەبێــژی حکومەتــی بەریتانیــا لــە چاوپێکەوتنێکــی لەگــەڵ ڕۆژنامــەی (Asharq Al-Awsat) ڕایگەیاند:(بەریتانیـا پشـتیوانی لـە ئاواتەکانـی حکومەتـی هەرێمــی کوردســتان نــاکات بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم لــە (٢٥) ئەیلــول، لەبــەر ئــەوە ڕیفرانــدۆم هەڕەشــەیە بــۆ ناســەقامگیری زیاتــر لــە ناوچەکــە، لــە کاتێکــدا پێویســتە جەخــت لــە ســەر تێکشــکانی دەوڵەتــی ئیســلامی لــە عێــراق و شــام بکرێتــەوە، هەروەهــا پێشـنیازی دەسـتپێکردنەوەی خولێکـی نوێـی گفتوگۆکانـی نێـوان هەولێـر و بەغـدا کـرد بـۆ چارەســەرکردنی خاڵــە ناکۆکانــی نێــوان هــەردوو لا، وتیشــی ئــەم جــۆرە گفتوگۆیانــە دەبێــت بەبــێ مەرجــی پێشــوەختە و بــە پاڵپشــتی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی ئەنجــام بدرێــت).[٣]

لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

١. بەریتانیـا ئـەو دەوڵەتەیـە لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم عێراقـی داهێنـاوە و دواتـر هەرێمـی کوردستانیشـی پێـوە لکانـدووە.

---

(١) ئاوێنە، بەریتانیا بە هیچ شێوەیەک پشتگیری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ناکات، ٢٠١٧/٩/١٦

https://www.awene.com/detail_archive?article=59052

(٢) سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان (KRP)،سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان پێشـوازی لـە وەزیـری بەرگـری بەریتانیـا و شـاندێکی یـاوەری کـرد، ٢٠١٧/٩/١٨ .

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=CnkvqvD41HQ

(3) Asharq Al-Awsat , British Government Spokesman: Houthis are not Cooperating, We don’t Support Kurdistan’s Referendum, 22 September, 2017. https://english.aawsat.com/home/article/1030791/british-government-spokesman-houthis-are-not-cooperating-we-don%E2%80%99t-support

٢. تاکو ئێستاش بەریتانیا پێداگیری لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و پێیوایە پێویستە هەرێم لەو چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە و نایەوێت ئەو دەوڵەتەی کە خۆی دایمەزراندووە دابەش بێت.

٣. لە سەر ئاستی دامەزراوە باڵاکانی وڵاتەکەی ڕایگەیاندووە پشتگیری لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ناکات.

**چوارەم: ئەڵمانیا**

لە نێو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، ئەڵمانیا بوو کە لە دوای هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە ساڵی (٢٠١٤) بەشدار بوو لە ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە و پێدانی چەک و هاوکاری سەربازیی، بە تایبەتی چەکی میلانی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە شەڕی دژی تیرۆر،[١] بەڵام ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە (٢٠١٧/٦/٨) وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا سیگمار گابرێل وتی (تەنیا دەتوانین هۆشداری بدەین لەم هەنگاوە تاکلایەنەیە و یەکپارچەیی خاکی عێراق لە مەترسیدایە و هەروەها ئاماژەی بەوە دادووبارە کێشانەوەی سنوورەکانی دەوڵەت ڕێگایەکی ڕاست نیە و دەتوانێت دۆخێکی سەخت و ناجێگیرتر بخوڵقێنێت لە نێوان هەولێر و بەغدا)[٢]. پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئەڵمانیاش وەکو یەکێتی دیموکراتی کریستیان ( CDU ) کە پارتەکەی ئەنجیلا مێرکلە و یەکێتی سۆشیاڵ کریستیان ( CSU) لە (٢٠١٧/٩/٢٣) دا، بە ئاشکرا ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەربڕی و داوای وەستاندنی هاوکارییە سەربازییەکانیان کرد بۆ هەرێمی کوردستان. بە بیانووی ئەوەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێکدەچێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕێکی نوێ لە ناوچەکەدا،[٣] چونکە پێیانوایەئەو ڕێوشوێنانای ئەڵمانیا لە دەرەوە

(1) Matthias Von Hein , Deutschland und das Kurdenreferendum: “Nicht für die Iraker, nicht für die Kurden , DW , 26/9/2017 , https://www.dw.com/de/deutschland-und-das-kurdenreferendum-nicht-f%C3%BCr-die-iraker-nicht-f%C3%BCr-die-kurden/a-40696799

(2) Rudaw , Iraqi and foreign reactions to Kurdish referendum plan , 9/6/2017. https://www.rudaw.net/english/middleeast/turkey/09062017

(3) ANF NEWS , Germany warns: Referendum a danger to military collaboration , 23/9/2017

دەیگرێتەبـەر کاریگـەری هەیـە لـە سـەر کێشـە ناوخۆییەکانـی، بـە تایبەتـی لـە بـواری قەیرانــی کۆچبــەران و تیــرۆر.[1]

واتـە ئەڵمانیـا لەلایەک مەترسـیی ئـەوەی هەبوو ڕیفراندۆمـی هەرێمی کوردسـتان ببێتە هـۆکاری شـەڕ و نـا سـەقامگیری لـە عێـراق و ناوچەکـە و بـەم جـۆرە کاریگـەری دەبێـت لـە سـەر سسـتبوونی شـەڕی دژی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام و هەروەهـا هـۆکار دەبـێ بـۆ سـەرهەڵدانی قەیرانـی کۆچبـەران بـە ئاراسـتەی ئەوڕووپـا . لـە لایەکـی تریـش ئەڵمانیـا هاوبەشـی پلەیەکـی تورکیایـە لـە ڕووی بازرگانییـەوە، تورکیـاش بـە هـۆی شـوێنە سـتراتیجییەکەی ڕۆڵێکـی گەورەی لە ئاسایشـی وزەی یەکێتی ئەوڕووپاهەیـە و یارمەتیدەری ئەوڕووپابـووە لـە ڕووی ئابـووری و ئاسایشـییەوە، هەروەهـا لـە ڕووی کێشـەی کۆچبـەران، تورکیـاش دژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـوو، بۆیـە بەرژەوەندییـە ئابووری و سیاسـییەکانی ئەڵمانیـا وای دەخواسـت کـە دژی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێـم بـن.

## پێنجەم: فەڕەنسا

سـەبارەت بـە فەڕەنسـا، پەیوەنـدی سیاسـی و ئابـووری و کلتووری لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان دا هەیـە و دوای هاتنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێراق و شـام، هەرێـم پێگەیەکی گرنگـی لـە نێـو هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دژی تیـرۆر هەبـوو و لـەو ماوەیەشـدا فەڕانسـوا هۆلانـد سـەرۆک کۆمـاری پێشـووی فەڕەنسـا دوو جـار سـەردانی هەرێمـی کوردسـتانی کـرد [2]، بـەڵام لـە (٢٠١٧/٨/٢٦) جـۆن ئیـف لۆدریـان وەزیـری دەرەوە و فلورانـس پارلـی

.https://anfenglish.com/news/germany-warns-referendum-a-danger-to-military-collaboration-22297

(1) Inez Von Weitershausen , Foreign and Securiety Policy in Germanys Election : Why it mattersEU Foreign Affairs | EU Foreign Affairs (Including Defence, Development Aid and trade) and the European Neighbourhood | Featured | Germany2017 | Inez von Weitershausen | LSE Comment | Politics , 30/8/2017 . https://blogs.lse.ac.uk/europpblog/2017/08/30/foreign-and-security-policy-in-germanys -election-why-it-matters/

(2) Adel Bakawan , Kurdistan : l’indépendance en balance , Dans Politique étrangère 2017/4 (Hiver).https://www.cairn.info/revue-politique-etrangere-2017-4-page-41.htm

وەزیـری بەرگـری فەرەنسا سـەردانی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتانیان کـرد.[١] هەر دوو وەزیـر هەڵویسـتی حکومەتـی فەڕەنسـایان بـە سـەرۆکایەتی هەرێـم ڕاگەیاند کـە بریتیە لە پاڵپشـتیکردنی مانـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقـدا.[٢] ئیمانوێـل ماکرۆن سـەرۆکی فەڕەنسـاش لـە (٢٠١٧/٩/٢١) پەیوەندییەکـی تەلەفۆنـی لەگـەڵ مەسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامـدا و تێیدا سـەرۆکی فەڕەنسـا پشـتیوانی وڵاتەکەی بۆ یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و مافەکانـی گەلی کوردسـتان لـە چوارچێوەی دەسـتوری عێراقدا خسـتەڕوو و داواشـی کـرد ڕیفرانـدۆم دوابخرێـت.[٣] برۆبـۆ ئۆبێـرت باڵوێـزی فەڕەنسـاش لە عێـراق لـە (٢٠١٧/٩/٢٣) سـەردانی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتانی کـرد و بـە مەسـعود بارزانـی سـەرۆکایەتی هەرێمـی ڕاگەیانـد (فەڕەنسـا دژی خواسـتی گەلـی کوردسـتان نیـە و خوازیـارن پەیوەندیـی مێژوویـی نێـوان گەلی فەڕەنسـا و گەلی کوردسـتان پەرە پـێ بدرێت. ڕاشـیگەیاند فەڕەنسـا وەکـو بنەمـا دژی ڕیفرانـدۆم نیـە، بـەڵام پێیانوایەئێسـتا کاتەکـە بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە بـار نیـە و ڕەنگـە کاریگـەری لـە سـەر شـەڕی دژی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام هەبێـت ).[٤]

دەکـری بڵێیـن هەڵویسـتی فەڕەنسـا لـە کاتی بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفراندۆم، سـەرباری ئـەوەی تێبینـی خـۆی هەبـوو، بـەڵام بە شـێوەیەکی نـەرم مامەڵەی لەگـەڵ ئەم پرسـە کرد و بـەردەوام پشـتیوانی لـە هەرێمـی کوردسـتانی بەهێـز لـە چوارچێـوەی عێڕاقێکـی یەکگرتوو دەکاتـەوە، ئەمـەش لـە لایـەك پاڵپشـتییە لـە هەرێمی کوردسـتان وەکـو ئەکتەرێکـی گرنگی

(١) سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان (KRP)،سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان پێشـوازی لـە هـەر دوو وزیـری دەرەوە و بەرگـری فەڕەنسـا دەکات، ٢٠١٧/٨/٢٦ .

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=/XN5+qeYfw8

(٢) RT ONLINE، وزراء خارجيـة و دفـاع فرنسـا يحمـلان لأربيـل موقـف باريـس مـن اسـتفتاء كردسـتان، ٢٠١٧/٨/٢٦

https://arabic.rt.com/world/895848

(٣) سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان (KRP)،سـەرۆکی فەڕەنسـا لـە ڕێـی تەلەفۆنـەوە پەیوەنـدی بـە سـەرۆک بارزانـی کـرد، ٢٠١٧/٩/٢١ .

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=zwwb7OJ54a4

(٤) سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان (KRP)، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان پێشـوازیی لـە باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە عێـراق کـرد، ٢٠١٧/٩/٢٣ .

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=Y/bJEkTZB7A

دۆست و لایەنگری فەڕەنسا و لە لایەکی تریشەوە ڕێگەگرتنە لەوەی عێراق بەتەواوی بکەوێتە ژێر هەژموونی ئێران و تورکیا کە هیچ کامیان دۆستیکی ڕاستەقینەی فەڕەنسا نین و چەندین کێشە و گرفتی گەورەی لەگەڵیاندا هەیە، بە تایبەتی کە کێشەی جیۆپۆلیتیکی لە نێوان فەرەنسا و تورکیا هەیە. تورکیا لە ناوچەی ژێر هەژموونی فەرەنسا لە هەوڵی بە هێزکردنی پێگەی خۆی بوو، ئەمەش ناکۆک بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا بە تایبەتی لە لیبیا و سوریا و میسر و گرژییەکانی دەریای ناوەڕاست و ناگۆڕنۆقەرەباخ. ئێرانیش جگە لە عێراق دەستوەردانێکی زۆری لە سوریا و لوبنان دا کردووە.

**شەشەم: ئیسرائیل**

ئیسرائیل پشتگیری لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کرد. هەروەک لە ناو کنێستی ئیسرائیل دا پاڵپشتیی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم کرا. لەم ڕووەوە (Mk Svetlova) ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوە و بەرگری و سەرۆکی لیژنەی کنێست بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و گەلی کورد ڕایگەیاند (ڕیفراندۆم خاڵی وەرچەرخانە سەبارەت بە ملیۆنان کورد لە هەرێمی کوردستان و تەواوی جیهان و یەکەم هەلە لە مێژووی نوێ کە بۆ سەروەریی و ئازادی برەخسێت).[1] بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە کۆبوونەوەی لەگەڵ (٣٣) ئەندامی کۆماری لە کۆنگرێسی ئەمریکی ڕایگەیاند، پشتیوانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی دەکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.[2]

دەکرێ بڵێین لە ڕووی جیۆپۆلیتیکیەوە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی ئەرێنی دەبێت لە ڕووی پێشخستنی ئاسایشی ئیسرائیل و ئەو دەوڵەتە کوردییە لەگەڵ ئەوەی هەڕەشە نابێت بۆی، بەڵکو دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو نەخشەیەی ئێران بە مەبەستی دروستکردنی هیلالی شیعە لە ناوچەکە دا کێشاویەتی، چونکە بە بوونی

(1) SETH .J.FRANTZMAN , Kurdistan region sets independence referendum , 9/6/2017. https://www.jpost.com/Middle-East/Kurdistan-region-sets-independence-referendum-496343

(٢) اومید عبدالكريم ابراهيم، روداو، نتنياهو : نحن نؤيد استقلال كوردستان عن عراق، ٢٠١٧/٨/١٤
https://www.rudaw.net/arabic/kurdistan/140820174-amp

کوردستانێکی سەربەخۆ، سەرنجی دەوڵەتە عەرەبیە دژبەرەکانی لە سەر کەمتر دەبێتەوە و هاوپەیمانێکی بەهێز دەبێت بۆی. هەرئەمەش وایکرد هەڵویستی دەوڵەتانی هەرێمی لە دژی ڕیفراندۆم یەک بخات بە تایبەتی تورکیا و ئێران.

هەروەها ئیسرائیل بەرژەوەندیی ئابووریشی هەیە لە پشتگیریکردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی.[1] بە تایبەتی لە بواری وزە.

لە ڕاستییدا هەڵوێستی ئیسرائیل لە بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێم لە دوو گۆشە نیگاوە بخوێنرێتەوە، یەکەمیان مێژووییە، چونکە جووەکان بەو ئازار و ئەزموونانە دا تێپەڕیوون کورد لە مێژوودا دووچاری بووە، بۆیە هاوسۆزیی و تێگەیشتنی زیاتریان لە خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی هەیە و دووەمیشیان وەکو کارتێکی سیاسی - جیۆپۆلیتیکیە و لێدانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقە لە ڕێگەی گەیشتنی ئیسرائیل بە سنووری ئەم دەوڵەتانە، چونکە دەیەوێت هەلی کوردستانی سەربەخۆ بەکاربهێنێت، بۆ پاراستنی زیاتری ئاسایشی خۆی و لاوازکردنی هێزەکانی ناوچەکە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کەوا بڕوا وا بوو نزیکبوونەوەی کورد لە ئیسرائیل لە ماوەیەکی درێژ دا هۆکار دەبێت بۆ پشتگیری کردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵام وا دەرنەچوو، بگرە لە بەرانبەر دا کاریگەرییە نەرێنیەکانی لە کۆکردنەوەی نەیارانی کورد و یەکگرتنییان دژی خواستی سەربەخۆی کوردیی یەکخست، واتە هەڵویستی ئیسرائیل بە دژی کوردستان و ڕیفراندۆمەکەی کۆتایی هات و سوودی بۆ کوردستان نەبوو.

**حەوتەم: سعودیە**

سعودیە ئەگەرچی بە شێوەی فەرمی پشتگیری ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی نەکرد، بەڵام لە ئاستی میدیای کلاسیکی و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی پشتگیری ڕیفراندۆمی هەرێمیان دەکرد.[2] (ثامر السبهان) وەزیری دەوڵەتی

(1) Edy Cohen , Kurdistan:: From Referendum to the Road to Independence , Begin-Sadat Center for Strategic Studies , 2017 . https://besacenter.org/kurdistan-referendum/

(٢) حسين ابيش، دول الخليج العربية و الاستفتاء الكردي، معهد دول الخليج العربية في واشنطن، ٢٠١٧/٩/٢٩ .

سـعودیە بـۆ کاروبـاری کەنـداو لـە ( ٢٠١٧/٩/١٦ ) سـەردانی مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کـرد بـە مەبەسـتی نێوەندگیـری لـە نێـوان هەولێـر و بەغـدا و بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە هەڵپەسـپێردراوەکانی نێوانیـان و جەختـی لـە بەردەوامـی و پێشخسـتنی پەیوەندییەکانـی نێـوان سـعودیە و هەرێـم کـردەوە،[١] واتـە بـە پێـی ڕاگەیەندراوەکـەی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان بێـت، سـعودیە هیـچ جـۆرە نارەزایەتیەکـی بەرانبـەر ڕیفرانـدۆم دەرنەبڕیـوە، بـەڵام لـە (٢٠١٧/٩/١٩) لـە تویتێکـی دا السـبهان ڕایگەیانـد (بەپەرۆشـیەوە دەڕوانینـە دانایـی و شـارەزایی سـەرۆک بارزانـی بـۆ قبوڵکردنـی نێوەندگیرییـە نێودەوڵەتییـەکان، بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی قەیرانەکانـی نێـوان حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی فیـدڕاڵ)،[٢] واتـە تـا ئـەو کاتـەش لـە سـەر ئاسـتی فەرمـی، سـعودیە دژی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی هەرێـم نەبـوو، بـەڵام خواسـتی خـۆی بـۆ نێوەندگیـری دەردەبـڕی لـە نێـوان حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی فیـدڕاڵ، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە هەڵپەسـپێردراوەکانی نێوانیـان.

ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغان سـەرۆک کۆماری تورکیا لـە (٢٠١٧/٩/٢٠) لەمـەڕ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردسـتان پەیوەندی بە شـا سـەلمان بن عبدولعەزیز شـای سعودیە کرد و جەختیان لە سـەر ڕەتکردنـەوەی ڕیفراندۆم کردەوە.[٣] ڕۆژێک دوای پەیوەندییەکەی سـەرۆک کۆماری تورکیـا، سـعودیە لـە(٢٠١٧/٩/٢١) ڕایگەیانـد (بـە لـە بەرچاوگرتنـی ئـەو هـەل و مەرجـەی ئێسـتا ناوچەکـە پێـدا تێپـەر دەبێـت و ئەو مەترسیانەی ڕووبـەرووی ناوچەکـە بوونەتەوە و لـە پەرۆشـی بـۆ خـۆ لادان لە قەیرانـی نوێ کە ڕەنگە لێکەوتەی نەرێنی سیاسـی و ئاسایشـی و مرۆیـی لـێ بکەوێتـەوە و هەوڵەکانـی هێنانە دی سـەقامگیری و ئارامـی ناوچەکە پەرش و

---

https://agsiw.org/ar/gulf-arab-countries-kurdish-referendum-ar/

(١) سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان ((KRP،سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان پێشـوازی لـە وەزیـری دەوڵەتـی سـعودیە بـۆ کاروبـاری کەنـداو کـرد، ٢٠١٧/٩/١٦ .

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=6n4z/AT0tWQ

(٢) ثامر السبهان، Tweet، ٢٠١٧

https://twitter.com/thamersas/status/910049295063232512

(٣) CNN بالعربي، أردوغـان يتصـل بالملـك سـلمان وسـط أزمـات قطـر و سـوريا و اقليـم كردسـتان، ٢٠١٧/٩/٢١ .

https//:arabic.cnn.com/middle-east/2017/09/21/erdogan-qatar-syria-king-salman

بڵاو بکات بـە بنبڕ کردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و چالاکییە هاوپەیوەندەکانیشیانەوە، هەروەهـا بـۆ گونجـان لەگـەڵ هەڵوێسـتە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان لەو بارەیـەوە، ئەوا سـعودیە چـاوی لـە حیکمـەت و شـارەزایی مەسعود بارزانیـە و هیواخـوازن کـەوا سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی ئەنجـام نەدات و جەختیشـیان کـردەوە ئەو جـۆرە هەنـگاوە دەتوانێـت مەترسـی بۆ سـەر عێراق و ناوچەکـەش بهێنێتە پێشـەوە).[1]

دەتوانیـــن ئامـــاژە بـــەوە بدەیـــن جیابوونـــەوەی کوردســـتان (ســـوونی) لـــە عێـــراق (شـیعی) خزمـەت بـە سـعودیە دەکات کـە لـە ململانێیەکـی قـوڵ دایـە لـە سـەر ڕابەرایەتیکردنـی جیهانـی ئیسـلامی لەگـەڵ ئێـران و ململانێـی لـە سـەر باڵادەسـتی لـە سـەر کەنـداو و هەژموونـی هەردووکیـان بـە سـەر کۆمەڵـە دەوڵەتێـک لەوانـە ( بەحرەیـن، یەمـەن، لوبنـان، عێـراق، سـوریا، سـودان، ئیـماڕات، قەتـەر)، هەربۆیـە بەهێزبوونـی پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان بـە بەرژەوەندییەکـی سـتراتیجی خـۆی دەزانێـت، چونکـە بـە سـەرەتایەکی دادەنێـت بـۆ فراوانکردنـی کوتلـەی سـوونەی عەرەبـی لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بەهێزکردنـی پێگـەی عەرەبـە سـوونیەکان لـە عێـراق و لێدانـی ئێـران. تەنانـەت سـعودیە ئامانجـی بـوو کـە وەکـو کارتێـک بەرانبـەر تورکیـا بـەکاری بهێنێـت بـە هـۆی ئـەو پاڵپشـتیانەی لـە قەتـەری کـرد، بـەڵام پاڵپشـتی نەکردنـی دەوڵەتانـی جیهـان لـە ڕیفراندۆمـی هەرێـم و لۆبـی کردنـی تورکیـا کاریگـەری هەبـوو لـە هەڵویسـتی سـعودیە لـە ڕۆژانـی پێـش ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم.

**هەشتەم: ئیمارات**

ڕۆژێـک پێـش ڕاگەیاندنـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە لایـەن هەرێمـەوە، واتـە لـە (٢٠١٧/٦/٦) ڕۆژنامـەی (العربـی الجدیـد) لـە ڕاپۆرتێکـدا ئاشـکرای کـرد، حکوومەتـی ئیـمارات پشـتیوانی پـڕۆژەی جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتانی لـە عێـراق خسـتووەتە نێـو بازنـەی کارە هـەرە گرنگەکانـی و بـە تـەواوی پشـتیوانی خـۆی بـۆ ڕیفرانـدۆم و سـەربەخۆیی کوردسـتان دەربڕیـوە و تێچـووی پرۆسـەی ڕیفراندۆمیـش دابیـن دەکات.

(١)لریاض، المملكة تتطلع الى حكمة و حنكة برزاني لتجنيب العراق و المنطقة المزيد من المخاطر، ٢٠١٧/٩/٢١ .

https://www.alriyadh.com/1624476

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی، سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانی لە شاری سلێمانی، زانیارییەکان بۆ حکوومەتی عێراق دەگوازنەوە و بە بەغدایان گەیاندووە، ئەبوزەبی بە تەواوی پشتیوانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیابوونەوەیەتی لە عێراق. بەگوێرەی ئەو زانیارییانە، ئیمارات بەڵێنی بە هەولێر داوە پارەی پڕۆژەی ڕیفراندۆم بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات تا لە کۆتای ئەمساڵ ئەنجام بدرێت.[١] هەروەها ئیبتسام کەتبی سەرۆکی ناوەندی سیاسەتەکانی ئیمارات لە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠١٧)، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ هەرێم واژوو کرد، بۆ هاوکاریکردنی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی یارمەتیدانی هەرێم لە ڕووی ڕێکخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم،ئەوەشی ڕاگەیاند ئەگەر هەرێم سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و بە تەواوی لە بەغدا جیابێتەوە، ئەوکات ئەبوزەبی دان بە سەربەخۆییاندا دەنێت.[٢] ڕەشید منصور کۆنسوڵی ئیمارات لە هەولێر لە (٢٠١٧/٩/٢٥) سەردانی ناوەندی هەڵبژاردنەکانی لە شارۆچکەی عەنکاوە کرد.[٣] ئەمەش مانای ئەوە بوو ئیمارات بە گرنگییەوە بەدواداچوونی بۆ پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەکرد. دەکرێ بڵێین ئەگەرچی ئیمارات بە فەرمی پشتگیری ڕیفراندۆمی نەکردووە، بەڵام بە نهێنی پشتگیری پرۆسەکە بووە، ئەویش لەبەرئەوەی ئیمارات پێی باشە دەوڵەتێکی سوونی لە سنوورەکانی عێراق لەگەڵ ئێران دابمەزرێت بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی جیۆسیاسی مەزهەبی و بەهێز بوونی سوونە لە ناوچەکە. ئەمە جگە لەوەی دەیویست لەم ڕێگایەوە لێدانێک لە تورکیای هاوپەیمانی قەتەر بدات کە لە

(١) عثمان المختار، لماذا تدعم ابوظبي مشروع انفصال كردستان العراق، العربي الجديد، ٢٠١٧/٦/٦ .

https://www.alaraby.co.uk/

(٢) ڕۆژنامەی هەولێر، ڕۆژنامەیەکی بەریتانی : چەند وڵاتێکی عەرەبی بە نهێنی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ژمارە (٢٦٩٠)، ٢٠١٧/٩/٢١،ل١٥. .

https://www.hawler.in/index.php/2017-12-30-12-13-35

(3) Midlle East Monttor(MEMO) , UAE Consul in Kurdistan Visits Referendum Polling Station , 26/9/2017. https://www.middleeastmonitor.com/20170926-uae-consul-in-kurdistan-visits-referendum-polling-station/

کاتــی قەیرانــی کەنــداو دا پشــتگیری قەتــەری کــرد دژی وڵاتانــی تــری کەنــداو. ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی ئیــمارات بــە پێچەوانــەی ناوچەکانــی تــری عێــراق، پەیوەندیەکــی باشــی ئابــووری لەگــەڵ هەرێــم هەیــە، بــە تایبەتــی لــە بــواری بازرگانــی و وەبەرهێنــان و وزە و تەنانــەت کاری خێرخوازیــش.

## نۆیەم: هەڵوێستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان

نەتــەوە یەکگرتــووەکان لــە عێراقــدا بریتییــە لــە دوو نێــردەی مەیدانــی، نێــردەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بــۆ هاریــکاری عێــراق (United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)) نێردەیەکــی سیاســی تایبەتــە کــە لــە ســاڵی (٢٠٠٣)ەوە و لەســەر داوای حکومەتــی عێــراق بــە بڕیــاری ئەنجومەنــی ئاسایشــی ژمــارە (١٥٠٠) دامــەزراوە، ئەرکــی یۆنامــی بریتییــە لــە پێشکەشــکردنی ڕاوێــژ و هــاوکاری بــۆ حکومەتــی عێــراق لەســەر چەندیــن پرســی وەک بەرەوپێشــبردنی گفتوگــۆی سیاســی گشــتگیر و ئاشــتەوایی نیشــتمانی و پرۆســەی هەڵبــژاردن و پلاندانــان بــۆ ســەرژمێریی نیشــتمانی و ئاســانکاری کــردن بــۆ گفتوگــۆی نیشــتمانی لەنێــوان عێــراق و دراوســێیەکانیدا و گەشــەپێدان و پاراســتنی مافەکانــی مــرۆڤ و چاکســازیی یاســایی و دادوەری. هەروەهــا تیمــی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بــۆ لێکۆڵینــەوە لــە تاوانەکانــی دەوڵەتــی ئیســلامی لــە عێــراق و شــام (United Nations Investigative Team to Promote Accountability for Crimes Committed by Daesh/ISIL(UNITAD))، میکانیزمێکــی ســەربەخۆ و بێلایەنــە کــە لەلایــەن ئەنجوومەنــی ئاسایشــی نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە ئەرکــی پێســپێردراوە، بــۆ گەشــەپێدانی هەوڵــە ناوخۆییــەکان، بــۆ لێپێچینــەوە لــە تاوانەکانــی دەوڵەتــی ئیســلامی لــە عێــراق و شــام لــە ڕێگــەی کۆکردنــەوە و پاراســتن و هەڵگرتنــی بەڵگــە و دیکۆمێنتــەکان لــە عێــراق کــە دەبنــە مایــەی لێپێچینــەوە لــەو تاوانــە دژە مرۆیــی و کۆمەڵکوژییانــەی کــە لــە عێــراق ئەنجــام دراون.ئەمــە ســەرەڕای ئاژانــس و ســندوق و بەرنامەکانــی تــری نەتــەوە یەکگرتــووەکان کــە لــە ســەر ئاســتی کۆمەڵگەیــی و حکومــی و نیشــتمانی لــە سەرانســەری عێراقــدا کار دەکــەن.[١]

(١) بۆ زیاتر :

https://iraq.un.org/ku/about/about-the-un,20/8/2021

نەتەوەیەکگرتــووەکان وەکــو گەورەتریــن دامــەزراوەی نێودەوڵەتــی، نیگەرانــی خــۆی لــە بەرانبــەر ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان دەربــڕی. لــەم بارەیــەوە ئەنتۆنیــۆ گۆترێــس ســکرتێری گشــتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان لــە (٢٠١٧/٩/٢٢) ڕایگەیانــد: (هــەر بڕیارێکــی تاکلایەنــە بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم لــەم کاتــەدا لــە هەرێمــی کوردســتانی عێــراق دەبێتــە هــۆی ئــەوەی ســەرنج لــە پێویســتی شکســتهێنان بــە دەوڵەتــی ئیســلامی لــە عێــراق و شــام لابــدات، لەگــەڵ جەختکردنــەوە لــە ســەر یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق و پێویســتی چارەســەرکردنی هەمــوو کێشــە هەڵپەســێردراوەکانی نێــوان حکومەتــی فیــدراڵ و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لەڕێگــەی دیالۆگــی بونیادنەرانــەوە).[1]

لــە (٢٠١٧/٩/٢٤) یــان کۆبیــس نوێنــەری تایبەتــی ســکرتێری گشــتی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکان لە شــارۆچکەی ســەلاحەددین ســەردانی مەســعود بارزانی ســەرۆکی هەرێمی کوردســتانی کــرد، بە مەبەســتی دوایــن هەنگاوەکان و هەڵســەنگاندنی ســەرۆکی هەرێم لە بــارەی ڕەوشــەکە و دوای ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم. ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان نیگەرانــی خــۆی لــە هەڵویســتی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان کۆمەڵــی نێودەوڵەتــی دەربــڕی و ڕایگەیانــد: (پێچەوانــەی هەمــوو ئــەو بنەمایانــە ڕەفتاریــان کــرد کــە لــە ڕێککەوتننامــە نێودەوڵەتییــەکان و خــودی میســاقی نەتــەوە یەکگرتووەکانــدا وەک مافێکــی ســەرەتایی بــۆ گەلان چەســپاوە، کەچی بەو شــێوەیەی ئێســتا لەگەڵ خواســتی گەلی کوردســتان و دەربڕینی ڕا لــە ســەر چارەنووســی خــۆی، مامەڵەیــان کــرد).[2] هەروەهــا (Stephane Dujarric) وتەبێــژی ســکرتێری گشــتی نەتەوە یەکگرتــووەکان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) نیگەرانــی خۆی دەربڕی ســەبارەت بــە کاریگەرییە پێشــبینی کراوەکانی ڕیفرانــدۆم لە ڕووی ســەقامگیری ناوچەکە.[3]

(1) United Nations, The United Nations Security Council today expressed concern over the “potentially destabilizing impact” of the Kurdistan Regional Government’s plans to unilaterally hold a referendum next week , 22/9/2017.

https://news.un.org/en/story/2017/09/566282-iraq-security-council-voices-concern-over-planned-referendum-kurdistan-region

(٢) ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان ((KRP،ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان پێشــوازی لــە نوێنــەری تایبەتــی ســکرتێری گشــتی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان لــە عیــراق کــرد، ٢٠١٧/٩/٢٤ .

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=DU25sTVDcAw

(3) United Nations, United Nations Secretary-General António Guterres voiced concern about

سەبارەت بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لە (٢٠١٧/٧/١٤) لە کۆبوونەوەی (٨٠٠٣) بڕیاری (٢٣٦٧)ی دەرکرد لە دەقەکەی دا هاتووە: (سەر لە نوێ جەختکردنەوە لە سەربەخۆیی عێراق و سەروەرییەکەی و یەکپارچەیی خاکەکەی و گرنگی سەقامگیری و ئاسایشەکەی)، هەروەها هەر لە دەقی بڕیارەکە دا هاتووە (گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیر لە سەر دابەشکردنی یەکسانی سەرچاوەکان و هاندانی سەقامگیری و چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی سنوورییە ناوخۆییەکانی وڵات لە ناوچە جێناکۆکەکان و کارکردن لە پێناو بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی و ئەویش لە ڕێگەی هاوئاهەنگی لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆحیەتی هاوبەشییەکی ڕاستگۆیانە).[1] هەروەها ئەنجومەنەکە لە (٢٠١٧/٩/٢١) ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی لە سەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بڵاو کردەوە، لە دەقەکەی دا هاتووە:(ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە کاریگەریی ناسەقامگیری پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕیفراندۆمێکی تاکلایەنە لە هەفتەی داهاتوودا)، لەگەڵ دووبارە جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی: (ئەندامانی ئەنجومەنەکە ڕێزی بەردەوامی خۆیان بۆ سەروەریی عێراق و یەکپارچەیی خاک و یەکێتی عێراق دەردەبڕن و داوایانکرد چارەسەری هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی بەندەکانی دەستووری عێراق و بە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێت، هەروەها ئەندامانی ئەنجومەن پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەردەبڕن بۆ ئاسانکردنی دیالۆگ لەنێوان لایەنە عێراقییەکان)،[2] واتە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بۆچوونی فەرمی خۆیان هەیە و نایشارنەوە و پابەندی خۆیان بە

the "potentially destabilizing effects" of today's referendum in the Kurdistan region of Iraq , 25/9/2017.__https://news.un.org/en/story/2017/09/567012-un-chief-voices-concern-over-potentially-destabilizing-effects-kurdish

(1) United Nations, Security Council, Resolution (2367), Session (8003) 14/7/2017.file:///C:/Users/USER23/Downloads/S_RES_2367(2017)-EN.pdf

(2) United Nations , Security Council, Security Council press Statement on Iraq,21/9/2017. https://www.un.org/press/en/2017/sc13002.doc.htm

عێراقێکــی یەکگرتــوو دووپاتکردوەتــەوە و بەردەوامیــش هانــی حکومەتــی فیــدڕاڵ و حکومەتــی هەرێمیــان داوە، بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانی نێوانیــان.

وەزیرانــی یەکێتــی ئەوڕووپــا ش لــە (٢٠١٧/٦/١٩) پابەنــدی یەکێتیەکەیــان بــە بەردەوامبــوون لــە ســەر پاڵپشــتیکردنی عێــراق و هەرێمــی کوردســتان دووپاتکــردەوە لــەو تەحەدیاتانــەی لــە پێشــن و هەروەهــا پەیوەندییەکانــی نێــوان هەولێــر و بەغدایــان بــە ڕەگەزێکــی ســەرەکی دانــا بــۆ ئاینــدەی عێــراق.[١] هەروەهــا شــاندێکی فەرمــی یەکێتــی ئەوڕووپــا ش لــە (٢٠١٧/٦/٢٣) بــە ســەرۆکایەتی پاتریــک ســیمۆنیس نوێنــەری یەکێتیەکــە لــە عێــراق ســەردانی هەرێمیــان کرد.لــە کۆبوونەوەیــەک لەگــەڵ مەســعود بارزانــی ســەرۆکی هەرێــم و نوێنــەری ژمارەیــەک لــە پارتــە سیاسییەکانی کوردســتان ڕایانگەیانــد: (دژی پارچەپارچەبوونــی عێراقــن و جەختیــش لــە ســەر بەردەوامــی پاڵپشــتی هەرێمــی کوردســتان دەکــەن لــە چوارچێــوەی عێراقــی فیــدڕاڵ).[٢]

دەکــرێ بڵێیــن هەڵویســتی یەکێتــی ئەوڕووپاهاوشــێوە بــوو لەگــەڵ هەڵوێســتی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و ئەنجومەنــی ئاســایش و پاڵپشــتی ســەقامگیری عێــراق و یەکێتیەکــەی و ســەروەرییەکەی و پاراســتنی یەکپارچەیــی خاکەکــەی کــردەوە و داوایــان لــە هەرێــم کــرد دوورکەوێتــەوە لــە گرتنەبــەری ڕێوشــوێنی یەکلایەنــە، واتــە یەکێتــی ئەوڕووپالەگــەڵ یەکێتــی عێراقدایــە. ئــەم هەڵوێســتەی یەکێتــی ئەوڕووپــا ش چاوەڕوانکــراو بــوو، چونکــە لــە پرســی ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کەتەلۆنیــا کــە لــە (٢٠١٧/١٠/١) بەڕێوەچــوو، یەکێتیەکــە پشــتگیری لــە جیابوونــەوەی هەرێمەکــەی لــە ئیســپانیا نەکــرد.

(١) euronews، مــا مــدى ثبــات موقــف الاتحــاد الأوروبي مــن اســتفتاء اســتقلال إقليــم كردســتان عــن العــراق؟، ٢٠١٧/٩/٢٠.

https://arabic.euronews.com/2017/09/20/does-the-eu-have-a-position-and-vision-for-kurdish-referendum-for-independance

(٢) ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان (KRP)، ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان لــە گــەڵ نوێنــەری یەکێتــی ئەوروپــا لــە عێــراق و باڵوێــز و کونســوڵ و نوێنــەری وڵاتانــی ئەنــدام لــە یەکێتــی ئەوروپــا کۆبوویــەوە،٢٠١٧/٦/٢٢.

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=QVsSNFCPu9Y

سەبارەت بە کۆمکاری عەرەبی (الجامعة العربية)، ئەوا ئەحمەد ئەبوغەیت ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی و شاندێکی کۆمکار لە (٢٠١٧/٩/٩) سەردانی سەرۆکایەتیهەرێمی کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم کۆبوونەوە و ئەمینداری گشتی کۆمکاریش ئەوەی خستەڕوو: (بەو ئەنجامە گەیشتوون کە پێویستە گەلی کوردستان بپارێزرێت و هەروەها دەرەفەتێک بە هەرێمی کوردستان و عێراق بدرێتەوە بەیەکەوە بژیێنەوە و نیگەرانیەکانیشی بە سەرۆکی هەرێم ڕاگەیاند لە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و داوایکرد ڕیفراندۆم بۆ ماوەیەک دوابخرێت و لە ژێر چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانوستان لە نێوان هەرێم و بەغدا ئەنجام بدرێت ).[١]

ئەنجومەنی وەزاریی کۆمکاریش لە (٢٠١٧/٩/١٣) بڕیارێکی دەرکرد و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی ڕەتکردەوە و جەختیان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوە و هەر هەڕەشەیەکیشیان لەو ڕووەوە بە مەترسی لە سەر ئاسایشی ناوچەکە ناوبرد.[٢] لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، کۆمکاری عەرەبی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیان و جیابوونەوە و لەت لەت بوونی وڵاتەکانیان هاوشێوەی سودان و مەغریب دەزانێت، بۆیە جەخت لە سەر یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکانیان دەکەنەوە، هەروەها ترسیان لەوەیە، بە سەربەخۆبوونی هەرێم لە لایەک ناوچە سوونیەکان بێ نەوت و دەرامەت دەبن و شیعەکانیش دەسەڵاتی تەواو بە سەر حکومەتی عێراقی دا دەگرن و ئەمەش کاریگەری لە سەر کەمینەی شیعەی ناو وڵاتەکانیان دەبێت، لە لایەکی تریش دامەزراندنی هەر دەوڵەتێکی سیکۆلار و دیموکراتیک لە ناوچەکە دا بە زیانی بەرژەوەندی ڕژێمەکانی خۆیان دەزانن.

(١)سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (KRP)،سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی دەکات، ٢٠١٧/٩/٩

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=Reb19EiYbHI

(٢) جريدة الزمان، الجامعة العربية ترفض استقلال كردستان و تحذر من خطورته، العدد (٥٨٣٢)، ٢٠١٧/٩/١٤،ص١ .

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/14-09/p1.PDF

هەروەهـا پێیانوایەهەژموونـی شـیعەکان بـە سـەر دەسـەڵات لـە عێـراق دا، هاوسـەنگی هێـزی لـە ناوچەکـە دا بـە قازانجـی ئێـران شـکاندووەتەوە.

ڕێکخـراوی هاریـکاری ئیسـلامی (منظمـة التعـاون الاسـلامي) لـە (٢٠١٧/٩/٢٣) داوای هەڵوەشـانەوەی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کـرد، بـەو بیانـووەی پێچەوانـەی دەسـتووری عیراقـە و کاریگـەری لـە سـەر هەوڵەکانـی جەنگـی دژی تیـرۆر هەیـە و جەختیشـیان لـە سـەر پێویسـتی پابەندبـوون بـە دەسـتووری عێـراق و ڕێزگرتنـی و پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و ئاسـایش و سـەقامگیرییەکەی کـردەوە.[١] دەکـرێ بڵێیـن بەشـێکی زۆری ئـەو دەوڵەتانـەی ئەندامـن لـە ڕێکخـراوی هاریـکاری ئیسـلامی، هەمـان ئـەو دەوڵەتانـەی دراوسـێی هەرێـم و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتن کـە دژی سـەربەخۆیی هەرێمـن، بۆیـە ئـەم هەڵوێسـتەی ڕێکخراوەکـە شـتێکی چاوەڕوانکـراوە.

لـە کۆتایـی ئـەم بەشـەی لێکۆڵینەوەکەشـمان دەگەینـە ئـەم ئەنجامانـەی لای خـوارەوە:

١. لـە سـەرەتای بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە لایـەن هەرێمـی کوردسـتانەوە، هەڵوێسـتەکان نـەرم بـوون بەرانبـەر هەرێـم، بەشـێکی زۆری ئـەم هەڵوێسـتانە پەیوەنـدی بـەوەوە هەبـوو گوایـە لـە بـەر سـەرقاڵبوونی هەرێـم بـە کێشـە داراییەکانـی و ناکۆکـی نێـوان پارتـە سیاسـییەکان و بوونـی شـەڕی دژی تیـرۆر هەرێـم ناتوانێـت ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدات.

٢. هەڵوێسـتی تونـدی مەرجەعـی شـیعەکان کاریگـەری خـۆی هەبـوو لـە سـەر جۆشـدانی شـەقام و لایەنـە عێراقییـەکان بـە مەبەسـتی توندبوونـی هەڵوێسـتەکانیان بەرانبـەر هەرێـم.

٣. کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ترسـی هەبـوو لـە کاریگـەری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە سـەر دۆخـی وڵاتەکـەی، چونکـە وای دەبینـی سـەربەخۆبوونی هەرێـم مەترسـییە بـۆ

---

(١) منظمـة التعـاون الاسلامي، التعـاون الاسلامي تعـرب عـن قلقهـا العميـق لاسـتفتاء اقليـم كردسـتان في العـراق و تجـدد دعمهـا لوحـدة العـراق، ٢٠١٧/٩/٢٣.

https://www.oic-oci.org/topic/?t_id=15781&ref=7998&lan=ar

سەر یەکپارچەیی و ئاسایشی نەتەوەییان و ناسەقامگیری لە ناوخۆی وڵاتەکەیانی لێ دەکەوێتەوە و هەر بۆیە لە ڕێگەی هاوئاهەنگی سەربازییەوە دەیویست کۆتایی بە پرسەکە بێنێت.

٤. تورکیا ئەو وڵاتە دراوسێییەی هەرێمە کە گەورەترین پارچەی کوردستان پێوەی لکێنراوە، بۆیە ئەو چاوەڕوانیەی لێ ناکرێ پاڵپشتی لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بکات، بگرە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەڵوێستەکانی لە دژی هەرێم توندتر دەبوو.

٥. هەڵویستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش پاڵپشتی سەقامگیری عێراق و یەکێتیەکەی و سەروەرییەکەی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی بووە و داوایان لە هەرێم کرد دوورکەوێتەوە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یەکلایەنە.

# بەشی پێنجەم

## ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و لێکەوتەکانی و سیناریۆکانی داهاتووی هەرێمی کوردستانی عێراق

**دەروازە:**

بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و دامەزراندنـی ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم لـە کۆبوونـەوەی پـارت و لایەنـە سیاسـییەکانی نـاو پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، جگـە لـە بزوتنـەوەی گـۆڕان و کۆمەڵـی ئیسـلامی درا. دواتریـش پارتەکانـی دەرەوەی پەرلەمانیـش پشـتگیری پرۆسـەکەیان کـرد. دوای ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـش لێکەوتـە ناوخۆییەکانـی ڕیفرانـدۆم لەسـەر هەرێـم بەدەرکەوتـن کـە کاریگەرترینیـان لەسـەر ئاسـتی دامـەزراوە باڵاکانـی حکومەتـی عێراقـی بـوو، لەوانـە پەرلەمانـی عێـراق، هەروەهـا ڕیفرانـدۆم لێکەوتـەی دەرەکیشـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، ئەویـش هاوئاهەنگـی کردنـی هەرسـێ دەوڵـەت (تورکیـا، ئێـران، عێـراق) بـوو، بـە مەبەسـتی گەمـارۆدان و بچووککردنـەوەی سـەنگی جیۆپۆلیتیکـی هەرێـم کـە کاریگـەری لەسـەر ئاینـدەی هەرێـم و پارچەکانـی تـری کوردسـتان دەبێـت.

# باسی یەکەم

## ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی لە هەرێمی کوردستاندا

### یەکەم: بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

لە شارۆچکەی سەلاحەددین نوێنەرە باڵاکانی پارتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لە نوێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کە بریتی بوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، پارتی چاکسازیی پێشکەوتووی کوردستان، لیستی هەولێری تورکمانی، بەرەی تورکمانی عێراق، پارتی گەشەپێدانی تورکمان، لیستی ئەرمەن لە پەرلەمانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، ئەنجومەنی گەلی کلدان، سریان، ئاشوور) لە ڕۆژی (٢٠١٧/٦/٧) بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە [1] و ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٢٥) وەک ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستانی عێراق دیاری کرا. لەم ڕووەوە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٠٦) لە (٢٠١٧/٦/٨) دەرکرد سەبارەت بە

(1) Ababakr , Yasin Mahmood, Iraqi Kurdistan Region: from Paradiplomacy to Protodiplomacy, Review of Economics and Political Science, ISSN: 2631-3561,2020,p.14.https://www.emerald.com/insight/content/doi/10.1108/REPS-01-2020-0002/full/pdf?title=iraqi-kurdistan-region-from-paradiplomacy-to-protodiplomacy

ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە (٢٠١٧/٩/٢٥) لـە هەرێمی کوردسـتان و ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم. بڕیاریـش درا پرۆسـەی ڕیفراندۆم بە دەنگدانێکی گشـتی نهێنی ڕاسـتەوخۆی ئـازاد ئەنجام بدرێـت و لـە کاتژمێـر (٨)ی بەیانـی دەسـت پـێ بـکات تـا (٦) ی ئێـوارە بـەردەوام بێـت. بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی مافـی چارەنـووس، بەشـداربووانی پرۆسـەکە بـە بەڵـێ یـان نەخێر وەڵامی ئەم پرسـیارەی دەدەنـەوە، ئەویش بـە دانانی هێمای ڕاسـت بەرانبـەری. ئایـا دەتـەوێ هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم ببێتە دەوڵەتێکی سـەربەخۆ؟ وەڵامی پرسـیارەکەش بە بەڵـێ یاخود نەخێرە و کارتـی دەنگدانەکـەش بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و تورکمانـی و سریانـی بوو.[١]

## دووەم: دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم

لـە رۆژی (٢٠١٧/٦/٧) بڕیـاری پێکهێنانـی ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم لـە نوێنەرانـی پارتـە سیاسـییەکانی نێـو پەرلەمانـی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی مەسـعود بارزانـی درا. ئەنجومەنەکـەش لـە ڕۆژی (٢٠١٧/٧/٨) یەکـەم کۆبوونـەوەی بـە سەرپەرشـتی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و بەشـداری نوێنـەری پارتـە سیاسـی و پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینیەکانـی ئەنـدام لـە ئەنجومەنەکـە ئەنجامـدا و تێیـدا بڕیـار لـە سـەر هەیکەلیەتـی کاری ئەنجومەنەکـە و کۆمیتـە لاوەکییەکانـی درا.[٢]

## سێیەم: پێکهێنانی کۆمیتەکان

ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم و پارتـە سیاسـییەکان لـە کۆبوونـەوەی (٢٠١٧/٧/٨)، لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن حـەوت کۆمیتـەی فەرعـی پێـک بهێنرێـت، بـۆ ڕاپەراندنـی ئیـش وکارەکان کـە بریتـی بـوون لـە: کۆمیتـەی یاسـایی و کۆمیسـۆنی هەڵبـژاردن و کۆمیتـەی گفتوگـۆ لەگـەڵ پیکهاتەکانـی کەرکـووک و دەشـتی نەینـەوا و کۆمیتـەی هەماهەنگـی و کاروبـاری ڕاگەیانـدن و کۆمیتـەی سیاسـی و ئابـووری بـۆ دەسـتەبەرکردنی پشـتیوانی ناوخۆیـی هەرێـم و کۆمیتـەی دیپلۆماسـی پێوەنـدی لەگـەڵ ئەمریکا و یەکێتـی ئەوڕووپـاو روسـیا و بەریتانیـا و چیـن و وڵاتانـی تـر و کۆمیتـەی دیپلۆماسـی بـۆ پێوەنـدی لەگـەڵ

(١) پاشکۆی (٤).

(٢) خامۆش عومەر، بەڵگەنامەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٨،ل٢٠،٩.

وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسـلامی و ئێـران و تورکیـا و هەروەهـا کۆمیتـەی گفتوگـۆ لەگـەڵ حکومـەت و لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق.(١)

کۆمیتـەی گفتوگـۆ لەگـەڵ پێکهاتەکانـی کەرکـووک و دەشـتی نەینـەوا بـە سـەرپەرشتی خەلیـل ئیبراهیـم ئەندامـی ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـوو و هەروەهـا بـە ئەندامـی هەریـەک لـە (ڕۆمیـۆ هـەکاری، شـێخ شـامۆ، مونـا قەهوەچـی، ڤیـان دەخیـل، تالیـب کاکەیـی، کەریـم سـولەیمان، هـالان هورمـوز، محەمـەد سـەعدەدین)، ئـەم کۆمیتەیـە بەڵگەنامەیەکـی سیاسـیی کـە گەرەنتـی مافـی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینیەکانـی کوردسـتانی تێـدا بـوو، ئامادە کـرد و لـە (٢٠١٧/٩/٢٤) لـە کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم پەسـەند کـرا.(٢) دەکـرێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن لـەم بەڵگەنامەیـە دا جگـە لـە دانـان بـە فرەنەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهەبـی و کولتووریـی کوردسـتان، دەستەبەرکردنی مافـە نەتەوەیـی و کولتووریـی و ئیدارییەکانـی (تورکـمان، سریـان کلـدان، ئاشـوور، عەرەب، ئەرمـەن) و ئێزدییـەکان لـە پێکهێنانـی خۆبەڕێوەبەریـی و حوکمـی زاتـی و نامەرکەزیـی تـا دەگاتـە فیدراڵییـەت بـۆ ناوچـە مێژووییەکانـی پێکهاتـەکان بـە گوێـرەی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٥٧) تێـدا بـوو. هەروەهـا زمانـی (کـوردی، تورکمانـی، سریانـی، عەرەبـی، ئەرمەنـی) وەکـو زمانـی فەرمـی لـە کوردسـتان چەسـپاند.(٣)

سـەبارەت بـە کۆمیتـەی ڕاگەیانـدن، ئـەوا بـە سەرپەرشـتی مـەلا بەختیـار و ئەندامێتـی هـەر یـەک لـە (مەحمـود محەمـەد، یەحیـا ڕێشـاوی، هەندرێـن ئەحمـەد، هیـوا سـەید سـەلیم، عەبـدوڵا ئەنـوەر عەبـدوڵا، زکـری موسـا وسـو)، ئەرکـی ئـەم لیژنەیـە ئاشـنا کـردن و هاندانـی هاووڵاتیـان بـوو بـۆ بەشـداریکردن لـە ڕیفرانـدۆم و هەروەهـا ڕێکخسـتنی بەرنامـە و چالاکییەکانـی ڕاگەیانـدن لـە سـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و دەرەکـی.(٤)

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

(٢) چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ خەلیـل ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسـی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان و بەرپرسـی کۆمیتـەی گفتوگـۆ لەگـەڵ پیکهاتەکانی کەرکوک و دەشـتی نەینەوا، هەولێـر، ٢٠٢٢/٤/٢٦.

(٣) پاشکۆی (٥) .

(٤) چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ مەحمـود محەمـەد ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئەندامـی کۆمیتـەی ڕاگەیاندنـی ڕیفرانـدۆم، هەولێـر، ٢٠٢١/٨/٢٤ .

**چوارەم: بەشداریکردنی پارت و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان لە پرۆسەی ڕیفراندۆم**

لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٦/١٠) نوێنەر و بەرپرسانی باڵای پارت و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی نەتەوەیی کوردستان، بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان، پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریی دیموکراتی کوردستان، حزبی بیت النهرین الدیموقراطی، حزب الاتحاد الدیموقراطی الکلدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوەیی کلدان، پارتی نیشتمانی ئاشووری، یەکێتی بیت النهرینی نیشتمانی، مینبەری دیموکراتی کلدانی، بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان، بزووتنەوەی تورکمانی بێلایەن، پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان لە کوردستان، پارتی گەلی تورکمان، کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان، پارتی ڕزگاریی نەتەوەیی تورکمانی) لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.[1] ئەم پارت و لایەنە سیاسییانە، ڕاستە نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان نیە و پێگەیەکی ئەوتۆی جەماوەریشیان نیە، بەڵام پشتگیری خۆیان بۆ پرۆسەکە و خستنەگەڕی تواناکانیان بۆ سەرخستنی ڕیفراندۆم ڕاگەیاند.

**پێنجەم: کارا کردنەوەی پەرلەمان**

لە نووسراوێکدا نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بە واژووی یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمان لە (٢٠١٧/٥/٢٩) کە بۆ ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و وێنەشی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمان نێردراوە کە تایبەت بوو بە پرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم لە خاڵی دووەم دا دەڵێت:(ئامادەسازیی سەرەتایی ئەنجام بدەن بۆ ئەنجامدانی

(١) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (KRP)، ڕاگەیەندراویی کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمان لە گەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧/٦/١٠
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=VF3A+YA4Q2E

ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان، لـە هەمـان کاتـی هەڵبژاردنـە گشـتییەکانی پەرلەمـان و سـەرۆکی هەرێـم، ئەگـەر تـا ئـەو کاتـە بـە یاسـایەک شـێوازی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە پەرلەمانـی کوردسـتانەوە ڕێکخـرا، بـە شـێوەیەک ڕاپرسـی لـە کەرکـووک و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی هەرێمیـش ئەنجـام بدرێـت.[١]

پـارت و لایەنەکانـی بەشـدار لـە ئەنجومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم ڕێککەوتـن کـە ڕۆژی (٢٠١٧/٩/١٤) پەرلەمانـی کوردسـتان کارا بکرێتـەوە و دانیشـتنی ئاسـایی خـۆی دەسـت پـێ بکاتـەوە. ئـەوە بـوو پەرلەمـان لـە (٢٠١٧/٩/١٥) کۆبوونەوەیەکـی گـرێ دا و تێـدا پاڵپشـتی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی کـرد.[٢] لـە ناوچەکانـی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم، بـەڵام دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن کۆبوونەوەکـە لـە کاتێکـدا ئەنجامـدرا کـە (یوسـف محەمـەد سـادق) سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان تێیـدا بەشـدار نەبـوو، چونکـە لـە (٢٠١٥/١٠/١٢) پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە بازگـەی پـردێ ڕێگرییـان لـە گەڕانـەوەی سـەرۆکی پەرلەمـان کـرد بـۆ شـاری هەولێـر و لـەو ڕێکەوتەشـەوە پەرلەمانـی کوردسـتان پەکخـرا و هیـچ دانیشـتنێک ئەنجامنـەدرا، هەروەهـا هەریـەک لـە فراکسـیۆنەکانی (بزوتنـەوەی گـۆڕان، کۆمەڵـی ئیسـلامی، بزوتنـەوەی ئیسـلامی، بـەرەی تورکمانـی، ڕافیدەیـن) بایکۆتـی کۆبوونەوەکەیـان کـرد، بـە هۆکاریـی ڕێکنەکەوتنـی لایەنـە سیاسـییە سـەرەکییەکان لـە سـەر پرسـە سیاسـی و یاسـاییەکان و ڕوون نەبوونـی مـەرام و ئامانجـی بڕیـاری ئاسـایی کردنـەوەی پەرلەمـان لـە لایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانەوە.[٣]

(١) پاشکۆی (٦).

(2) Pasar Abdulkareem Fendi and others , Iraqi Kurds, Persecution and Struggle For Independence , Journal of Critical Reviews , Vol 7, Issue 17, 2020,p.669.

(٣) ئاوێنـە، پەرلەمانـی کوردسـتان کۆمیسـیۆنی ڕاسـپارد بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە وادەی خۆیـدا، ٢٠١٧/٩/١٥ .

https://www.awene.com/detail_archive?article=58975

**شەشەم: سەردانی دەوڵەتان**

مەسعود بارزانی لە سەردانێکی دا بۆ بارەگای یەکێتی ئەوڕووپالە بروکسل لە ڕۆژی (٢٠١٧/٧/١١) داوایکرد وڵاتانی یەکێتیەکە گەر پشتگیری لە ڕیفراندۆمی هەرێم ناکەن، ئەوا بێلایەن بن، واتە گەر پشتگیری هەرێم ناکەن، ئەوا پاڵپشتی بەغداش نەکەن، بەڵام بە بیانووی نەگونجاوی کاتەوە، بەڵێنی هیچ جۆرە پشتگیرییەک نەدرا.[١] ڕۆژی (١٦)ی تەمووزیش وەفدێکی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەیشتنە تاران و لەو سەردانە دا لێپرسراوانی ئێران بەڕوونی بە ئەندامانی وەفدەکەیان وتبوو (دژی ڕیفراندۆمن و نابێت ئێستا هەنگاوی لەو جۆرە بنێن، وەگەرنا لە دژتان دەوەستینەوە بە هەموو ڕێگە و شێوازێک).[٢]

مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٧/٧/٢٨) لە ناو تەلاری کۆنگرێسی ئەمریکا لە واشنتۆن ڕایگەیاند (ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پێویستە گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات و داوای لێکردن کە ئەمریکا و جیهانیش ڕێز لە بڕیار و خواستی گەلی کوردستان بگرن). [٣] لێرەدا دەتوانین بڵێین ناوەندە ئەوروپییەکان و وەزارەتەکانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەوروپی پشتگیری ڕیفراندۆمی هەرێمیان نەکرد، بەڵکو زیاتر جەختیان لە سەر دیالۆگی نێوان بەغدا و هەولێر دەکردەوە. هەروەها بۆ پرۆسەیەکی گەورەی وەکو ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەو چەند چالاکی و سەردانە بەس نەبوو، بەڵکو پێویست بوو لە سەر ئاستی فراوانتر سەردانی وڵاتانی ئەوروپی و ئیسلامی و وڵاتانی تری جیهان بکرێت.

(1) RUDAW , Barzani to EU: If you cannot support our referendum, stay neutral, 11/7/2017. https://www.rudaw.net/english/kurdistan/110720172

(٢) سەرتیپ جەوهەر، حیکایەتی ریفراندۆم (٢٥)ئەیلولی ٢٠١٧، چاپی دووەم، ٢٠١٨،ل٤٤.

(٣) ئاوێنە، مەسرور بارزانی : ئێستا کاتی ئەوەیە بڕیار لە سەربەخۆیی بدەین، ٢٠١٧/٧/٢٨.
https://www.awene.com/detail_archive?article=51812

## حەوتـەم: ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی سـنووری ئیدارەی هەرێم

لـە (٢٠١٧/٦/٧) کـە بڕیاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم درا، ئـەوا ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمیـش دانرابـوو پرۆسـەکە بیانگرێتـەوە. ئەنجومەنـی ناوەنـدی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانیش لـە (٢٠١٧/٩/٢٤)، واتـە ڕۆژێـک پێـش ئەنجامدانـی ڕیفراندۆم،بڕیـاری دا گـەر ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بدرێـت ئـەوا:

١. ئەگـەر بڕیـارە ڕیفرانـدۆم لـە کاتـی خۆیـدا بکرێت، ئـەوا لە سـەرجەم ناوچـەکان ئەنجام بدرێـت بـە کەرکووکـی قودسـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانیە دابڕێندراوەکانـی تریشـەوە.

٢. ئەگـەر بڕیـاری دواخسـتنی ڕیفرانـدۆم لـە بـەر هـەر هۆکارێـک لـە کەرکـووک و ناوچـە کوردسـتانیە دابڕێنـدراوەکان بدرێـت، ئـەوا کـۆی پرۆسـەکە بـە تەواوەتـی دوابخرێـت، واتـە لـە هیـچ شـوێنێک ڕیفرانـدۆم ئەنجـام نەدرێـت.

مەڵبەنـدی کەرکووکـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانیش جەختیـان لـە سـەر ئـەوە کـردەوە، دەبێـت ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کەرکووکیشـی تێـدا بێـت.[1] ئـەم هەڵوێسـتەی ئەنجومەنـی ناوەنـد و مەڵبەنـدی کەرکووکـی یەکێتـی نیشـتمانی لـەوەوە سـەرچاوەی گـرت کـە مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێـم و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بڕیـاری دابـوو ڕیفرانـدۆم بکرێـت، بۆیـە گـەر هـەر بەربەسـتێک بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـەو ناوچانـە دروسـت بکرایـە، بـە زیانـی سیاسـی و جەماوەریـان بـۆ خۆیـان دەزانـی.

دواتـر لـە ئاسـتی باڵا دا یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بوون بـە دوو بەشەوە،بەشـێکیان لەگـەڵ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم دا بـوون بـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم، و بەشـێکیشـیان بـە تایبەتـی بەرپـرس و کادیرانـی شـاری کەرکـووک، ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـان لـە شـارەکە ڕەتکـردەوە.[2] بۆچوونیـان وابـوو ڕیفرانـدۆم لـە

(١) چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ مـەلا بەختیـار لێپرسراوی دەسـتەی کارگێـڕی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و بەرپرسـی کۆمیتـەی ڕاگەیاندنـی ڕیفرانـدۆم، سـلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٣ .

(٢) قارەمـان نـادر محەمـەد، لـە بڕیـاری ڕیفراندۆمـەوە بـۆ شـازدەی ئۆکتۆبـەر، توێژینەوەیەکـی مێژوویـی سیاسـییە، دەزگای سـتاندەر بـۆ ڕاگەیانـدن و توێژینـەوە، هەولێـر، ٢٠١٨،ل١٣.

کەرکـووک نەکـرێ باشــە، چونکــە تووشــی کارەسـات دەبـن. ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی گوشـارێکی زۆری هەرێمـی و نێودەوڵەتـی هەبـوو لانیکـەم لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی سـنووری ئیـدارەی هەرێـم نەکرێـت، بـەڵام کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆیی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٧/٩/٢٣) دا ڕایگەیانـد تـەواوی ئامادەکارییەکانـی بـۆ ئەنجامدانــی پرۆســەی ڕیفرانــدۆم لــە کەرکــووک و ناوچەکانــی مــاددەی (١٤٠) تــەواو کــردووە و لــە (٢٠١٧/٩/٢٥) پرۆســەکە لــە ســەرجەم ناوچــەکان بەڕێوەدەچێـت. بەڕێوەچوونــی ڕیفراندۆمیــش لــە ســەر داواکاریــی دانیشــتوانی ئــەو ناوچانــە بــوو، هــەروەک ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکـووک لـە (٢٠١٧/٨/٢٩) کـە زۆرینـەی لـە پێکهاتـەی کـورد بـوو، دوور لـە تەوافـوق، داوایـان لـە کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆیی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی لـە هەرێـم کـردووە دەسـت بـکات بـە ئامادەکارییـە پێویسـتەکان بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە پارێـزگای کەرکـووک، هەروەهـا دانیشـتوانی قـەزای مەخمـوور و هـەر یـەک لـە ناحییەکانـی (قـەراج، گوێـڕ، کەندینـاوە) لـە هـەر دوو پێکهاتـەی (کـورد، عـەرەب) داوایـان کـرد سـندوقەکانی دەنگـدان لـە سـنووری قەزاکەیـان دابنێـن و بەشـدار بـن لـە پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم.

لـە نوسراوێکیـش دا لـە وەڵامـی دەسـتەی گشـتی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆیی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی ئامادەیـی بـۆ جێبەجێکردنـی داواکاریـی (ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکـووک و ناوچەکانـی شـەنگال، خانەقیـن، مەندەلـی، شـێخان، مەخمـوور، تلکیـف و وانـە، زمـار، ڕفیعـە، عیـازە، بەعشـیقە، ئەلقـوش، جەبـارە، قەرەتەپـە، جەلـەولا) دەربـڕی کـە هەمـوو ئامادەکارییـە هونەرییـەکان ئەنجـام دەدەن بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـەو ناوچانـە.[1]

(١) پاشکۆی (٧).

## هەشتەم: دەنگدانی هاوڵاتیانی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم و عێراق

لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـی بەشـداریکردنی زۆرتریـن دەنگـدەری کوردسـتانی لـە دەرەوەی هەرێـم و عیـراق، ئەنجومەنـی کۆمیسـیاران لـە رێگـەی لینکـی (e-voting.krd) لـە ماڵپـەڕی کۆمیسـیۆن دایناب‌ـوو، ئـەو دەرەفەتـەی بـۆ کوردسـتانیان ڕەخسـاندبوو کـەوا نـاوی خۆیـان تۆمـار بکـەن و دەنـگ بدەن،هەروەهـا ئەنجومەنـی کۆمسـیارانی کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسـی لـە ڕێـگای دەنگدانـی ئەلیکترۆنیـەوە و پاڵپشـت بـە داتابەیسـی کۆمپانیـای خـۆراک، دەرەفەتـی بـۆ دەنگدەرانـی دەرەوەی هەرێـم ڕەخسـاند کـە لـە ڕێـگای کـۆدی ژمـارەی ڕەگەزنامـەی عێراقییـەوە بتوانـن بەشـدار بـن لـە پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم و دەنگـی خۆیـان بـدەن.[١]

## نۆیـەم: دەنگدانــی ئاوارەکانــی ناوچــە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ســنووری ئیــدارەی هەرێــم

ئەنجومەنـی کۆمسـیارانی کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی، ئـەو ئاوارانـەی کـە خەڵکـی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی سـنووری ئیـدارەی هەرێـم بـوون و لــە پارێزگاکانــی نەینــەوا و کەرکــووک و دیالــە و ســەلاحەددین ئــاوارەی ناوچەکانـی تـری هەرێمـی کوردسـتان بـوون، لـە ڕێـگای میکانیزمێکـەوە کـە تایبـەت بـوو بـە ناسـینی کەسـەکان و ژمـارەی فۆڕمـی خـۆراک و شـوێنی نیشـتەجێبوونی پێـش ئاوارەبوونـی و شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئێسـتای (قـەزا، ناحیـە، گونـد) و ژمـارەی دەنگدەر،مافـی بەشـداریکردنیان لـە ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان دا پێـدرا.[٢]

## دەیەم: هەماهەنگی کردن لەگەڵ چاودێرانی نێودەوڵەتی

سەبارەت بە هاتنی چاودێرانی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی پرۆسەکانی تایبەت بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان، چەند ڕێکخراوێک داواکارییان پێشکەش بە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمسیۆنەوە کرد، لەوانە ڕێکخراوی کرانەوە بەرەو دیموکراسی (COD)، کە ڕێکخراوێکی ئەمریکییە لە بواری چاودێری

(١) پاشکۆی (٨).

(٢) پاشکۆی (٩).

هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم لەو وڵاتانەی تازە بەرەو دیموکراسییەت دەکرێنەوە و ئامادەییان پیشان دا بۆ هێنانی چاودێری نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژی ڕیفراندۆم. ئەمە جگە لەوەی ڕێکخراوی دیکەی وەکو ئەنجومەنی دیموکراسی (Democracy Council) داواکاریی ئاراستەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردبوو بە مەبەستی بەشداریکردن و چاودێریکردنی پرۆسەی دەنگدانی ڕیفراندۆم، هەروەها لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی دیکەی کوردی و ئەوروپی و ئەمریکی و عەرەبی.[١]

## یازدە: دیاریکردنی هەڵمەتی بانگەشەی ڕیفراندۆم

ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی وادەی هەڵمەتەکانی بانگەشەکردنی بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی لە بەرواری (٢٠١٧/٩/٥) تاکو (١٢)ی شەوی (٢٠١٧/٩/٢٢). دیاریکرد.[٢]

لە خوێندنەوەمان بۆئەوەی باسمانکرد دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١. لە (٢٠١٧/٦/٧) لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە ئامادەبوونی نوێنەری (١٥) پارتی سیاسی و هەروەها لە (٢٠١٧/٦/١٠) نوێنەری (١٩) پارت و لایەنی سیاسی دەرەوەی پەرلەمان لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم و بڕیاری دیاریکردنی (٢٠١٧/٩/٢٥) بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕاگەیاند.

٢. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا بوو.

٣. پێش بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە (٢٠١٧/٦/٧)، نیەتێک هەبوو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەربۆیە سەرۆکی پەرلەمان داوایی کرد ئامادەسازیی سەرەتایی ئەنجام بدەن بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان.

٤. لە سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بارەگای یەکێتی ئەوروپابە بیانووی

---

(١) پاشکۆی (١٠).

(٢) پاشکۆی (١١).

نەگونجانـــی کاتـــەوە، پشـــتگیرییان لـــە ئەنجامدانـــی ڕیفرانـــدۆم بـــۆ ســـەربەخۆیی هەرێمـــی کوردســـتان نەکـــرد.

5. بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆی عێـراق و دەوڵەتانـی هەرێمی(تورکیـا، ئێـران) دژایەتـی کـرا و تەنانـەت لـە سـەر ئاسـتی نێـو دەوڵەتیـش بـە تایبەتـی ئەوڕووپاپشـتگیری نەکـرا.

## دوازده: ئەنجامدانـــی ڕیفراندۆمـــی ســـەربەخۆیی لـــە هەرێمـــی کوردســـتان و شـــیکردنەوەی ئەنجامەکانـــی

لـە خشـتەی (٢١) دا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـۆی گشـتی بنکەکانـی دەنگـدان لـە هەرێمـی کوردسـتان دا (٢٠٦٢) بنکـە بـووە کـە دابـەش بـووە بـۆ (١٢٠٧٢) وێسـتگەی دەنگـدان، ژمـارەی بنکەکانـی دەنگدانـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆیی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی، ئەنجومەنی کۆمسـیاران، ٢٠١٧. داتـاکان بڵاونەکراوەن.

### خشـتەی ٢١ دابەشـبوونی جوگرافـی بنکـە و وێسـتگەکانی دەنگـدان لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق

| هەرێم | بنکەی دەنگدان | ٪ | وێستگەی دەنگدان | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ١٢٦٥ | ٦١,٣٥ | ٧٢٠٣ | ٥٩,٦٦ |
| ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان | ٧٩٧ | ٣٨,٦٥ | ٤٨٦٩ | ٤٠,٣٤ |
| کۆی گشتی | ٢٠٦٢ | ١٠٠ | ١٢٠٧٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە:

ڕیفراندۆمـــی ســـەربەخۆیی کوردســـتان لـــە ناوچەکانـــی ژێـــر ئیـــدارەی حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان (١٢٦٥) بنکـە بـووە، واتـە بـە ڕێـژەی زیاتـر لـە (٦١٪)ی کـۆی بنکەکانـــی دەنگـــدان و ژمـــارەی وێســـتگەکانیش ( ٧٢٠٣) وێســـتگە بـــووە، واتـــە بـــە

ڕێــژەی نزیکــەی (٦٠٪)ی کــۆی وێســتگەکانی دەنگــدان، بــەڵام لــە بەرانبــەر دا ناوچــە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ئیــدارەی حکومەتــی هەرێــم ژمــارەی بنکەکانــی دەنگــدان تێــدا (٧٩٧) بنکــە بــووە، واتــە بــە ڕێــژەی نزیکــەی (٣٩٪)ی کــۆی بنکەکانــی دەنگــدان و ژمــارەی وێســتگەکانیش(٤٨٦٩) وێســتگە بــووە، واتــە بــە ڕێــژەی زیاتــر لــە (٤٠٪)ی کــۆی وێســتگەکانی دەنگــدان.

لــە خشــتەی (٢٢)دا بۆمــان دەردەکەوێــت کــۆی گشــتی دەنگــدەران لــە ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی هەرێــم دا(٤,٤٨٢,٣١٠) دەنگــدەر بــووە و ژمــارەی بەشــداربووانیش (٣,٣٠٥,٩٢٥) دەنگــدەر بــووە، واتــە بــە ڕێــژەی هەرێمــی کوردســتانی عێــراق، کۆمســیۆنی بــاڵای ســەربەخۆیی هەڵبــژاردن و ڕاپرســی، ئەنجومەنــی کۆمســیاران،٢٠١٧، داتــاکان بڵاونەکــراوەن.

**خشتەی ٢٢ دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەران و بەشداربوونیان لە ڕیفراندۆمی ساڵی(٢٠١٧) بە گوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

| پارێزگا | ژ.دەنگدەر | ژ.بەشداربوو | ٪ ڕێژەی بەشداربووان لە کۆی دەنگدەران | دوورخراوە و سپی و پووچەڵ |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١,١٠٣,٦٦٥ | ٧٤٦,٥٤٠ | ٦٧,٦٤ | ٣٠٢٥٥ |
| سلێمانی | ١,١٨٤,٥٤٢ | ٦٢٥,٧٤٨ | ٥٢,٨٢ | ٢٧٤١١ |
| دهۆک | ٦٩٥,٢٥٣ | ٦٦١,٢٥٣ | ٩٥,١٠ | ١١٢٦٩ |
| هەڵەبجە | ٦٧,٩٣٢ | ٤٠,٠٣١ | ٥٨,٩٢ | ١٥٩٠ |
| ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٣,٠٥١,٣٩٢ | ٢,٠٧٣,٥٧٢ | ٦٧,٩٥ | ٧٠٥٢٥ |
| کەرکووک | ٧٥٤,٣٩١ | ٥٧٠,٤٨٥ | ٧٥,٦٢ | ٧٢١٠ |
| نەینەوا | ٣٤٣,٨٤٦ | ٢٩٨,٩٨٩ | ٨٦,٩٥ | ٣١٩٣ |
| دیالە | ٢٣٠,٣٣٦ | ١٥٨,٠٠٠ | ٦٨,٥٩ | ٢٧٦٦ |
| سەلاحەددین | ١٠٢,٣٤٥ | ٦٩٠٠٠ | ٦٧,٤٢ | ٤١٧ |
| ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ١,٤٣٠,٩١٨ | ١,٠٩٦,٤٧٤ | ٧٦,٦ | ١٣٥٨٦ |
| پەرش وبڵاو | | ١٣٥٨٧٩ | | ١٣٥٨٧٩ |
| کۆی گشتی | ٤,٤٨٢,٣١٠ | ٣,٣٠٥,٩٢٥ | ٧٣,٧٥ | ٢١٩,٩٩٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە:

(٧٣,٧٪)ی کۆی گشتی دەنگدەران. سەبارەت بە ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا ژمارەی دەنگدەرانی (٣,٠٥١,٣٩٢) دەنگدەر بووە و ژمارەی بەشداربووانیش (٢,٠٧٣,٥٧٢) دەنگدەر بووە، واتە بە ڕێژەی (٦٧,٩٪)، هەرچی سەبارەت بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە، ئەوا ژمارەی

دەنگدەرانـــی (١,٤٣٠,٩١٨) دەنگـــدەر بـــووە و ژمـــارەی بەشـــداربووانیش (١,٠٩٦,٤٧٤) دەنگـــدەر بـــووە، واتـــە بـــە ڕێـــژەی (٧٦,٦٪). بـــەرزی ریـــژەی بەشـــداربووان لـــە ناوچـــە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیـــدارەی هەرێـــم پەیوەنـــدی بـــە گـــوڕ و تینـــی دانیشـــتوانی ئـــەو ناوچانـــەوە هەیـــە، ئەویـــش بـــە هـــۆی ئـــەو زوڵمـــەی کـــە لـــە ســـەر دەســـتی حکومەتـــە یـــەک لـــە دوای یەکەکانـــی عێراقـــەوە بەرانبەریـــان ئەنجـــام دراوە.

هـــەر لـــە خشـــتەکە بۆمـــان ڕوون دەبێتـــەوە جیـــاوازی لـــە نێـــوان ژمـــارەی دەنگـــدەران و بەشـــداربوونیان لـــە پارێزگایەکـــەوە بـــۆ پارێزگایەکـــی تـــری هەرێمـــی کوردســـتان هەیـــە، هـــەروەک پارێـــزگای هەولێـــر ژمـــارەی دەنگدەرانـــی (١,١٠٣,٦٦٥)، دەنگـــدەر بـــووە و ژمـــارەی ئـــەو دەنگدەرانەشـــی بەشـــداریان لـــە ڕیفرانـــدۆم دا کـــردووە (٧٤٦,٥٤٠) دەنگـــدەر بـــووە واتـــە بـــە ڕێـــژەی (٦٧,٦٪).(شـــێوەی٢)

**شـێوەی ٢ دابەشـبوونی جوگرافـی دەنگـدەران و بەشـداربوونیان لـە ڕیفراندۆمـی سـاڵی(٢٠١٧) بـە گوێـرەی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی ( ٢٢)

هەروەها پارێزگای دهۆک ژمارەی دەنگدەرانی (٦٩٥,٢٥٣) دەنگدەر بووە و ژمارەی بەشدایکردنیان (٦٦١,٢٥٣) دەنگدەر بووە، واتە بە زیاتر لە (٩٥,١٪) بەڵام لە بەرانبەر دا پارێزگای سلێمانی کە خاوەن (١,١٨٤,٥٤٢)دەنگدەر بووە و ژمارەی بەشداریکردنیان (٦٢٥,٧٤٨) دەنگدەر بووە، واتە بەڕێژەی (٥٢,٨٪) دەنگدەرانو پارێزگای هەڵەبجەش ژمارەی دەنگدەرانی (٦٧,٩٣٢) دەنگدەر بووە و ژمارەی بەشداریکردنیان (٤٠,٠٣١) دەنگدەر بووە، واتە بە ڕێژەی نزیکەی (٥٨,٩٪) دەنگدەران. هەرچی سەبارەت بە پارێزگای کەرکووکە، ئەوا ژمارەی دەنگدەرانی (٧٥٤,٣٩١) دەنگدەر بووە و ژمارەی بەشداریکردنیشیان (٥٧٠,٤٨٥) دەنگدەر بووە، واتە بە ڕێژەی زیاتر لە (٧٥,٦٪) ئەم ڕێژەیە زیاتر دەبوو گەر عەرەب و تورکمانەکان بایکۆتی ڕیفراندۆمیان نەکردایە، هەروەها لە نێو یەکێتی نیشتمانیش بۆچوون هەبوو کە بە هۆی هەستیاری دۆخی کەرکووک ڕیفراندۆم لە کەرکووک نەکرێت.

سەبارەت بە پارێزگای نەینەوا ژمارەی دەنگدەرانی (٣٤٣,٨٤٦) دەنگدەر بوون و ژمارەی بەشداربوانیش (٢٩٨,٩٨٩) دەنگدەر بووە، واتە بە ڕێژەی زیاتر لە (٨٦,٩٪)ی کۆی دەنگدەران، ئەم ڕێژەییەی دەنگدەران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا جگە لە کورد پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە لە کریستیان و بەشێک لە هۆزە عەرەبەکان بەشدارییان لە ڕیفراندۆم دا کرد. هەروەها لە پارێزگای دیالەش ژمارەی دەنگدەران (٢٣٠,٣٣٦) دەنگدەر بووە و ژمارەی بەشداربووانیش (١٥٨,٠٠٠) دەنگدەر بووە، واتە بە نزیکەی (٦٨,٥٪) کۆی ژمارەی دەنگدەران، ئەم ڕێژەیە زیاتر دەبوو گەر ئەو ڕێوشوێنانەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بەرانبەر ڕیفراندۆم لە پارێزگاکە نەگیرایەتە بەر، هەروەک ئەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە مەندەلی نەیانهێشت دانیشتوانی ناحیەکە دەنگ بدەن.

سەبارەت بە پارێزگای سەلاحەددینیش، ئەوا ژمارەی دەنگدەرانی (١٠٢,٣٤٥) دەنگدەر بووە و ژمارەی بەشداربووانیش (٦٩٠٠٠) دەنگدەر بووە، واتە بە ڕێژەی زیاتر لە (٦٧,٤٪)، دەکرێ بڵێین ڕێژەکە بەرزتر دەبوو گەر لایەنە تورکمانیەکان و عەرەبەکانی ناوچەکە ڕیفراندۆمیان ڕەت نەکردبایەوە. لە خشتەی (٢٣) بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی دەنگدەرانی بەڵێ لە هەرێمی کوردستان (٢,٨٦١,٤٧١)دەنگدەر بووە هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ئەنجومەنی کۆمسیاران، ٢٠١٧، داتاکان بڵاونەکراوەیە.

**خشتەی ٢٣ دابەشبوونی جوگرافی دەنگی بەڵێ و نەخێر لە ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠١٧) لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

| پارێزگا | دەنگی دروست | بەڵێ | ٪ | نەخێر | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٧١٦,٢٨٥ | ٦٨٧,٩٩٠ | ٩٦,٠٥ | ٢٨,٢٩٥ | ٣,٩٥ |
| سلێمانی | ٥٩٨,٣٣٧ | ٤٨٠,٣٩٨ | ٨٠,٢٩ | ١١٧,٩٣٩ | ١٩,٧١ |
| دهۆک | ٦٤٩,٩٨٤ | ٦٤٢,٨٦٢ | ٩٨,٩٠ | ٧,١٢٢ | ١,١٠ |
| هەڵەبجە | ٣٨,٤٤١ | ٣١,٧٧٦ | ٨٢,٦٦ | ٦,٦٦٥ | ١٧,٣٤ |
| ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٢,٠٠٣,٠٤٧ | ١,٨٤٣,٠٢٦ | ٩٢,٠١ | ١٦٠,٠٢١ | ٧,٩٨ |
| کەرکووک | ٥٦٣,٢٧٥ | ٥١٢,٧١٩ | ٩١,٠٢ | ٥٠,٥٥٦ | ٨,٩٨ |
| نەینەوا | ٢٩٥,٧٩٦ | ٢٨٨,٦٥١ | ٩٧,٥٨ | ٧,١٤٥ | ٢,٤٢ |
| دیالە | ١٥٥,٢٣٤ | ١٥١,٤٩٨ | ٩٧,٥٩ | ٣,٧٣٦ | ٢,٤١ |
| سەلاحەددین | ٦٨,٠٠٠ | ٦٥,٥٧٧ | ٩٦,٤٣ | ٣,٠٠٦ | ٤,٣٨ |
| ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ١,٠٨٢,٣٠٥ | ١,٠١٨,٤٤٥ | ٩٤,٠٩ | ٦٤,٤٤٣ | ٥,٩٥ |
| کۆی گشتی | ٣,٠٨٥,٩٣٥ | ٢,٨٦١,٤٧١ | ٩٢,٧٣ | ٢٢٤,٤٦٤ | ٧,٢٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە:

واتە بە ڕێژەی (٩٢,٧٪) دەنگی دروستی هەرێم و لە بەرانبەر دا دەنگی نەخێر (٢٢٤,٤٦٤) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٧,٢٪) دەنگی دروستی هەرێم. هەروەها لە ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێم ژمارەی دەنگی بەڵێ (١,٨٤٣,٠٢٦) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی(٩٢٪) دەنگە دروستەکان، لە بەرانبەردا دەنگی نەخێر (١٦٠,٠٢١) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٧,٩٪) دەنگی دروست. سەبارەت بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەوا ژمارەی دەنگی بەڵێ (١,٠١٨,٤٤٥) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٩٤٪) دەنگە دروستەکان لە

بەرانبەر دا دەنگی نەخێر (٦٤,٤٤٣) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٥,٩٪) دەنگی دروست.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، پارێزگای هەولێر ژمارەی دەنگی بەڵێ تێدا(٦٨٧,٩٩٠) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٩٦٪) دەنگی دروستی پارێزگا، پارێزگای دهۆکیش ژمارەی دەنگی بەڵێ تێدا (٦٤٢,٨٦٢)دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٩٨,٩٪) دەنگی دروستی پارێزگا، بەڵام لە بەرانبەر دا پارێزگای سلێمانی ژمارەی دەنگی بەڵێی (٤٨٠,٣٩٨) دەنگ بووە (خشتەی٢٣)، واتە بە ڕێژەی (٨٠,٢٪) دەنگی دروستی پارێزگا و هەرچی سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجەیە، ئەوا ژمارەی دەنگی بەڵێ تێیدا (٣١,٧٧٦) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٨٢,٦٪) دەنگی بەڵێی پارێزگاکە، ئەم جیاوازییە لە نێوان هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک بە بەراورد بە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەڵمەتی دەنگدان بە نەخێر زیاتر لەو دوو پارێزگایە دا بەهێز بوو، ئەویش بە هۆی کاریگەری هەڵمەتی (نەخێر لە ئێستا دا) کە شاسوار عەبدولواحید سەرپەرشتی دەکرد و هەروەها باڵێکی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دا نەبوون ئەمە سەرەڕای بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە بەشداریان لە ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆمیش دا نەکرد و لە سەر ئاستی جەماوەریی و میدیایی دژایەتیان کرد. هەروەک لە پارێزگای سلێمانی ژمارەی دەنگدانی نەخێر (١١٧,٩٣٩) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (١٩,٧٪) دەنگی دروستی پارێزگاکە و لە پارێزگای هەڵەبجەش ژمارەی دەنگدەران بە نەخێر (٦,٦٦٥) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (١٧,٣٪)دەنگی دروستی پارێزگا، سەبارەت بە پارێزگای کەرکووک ژمارەی دەنگدەرانی بەڵێی (٥١٢,٧١٩) دەنگ بووە، واتە بە ڕێژەی (٩١٪) دەنگی دروستی پارێزگا، هەروەها دەنگی نەخێریشی (٨,٩٪) دەنگی دروستی پارێزگاکە، ئەم ڕێژەیەی دەنگی نەخێری پارێزگاکە کەمتر دەبوو گەر ئەو بۆچوونە جیاوازانە لە سەر ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم لە پارێزگاکە دا هەبوو ئەویش بە هۆی ئەو دۆخە تایبەتەی پارێزگاکە تێدا بوو. هەروەها پارێزگاکانی نەینەوا و دیالە و سەلاحەددین ڕێژەی دەنگی بەڵێی لە کۆی دەنگی دروستیان یەک لەدوای یەک (٩٧,٥٪، ٩٧,٥٪، ٩٦,٤٪) بووە، بەڵام لە بەرانبەر دا ڕێژەی دەنگی نەخێریان یەک لەدوای یەک (٢,٤٪، ٢,٤٪، ٤,٣٪) بووە.(شێوەی٣)

### شێوەی ٣ دابەشبوونی جوگرافی دەنگی بەڵێ و نەخێر لە ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠١٧) لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە خشتەی ( ٢٣)

هەرچی سەبارەت بە دەنگدانی هاوڵاتیانی هەرێمە لە دەرەوەی وڵات، ئەوا لە خشتەی (٢٤) بۆمان دەردەکەوێت کۆی گشتی دەنگدەرانی دەرەوەی هەرێم (٦٣,٩٧٧) دەنگدەر بووە و زۆرینەی دەنگدەریش لە ئەڵمانیا بووە کە ژمارەی دەنگدەرانی (١٨,٥٨٣)دەنگدەر بووە، واتە بە ڕێژەی (٢٩٪) کۆی دەنگدەرانی دەرەوەی هەرێم و دوای ئەو سوید بووە کە ژمارەی دەنگدەرانی (١٤,٨١٢) بووە، واتە بە ڕێژەی (٢٣,١٪)، کەمترین ژمارەی بەشداربووانیش لە کەنەدا بووە کە ژمارەی دەنگدەرانی (١,٤١٢) دەنگدەر بووە، واتە بەڕێژەی (٢,٢٪) کۆی دەنگدەرانی دەرەوەی هەرێم.(شێوەی٤)

لە خوێندنەوەمان بۆئەوەی باسمان کرد دەگەینە ئەم ڕاستییانەی لای خوارەوە:

١. جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ژمارەی دەنگدەران و ژمارەی بەشداربووان لە ڕیفراندۆم دا هەبوو، بە تایبەتی لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر، ئەمەش لە لایەکەوە پەیوەندی بەو ناکۆکییە سیاسیانەوە هەبوو کە ڕەگێکی مێژوویی لە نێو هەر دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)دا هەبوو، لە لایەکی تریش سەختی دۆخی دارایی هەرێم، بە تایبەتی کێشەی پێنەدانی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، کاریگەری هەبوو لە سەر ژمارەی بەشداربووان.

٢. ئارەزووی بەشداریکردن لە ڕیفراندۆم ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، لە لایەک بە هۆی بانگەشەی ڕیفراندۆم و لە لایەکی تر بە هۆی پەرچەکرداری وڵاتانی دراوسێ و حکومەتی عێراق و هێزە عێراقییەکان کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژایەتی پێوە دیار بوو بۆ خەڵکی کوردستان.

**خشتەی ٢٤ دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەرانی ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠١٧) لە دەرەوەی وڵات**

| ژ | دەوڵەت | ژ.دەنگدەر | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەڵمانیا | ١٨,٥٨٣ | ٢٩,٠٤ |
| ٢ | سوید | ١٤,٨١٢ | ٢٣,١٥ |
| ٣ | بەریتانیا | ٩,٢١٠ | ١٤,٣٩ |
| ٤ | هۆڵەندا | ٥,٤٩٤ | ٨,٥٨ |
| ٥ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | ٥,٢٥٤ | ٨,٢١ |
| ٦ | نەرویج | ٤,٢٢٦ | ٦,٦٠ |
| ٧ | سویسرا | ٢,١٠٧ | ٣,٢٩ |
| ٨ | دانیمارک | ١,٤٤٨ | ٢,٢٦ |
| ٩ | فنلەندا | ١,٤٣١ | ٢,٢٣ |
| ١٠ | کەنەدا | ١,٤١٢ | ٢,٢٥ |
| کۆی گشتی | | ٦٣,٩٧٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە: هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ، ئەنجومەنی کۆمسیاران، ٢٠١٧.

## شێوەی ٤ دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەرانی ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠١٧) لە دەرەوەی وڵات




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە خشتەی (٢٤)

٣. هەر یەک لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی تاکو کۆتا ڕۆژی دەنگدان بڕیاری کۆتاییان نەدا لە سەر بەشداریکردنیان لە دەنگدان وتەنانەت بزوتنەوەی گۆڕان لایەنگرانی سەرپشک کرد لە دەنگدان، هەر بۆیە ئەندامانی بوون بە دوو بەشەوە لە ڕووی دەنگدانەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی ڕیفراندۆم لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە زۆر بە سستی بەڕێوەچوو کە زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانەوە بوو، ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبووە لە سەر ژمارە و ڕێژەی دەنگدەران لەو دوو پارێزگایە.

٤. هەڵمەتی (نەخێر لە ئێستا دا)، شاسوار عەبدولواحید کە خاوەن دامەزراوەی میدیای ناليا بوو، زیاتر هەر لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دا ڕۆڵیان هەبوو لەوەی کەوا خەڵک لە ڕۆژی ڕیفراندۆم دەنگ بە نەخێر بدەن.

٥. لـە پارێزگاکانـی هەولێـر و دهـۆک کـە لـە ژێـر هەژموونـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانن و زۆرتریـن بانگەشـە و گردبوونەوەکانـی سـەرۆکی هەرێـم لـەو دوو پارێزگایـە دا بـوو، لەگـەڵ ئـەو لایەنانەشـی کـە پاڵپشـتی ڕیفرانـدۆم بـوون، لەوانـە یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، بۆیـە ڕێـژەی بەشـداریکردن لـەم دوو پارێزگایـە بەرزتـر بـوو.

٦. دوو ئیدارەیـی کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لـە سـەر ئەنجامەکانـی ڕیفرانـدۆم هەبـوو، ئـەو شـوێنانەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تیایـدا بـاڵا دەسـتە ڕێـژەی دەنگـی بەڵـێ زیاتـرە لـەو شـوێنانەی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان تیایـدا بـاڵا دەسـتە، ئـەو شوێنانەشـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان تیایـدا بـاڵا دەسـتە ڕێـژەی دەنگـی نەخێـر زیاتـرە لـەو شـوێنانەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تیایـدا بـاڵا دەسـتە.

٧. باڵێکـی نێـو یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و هەروەهـا بزوتنـەوەی گـۆڕان و کۆمەڵـی ئیسـلامی و (هەڵمەتـی نەخێـر لـە ئێسـتادا) کـە شاسـوار عەبدولواحیـد ڕێبەرایەتـی دەکـرد، ئەمانـە هەمـوو لـە ڕێـگای ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن و تۆڕەکانـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە ڕۆڵـی سـەرەکیان هەبـوو لـە ساردکردنەوەی خەڵـک بـە ئاراسـتەی بەشـداری نەکـردن و دەنگـدان بـە نەخێـر.

٨. بوونـی ناکۆکـی سیاسـی لـە نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بزوتنـەوەی گـۆڕان و هەروەهـا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و باڵێکـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان کاریگـەری زۆری هەبـوو لـە سـەر بەشـداریکردنی دەنگـدەرەکان بـە تایبەتـی لـە سـەروبەندی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـدا، ئـەم دوو هێـزە خاوەنـی پێگـەی گـەورەی جەمـاوەری بـوون لـە سـەر ئاسـتی کوردسـتان و هەروەهـا لـە سـەر ئاسـتی کوردسـتانیانی تاراوگـە.

٩. ژمـارەی دەنگدەرانـی دەرەوەی وڵات لـە ئاسـتی پێویسـت دا نەبـوو، چونکـە ژمارەیەکـی بەرچـاوی هاوڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات دەژیـن، بـە تایبەتـی لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوای ئەوڕووپا،بـەڵام نزیکـەی (٦٤٠٠٠) کـەس بەشـداریان لـە دەنگـدان دا کـرد.

# باسی دووەم

# لێکەوتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

## یەکەم: لێکەوتە ناوخۆییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

ئەنجومەنی وەزاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق لە (٢٠١٧/٩/٢٥) بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی کۆبوویەوە و کۆمەڵە داواکارییەکی ئاراستەی هەرێم و دەوڵەتانی دراوسێ و جیهان و داواکاری گشتی کرد، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

١. هەرێمی کوردستان سەرجەم دەروازە سنوورییەکان لە نێویاندا فڕۆکەخانەکان ڕادەستی دەسەڵاتی حکومەتی فیدڕاڵ بکاتەوە.

٢. وڵاتانی دراوسێ و جیهان لە دۆسیەی دەروازە سنوورییەکان و نەوت تەنیا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا مامەڵە بکەن.

٣. جەختکردنەوە لە سەر دەستووری نەبوونی ڕیفراندۆم.

٤. ڕیفراندۆم کاردانەوەی نەرێنی گەورەی دەبێت بە تایبەتی لە سەر هەرێم.

٥. گفتوگۆ نەکردن لە سەر بابەتی ڕیفراندۆم و ئەنجامە نادەستوورییەکانی.

٦. بەدواداچوون بۆ ئەژمارەکانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی هەرێم.

٧. داواکاری گشتی ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر دژی کارمەندانی دەوڵەت لە چوارچێوەی هەرێمدا، بە تایبەتی ئەوانەی ڕێوشوێنەکانی ڕیفراندۆم ئەنجام دەدەن.

٨. داواکاری گشــتی لێکۆڵینــەوە و لێپێچینــەوە لــەو کەســانە بــکات کــە ڕێوشــوێنەکانی ڕیفراندۆمــی دژی دەســتوور و بڕیــاری دادگای فیدڕاڵــی جێبەجــێ دەکــەن.(١)

هەروەهــا موقتــەدا ســەدر ڕێبــەری ڕەوتــی ســەدر لــە هەمــان ڕۆژدا ڕاگەیەندراوێکــی بڵاوکــردەوە کــە تێــدا هاتبــوو:

١. حکومەتــی عێــراق دەســت بگرێــت بــە ســەر ســەرجەم خاڵــە سنوورییەکانی هەرێمــی کوردســتان.

٢. ئەنجامدانــی کۆبوونەوەیەکــی فراوانــی شــیعە و ســوونە لــە ســەر یەکخســتنی هەڵوێســتەکان دژی ڕیفراندۆمــی هەرێــم.

٣. داوای لــە دەوڵەتانــی دراوســێ کــرد، ڕەوشــەکە ئاڵــۆز نەکــەن، بۆئــەوەی عێراقییــەکان خۆیــان کێشــەکانیان چارەســەر بکــەن.(٢)

دەکــرێ بڵێیــن هــەر لــە ڕۆژی ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمــدا، کاردانــەوەکان بــە مەبەســتی گەمارۆدانــی هەرێــم دەســتی پــێ کــرد، لەوانــە هەڕەشــەی تەســلیمکردنەوەی دەروازە سنووریی و فڕۆکەخانــەکان بــۆ حکومەتــی فیــدڕاڵ و هەوڵــدان بــۆ دەســت بەســەرداگرتنی هەژمارەکانــی حکومەتــی هەرێــم و ســزادانی هاوڵاتیانــی هەرێــم، ئەمــە جگــە لــەوەی شــیعە و ســوونە کــە دوو پێکهاتــە ســەرەکییەکەی عێراقــن، هاوهەڵویســت بــوون لــە دژایەتیکردنــی هەرێمــی کوردســتان.

بەشــێک لــە فراکســیۆنەکانی پەرلەمانــی عێــراق لــە (٢٠١٧/٩/٢٥) لــە هەوڵــی ئــەوە دابــوون پرســی لادانــی ســەرۆک کۆمــاری عێــراق بخەنــە نــاو بەرنامــەی کاری دانیشــتنەکانی پەرلەمانــەوە.(٣) لــە نێــو ئــەو فراکســیۆنانەی ئــەم کارەیــان کــرد هاوپەیمانــی دەوڵەتــی یاسا

---

(١) CNNبالعـربي، العبـادي يأمـر الأجهـزة الأمنيـة العراقيـة ب حمايـة المواطنيـن مـن التهديـد بأقليـم كردســتان، ٢٠١٧/٩/٢٥ .

https://arabic.cnn.com/middle-east/2017/09/25/iraq-abbadi-kurdistan-referendum

(٢) ئاوێنــە، موقتــەدا ســەدر : داوا دەکات حکومەتــی عێراق دەستبەســەر ســەرجەم خاڵــە سنورییەکانی هەرێمــدا بگرێــت .٢٠١٧/٩/٢٥ .

https://www.awene.com/detail_archive?article=60575

(٣) جريدة المدى، استفتاء اقليم كردستان ينتهي من دون خروق أمنية، العدد (٤٠٢٧)، ٢٦/ ٩/ ٢٠١٧،ص١

بـوو کـە هەوڵیانـدا دادگای فیدراڵـی بـە بـێ گەڕانـەوە بـۆ پەرلەمـان، بڕیـاری لـە سـەر کار لابردنـی سـەرۆک کۆمـار بـدات.[1] واتـە هـەوڵ درا پۆسـتی سـەرۆک کۆمـار لـە کـورد وەرگیرێتـەوە. هـەر لـە ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـش، گرژیـی لـە نێـوان هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی و پێشـمەرگە پەیدابـوو، ئەویـش بـە هـۆی دەستبەسـەرداگرتنی هەندێک لـە گوندەکانـی باشـوور و ڕۆژئـاوای شـەنگال بـە درێژایـی هێڵـی سـنووریی عێـراق-سـوریا.[2] هەروەهـا لیـوای (٤١)ی حەشـدی شـەعبی ڕێگرییـان لـە چوونـی دەنگدەرانـی حەمدانیـە کـرد بـۆ چوونـە سـەر سـندوقەکانی دەنگـدان، ئەویـش بـە دانانـی خاڵـی پشـکنین لـە سـەر ڕێـگاکان.[3] دەتوانیـن بڵێیـن هـەوڵ هەبـوو بـە ئامانجـی بەربەسـت دروسـت کـردن بـۆ بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم بـە تایبەتـی لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، بـەڵام ئـەم هەوڵانـە بـێ ئـاکام بـوون.

ئەیـاد عەلـلاوی جێگـری سـەرۆک کۆمـاری عێـراق لـە ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم دەستپێشـخەرییەکی وەک ڕێگـە چارەیـەک بـۆ تێپەڕاندنـی قەیرانەکانـی نێـوان هەرێـم و بەغـدا ڕاگەیانـد و داوای لـە مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێـم کـرد ئەنجامـی ڕیفراندۆمەکـەی هەرێـم سـڕ بـکات، ئەویـش لـە پێنـاو دەسـتپێکردنی گفتوگۆیەکـی نیشـتمانی بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکان و کێشـەی کەرکـووک و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بـەو شـێوەیەی لـە مـاددەی (١٤٠)ی دەسـتوردا هاتـووە، هەروەهـا بـە پێویسـتی زانـی هێزەکانـی هاوپەیمانـی نیشـتمانی و کـورد دەسـتبەرداری زمانـی زبـر و تۆمەتبارکردنـی یەکـتری بـن و دووربکەونـەوە لـە بەکارهێنانـی هەڕەشـە و بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازی [4]، بـەڵام ئـەم دەستپێشـخەرییە لـە لایـەن حکومـەت و لایەنـە سیاسـییە عێراقییـەکان بـە هەنـد وەرنەگیـرا و پشـتگوێ خـرا.

---

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4027/Issue%201424.pdf

(١) ئاوێنە، داوا لە دادگای فیدراڵی عێراق دەکرێت سەرۆک کۆمار لە سەر کار لابەرێت، ٢٠١٧/٩/٢٦
https://www.awene.com/detail_archive?article=60702

(٢) عماد علو، تداعیات الاستفتاء في اقليم كردستان، جريدة الزمان، العدد (٥٨٤١)، ٢٠١٧/٩/٢٥ .ص٢ .
https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/25-09/p2.pdf

(٣) جريدة المدى، استفتاء اقليم كردستان ينتهي من دون خروق أمنية،المصدر السابق، ص٢.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەستپێشخەرییەکەی ئەیاد عەللاوی چی بوو ؟، ٢٠١٧/١١/١٩،ل١.
https://knwe.org/?p=4378.

حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران لە (٢٠١٧/٩/٢٦) ماوەی(٧٢) کاتژمێری مۆڵەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بە مەبەستی تەسلیمکردنی دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی و لە کاتێکدا هەرێم پابەند نەبێ بە گەڕانەوەیان بۆ حکومەتی فیدراڵ، ئەوا قەدەغەی گەشتە ئاسمانیە نێودەوڵەتیەکان لە هەرێم دەکرێت.[1] ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش لە کۆبوونەوەی ژمارە (٢٣) لە (٢٠١٧/٩/٢٧) دەنگی لە سەر ڕەشنوسی کۆتایی بڕیاری پەرلەمان دا کە لە (١٣) خاڵ پێکهاتبوو و داوای سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی و کارگێڕی و تەکنیکی کرد دژی هەرێمی کوردستان، هەروەها سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقی ڕاسپارد بە دووبارە بڵاوەپێکردنی هێزە ئەمنیەکان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

لێرەدا بڕیارەکان دەخەینەڕوو:

١. ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە نادەستوورییە و پێچەوانەی بەندەکانی ماددەی (١)ە کە تێیدا هاتووە: ئەم دەستوورە گەرەنتی یەکپارچەیی عێراق دەکات، بۆیە ئەو بڕیار دەدات لە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە ئەنجامدا دروست بن، یان نادروست بن.

٢. پابەندکردنی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆ گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی دەستووری و یاسایی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و پارێزگاریکردن لە هاوڵاتیان و فەرمانکردن بە هێزە ئەمنیەکان بە مەبەستی گەڕانەوە و بڵاوەپێکردنیان لە ناوچە جێناکۆکەکان، بە تایبەتی لە کەرکووک هەروەکو دۆخی پێش ڕێکەوتی (٢٠١٤/٦/١٠) و هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بۆ ناوچەکە و دەستبەسەرداگرتنی ناوچە سونیەکان.

٣. پشتیوانیکردن لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزاریی بۆ ئاسایشی نیشتمانی کە لە دوایین دانیشتنی خۆی دەرکراوە، بەتایبەتی بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەوانەی بەرپرس بوون لە جێبەجێکردنی ڕیفراندۆم،

(١) جريدة المدى، العبادي يمهل الاقليم ٧٢ ساعة .. و بارزاني يدعو لقراءة رسالة الاستفتاء بهدوء، العدد (٤٠٢٨)، ٢٠١٧/٩/٢٧،ص١.

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4028/Issue%201425.pdf

لەوانــە ســەرۆکی هەرێــم و ئــەو کارمەنــدە کوردانــەی لــە دامودەزگاکانــی دەوڵەتــی فیدڕاڵــی کار دەکــەن.

٤. داخســتنی دەروازە ســنوورییەکانی دەرەوەی دەســەڵاتی فیدڕاڵــی و ئــەو کاڵایانەشــی لێیانــەوە هــاوردە دەکــرێ کــە کاڵای قاچاخیشــیان لــێ دێتــە ژوورەوە و داوا لــە دەوڵەتانــی دراوســێی عێــراق بکرێــت، ڕێوشــوێنی پێویســت بگرنەبــەر، بــە مەبەســتی یارمەتیدانــی عێــراق بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەم بڕیــارە.

٥. پێویســتە حکومــەت کێڵگــە نەوتییەکانــی باکــوور لــە کەرکــووک و ناوچــە جێناکۆکــەکان بخاتــە ژێــر سەرپەرشــتی و دەســەڵاتی وەزارەتــی نەوتــی فیدڕاڵــی.

٦. گرتنەبــەری ڕێوشــوێن بــۆ جێبەجێکردنــی بڕیارەکانــی دەســەڵاتی جێبەجێکــردن و دادوەری و یاســادانان لــە پارێزگاکانــی هەرێمــی کوردســتان، بــە تایبەتــی بڕیــاری لــە ســەر کارلادانــی پارێــزگای کەرکــووک.

٧. پێویســتە حکومــەت داوا لــە باڵوێــز و نوێنەرانــی ئــەو دەوڵەتانــە بکات کە قونســولگەری و نووســینگەیان لــە هەرێــم هەیــە، بــە مەبەســتی داخســتنی ئــەو قونســولگەری و نوێنەرایەتیانەیــان و گواســتنەوەیان بــۆ پارێزگاکانــی دەرەوەی هەرێمــی کوردســتان.

٨. داوا لــە فەخامەتــی ســەرۆک کۆمــار بکرێــت، ئەرکەکانــی خــۆی کــە لــە دەســتووردا هاتــووە، جێبەجــێ بــکات بــە تایبەتــی مــاددەی (٦٧)، وەکــو ڕەمــزی یەکڕیــزی نیشــتمان و نوێنــەری ســەروەریی وڵات بــۆ مسۆگەرکردنی پابەندبــوون بــە دەســتوور و پاراســتنی ســەربەخۆیی و ســەروەری و یەکپارچەیــی عێــراق.

٩. پشــتیوانی لەجێبەجێکردنــی ســتراتیژی ئاشــتەوایی نیشــتمانی لەســەر بنەمــای ســەروەری ناســنامەی نیشــتمانی بــۆ ڕۆڵەکانــی گەلــی عێــراق.

١٠.کارکــردن بــۆ گەڕانــەوەی ئــاوارەکان بــۆ ناوچەکانیــان، هەمــوو ئامرازێــک بــۆ گەیشــتن بــەم ئامانجــە ئامــادە بکــەن، لەوانــە ئاوەدانکردنــەوەی ناوچــە زیانلێکەوتــووەکان.

١١.گشــت کارمەندانــی کــورد کــە لــە پۆســتە باڵاکانــدان و بەشــداریان لــەم ڕیفراندۆمــەدا نەکــردووە، بــەردەوام دەبــن لــە ســەر کارکــردن و گەرەنتــی ئاسایشــیان دەکرێــت.

١٢.پاراستنی پەیوەندییە نیشتمانیە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ هاوڵاتیانی کورد، لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکی بنچینەی گەلی عێراقن.

١٣.حکومەت نابێت دیالۆگی مەرجدار قبوڵ بکات، تا ئەوکاتەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم پوچەڵدەکرێتەوە.[١]

دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین بڕیارەکانی پەرلەمانی عیراق دەستی حکومەت و دەزگا گشتی و تایبەتەکان و سوپا و گروپە چەکدارەکانی شیعەی والا کرد، بۆ گرتنەبەری ڕێگای سەربازی، بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هەروەها سزای بە کۆمەڵیشی دەرکردووە بۆ هەموو ئەو کارمەندانەی بەشدار بوون لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەمە جگە لە داخستنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەرچەندە تاکو ئێستاش یاسای نەوت و گاز پەسەند نەکراوە، ئەمانە هەموو بە مەبەستی لێدان و وشککردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەرێم بوون، هەروەها هەر جۆرە دیالۆگێکیشی بەستبوویەوە بە هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمەوە.

سەبارەت بە داخستنی قونسولگەریی و نووسینگەکانی وڵاتانیش ئەم بابەتە دەچێتە چوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، بەڵام مەبەست لێی دابڕینی هەرێم و گۆشەگیرکردنی بوو لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و پەیوەندییە ئابوورییەکان و تەنانەت دەروونیشەوە.

ئەمەل عەمران سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لە (٢٠١٧/٩/٢٧) دا ڕایگەیاند: (لایەنە ئەمنیەکان کە سەر بە سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەن، بە پێی ئەو فەرمانانەی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆیان هاتووە، ڕێگرییان کردووە لە هاتنی سووتەمەنی بۆ ئەو ناوچانەی دیالە کە جێناکۆکن و بەشداریان لە

(١) الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق، قرار نيابي بإعتبار اجراء الاستفتاء من قبل سلطة اقليم كوردستان غير دستوري، وإلزام القائد العام للقوات المسلحة بإتخاذ كافة الإجراءات الدستورية والقانونية للحفاظ على وحدة العراق، العدد (٤٤٦٤)، ٢٠١٧/١٠/٩

https://moj.gov.iq/upload/pdf/4464.pdf

ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دا کردووە، بە تایبەتی بۆ ناوچەکانی خانەقین و جەلەولا و قەرەتەپە و جەبارە،[1] واتە حکومەتی فیدڕاڵ دوو ڕۆژ دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گەمارۆی سووتەمەنی خستە سەر هەرێم.

مەحمود ئەلزوبەیدی سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری عێراقیش لە (٢٠١٧/٩/٢٨) دا ڕایگەیاند (کۆمپانیا گەشتیارییەکان لە بەغدا و پارێزگاکانی باشوور و ناوەند دوای ڕیفراندۆمی جیابوونەوە، هەموو گەشتە گەشتیارییە ناوخۆییەکانیان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان هەڵوەشاندەوە).[2] ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی هەرێم سوود لەو داهاتانە وەرنەگرێت کە بە هۆی کەرتی گەشتیاریی و هاتنی گەشتیارانی عێراقی لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دەستی دەکەوت.

دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عێراقیش بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزاریی بۆ ئاسایشی نیشتمانی، داوای لە کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی کرد بە هەڵپەساردنی گەشتەکانیان بۆ فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی. لە دەقی ڕاگەیەنراوی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عێراقی دا هاتووە: (دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق دەیەوێت سەرنجتان ڕاکێشێت بۆئەوەی لە ڕێکەوتی(٢٠١٧/٩/٢٩) و لە کاتژمێر (٣)ی ئێوارە بە کاتی جیهانی، هەموو گەشتە ئاسمانیەکان بۆ فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی هەڵدەسپێرێت).[3] ئەمەش دوای ئەوە هات، هەرێم تەسلیمکردنەوەی فڕۆکەخانەکانی بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدڕاڵ ڕەتکردەوە.

لە ماوەی دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش دیدار لە نێوان بەرپرسانی حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێم دا هەبووە، ئەویش بە هۆی نێوەندگیری دەوڵەتان لەوانە فەڕەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئەڵمانیا بە مەبەستی چۆنیەتی دەرچوون لە

(١) جريدة المدى، منع الوقود في المناطق المتنازع عليها، العدد (٤٠٢٩) , ٢٠١٧/٩/٢٨،ص٤ .

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4029/Issue%201426.pdf

(٢) SPUTNIK ، هيئة السياحة العراقية توقف الرحلات الى اقليم كردستان، ٢٠١٧/٩/٢٨ .

https://arabic.sputniknews.com/20170928/

(٣) جريدة المدى، بغداد تبلغ شركات الطيران الدولية بتعليق رحلاتها الى كردستان، العدد(٤٠٢٩)، ٢٠١٧/٩/٢٨،ص١ .

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4029/Issue%201426.pdf

قەیرانـی ڕیفرانـدۆم و هێورکردنـەوەی دۆخەکـە و گەڕانـەوەی ئەنـدام پەرلەمانەکانـی کورد بـۆ دانیشـتنەکانی نێـو پەرلەمـان، بـەڵام فراکسـیۆنی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان چوونـە نـاو ئـەم دەستپێشـخەرییانەی بەسـتبووە بـە هەڵگرتنـی ئـەو گەمارۆانـەی حکومەتـی فیـدڕاڵ بـە سـەر هەرێـم دا سـەپاندبووی.[1] دەکـرێ بڵێیـن ئـەم نێوەندگیریانـە ئاکامێکـی ئەوتـۆی لـێ نەکەوتـەوە، چونکـە حکومەتـی فیـدڕاڵ داوای هەڵوەشـاندنەوەی ڕیفراندۆمی دەکـرد و هەرێمیـش ڕەتیکـردەوە.

عەلـی سیسـتانی گـەورە مەرجەعـی شیعەکانی عێـراق لـە وتـاری ڕۆژی هەینـی لـە شـاری کەربـەلا لـە بـەرواری (٢٠١٧/٩/٢٩) فتوایەکـی دەرکـرد کـە لـە لایـەن ئەحمـەد سـافی نوێنەرەکەیـەوە گوێزرایـەوە و تێیـدا هاتبـوو:( هۆشـداری دەدەنـە سـەرکردەکانی کـورد هەنـگاوی تاکلایەنـە نەگرنەبـەر بـە ئاراسـتەی دابەشـبوون و جیابوونـەوە و هەوڵـی ئـەوە نـەدەن ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بکەنـە دیفاکتـۆ. هەروەهـا ڕایگەیانـد ئەمـە دەبێتـە ئەنجامێکـی نەخـوازراو کـە بـە شـێوەیەکی بنچینەیـی کاریگەریـی لـە سـەر ژیانـی هاووڵاتیانـی کـورد دەبێـت و ڕەنگـە لـەوەش مەترسـیدارتر بێـت. هەروەهـا داوای لـە بەرپرسـانی هەرێـم کـرد بگەڕێنـەوە بـۆ ڕێڕەوە دەسـتوورییەکە، بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی ناکۆکیـەکان لەگـەڵ حکومەتـی فیـدڕاڵ. ڕوونیشـیکردەوە کـە هەنـگاوی تاکلایەنـە بـەرەو دابەشـکردن و جیابوونـەوە ڕێگـە بـە دەسـتێوەردانی چەندیـن لایەنـی هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتـی دەدات لـە کاروبـاری عێـراق بـۆ جێبەجێکردنـی ئەجێنـدای خۆیـان و بەرژەوەندییەکانیـان لەسـەر حسـابی بەرژەوەندییەکانـی گەلـی عێـراق و نیشـتمانەکەیان).[2] ئـەم فتوایـەی عەلـی سیسـتانی کاریگەرییەکـی گـەورەی لـە سـەر دەسـەڵاتدارانی حکومـی و سـەرکردە و حزبـە سیاسـییەکان و گروپـە چەکـدارەکان و تەنانـەت شـەقامی عێراقیـش هەبـوو و ڕێگەخۆشـکەر بـوو بـۆ زیاتـر دژایەتیکـردن ڕیفراندۆمـی هەرێـم.

---

(١) محمـد صبـاح، لقـاءات غـير معلنـة بـين بغـداد و اربيـل لترطيب الاجـواء و تجـاوز تداعيات الاسـتفتاء، جريدة المدى، العـدد (٤٠٣١)، ٢٠١٧/١٠/٣،ص٣.

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4031/Issue%201428.pdf

(٢) الجزيرة، السيستاني يحذر أكراد العراق من الانفصال، ٢٠١٧/٩/٢٩ .

https://www.aljazeera.net/news/arabic/2017/9/29/

پەرلەمانی عێراقیش بە بێ ئامادەبوونی ئەندامانی کورد لە (٢٠١٧/١٠/٣) بڕیاری لە سەر ڕاگرتنی مامەڵە دارایی و بانکییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا.[١] ئەمەش بە مەبەستی زیاتر گوشار خستنەسەر هەرێم بوو لە ڕووی داراییەوە. جێگای خۆیەتی ئاماژە بە دەستپێشخەریی فەرەنسا بکەین بۆ نێوەندگیری لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم، کە بانگهێشتی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران کرد و لە (٢٠١٧/١٠/٥) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا لە کۆشکی ئیلیزێ سەرۆکی فەرەنسا داوایکرد دان بە مافەکانی کورد دا بنرێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراق لە بەرانبەر هەڵپەساردنی ڕیفراندۆم.[٢]

ئەحمەد مەحجوب وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە (٢٠١٧/١٠/٦) ڕایگەیاند:(یاداشتێکی فەرمییان داوە بە هەر یەک لە باڵوێزخانەکانی تورکیا و ئێران لە بەغدا. یاداشتەکەش بریتییە لە داواکارییەکی فەرمی بە مەبەستی داخستنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە، تاکو لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵییەوە بەڕێوە دەبرێت). هەروەها جەختی کردەوە:( وەزارەتی دەرەوە داوای کردووە گشت مامەڵە بازرگانیەکان، بە تایبەتی پەیوەست بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان بوەستێنرێت و لەم دۆسیەیەدا تەنیا مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عێراق بکرێت)،[٣] واتە حکومەتی فیدڕاڵ دەیویست لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانەوە هەرێم لە ڕووی ئابووریی و سیاسییەوە گەمارۆ بدات کە تاکە دەرەچەی هەرێمی کوردستانە بە دەرەوە. دەکرێ بڵێین لە ئاستی ناوخۆیش هەر یەک لە ئەیاد عەللاوی و ئوسامە نوجەیفی جێگرانی سەرۆک کۆمار هەوڵی نێوەندگیرییان

---

(١) RT ONLINE، البرلمان العراقي يصوت على ايقاف التعاملات المالية مع اقليم كردستان، ٢٠١٧/١٠/٣ .

https://arabic.rt.com/business/90231

(٢) FRANCE٢٤، ماكرون يجدد دعوته للوساطة في العراق و العبادي لا يريد مواجهة مع القوات الكردية، (٢٠١٧/١٠/٥) .

https://www.france24.com/ar/20171005

(٣) الايام، العراق يدعو تركيا و ايران الى وقف التعاملات التجارية و النفطية مع كردستان، ٢٠١٧/١٠/٧

https://www.alayam.com/online/international/681632/News.html

دا لـە نێـوان حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی فیـدڕاڵ، هەروەکلـە کۆبوونـەوەی مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێـم لەگـەڵ هـەردوو جێگرانـی سـەرۆک کۆمـار لـە شـاری سـلێمانی لـە (٢٠١٧/١٠/٧) بڕیـار لـە سـەر چەنـد خاڵێـک درا:

١. دەسـتکردن بـە گفتوگـۆ و کۆبوونـەوە لـە نێـوان لایەنـە سـەرەکییەکانی عێـراق بـۆ هێورکردنــەوەی بارودۆخەکــە.

٢. ئەجیندایی کۆبوونەوەکان کراوە دەبن.

٣. دەستبەجێ هەڵگرتنی سزاکان لە سەر هەرێمی کوردستان.

٤. کۆبوونـەوەکان لـە ماوەیەکـی کورتـی داهاتـوو دا دەسـت پـێ بکـەن و میکانیزمێکـی تایبـەت دابنرێـت بـۆ هاوئاهەنگـی بـەردەوام.

ئوسـامە نوجەیفـی ڕایگەیانـد سـەرۆکی هەرێـم ڕازی بـووە بـە سـڕکردنی ڕیفرانـدۆم لـە بەرانبـەر ئـەو خاڵانـەی لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پێیـان دا،[1] بـەڵام سـەعد ئەلحەدیسـی وتەبێـژی فەرمـی بـە نـاوی حکومەتـی عیـراق ڕایگەیانـد: حکومـەت پابەنـد نیـە بـەو لێکتێگەیشـتنەی سـەرۆکی هەرێـم لەگـەڵ هـەر دوو جێگرەکـەی ئەنجامیـداوە.[2] حەیـدەر عەبـادی سـەرۆک وەزیرانـی عیراقیـش لـە کۆنگـرەی ڕۆژنامەوانـی هەفتانـەی خـۆی لـە (٢٠١٧/١٠/١٠) ئامـاژەی بـە چەنـد خاڵێـک کـرد، لێـرەدا دەیانخەینـەڕوو:

١. هیـچ گفتوگـۆ و دانوسـتانێک لەگـەڵ هیـچ کـەس ناکەیـن، پێـش هەڵوەشـاندنەوەی ڕیفرانــدۆم.

٢. داوای لـە هێزەکانـی پێشـمەرگە کـرد، هیـچ بەریەکەوتنێکیـان لەگەڵ هێـزە فیدڕاڵییەکان لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم نەبـێ، بـەو پێیـەی ئـەو ناوچانە دەبـێ لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی فیـدڕاڵ دا بن.

---

(١) جریدة النهار، بارزاني وافق على تجمید استفتاء النفصال، العدد (٣١٩٥)، ٢٠١٧/١٠/١٠،ص٢٣ .
https://annaharkw.com/ANNAHAR/Resources/PdfPages/2017-10-10/P23.pdf

(٢) شبكة نهریـن نـت الاخباریـة، الحكومـة العراقیـة تعلـن ان اتفـاق عـلاوي و نجیفـي مـع الـبرزاني لا یلزمهـا بشـئ، ٢٠١٧/١٠/٨ .

https://nahrainnet.net/?p=33759

٣. کۆنفیدڕاڵـی لـە عێـراق دا پێویسـتی بـە گۆڕینـی دەسـتور هەیـە و دەبـێ بـە ڕەزامەندی دوو لـە سـەر سـێی ئەندامانـی پەرلەمـان بێت.

٤. گەڕانـەوەی هەمـوو ئـەو ناوچـە کوردسـتانیانەی دەرەوەی سـنووری ئیـدارەی هەرێـم کـە لـە لایـەن هەرێمـەوە کۆنتـڕۆڵ کـران، لـە سـەر بنەمـای بڕیـاری پەرلەمـان.(١)

ئـەم لێدوانانـەی سـەرۆک وەزیـران بـە هـۆی ئـەو پێشـکەوتنە سـەربازیانەوە بـوو کـە هێـزە چەکـدارەکان لـە شـەڕی دژی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام بەدەسـتیان هێنابـوو، بـە تایبەتـی بـەرەو کۆتاییهاتنـی شـەڕی حەویجـە و ڕۆژئـاوای کەرکـووک دەچـوو، بۆیـە بـە ئاشـکرا هەرێمـی ئاگادارکـردەوە و هۆشـداریدا لـە گەڕانـەوە سـوپا و هێـزە عێراقییـەکان و دەستبەسـەرداگرتنی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم.

سـەرەڕای ئـەوەش پەرلەمانـی عێـراق هەوڵـی سـەندنەوەی متمانـەی لـەو ئەنـدام پەرلەمانانـە دا بەشـداریان لـە پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم دا کردبـوو و دۆسـیەکەیان ڕەوانـەی دادگای بـاڵای فیدڕاڵـی کرد،(٢) بـەڵام دادگا لـە (٢٠١٧/١٠/١١) وەڵامـی پەرلەمانـی دایـەوە کـە ئـەو پرسـە تایبـەت نیـە بـە دادگا.(٣) واتـە هەوڵـەکان زۆر چڕکرابوونـەوە کـە پێگـەی سیاسـی کـورد لـە حکومەتـی فیـدڕاڵ دا بچـووک و لاواز بکـەن.

هەروەهـا لـە لایـەک سـوپای عێـراق و هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی و پۆلیسـی ئیتیحـادی و وەڵامدانـەوەی خێـرا لـە ناوچەکانـی ڕەشـاد و ڕیـاز و گونـدی بەشـیر بـە ئاراسـتەی باشـووری شـاری کەرکـووک جوڵەیـان کـرد و لـە لایەکـی تریـش بـە ئاراسـتەی شـەنگال و باکـووری موسـڵ، واتـە لـەو جووڵـە سـەربازیانە دا دیـار بـوو نیەتـی ئـەو هێزانـە بـاش نیـە و مەبەسـتیان گەڕانەوەیـە بـۆ ئـەو ناوچانـە. لـە

(١) الميادين، العبادي : لن يتم النقاش حول الاستفتاء مع اي احد و لن نتفاوض قبل الغائه، ٢٠١٧/١٠/١٠ .

https://www.almayadeen.net/news/politics/829449/

(٢) INSC، غدا قد تحكم المحكمة الاتحادية على النواب المشاركين بالاستفتاء، ٢٠١٧/١١/١٩ .

https://iraqhouseinstitute.com/

(٣) محمد صباح، المحكمة الاتحادية ترفض اسقاط عضوية نواب الاقليم المشاركين بالاستفتاء،جريدة المدى، العدد (٤٠٣٩)٢٠١٧/١٠/١٢،ص٣ .

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4039/Issue%201436.pdf

ناوچەکانی داقوق و هەندێک لە گوندەکانی باشووری کەرکووکیش نێوان ئەو هێزانە لەگەڵ پێشمەرگە نزیکەی (٥٠٠) مەتر بوو. بە جۆرێک لە (٢٠١٧/١٠/١٣) دا ئەم هێزانە لە دەوروبەری کەرکووک گردبووبوونەوە.[١] کۆبوونەوەی دوکانیش لە (٢٠١٧/١٠/١٥) بە ئامادەبوونی فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراق و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و پاڤل تاڵەبانی و بەشێکیئەندامانی مەکتەب سیاسی هەر دوو پارتەکە لە سەر قەیرانی ڕیفراندۆم و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ ئەنجامدرا. دەکرێ گرنگترین خاڵەکانی ڕاگەیەندراوەکەی کۆبوونەوەی دوکان لێرەدا بخەینە ڕوو:

١. جەختکردنەوە لە سەر یەکڕیزی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکان.

٢. سووربوون لە سەر چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکان، بە دیالۆگێکی بێ مەرجی بونیاتنەر لە نێوان هەولێر و بەغدا.

٣. ئامادەیی هێزە کوردستانیەکان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی بێ مەرج و کراوە و بونیاتنەر لە سەر بنەمای بەرژەوەندی بەغدا و هەولێر و پرەنسیپە دەستوورییەکان.

٤. کۆبوونەوەکە بە پێویستی زانی حزبە عیراقی و کوردستانیەکان بەشداری لە دانوستاندنەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بکەن و لە ژێر سەرپەرشتیاری لایەنی نێودەوڵەتیش دا بێت.

٥. هەر جۆرە دەستوەردان و هەڕەشەیەکی سەربازیی کە هەڕەشە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکات، پێشێلکردنی دەستور و ئەو یاسایانەیە کە بەکارهێنانی هێز لە کێشە ناوخۆییەکاندا ڕەتدەکاتەوە.[٢]

---

(١) محمد صباح، القوات الاتحادية على تخوم كركوك و مفاوزات لنزع فتيل التوتر مع البيشمركه، جريدة المدى، العدد (٤٠٤٠)، ٢٠١٧/١٠/١٤،ص٣.

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4040/Issue%201437.pdf

(٢) کوردیپێدیا، ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوکان،٢٠١٧/١٠/١٥.

https://kurdipedia.org/default.aspx?q=20171015210847102452&lng=24

دەبێ ئاماژە بەوە بدەین لە کۆبوونەوەی دوکان دا هەر دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان داوای دانوستاندن و دیالۆگیان کرد، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و بەکارهێنانی هێز ڕەتکرایەوە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان. هەروەها فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆمار لە گەڕانەوەی بۆ بەغدا هەوڵی پەیوەندیکردنی بە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانەوە دا بۆئەوەی پێ ڕابگەیەنێت هەرێم ئامادەی دیالۆگە، بەڵام نەیتوانی پەیوەندی پێوە بکات، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە حکومەتی فیدراڵ خۆی بۆ ئەو ڕووداوە ئامادە کردبوو کە شەوی (٢٠١٧/١٠/١٦) هێزەکانی سوپا و حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دیکە و هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شارەکە پاشەکشێیان کرد.[١] ئەم پاشەکشێیە نە جێگرانی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و نە سەرکردایەتی یەکێتی ئاگاداری نەبوون و بڕیاریان لە سەر ئەم بابەتە نەدابوو، بەڵکو هەندێ کەسی پلەدار و دەست ڕۆیشتووی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی بافل تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی ئەم کارەیان کرد.[٢] دەکرێ ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەبوو لە سەر کشانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکووک لێرەدا بخەینەڕوو:

١. پاڵپشتیکردنی نەجمەدین کەریم پارێزگای پێشووی کەرکووک لە پارتی دیموکراتی کوردستان کاریگەری خۆی هەبوو لە سەر دۆخی یەکێتی لە کەرکووک لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە.

٢. کۆچی دوایی مام جەلال تاڵەبانی لە (٢٠١٧/١٠/٣) هۆکار بوو بۆ چڕبوونەوەی کێشمەکێشەکانی ناو یەکێتی.

٣. داخستنی سنوورەکانی ئێران و گەمارۆکانی ئێران لە سەر هەرێم بە تایبەتی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان گۆشاری ئابووری لە سەر یەکێتی دروست کردبوو.

(١) چاوپێکەوتن لە گەڵ عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠٢٢/١/٥

(٢) چاوپێکەوتن لە گەڵ مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی ڕیفراندۆم، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٣ .

٤. قاسم سولەیمانی سەرکردەی هێزەکانی قودسی شۆڕشی ئیسلامی رۆڵی یەکلاکەرەوەی بینی لە سەرپەرشتیکردنی هێزە چەکدارە عێراقیەکان و دەستبەسەرداگرتنی کەرکووک و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بڕیاری چارەنووساز و یەکلاکەرەوە لای ئێرانیەکان بوو و پێش ئۆپەراسیۆنەکەش سەردانی سلێمانی کرد.

دوای ئەو ڕووداوانە دابەشبوون لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دا ڕوویدا، بە جۆرێک پێشمەرگەکانی یەکێتی لە هەولێر و دهۆک بەرەو زۆنی سەوز کشانەوە و ئەوانەی پارتیش لە هەڵەبجە و سلێمانی و گەرمیان بەرەو زۆنی زەرد هاتن. بە پێچەوانەی پێشبینیەکانیشەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە کێشەی کەرکووک دا بێدەنگیان هەڵبژارد، واتە لایەنگیری عێراقیان کرد. هەروەهائەوەی چاوەڕواننەکراو بوو لەو کاتەدا هیچ جۆرێک لە هاوسۆزی و پشتیوانی لە لایەن هێزە نێودەوڵەتیەکان بۆ کورد دەرنەبڕا و زۆرێکیان دۆخەکەیان وەکو ململانێی ناوخۆیی وێناکرد.

بۆ نموونە هەمان ئەو ڕۆژەی سوپای عێراق هێرشی کردە سەر کەرکووک (Donald John Trump)سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: (ئێمە خوازیاری ئەو شەڕە نین لە نێوان کوردەکان و حکومەتی عیراقدا ڕوودەدات، بەڵام ئەمریکا بێلایەنی هەڵدەبژێرێت).[١] ئەمەش نیشاندانی ڕەزامەندی و پشتگیری ئەو وڵاتە بوو بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق. هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش لە هەمان ڕۆژدا دا ڕایگەیاند:(ئەو شەڕ و پێکدادانەی ئەمڕۆ لە کەرکووک لە نێوان هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە دا ڕوویدا، لە ئەنجامی هەڵە تێگەیشتن بووە )،[٢] واتە ئەمە جۆرێک بوو لە خۆدزینەوە و بەلاڕێبردنی ئەو ڕووداوە و پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق. سعد الحديثي وتەبێژی نووسینگەی سەرۆک وەزیرانیش بە ئاژانسی فەڕانس پرێسی ڕاگەیاند: (ئامانجی هێزە عێراقییەکان بڵاوەبوونەوەیانە لە

(١) گەیلان عەباس و ئەوانی تر، لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان،سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٢) ELNASHRA، التحالف الدولي : الاشتباكات في كركوك ناجمة عن سوء فهم، ٢٠١٧/١٠/١٦ .
https://www.elnashra.com/news/show/1144525/

ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم و گەیشـتنیانە بـە پێشـخاپور لـە سـەر سـنووری عێراقـی - تورکـی)،[1] واتـە دەیانویسـت ئـەو سێگۆشـەیەی لـە نێـوان هەرێـم و تورکیـا و سـوریا هەیـە، کۆنتـڕۆڵ بکـەن کـە گرنگییەکـی سـتراتیجی و ئابووریـی بـۆ هەرێـم هەیـە. دەکـرێ بڵێیـن سـوپای عێـراق و میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی بـە پاڵپشـتی ئێـران و چاوپۆشـی کردنـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و وڵاتانـی تـری زلهێـز، نـەک تەنیـا کەرکووک، بەڵکـو گشـت ناوچـە کورسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمیـان دەسـت بـە سـەردا گـرت، واتـە ئـەو کێشمەکێشـە جیۆسـتراتیجیەی لـە نێـوان حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی فیـدڕاڵ دا هەبـوو، بـە بەشـداری ڕاسـتەوخۆی ئێـران لـە قازانجـی بەغـدا شـکایەوە.

ئەنجامی ڕووداوەکانی (٢٠١٧/١٠/١٦) لە سەر هەرێمی کوردستان ئەمانە بوو:

١. لـە دوای بـەرەو کۆتـا هاتنـی شـەڕی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام، هەوڵـدەدرا ڕۆڵـی کـورد بچـووک بکرێتـەوە، لەبەرئـەوە دوای هاتنـی ئـەو ڕێکخـراوە لـە سـاڵی (٢٠١٤) دا سـەرەتا هەڵویسـتی کـورد لاواز بـوو، بـەڵام دوای بـە هانـا هاتنـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و دەوڵەتانـی تـری زلهێـز، جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتان فـراوان بـوو کـە لـە مـاوەی سـەد سـاڵی ڕابـردوو بـەو جـۆرە نەبـووە، بـەڵام ئـەم فراوانبوونـەی دەسـەڵاتی هەرێـم کاتـی بـوو، چونکـە لـە ڕووی سـتراتیجیەوە مامەڵـە لەگـەڵ کـورد دا نەکـرا و تەنیـا وەکـو هێزێکـی شـەڕکەر هاوئاهەنگـی لـە گەڵـدا کـرا.

٢. ناکۆکـی زیاتـر لـە ڕێگـەی ململانێـی سیاسـی حزبـە کوردسـتانیەکانی نێـو پەرلەمـان ڕوویـدا و دوو ئیدارەیـی و تاکلایەنـی لـە هەرێمـی کوردسـتان قووڵـتر کـردەوە.

٣. پەرتەوازەبوونـی زیاتـری هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتانی لێکەوتـەوە، هێزەکانـی (٧٠)ی کـردە دوو بەشـەوە، بەشـێکی لەگـەڵ ڕیـزی نیشـتمانی بـوو، بەشـەکەی تـر وەکـو هێزەکانـی دژە تیـرۆر هاوئاهەنـگ بـوو لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق و هەژموونـی سـوپای پاسـدارانی ئێـران بـە سـەرکردایەتی قاسـم سـولەیمانی.

---

(١) FRANCE٢٤، العـراق : مفـاوزات بـين بغـداد و اربيـل حـول انسـحاب البيشـمركه مـن المناطـق المتنــازع عليهــا، ٢٠١٧/١٠/٢٨

https://www.france24.com/ar/20171028-

٤. متمانـه گەیشـتە نزمتریـن ئاسـت، هەرێمـی کوردسـتان خراپتریـن دۆخـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و جیۆسیاسـی و سـتراتیجی بەخـۆوە بینـی.

٥. گورزێکـی جیۆپۆلیتیکـی گـەورە بـوو لـە هەرێمـی کوردسـتان، چونکـە لـە ڕووی سیاسـییەوە سـەنگ و پێگەکـەی لاواز کـرد و لـە لایەنـی سـەربازیش سـنووری دەسـەڵاتەکەی بچـووک کـردەوە و لـە ڕووی ڕووبەریشـەوە نزیکـەی نیـوەی خاکـی هەرێمـی کوردستانیشـی دابڕی.(نەخشـەی ١٦)




نەخشەی١٦هێڵی بەرگری پێشمەرگە پێش و دوای ڕووداوەکانی ٢٠١٧/١٠/١٦

سەرچاوە: مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠.

٦. لە ڕووی ستراتیجی و ئابوورییەوە ناوچەیەکی گرنگی نەوتی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دا دەرهات، چونکە لەدەستدانی نەوتی کەرکووک، وایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی بۆ نیوە دابەزێت و هۆکار بوو بۆ زیاتر هەڵکشانی قەیرانی دارایی هەرێم، چونکە پێشمەرگە لە هەردوو کێڵگەی نەوتی ئاڤانا و بای حەسەن کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای کەرکووک پاشەکشێیان کرد. (نەخشەی ١٧)




نەخشەی ١٧ کێڵگەکانی نەوت و گازی سروشتی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕووداوەکانی ٢٠١٧/١٠/١٦.

سەرچاوە: https://drawmedia.net/ar/page_detail?smart-id=82511 20/7/2020

٧. لـە ڕووی دیمۆگرافییـەوە، دانیشـتوانی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم کـە بەشـێکی بەرچـاوی دانیشـتوانی پێکدەهێنـا، لـە هەرێـم جیـا کـردەوە.

٨. کۆچـی بـە لێشـاوی کوردانـی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی لێکەوتـەوە بـە تایبەتـی لـە ناوچەکانـی (دووزخورماتـوو، کەرکـووک، مەخمـوور و ناوچەکانـی تر)بـەرەو ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئیـدارەی حکومەتـی هەرێـم کوردسـتان.

٩. بـە عەرەبکـردن و گەڕانـەوەی عەرەبـە هـاوردەکان و هەڕەشـەکردن لـە دانیشـتوانی گوندەکانـی پەڵکانـە و شـەناغە و سەربەشـاخ دەسـتیپێکرد، لەگـەڵ داگیرکردنـی زەوی و زاری کـورد و بەخشـینی بـە عەرەبـە هـاوردەکان. ئەمـەش بـە ئامانجـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ئـەو ناوچانـە.

١٠.یەکڕیـزی نیشـتمانی عەرەبـی (شیعە-سـوونە)، تورکـمان و هەروەهـا حکومـەت و مەرجەعیـەت و جەمـاوەری لـە سـەر ئاسـتی عێـراق دژ بـە کوردسـتان و ڕیفرانـدۆم و ئەنجامەکـەی بەهێزتـر کـرد، کـە پێشـتر نەبـوو.

١١.دادگای بـاڵای ئیتیحـادی لـە (٢٠١٧/١١/٢٠) بـە پشـت بەسـتن بـە هـەر یـەک لـە ماددەکانـی (١، ١١٦، ١٠٩، ٤٧) ی دەسـتوری عێراقـی ڕایگەیانـد ئـەو ڕیفراندۆمـەی لـە (٢٠١٧/٩/٢٥) لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بـە ئامانجـی سـەربەخۆیی ئـەو ناوچانـە ئەنجامـدراوە لـە دەسـتووردا هیـچ بنەمایەکـی نیـە و پێچەوانـەی بەندەکانیەتـی، بۆیـە لـە سـەر بنەمـای ماددەی (٩٣) بەنـدی (٣) ی دەسـتوور بڕیـار درا بـە نادەسـتوری بوونـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم.[١]

١٢.حکومەتـی عێراقـی داوای لـە هەرێـم کـرد، بگەڕێتـەوە بـۆ پێگەکانـی پێـش (٢٠٠٣/٤/٩) و لـەم بارەیـەوە عوسـمان غانمـی سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای عێـراق لـە (٢٠١٧/١٠/٢٨) ڕایگەیانـد (دانوسـتانەکانی نێـوان هێزەکانـی عێـراق و پێشـمەرگە، جەخـت لـە سـەر گەڕانـەوەی لایەنـی کوردییـە بـۆ سـنووری سـاڵی ٢٠٠٣).[٢]

---

(١) پاشکۆی (١٢).

(٢) عربي ٢١، القوات العراقية تطالب البيشمركة بالعودة لحدود ما قبل ٢٠٠٣، ٢٠١٧/١٠/٢٨

١٣.هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی سیاسی هەرێمی کوردستان و هەروەها وازهێنانی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بە سەر حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری.

١٤.دانانی پارێزگارێکی بەوەکالەت بۆ کەرکووک و وەرگرتنەوەی ژمارەیەکی زۆر پۆست لە کورد لە کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم و دانانی عەرەب و تورکمان لە جێگەیان و تەنانەت دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر هاوڵاتیانی کورد رووبەڕووی سزادان دەبوونەوە.هەروەک ئیدارەی پارێزگای کەرکووک لە هەوڵی سزادانی (٧٥) ئەفسەری کورد بوو کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بوون، بەو تۆمەتەی بەشدارییان لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دا کردووە، ئەم ڕێوشوێنانەش هەموو بە مەبەستی بنەبڕکردن و کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەفسەرانی کوردە لە پارێزگاکە دا.[١]

١٥.حکومەتی هەرێم لە شەوی (٢٠١٧/١٠/٢٤) لە بەیاننامەیەکدا سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی ڕاگەیاند و داوای دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق کرد و سێ پێشنیازیشی خستەڕوو، لەوانە: ڕاگرتنی دەستبەجێی تەقەکردن و هەموو جۆرە کردارێکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان و سڕکردنی ئاکامی ڕیفراندۆم کە لە کوردستانی عێراق ئەنجام درا و هەروەها دەستپێکردنی دیالۆگی کراوە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە سەر بنەمای دەستوری عێراق.[٢]

---

https://arabi21.com/story/1044832/

(١) تميم الحسن، محاكم لـ ٧٥ ضابطا بتهمة المشاركة في استفتاء الإقليم بالتزامن مع قرب عودة، الديمقراطي إلى كركوك، جريدة المدى، العدد (٤٩٢١)، ٢٠٢١/٤/١٢،ص١.

https://www.almadapaper.net/view.php?cat=235613

(٢) puknow، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حکومەتی هەرێم ئەنجامی ڕیفراندۆمی سڕ کرد، ٢٠١٧/١٠/٢٥ .

https://www.puknow.com/view?article=1030&cat=2

## دووەم: لێکەوتە دەرەکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

### ا تورکیا:

بینالـی یەڵـدرم سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا لـە (٢٠١٧/٩/٢٥) لـە کۆنفڕانسـێکی ڕۆژنامەوانـی دا ڕایگەیانـد: (بەرپرسـانی هەولێـر لـە هەرێمـی باکـووری عێـراق ڕیفراندۆمێکـی نایاسـایی ئەنجـام دەدەن)، جەختـی لـە سـەر ئـەم لایەنانـە کـردەوە:

١. سـەرەڕای هۆشـدارییە جیهانیـەکان و دژایەتـی دراوسـێکانی هەرێـم (ئێـران و تورکیـا) ڕایگەیانـد ئـەم ڕیفراندۆمـە نایاسـاییە و ئەنجامەکانـی متمانەیـان پێناکـرێ.

٢. ڕێوشـوێنەکانمان بەرانبـەر هەرێـم بابەتەکانـی ئابـووری و سیاسـی و دیپلۆماسـی و ئاسایشـی و سـەربازی دەگرێتـەوە.

٣. سـنوور و فڕۆکەخانەکانـی هەرێـم و نـەوت لەمـەودوا لەژێـر چاودێـری حکومەتـی عێراقـدا دەبـن.

٤. بەغدا لایەنی سەرەکی و یاسایی ئێمەیە لە بڕیارداندا.

٥. پێداگـری لەسـەر ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە کەرکـووک و دەوروبـەری شـاری موسـڵ کـە لـە دەرەوەی سـنووری ئیـدارەی هەرێمـی باکـووری عێراقـە، زەمینـەی شـەڕ دەڕەخسـێنێت.

٦. لەگـەڵ عێـراق و ئێـران تیمـی هاوبـەش دروسـت دەکەیـن و بـە هاوئاهەنگـی کار دەکەیـن.

٧. ڕیفراندۆم هەڕەشەیە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا.[١]

(١) TRT فارسی، اظهارات نخست وزیر ترکیه درباره رای گیری در شمال عراق، ٢٠١٧/٩/٢٥ .
https://www.trt.net.tr/persian/trkhyh-1/2017/09/25/zhrt-nkhst-wzyr-trkhyh-drbrh-ry-gyry-dr-shml-rq-813466

لـە هەمـان ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـدا گوشـارەکانی تورکیـا لـە سـەر هەرێـم هەڵکشـانی بەخـۆوە بینـی، هـەروەک وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا لـە (٢٠١٧/٩/٢٥) ڕاگەیەنراوێکـی بـڵاو کـردەوە و تێـدا هاتبـوو:

١. ڕیفراندۆم لە ڕووی ئەنجامەوە وەک نەبوو وایە.

٢. داننەنـان بـەو هەڵـەدا کـە دووره لـە هەمـوو بنەمـا یاسـاییە نێودەوڵەتییـەکان و بنەمـا دەسـتووری و یاسـاییە عێراقیـەکان و شـەرعیەتی نیـە.[1]

٣. سووربوونی هەرێم لە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم باجی خۆی دەبێت.

٤. جەختکردنـەوە لـەو سزایانەی کـە لـە (٢٠١٧/٩/٢٢) دوای کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نیشـتمانی و ئەنجومەنـی وەزیـران بڕیـار دراوە بـە سـەر هەرێـم دا بسـەپێنرێت.

٥. داواکردن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دان بە ڕیفراندۆمەکەدا نەنێن.[2]

هــەر ڕۆژێ دوای ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم، لەلایــەن هەرێمــی کوردســتانەوە لــە (٢٠١٧/٩/٢٦) ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا لـە وتارێکـی دا جەختـی لـە سـەر ئەمانـە کـردەوە:

١. ئەم ڕیفراندۆمە ناکۆکی نوێ و نەهامەتی نوێ دەخوڵقێنێت.

٢. جگــە لــە ئیسرائیــل هیــچ دەوڵەتێــک یــان ڕێکخراوێکــی نێودەوڵەتــی پشــتگیری ڕیفرانــدۆم نــاکات.

٣. (٩٢٪)ی دەنگی بەڵێ هیچ بەهایەکی نیە و کەس ئەو سەربەخۆییە قبوڵ ناکات.

٤. لـە بـارەی کاریگەرییەکانـی ڕیفرانـدۆم و پەیوەندییەکانـی ئیسرائیـل و هەرێـم لـە مـاوەی کۆبوونەوەکانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان لـە نیویـۆرک لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی جـوو کۆبووینـەوە.

(١) DW، ترکیا تصعد من ضغطها على كردستان العراق بعد استفتاء الانفصال، ٢٠١٧/٩/٢٥

https://www.dw.com/a

(٢) ئاوێنـە، تورکیـا داوا لـە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی دەکات کـە دان بـە ڕیفراندۆمـی هەرێـم دا نەنێـن، ٢٠١٧/٩/٢٥

https://www.awene.com/detail_archive?article=60510

٥. هەڕەشـەکردن بـە جێبەجێکردنـی گەمـارۆکان ئەویـش بـە داخسـتنی شـادەمارەکان. مەبەسـتی دەروازەی نێودەوڵەتـی ئیبراهیـم خەلیـل و بـۆری نەوتـی هەرێـم بـوو.

٦. ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان ڕایگەیانـد تـا کۆتـا سـاتەکان وامـان هەسـت نەدەکـرد، بارزانـی ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدات (کارێکـی هەڵـەی وا بـکات).

٧. هیـوای خواسـت حکومەتـی هەرێمـی باکـووری عێـراق دەسـتبەرداری ئـەو سەرکێشـیە بێـت.

٨. پێداگیری لە سەر ئەوەی تورکیا ڕیفراندۆمەکە قبوڵ ناکات.

٩. جەختکردنـەوە لـەوەی هەمـوو ئەگـەرەکان کـراوەن لـە گەمـارۆی ئابوورییـەوە، تاکـو بـژاردەی سـەربازیی.[1]

لـە (٢٠١٧/٩/٢٦) قۆناغێکـی نوێـی مەشـقە سـەربازییەکانی نێـوان تورکیـا و عیـراق دەسـتپێکردەوە لـە ناوچـەی سـلۆپی نزیـک دەروازەی سـنووری خاپوور.[2]ئـەم مانـۆڕەی تورکیـا و عێـراق پەیامێـک بـوو بـۆ هەرێـم کـە ئـەم دەوڵەتانـە هـەر کارێـک دەکـەن لـە پێنـاو هـەر هەنگاوێـک کـە بـە ئاراسـتەی سـەربەخۆبوونی کوردسـتان بنرێـت.

ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا لـە (٢٠١٧/٩/٢٨) لـە ئاهەنگـی دەرچوونـی ئەکادیمیـای پۆلیـس ڕایگەیانـد:

١. تورکیـا توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو قەیرانـەی هەیـە کـە بـە هـۆی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی جیابوونـەوە لـە هەرێمـی باکـووری عێـراق دروسـت بـووە.

٢. هۆشداری دا، ڕیفراندۆم قەیرانی مەترسیدار لە ناوچەکەدا دروست دەکات.

٣. ڕیفرانـدۆم ئـەو ئاگرەیـە ئـەوەی هەڵیکـرد دەیسـوتێنێت و ئەوانـی سـوور بـوون لـە سـەر ئەنجامدانـی ناتوانـن لـە ئاینـدەدا ڕووبـەڕووی دەوڵەتانـی ناوچەکـە ببنـەوە.

(1) Hilmi Hacaloğlu , Erdoğan: 'Kürt Referandumu Yeni Çatışma ve Acıların Habercisi' , 26/9/2017 . https://www.amerikaninsesi.com/a/erdogan-kurt-referandumu-yeni-catisma-ve-aci-larin-habercisi/4044848.html

(2) BBC TURKCE , Erdoğan›dan Iraklı Kürtlere: TIR›lar gitmeyince yiyecek, giyecek bulamazsınız,26/9/2017.https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-41396969

٤. هۆشداریدا ڕیفراندۆم یەکێتی گەلانی ناوچەکە بە ئامانج دەگرێت و کێشمەکێشی نەژادی لە ناوچەکە هەڵدەکات.

٥. جەختیکردەوە وڵاتەکەی ئەو فیتنەیە چارەسەر دەکات کە ئەوان هەوڵ دەدەن لە عێراق هەڵیگیرسێنن، وەکو چۆن ڕێگرییان لە تەشەنەسەندی ئاگر کرد لە سوریاوە بۆ وڵاتەکەمان.

٦. هەڵکردنی ئاڵای ئیسرائیل لە هەرێم، گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل و بەرپرسانی هەرێم.[١]

هەروەها ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە (٢٠١٧/١٠/٤) لەگەڵ وەفدێکی باڵای حکومەتی تورکیا کە لە وەزیرانی (دەرەوە، ناوخۆ، ئابووری، ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان) و بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی تورکیا پێکهاتبوو، سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد و لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران کۆبوونەوە و دانوستان و ڕێککەوتن لە نێوان هەر دوو لا ئەنجام درا.[٢]ڕێککەوتن هاوکاری یەک بکەن، بۆ ڕێگری کردن لە دارمانی عێراق و سوریا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند: (ڕێوشوێنی توند دەگرینەبەر لە بەرانبەر ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان).[٣]

بیناڵی یەڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیاش لە (٢٠١٧/١٠/١١) لە پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند، کۆمەڵە سزایەکیان دەستنیشان کردووە و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن کە بریتین لە:

---

(١) الجزيرة، أردوغان : استفتاء كردستان العراق سيشعل أزمات خطيرة، ٢٠١٧/٩/٢٨ .

https://www.aljazeera.net/news/international/2017/9/28/

(2) Süleyman Gündede , Erdoğan Ziyaretinin İran Basınına Yansımaları , Iran Arastirmalari merkezi(IRAM) , 4/10/2017. https://iramcenter.org/erdogan-ziyaretinin-iran-basinina-yansimalari/?send_cookie_permissions=O

(٣) محمد جواد فتحی و دیگران، مطالعه تطبیقی تاثیر تحولات سوریه و عراق بر سیاست منطقه‌گرایی جمهوری اسلامی ایران و ترکیه، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا، شماره سی و ششم، پاییز١٣٩٧،ص٤٨.

http://pir.iaush.ac.ir/article_623372_b85a0fd6a99671795cb116a89db16626.pdf

١. تورکیـا لەگـەڵ ئێـران و عێـراق کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵـی ئەنجام دەدەن بە مەبەسـتی وتوێـژ کـردن لەبـارەی گرتنەبـەری ڕێوشـوێنەکان لە بەرانبـەر هەرێم لـە داهاتوودا.

٢. نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا دەرکرا.

٣. گەشتە ئاسمانیەکانمان بۆ هەرێم ڕاگرتووە.

٤. کەناڵە کوردییەکانمان لە مانگی دەستکردی تورکی دەرهێناوە.

٥. مانۆڕی سەربازیمان لە سەر سنووری عێراق ئەنجامداوە.(١)

لە خویندنەوەمان بۆئەوەی باسمان کرد، دەبێ ئاماژە بەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. تورکیـا هاوئاهەنگـی لەگـەڵ عیـراق و ئێـران دروسـت کـرد، بـە مەبەسـتی ڕووبەرووبوونـەوەی هەرێـم، بـە تایبەتی لـە بـواری بەڕێوەبردنی دەروازە سـنوورییەکان و وەسـتاندنی گەشـتە ئاسـمانیەکان، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی بـە ئاشـکرا بانگەشـەی هەڵگیرسـانی جەنگیـان دەکـرد لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم.

٢. تورکیـا لەگـەڵ ئـەوەی ڕێوشـوێنی بەرانبـەر هەرێـم گرتەبـەر، بـەڵام وەکـو عێـراق و ئێرانـی نەکـرد و نـە بـۆری نەوتـی هەرێمـی ڕاگـرت کـە بـە شـادەماری ئابـووری هەرێـم دادەنرێـت و نـە سنوورەکانیشـی داخسـت. ئەمانـە ئەگەرچـی هەمـووی لـە بەرژەوەنـدی ئابـووری خۆیـدا بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرێـم لـە گەمارۆدانـی ئابووریـی ڕزگاری بـوو.

٣. تورکیا لۆبی دەکرد بۆ داننەنان بە ڕیفراندۆمەکەی هەرێم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

٤. ئـەوەی وایکـرد تورکیـا ڕێـکاری ئابـووری، بـە تایبەتـی لـە بـواری نـەوت ودەروازەی سـنووریی نەگرێتەبـەر، دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی تورکیـا لەگـەڵ عێـراق بـە هەرێـم دا تێدەپەڕێـت و عێـراق بـە گشـتی و هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی بازارێکـی گـەورەن بـۆ سـاغکردنەوەی کاڵاکانیـان.

(١) قصي منذر، يلدريم : نتعامل مع بغداد حصرا و الاجتماع الثلاثي القريب، جريدة الزمان، العدد (٥٨٥٥)، ٢٠١٧/١٠/١٢، ص٤.

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/10/12-10/p4.pdf

٥. هەژموونی تورکیا زیاتر لە هەرێمدایە، بۆیە نەیدەویست ئەو پێگەیەی خۆی لە عێراق لە دەست بدات، ئەمە جگە لەوەی بە گەمارۆدانی هەرێم، تەنیا لایەن کەوا براوە دەبوو ئێران و گروپەکانی سەر بەو وڵاتە دەبوون.

٦. پەیوەندی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە لایەک و ئەردۆغان و بارزانی لە لایەکی تر گەیشتە نزمترین و خراپترین و قێزەونترین ئاست، تورکیا و ئەردۆغان هەتاکو ئێستاش وەکو جاران هاوئاهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکەن.

٧. تورکیا ئەو هاوپەیمانەی جاران نەما بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و پێگەی پارتی زۆر لاوازتر بوو لە جاران و تەنانەت دوای هەوڵێکی دیبلۆماسی و کەسی زۆر کە لایەنی ناوخۆیی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش بەشێک بوون لەو هەوڵانە.[1] تورکیا و ئەردۆغان ڕازی بوون نێچیرڤان بارزانی و دواتریش مەسرور بارزانی ببینن.

ب **ئێران:**

عەلی شەمخانی ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران لە کۆبوونەوەی داخراوی پەرلەمان لە (٢٠١٧/٩/٢٧)دا، ستراتیجی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان خستەڕوو. دەکرێ وردەکارییەکانی لێرەدا بخەینەڕوو:

١. پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئێران هاوپەیمانیەکی هەرێمی لە عێراق و تورکیا و ئێران پێکهێنا.

٢. ڕێوشوێنەکانی پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سیاسی بوون، کەچی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بەڵام دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕێوشوێنی دیکە لە خشتەی کارەکان دا دەبێت.

٣. پێویستە حکومەتی عێراق داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئێران و تورکیا بکات بۆ گرتنەبەری هەندێک لەو ڕێوشوێنانە.

(١) چاوپێکەوتن لە گەڵ هادی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢٦.

٤. گفتوگۆی سێ قۆڵی لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیا دا کراوە بۆ دانوستان لەگەڵ گروپ و پارتەکانی هەرێمی کوردستان.

٥. بەکارهێنانی گوشاری گەمارۆ و کەمکردنەوەی کاری دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

٦. ڕێوشوێنی جۆراوجۆر دەگیرێتەبەر، بە ناچارکردنی کورد بۆ کشانەوە.

٧. حکومەتی عێراق دەتوانێت هەر ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر بە کردەی سەربازیشەوە.(١)

هێزەکانی ئێران و عێراق لە (٢٠١٧/١٠/٢) بە هاوبەشی لە دووری (٢٥٩) مەتر لە سنووری باشماخی هەرێمی کوردستان، ڕاهێنانی سەربازییان ئەنجامدا و ئێران بە دەیان تانک و زرێپۆشی هێنایە سەر سنوورەکانی لەگەڵ هەرێم. هەردوو لا ڕێککەوتبوون، هێزە عێراقییەکان لە ناوچە سنوورییەکاندا جێگر بن و ئاسایشی سنوورەکانیش بکەوێتە ئەستۆی هەردوو لایەنی عێراقی -ئێرانی.(٢) محەمەد ئیبراهیم تاهریان باڵوێزی ئێران لە ئەنقەرە لە (٢٠١٧/١٠/٥) ڕایگەیاند: (هاوئاهەنگیی سەربازیی و ئاسایشییەکانی تاران و ئەنقەرە، دەتوانێت گەرەنتیەک بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی پلانی جوداخوازیی لە ناوچەکە).(٣)

کۆماری ئیسلامی ئێران لە (٢٠١٧/١٠/١٥) لە سەر داواکاری حکومەتی عێراق، هەر یەک لە دەروازە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران و باشماخ و پەروێزخانی داخست.(٤) لە (٢٠١٧/١٠/١٦) ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە دەستبەسەرداگرتنی کەرکووک و دواتریش ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

(١) جريدة المدى , شمخاني : اتحاد اقليمي من ٣ دول فشل بالغاء الاستفتاء، العدد (٤٠٢٩)، ٢٠١٧/٩/٢٨،ص٣

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4029/Issue%201426.pdf

(٢) الحرة، مناورات عراقية ايرانية قرب اقليم كردستان، ٢٠١٧/١٠/٢

https://www.alhurra.com/iraq/2017/10/02/

(٣) محمد نوراللهی، سفیر ایران در آنکارا تاکید کرد : همکاری‌های نظامی و امنیتی تهران - آنکارا ضامن مقابله با توطئه‌های تجزیه طلبانه، ایسنا، خبرگزاری دانشجویان ایران، ١٣/مهر/١٣٩٦

(٤) Speemedia، بە پەلە : ئێران سنورەکانی داخست، ٢٠١٧/١٠/١٥.

https://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=50034&Jor=1

لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن ئێـران بۆیـە زیاتریـن دژایەتـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کـرد، چونکـە پێیوایـە دابەشـبوونی عێـراق سـوودی بـۆ ئەکتـەرە هەرێمییـە ڕکەبەرەکانـی ئێـران دەبێـت. بـە تایبەتـی تورکیـا کـە ئیسـلامییەکی سـیکۆلارە و و سـعودیە کـە ئیسـلامیەکی وەهابییـە و سـەربەخۆبوونی هەرێمیـش هـۆکار دەبـێ بـۆ دروسـتبوونی ژینگەیەکـی بـاش بـۆ نەیارانـی کۆمـاری ئیسـلامی و هەرێـم دەبێتـە مەترسـی بـۆ سـەر ئێـران.

لە خوێندنەوەمان بۆئەوەی باسمان کرد، پێویستە ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

١. ئێـران لـە سـەروەختی شـەڕی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام و دواتـر ڕیفراندۆمـی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی ڕەهـا، هەژموونـی خـۆی سـەپاند بـە سـەر خاکـی عێـراق و حکومـەت و هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق. تەنانـەت لـە ڕێگـەی قاسـم سـولەیمانی و فەیلەقـی قـودس و حەشـدی شـەعبی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی داگیرکـرد.

٢. پەرلەمانـی ئێـران دەسـتی حکومەتـی ئێرانـی واڵا کـرد، بۆئـەوەی ڕێوشـوێنی جیاوازتـر بگرێتەبـەر بـە بـەراورد بـە پێـش ڕیفرانـدۆم، تەنانـەت پێشـنیازی کـردەی سـەربازی و گەمـارۆ خستنەسـەر هەرێمیـش کـرا، ئەمـەش هەمـوو لـە پێنـاو ئـەوەدا بـوو، هەرێـم ئەنجامەکانـی ڕیفرانـدۆم هەڵوەشـێنێتەوە و کاری پـێ نـەکات.

٣. ڕیفرانـدۆم هاوپەیمانـی و هاوئاهەنگـی لـە نێـوان تـاران و ئەنقـەرە و بەغـدا دروسـت کـرد، بـە تایبەتـی تورکیـا و ئێـران لەگـەڵ ئـەوەی دوو کێبڕکێکـەری سـتراتیجین لـە ناوچەکـەدا، بـەڵام لـە هەندێـک بـواری جیۆسـتراتیجی داهاوئاهەنگییـان لـە نێوانـدا هەیـە، بـە تایبەتـی ئـەوەی (ئێـران، تورکیـا، سـوریا، عێـراق) هاوئاهەنـگ دەکات، دۆزی کـوردە و تەنیـا لـە سـەر کـورد کۆکـن.

**ج. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

(Heather Ann Nauert) وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانـی دا لـە (٢٠١٧/٩/٢٦) لـە بـارەی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان ڕایگەیانـد:

١. ئەمەریکا پشتیوانی لەو ڕیفراندۆمە ناکات.

٢. ئەمریکا نائومێد بوو لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمەوە.

٣. ڕیفراندۆمەکە تاکلایەنەیە و هاوپەیمانەکامان و تاکە وڵاتێکیش پشتگیری نەکردووە.

٤. ئێمە نەمانویستووە عێراق دابەش بێت و پرسە سەرەکییەکە لای ئێمە شکستهێنانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی و لەناوبردنیەتی.

٥. ئەمریکا پشتگیری لە عێراقێکی یەکگرتووی دیموکرات دەکات.[١]

دەکرێ ئەم لێدوانەی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شێوەیە شرۆڤە بکەین:

١. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام جەختی لە سەر ئەوە کردووەتەوە، پشتگیری ڕیفراندۆمی هەرێم ناکەن و بە کارێکی تاکلایەنەیان داناوە. هەروەها (Heather Ann Nauert ) دەڵێ ئێمە نەمانویستووە عێراق دابەش بێت، کەواتە سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە هەرێم وەکو بەشێکی عێراق بمێنێتەوە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا هاوئاهەنگی لەگەڵ دەکەن.

٢. دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، گرنگی پێویستیان بە بابەتەکە نەدا و زەمینەیەکی هاوبەشی ئەوتۆیان لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دا نەڕەخساند بە مەبەستی دۆزینەوەی بەدیلێک بۆ ڕیفراندۆم. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەموو قورساییەکەیان خستبووە سەر هەرێمی کوردستان و ئەمەش زیاتر هانی حکومەتی فیدراڵی دەدا گفتوگۆ لەگەڵ هەرێم نەکات.

٣. ئەو بۆچوون و خوێندنەوانەی بۆ ڕووداوەکان دەکرا، گوایە چۆن لەساڵی (٢٠١٤) لە کاتی هێرشی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پارێزگارییان لە کورد کرد، بە هەمانشێوە لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پارێزگاریی لە کورد

(١) VOA، دەقی لێدوانەکانی سێشەممەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەر ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧/٩/٢٧

https://www.dengiamerika.com/a/us-kurdistan/4046701.html

دەکـەن، وا دەرنەچـوو و لـە بەرانبـەردا بـە پێچەوانـەوە بێدەنـگ بوونیـان وایکـرد، دووبــارە حکومەتــی فیــدڕاڵ دەســت بــە ســەر ناوچــە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێــم دا بگرێتــەوە.

د  **بەریتانیا**

(Boris Johnson) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دا لە (٢٠١٧/٩/٢٨) لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق پێی ڕاگەیاند: (وڵاتەکەی تێگەیشتنی هەیە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق بۆ یەکپارچەیی وڵاتەکەی گرتوویەتیەبەر و ئامادەیی بەریتانیاشی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی عێراقی دەربڕی لە چوارچێوەی پاڵپشتی لە یەکێتی عێراق و پاراستنی خاکەکەی لە ژێر ئەو ڕێوشوێنانەی ئەم دواییانە گرتوویەتیەبەر)،[1] کەواتە ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات، بەریتانیا پاڵپشتی حکومەتی عێراق بووە، لەو ڕێوشوێنانەی گرتیەبەر بەرانبەر هەرێم لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

لە (٢٠١٧/١٠/١٨) جەبار لعێبی وەزیری نەوتی عێراق داوای لە کۆمپانیای (British Petroleum) کرد، پلانی پێویست دابڕێژن بۆ چۆنێتی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، واتە کۆمپانیاکە ڕاستەوخۆ لە دوای دەستبەسەرداگرتنی کەرکووک دەستی بە کارەکانی کردەوە.[2] جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، بەریتانیا بەرژەوەندی گەورەی ئابووری لە عێراقدا هەیە و خۆی بە خاوەنی پرۆژەکانی نەوت و غازی سروشتی عێراق دادەنێ و لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە کۆمپانیاکانی ڕەگی تیایدا داکوتاوە، بۆیە هاتنی کۆمپانیای ڕوسنەفت و ئەنجامدانی گرێ بەست لەگەڵ حکومەتی هەرێم و سەپاندنی سەنگی خۆی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بوونە ڕکابەری بەریتانیا، ئەمە هاوکێشەیەکی تا بڵێی ناهاوسەنگە، بۆیە ڕوودانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر ڕێگری کردن بوو لە نەهێشتنی دەسەڵاتی ڕوسنەفت بە سەر جیۆپۆلیتیکی ئەو ناوچانە.

---

(١) جريـدة المـدى، التحالـف الـدولي، الاسـتفتاء ابعـد الانظـار عـن داعـش ..و الامـم المتحـدة ترغـب بالمسـاعدة، العــدد(٤٠٣٠)، ٢٠١٧/٩/٣٠،ص٣

https://almadapaper.net/file/archiveto2615//4030/Issue%201427.pdf

(2) REUTERS , Iraq, BP to sign deal to boost Kirkuk oil production capacity, JANUARY 18, 2018 ,https://www.reuters.com/article/us-iraq-oil-kirkuk-idUSKBN1F70SD.

**سێیەم: لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم لە سەر بەشەکانی تری کوردستان**

بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، لە هەر پارچەیەکی ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووبێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر پارچەکانی دیکە هەبووە. لە بەرانبەر دا هەر یەکە لە دەوڵەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا پێشکەوتنی دۆزی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە هەڕەشەیەکی بەهێزی سەر ئاسایشی نەتەوەییان دادەنێن،بە جۆرێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی پەنا بۆ بەستنی هاوپەیمانی دەبەن و بردوویانە. لەمڕووەوە هەر یەک لەو دەوڵەتانە ترسی ئەوەیان هەبوو بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم خواستەکانی کوردانی ئەو دەوڵەتانەش هەڵکشێ بۆ سەربەخۆیی، هەربۆیە تورکیا و ئێران و عێراق پلانیان دانابوو سزای ئابووریی هەرێمی کوردستان بدەن، ئامانجی ئەم پلانەش داڕماندنی لایەنی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بوو.[١] لە باکووری کوردستان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم کاریگەری هەبوو لە سەر تێکۆشانی مەدەنی کورد و هەر بۆیە لە ترسی ئارەزووی جوداخوازی کورد وایکرد پەیوەندیەکانی دەوڵەت لەگەڵ کورد دۆخێکی زیاتری ئاسایشی بە خۆوە ببینێت.[٢] ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە ئەوەیە تورکیا پێیوایە سەربەخۆبوونی هەرێم کاریگەریی لە سەر باکووری کوردستان دەبێت و بۆیە ڕووبەڕووی هەر هەوڵێکی کورد بۆتەوە و دەبێتەوە بە مەبەستی سەربەخۆیی.

بۆچوونی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بە تایبەتی پارتەکان و کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیران، ڕیفراندۆمیان بە مافێکی سروشتی گەلی کورد دەزانی. پێیانوایەپێویستە ڕێز لە بوون و کیانێکی سەربەخۆیی کوردیی و مافی بڕیاردانی

(١) زهرا پیشگاهی فرد و حسن کریمی، بررسی پیامدهای منطقەای همەپرسی در کردستان عراق، پژوهش های جغرافیای انسانی، دوره ٥٠، شماره ٤، زمستان ١٣٩٧، ص ١٠٣٨.

https://jhgr.ut.ac.ir/article_67289_42c5adb561070ce0c1f02ec8ff64b91b.pdf

(٢) پور احمدی میبدی و دیگران، اقدامات استقلال طلبانە کردستان عراق و رویکرد سیاست خارجی ایران و ترکیە، فصلنامە پژوهش های روابط بین الملل، دوره دهم، شماره دوم، شماره پیاپی سی و هفت، تابستان ١٣٩٩ ص٢٠

https://www.noormags.ir/view/fa/articlepage/1685489

چارەنـووس و ڕزگاربوونیـان لـەو شـێوازە پەیوەندییە نایەکسـان و جیاکارییەی کە دەسـەڵات گرتوویەتیەبـەر لەبەرانبەریـان بگیرێـت،[1] بـەڵام حکومەتـی ئێـران وای دەبینێـت بابەتـی سـەربەخۆیی هەرێـم هـەر کاریگـەری لـە سـەر ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نابێـت، بەڵکـو بـە فاکتـەری مەزهەبـی، کاریگـەری لـە سـەر دروسـتبوونی شـەپۆلێکی ناسیۆنالیسـتی لـە ناوخـۆی هەیـە و پاڵنەرێـک دەبێـت بـۆ نەتەوەکانی تـر، بۆ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی.[2]

دوای ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـش لـە (٢٠١٧/٩/٢٥)، کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ڕێـکارە ئەمنیەکانـی لـە شـار و شـارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان توندتـر کـرد، ئـەوەش پـاش ئـەو هـات کـە بەشـێک لـە دانیشـتوانی ئـەو شـار و شـارۆچکانە بـۆ پشـتیوانی لـە ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان ڕژانـە سـەر شـەقامەکان و ئاهەنگیـان گێـڕا، ئەمـە جگـە لـە ڕاگرتنـی هێڵەکانـی ئینتەرنێـت بـە تایبەتـی لـە پارێـزگای سـنە. هەروەهـا کۆمـاری ئیسـلامی زرێپـۆش و تانکیـان بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات نـارد.[3] دەکـرێ بڵێیـن ئێـران گەشـەکردنی ناسیۆنالیسـتی کـوردی لـە ناوچەکـە بـە مەترسـی لـە سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی خۆیـان دەزانـن و هـەر چالاکییەکـی سیاسـی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتـی کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ لـە پـاڵ ئێـران دا، بـە هۆکاری هەڵکشـانی خواسـتی کوردەکانـی ئێـران دەبینێـت لـە ڕووی سیاسـی و کلتورییـەوە.

تەنانـەت ئێـران پێیوایـە سـەربەخۆیی هەرێـم، نـەک هـەر هانـی کوردانـی پارچەکانـی تـری کوردسـتان دەدات، بەڵکـو هانـی سـونەکانی عێراقیـش دەدات بـۆ

(١) احمـد حیـدری و دیگـران، برگـزاری همەپرسـی اسـتقلال در اقلیـم کردسـتان عـراق و تاثیـر آن بـر کردهـای ایـران، فصلنامـە پژوهـش هـای سیاسـی و بیـن المللـی، سـال دهـم، شـمارە سـی و نهـم، تابسـتان ١٣٩٨، ص٣٤١.

http://jpir.iaujournals.ir/article_666145_553226727304c0e25ad82d54215585e1.pdf

(٢) اصغـر بیـات و دیگـران، تحـولات کردسـتان عـراق و تاثیـر آن بـر امنیـت ملـی جمهـوری اسـلامی ایـران، فصلنامـە تحقیقـات سیاسـی بیـن المللـی، دانشـگاە آزاد اسـلامی واحـد شـهرضا، شـمارە (٣٦)، پاییـز ١٣٩٧،ص١١٩.

http://pir.iaush.ac.ir/article_626528_48b85147a164543b89768c60475506e3.pdf

(٣) ئاوێنـە، بـی بـی سـی : کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ڕێوشـوێنە ئەمنییەکانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان تونـد کردوەتـەوە، ٢٠١٧/٩/٢٨

https://www.awene.com/detail_archive?article=61012

گرتنەبـەری ڕێگایەکـی هاوشـێوەی هەرێـم،[1] واتـە ئێـران وای دەبینێـت سـەربەخۆبوونی هەرێـم، بزوێنەرێکـە بـۆ نەتەوەکانـی تـری ناوچەکـە و وڵاتەکـەی، بەتایبەتـی بلـوج و تـورک لـە ئێـران و شـەپۆلێکی ناسیۆنالیسـتی ناوچەکـە دەگرێتـەوە و ئەنجامەکەشـی پارچـە پارچەبوونـی وڵاتەکەیانـی لێدەکەوێتـەوە.

هـەروەک لـە کاتـی چەسـپاندنی فیدرالیزمـی هەرێـم، کوردانـی ڕۆژهـەڵات وەکـو سـەرکەوتنێکی مەزنیـان بـۆ گەلـی کوردسـتان دانـا و لـە سـەر ئاسـتی جەماوەریـی ڕێپێـوان لـە شـارەکانی سـنە و مەریـوان ئەنجامـدا و داوای سیسـتەمێکی هاوشـێوەی هەرێمیـان بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـرد.[2]

هەروەهـا ڕیفرانـدۆم پاڵنەرێکـی گرنـگ بـوو بۆئـەوەی کوردانـی ڕۆژئـاوا خواسـتەکانیان هەڵکشـێ بـەرەو ئـەوەی بیـر لـە خۆبەڕێوەبـەری زیاتـر بکەنـەوە، بـە تایبەتـی کـە گۆڕەپانـی سیاسـی لەبارتـرە بۆیـان،[3] واتـە حکومەتـی سـوریا ترسـی لـەوە هەبـوو کـە ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان خواسـتی داواکارییەکانـی کـورد لـە وڵاتەکـەی بـەرز بکاتـەوە لـە کاتـی دانوسـتانەکانیان لەگـەڵ حکومـەت لـە بـارەی خۆبەڕێوەبـەری. لـەم بارەیـەوە وەلیـد موعـەلم وەزیـری دەرەوەی سـوریا لـە (٢٠١٧/٩/٢٥) ڕایگەیانـد: (حکومەتـی سـوریا ئامادەیـە بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ کـورد لـە سـەر خواسـتەکانیان بـە تایبەتـی لـە بـارەی خۆبەڕێوەبەریـی)، داواکارییەکانیشـیانی بـە شـیاوی ئـەوە زانـی دانوسـتانی لـە سـەر بکرێـت.[4] لـە خوێندنەوەمـان بـۆ لێکەوتەکانـی ڕیفرانـدۆم لـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان دەگەینـە ئـەم ئەنجامانـە:

---

(١) عبدالرضا عالیشایی و دیگران، سناریوهای استقلال کردستان عراق و امنیت ملی ایران، پژوهش نامه ایرانی سیاست بین الملل، سال (٨)، شماره (٢)، بهار و تابستان ١٣٩٩،ص٢٠٢.

http://ensani.ir/file/download/article/1626250979-9928-16-8.pdf

(٢) مصطفی قاسمی حیدری، اثرات استقلال خواهی اقلیم کردستان عراق بر انسجام ملی مناطق کردنشین ایران، فصلنامه مطالعات بین المللی، سال ١٨، شماره ١ (٦٩)، تابستان١٤٠٠،ص١٦٩ .

https://www.isjq.ir/article_118805.html

(٣) عبدالرحیم سعید، استفتاء کردستان و اثره علی سوریة و المنطقة،مرکز جسور للدراسات، ترکیا، ٢٠١٧،ص١٧.

(٤) aljazeera، النظام السوري مستعد لمفاوضة الاكراد على الحكم الذاتي، ٢٠١٧/٩/٢٧

https://www.aljazeera.net/news/arabic/2017/9/27/

١. دابڕاندنـی هەرێمـی کوردسـتان لـە جیهانـی دەرەوە، ئەویـش لـە ڕێگـەی گەمارۆدانـی ئاسـمانی هەرێمـی کوردسـتان و وەسـتاندنی گەشـتە ئاسـمانیە دەرەکییەکانـی هەرێم،چ ئەوانـەی بـۆی دێـن، یـان ئـەو گەشـتانەی لێـوەی دەکرێـت.

٢. دەستبەسـەرداگرتنی کێڵگـە نەوتییەکانـی پارێـزگای کەرکـووک و ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێم.

٣. فتواکـەی عەلـی سیسـتانی مەرجەعـی بـاڵای شـیعەکانی عێـراق لـە ڕووی ناوخۆیـی و هەرێمیشـەوە کاریگـەری کـردە سـەر زیاتـر دژایەتیکردنـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان و دەسـتی دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی فیـدڕاڵ و حزبـە سیاسـی و گروپەکانـی حەشـدی شـەعبی زیاتـر واڵا کـرد بـە مەبەسـتی زیادبوونـی دژایەتییـان و پەلاماردانـی هەرێمـی کوردسـتان.

٤. ڕاگرتنـی مامەڵـە دارایـی و بانکییـەکان لەگـەڵ هەرێـم، بـە مەبەسـتی زیاتـر گوشـار خسـتنە سـەر هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕووی ئابوورییـەوە.

٥. گوشارخستنەسـەر هەرێمـی کوردسـتان و دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی هەرێـم بـە مەبەسـتی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجامەکانـی ڕیفرانـدۆم لـە بەرانبـەر دەسـتپێکردنی گفتوگۆکانـی نێوانیـان. ئەویـش بـە مەبەسـتی ئـەوەی لـە ڕووی یاساییەوە ڕیفرانـدۆم نەتوانـرێ کاری پـێ بکرێـت.

٦. پەلاماردانـــی کەرکـــووک و ناوچـــە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیـــدارەی هەرێـــم و داگیرکردنـــی ئـــەو ناوچانـــە لـــە ڕووی جیۆپۆلیتیکییـــەوە، زیانێکـــی گـــەورە بـــوو بـــۆ هەرێـــم، چونکـــە ڕووبەرێکـــی فراوانـــی لـــە هەرێـــم دابـــڕی کـــە گرنگـــی ئابـــووری گـــەورەی بـــۆ هەرێـــم هەبـــوو، بـــە تایبەتـــی لـــە ڕووی دەوڵەمەندییـــان بـــە ســـەرچاوە سروشـــتییەکان.

٧. کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی بـە گشـتی و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا بـە تایبەتـی لـە کاتـی پەلاماردانـی هەرێـم لـە لایـەن سـوپای عێـراق و گروپەکانـی حەشـدی شـەعبی بێلایەنیـان هەڵبـژارد، ئەمـەش هـۆکار بـوو بـۆ پاشەکشـێی پێشـمەرگە لـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم.

٨. ئامانجـی پەلاماردانەکانـی سـوپای عێـراق و حەشـدی شـەعبی، بریتـی بـوو لـە دەسـتگرتن بـە سـەر سێگۆشـەی سـنووری (هەرێـم - تورکیـا - سـوریا)، بۆئـەوەی زیاتـر هەرێـم لـە ڕووی جیۆپۆلیتیکییـەوە گۆشـەگیر بکـەن و لـە ڕووی ئابووریشـەوە دەسـت بـە سـەر گەورەتریـن دەروازەی سـنووریی هەرێـم دا بگـرن.

٩. هەڵوێسـتی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان کـە بـە بەردەوامـی پاڵپشـتیکردنی لـە ڕیفراندۆمی هەرێـم ڕەتدەکـردەوە، زیاتـر هانـدەر بـوو حکومەتـی عێـراق و گروپەکانـی حەشـدی شـەعبی و تورکیـا و ئێـران هەڕەشـەکانیان لـە بەرانبـەر هەرێـم بخەنـە بـواری جێبەجێکـردن.

١٠.ئـەو هاوپەیمانێتیـە سـەربازییەی ئێـران لەگـەڵ تورکیـا و عێـراق دروسـتی کردبـوو، بـە مەبەسـتی گەمارۆدانـی هەرێـم بـوو، بـە تایبەتـی لـە ڕووی سیاسـی و ئابووریـی و سـەربازییەوە.

# باسی سێیەم

## سیناریۆکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان

بابەتی سەربەخۆیی هەرێم پەیوەندی بە کاتەوە هەیە و گەلی کورد گەیشتووەتە قۆناغێک کە ناکرێ بێ کیان بەم شێوەیە بەردەوام بێت، چونکە ئێستا خاوەن حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەی سەربازی و ئاسایشی و پەیوەندی نێودەوڵەتییە و هەروەها لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و ڕووداوەکانی (١٦) ئۆکتۆبەر و دەستبەسەرداگرتنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیداریی هەرێم لە لایەن هێزە عێراقیەکانەوە، ئایندەی هەرێم ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبێتەوە، کە لە چەند خاڵێک دا ئاماژەی پێ دەکەین.

**یەکەم: گۆڕانی سنوورە جوگرافی و ئیدارییەکان لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی**

لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و ڕووداوەکانی (١٦) ئۆکتۆبەر، سنووری جوگرافی و ئیداریی هەرێم تا ڕادەیەکی زۆر گەڕایەوە بۆ پێش جەنگی ئازادی عێراق لە مانگی(٤)ی ساڵی (٢٠٠٣)، هەر بۆیە جەنگ و ململانێی سیاسی کورد لە دوای ئەو ڕووداوانەوە بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە دەبێت، کە ئەمەش کارێکی ئاسان نابێت.

**دووەم :پەرتەوازەیی نێو ماڵی کورد**

هەرێمی کوردستان گیرۆدەی جیاوازییە سیاسی و ئیداری و حزبیەکانە و تاکو ئێستاش سیستەمی دوو ئیدارەیی کۆتایی پێ نەهاتووە و ڕۆژ دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە، ئەمەش زیانێکی زۆر بە پرسی سەربەخۆیی هەرێم و هەروەها هۆکاری دووبەرەکی دەبێت لە نێو کورد دا. هەرچەندە کۆمەڵگای کوردستانیش بە گشتی

پشـــتگیری لـــە ســـەر مافـــی بڕیاردانـــی چارەنـــووس و بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی دەکات، بـەڵام لـە سـەر ئاسـتی حزبـی بۆچوونـی جیـاواز هەیـە، هـەروەک لـە کاتـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـش بۆچوونـی جیـاواز لـە نێـوان پارتـە سیاسـییەکان دا هەبـوو، بـە تایبەتـی لـە نێـو یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و بزووتنـەوەی گـۆڕان و کۆمەڵـی ئیسـلامی کوردسـتان.

## سێیەم: کاریگـەری دەوڵەتانی دراوسـێ ( تورکیـا، ئێـران) و گەمارۆدانـی جوگرافـی هەرێـم

دەوڵەتانـی دراوسـێ هەرێمـی کوردسـتان، تورکیـا بـە هـۆی کاریگـەری لـە سـەر هەولێـر و دهـۆک و ئێـران لـە سـەر سـلێمانی و هەڵەبجـە و دەڤـەری ڕاپەریـن و گەرمیـان، هەوڵـی پارچەپارچـە کـردن و قووڵکردنـەوەی جیاوازییەکانـی نێـو ماڵـی کـورد و لاوازکردنـی هەرێـم دەدەن بـە مەبەسـتی ڕێگـری کـردن لـە دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی. واقیعـی جیۆپۆلیتیکـی هەرێمیـش دەرئەنجامـی ئـەو نالەباریـی جوگرافیایـە کـە لـە نێـوان تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـوریا دایـە و لەگـەڵ دژایەتـی ئـەم دەوڵەتانـە بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان و بوونـی قووڵایـی کوردسـتان لـە نێـو سنووری سیاسـی وڵاتانـی تورکیـا و ئێـران و سـوریا و نەبوونـی دەروازەیەکـی سـنووریی دەریایـش، وایکـردووە نەتوانرێـت دەوڵەتـی سـەربەخۆ دابمەزرێـت، هـەر بۆیـە هەرێـم ڕووبـەڕووی کۆمەڵـە بەربەسـتێک دەبێتـەوە لـە هاتوچـۆی کاڵا و ئاڵوگـۆڕیـی بازرگانـی کـە هـەر لـە ڕێگـەی ئـەو دەوڵەتانەوەیـە کـە دژایەتـی سـەربەخۆیی هەرێـم دەکـەن.

## چوارەم: پشتگیری نێودەوڵەتی

لەگـەڵ لەناوچوونـی حکومەتـی بەعـس لـە سـاڵی (٢٠٠٣) و ئـەو گۆڕانکاریانـەی لـە عێـراق دا ڕوویـدا، بـەڵام سنوورە جوگرافییەکـەی وەک خـۆی ماوەتـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنیـت کـە دەوڵەتانـی زلهێـز تاکـو ئێسـتا لەگـەڵ ئـەوەن واقیعـی سـایکس بیکـۆ وەکـو خـۆی بمێنیتـەوە و دەسـتکاری نەکرێـت، هـەر بۆیـە پشـتیوانیان لـە ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێـم نەکـرد. بەریتانیـا و ئەمریـکا لـە کاتـی نووسـینەوەی دەسـتووری نوێـی عێـراق دا ڕۆڵـی سـەرەکیان هەبـوو، بۆئـەوەی دەسـتوور کـورد لـە چوارچێـوەی

عێراقێکـی بـە نـاو فیـدڕاڵ و لـە بنـەڕەت ناوەندیـدا بهێڵێتـەوە. لەسـەر بنەمـای ئـەو ئاسـتەنگ و دەرەفەتانـەی ڕووبـەڕووی هەرێمـی کوردسـتان بووەتـەوە، کۆمەڵـە سـیناریۆیەک بـۆ ئاینـدەی هەرێـم دەخەینـەڕوو:

### ا سیناریۆی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێم:

واتـە دابەشـکردنی عێـراق بـۆ سـێ بـەش (باکـوور، ناوەڕاسـت، باشـوور) و دروسـتکردنی سـێ قـەوارەی خۆبەڕێوەبـەری لـە ژێـر چاودێـری یـەک دەوڵەتـی دەسـت و پـێ بەسـتراو دا، چونکـە حوکمڕانـی عێـراق زۆر ئاسـانترە بـە سـێ بـەش بەڕێوەبـبرێ و کەمـتر چەوسـانەوەی تێـدا دەبـێ وەک ئـەوەی یـەک قـەوارە بێـت. ڕاسـتە دابەشـبوونی عێـراق بـۆ سـێ هەرێمـی (سـوونی و کـورد و شـیعە ) لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لایەنگـری هەیـە، بـەڵام لـە پراکتیکـدا بـە هـۆی پەرتەوازەیـی دانیشـتوانەوە، جێبەجێکردنـی زۆر سـەختە.[١] لـە حاڵەتـی ڕازیبوونـی دەوڵەتانـی زلهێـزی وەکـو ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و دەوڵەتانـی هەرێمـی بـە تایبەتـی تورکیـا و ئێـران، بـەڵام ئـەم دابەشـبوونە چەندیـن گرفتـی لـێ دێتـە پێـش کـە ئەوانیـش بریتیـن لـە:

١. هەرچەنـدە مـاددەی (١٤٠) هەوڵێکـی دەسـتوریی و میکانیزمێکـی نـەرم بـوو بـۆ یەکلاییکردنـەوەی کێشـەی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، بـەڵام شکسـتی هێنـا، ئەویـش لـە بـەر لایەنـی عەرەبـی کـە هـەر هەوڵێـک بـۆ گەڕانـەوەی ئـەو ناوچانـە بـە خیانـەت لـە پـرۆژەی ناسیۆنالیسـتی عەرەبـی دادەنێـن، هەروەهـا عـەرەب پێیانوایەبـۆ ڕێگـری کـردن لـە جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان، پێویسـتە ڕێگـری لـە جێبەجێکردنـی ماددەکـە بکـەن. ئەمـە جگـە لـەوەی کێشـەی ئابـووری دەبێتـە بەربەسـت لەبـەردەم ئـەم سـیناریۆیە، چونکـە دابەشـبوونی سـامانە سروشـتییەکان بـە شـێوەیەکی یەکسـان نیـە.

---

(١) ارسلان قربانی شیخ نشین و اکرم قدیمی، بررسی راهبردی سیاست خارجی آمریکا در کردستان عراق و امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه راهبرد، سال بیست و یکم، شماره ٦٢، بهار ١٣٩١،ص٧٦.

file:///C:/Users/USER23/Downloads/25013916203.pdf

٢. دەستووری عێراق ئەو بوارەی تێدایە کە هەر یەک لە ناوچە شیعی و سوونیەکان خاوەن دامەزراوەی حوکمی خۆماڵی تایبەت بە خۆیان بن و هەروەها ئەو مەسەلانەی بوونەتە هۆی ناکۆکی چارەسەر دەکات و زامنێک دەبێ بۆ فراوان نەبوونی شەڕی ناوخۆیی لە عێراق، ئەویش بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەی خاک و دابەشکردنی داهاتی نەوت و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، بەڵام ئەم سیناریۆیە نیگەرانیی هەرێمی و نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، هەروەک هەلێک بۆ ئێران دەڕەخسێت دەسەڵاتی بە سەر باشووری بە نەوت دەوڵەمەند دا بسەپێنێت، بۆیە ئەمە جێگای سەرنجی ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێت.

٣. پلانی ڕاستەقینەی بایدنیش ئەوە بوو عێراق لە ژێر سایەی حکومەتێکی ناوەندی لە بەغدا بمێنێتەوە، بەڵام سێ هەرێمی خۆبەڕێوەبەری دابمەزرێت. هەروەها ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکیش لە (٢٠١٧/٩/٢٦) ڕەزامەند بوو لە سەر پرۆژە بڕیارە ناپابەندەکە کە پلانی دابەشکردنی عێراقی لە خۆ گرتبوو.

لەو بڕگەیەی بڕیارەکەش کە تایبەتە بە دابەشبوونی عێراق هاتووە:

١. دامەزراندنی عێراقێک کە لە سێ هەرێم پێکهاتووە.

٢. سێ هەرێمەکە (شیعە، سوونە، کورد) خاوەن خۆبەڕێوەبەریەکی تەواو دەبن، لەگەڵ حکومەتێکی ناوەندی لە بەغدا کە دەسەڵاتەکانی دیاریکراو بن.

٣. حکومەتی ناوەندی بەرپرسیار دەبێ لە بەرژەوەندییە هاوبەشە ڕاستەقینەکان: پارێزگاری لە سنوورەکان، سیاسەتی دەرەکی، بەرهەمهێنانی نەوت و داهاتەکان.

٤. حکومەتی هەرێمەکانی ( کورد، سوونە، شیعە) بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکان.

٥. هەروەها لە پرۆژە بڕیارەکەدا (٢٠٪)ی داهاتی بەرهەمهێنانی نەوت تەرخانکراوە بۆ هەرێمی سوونە.[١]

---

(١) بۆ زیاتر:

١- بڕیار ئیسماعیل محەمەد، سیناریۆکانی ئایندەی دەوڵەتی عێراق دابەشبوون ، جەنگ، پێکەوەژیان، گۆڤاریی جۆرناڵ، ژمارە ١، نیسانی ٢٠١٦، ل٧٦.

**ب وازهێنان لە پێکهێنانی دەوڵەت:**

هەروەک ئاشکرایە، پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان لە سنوورەکانی دەوڵەتانی دراوسێ هەرێم نە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە پێشوازی لێ دەکرێت و نە پاڵپشتیش دەکرێت، بگرە بە پێچەوانەوە هەوڵی دژایەتیکردن و شکستپێهێنانی دەدەن، هەروەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم بە هۆی ئەو پیلانگێڕیانەوە بوو کە دەوڵەتانی دراوسێ لە (١٦)ی ئۆکتۆبەر بەرانبەر هەرێم ئەنجامیاندا، ئەمە جگە لە ترسی زیاتری هەرێم لە گەمارۆدان و دروستکردنی قەیرانی ئابووری لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە، بۆیە لە دۆخێکی وەها دا هەرێم دەبێت بۆ ماوەیەک واز لەو پرسە بهێنێت و چاوەڕوانی دەرەفەتی نوێ بکات.

**ج جێگیربوونی فیدڕاڵی و بەردەوامبوونی دۆخی ئێستا:**

کورد دوای ساڵانێکی زۆر لە شۆڕش و قوربانیدان توانی هەرێمێکی فیدڕاڵی دابمەزرێنێت و لە نێو دەستووری عێراقیشدا پەسەند بکرێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

١. پێویستە هەرێم لە هەوڵی پاراستن و جێگیربوونی ئەو کیانە فیدڕالییە دا بێت، سەرکردایەتی کوردیش گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی نە حکومەتی فیدڕاڵ ڕێگە بە سەربەخۆیی هەرێم دەدا و نە دەوڵەتانی هەرێمیش و هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش پاڵپشتی ناکەن.

٢. ئێستا فیدرالیزم بۆ کورد ڕێگایەکە بۆ جیاکردنەوەی خۆی لە دەسەڵاتی بەغدا و دڵنیابوونە لەوەی عەرەب جارێکی تر نەتوانن دەسەڵاتی خۆیان بە سەر هەرێم دا بسەپێنن.

---

https://en.calameo.com/read/006071056ac412d82128c

٢- لیام ئەندەرسن و کاریث ستانسفێلد، ئایندەی عێراق، و : کامیار سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٨، ل٣٥٠.

3- Max Fisher, "Why DC loves Biden›s terrible plan to divide Iraq",2015. https://www.vox.com/2015/8/5/9097133/iraq-biden

٤- رهاب نوفل، مشروع مقاومة تقسیم العراق و تفتیته، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ٢٠١٥.

٣. ئـەم تاکـە هەرێمـە فیدراڵییـە بـێ کێشـە نیـە، بـە تایبەتـی لـە نەبوونـی یاسـای نـەوت و غازلـە سـەر ئاسـتی حکومەتـی عێـراق و دابەشـکردنی داهاتـەکان و کێشـەی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم کـە وای کـردووە بـەردەوام هەرێـم و حکومەتـی فیـدڕاڵ ناکۆکییـان هەبێـت.

٤. مانـەوەی هەرێمـی کوردسـتان وەکـو هەرێمێکـی فیدڕاڵـی پاڵپشـتی دەسـتوری و نێودەوڵەتـی هەیـە، بـەڵام ئـەم هەرێمـە تەنیـا لـە چوارچێـوەی سـنووری پارێزگاکانـی (هەولێـر، سـلێمانی، دهۆک،هەڵەبجـە) دایـە.

د‌ **سیناریۆی سیستەمی کۆنفیدڕاڵی:**

بـە هـۆی دژایەتـی و دانپێدانەنانـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی بـە سـەربەخۆیی هەرێـم، بۆیـە پێشـبینی دەکرێـت هـەردوو لایـەن (هەولێـر، بەغـدا) شـێوازێکی دیکـە بـۆ پەیوەندییەکانـی نێوانیـان بدۆزنـەوە کـە ئەویـش ڕێککەوتنـە لـە سـەر سیسـتەمی کۆنفیدڕاڵـی، لـەم بارەیـەوە پێویسـتە ئامـاژە بـە چەنـد ڕاسـتییەک بدەیـن:

١. بـە هـۆی پەیڕەوکردنـی ئـەم سیسـتەمەوە، هەرێـم زیاتـر دەسـت کـراوە دەبـێ بـۆ چۆنێتـی ڕەفتـار کـردن لەگـەڵ دەرامەتەکانـی و هەروەهـا مافـی دەبـێ لـە بەسـتنی پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی بـە بـێ گەڕانـەوە بـۆ بەغـدا و بونیادنانـی دامـەزراوە ئاسایشـی و سـەربازییەکانی و پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی یەکـتر.

٢. ڕێگرییەکانـی بـەردەم ئـەم سـیناریۆیە گەورەیـە، بـە تایبەتـی لـە ڕووی شـێوەی ئـەم سیسـتەمە کـە هـەردوو لایـەن پێـی ڕازی بـن، حکومەتـی فیدڕاڵیـش ڕاسـتەوخۆ بـەم داواکارییـە ڕازی نابێـت، چونکـە هەنگاوەکانـی هەرێـم بـەرەو سـەربەخۆیی خێراتـر دەکات.

٣. ئـەم سـیناریۆیە بـۆ عێـراق لاوازە، ئەویـش بـە هـۆی ئـەوەی ئەندامانـی دەوڵەتـی کۆنفیدراڵـی پێویسـتە پێشـوەختە سـەربەخۆبوبن، ئێسـتا تاکـە دەوڵـەت کـە هەیـە، دەوڵەتـی عێراقـە. دەوڵەتـی کۆنفیدڕاڵـی پێویسـتی بـە هەبوونـی هاوسـەنگی سیاسـی و ئابوورییـە لـە نێـوان ئەندامانـی.

٤. ئەگـەر سیسـتەمی کۆنفیدڕاڵـی پیـادە بکرێ، دەبێـت یـان دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بیـت،

یـان هەرێمێـک بیت وابەسـتەی هیـچ سیسـتەمێکی دەسـەڵاتی ئیتیحـادی نەبـی. ئایـا هەرێمـی کوردسـتان سـەربەخۆیە؟ بێگومـان نەخێـر.(١)

لێـرەدا دەکـرێ ئامـاژە بـەوە بدەیـن، ئـەوەی لـە هەرێمـی کوردسـتان دەگـوزەرا، پێـش ڕیفرانـدۆم و ڕووداوەکانـی (١٦)ی ئۆکتۆبـەر بوونـی هەرێمێـک بـوو لـە سـەرووی فیدڕاڵـی و لـە خـوار کۆنفیدڕاڵـی.

**هـ. سیناریۆی پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧:**

لـە دۆخێـک دا گـەر هەرێـم بـە بـێ ڕەزامەندبوونـی دەوڵەتـی عێـراق و پشـت بەسـتن بـە ئەنجامەکانـی ڕیفرانـدۆم سـەربەخۆیی ڕابگەیەنێـت، ئـەوا لـەم دۆخـەدا پێویسـتە ئامـاژە بـە چەنـد لایەنێـک بکەیـن:

١. هەرێـم و عێـراق تووشـی تەنگەژەیەکـی جیۆپۆڵیتیکـی دەبـن و چـاوەڕوان دەکرێـت ناکۆکـی نێـوان هـەر دوولا پێکدادانـی لـێ بکەوێتـەوە، بـە تایبەتـی لەگـەڵ گروپەکانـی حەشـدی شـەعبی و دواتریـش سـوونەکان.

٢. لـەم سـیناریۆیەدا، پێویسـتە دوو ڕەهەنـد لـە پێـش چـاو بگیرێـت، لەوانـە ڕەهەنـدی دەرەکـی کـە پەیوەنـدی بـە هەڵویسـتی دەوڵەتـی عێـراق و وڵاتانـی هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەوە هەیـە کـە ڕێگـری دەکـەن لـە سـەرکەوتنی ئـەم سـیناریۆیە و هەروەهـا ڕەهەندێکـی ناوخۆیـی کـە پەیوەنـدی بـە پایەکانـی دەوڵەتدارێتییـەوە هەیـە لـە هەرێـم.

٣. چڕکردنـەوەی کاری دیپلۆماسـی بـە مەبەسـتی کۆکرنـەوەی پشـتگیری بـۆ دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان، بـە تایبەتـی دەوڵەتانـی ئەوروپـی و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان

---

(١) بۆ زیاتر :

١- عبدالرحیم سعید، استفتاء کردستان و اثره علی سوریة و المنطقة،المصدر السابق، ص١٥.

٢- کاروان نجـات عمـر، هەرێمـی کوردسـتان لـە نێـوان فیدڕاڵـی و کۆنفیدراڵـی، توێژینەوەیەکـی یاسـاییە دەربـارەی چارەنووسـی هەرێمـی کوردسـتان لـە نێـوان بـژاردەی مانەوە لـە چوارچێـوەی عێراقـی فیدڕاڵ یـان پەیرەوکردنـی سیسـتەمی کۆنفیدراڵـی، ٢٠١٧، ل٦.

https://drive.google.com/file/d/0B8aBSkY6LcuqeldQYmpoQnlpUGc/view?resourcekey=0-SROzGmTbtEkKV2L95ydnyA

و نەتەوەیەکگرتـووەکان و سـوود وەرگرتـن لـەو بڕیـارە نێودەوڵەتییانـەی کـە پێشـتر تایبـەت بـە هەرێـم دەرچـووە، لەوانـە بڕیـاری ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی ژمـارە (٦٨٨)ی سـاڵی (١٩٩١) کـە تایبـەت بـوو بـە نـەوای ئـارام بـۆ گەلـی کـورد و هەروەهـا دۆسـیەی جینۆسـایدی گەلـی کـورد.[١]

٤. لەگـەڵ دژایەتیکردنـی هــەر یـەک لـە دەوڵەتانـی تورکیـا و ئێـران و عێـراق بـۆ سـەربەخۆیی هەرێـم بـەڵام لـە ئەگـەری گۆڕانکاریـی لـە دۆخـی ئـەو دەوڵەتانـە، ئـەوا پشـت بەسـتن بـە کارتـی ڕیفرانـدۆم ئاسـانتر دەبێـت.

٥. ئـەم سـیناریۆیە گـەر بـە بـێ کەرکـووک و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بێـت، ئـەوا پشـت پێبەسـتنی مەحاڵـە.

و **سیناریۆی دووبارە داڕشتنەوەی ناوچەکانی هەژموون لە لایەن زلهێزەکان:**

هەنوکـە زلهێزەکانـی جیهـان لەگـەڵ هێـزە هەرێمییـەکان لـە کەیـن و بەینـی نوێـدان و چەنـد کۆسـپێک لـە بەردەمیاندایـە بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆژەکانیـان، ئـەو کۆسـپانە نەمێنـێ، ئـەوا کار لـە سـەر ڕێککەوتنێکـی نـوێ دەکـەن، ئـەو کۆسـپانەش بریتیـن لـە:

١. ڕێککەوتننامـەی ڤیەننـا کـەوا ئێـران دەبـێ ڕازی ببێـت و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان دەبـێ دەسـتبەردار بێـت.

٢. کێشـەی نێـوان سـعودیە و ئێـران، ئێـران لەگـەڵ هەندێـک لـە دەوڵەتانـی کەنـداو، ئەمانـە دەبـێ چارەسـەر بکرێـن.

٣. کێشـەی حوسـییەکانی یەمـەن و سـوریا و حزبـوڵای لوبنـان، ئەمـان دەبـێ چارەسـەریان بـۆ بدۆزرێتەوە.

دەتوانیـن بڵێـن ئـەم کێشـانە ئەگـەر چارەسـەریان بـۆ دۆزرایـەوە، ئـەو کاتـە هەمـوو دەوڵەتـە هەرێمییـەکان ئامادەن لەگـەڵ دۆخـی ئێسـتای ناوچەکـە بـە پێـی بەرژەوەندییـە

(١) بۆ زیاتر :
المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، تقدير موقف :اقليم كردستان العراق ...هل هي سياسة فرض الامر الواقع، وحدة تحليل السياسات في المركز العربي، يوليو ٢٠١٤، ص ٦ .

هاوبەشەکانیان لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان ڕێککەوتنێکی نوێ بکەن. ئەم ڕێککەوتنە نوێیە لە لایەک بەرژەوەندییە ئابووری و ئاسایشی دەوڵەتە گەورەکانی جیهانی تێدا دەبێت، لە لایەکی تریش بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی هەرێمی و سەنترالیزبوونیانی تێدا دەبێت، چونکە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان کێشەی ناوەندیان نیە، بەڵکو دەوڵەتە هەرێمییەکان کێشەی سەنترالیزمی دەسەڵاتیان هەیە. ئەمە ئەگەر وا بێت، ئەوا لە سەر کەوڵی نەتەوەی کورد دەبێت دیسان، چونکە بە درێژایی مێژوو هەر ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی یان هەرێمی کرا بێت، کورد نەیتوانیوە بیگۆڕێت و باجەکەشی پێش گەلانی تر کورد داویەتی، بەتایبەتی ئێستا کە پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی (٢٠٢٣)سەد ساڵەکەی تەواو دەکات. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین، ئەزموونی فیدراڵی لە ناو ناچێت، بەڵام سنووردار و بچووک دەبێتەوە. بە تایبەتی لەبەرئەوەی ئێستا ئەو شەڕەی دەکرێت لە جیهاندا شەڕی بەوەکالەتە و زلهێزەکانی جیهان ناتوانن ڕووبەری یەکتر ببنەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، چونکە خاوەن چەکی ئەتۆمین، هەروەک ئەو جەنگەی ڕووسیا لە ئۆکرانیا ئەنجامی دەدات.

لە کۆتایی ئەم بەشەی توێژینەوەکەماندا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١. جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ژمارەی دەنگدەران و ژمارەی بەشداربووان لە ڕیفراندۆم دا هەبوو بە تایبەتی لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر.

٢. دوو ئیدارەیی کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم هەبوو، ئەو شوێنانەی پارتی دیموکراتی کوردستان تیایدا باڵا دەستە، ڕێژەی دەنگی بەڵێ زیاترە لەو شوێنانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تیایدا باڵا دەستە، ئەو شوێنانەشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تیایدا باڵا دەستە، ڕێژەی دەنگی نەخێر زیاترە لەو شوێنانەی پارتی دیموکراتی کوردستان تیایدا باڵا دەستە.

٣. دابڕاندنی هەرێمی کوردستان لە جیهانی دەرەوە، یەکێک بوو لە لێکەوتە کاریگەرەکانی ڕیفراندۆم، ئەویش لە ڕێگەی گەمارۆدانی ئاسمانی هەرێمی کوردستان و وەستاندنی گەشتە ئاسمانیە دەرەکییەکانی چ ئەوانەی بۆی دێن یان ئەو گەشتانەی لێوەی دەکرێت.

٤. دەستبەسەرداگرتنی کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کێڵگە نەوتییەکانی ئەو ناوچانە، زیانێکی گەورەی جیۆپۆلیتیکی بوو بۆ هەرێمی کوردستان.

٥. سیناریۆی سیستەمی کۆنفیدڕاڵی هەرێمی کوردستان، ڕێگرییەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە گەورەیە بە تایبەتی لە ڕووی شێوەی ئەم سیستەمە کە هەردوو لایەنی حکومەتی عێراق و هەرێمپێی ڕازی بن، حکومەتی فیدڕاڵیش ڕاستەوخۆ بەم داواکارییە ڕازی نابێت، چونکە هەنگاوەکانی هەرێم بەرەو سەربەخۆیی خێراتر دەکات.

٦. ئێستا زلهێزەکانی جیهان لەگەڵ هێزە هەرێمییەکان لە کەین و بەینی نوێدان و چەند کۆسپێک لە بەردەمیاندایە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان، ئەو کۆسپانە نەمێنێ، ئەوا کار لە سەر ڕێککەوتنێکی نوێ دەکەن. ئەم ڕێککەوتنە نوێیە لە لایەک بەرژەوەندییە ئابووریی و ئاسایشی دەوڵەتە گەورەکانی جیهانی تێدا دەبێت، لە لایەکی تریش بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی هەرێمی وسەنتراڵیزبوونیانی تێدا دەبێت، ئەمە ئەگەر وا بێت، ئەوا لەسەر کەوڵی نەتەوەی کورد دەبێت.

لە دوو توێی ئەم تێزەمان لە بارەی ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکیەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق گەیشتینە کۆمەڵە ئەنجامێک و هەروەها ڕاسپاردەی پێویستیشمان هەن کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

# ئەنجامەکان

١. مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس لەسـەر بنەمـای پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بڕیـاری ئۆرگانـە سـەرەکییەکانی خـۆی و چەندیـن پەیماننامــەی نێودەوڵەتـی کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان داینـاون، سـەرچاوەی گرتـووە، لەگـەڵ پراکتیزەکردنـی زانسـتی و کاریگەرانـەی لەلایـەن گەلانـی جیهانـەوە، بـەڵام پراکتیزەکردنـی پرەنسـیپی مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی گـەلان لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی ڕوخسـارێکی یاسـایی وەرنەگرتـووە، بەڵکـو لـە چوارچێوەیەکـی سیاسـی دا ماوەتـەوە، چونکـە دەوڵەتـە زلهێزەکانـی جیهـان بـە پێـی بەرژەوەندییـە جیۆپۆلیتیکییەکانـی خۆیـان ئـەو مافانەیـان بـە گـەلان ڕەوا بینیـوە.

٢. بـە گوێـرەی هـەردوو تیـۆری ماکنـدەر و سـپایکمان، هەرێمـی کوردسـتان شـوێنێکی سـتراتیجی گرنگـی هەیـە بـە ناوچـەی ململانـێ و چاوتێبڕیـن و بەرژەوەنـدی زلهێــزەکان و یەکلاکردنــەوەی کێشــەکانیان دادەنرێــت، بەڵامئــەم تیۆرانــەی جیۆپۆلیتیـک لـە ڕووی چەمکـەوە کۆنـن و زیاتـر مێژوویـن و یەکلاکـەرەوە نیـن بـۆ کاریگـەری جوگرافیـا لـە سـەر سروشـتی سیاسـی و بەرژەوەنـدی و کارلێککـردن لـە نێـوان دەوڵەتــەکان.

٣. نــەوت و گاز چەنــدە پرۆژەیەکــی ئابــووری و بازرگانیــە، هێنــدەش پرۆژەیەکــی جوگرافـی و سیاسـی نێودەوڵەتییـە. لـە ڕێـگای نـەوت و گازەوە هەرێمـی کوردسـتان دەکەوێتـە نێـو هاوکێشـە ڕامیارییـە ئابوورییەکانـی جیهـان. نـەوت و گاز پێگـەی جیۆئیکۆنۆمیکـی هەرێمیـان بەهێـز کـرد و هـۆکار بـوون بـۆ بەهێزبوونـی پەیوەندییـە سیاسـییەکان و کردنـەوەی چەندیـن قونسـوڵخانەی وڵاتـان.

٤. ناوچــە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ئیــدارەی حکومەتــی هەرێــم، ئــەم ناوچانــە خاڵــی بەهێــزی جیۆپۆلیتیکــی هەرێمــی کوردســتانن، هــەر بۆیــە هێــزە هەرێمــی و ناوخۆییەکانــی عێراقیــش دژایەتــی لکاندنــی ئــەو ناوچانــە بــۆ ســەر هەرێــم دەکــەن، چونکــە گەڕانــەوەی ئــەم ناوچانــە بــە بنەمایەکــی بەهێــز دەزانــن بــۆ دەســتگرتن بــە ســەر ســەرچاوەکانی وزە لــە لایــەن هەرێــم و هەڵکشــانی ســەنگی جیۆپۆلیتیکــی هەرێــم و هەروەهــا بــە هەڕەشــە بــۆ ســەر یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق و دەوڵەتانــی دراوســێ دەزانــن.

٥. پێکهێنانــی دەوڵەتــی عێــراق لــە ســاڵی (١٩٢١) و دواتــر لکاندنــی ویلایەتــی موســڵ بــەو دەوڵەتــەوە لــە لایــەن بەریتانیــاوە پــاش جەنگــی جیهانــی یەکــەم، ئامانــج لێــی گۆڕانکاریــی جیۆسیاســی بــوو بــۆ مســۆگەرکردنی بەرژەوەندییــە ئابوورییەکانــی ئینگلیــز، بــە بــێ ڕەچاوکردنــی ناســنامەی نەتەوەیــی و مەزهەبــی کــە هــۆکاری دەرکەوتنــی قەیرانێکــی جیۆپۆلیتیکــی بــەردەوام بــوو.

٦. دروســتبوونی سیســتەمی تــاک جەمســەریی لــە ســەرەتای نــەوەدەکان، بــووە هــۆکاری دووبــارە ڕێکخســتنەوەی پێکهاتــە جیۆپۆلیتیکییەکانــی سیســتەمی نوێــی جیهــان، لــەم سیســتەمە هەژموونیــەدا، تــەواوی ڕووبــەری جوگرافــی جیهــان بــە ناوچــەی ســتراتیژی یــان کۆمەڵێکــی ئاسایشــی ســەرەکی هەژموونــی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا دەناسرێــن کــە دواتــر کوردیــش ســوودێکی گــەورەی لــەم گۆڕانــکاری و سیســتەمە نوێیــەی جیهــان وەرگــرت، چونکــە دەســتێوەردانی مرۆیــی ئەنجومەنــی ئاســایش لــە ســاڵی (١٩٩١) و دەرکردنــی بڕیارنامــەی (٦٨٨) هــۆکاری کردنــەوەی ســنوورە داخــراوە جیۆپۆلیتیکییــەکان بــوو لــە بــەردەم هەرێــم و دواتریــش دامەزراندنــی پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لــە ســاڵی (١٩٩٢) پێگەکــەی بەهێــز کــرد.

٧. هێنانــی کۆمپانیــا نەوتییــە گەورەکانــی جیهــان بــۆ بەهێزکــردن و قایــم کردنــی پێگــەی هەرێمــی کوردســتان بــووە لــە ســەر ئاســتی نێودەوڵەتــی، بــە تایبەتــی لــە ڕووی ووزە و ئابــووری و دواتــر سیاســییەوە.

٨. بەشــداریکردنی ناوچــە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ئیــدارەی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لــە ڕیفرانــدۆم، گرنگــی و قورسـاییەکی گەورەتــری بەخشــییە پرۆســەکە،

چونکە پرسی ئەو ناوچانە بۆ هەرێمی کوردستان پرسێکی جیۆپۆلیتیکییە و گەر ئەو ناوچانە بۆ کورد بێت، ئەوا دەتوانێ سەربەخۆ بێت و بێ ئەو ناوچانە ناچارە لەگەڵ عێراق دا بمێنێتەوە.

٩. سیاسەتی هەرێمی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر بنەمای هاوسەنگی هێز و هاوسەنگی هەڕەشەکانە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام عێراق و تورکیا گرنگتر بوون بۆیان، هەر بۆیە لە دوا دواییەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، نەیدەویست بە پشتگیریکردنی ڕیفراندۆمی هەرێم، عێراق لە دەست بدات، بەڵکو دەیویست عێراق لەو بەرە هەرێمیە بێت کە ئەمریکا دروستی بکات لە دژی ئێران و زیادبوونی کاریگەری ڕووسیا لە ناوچەکە،بۆیە بەردەوام جەختی لە سەر هەرێم دەکردەوە ڕیفراندۆم ئەنجام نەدات و گەر ئەوان کورد نەپارێزن، ئەوا خۆتان ناتوانن و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرووی هەموو لایەنێکی تر دەبینێت.

١٠.هەڵوێستی ئیسرائیل لە بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێم لە دوو گۆشە نیگاوە دەکرێ بخوێنرێتەوە: یەکەمیان مێژووییە، چونکە جووەکان بەو ئازار و ئەزموونانە دا تێپەڕیوون کە کورد لە مێژوودا دووچاری بووە، بۆیە هاوسۆزیی و تێگەیشتنی زیاتریان لە خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی هەیە و دووەمیشیان وەکو کارتێکی سیاسی - جیۆپۆلیتیکییە و لێدانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقە لە ڕێگەی گەیشتنی ئیسرائیل بە سنووری ئەم دەوڵەتانە. هەروەها لەگەڵ ئەوەی بڕوا وا بوو نزیکبوونەوەی کورد لە ئیسرائیل لە ماوەیەکی درێژ دا هۆکار دەبێت بۆ پشتگیری کردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵام وا دەرنەچوو، بگرە لە بەرانبەر دا کاریگەرییە نەرێنیەکانی لە کۆکردنەوەی نەیارانی کورد و یەکگرتنیان دژی خواستی سەربەخۆیی کوردیی یەکخست، واتە هەڵویستی ئیسرائیل بە دژی کوردستان و ڕیفراندۆمەکەی کۆتایی هات و سوودی بۆ کوردستان نەبوو.

١١.واقیعی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان دەرئەنجامی نالەباریی جوگرافیایە کە لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا دایە و لەگەڵ دژایەتی ئەم دەوڵەتانە

بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بوونی قووڵایی کوردستان لە نێو سنووری سیاسی وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا و نەبوونی دەروازەیەکی سنووریی دەریایش، وایکردووە نەتوانرێت دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێت.

# ڕاسپاردەکان

١. توێژینـەوەی زیاتـر لـە بـارەی پرۆسـەی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان بکرێـت، چونکـە لـە ئێسـتا و داهاتووشـدا کاریگەریـی و لێکەوتەکانـی بەردەوامـی دەبێـت.

٢. پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم گـەر لـە کاتێکـی گونجـاو دا ئەنجامنەدرابێـت، بـەڵام دەبـێ سـەرکردایەتی هەرێمـی کوردسـتان ئـەم کارتـە لـە کاتێکـی گونجـاو دا بەکاربهێنێـت.

٣. بـە هـۆی قووڵایـی کوردسـتان لـە نێـو سـنووری دەوڵەتانـی (تورکیـا، ئێـران، عێـراق، سـوریا) هـەر هەنگاوێـک بـۆ سـەربەخۆیی بنرێـت، پێویسـتە پاڵپشـتیی دەرەکـی بەدەسـت بهێنرێـت، بەتایبەتـی پشـتگیری دەوڵەتانـی زلهێـزی لەگەڵدابێـت.

٤. هـەر هەنگاوێـک بـۆ سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان، پێویسـتە لـە سـەرەتادا کۆدەنگـی نیشـتمانی لەگەڵـدا بێـت، بـە تایبەتـی لـە سـەر ئاسـتی حزبـە سیاسـییەکان.

٥. ڕیفرانـدۆم لەگـەڵ ئـەوەی کارتێکی سیاسـییە، لـە هەمانکاتـدا بەڵگەنامەیەکـی مێژوویی و جوگرافییـە، پێویسـتە لـە کاتـی دانوسـتانەکانی حکومەتـی هەرێـم گـەڵ حکومەتـی عێـراق بـە تایبەتـی سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بەکاربهێنرێـت.

٦. کارکـردن لەبـارەی ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی جینۆسـاید لـەڕووی مێژوویـی و یاسـایی و زانسـتی و کۆمەڵایەتـی و کارکـردن بـۆ ئەرشـیف و دۆکیومێنت کردنیان و بەشـداریکردن لـە کۆنفرانـس و کۆنگـرە نێودەوڵەتییـەکان و ناوەنـدە زانسـتی و ئەکادیمییـەکان، واتـە جینۆسـاید وەك شوناسـی نەتـەوەی ببێتـە کارتێکـی فشـار و فاکتەرێکـی بەهێـز

بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ ئایندەی گەلی کوردستان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

٧. نەهێشتنی شوێنەوارەکانی دوو ئیدارەیی و بنەبڕکردنی کێشە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان، چونکە بنەمایەکی گرنگە بۆ هێزی هەرێم چ لە ناوخۆیی عێراق و لە کاتی دانوستانەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق هەروەها لە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتیشەوە.

٨. پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بە پشت بەستن بە سامانی نەوت و بازرگانیکردن و زۆر سەرچاوەی ئابووری دیکە، پاڵپشتی بیرۆکەی دروستبوونی لۆبی نەتەوەی کورد بکەن، بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاو ئەم هەنگاوەش دەبێتە پاڵپشتی بۆ گەیشتن بە سەربەستی و سەربەخۆیی.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم- سەرچاوەی کوردی:

### ا  کتێب:


- ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، مافی بڕیاردانی چارەنووس لە بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی(٢٠١٢).
- ئازاد نەقشبەندی، کەشوهەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان،هەولێر (١٩٩٨).
- ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی، هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلەتیکی توخمە سروشتیەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر (٢٠١٣).
- ئەنجومەنی ناوەندی، پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سلێمانی(٢٠١٨).
- بیلال سەعید و ئەوانی تر، سامانە سروشتییەکان و کاریگەرییەکانی، روانگەیەکی رۆژنامەوانی، ڕێکخراوی مەسەلە بۆ پرەپێدانی توانا مرۆییەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی فریاگوزاری گەلی نەرویج NPA))(٢٠١٢).
- بەڵگەنامەکانی شەشەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان – عێراق(٢٠١٧).
- بارزان جەوهەر سادق، حوکمداری لە قەیراندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر(٢٠١٨).

- بەرەو سەربەخۆیی(٢٠١٧)، دیدارە ڕۆژنامەوانیەکانی سەرۆک بارزانی (٢٠١٧/٦/٧-٢٠١٧/٩/٢٦)، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی خەبات، چاپخانەی رۆکسانا.
- پەرلەمانی کوردستان-عێراق، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق(٢٠٠٩).
- پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی (١٣)، هەولێر(٢٠١٠).
- جەمال، مافی چارەنوس دانان لە بەر ڕۆشنایی یاسای نێو وڵاتانی هاوچەرخ، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ٣ی ی.ن. ک، بە بێ شوێنی چاپ (١٩٨٣).
- خامۆش عمر عبداللە، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (٢٧)، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین (٢٠١٧).
- خەلیل ئیسماعیل محەمەد،ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان ڕاستی مێژوویی و هەڵکەوتەی جوگرافیاییدا، هەولێر (٢٠٢١).
- خامۆش عومەر، بەڵگەنامەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، هەولێر (٢٠١٨).
- دلۆڤان رمضان، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلان لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر(٢٠٢٠).
- دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥).
- سەباح موفیدی، بەدەوڵەت بوون و نامێژووی نەبوون، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێقەیرانەکان، سلێمانی (٢٠١٨).
- سەرتیپ جەوهەر، حیکایەتی ڕیفراندۆم، چاپی دووەم،بە بێ شوێنی چاپ(٢٠١٨).
- سید یەحیای صفوی، بنەماکانی جوگرافیای سەربازی، و: هاوڕێ یاسین محمدامین، سلێمانی(٢٠١١).
- سمکۆ محەمەد، دەوڵەت، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی(٢٠١٦).

- سیرجی. ج. ئیدمونـدز، و: مانـی (ئەبوبکر سالّح ئیسـماعیل)، کێشـەی کـورد، چاپخانەی ڕۆکسـانا، هەولێر (٢٠١٨).
- سـەلام عەبدولکەریـم، ژیانـی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان (١٩٧٥-١٩٩١)، سـەرهەڵدانی ڕەوتـی سۆسیالیسـتی و دروسـتبوونی حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان وەک نموونـە(٢٠١١).
- شـەماڵ قـادر منـەوەر، جیۆئیکۆنۆمیـک، جیۆئیکۆنۆمیکـی کوردسـتان لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا، هەولێـر (٢٠١٣).
- شـاکر خەسـباک ، کـورد و مەسـەلەی کـورد، و.ئەمجـەد شـاکەلی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنــەوەی ئـاراس، چاپـی دووەم، هەولێـر (٢٠٠٥).
- عەبدوڵلا عەتـەوی، دەوڵـەت و کێشـە نێودەوڵەتیـەکان، لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای سیاسـی، و. جـەزا تۆفیـق تالیب و ئەحمـەد عەلـی ئەحمـەد، چاپـی دووەم، چاپەمەنـی گەنج، سـلێمانی(٢٠٠٧).
- عەبـدوڵا عامـر عومـەر، بـەرزی و نزمـی ڕووی زەوی هەرێمـی کوردسـتان، جیۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، کتێبـی سـەنتەری برایەتـی، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان،هەولێر(١٩٩٨).
- عەتـا قەرەداخـی، چەمکـی دەوڵـەت و بزوێنـەری مێـژوو لـە کۆمەڵگـەی کوردییـدا، بڵاوکـراوەی ئـاراس ژمـارە ٣١١،هەولێـر (٢٠٠٤).
- غـازی عەلـی خورشـید، سـەبارەت بـە مافەکانـی مرۆڤ(هەشـت پەیماننامـەی سـەرەکی نەتەوەیەکگرتـووەکان سـەبارەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ، سـتۆکۆڵهم (٢٠١٠).
- فەرەیـدون کاکەیـی و ئەوانـی تـر، گیروگرفتـی ئـاو لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دا، کتێبـی یەکـەم، لـە بڵاوکراوەکانـی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سـلێمانی (٢٠٠٣).
- فەریـد ئەسەسـەرد و ئەوانـی تـر، ئەتڵەسـی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان (١٩١٤-٢٠٠٥)، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان (٢٠١٠).

- قارەمـان نـادر محەمـەد، لـە بڕیـاری ڕیفراندۆمـەوە بـۆ شـازدەی ئۆکتۆبـەر، توێژینەوەیەکـی مێژوویـی سیاسـییە، دەزگای سـتاندەر بـۆ ڕاگەیانـدن و توێژینـەوە، هەولێـر (٢٠١٨).
- کامـەران مەنتـک، کوردسـتان لـە پـرۆژەی ڕێگـەی ئاوریشـمی نوێـدا، چاپخانـەی سـەردەم، سـلێمانی (٢٠٢٠).
- کامـەران تاهیـر سـەعید، جوگرافیـای عێـراق سروشـتی، نارین بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر (٢٠١٤).
- کاروان ئەحمـەد حمـە صالـح، کاریگـەری ئـاو لـە سـەر دۆزی کـورد لـە عێراقـدا، لـە بڵاوکراوەکانـی مەکتەبـی بیـر و هۆشـیاری ی. ن. ک، چاپخانـەی ڕوون، سـلێمانی (٢٠٠٤).
- کاژیکنامە، فەلسەفەی بیری کاژیک، چاپی چوارەم (٢٠١٨).
- کاوە ئەمیـن، ناسـیۆنالیزمی کـوردی، خەبـات بـۆ دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر (٢٠٠٦).
- گالبێـرس، پیتـەر، و. سـۆران عەلـی محەمـەد ئەمیـن، کۆتایـی عێـراق، چاپخانـەی کارۆ (٢٠٠٨).
- گراهـام فۆللـەر، جیۆپۆڵەتیکـی نوێـی تورکیـا (ئاسـیای ناوەنـد و بەڵقـان و کـورد)، و: عەتـا قەرەداخـی، چاپخانـەی ڕوون، سـلێمانی (٢٠٠٦).
- گەیـلان عەبـاس و ئەوانـی تـر، لێکەوتەکانـی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان، ژووری توێژینـەوەی سیاسـی بزووتنـەوەی گـۆڕان (٢٠١٧).
- لییـام ئەندەرسـن و کاریـث ستانسـفێلد، ئاینـدەی عێـراق، و: کامیـار سـابیر و دڵشـاد حەمە،چاپخانـەی ڕەنـج (٢٠٠٨).
- موکـەڕەم تاڵەبانـی، کوردسـتان و تورکـمان، و:عوسـمان محەمـەد سـاڵح، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هەولێـر (٢٠٠٨).
- مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر (٢٠٢٠).

- نەوزادی موهەندیس، ریفۆرم لە قۆناغی ئێستای کورد دا بۆ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی (٢٠٠٦).
- هاوڕێ یاسین محەممەدئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردۆ، سلێمانی (٢٠١٤).
- هاوڕێ یاسین محەممەد، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆڵەتیک، غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرە کتێبی (٨)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی (٢٠١٢).
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم، هەولێر (٢٠١٩)

http://www.yakgrtw.net/ku/peyrrew-prrogram

ب **گۆڤار:**

- بڕیار ئیسماێل محەمەد، سیناریۆکانی ئایندەی دەوڵەتی عێراق دابەشبوون ، جەنگ، پێکەوەژیان، گۆڤاریی جۆرناڵ، ژمارە ١، نیسانی(٢٠١٦).

https://en.calameo.com/read/006071056ac412d82128c

- شاری خالد معروف، جیابونەوەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق وەک یەکیک لە ڕێگاچارەکانی کێشەکان، گۆڤاری قەڵای زانست ی زانستی، گۆڤاری زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، ژمارە١، زستانی(٢٠١٨).

http://journal.lfu.edu.krd/ojs/index.php/qzj/article/view/451/433

- کارۆخ خۆشناو، کورد لە پێودانگی ئەمریکادا، گۆڤاری شیکار، گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە، پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان دەریدەکات،ساڵی هەشتەم، ژمارە (٢٦)، بەهاری (٢٠١٩).
- کاروان نجات عمر، هەرێمی کوردستان لە نێوان فیدڕاڵی و کۆنفیدراڵی، تویژینەوەیەکی یاساییە دەربارەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە نێوان بژاردەی مانەوە لە چوارچێوەی عێراقی فیدڕاڵ یان پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆنفیدراڵی( ٢٠١٧).

https://drive.google.com/file/d/0B8aBSkY6LcuqeldQYmpoQnlpUGc/view?resourcekey=0-SROzGmTbtEkKV2L95ydnyA

- هەڵمەت محەمەد، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و ئەزموونەکانی جیهان و واقیعی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، بڵاوکراوەیەکی سیاسی شیکارییە، ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە، ژمارە (١٠-١١)، کانوونی دووەم -شوباتی (٢٠١٧).
- هەورامان علی تۆفیق، گەندەڵی سیاسی، گۆڤاری پەرلەمانتار، گۆڤارێکی وەرزی لێکۆڵینەوەیە لە بوارە جیاجیاکان، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (١٥)، تشرینی دووەمی(٢٠١٢).
- هۆشمەن عەتا مەحمود، ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی، ئاستەنگ و لێکەوتەکانی، گۆڤاری زانستی ئەکادیمی زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی ٥، ژمارە١(٢٠٢٠).
- یاسین ساڵح، حزب و بەربەستەکانی بونیادنانی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری شرۆڤە، گۆڤارێکی وەرزی سیاسی فکریە، مەکتەبی ناوەندی دیراساتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (٣١)، کانوونی یەکەمی(٢٠٢٠).

ج **ڕۆژنامە:**

- دەرباز ساڵح، ئێران: لە بارەی گشتپرسی کوردستان دانوستان ناکەین، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٢٦٤٢) (٢٠١٧/٧/١١).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەستپێشخەرییەکەی ئەیاد عەلاوی چی بوو؟ ١٩(٢٠١٧/١١/).

https://knwe.org/?p=4378

- ڕۆژنامەی هەولێر، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێشوازی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا: بڕیاری ڕیفراندۆم گەڕانەوەی تێدا نیە، ژمارە (٢٦٣٢) ( ٢٠١٧/٦/٢٠).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

- ڕۆژنامەی هەولێر، د. ڕۆژ نووری شاوێس: لە بەغدا ڕازی نەبووین بە دواخستنی ڕیفراندۆم، ژمارە (٢٦٦٩)(٢٠١٧/٨/١٧).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

- ڕۆژنامـەی هەولێـر، کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران، بڕیـاری ڕیفرانـدۆم پێویسـتییەکی مێژوویـی و بابەتیـە، ژمـارە (٢٦٢٨)(٢٠١٧/٦/١٣).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

- ڕۆژنامـەی هەولێر،دەمیرتـاش: سـەربەخۆیی کوردسـتان وەک شـیری دایـک حەڵاڵـە، ژمارە(٢٦٨٧) (٢٠١٧/٩/١٨).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

- ڕۆژنامـەی هەولێـر، ئاڵتـان تـان ئەنـدام پەرلەمانـی هەدەپە:دروسـتبوونی دەوڵەتـی کوردسـتان لـە باشـوور ئەگەرێکـی زۆر بەهێـزە، ژمـارە (٢٦٢٨) (٢٠١٧/٦/١٤).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

- ڕۆژنامـەی هەولێـر، ڕۆژنامەیەکـی بەریتانـی: چەنـد وڵاتێکـی عەرەبـی بـە نهێنـی پشـتگیری سـەربەخۆیی کوردسـتان دەکـەن، ژمـارە (٢٦٩٠)(٢٠١٧/٩/٢١).

https://www.hawler.in/index.php/2017-12-30-12-13-35

- رائیـب جـادر، حـزب و لایەنەکانـی ڕۆژئـاوا پاڵپشـتی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان دەکـەن، ڕۆژنامـەی هەولێـر، ژمـارە (٢٦٣٠) ( ٢٠١٧/٦/١٨).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

- رائیـب جـادر، نـوری بریمـۆ: ڕۆژئاوای کورسـتان پشـتگیری لـە ڕیفراندۆمی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەکات، ڕۆژنامەی هەولێـر، ژمارە(٢٦٧٤)(٢٠١٧/٨/٢٤).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

- سـەعد هەورامـی، سـەرۆکی هەرێـم بـۆ VOAی ئەمریکـی: ئێمـە دەمانەوێـت لـە ژێـر چاودێـری ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان دا ڕیفرانـدۆم بـە شـێوەیەکی زۆر شـەفاف ئەنجـام بدەیـن، رۆژنامـەی هەولێـر، ژمـارە(١٩٣٥)(٢٠١٤/٧/٣).

https://en.calameo.com/read/0000847939306c31f6fec

- سـەرباز واحـد، کوردانـی فەیلـی دژی مەتڵەبـی سـکاڵایان پێشـکەش کـردووە، دەبـێ دادگای بکرێت،ڕۆژنامـەی هەولێـر ، ژمـارە (٢٦٤١) ( ٢٠١٧/٧/١٠).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157/

- کاروان باعـەدری، دەسـتەی سـەرۆکایەتی هاوبەنـدی ڕۆژئـاوا پشـتگیری خۆیـان بـۆ ڕیفراندۆم دەربڕی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٢٦٣٦) ( ٢٠١٧/٧/٣).

https://hawlerweb.net/hawlernewspaper/2021/06/157

د **تێزی زانستی:**

- ڕزگار شـەهاب حاجـی، مافـی ویلایەتـە فیدراڵییـەکان لـە بڕیاردانی چارەنووسـی خۆیان، نامـەی ماسـتەر، کۆلیجی یاسـا و ڕامیـاری، زانکۆی سـەلاحەددین، هەولێـر (٢٠٠٣).
- شـادمان حسـن مولـود، مافـی چارەنـووس لـە ڕۆژنامەوانی کوردی باشـووری کوردسـتان، نامـەی ماسـتەر، کۆلیژی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، زانکۆی سـلێمانی( ٢٠١٧).

هـ **چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان:**

- حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار (٢٠٢٠).
- حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، وەزارەتی کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پلاندانان و بەدواداچوونەوە، بەڕێوبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی.
- حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی ئامارەکانـی پیشـەسـازی، ڕاپۆرتـی ڕووپێـوی (٢٠١٨)ی دامـەزراوەی پیشـەسـازی گـەورە و مامناوەنـدەکان و بچووکـەکان .
- حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، وەزارەتــی پلاندانــان، دەســتەی ئامــاری هەرێــم، بەشــی ئامــاری بازرگانــی، ڕاپۆرتــی ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی (هاوردە)بــۆ عێــراق و هەرێمــی کوردســتان لــە نێــوان ســاڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧) ( ٢٠١٨).
- حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پێشـمەرگە، دەسـتەی ڕاوێژکاریسـەربازی (٢٠٢١).
- حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان، وەزارەتی پلاندانان، دەسـتەی ئاماری هەرێم، نەخشـەی قەزاکانی هەرێمی کوردسـتان (٢٠٢٠).

- هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان، نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥، هەولێر (٢٠٠٦).
- هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆیی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی، ئەنجومەنـی کۆمسـیاران (٢٠١٧).


**دووەم- سەرچاوەی عەرەبی:**

**ا کتێب:**


- اجـلال رافـت و اخـرون، انفصـال جنـوب السـودان المخاطـر و الفـرص، المركـز العـربي للابحـاث و دراسـة السياسـات، بـيروت(٢٠١٢).
- أسـسرد، المسـألة الكرديـة بعـد قانـون ادارة الدولـة العراقيـة، مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، السـليمانية(٢٠٠٤).
- أيـوب أنـور حمـد سـماقه يـي، التنميـة المسـتدامة في اقليـم كوردسـتان العـراق واقـع و رؤيـة اسـتشرافية، السـليمانية (٢٠١٧).
- الكسـندر دوغـين، أسـس الجيوبولتيـكا، مسـتقبل روسـيا الجيوبولتيـكي، ت: عـماد حاتـم، دار الكتـاب الجديـد المتحـدة (٢٠٠٤).
- أمينـة مصطفـى دلـه، الجيوبولتيكيـة التركيـة الحتميـة الجغرافيـة و سـؤال الهويـة، المعهـد المـصري للدراسـات السياسـية و الاسـتراتيجية (٢٠١٦).
- الدريـري محمـد احمـد، الحـدود الافريقيـة و الانفصـال في القانـون الـدولي، مركـز الجزيـرة للدراسـات و دار العربيـة للعلـوم نـاشرون، بـيروت (٢٠١٧).
- پشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، اربيل (٢٠١٣).
- بعثـة الامـم المتحـدة لمسـاعدة العـراق (يونامـي)، الحـدود الداخليـة المتنـازع عليهـا، الجـزء الاول (٢٠٠٨).
- باسـم عـلي خريسـان، العـراق في مـؤشر مـدركات الفسـاد العالمـي ٢٠٢١،مركـز البيـان للدراسـات و التخطيـط (٢٠٢٢).

- بيـل بـارك، سياسـات تركيـا تجـاه شـمال العـراق المشـكلات و الافـاق المسـتقبلية، مركـز الخليـج للابحـاث، الامـارات (٢٠٠٥).
- بنيامـين كسـكين، بحـث اقليـم شـمال العـراق عـن الاسـتقلال، الابحـاث - الدراسـات (٢٠١٧).
- جـزا توفيـق طالـب، المقومـات الجيوبولتيكيـه للامـن القومـى فـى اقليـم كردسـتان، مركـز كردسـتان للدراسات الاسـتراتيجيه، السـليمانيه (٢٠٠٥).
- جليلـى جليـل و اخـرون، الحركـة الكورديـة في العـصر الحديـث، ت: عبـدي حاجـي، ط ٢، مطبعـة خـاني، دهـوك (٢٠١٢).
- خوشـوى بابكـر، كردسـتان - روسـيا، ملاحظـات دبلومـاسي كـردي, ترجمـة: رضـوان باديـنـي، دار العربيـة للموسـوعات (٢٠٠٦).
- خليـل اسـماعيل محمـد، مـؤشرات التعريـب و التهجـير في اقليـم كردسـتان العـراق، ط٢، اربيـل (٢٠٠٢).
- دستور جمهورية السودان الانتقالي لسنة(٢٠٠٥).

http://menarights.org/sites/default/files/2016-11/2005%20Interim%20Constitution%20AR_0.pdf

- رهـاب نوفـل، مـشروع مقاومـة تقسـيم العـراق و تفتيتـه، مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة، بـيروت (٢٠١٥).
- سـليمان عبداللـه اسـماعيل، السياسـة المائيـة لـدول حـوضي دجلـة و الفـرات و انعكاسـاتها عـلى القضيـة الكرديـة، مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، السـليمانية (٢٠٠٤).
- سـفين جـلال فتـح اللـه، دراسـات جيوبولتيكيـه، منشـورات مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجيه، السـليمانيه (٢٠١٣).
- شـاكر خصبـاك، العـراق الشـمالي (دراسـة لنواحـه الطبيعيـة و البشريـة)، مطبعـة شـفيق، بغـداد (١٩٧٣).

- شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، دراسة تحليلية مقارنة، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية (٢٠٠٥).
- صالح جواد كاظم، علي غالب خضير، سفين عبدالرزاق السامرائي، النظام الدستوري في العراق، وزارة التعليم العالي، جامعة بغداد (١٩٨٠).
- عبدالله جاسم ريكاني، حق الاستفتاء و تقرير المصير للشعوب في القوانين الدولية، من مطبوعات مركز بحوث برلمان كوردستان، العدد ١٧، مطبعة شهاب، اربيل (٢٠١٤).
- عبدالطيف فاروق احمد، انفصال جنوب السودان و تاثيره على الامن القومي المصري، مكتب العربي للمعارف (٢٠١٦).
- عبدالفتاح علي البوتاني، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (١٩٤٦-١٩٧٠)، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، مطبعة خاني، دهوك (٢٠٠٧).
- عماد يوسف قدورة، التاثير الاقليمي و الدولي في القضية الكردية في العراق (دراسة حالة ١٩٧٢-١٩٧٥)، سلسلة الدراسات، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، قطر(٢٠١٦).
- عبدالرحيم سعيد، استفتاء كردستان و اثره على سورية و المنطقة،مركز جسور للدراسات، تركيا (٢٠١٧).
- عبد علي حسن الخفاف و عبد مخمور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة (١٩٨٦)،ص١٥٢.
- فرست سوفي، الطبيعة القانونية لحق تقرير المصير،بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، هەولێر (٢٠١٦).
- فراس عبدالرزاق السوداني و عداب محمود الحمش و نبيل عبدالرحمن حياوي، العراق مستقبل غامض، نقد قانون ارادة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، الناشر مكتبة مدبولي، عمان (٢٠٠٥).

- فؤاد حمه خورشيد و جزا توفيق طالب، الاعتبارات الجيوبولتيكية لمعاهدة سايكس بيكو و مؤتمر لوزان و انعكاساتها على مصير كوردستان، دراسة جيوبولتيكية، المطبعة قانع، السليمانية (٢٠١٩).
- فاضل حسين ، مشكلة الموصل (دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية و في الرأي العام، مطبعة الرابطة، بغداد (١٩٥٥).
- قاسم الدويكات، الجغرافية السياسية، مركز الكتاب الاكاديمي، عمان (٢٠١١).
- كوردۆ رحمان محمد، مراجعة: جليل البصري، حقوق الشعب الكردي في ظل الدساتير و القوانين العراقية، سلسلة مطبوعات بلدية السليمانية، زنجيره ٣١ (٢٠٠٤).
- مريم عزيز فتاح، تحليل العوامل التي رسمت الحدود العراقية – التركية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية (٢٠٠٧).
- محمد عبدالسلام، جيوبولتيكية نقمة المكان (كردستان نموذجا)، دراسة في الجغرافيا السياسية، بدون مكان و سنة الطبع.
- محمود شريف بسيوني، الدساتير العراقية و دراسة مقارنة بمعايير الحقوق الدستورية الدولية، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة دي بول (٢٠٠٥).
- مێڤان عارف بادى، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (١٩٤٦-١٩٧٠)، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، مطبعة خاني، دهوك (٢٠٠٨).
- مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الثانية، بيروت (١٩٩٧).
- م. س. لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧-١٩٢٣)، ترجمة: د. عبدي حاجي، دار أراس للطباعة و النشر، الطبعة الثانية،أربيل (٢٠١٣).
- وهرام بتروسيان، سياسة تركيا تجاه كوردستان العراق و امريكا (١٩٩١-٢٠٠٣)، ترجمةعن الفارسيه: نزار ايوب گولى، مطبعه جامعه دهوك (٢٠٠٨).
- يسرى الجوهري، الجغرافية السياسية و المشكلات العالمية، مؤسسة شباب الجامعة (١٩٩٣).

**ب گۆڤار:**


- أياد كامل إبراهيم الزيباري،مقومات بناء الدولة الكوردية ومعوقاتها دراسة شرعية وقانونية،مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد ٣، العدد ٢،حزيران (٢٠١٧).
- المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، تقدير موقف:اقليم كردستان العراق...هل هي سياسة فرض الامر الواقع، وحدة تحليل السياسات في المركز العربي، يوليو (٢٠١٤).
- بژار محمد طاهر مصطفى، الاستفتاء كوسيلة سلمية لمارسة حق تقرير المصير، مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع، عدد ٣٦، مارس(٢٠١٩).
- تغريد رامز هاشم العذاري، الحدود السياسية بين السودان و دولة جنوب السودان دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة العلوم الانسانية /عدد خاص بالمؤتمر العلمي الرابع لكلية التربية للعلوم الانسانية (٢٠١٣).
- حارث قحطان عبدالله و عباس فاضل عطوان، توسيع الحدود في اقليم كردستان و المواقف المحلية و الاقليمية منه، مجلة تكريت للعلوم السياسة، العدد ١١، جامعة تكريت (٢٠١٧).
- خليل على مراد، الموقف الاقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤، مجلة الدراسات الاقليمية، السنة (٢) , العدد (٣)، حزيران (٢٠٠٥).
- شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكوردي في ظل دستور ١٩٧٠ المؤقت، مجلة سردم العربي، مجلة فصلية ثقافية عامة، دار سردم للطباعة و النشر، السنة الثانية، العدد السادس، السليمانية، خريف (٢٠٠٤).
- شذى فيصل العبيدي، موقف جامعة الدول العربية من متغيرات السياسية الجديدة في العراق (٢٠٠٣-٢٠٠٥)، مجلة الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل،السنة (٣)، العدد (٦) (٢٠٠٧).
- عصام عبدالحسين نومان، مبدأ مونرو دراسة في تحليل المضمون (١٨٢٣-١٨٩٨)، مجلة العلوم الانسانية، المجلد ٢٣، العدد الاول، اذار (٢٠١٦).

https://www.iasj.net/iasj/article/128937

- فتاح ئومێد و ئەوانی تر، پرۆسەی بە دامەزراویکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو و ئاستەنگەکان، مجلة الدراسات السياسية و الامنية، المجلد (الاول)، العدد (الثاني)، كانون الاول (٢٠١٨).
- لقمان عمر محمود النعيمي، العلاقات العراقية – التركية (٢٠٠٢-٢٠١٢) , مجلة الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل (٢٠١٣).
- مجول محمد محمود العكيدي، موقف التيار الاسلامي في العراق من القضية الكردية ١٩٤٩-٢٠٠٣ دراسة التاريخية، مجلة الدراسات الاقليمية، السنة ٥، العدد ١١ (٢٠٠٨).
- محمد عبدالرحمن يونس العبيدي، الاتحاد الاوروبي و العراق: دراسة سياسية الاقتصاية، مجلة الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل (٢٠١٨).
- نبهان زمبور السعدي، الابعاد الجيوسياسية للنزاعات في جمهورية السودان، مجلة الدراسات التاريخية و الحضارية، المجلد ١١ (٢٠٢٠).

ج **ڕۆژنامە:**

- تميم الحسن، محاكم لـ ٧٥ ضابطا بتهمة المشاركة في استفتاء الإقليم بالتزامن مع قرب عودة، الديمقراطي إلى كركوك، جريدة المدى، العدد (٤٩٢١) (٢٠٢١/٤/١٢).

https://www.almadapaper.net/view.php?cat=235613

- جريدة الزمان، عربية دولية يومية مستقلة، البارزاني يلوح بالقوة و نواب يدعون لكبح جماعة، طبعة العراق، العدد (٥٨٣٠) (٢٠١٧/٩/١٢).

https://www.azzaman-iraq.com/vrsfls/cntnt/file/18460.pdf

- جريدة الزمان، المالكي يحذر من قيام اسرائيل ثانية في شمالي عراق , العدد (٥٨٣٥) (٢٠١٧/٩/١٨).

https://www.azzaman-iraq.com/vrsfls/cntnt/file/18902.pdf

- جريدة الزمان، رئيس الوزراء الاقليم: مستعدون لمنح الحكومة الاتحادية فرصة اخرى، معصوم و البارزاني يتفقان على ارسالّ وفد جدبد الى بغداد خلال يومين، العدد (٥٨٣٨) (٢٠١٧/٩/٢١).

https://www.azzaman-iraq.com/vrsfls/cntnt/file/19268.pdf

- جريدة الزمان، سوريا تعد الخطوة موجهة ضد وحدة العراق، العدد (٥٨٢٩) (٢٠١٧/٩/١١).

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/11-09/p4.pdf

- جريدة الزمان، الجامعة العربية ترفض استقلال كردستان و تحذر من خطورته، العدد (٥٨٣٢)( ٢٠١٧/٩/١٤).

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/14-09/p1.PDF

- عماد علو، تداعيات الاستفتاء في اقليم كردستان، جريدة الزمان، العدد (٥٨٤١) (٢٠١٧/٩/٢٥).

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/25-09/p2.pdf

- قصي منذر، يلدريم: نتعامل مع بغداد حصرا و الاجتماع الثلاثي القريب، جريدة الزمان، العدد (٥٨٥٥) )٢٠١٧/١٠/١٢(.

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/10/12-10/p4.pdf

- ماهر اوغلو، جريدة الزمان، مناورات عسكرية تركية على الحدود تستبق الاستفتاء،العدد (٥٨٣٦) )٢٠١٧/٩/١٩(.

https://www.azzaman.com/archives/pdf/qpdfarchive/2017/09/19-09/p1.PDF

